رامان
مجله‌ی گروه پژوهشی رامان - راهنمای دوره‌ی دهم
خردادماه ۱۳۹۲
۱۹۸

تابلوی فوتبالیست: محمد خضر

- **خاوەن ئیمتیاز**
  شەوکەت شێخ یەزدین
- **سەرنووسەر**
  ئازاد عەبدولواحید
- **بەڕێوەبەری هونەری**
  سەرکەوت وەلی
- **مۆتیف و پۆرتریت**
  قەرەنی جەمیل
- **بەرگ**
  باسم ڕەسام

ناوونیشان/ هەولێر ـ ڕێگای کەرکووک ـ تەنیشت قبوڵ مەرکەزی
ئەدریسی ئەلیکترۆنی / www.raman-media.net
تەلەفۆن و مۆبایلی سەرنووسەر (ناوەوە)/ 2228506 - 07504494662
(دەرەوە)/ 009647504494662
تەلەفۆنی نۆرماڵ / 2230582
پۆستی ڕامان: azad_abdulwahid@yahoo.com
sarkautwali@yahoo.com

چاپخانەی خانی/ دهۆک
نرخ/ ٧٥٠ دینار

ناوەرۆکی

دەق

- خانەی ئومێدە، خەیاڵ/ بەرزان هەستیار/ 3
- عەدەم بوونی من... یان؟/ ماریە ئەحمەد/ 4
- شاوشە/ سەید مادیح پیریوونسی/ 5
- ڕازنا ئاشکرا/ ئاخین وەلات/ 7
- یەکێک گۆرانی دەچڕێ/ لە ئەڵمانییەوە: سەروەر عەبدوڵڵا/ 8
- خەمێکی ئاسنین/ مەهاباد قەرەداغی/10
- مامە «باس»یەک بوو/ حوسێن شێربەگی/ 19
- فڕین/ ک. د. ئازاد/ 26
- هەر وەرزەکی مۆدێلەک/ عامەر چەلک/ 28
- چەند کورتە چیرۆکێکی نەهار حەسبوڵڵا/ لە عەرەبییەوە: نەژاد عزیز سورمێ/ 30
- کاتژمێر چوار/ لە عەرەبییەوە: هادی حەبیبی/ 34

هەڤپەیڤین

- وتووێژ لەگەڵ خانم (ناهید ڕەشیدیان)ی نووسەر و فەرهەنگنووسی کورد/ ئا: شەریف فەلاح/ 42
- دیانەیەک لەگەڵ (عەلی بابا چاهی)ی شاعیر/ لە فارسییەوە: ئەمین گەردیگلانی/ 48

زاراوەسازی

- وەرگێڕانی چەمک و زاراوە ڕەخنەیی و تیوریکەکان/ د. بەختیار سەجادی/ 54

ڕەخنە و لێکۆڵینەوە

- ئەم شەفەقە، پەسنی شێخ ڕەزای تاڵەبانی بۆ مەلافەندیی هەولێری/ ئەحمەد تاقانە/ 59
- بەرەو ڕووبوونەوەی شاعیرانی کورد هەمبەر «وشکە سۆفی» لە سەدەی کۆتایی عوسمانیدا/ کەژاڵ محەمەد فەداکار/ 72

وتار

- ڕەنگدانەوەی ڕۆمانسییەت لە شیعری کوردیدا/ یوونس سلێمان ئەحمەد/ 79
- ژن لە ڕوانگەی (هێمن)ی شاعیرەوە/ فەتاح محەمەد نیژاد- عەلی ڕەزا محەمەد نیژاد/ 83
- ڕەشنووسی کتێبی شەرحی: (تەسریفی مەلا عەلی شنۆیی)/ وریا ئەحمەد/ 87
- سادق هیدایەت و پرسێ بەناو چیرۆک/ بابەک سەحرانەوەرد/ 91

هزر و فەلسەفە

- گرووپەکانی زانستی کەلام: شیعە/د. حەمید عەزیز/ 98

بیرەوەری

- بیرەوەرییەکانی کاروانی ژیانم/ کەریم شارەزا/ 113

زمانزانی

- جووت ستانداردەکەی ئەمیری حەسەنپوور و ئەفسانەکانی/ سوداد ڕەسوڵ/ 119

مێژوو

- کورد و شەڕی ڕووسیا و دەوڵەتی عوسمانی (١٨٧٧-١٨٧٨)/ئەحمەد باوەر/ 130

گەشت

- ئیرلەندە، وڵاتی چیرۆک و سەرگوزشتە گالیکییەکان/ دانا ڕەووف/ 135

هونەر

- نەرمین مستەفا، چەمکی ئاپۆریا لە ئامادەیی دەقدا/ وەهبی ڕەسوڵ/ 147

خوێندنەوەی کتێب

- شیعرییەتی عەرەبی.. شیعر و هزر و تازەگەری/ هاشم سەڕاج/ 151

نرخاندن

- ڕامان و وێستگەیەک بۆ تێڕامان/ ئەدیب نادر/ 158

سووکە لەنگەر

- گەندەڵی لە زمان و نووسیندا/ عەبدولکەریم شێخانی/ 160

خانەی ئومێدە، خەیاڵ

بەرزان هەستیار
(ئەڵمانیا)

ڕێ نادەم بەفر ڕەشت کات،
یان هەتاو، سپی؛
ئەی خەیاڵی شپرزەم، لێرە مەجوولێ
❊ ❊ ❊
بستێک لەولا خۆمەوە، جێی دڵنیایی نییە،
خەیاڵی سەرشێتم؛ بیر لە ڕۆشتن نەکەیتەوە
❊ ❊ ❊
بەردەوام وێنەی یەک ئەگرین
تۆ بە شۆرتێکی گوڵگوڵیی و
من عەبایەکی ڕەشەوە،
تۆ بە چارشێو و
من بە ڕوحێکی ڕووتەوە، خەیاڵ
❊ ❊ ❊
لە تیشک خێراتر نەبوویتایە
لە مێژ بوو، تۆزیشت نەمابوو، خەیاڵ
❊ ❊ ❊
جێی سەرم بکەرەوە، خەیاڵی سەرکێشم،
با پاشەڵم گورگ بیخوات
❊ ❊ ❊
زۆرترین شەهیدی داوە، خەیاڵ
❊ ❊ ❊
تابووتێک لە خەیاڵ،
لە هەموو کێشوەرەکان ئاوەدانترە
❊ ❊ ❊
ئەوەندە خوێن لەبەر خەیاڵەکانم ڕۆیی،
لیمۆ، سواڵی ڕەنگزەردیی لە من ئەکات
❊ ❊ ❊
بێ تامیی و
بێ ڕەنگیی و
بێ بۆنیی بەخشی بە ئاو؛
لە هەنگوین تام و
لە تاوس ڕەنگ و
لە گوڵەباخیش بۆنی دزیوە، خەیاڵ
❊ ❊ ❊
چەند شیرینە لام دار و بەردی خەیاڵ؛
ئەی خەیاڵ مەفتوونی تۆم و شێوەتم بیرکەوتەوە؛
بە ئاسمانەوە خەیاڵم دیوە؛
خەیاڵی، خواوەندی جوانیی، ئەی چرای دیوانی شەو
جە بێکەسیی وێم، تۆم کەردەن بەکەس، خەیاڵ
❊ ❊ ❊
نە، دەستی ئاو پێی ئەگات لە خۆیدا بیسووتێنێ و
نە، پەنجەی ئاگر ئەگاتە دامێنی، تەڕی بکا؛
نە، پاییز پۆشتەی ئەکاتەوە و
نە، زستان شاڵە سپییەکە لە شانی دائەماڵێ، خەیاڵ
❊ ❊ ❊
تاکە باڵدارە باڵی ناکرێ و
تاکە درەختە میوەی لێ نابڕێ و
تاکە ماسییە هیچ تۆڕێک نایخەڵەتێنێ، خەیاڵ
❊ ❊ ❊
منی ترسنۆک، لە پشت سوپای خەیاڵەوە،
منی جەربەزە، لە سەنگەری پێشی پێشەوەی خەیاڵ،
منی دەبەنگ، لە ڕیزی دوای دواوەی خەیاڵ،
منی چاپووک، ڕێک لەبەر دەم ماڵی خەیاڵدا...
سنگم لێ دەرپەڕاندووە![1]

ئاب و ئەیلوولی ۲۰۱۳

عەدەم بوونی من... یان؟

ماریە ئەحمەد



ئەمە پێکەنینی هەورە
بەسەر پشتی بادا خزا
یان شەونوێژی پەپوولەیە
بەسەر لاسکەکانی نێرگز و
ڕوحی شەودا ڕابرد
یان زیزبوونی بارانە لە خاک؟!
ئەمە کەشتی تەمەنە تەریو و دۆزەخییەکەی منە
بە مەحزوونی مەراقە پاییزییەکان
بەسەر بەندەرەکانی قەدەر
هات و ڕەت بوو ئۆقرەی نەگرت
کە قەت ئۆقرە ناگرێ
نۆتەکانی لەنێو کۆشی کەمانچەیەکی شکاو
ئارام ئارام پێدەکەنن
ئەمە گریانی فیراقە؟!
یان دەست لە یەک بەردانی
دەستە نەرمۆکەکانی نیازە
لە ماڵە سەرکز و چکۆلانەکەی گومان
ئەمە مەلەکووتی عەدەم بوونی منە
منێک کە قەت تروسکایی چاوەڕۆژنەکردییەوەکەم
بە چرپەی ئۆخەی ئەم ژیانە هەڵنەهات
نازانم ئەم عشیقە گیان پرووکێنە چی بوو؟!
هات و ڕۆیشت و منی داماوانە لەگەڵ خۆی برد و لێم
جیا نەبۆوە
یان سوژدەکانی سێوە
لەنێو دارستانەکانی تاوان
ئەوە بارانە گوناهاوییەکانی ئاسمانە
بەسەر تاسەی دووری ئەم کەونە غەریب و دڵ ناسکە؟!
یان غلۆر بوونەوەی خەیاڵە
بەسەر بەردەبازی بەرەبەیانێکی بریندار
یان ڕووباری نەنووستووی چاوی ماندووی منە
بەدوای هاتوچۆی بەتاڵی خەمڕەوێنی ئازاراوی
سەردانی گۆڕە سارد و وشکەکانی گۆڕستان
ئەمە شکانی گوڵە لەناو ئینجانەکانی بەرائەت
پەرت بوونی ڕوحە لە بێ دەسەڵاتی بێداری
یان کوژانەوەی چرای خەونی منە
بەسەر هەناسەکانی بە ئافرەت بوونمدا
ئەمە وەهمی ڕازە نابەکامەکانە
یان قامەتی عەزابی ڕازیانەکانی
ڕووباری ئافات
چارەنووسی هەرگیز بەیەک نەگەیشتنە
لە میحرابی دوعای بە ئینسان بوونمان
لە ژوورە تاریکەکانی بێدەنگی

٢٠١٣/٩/٥

شاوشە

سەید مادیح پیریوونسی
(تاران)

بێجگە زەریا
وشـەیەکی دیکە هـەیە زەریایە
بێجگە هـەتاو
وشـەیەکی دیکە هـەیە
کە گەرما و تینی تێدایە
بێجگە موزیک
وشـەیەکی دیکە هـەیە
کە تەجـەسـومی نەوایە
ئاخر چی بکەم؟
لـەناو قاموووسـی دڵمـدا
تەنیا یەک وشـەی تێدایە
ناوەکەی تۆ
ئەی میهرەبانم ئەی دایە

دڵ

ئەی خۆزگە ئازیز دڵی تۆ
لـە جیاتی بیابانێک
چیا و چۆڵ و پانوپۆڕ
هـەناریک بوایە
مـنیش لـە جیاتی ڕێبوارێک
مـاندوو و ئەودالّ
دەبوومـە دەنکە هـەناریک
هێدی و بێ دەنگ
تا هـەتایە تیا دەنووسـتم

وەرزەکان

لـە دوای بینینی
لێشـاوی فرمێسـکێکی وەک بەهـار و
کوورەی دڵێکی وەک هـاوین و
تابلۆی ڕوویەکی وەک پاییز و
زریانی ئاهێکی وەک زسـتان

ئیتر هیچ ڕەنگێ لە ژیاندا تازە نییە
بێجگە ڕەنگی وەرزی مردن

خەمەکانم

١- "خەمەکانم"
تۆ پێت گوتم
لە خەمەکانم بۆت بڵێم
من پێم وتی
چۆن بۆت بڵێم؟
خەمەکانم نابیسرێن
خەمەکانم نانووسرێن
خەمەکانم وەک جلی پرسە ڕەشن
ئەشێ بێیت و لەبەریان کەی
خەمەکانم وەک قەسیدە درێژن
مەگەر بێیت و لەبەریان کەی
خەمەکانم وەک قوڕی ڕەشی خەستن
تۆپەڵ تۆپەڵ ئەشێ ئارام
بیانگری و بەسەریان کەی
من ناوێرم خەمەکانم بەگوێی تۆدا بچرپێنم
چون ئەوەندەی دڵتیان کرد بە هێلانە
تا هەتایە ناتوانی لەوێ دەریان کەی

٢- "پەیکەرەکان"
هەموو جارێ لە دوای ئەوەی زوێرم ئەکەی
لە سەهۆڵی ڕەق و چیاوی ناو دڵی خۆم
پەیکەرێکت لێ ئەتاشم
کە دڵ هەرگیز لە یادە گەرمەکانی تۆ
بەتاڵ نەبێ
جار بەجاریش کە ئەمدوێنی
بەلاڵم دێڕ دێڕ
خۆری نیگام پێ ئەنوێنی
ئەوسا ئیتر، لافاو لەدڵ هەڵئەسێنی
ئەو لافاوە، گشت خەمەکان ئەسڕێتەوە
ئیتر تۆ پرسیار مەکە و
مەڵێ جێگەی سەرسووڕمانە
ئەو لافاوە پڕ لە ئاوات و ژیانە
لە بەرهەمی توانەوەی، پەیکەرە سەهۆڵەکانە

٣- "دواپین هەنگاو"
هەرچەن دەیگوت: من سەرمامە
من پێم دەوت:
خۆ ڕابگرە ڕێگە دوورە
هەرچەن دەیگوت: هێزی ئەژنۆم لا نەماوە
من پێم دەوت: سەبرت ببێ ڕێگە دوورە
پێمی دەوت: تۆ دڵنیای ڕێگەمان لێ ون نەبووە؟
من پێم دەوت: دڵنیابە، من شارەزام، ڕێگە دوورە
ئێستە لە دواپین هەنگاوا
کە زانیومە هەڵە هاتووم
چۆن پێی بڵێم ئەی هاوڕێکەم
من هەڵەم گوت، لێم ببوورە

ڕازنا ئاشکەرا

ئاخین وەلات
(بێرووت)



(١)
ئەز و تۆ
د شانەشینا ئەڤینێ دە
دو پاشانە
و پیالا
" مەم و زینێ "
د دەستێ مە دە

دتەڤزە
(٢)
ڕازێن دلێ تە
پێنجن
ئا شەشێ ئەزم
و د دەڤێ شەڤا پتپتۆکی دە
ئەز و تۆ
دو تیپن
(٣)
چقاس موم هەنە
بلا ڤەمرن جانۆ
تا کو د گۆڤدێ تە دە
ئەز ببم ئاگر....
و دەم ببە دوومان
(٤)
چقاس بیرهاتن هەنە
بلا ل سەر زناری خوەکوژیێ
ببن دلۆپەک خوون...
هێستر ببن کەڤر،
و ئەز ببم
زارۆکەکا بێجیر
تا کو سالێن تە ڤەخەپرینم
(٥)
ژ بەر کو
تۆ خەونا منێ
شەڤ د بالگێیێ من دە
زختێن خەوڕەڤینێ دچینە
ژ بەر کو
تۆ سالێن منێ
دەم ژ من بـ هێرسبوو
و نەما بـ من را دکەنە

ئەڤ هەلبەستە ژ کۆشعرا (هەلبەستنا بێ زمان) ڕووپەلێن (٩٢-٩٣) هاتیە وەرگرتن، کو یەکەمین بەرهەمێ چاپکریێ شاعرا گەنج ئاخینە و چاپا وێ یا یەکەمین ل سالا (٢٠٠٦) ل بەیرووتێ چاپ و بەلاڤبوویە.

«ڕامان»

یەکێک گۆرانی دەچڕێ

ئێریش فرید
لە ئەڵمانییەوە: سەروەر عەبدوڵڵا

بەڵام دیسانەوە

بەڵام
تۆ دیسانەوە هاتیتەوە

تۆ دیسانەوە
هاتیتەوە

تۆ
تۆی
تۆ دیسانەوە
من دیسانەوە

من دیسانەوە
چونکە تۆی

تۆ هاتیتەوە
تۆ دیسانەوە و
هەمیشە دیسانەوە
دیسانەوە تۆ

تۆ
تۆ
تۆ و من
هەمیشە دیسانەوە و
دیسانەوە

یەکێک گۆرانی دەچڕێ

یەکێک لە (نێو) ترسەوە دژ بەترس
گۆرانی دەچڕێ
یەکێک لە (نێو) نۆتەوە دژ بە نۆتە
گۆرانی دەچڕێ
یەکێک لە (نێو) کاتەوە دژ بە کات
گۆرانی دەچڕێ
یەکێک لە (نێو) تەپوتۆزەوە دژ بە تەپوتۆز

گۆرانی دەچڕێ
یەکێک لە (نێو) ناوانەوە
گۆڕانی دەچڕێ
بۆ ئەوەی ناوان لەناو بخات.

ڕێکخستن

دوێنێ دەستم بەوە کرد
فێری قسەکردن بم
ئیمڕۆ ئەوا فێری بێدەنگی دەبم
بەیانیش واز لە فێربوون دێنم

بۆ زانیاری

ئەو دیموکراسییەتەی
کە مرۆڤ تێیدا بۆی نییە قسە بکات،
کە بەڕاست دیموکراسی نییە..
ئەرێ ئەو بەڕاست دیموکراسییەکی ڕاستینەیە؟

ترس و گومان

گومانت نەبێ ئەو ساتەی
یەکێک بە تۆ بڵێت
ترسنۆکە

بەڵام ترست هەبێت
بەر لەوەی
ئەو بە تۆ بڵێت
ئەو دووداڵی ناناسێ

بەڵام ساردییەکان

ئەوانەی لێرە
بەڕێ کەوتن،

بەرەو جەنگەکانەوە
بێ ڕقوکینە،

بەرەو سێدارەکانەوە
بێ زۆرلێکردن،

بۆ تۆمەتبارکردن
بێ خنکاندن،

بۆ بەجێهێنانی بڕیار
بێ لێدان و تێهەڵدان،

بۆ لێپرسینەوە
بێ ئەشکەنجە،

بۆ ئەشکەنجە
بێ ئەوەی شوێننازار لە جەستەدا بمێنێتەوە

بۆ دادۆشین
بێ ستەمی توانایی بەدەست،

ئەرێ دەکرێ ئەمانە
بێ پیرۆزی
بە پیرۆز بگیرێ!

یانەخۆ دەکرێ
بێ نەفرەتی
بە نەفرەت بێ!

شیعری شەو

خۆت داپۆشە
نەک بەماچ
بەڵکو هەروا بە سادەیی
بەو لێفەی خۆتەوە
(کە تۆی
هەر لە شانەوە بۆ خوار
پێچاوەتەوە)
تاوەکو لە خەوا
نەلەرزیت

دواتر
کاتێک کە
بە ئاگا دێیتەوە
پەنجەرەکە دابخەو
هەردوو باڵت بەخۆتا بگرەو
بە ماچەوە
خۆت بدۆزەوە.

سەرچاوە:

Erich Fried, Gesamtewerkr-Gedichte und prosa-, Verlag klaus wagenbach Verlag, 1993.



خەمێکی ئاسنین

مەهاباد قەرەداغی

ئەوان لە یەک دەچن، ئەوەی لە دەستیان داوە، لەنێو نەستی ئەواندا وا تۆمار بووە کە پیرۆزترە لە گیانیان. تۆ دەتوانی زۆر بە ئاسانی لە چاوەکانیاندا شکانەوە و داڕووخان بخوێنێتەوە و لە نێو خەتەکانی سەر تەوێڵیاندا ئازاری حەشاردراو بەدی بکەیت. ڕەنگیان ئاسایی نییە و ئەگەر سپی بن بڕێک زەرد دەنوێنن و ئەگەریش ئەسمەر بن بۆر دەچنەوە. دەنگیشیان بە هەمان شێوە، کزێکی تووڕەیە و لە تۆنەکانیدا خەمێکی قورس هەیە، کە دەدوێن چاو نابڕنە نێو چاوت و تەماشای خوارەوە، یان سەرەوە یانیش شوێنێکی دیاری نەکراو لەسەر پنتێکی جەستەت، دەکەن. لە جۆری وەستان، یان دانیشتنیاندا نائارامییەک و جوولّەیەکی نەخوازراو هەست پێدەکەیت. جاری یەکەم نییە بە مەبەستی یارمەتیدان کەسێکی لەم شێوەیە ڕووم تێبکات، لەوەتی لە پشتی ئەم مێزە دانیشتووم، سەدان چاوی پڕ ئازاری وام دیوە و بەدەم گێڕانەوەی ئەو ئازارانەوە فرمێسکی هەڵوەریوم هۆنیوەتەوە، بۆیە هەر بە جۆری لەدەرگادانەکەیدا زانیم ئاڕیشەکەی ئەمیش بە مەترسییەکی قوولّەوە بەندە و بە ئازارێکی ڕەشەوە پێچراوەتەوە.

فەرموووم لێکرد و بە گومانەوە تەماشایەکی ناسەقامگیرانەی کردم و بە دوودڵی و گومانەوە دانیشت. دەمزانی نازانێ چۆن بەسەرهاتەکەی بگێڕێتەوە و لە کوێوە دەست پێبکات. دەمزانی تەنانەت سڵ لە منیش دەکاتەوە و نهێنییەکەی ناخیشی ئارامی لەبەر بڕیوە. هەستام و بە چەند هەنگاوێک گەیشتمە لای دەرگای ژوورەکەم و دامخست. لە یەخچاڵە بچووکەکە پەرداخێ ئاوم هێنا و فەرموومی لێ کرد و لەبەردەمی دام نا. پاکەتێک دەسماڵی کاغەزینیشم خستە سەر تەپڵەکەکەی بەردەمی، چونکە لام ڕوون بوو کەمێکی تر فرمێسک خۆی لە چاوەکانی ڕاناگرێ و ئەشکە قەتیسماوەکانی گۆناکانی دەخووسێنن. هاتمەوە پشتی مێزەکەی خۆم و لەسەر کورسییە بزۆکەکەم دانیشتم. کۆمپیووتەرەکەم کوژاندەوە و ئەو فۆرمەم هێنا کە پێویستە بۆ هەر یەکەیان پڕی بکەمەوە و زانیارییەکانیان لێ

وەربگرم. ڕووم تێکرد و پێم گوت بەخێر بێی خانم گیان، فەرموو بەڕێزەکەم، ئەو مەبەستەی بۆی هاتووی دەری ببڕە.

نەک تەنها دەنگی لەرز گرتبووی، لە تەواوی بەدەنیشیدا هەستم بە ترس و لەرزێکی پەنهان کرد، کە ئەستەم بوو بتوانێ لە منی بشارێتەوە. منیش بۆ ئەوەی ترسەکەی لە دڵ بڕەوێنمەوە بە چەند وشەیەکی سەقامگیر و ئارامیهێن دڵنیاییم پێ بەخشی و پێم گوت:

– نەخێنی تۆ لێرە سەد لە سەد پارێزراو دەبێت، کێشەکەت چەند قورسیش بێت، لێرە چارەی هەیە و هیچ شتێک مەحاڵ نییە. تۆ هەناسەیەکی قووڵ قووڵ هەڵکێشە و دەست پێ بکە.

پێدەچوو ئەو دیوارە ئەستوورەی کە ناوی ترسە و لە ناخیدایە، بەم یەک دوو وشەیەی من نەڕووخێت و بۆ ئەو مەبەستە پێویستی بە دەستەواژەی قورستر بێت. هەر کە چاوی هەڵدەبڕی تەماشام بکات، زوو دەینووقاند و ئاراستەی پایینی میزەکەمی دەکردەوە. لە جێگاکەی خۆم هەستام و چووم لەسەر کورسییەکەی تەنیشتی دانیشتم. دەستم بە پشتی داهێنا و داوام لێکرد هەناسەیەکی تری قووڵ لە لووتییەوە هەڵمژێ و تا نێو هەناوی ببات، دوای ئەوە لە دەمییەوە هەڵیڕێژێتەوە. سێ جار ئەمەم پێ ئەنجام دایەوە و دەستیشم لەسەر پشتی دانابوو لە ئاستی دڵی، تا لە نووکی پەنجەکانمەوە وزەی خۆمی پێ ببەخشم و وردە بەرز بکەمەوە. هەستم بەلەرزەکەی جەستەی و بە لێدانە خێراکانی دڵی دەکرد. ئەو شێوازەی فێری ببووم وەگەڕم خست و بێ ئەوەی دەنگم لێوە بێت، مێشکم لەگەڵ مێشکی ئەودا گرێ دا و پەیامم پێ دەدا. لە پەیامەکەدا پێم دەگوت (ئێستا دیواری نێوان من و تۆ دەڕووخێ و وزەی من دەگاتە دەروونی تۆ. ئەوەتا هێدی هێدی ئارام و ئارامتر دەبیتەوە. هەر ئێستا بەسەر ترسەکەت و شەرمەکەتدا زاڵ دەبی و بۆ من دێیتە گۆ. ئێستا تۆ دەدوێیت و دەدوێیت و منیش دڵسۆزانە گوێت لێ دەگرم. ئەرخایەن بە من پشتیوانی تۆم و هاوکاریت دەکەم. من و تۆ خوشکی گەردوونی یەکترین و بەهۆی وزەی باڵای گەردوونەوە پێکەوە پێوەندیدارین و پەیوەستین. سڵ لە من مەکەرەوە و بدوێ، فەرموو بدوێ!). چەند جارێک ئەم پەیامەم بە بێدەنگی بۆ هەنارد و پێدەچوو یەکسەر وەری گرتبێت.

دەسماڵە کاغەزێکی لە پاکەتەکە ڕاکێشا و چاوەکانی خۆی پێ سڕییەوە. نە فرمێسکێک و نەدووان و نەسێیان، ڕیزێک فرمێسکی ورد و یەک لە دوای یەک خێرا بەسەر گۆناکانیدا دەهاتنە خوارەوە و هەندێکیان کە دەگەیشتنە ئاستی دەمی، بەرەو نێو لێوەکانی ڕێچکەیان دەگرت.

هاتمەوە جێگەی خۆم و بە پێنووسەکەم هەندێ تێبینیم نووسی و چاوەڕێم دەکرد فرمێسکەکان کۆتاییان پێ بێت و دەست پێ بکات. یەک خوولەک بەدەم چاوەڕوانییەوە پەیامی دیکەم بۆ هۆشی ناوەکی ئەو دەنارد (ئێستا ئیتر فرمێسکەکانت تەواو دەبن و دەست بە قسەکردن دەکەیت. ئیتر لە من ناترسی، چونکە من خوشکی گەردوونی تۆم و یارمەتیت دەدەم. تۆ بەهێزی و لە هێزی شاراوەی نێو ناخت بوێری دەخوازی و سڵکردنەوە کۆتایی پێ دەهێنیت. فەرموو ئێستا تۆ بدوێ و من گوێت لێ ڕادەگرم. دڵنیابە لەوەی کێشەکەت چەند قورس و پڕ مەترسیش بێت، یارمەتیت دەدەم و پشتت بەرنادەم، فەرموو خوشکێ بۆ من بدوێ!).

دەستماڵە کاغەزینەکەی تۆند لەنێو لەپی خۆیدا دەگوشی و ئەگەرچی سەری هەڵبڕیبوو، ڕوویشی لە من بوو، بەڵام هێشتا سەرسوڕماو و مات و حەیران، نیگای وێڵی تێبڕیبووم، وەک ئەوەی بەدوای وشەیەکدا بگەڕێت کە بۆ دەسپێکی ئەو حیکایەتە بە گونجاوی بزانێ و نەیدۆزێتەوە. بۆ ئەوەی یارمەتی بدەم لە دۆزینەوەی دەستپێکی ئەو بەسەرهاتەی، پرسیارێکی وروژێنەرم بە مەبەستەوە لێکرد:

– دیارە کێشەیەکی بچووکت هەیە، کێشەکەت کەی دەستی پێ کردووە و پێوەندی بە کێوە هەیە؟

وشەی (بچووک) وەک پاچێک دیواری بێدەنگی ئەوی ڕووخاند و هەرەسی بە کێوە سەختەکەی ترسی نێو دەروونی ئەودا هێنا و زۆر خێرا گوتی:

– بچووکی چی، کێشەیەکی گەورەم هەیە، زۆر گەورە!

کە ئەم ڕستەی دەسپێکەی درکاند، خێرا تەماشای دەرگاکە و دیوارەکانی ژوورەکەی کرد، وەک ئەوەی بیەوێت دڵنیابێت کە هیچ کەسی دیکە گوێی لەم ڕستەی ئەو نەبووە. ڕووانینی بۆ دیوارەکان، گوزارەی لە ترسێ دەکرد لەوەی کە دەمێکە لە دڵی چەسپیوە و پێی گوتراوە دیواریش گوێی هەیە.

تەمەنیم لە نێوان پەنجا و پێنج تا شەست ساڵ مەزەندە دەکرد، بەڵام مەرج نییە مەزەندەکەی من ڕاست بێت، چونکە ئەوانەی دەستاڕی کێشەیەک دەیانهاڕێت، زۆر زوو تەمەن خەتی درشتی خۆی بە نێوچەوانیاندا

دەکێشێت. چاوەکانی گەورە و ڕەش بوون، بەڵام کز بوون و کە دەشێکردنەوە، هەستت نەدەکرد کراوە بن. ئەسمەرێکی خۆێن گەرم بوو، بەڵام ڕوخساری ڕەنگی خۆڵەمێشی گرتبوو. تەماشای دەستەکانیم کرد، دەستمالەکە لەنێو دەستەڕاستیدا توند لۆچ کرابوو، وەک بلێیی تۆڵە لەو وەربگرێتەوە. پشتی کووڕ کردبووە و دەتگوت دەیەوێت گرمۆڵە بێت و خۆی لە نیگاکان بشارێتەوە. دەرفەتێکم پێی دا بدوێت، بەوەی فۆرمەکەی بەردەستم هێنا و پرسیارەکانی نێو فۆرمەکەم ئاراستەی کرد:

– باشە بەقوربان، ئەم فۆرمە بۆ هەرکەسێکی پڕ دەکەینەوە کە دێتە لامان و ئەم زانیارییانە بۆ ئێمە پێویستن کە لە ڕێی پرسیارەوە لێتی دەکەم. سەرەتا ناوی خۆتم دەوێت.

– ڕازییە، بەڵام توخوا نابێ کەس بزانێت کە من هاتوومەتە ئێرە، باشە؟

– دڵنیابە هیچ کەس نازانێت و ئێستاش کەس بێجگە لە من و تۆ و بێ گومان خوداش، کەس گوێی لەم ڕاز و نیازە نییە. ڕازییە خان، زۆر بە شێنەیی باسی کێشەکەی خۆتم بۆ بکە!

ناوەکەی سەرنجی ڕاکێشام و دەمزانی ئەم ناوە لەگەڵ ناوەرۆکی خۆیدا لە پێوەندییەکی تووندوتۆڵدایە. زۆربەی جار، کە تاووتوێی کێشەکانیانم کردووە، جۆرێک لە پێوەندیم لە نێوان ناو و ناوەرۆکیاندا دۆزیوەتەوە. بڕوا ناکەم هەموو جارێک ڕێکەوت بووبێت کە ڕەنگدانەوەی ناوەکە بە ناوەرۆکی کەسایەتی ئەوانەوە ئەوەندە ڕوون دیار بێت و کاریگەرییەکەی ڕاستەوخۆ بەدی بکەم. نا ئەمە ڕێکەوت نییە و پێوەندیدارن بە یەکترییەوە. هۆیەکی هەیە کە دایک و بابیان ئەم ناوەیان بۆیان هەڵبژاردووە و بێ گومان واشیان پەروەردەکردووە ناوەکەی و ناوەرۆکی پێکەوە گرێ بدەن. کە زەمینەی قسەکردنم بۆی خۆش کرد و ئەو دڵنیاییەی پێویستی بوو لە کەشی ژوورەکەم و لە چاوەکانی مندا بەدی کرد، بە شێنەییتر، بەڵام بە دەنگێکی هێشتا لەرزۆکەوە دەستی بە گێڕانەوەی ئەو ماجەرایە کرد کە دیاربوو ناخی هەراسان کردووە.

"ئێستا دەکاتە چوارە ساڵ لەمەوبەر، تەمەنم بیست و شەش ساڵ بوو. لەوساوە دەڵێی من بەسەر دنیایەوە نیم، ئەم نهێنییە لە دڵمدایە و بەقەدەر هەموو دنیا دڵم تەنگە."

ئەو بێدەنگ بوو، دەسماڵێکی کاغەزینی تری لە پاکەتەکە دەرهێنا و دەستی کردەوە بە سڕینەوەی فرمێسکەکانی، کە ئەم جارەیان بەخوڕتر و ئاسانتر لە چاوەکانی بەردەبوونەوە. لە چاوەڕوانی بەردەوامی ئەو بۆ تەواوکردنی چیرۆکەکەی، من بیرم لە دوا وشەکانی دەکردەوە "بەقەدەر هەموو دنیا دڵم تەنگە". دنیا، کە زۆر جار بۆ پێوانەی شتی گەورە و فراوان بەکاری دەبەین، لای ئەم ئافرەتە چەند سانا وەک بچووک و تەنگ پێناسەی دەکات. ئەمە بەڵگەیەکی زۆر بەرجەستە و ڕوونی ڕاستی و دروستی بیردۆزی ڕێژەییبوونی هەموو شتێکە. بڕوانە ڕێژەیی بوونی گەورە و بچووک، تەنگ و فراوان، لە چاوی کەسێکەوە بۆ کەسێک، بڕوانە چۆن، وشەی (بچووک) بوو بەهۆی کردنەوەی گرێی ناخی ئەم بەستەزمانە و وای کرد کێشەیەکی کە لە ناخی ئەودا زۆر (گەورە)یە، بدرکێنێت. ئەی بزانە چۆن، دنیا، کە ڕەمزی فراوانییە، ئەم بۆ پێوانەی تەنگی دڵی خۆی بەکاری دەبات. چواردە ساڵ لەمەوبەر بووە و تەمەنی بیست و شەش ساڵ بووە کە کێشەکەی دەستی پێکردووە، واتە ئێستا تەمەنی چل ساڵە، کەچی من مەزەندەی پەنجاوپێنج تا شەست ساڵم بۆی دەکرد. چواردە ساڵ لە کێشەیەکدا بژیت کەم نییە، ئەوە بۆیە زەمانە وا هاڕیویەتی و پازدە بیست ساڵ لە تەمەنی خۆی پیرتر دەنوێنێ. چاوم لێ کرد و داوام لێ کرد هۆی دڵتەنگی و نیگەرانییەکەی بەیان بکات، هاتەگۆ و فرمێسکیش بەردەوام نیگای تەڕ دەکرد.

"بەڵێ، دڵم زۆر تەنگە و دەیان جار بیرم لەوە کردۆتەوە کە خۆم لەناوبەرم، بەڵام ئازایەتی ئەوەم نەبووە. چواردە دانە ساڵە، بە ڕۆژ و مانگ و ساڵەکانییەوە، تەنانەت چرکەکانی خولەکێکیش نەبووە ئازاری ئەم کێشە گەورەیە وەک ئاگر ناخەوەم داخ نەکات. من چواردە ساڵە دەکوڵێم."

ئەم جارە بەکوڵتر گریا و فرمێسکەکانیشی بەتاوتر دادەبارین. لە ڕاستیدا ئەو بەکوڵ گریانە و دواوشەی دەربڕینەکانی ئەم جارەی، منیشیان هێنایە جۆش و بەتاسەتر بووم سەرەداوی کێشەکەم بکەوێتە دەست و بۆ هاوکاری کردنی لە چارەسەرێک بگەڕێم بۆی. من پرسیارم دەوروژاند و ئەویش وەڵامی دەدامەوە.

"لەماوەی ئەم چواردە ساڵەدا چەندین کەس هاتوونەتە داوام و مێردم بەکەس نەکردووە و هەرجارەی بیانوویەکم دۆزیوەتەوە و خواخواشم بووە کەسێ لە کەسوکارم گومان

نەخەنە سەر ئەم هەموو ڕەتکردنەوەیەم. دایک و باوکم پیر بوون و باوکم ماوەیەکە مردووە و دایکیشم نەخۆشە و لەناو جێ کەوتووە. دەترسم ئەویش بمرێت و ناچار بم لە مااڵی برایەکانم بم و ئەوانیش زۆرم لێبکەن مێرد بکەم و ئەوسا نهێنییەکەم ئاشکرا دەبێت و دەمکوژن."

بۆ من ئیدی ڕوون بوو کە کوێی دێشێ و چ برینێکی گەورە ڕوحی ئەوی داگیرکردووە. چوارده ساڵ پێش ئەو کاتە پیاوێک هاتووەتە نێو ژیانییەوە و ژیانی وێران کردووە. ئەو شتێکی لێی سەندۆتەوە، کە لە کۆمەڵگەدا بارتەقای ژیان بایەخی هەیە، بگرە ژیانیشی لەسەر دادەنرێت. ئەو کچێتی ئەمی بردووە، دەبێ دوای ئەو ڕووداوە چی کردبێت؟!

"ئەو پیاوەش هەر خۆی ون کرد و نەمزانی بۆ کوێ چوو، منی قوڕبەسەر کرد و بۆی دەرچوو. ئەو کاتە گوتی دەتهێنم، کەچی هەر جاری دووەم کە چوومە لای، بینیم لەو شوێنە نەماوە، کە پرسیارم کرد، تەنها ئەوەندەیان گوت کە چووە بۆ شارێکی تر. زۆر ترسام و باوەڕم نەدەکرد ئەو پیاوەی کە هەفتەیەک زۆر قسەی خۆشی کرد تا من ڕازی بکات، کەچی خۆی ون کردو گوتیان هەر لەم شارەش نەماوە."

بێدەنگییە کورتەکەی ئەو بیری منی بردە لای ناوەکەی و ئەو وشەی کە درکاندی و لە دوا ڕستەی ئەم جارەیدا زەق هاتە بەرگوێم. ئەو گوتی قسەی خۆشی کرد تا ڕازیم بکات، ناوی ئەم ڕازییە بوو، کەواتە پێوەندییەک لە نێوان ئەم ناوە و ناوەرۆکی ئەم کچە ڕازی کراو بۆ ئەنجامدانی سێکس، لە کۆمەڵگەیەکی پڕ مەترسیدا هەیە. ڕازییە ڕازی بووە ئەو پیاوە دەستی بۆ درێژ بکات. ئاخۆ ڕازیبوونەکەی لە چ ئاست و پلەیەکدا بێت، دەبێت ڕاستی مەسەلەکە لە وتەکانی و لە فرمێسکەکانی و لە جووڵەکانییەوە درک پێ بکەم. سەبارەت بە کاتەکان و شوێنەکان و چۆنێتی ڕووداوەکە پرسیارم کرد و ئەویش بە وتە و بە فرمێسک و بە زمانی جەستە زیاتر و زیاتر ڕاستی ڕووداوەکە و ئاستی ئاریشەکەی ئاشکرا دەکرد.

"خەتای خۆمی تێدایە، بەاڵم بەخوا بەئەنقەست نەبوو، لەبەر گێڵی و گەمژەیی خۆم بوو، لەبەر خۆشباوەڕی و هیچ نەدیدەیی خۆم تێکەوتم. تەمەنم بیست و شەش ساڵ بوو، کەسێ تا ئەوکاتە قسەیەکی بەسۆزی بەگوێمدا نەدابوو، نە دایک و نە باب و نە خوشک و نە برا. هەستم دەکرد تینوێتییەک لە ناخمدایە و پێم خۆشە بابم دەستێ بەسەرمدا بهێنێت و بە من بڵێت کچم خۆشم دەوێیت، یان دایکم ئەوەم پێ بڵێت، یان براکانم. هیچ کەس لە ژیانمدا پێی نەگوتبووم خۆشم دەوێیت. ددانەکانم ئێشیان هەبوو، لەگەڵ ژنی براگەورەکەم چوومە الی، ئەو ددانساز بوو، لە بازاڕەکەی نزیک ماڵی خۆمان عیادەی ددانی هەبوو. کە بۆ پشکنین دەستی بەر دەموچاوم کەوت موچورکێکم پێدا هات، بەاڵم ئەو زیاتریش خۆی نزیک کردەوە و کەمێکیش خۆی بە منەوە دەنووساند. ڕاستی بڵێم بەرکەوتنی جەستەی ئەو خۆشییەکی پێ دەبەخشیم و ئاگام لە ئازاری ددانم نەما. ئەو بەرکەوتنە وەک بەنجی کردبم وابوو، زمانیشی بەستم و هیچ قسەم نەدەکرد. پێم وابوو ئاساییە ددانسازێک بۆ پشکنین وا خۆی نزیک بکاتەوە و لەبەر کارەکەی وا دەکات. ئەوجارە تەنها دەرمانی بۆ نووسیم و گوتی سبەینێ وەرەوە ئەو ددانەی کە دێشێ بۆت هەڵدەکێشم. لە ڕێگە کە بەرەو ماڵەوە دەچووین، بیرم لە بەرکەوتنەکانی جەستەی دەکردەوە و هێشتاش چێژم پێ دەگەیشت، ژنی براکەم بە خەندەیەکەوە پێی گوتم ئەو دکتۆرە خەریک بوو بتخوات، ئەوە چ بوو، پێ دەچوو یەکسەر عاشقت بووبێت، کە ئەو وای گوت، ئینجا زانیم شتێک لە ئارادا هەبووە زیاتر لەوەی پشکنینی دکتۆرێک بێت بۆ نەخۆشێک. ئەو دکتۆریش نەبوو، یاریدەدەری دکتۆر بوو، بەاڵم بۆ خۆی عیادەی دانابوو و لە گەڕەکە هەژارنشینەکەمان کاری دکتۆرێتی دەکرد. من هیچم نەگوت، بەاڵم زینەتی ژنی برام گوتی جا چیت دەوێت ئەگەر ئەو دکتۆرە قۆزە عاشقی تۆ بووبێت! بۆ خۆت خەنی دەبیت! ئەو قسەیەی ئەوم بەجۆرێک لە هاندان زانی بۆ ئەوەی بەرهەڵستی ئەو چێژە نەکەم کە لەبەریەککەوتنی جەستەی ئەو و هی من، پێم گەیشت. سبەینێ کە چووینەوە بۆ عیادە، زۆر قەرەباڵغ بوو. دانیشتین و پازدە کەسی دیکەش لە نۆرەی چوونە ژوورەوە بوون. براژنم گوتی تا نۆرەکەی تۆ دێ من دەچم هەندێ شت بۆ ماڵەوە دەکڕم. ئەو ڕۆیشت و منیش لە ژووری چاوەڕوانی دانیشتبووم، دوای ماوەیەکی کورت، کە نەخۆشێک لە ژوورەکە دەرچوو، دکتۆرەکەش لەگەڵیدا هاتە دەرەوە تا بزانێ نۆرەی کام نەخۆشە، کە منی بینی، گوتی فەرموو وەرە ژوورەوە. ئەوانی تر گوتیان نۆرەی ئەو نییە، کەچی گوتی ئەم نەخۆشی دوێنێیە و خۆم کاتم بۆ داناوە و نۆرەی ئەوە. خۆم بەتەنیا بووم و چوومە ژوورەوە. هەر کە لەسەر کورسییەکە دانیشتم، زۆر بە میهر و خۆشەویستییەکی زۆرەوە دەستی بۆ ڕوومەتم هێنا و گوتی ئادەی دەمت بکەرەوە. بەدەم لەرزی ترس و

موچورکی خۆشییەوە دەمم کردەوە. سەری هێندە هێنابووە پێشێ کە هەناسەی تێکەڵ بە هەناسەم ببوو، دڵم زۆر خێرا لێی دەدا و دیسانەوە خۆی هێندە پێمەوە نووساند کە بەنجی کردم. بە چرپە گوتی هەر دوێنێ کە تۆم دی زۆر سەرنجی منت ڕاکێشا و خۆشم ویستی! تۆ ئافرەتێکی زۆر جوانی و قەت ئافرەتی وەک تۆ جوانم نەدیوە. بەدەم ئەم قسانەوە و بەنجبوونی من بە وشەی خۆشەویستی و چێژی بەریەککەوتنی جەستەمان، هێندەم زانی دەستێکی بە ڕوومەتمەوەیە و نازم دەکێشێ، دەستەکەی تریشی بەسەر سنگ و بەرۆکمدا دەگێڕێ. لە پڕ ترسی ئەوەی کە ئێستا براژنم دێتەوە و ڕەنگە بێتە ژوورەوە، وریای کردمەوە و خەریک بوو لە جێگەی خۆم ڕاپەڕم و غار بدەمە دەرەوە، بەڵام توند لە ئامێزی گرتم و گوتی مەترسە، من شتێک ناکەم تۆ زیانت پێ بگات، من تۆم خۆش دەوێت و دەمەوێ بتهێنم. وا بە خۆیەوەی دەگوشیم کە دیسانەوە شل بوومەوە و ئەو بەڵێنی هێنانەی کە پێشی دام دڵنیای کردمەوە و ڕازی کردم بەوەی جارێکی تریش بێمەوە بۆ لای بە بیانووی ددان ئێشەوە، بەڵام لە کاتێکی کە خەڵکی زۆری لێ نەبێت و بەتەنیاش بچم بۆ عیادەکەی. کە لە ژوورەکەی هاتمە دەرەوە، ئەگەرچی بیست خولەک زیاتر تێپەڕیبوو، بەڵام هێشتا ژنی براکەم نەگەڕابووەوە. ددانم هیچ ئێشیان نەمابوو، کەچی من وام دەرخست کە دێشێ و دەستێکم بەسەر ڕوومەتی خۆم گرتبوو. خەیاڵم هەر لە لای ئەو دەستە میهرەبانانەی ئەو بوو کە بەسەر ڕوومەتی مندا دەیهێنا و نازی دەکێشام. هەستم دەکرد زۆر میهرەبانە و خۆشی دەوێم. وام هەست دەکرد دەستی خۆم دەستی ئەوە بەسەر ڕوومەتمەوە ماوەتەوە. دەبوایە دوو ڕۆژی تر کاتژمێر دووی پاش نیوەڕۆ بە تەنیا بچمەوە بۆ لای، یەک کاتژمێر پێش کرانەوەی عیادە و هاتنی نەخۆشەکانی تر، لەوێ بم. خۆیشم نازانم چۆن نەترسام و چۆن ئەوەم کرد. دەتگوت سیحری لێ کردووم و هەرچی دەگوت ڕازی بووم. دەرفەتی بە تەنیا چوونەکەم بۆ ڕەخسا و بەو نیوەڕۆیە چووم بۆ ئەوێ، کەس لەوێ نەبوو، خۆی نەبێت، تەنانەت ئەو پیاوە بەسالاچووەی بەردەرگاش هێشتا نەهاتبوو. یەکسەر بردمییە ژوورەوە و دەرگاکەی داخست. زۆر زۆر ترسام، بەڵام دەستی گرتم و ڕایکێشامە باوەشی خۆی و دەستی بەسەرمدا هێنا، دەستەکانی بە شان و مل و بە پشتمدا دەهێنا، ئەوەندە تامەزرۆی ئەو سۆزە بووم، هیچم بیر نەمابوو. نەمزانی ترس ڕووی لە کوێ کرد و چۆن توانیم ئەوەندە بوێر بم، هێدی هێدی جلەکانی لەبەر داکەندم و ئەوانەی خۆیشی داکەند. هیچ هیچ ئاگام لە خۆم نەما و شل ببوومەوە لەبەر دەستی و ئەویش ئەوەی ویستی لەگەڵی کردم. من ڕاستی دەڵێم، لەو ساتانە هیچ بەرهەڵستیم نەکرد و ڕازی بووم بەوەی کردی، بەڵام ئاگاییم لای خۆم نەبوو، کە هۆشم هاتەوە خۆم، دەستم کردە گریان و لە ترسان خەریک بوو شێت بم. دیسانەوە دڵی دامەوە و پێی گوتم مەترسە من مارەت دەکەم و دەبین بە ژن و مێرد. گوتی بۆ ئەوەی کەس هەست بەوە نەکات کە کردوومانە، ئەم جارە زوو مەیەرەوە و دوو هەفتەی تر وەرەوە. ئەو دوو هەفتەیە بۆ من وەک دوو ساڵ تێپەڕی، لەبەر ترسی ئەو ڕووداوە لە لایەک و لەبەر بیرکردنیشی، کە من خۆشەویستی ئەوم لە دڵ چەسپیبوو. بەڵێ، خۆشەویستییەکی زۆری ئەو کەوتبووە دڵمەوە. دڵم زۆر بەوە خۆش بوو کە دەبینە ژن و مێرد و ژیان لەگەڵ پیاوێکی وا میهرەباندا بەسەر دەبەم. لەو دوو هەفتەیەدا دنیایەک خەیاڵی خۆشم بۆ دەهات و خۆم و ئەوم لە ماڵێکدا دەبینی پڕ لە خۆشی و خۆشەویستییە. لە چاوەڕوانی تەواوبوونی دوو هەفتەکەدا بووم بۆ بینینەوەی ئەو پیاوەی کە بۆ یەکەم جار لە ژیانمدا دەستی بەسەردا هێنام و پێی گوتم خۆشم دەوێی."

ئەو لە گێڕانەوە وەستا و گرژییەک کەوتە نێوچەوانییەوە، منیش لە وشە بە وشەی قسەکانی ڕامابووم و مێشکم تاووتوی وردەکارییەکانی ئەو ڕووداوەی دەکرد و وەک پێشەی خۆم دەمویست پێوەندییان بە کۆمەڵگە و بە خێزان و بە پەروەردەوە بدۆزمەوە. من وەک تۆژەرێکی کۆمەڵایەتی و بەرپرسی ڕێکخراوی هاوکاری و بووژانەوە، بەدەم گوێگرتن و پرسیارکردنەوە، ڕووداوەکانم پێکەوە دەبەستەوە. بیرم لە سادەیی و خۆشباوەڕی ئەم و دەیان کچی دیکە دەکردەوە کە هەر یەکە و بە جۆرێک و چەند ئاسان کەوتوونەتە داوەکانەوە. بیرم لە تامەزرۆیی مرۆڤەکانمان دەکردەوە بۆ چۆڕێ سۆز و چلۆن لە پێناوی ئەو ساتی سۆزەدا سالانێکی تەمەن دەبن بە زیندانیی خەم و کۆیلەی ئازار. بیرم لە سیحری وشەی "خۆشم دەوێی" دەکردەوە، کە هێزی سڕکردنی دەمارەکانە و کاریگەری سەیری بەسەر هۆش و هەست و نەستەکانمانەوە هەیە. بیرم لەوە دەکردەوە ئەگەر ئەفسوونی ئەم وشەیە لە خزمەتی مرۆڤەکاندا بکەوتایەتە گەڕ، چ موعجیزەگەلێکی دەخولقاند و چۆن لە جێی دۆزەخەکانی دەروون، مێرگی

ئەوین دروست دەبوو. هێنامەوە دواندن و دەستی پێکردەوە.

"دوو هەفتەکە تەواو بوو، دڵم زۆر شادمان بوو کە بۆ ژوانی ئەو دەچم، چونکە هەموو بیری من لای ئەو ژیانە بوو کە هاوسەرداریبە و لەگەڵ ئەودا بەسەری دەبەم. بیرم لە ئاسوودەیی ئەو چەترە دەکردەوە کە لە سایەیدا پارێزراو دەبم. نازانم بۆ؟ بۆ یەک چرکەش بیرم بۆ ئەوە نەدەچوو کە بەسەرم هات و ژیانی لێ تاڵ کردم! کە گەیشتمە لای دەرگای عیادەکە، سەرم گێژی خوارد و وامزانی ون بووم. تابلۆکەی کە ناوی ئەوی بە گەورەیی لەسەر نووسرابوو "دانساز عاسی عەدۆ" هەر لەوێ نەمابوو. لەوەش سەیرتر شوێنەکە کرابوو بە دەرمانخانەیەک و تابلۆیەکی گەورە بە ناوی "دەرمانخانەی هۆشیاری" هەڵواسرابوو. هۆشم هەڵفڕی و خەریک بوو شێت بم. باوەڕم بە چاوی خۆم نەدەکرد و پێم وابوو هەموو ئەوەی لەو ماوەیەدا ڕوویدابوو خەونە نەک ڕاستی. چوومە ناو "دەرمانخانەی هۆشیاری" و پرسیم بێ زەحمەت ئەو دانسازەی لێرە بوو چی لێ هاتووە؟ گوتیان نازانین، بەڵام ئێمە دە ڕۆژە ئەم شوێنەمان گرتووە و ئەم دەرمانخانەیە تازەیە. ئای خوایە گیان من ئێستا چی بکەم، وای خوایە گیان من چۆن ئەم پیاوە بدۆزمەوە؟! ترس وەک خەنجەر بە هاناومدا ڕۆدەچوو. سبەینێش چوومەوە هەمان شوێن و لە دەرمانخانەکە و لە دوکانی سەوزەفرۆشییەکەی ئەوبەر و لە ئوتووچییەکەی ئەمبەرم پرسی و لە نەخۆشەکانم پرسی، کەس نەیدەزانی عاسی عەدۆ بۆ کوێ چووە. کەس وەڵامێکی منی نەدایەوە و ماوەی ساڵێکی ڕێک هەموو ڕۆژێک دەچوومە هەمان شوێن، کە هیچ زانیارییەکم بەدەست نەدەهات تێر دەگریام و دەگەڕامەوە.لە دوای ئەو ساڵە ڕۆژێ خزمێکی دایکم بۆ داخوازیم هاتن و داوای منیان کرد، منیش نەمدەزانی چ بڵێم و چۆن ڕزگارم بێت. ساتی داخوازی کردن بۆ هەموو کچێک تایبەت و پڕ لە خۆشییە و بۆ من بوو بە کارەسات. هەر کە ئەوان ڕۆیشتنەوە، منیش بۆ لای پزیشکێکی ژنان چووم و پێم گوت ماوەیەک لەمەوبەر کەوتووم و هەستم بە شتێک کردووە، دەمەوێ بزانم پەردەی کچێنیم ماوە، یان نا. دکتۆرەکە ئەو پشکنینەی بۆ کردم و گوتی بەڵێ وایە پەردەت نەماوە و تۆ وەک ژن ئەژمار دەکرێیت."

لەگەڵ وشەی ژن لە دەمییەوە دەرپەڕی، فرمێسکی دیکەی تازەش لە چاوەکانییەوە فوارەیان کرد. هەستم کرد ڕوحی لە پلەی سەدیدا دەکوڵێ، چونکە یەکەم جاری بوو ئەم ڕازەی چواردە ساڵە لە چینە هەرە سەخت و قوڵەکانی نەستیدا حەشاری داوە دەردەبڕێت، هەستم بە گەرمبوونی کەشی ژووڕەکەم کرد. لە دەرەوە باران دەباری و ئاوڕم لە پەنجەرەکەی پشتەوەم دایەوە دڵۆپەی ئاوەکان بەسەر پەنجەرەکاندا، ڕێک وەک فرمێسکەکانی ئەو دەهاتنە خوارەوە. تریشقەیەک لێی دا و گرمەیەکی زۆر گەورەی هەورەکان وەک تەقینەوەی بۆمبایەکی سامناک لە نزیکمانەوە هەردووکمانی داچڵەکاند. هەستم بە نەمانی وزەی دەروونم دەکرد و چووم لەنێو یەخچاڵەکە قووتوویەک شەربەتی پرتەقاڵم بۆ ئەو و یەکێکیشم بۆ خۆم دانا. ویستم هیۆری بکەمەوە و کەوتمە دڵدانەوەی:

– کێشەکەی تۆ گەورە نییە، چارەسەر دەکرێت، کێشەی وا هەیە چارەسەری هەر نییە. باشە تۆ دوای دوو ساڵ زانیت کە پەردەی کچێنیت نەماوە، بۆ هەر ئەو کاتە نەهاتی لە ڕێکخراوێکی وەک ئەمەی ئێمە داوای یارمەتی بکەیت.

– من ئەوەندە دەترسام، ئەوەندە تۆقیبووم، خوا خوام بوو کەس نەزانێت.

– ئەی داوای ڕاپۆرتێکت لە پزیشکەکە نەکرد بۆ ئەوەی ئێستا وەک بەڵگەیەک لات بێت.

– نەخێر.

– بۆچی؟

– ئەگەر دایک و باوکم، براکانم، یان ئامۆزا و خاڵۆزاکانم ئەمەیان بزانیایە بێ شک دەیانکوشتم. من دەترسام بمکوژن، هێندە دەترسام، دەمویست لە ترسی کوشتنی خۆم بکوژم، بەڵام ئازایەتیم نەبوو ئەو کارە بکەم. لەوساوە هەتا ئێستا هەر ساتێکم مردنێکە، خۆزگە بمتوانیبایە خۆم بکوژم.

– بۆچی خۆت دەکوژی؟ بیر لە شتی وا مەکەرەوە، ئێستا بیر لە چارەسەر دەکەینەوە. من یارمەتیت دەدەم.

– بەقوربانت بم، دوێنێ کە لە تەلەڤزیۆن باسی ئەم مەسەلانەت دەکرد زۆر دڵخۆش بووم. نازانم بۆ لە خۆمەوە هەستم کرد چارەسەرییەکەم لای تۆیە.

ڕازییە هیچ بەڵگەیەکی لا نەبوو بیسەلمێنێت عاسی عەدۆ کچێنی ئەوی لە بەین بردووە. هیچ ئەدرەسێکیشی لە عاسی شک نەدەبرد و چوارده ساڵ بوو لە خەونەکانیدا، و لە هۆش و لە هەست و لە نەستیدا بەدوایدا دەگەڕا و شوێنەوارێکی لەو بەدی نەدەکرد، کەواتە من چۆن بتوانم یارمەتی بدەم و چۆن سەرەداوێک بەدەست بێنم؟! لێم پرسی ئایا برایەک، هاوڕێیەک،

کەسێکی نزیکی ئەوت نەدەناسی ئەو کاتەی هاتوچۆی عیادەکەیت دەکرد، باشە لەمەیاندا سەرەداوێکی دامە دەست و گوتی:

– برایەکی هەبوو ناوی عادل بوو، لە نزیکییەوە تاقیگەیەکی هەبوو، ددانەکان ئەو بۆی دروست دەکرد، لە بیرم ماوە تاقیگەکەی ناوی "دۆز" بوو، دوای دوو ساڵ جارێک چووم بۆ لای و هەواڵی براکەیم پرسی و ناچار بووم ڕاستی بۆ باس بکەم، بەڵام ئەو هیچ هەواڵێکی ڕاستی پێ نەگوتم و تەنها گوتی چووەتە دەرەوەی وڵات. کە دوو جار چووم بۆ لای، سێیەم جار کە چوومەوە ئەویش تاقیگەکەی گواستبووە و ئەویشم لێ ون بوو.

بیرم لە چوارەدە ساڵ دەکردەوە کە چ تەمەنێکی دوورودرێژە بۆ مرۆڤ کە لەنێو کێشەیەکی بەردەوامدا بژی و هەموو ڕۆژێک بەهەمان کۆڵانی بنبەستدا بڕوات و بگەڕێتەوە. ئەوم بەڕێ خست، دوای ئەوەی ژمارە تەلەفۆنەکەی و ئەدرەسەکەی خۆیم وەرگرت، تا لە کاتی پێویستدا بتوانم پێوەندی پێوە بکەمەوە، کە هەستایە سەرپێ بڕوات، هەستم کرد پشتی کوورِ بووەتەوە و مەحاڵە ئافرەتێکی چل ساڵیی ئاوای لێ بێت. پێنج شەش ساڵێک لە من گەنجتر بوو، بەڵام چوارەدە پازدە ساڵێک لە من گەورەتری دەنواند. هەستم کرد باری هەندێ سووکتر بۆتەوە و هەنگاوەکانی گورجترن بەرەو دەرگای دەرەوەی ڕێکخراوەکە. پێش ڕۆیشتن تکای کردەوە کە نابێ کەس بەم مەسەلەیە بزانێ، چونکە دوو برا پۆلیسەکەی ئەگەر بزانن هەلاهەلای دەکەن. ئەو نەیدەویست سکاڵا بکات لە ترسی ئەوەی کەس پێی نەزانێ، نەیدەویست کەسی تر، بێجگە لە خۆم ئاگادار بکەمەوە، نەوەک کەسی تر ڕازەکەی ئاشکرا بکات و بۆ کەسی تری بگێڕێتەوە و قسەکەش لە زارێکەوە بکەوێتە شارێ. ئەو لەنێو کێشەکەی خۆیدا، لە کۆڵانە بنبەستەکەی ئەو کێشە بێ ناوونیشان و بێ ناسنامەیەدا، منی بەجێ هێشت و ڕۆیشت.

بە درێژایی ئەو شەوە بیرم لە دەرگایەک دەکردەوە بۆ ناو بازنەی ئەو کێشە داخراوە و کرانەوەیەک لەو کۆڵانە بنبەستە و گەیشتن بەو پیاوە عاسییە، هیچی تر نەبوو دەستی پێوە بگرم، بێجگە لە (عادل)ی برای و تاقیگەی (دۆز) کە ئەوانیش هێشتا دوو ناوی بێ ناوونیشان بوون. دووەم شەو و سێیەم شەویش ئەم کێشەیە خەوی لێ زڕاندم، سێیەمین شەو دەمەوبەیان بوو، هێشتا خەو نەچووبووە چاوەکانم و هەر بیرم لەو دۆزە ئاڵۆزە دەکردەوە. بەڵێنم بەخۆم دا ئەم دۆزە بدۆزمەوە و هەستەکانم پێیان دەگوتم کە ئەو تاقیگەیە هەر لەم شارە گەورەیەدایە و بۆ هیچ شارێکی تر نەچووە. بیرێک وەک بروسکە زایە نێو میشکمەوە و چەخماخەی لێ دا. بیرم کردەوە لەوەی لە ئێستادا کە سەردەمی ئینتەرنێتە و وەک چواردەساڵ پێشتر نییە، دەشێ سوود لەم تەکنۆلۆژیایە وەربگرم بۆ دۆزینەوەی ئەو دۆزە. خێرا چووم و کۆمپیووتەرەکەمم هێنا و هەڵم کرد. چوومە نێو ئینتەرنێتەوە و لە گۆگڵدا بۆ (دۆز) و (تاقیگەی دۆز) گەڕام. دەیان ناوونیشان بەم ناوەوە هاتنە بەردەستم و یەکەمیانم لێ دا و دیتم هی ئەم وڵاتە نییە و هی هیندوستانە، دووەم و سێیەمیش هی پاکستان و ئەفغانستان دەرچوون و چەندینی تریشم کلیک کرد، هەر یەک هی وڵاتێکی تر بوون. پێم وایە پازدەم، یان شازدەم جار بوو کە لێم دا و وێنەیەک دەرکەوت هەستم کرد دۆزیومەتەوە. ئەوەی کە سورپرایس بوو بۆ من، هەبوونی مالپەڕێک بوو بە ناوی ئەو تاقیگەیەوە. وێنەی تاقیگەکە دانرابوو، ناوی ئەم شارەشی پێوە بوو، بەڵام هیچ ئەدرەسێکی دیاریکراو دانەنرابوو، ژمارە تەلەفۆنێک نەبێت کە لە شوێنی پێوەندییەکان دانرابوو. مەزەندەم کرد ئەمە ئەو تاقیگەیە بێت کە من بە دوایدا دەگەڕێم تا بیکەم بەسەرەداوی دۆزینەوەی پیاوە عاسییەکە. سبەینێ، زەنگێکم بۆ ئەو ژمارەیە لێ دا و وەڵام نەبوو، جارێکی تریش زەنگم لێ دا و دەنگێ نەبوو. کاروباری ترم زۆر بوو بیکەم و ئەو ڕۆژە چەند کێشەیەکی تر هەبوون کاریان لەسەر بکەم، بەڵام نیوەی بیرم لای ئەو دانەیان بوو، چونکە کێشەیەکی قورس و عاسی بوو.

دوای نیوەڕۆ جارێکی تر زەنگم لێ دایەوە، ئەم جارەیان کەسێک وەڵامی دایەوە. پرسیاری ئەو تاقیگەیەم کرد و پێم گوت دەمەوێ بۆ دروستکردنی ددان سەردانی بکەم. کۆڵانە بنبەستەکە کرایەوە و ئەدرەسەکەم وەرگرت. وەک چۆن هەستم کردبوو، ئاوا دەرچوو. هەر لەو شارەیە و لە شەقامی پزیشکەکانە. سبەینێ بەیانی لە جیاتی ئەوەی بچم بۆ ڕێکخراو، بەرەو ئەو شەقامە ئۆتۆمبێلەکەم هاژووت. چوومە نێو تاقیگەکە و پیاوێکم لەوێ دی، یەکسەر گوتم:

– ڕۆژباش کاک عادل.

– بەیانیت باش، کێی جەنابت وا من دەناسی و بەناوی خۆمەوە بانگم دەکەیت؟

جارێ ئەوەم بۆ ڕوون بووەوە کە ئەم تاقیگەیە هەمان

ئەو دۆزەیە کە من دەمویست بیدۆزمەوە. ئەم پیاوەش عادلە و برای عاسییە، ئەو پیاوەی کە نەک هەر ناوی عاسییە، بەڵکو خۆیشی عاسی کردووە. بە ئاسپاییەوە گوتم:

– من عاسی دەناسم، بەهۆی ئەوەوە تۆ دەناسم.

کەناوی عاسیم هێنا، بزەیەک زایە سەر لێوەکانی و بە چاوێکی تەوسئامێزەوە تەماشای کردم و هەر لەو سەیرکردنەوە شتانێکم بۆ دەرکەوت دەربارەی کەسایەتی براکەی. هێشتا خەندە تەوساوییەکەی هەر لەسەر لێوی بوو، دەستم برد و لەنێو جانتاکەم ناسنامەکەمم دەرهێنا و پیشانم دا. کە ناوەکەمی بینی، ڕاچڵەکی و خەندەکەی کۆژایەوە، وەک ئەوەی ڕوخساری منی لە ئەکرانی تیڤییەوە بیر کەوتبێتەوە. کە من بە زمانێکی ڕەوان و تۆنێکی نەترسانەوە، بە چاوبڕینە نێو چاوانی قسەم کرد، هەستم بە بچووک بوونەوەیەکی سەیر کرد لەو پیاوەدا، من گوتم:

– عاسی سالانێک لەمەوبەر دەستدرێژی کردۆتە سەر ئافرەتێک و لەوساوە خۆی ون کردووە، دوای ئەویش کە تۆ بەوەت زانیوە تۆش لە جێی ئەوەی هاوکاری قوربانییەکەی براکەت بکەیت، تاقیگەکەت گواستووەتەوە و خۆت لێی شاردۆتەوە، پێتان وایە تا کەی دەتوانن لە عەدالەت هەڵبێژن، کاک عادل ڕەنگی پەڕی و یەک وشە چییە بۆی نەدەهات بۆ ئەوەی بەرگری لە خۆی پێ بکات. وەک ئەوەی چیتر نەتوانێ خۆی لەسەر پێیەکانی ڕابگرێت، لەسەر کورسییەکە، لە پشت میزەکەوە دانیشت و هێشتاش متەقی لێوە نەهات، من هەر بەردەوام بووم:

– ئەگەر ئەو عاسی بوو، لای خۆی تۆ عادل بووی، بۆچی کە زانیت براکەت ئەو کەتنەی کردووە، هەوڵی چارەسەرکردنیت نەدا و یارمەتی نێچیرەکەی براکەتت نەدا، لەو بارودۆخە ڕزگاری بێت؟

من دڵنیابووم لەوەی ئەو بێدەنگییەی بەڵگەی ڕوونی تاوانی براکەیەتی و ئەمیش ئاگاداری ئەو تاوانە بووە و بێدەنگ بووە و بۆی داپۆشیوە. وەک ئەوەی وشەکانی من تیرێک بن بەرەو ویژدانی چواردەساڵ نووستووی ئەو، سەری شۆڕ کردبووەوە و چیتر نەیتوانی تەماشام بکات. بە لای پەناگوێیدا ئارەقەیەک تنۆک تنۆک بەرەو لا ملی دەهاتنە خوارەوە، دیار بوو ئارەقەی شەرمەزاربیە، چونکە وەرزی بەهار بوو، هی ئەوە نەبوو مرۆڤ لە گەرما ئارەقە بڕێژێت. کارتێکی خۆم کە ناوونیشانی ئۆفیسەکەمی تێدا بوو لەسەر مێزەکەیم دانا و پێم گوت:

– ئێستا ئیدی شتێک نەما شاراوە بێت، هیچ هەوڵی خۆ ون کردن نەدەیت باشە، چونکە دڵنیابە کە ناتوانیت ئەوە بکەیت. کاتژمێر یازدە و نیو وەرە بۆ ڕێکخراوەکەمان و عاسی براشت لەگەڵ خۆت بێنە، بۆ ئەوەی چارەسەری ئەو کێشەیە بکەین، ئەگەر بە پێچەوانەی ئەمە بکەی، دڵنیابە زیانت پێ دەگات.

من هەر دەبوو بەم تۆنە و بەو دڵنیاییە زۆرەوە قسە بکەم، تا بەرانبەرەکەم بخەمە نێو دۆخێکەوە کە وا بزانێ نێچیرێکە و چواردەوری گیراوە. ئەو شێوازەی بەکارم هێنا، لە ئەنجامەکەی دڵنیابووم، دەمزانی چاری دیکەی نییە و هەر دەبێ بێتە پای چارەسەرکردنی ئەو کێشەیەوە. من ڕۆیشتمەوە بۆ ئۆفیسەکەی خۆم و کۆمپیووتەرەکەم هەڵکرد و چوومە نێو ئینتەرنێتەوە. وشەی (ڕەیپ) و (ستاتستیک)م لە گوگڵ لێ دا و دنیایەک زانیاری ڕژایە بەرچاوم. قوربانی "دەستدرێژی سێکسی" لەم جیهانەدا چەند زۆرن! هێشتا لە خوێندنەوەی چیرۆکی ئەو پیاوەی دەستدرێژی کردۆتە سەر بیست و یەک کچۆلە تەواو نەببووم، لە دەرگای ژوورەکەم درا و بینیم عادلە، بەڵام خۆی بە تەنهایە و عاسی لەگەڵدا نییە. فەرموم لێکرد و دانیشت و بەخێرهاتنم کرد و یەکسەر لێم پرسی:

– ئەی کوا عاسی بۆ لەگەڵت نەهاتووە، نەمگوت ئەویش لەگەڵ خۆت بێنە.

بە تۆنێکی نزم، بە شەرمەزاربیەکەوە و بە شێوازێکی پارانەوەئامێزەوە قسەکانی دەکرد و سەرەتایش لەوە دڵنیای کردمەوە ئەو وەک برای عاسی هاوکارمان دەبێت لە چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە، بەڵام سەبارەت بە هێنانی عاسی داوای لێبوردنی کرد و گوتی:

– ئەو لێرە نییە، بەڵام لێرەش دوور نییە. ئەمڕۆ بە تەلەفۆن قسەم لەگەڵ کردووە، ئەو نەخۆشە و ناتوانێت بێت، بەڵام چ دەفەرمووی ئاوا چارەسەری دەکەین.

پێدەچوو لەماوەی ئەو یەک دوو کاتژمێرەدا هەندێ بیریان کردبێتەوە و هەوڵێکی خۆدەربازکردن، یان نکوڵی کردن لەو تاوانە بکەن، هێشتا هەر بە هێواشی، بەڵام بە هۆشیارییەوە لە منی پرسی:

– دڵنیا خان، کێ دەڵێ ئەو ئافرەتە ڕاست دەکات، ئەو چۆن دەتوانێ ئەوە بسەلمێنێ کە چواردەساڵ بەر لە ئێستا براکەی من دەستدرێژی کردبێتە سەر؟ چ بەڵگەیەک هەیە ئەوە بسەلمێنێت؟

زانیم دەیەوێت دیسانەوە لە دادپەروەری هەڵێت و پشت لە نێچیرەکە بکات و پشتگیری لە نێچیروانەکە بکات. زانیم کە پێویستی بە چۆڕێکی تر لە تۆنێکی دڵنیایی و سووربوون لەسەر هەق هەیە. ئەم جارە من زەردەخەنەیەکم بۆ کرد و چاویشم بڕیبووە نێو چاوانی و گوتم: بەڕێز من کاتێ هاتم بۆ لای تۆ، لە تەواوی بابەتەکەم کۆڵیبووەوە و تەواوی بەڵگەکانم لایە، بە براکەت بڵێ، با بێتە پای چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە و قوربانییەکەی ڕزگار بکات، دەنا ئەو بەڵگانەی کە لە لای منە دەیدەمە دەستی دادگا.

کە ناوی دادگام هێنا، دیسانەوە ڕەنگی بزرکا و هەر بە هەمان تۆنی نزم و شەرمەزار ئامێزەوە پرسیاری کرد:

– باشە، ئێستا چ دەفەرموی، عاسی چ بکات بۆ ئەوەی ئەم هەڵەیە چارەسەر بکات؟

ئەگەرچی زۆر لە دژی ئەوەشم کە جەللاد ببێتە مێردی قوربانییەکەی خۆی، بەڵام چونکە داخوازی قوربانییەکە ئەوە بوو کە عاسی بیخوازێت و ڕزگاری بکات لەو دڵەڕاوکێ و ترس و تۆقینە، ناچار منیش هەر ئەو چارەسەرییەم پێشنیار کرد:

– با بیخوازێت!

– ئاخر ئەو ژنی دیکەی هەیە و نەخۆشیشە!

– منداڵی هەیە؟

– نەخێر دوازدە ساڵە ژنی هێناوە و منداڵیان نابێت.

– چ نەخۆشییەکی هەیە؟

– شەکرەیەکی زۆری هەیە و هەندێ جار دەیدا لە پێی و لە پێی دەخات، ئێستا داویەتی لە چاوەکانی و خەریکە کوێر دەبێت.

ئەگەرچی باوەڕم بە قسەکانی نەبوو، لە دڵی خۆمەوە گوتم ئەگەر ئەمانەی دەیڵێت ڕاست بێت، دادپەروەری باڵا و وزەی باڵای گەردوون بە شوێن ئەم پیاوە عاسییەوە بووە و نەیهێشتووە بحەسێتەوە. وتوێژێکی ناوەکیم دەست پێکرد و عەقڵی ناوەوەم دەیگوت دەشێ ئەم ڕووداوەی هاتە بەردەمت تەنها بۆ ئەوە بێت بۆت بسەلمێنێت کە دەشێ سااڵنێک لە تاوانێک هەڵبێین، بەڵام وزەی دادپەروەری باڵای گەردوون لی ناگەڕێ بحەسێینەوە.

بە عادلم گوت، هەرچۆنێ بێت عاسی بێنێ ببینم و بەڵێنی دا هەفتەی داهاتوو، دوای ئەنجامدانی نەشتەرگەرییەکەی چاوی، بیهێنێ. پێوەندییم بە ڕازییە کردەوە و هاتەوە بۆ لام، کە بۆم باس کرد، کەچی سوور بوو لەسەر ئەوەی کە بیخوازێت. ڕازییە بەهەموو شتێک ڕازی بوو. هەفتەیەک تێپەڕی و عادل نەهاتەوە تا عاسی بێنێ، تەلەفۆنم کرد و تەلەفۆنەکەی داخرابوو. چوومە تاقیگەکەش، داخرابوو، هەفتەیەکی تریش تێپەڕی و دەنگێکیان نەبوو، چوومەوە تاقیگەکەی، لافیتەیەکی ڕەش هەڵواسرابوو تێیدا ڕاگەیاندنی پرسەی براکەی بوو. ترسام ئەمەشیان فێڵێکی تر بێت. لە دراوسێکانی تاقیگەکەی پرسیاری ئەدرەسی ماڵیانم کرد و دەستم کەوت، چووم بۆ گەڕەکەکەیان و لەسەر سووچی گەڕەکەکە هەمان لافیتەی ڕەشم بە مزگەوتەکەوە بینی و لەوێ پرسەی پیاوان بوو بۆ عاسی. چوومە نێو کۆڵانەکەوە و خەیمەیەکی خاکیم بینی پڕی بوو لە ژنی ڕەشپۆش. خۆم کرد بە خەیمەکەدا و شوێنێکم دۆزییەوە لەنێو ئاپۆڕای ژناندا لێی دانیشتم. چاوم گێڕا و لەنێو هەموو ئەواندا ئافرەتێک سەرنجی ڕاکێشام کە پێدەچوو هاوسەری مردووەکە بێت. نازانم بۆ ڕێک وەک ڕازییە هاتە بەرچاوم. ڕەنگ و ڕووی، چاوەکانی، هەمان جۆر شکست و خەم و ئازارم دێڕ بە دێڕ لە چاوەکانیدا دەخوێندەوە. ئەویش وای دەنواند تەمەنی بیست ساڵ لە من گەورەتر بێت، بەڵام دەشێ ئەوە ڕاستی تەمەنی ئەو نەبێت. لە خۆمەوە هەستم کرد ئەم ئافرەتەش یەکێکی تره لە قوربانییەکان و دەستدرێژی کراوەتە سەر، بەڵام ئەمیان جێ نەهێڵدراوە و هەرچۆنێ بێت، بووەتە ژنی دەستدرێژیکەرەکە، چونکە تەنیا کەسێ بووم جلی ڕەشم لەبەر نەبوو، دیار بوو سەرنجی هەموو ئافرەتەکانم ڕاکێشاوە و هێندەم زانی هەموویان تەماشام دەکەن. یەکێکیان بە دەنگی بەرز گوتی: ئای ئەوە دڵنیا خانمە کە لە تەلەڤزیۆن باسی کێشەکانی ژن دەکات. هەر کە ئەو وای وت، ئەوانی دیکەش خۆیان نزیک کردەوە و داوایان کرد بێن بمبینن و زوخاوی خۆیانم بۆ هەڵێژن. دەموچاوی هەموویان بە توێژێک خەمی ئاسنین داپۆشرابوو، بەڕاستی زیاتر لە پەیکەر دەچوون تا مرۆڤ. ناوونیشانی خۆم بۆ بەجێ هێشتن و دەمزانی چیرۆکی ژنانی ئەو گەڕەکەش بەو زووانە دەبێت بە بەشێکی تر لە خەمەکانم.

سێپتەمبەری ۲۰۱۳



مامه "باس"یٚک بوو

حوسێن شێربەگی
(بۆکان)

حەوتوویەک دەبێ لە بەندیخانە ڕزگار بووم و گەڕاومەتەوە مالێ، بەڵام چ لەم حەوتووەدا و چ لەو چەند ڕۆژەی دوایی بەندیخانەدا ئاراوقارام نییە و حەجمینم لێ هەڵگیراوە. ئەوی دەکەم و دەکۆشم ناتوانم لە خۆم نەنووسێم و جینگڵ نەدەم و خۆم نەخۆمەوە. هەزار بریا لە پاش ئەم سێ چوار ساڵەی کە "مامەباس"م نەبینیبوو، لە دواییێ ڕۆژەکانی بەندیخانەشدا هەر نەمبینیبایە.

ئاخ... وتم مامەباس، نەوەڵڵا خۆزگە دەموت... ئەستەغفیرەڵڵا... سەعات دوو و سێی نیوەشەوە، سەعاتێ زیاترە لە لای مامۆستای گوندەکەمانەوە گەڕاومەتەوە، بەڵام نە خەو بە لامدا دێ و نە بڕێ سووک دەبمەوە. لە بەر بێ حەجمینی، ئەمشەو شەونشینی سێ مالّم کردووە، لە هەر سێ مالّەکەش باسی "مامەباس"م بۆ کردوون، کەچی سووک نابم و لە دلّم دەرناچێ و ناچێ و ناچێ...

ئاخ... ئەم مامەباسەی کە دەڵێم، مامەباسێکە، نەبێتەوە و نەبێتەوە. کابرا بە ڕدێنی چەرموگەوە چی دەوت؟ چی دەوت؟ لە بەندیخانەدا. دا تۆغا با لە نووکەوە بۆ ئێوەشی بگێڕمەوە:

مامەباس تاکو تەمەنی شەست ساڵان مالّی هەر لەم گوندەی خۆمان بوو. بۆخۆی بە نیوە خۆڕایی و نیوە نانەسکێ مجێوری مزگەوتی گوند بوو. "ژیوار" ناوی خێزانەکەی بوو، ژیوار قەرەواش و کارەکەری مالان بوو، بەڵام بە خودای بانی سەر ئەویش هەر شتێک لە نانەسکی باشتر دەهاتەوە. ئەوەندەی بوو، چما لە مانگدا ڕۆژێک دووان مالّە خاوەن کارەکەی چێشتێکیان بۆ نیوەڕۆژە، یان بۆ شێو هەبایە، خات ژیواریش کاسەچێشتێکی دێناوە بۆ مامەباس و منداڵەکانی، بەڵام منداڵ چییان بوو؟ شەش نۆکەر و تاقە قەرەواشێکی ئێوە.

"خوایە بە زۆری نەگری!" ئەمە وتەی دایم و دەرهەمی ژیوار بوو، کە باسی بوون و نەبوون دەکرا و لە نەبوونی

دەنالاند، بۆخۆم چەند کەرەت پێیم وتبوو: "ئەرێ ژیوار ئەم گشتە ڕەشوڕووتەت بۆ چییە؟ هەر شەوێ هەباس دەستی لێت کەوێ، بۆ سبەینێ سکت دەبێتە ڕەشکەکا." پێدەکەنی و چەمۆڵەیەکی داویشت و دەیوت: "ئەرێ چی بکەم؟ بۆ بە دەست منە؟"

پێم دەوت: "ئەرە وەڵڵا بە دەست تۆیە، کەم بکەن! مەیدەیە، مە، مەیدەیە."

دیسانەکەش بۆی دەخناوە و دەیوت: "ئەوە ناتوانم، پێم خۆشە، وەڵڵا ئەوە ناتوانم."

بە خوشکم بێ، بە خوای ژنی چاک بوو، ئەوە دەبێ ئێستا لە کوێ بێ و حاڵ و باڵی چۆن بێ؟

دەبا لە نەقڵەکە لانەدەین. ئەرێ، ئەوەم دەوت، تاقە شەش نۆکەر و قەرەواشێکی ئێوەیان بوو. منداڵیش چ منداڵێک؟ هەموو، هەر گشتیان، بێ ئەقڵ، بێ ئەقڵ، نەفام و بۆر و ڕەش و چڵکن. کەژاڵی کچیان نەبێ کە بە حوکمی خوا سوور و سپی و ناسک و خرۆخۆڵ بوو، هەر لە هەوەڵی منداڵییەوە لەبەر جوانی دەدرەوشایەوە، ڕاست وەک ئەستێرە بە تروسکە تروسکە و وەک مانگی شەوی چاردە تریفەی بڵاو دەکردەوە. لەو ماڵەدا لە هیچیان نەدەچوو. هەموو جارێ بە مامەباسم دەوت: «خوا بتگرێ هەباسە گێژ، سیاچارە ئەوە ژیوار کەژاڵی لە کێ گرتووە؟ قوڕ بە سەر خۆ ببڕابڕ هیچ کوێی لە تۆ ناچێ!»

کەچی هەباسیش یەک و دووی نەدەکرد و دەیوت: «وەڵڵا ئەوە نامەعلوومە، بەڵام ئەوەم لێ ئاشکرایە تۆش هیچ لە کوێخا عەلی باوکت ناچی!!»

تۆغا دەستی لێ مەدەن، کوڕە وەڵڵا سااڵن دنیا خۆشتر بوو، ئەو گشتە خۆشەویستی و دڵ پاکییە کوا ماوە؟ دە وەرە و لەمڕۆدا جەفەنگی ئاوا لەگەڵ براکەتدا لێبدە، بزانە سکت دەکاتە سفرە یان نا...

مامەباس هەر شەش منداڵەکەی زۆر باش سەرقاڵ کردبوو: تا منداڵان دەبوونە دە ساڵان لە گەرەک و کۆڵان و دەوروبەری گوند و نێوباخ و سەرتەپۆڵک و چیاکانی قەراخ گونددا خاترخۆ بوون و لە دە ساڵان بەوالوە، لە بەر تانە و تەشەر و سەرکۆنەی دەروجیران، هەر بە ڕێنوێنی و یارمەتی کوێخا و کەیخودا و ڕدێن سپی سێ چوار ساڵێک دەیناردنە بەر خوێندن و هاکا سەرودەمی باڵغ بوونیان دەهات، دەیناردنە شوانی و گاوانی بەرغەل و قاز و مراوی میرەماڵانی نێو دێ. بۆ ساڵانێکی زۆر دوور و درێژ، یانی هەتا "خولە"ی کوڕە گەورەی مامەباس بووە سی و پێنج چل ساڵان، لیزگەی ئەم تەسبێحە هەر بەم ڕەوتە درێژ و درێژتر دەبۆوە، بەڵام هەروەک لەم دەور و زەمانەدا هیچ شتی ئەمشۆ تا سبەی بەقای نییە، ڕۆژێک بەیانی زوو کە لە خەو هەستاین، مامەباس و خاوخێزانی، «جا تەڕ و بەچەنی»! گەسک لە ماڵ و حاڵیان درابوو و شوێنەواریان نەمابوو. بە خوای دەور و زەمانەیەکی سەیرە، ئەو ماڵ و بنەماڵەیەی کە لە دەوروبەری چل ساڵدا تەواوی خەڵکی نێودێ پێمان وابوو بوون و نەبوونیان وەک یەک وایە و جیاوازی نییە و کەڵکی دینارێکیان بۆ گوندەکە نییە، لە گەڵکو ڕۆژێک - وەڵڵا ڕاست تاقە ڕۆژێک لە گونددا نەبوون، تەواوی یاسا و ڕێسای گوند شێوا و گوندەکە لە ناکاودا بووە تەختەی سەرئاو.

دەیجا با لە نووکەوە بۆتانی بگێڕمەوە چی قەوما. بەر لە هەموو شتێک چونکە مامەباسێک لە گونددا نەمابوو کە دوو سەعات لە پێش تاوکەوتندا بڕواتە پشت بڵندگۆی مزگەوت و بانگ بدا - لەو ڕۆژەدا مزگەوتی گوندەکەمان سێ ساڵێک دەبوو بڵندگۆی هەبوو- ئەرێ ئەوەم عەرز دەکردن، ئەو ڕۆژە مامەباس لە ناو گونددا نەمابوو تا بانگ بدات و مەال و سۆفی و نوێژخوێن لە خەو هەستێنێ، دەسا بانگ نەدرا و هەتا تاوکەوتنان کەس لە خەو هەڵنەستا و نوێژی بەیانی هەموو خەڵکەکە فەوتا، هەروەها هاوکات دەگەڵ بانگی بەیانی "ژیوار"ی خێزانی مامەباس لە گونددا نەمابوو تا لەو کاتەدا بچێتە ماڵی کوێخا عەبەڕەش - خۆم، خودی بەندەی برا چووکەتان ژنان لە خەو هەستێنێ و دەست بکەن بە مانگا دۆشین و مەشکەژەندن و بە دوایدا سەرباقی کارەکان...

لە الیەکی دیکەوە "خولە"ی کوڕە گەورەی مامەباس لە ناو گونددا نەمابوو هەتا بەر لە تاوکەوتن، بڕواتە مەیانی بەردەمی مزگەوت و قاو بکا: «گاڕان ڕۆیی، گاڕان ڕۆیی.» دەیجا گاڕانیش هەر لە تەویلەدا ماوە و کەر و گاو و مانگا دەستیان کرد بە زەڕە زەڕ و گابۆڕێک نەبێتەوە. هەتا خەڵکیان لە خەو هەستاند و لە پاش ئەوەیش خەڵک لە خەو هەستان کەس نەبوو گاڕان لێخوڕێ بۆ سارات و شاخ و مەزرا و بیانلەوەڕێنێ.

دیسانیش "حەمە"ی کوڕی مامەباس لە ناو گونددا نەمابوو تا قاز و قەل و مراوی ماڵە ئاغا و کوێخا و چەند میرەماڵێکی خواپێداو بەرێ بۆ گۆل و ئەستێر و سەرچاوەی کانی و کارێزەکانی دەرەوەی ماڵان و ئاگەدارییان بکات. سەرباری ئەوەی "ئەحە"ی

مـامـەباسـیش بۆی دەرچووبوو و نەمـابوو تا لەگـەڵ کـوڕەکـانی حـاجی قـادر بچنە دروێنە و ئەو ڕۆژە مـاڵە حاجی قـادر لە مـەزرادا، سـەقـا و دروێنەوانێکیـان کـەم بوو. هەمدیس "قالە"ی مامەباس لە گونددا نەمابوو هەتا لە قلیان قاوەڵتووندا دەست بداتە کووزەی ئاوی شەوێ و ببێتە سەقاو و جارێک ئاو و جارێک دۆ و جارێک نان و مـاست و ئەمـجـار لە بانگی نـیـوەڕۆدا نـیـوەڕۆژە و لە بانگی عـەسـردا سـەهۆڵ و دۆ و نان و مـاسـتـاو بەرێ بۆ دروێنەوانەکـانی مـاڵە ئاغـا و مـاڵە کوێخا عـەبەڕەش – خودی بەندەت عەرز دەکەم

ئەرێ تۆغـا هیچ سـەرنجـتـان داوە کـاری دنیـا چەندە سەیرە؟ وەڵڵا تا ئەو ڕۆژە و ئەو سەعاتە تاقە کەسێک لە خەڵکی گـوندەکـەمـان وای نـەدەزانی مـامـەباس و مـاڵ و منداڵی بەشەرن و سەریان پێوەیە یان نا! تاقە کەسێک چیـیـە وای دانـەدەنـا مـاڵە مـامـەباس لەو دێیـەدا هەن یان نین! ئای ئای ئای... تۆغـا تۆ وەرە مـجـێـورە بەڕەڵڵایەک و ژنە کـڵـفـەت و قـەرەواشـەکـەی و چوار ڕەش و ڕووتی گـەدەوگـودە و قـەرەوقـوتەی منداڵ، گـوندێک ئـاوا پەک کەوتە و دەستەشکاو بکەن، دەک دنیـا عـەمرت نەمێنێ، هەک هەی هەی برا ڕۆ بۆو دەور و زەمانەیە، هەک...

بەڵام ئەو ڕۆژە چۆن بەسـەر چوو و چۆن بە سـەر گـونددا تێـپـەڕی؟ هەر لە تاو کـەوتندا کە مـەلا و سۆفی لە خەو هەستان و چاویان بە زەردەی خۆر کەوت و لێـیـان ئاشکرا بوو کە نوێژەکەیان چووە، هەرکەس لە حەوشە و حەسار و سەربانی خۆیەوە دەستی کرد بە جنێودان بە مامەباس و دای و باب گـاینی مـامـەباس، تەنانەت چەند کەسێکیش بەرەو مـاڵەکـەی مـامـەباس بەرێ کـەوتن تا بە خـەیاڵی خاوی خۆیان لە خەوی هەستێنن و بە تۆڵەی ئەم تاوانە پڕ شەپی کەن و قـوونی بە شەپ بدڕن!! بەڵام کە گەیشتنە بەر دەرگـای مـاڵەکـەی و بینـیـیـان «جـا تەڕ و بەچەنی»، بینـیـیـان مـاڵ چۆڵە و گـەسکی لێ دراوە و کـەسی تێدا نەماوە، لەوانە بوو شەپڵە لێیان دات و دووچاری مەرگی مفـاجا بن. گـشـتـیـان بە چۆکی خۆیاندا دەدا و وڕێنەیان دەکـرد. لە پاش تـاوکـەوتـن کـە منیـان بە هەڵڵا و زەنای مـەلا و سـۆفی لە خـەو هەسـتـانـد، تەمـاشـا دەکـەم نە مانگایان دۆشیـوە و نە مەشکەیان ژەندووە، جا کە خەو لە چاوم تارا و تاسی لە کەللەم پەڕی و ڕوودواوەکەیان بۆ گێڕامـەوە لە پێشدا حـەوت هەشتێکم بۆ پاش و پێشی ژیوار و کـەژاڵ حـەواڵە کـرد و پاش مـاوەیەک بەربوومـە گـاینی دای و باب و خـوشک و برا و ژن و بووک و لە سەر ئەم جنێوانە ماڵ شێوا و چۆن شێوانێک؟

ئەم جـار هەر لە تاوکـەوتنەوە کـە کـەر و گـا و گـاڕان دەرکرانە نێو گوند، جا خۆ "خولە"ی مامەباس نەمابوو تا خڕیان کاتەوە و بەرەو چۆڵ و ساراتیان بەرێ، دەسا کەر و گا و بەرغەل و گاڕان وەربوونە نێو گوند و هێرشیان بردە سەر تایە وێنجە و گیـشـە گیـا و نێو حەسـار و دانگە و کادینی خەڵک بۆ پەلامار بردنە سەر کا و یۆنجە و گزرە و... جا وەرە لە لایەکـەوە زەنازەنای دەنگ و ئاوازی گـا و گـاڕان و لە لایەکی دیکەوە باڵەبالی بەرغـەل بێ و لەم لاشەوە بانگ و هاوار و جنێودان بە خاوەن ئەم کەرگەل و گاڕان و بەرغەلە، بە هەمووانیش دەست بکەن بە جنێودان بە پاش و پێـش و دای و باب و خـــوشکی خـــولەی مامەباس...

وەلحاسڵ با کورتی ببڕینەوە و سـەرتان نەیەشێنم، ئەو ڕۆژە تا ئێـوارە ناو گـوند بووبووە مـەخـسـەرە، بووبووە سـاراتی مـەحـشـەر و پردی سـیـڕات – نەعـوزوبیللا، تەشبیهات نەبێ من بڵێم سەد شەڕ ساز بوو، ئێوە بڵێن هەزار شـەڕ بەرپا بوو، هەمـوو مـاڵان پێکدا درا و شـەڕی تێکەوت، بیست، سی ژن و منداڵ کوتانیان خوارد بووک وەبەر تێـهـەڵدان کـەوت و تۆزا و مـاڵ شێـوا. هەک ئەوی سـەگی دنیـا دەڕی بە ڕیشی خـۆت و حـەوت پشـتت مـامـەباسی خوێڕی لە برسا مردوو، بۆ ئاگری لەم گوندەت بەردا. سەگباب کە خۆت و کوڕانت مجێوری و شوانی و گاوانیتان نەدەکرد، نەدەکرا چەند ڕۆژ زووتر دەنگ بکەن، مـجـێـور و شـوان و گـاوان بگرین و ئاوا ولات نەشێـوێ و ئاژاوە سـاز نەبێ، دەک ئەوی سـەگ دەڕی بە گـۆڕی... پیاو بڵێ چی؟...

لە نێـو گـونددا زیاتر لە دە دوازدە حـاجی و کـوێخـا و کەیخودا و پیاوماقوولڵ بە گژ یەکتردا چوون و بووە شەڕ و قوونە شەڕ. خولاسە تا بانگی شێوان ئەمە وەزیعەتی ئەو ڕۆژە بوو. شەوێ ولات بڕێ بێدەنگی بە سەردا هات و لە پاش شێـو خواردن پیاوان چوونە مزگەوت بۆ ڕاوتەگبیر. لە پاش دنیایەک نەڕە و گـوڕە، دوو بڕیار درا: یەکەمـیـان ئەوە بوو کە بۆ سبەینێ لە مەلابانگدانەوە دوو پیاو بڕۆن و لە شار و دێهات بە شوێن مالی مامەباسدا بگەڕێن و لە هەر کوێیەک بن بیاندۆزنەوە، دڵخۆشییـان بدەنەوە و بیـانگەڕێننەوە بۆ گـوند! دووەمیـشیـان ئەوە بوو کە چما مـاڵە مـامـەباس نەدۆزراوە، یان دۆزراوە و نەگەڕانەوە جا ئەمجار کەیخودای گوند لە فکری مجێور و شوان و گاوان و...ی تازەدا بن. نیشان بەو نیشانەی ببڕابڕ و ئێستا و ئێستاش سەروسۆراغی مامەباس و مـاڵ و منداڵی نەکرا و بە گـشـت بوونە دڵۆپە ئاوێک و بە عـەرزیدا ڕۆچوون و

کەس نەیدیتن و هەرگیز ڕوویان نەکردە گوندەکەمان.

بەڵام قسەی خۆش! جا خۆشی چی؟ نەوەڵڵا ئابڕوو چوون و کفر و بێ دینی... ئەستەغفیرووڵڵا... دەبا لێ گەڕێین و دەستی لێ نەدەین، بەڵێ دەموت قسەی خۆش لێرە بە دواوەیە. ئەوا حەوتوویەک دەبێ لە بەندیخانەی گەڕاومەتەوە. سێ چوار ڕۆژێک ماڵ و نێوماڵ و دیوەخان لەبەر میوان هەر جمەی دەهات. دوو سێ حەوتوویەک لە زیندان بووم. ئەویش لە سەر چی؟ لە سەر هیچ و پووچ، لە سەر شتی قۆڕ! جا تۆغا من چ نالێیم، ئێوە بڵێین مریشکە بەڕەڵڵای شوانە بێ قابیلەتێک بۆوە دەبێ قسەوباسی بێتە نێو قسە و باسی کەیخودا و پیاوماقوولەوە؟ لەوەش گرینگتر، مریشکە بەڕەڵڵای شوانە ناقابیلێک بۆوە دەبێ پیاوێکی پیاوماقوول و کەیخودای وەک منی لە سەر بەرنە زیندان؟ دەڵێ پیاو تاریفی خۆی نەکات، ئاخە بە گیانی ناخێرم کوێخای گوندەکەم، پیاو نازانێ بڵێ چی! مریشکێکی "ئامە"ی ژنی "خلە" شوانی جیرانمان بەینێک بوو فێر ببوو بەیانیان زوو زوو لەگەڵ خۆرکەوتندا هێشتا لە سەر نان و چا خواردنی بەیانی بووین، خۆی دەکرد بە حەساری ئێمەدا و دەیکردە گارەگار، بەڵام گارەگار ئاوا دەبێ! ڕەببی دەنگ و ئاوازی ئاوا قەت نەبیستن، بە سەری خۆتان بە گیانی ئازیز و خۆشەویستتان، دەبووە قودقودقودا و گارەگارێک لەوانە بوو شێتم کات، کەچی لەگەڵ کو مریشکە بەڕەڵڵا هێلکەکەی دادەنا، "ئامە" دەگەیشتێ و دەیوت: «ئەیارۆ خەجاڵەت خۆم! ئەوە ئەمڕۆش مریشکە سپی دەرگای بە ئێوە گرت و هێلکەکەی لێرە دانا؟ هەک خەجاڵەتتان خۆم، داتۆغا زوو هێلکەکەییم دەنێ با بڕۆم، خۆ لە شەرمەزاریدا خەریکە بە عەرزدا ڕۆچم. هەک خەجاڵەت خۆم هەی...»

سەد کەڕەتم پێ دەوت: دادە ئامە خوشکم ئاگەداری مریشکت بە، وەڵڵا و بیللا و تەڵڵا حەجمین و حەسانەوەی لێ هەڵگرتووین، هەراسانی کردووین، دادە ئامە بێتو ئاگەداری مریشکی خۆت نەبی و هەر ئاوا لێمان ببێتە سەرەخەر خراپی پێ دەکەم! بەڵام مردووی گۆڕستان بیستی و بە گوێی کردم، ئامەی خلە شوان نەبیست و نەیبیست. دەیجا چ ڕاست و چ درۆ، منیش نەمکردە نامەردی، ڕۆژی چوارشەمەیەک بوو - ٢٠ ڕۆژێک لەمەوبەر- هاکا مریشکەقوڵە لە پاش گارەگارێکی زۆر خۆی بە قەڵاغە تەپاڵەکەدا کرد تا هێلکە دانێ، لێی چوومە ژوور و بەبێ سێ و دوو گرتم و حاشای مین حوزوور، دوور لە ڕووتان شوولێکی بە قەرا قامکێ ئەستوورم لە قوونی بڕی و کوتم: «دەبا ئامە خەمت بخوا، هەی...»، بەڵام مریشکی قوون درِاو کە نەیدەتوانی هێلکەکەی دانێ و لە لایەکی دیکەوە شوولە بە قەرا قامکێک لە قوونی ڕۆچووبوو و دەرنەدەهاتەوە، بە قودقودقودا و گارەگار بازی دا کۆڵان و لەوێوە بۆ ماڵە سێحەبی.

هیچ چارەکە سەعاتێکی پێ نەچووبوو لەولاوە ئامە پەیدا بوو. وەک هەوری بەهار دەیگرماند و دەیشریخاند و جنێوی دەدا. خۆی کرد بە حەوشەی ماڵەکەمدا و لە نێوەڕاستی حەوشەدا چاوی چووقاند و دەمی کردەوە، دەک ڕووی دایک و بابی مێردە ناپیاوەکەت سپی بێ وەک بنی مەنجەڵ، ئەوی ڕاست بێ حەوت پشتیشمی بە سەر کردەوە و لە پاش سەعاتێک جنێو و قەرەچی بازاڕ چووە شار بۆ پاسگا و نازانم چۆن و بە چ قانوونێک لە سەر مریشکە بەڕەڵڵایەک دوو حەوتووی ڕاستیان لە کونەڕەش کردم.

حەوتوویەکم زیندان کێشابوو، لە ناکاودا هەڵڵا و زەنا ساز بوو، گرمە و گوڕە و هەرا و هۆریای (هاتەوە، یاخوا بە خێر بێتەوە) ساز بوو. لەپاش ئەم دروشم و قیل و قاوە بۆ لە پڕ "مامەباس" و خولەی کوڕی وەژوور نەکەوتن! حەشامەتی زیندانی هەموو دەیانناسین، بەڕەو پیریان چوون، بەخێر هاتنیان کردن و وەلای سەرووبان خستن. کوڕە بە زاتی خودا دنیا گۆڕاوە. ئەو مامەباس و خولەیەی لە نێو گونددا کەس گووی بە کلاویان نەدەپێوا و کەس پێی وا نەبوو سەریان پێوەیە یان نا، لە بەندیخانەدا کە کەس حورمەتی نییە، هەموو کەس ئەوانی دەناسی و ڕێز و حورمەتێکی زۆریان بوو. مامەباس دەستێ لیباسی تازە و باشی لە بەردا بوو. خولە عەینەکی لێدابوو. هەرتکیان زوو زوو دەستیان بە گیرفانیاندا دەکرد، پوولیان دەدا دەست ئەم و ئەو و حوکمیان دەکرد: «کوڕم ئەوەم بۆ بدە بە جگەرە... ڕۆڵە ئەو پوولە بەرە بۆ پێپسی... کوڕە ئەم پارەیە بەرە تۆوی سوێر بێنە... ڕۆڵە برۆ برێک میوە بۆ دوای نەهار بێنە...»

بڕوا بکەن لەوانە بوو شێت بم. بڵێی ئەمانە مامەباس و خولەی گوندی خۆمان بن؟ کوڕە ئەی چۆن ئەوان نین. ٤٠-٥٠ ساڵ لەگەڵ مامەباس ئاوماڵ بووم، خولەش هەر لە گوندەکەی خۆمان لە دایک بووە و تا ٣-٤ ساڵ لەمەوبەر هەر لەوێ ژیاوە، ئاخە ئەی چما ئەوانن، ئەی ئەم گشتە پوولەیان لە کوێ بوو؟ ئەی ئەم تڕ و تۆپ و پۆز و ئیفادەیەیان لە چییە؟ ئەم پوولانە بۆ وا بڵاو

دەکەنەوە؟ بە خوای سەیرە...

وەلحاسڵ کورتی ببڕینەوە، سەرتان دێشێنم، هەر لە جێی خۆمەوە زۆریان لێ ورد بوومەوە، ئاخری خۆم نەگرت و لە مامەباس چوومە پێشێ و پرسیارم لێ کرد: ئەرێ تۆ مامەباسی خۆمان نی؟

– ئەی جنۆکەم لۆتی عەبەڕەش! جا چۆن من یەکەم نیگا تۆ ئەناسمەوە، کەچی تۆ پرسیارم لێ ئەکەی ئەرێ تۆ مامەبەسەکەی خۆمان نی؟ ئەی جنۆکەم؟

– کوڕە خوا بتگرێ مامەباس تۆ چی و ئێرە چی؟ ئەوە ئەم سێ چوار ساڵە لە کوێی؟ توغا ئەوە خولە ئەو عەینەکە چییە لێی داوە؟

مامەباس زۆر لەسەرەخۆ وتی: گشتی پەنی تۆیە! تۆ پێت کردین! لە داخ تۆیا فێر ئێرە بووین!

باوەڕ دەفەرموون شێت بوون گەلێک ئاسانتر بوو لەو حاڵەی کە من لە پاش بیستنی ئەم قسە تێی کەوتم. ئاخە من بۆ؟ تاوانی من چ بووە؟ مامەباس من دەڵێی؟ من...؟

ڕاست ئالێرەدا خولە عەینەکەکەی لە چاو داگرت و وتی: بەڵێ ڕاست تۆ، لە بیرت نایە؟ ڕاست سێ ڕۆژ لە پێش ئەوەدا لە گوندەکە ڕابکەین، دەمەوبانگی شێوان گارانەکەم کرد بە نێو گونددا، ڕاست لە بەر دەرگای مزگەوت سێ کەڕەت سڵاوم لێ کردی، وەڵامت نەداوە هیچ، لێم تووڕە بووی، وتت: ئەوە کوێڕا گارانت هێناوە، هێشتا نیوەڕۆیە!

وەڵاڵ شتی وام ببڕابڕ لە یاد نییە. ئەوە زۆریش سەیر نییە، خۆ بگرە هەر ئەو کەڕەتە نەبووبێ و دە کەڕەتی دیکەش جوابی سڵاوی خولە و مامەباسم نەدابووبێتەوە، ئاخە بە لای ناخێری من کوێخای گوندەکە بووم و ئەمانە لە نێو گونددا هیچ نەبوون، کەس نەبوون. نە تڕ بوون دەنگیان هەبێ، نە تس بوون بۆنیان هەبێ. تۆغا، شای کە، ئەمانە دەڵێن چی؟ چی دەڵێن و تڕی چۆن دەکەنن؟ تۆ مەمنا لێرە کەس نایانناسێ. سەگباب خۆیان لێ گۆڕاوە و بە قوونی خۆیان ناترێن. تف لەو ڕەنگ و ڕوخسار و عەینەک و سەر و تەرحەت، بیچمی دەڵێی بیچمی سەگە! کوڕە وەڵاڵ من دەڵێم دنیا گۆڕاوە...

بەڵام بە خودای لە نێو لات و لووتی بەندیخانەدا ڕێز و حورمەتێکیان بوو، نەبێتەوە. بێتو دەمەتەقەم لەگەڵیاندا بکردایە و پێیانم بوتایە: «ئاخە ئێوە چین؟ کێن؟ چ کارەن؟ کوڕی کێن؟ حەدتان چییە من جوابی سڵاوتان بدەمەوە...» بە خودا خۆ هەر چەقۆکێشەکانی نێو بەندیخانە خاشەیان دەکێشام و نێفەکمیان دەبڕی. لە ناچاریدا وتم:

– کوڕە بابم خولە گیان، برام مامەباس، بە سەری ئێوە بە مااڵی حاجی سەیدعەبدوڵاڵای نەهرێیە یا وا نییە و خراپ حاڵی بوون، یا من گوێم لێ نەبووە تا وەڵام بدەمەوە، یان وەڵامم داونەتەوە و ئێوە گوێتان لێ نەبووە... جا شتی وا چۆن دەبێ... داتۆغا مامەباس پێم بڵێ چۆنی؟ چۆن نی؟ کار و پیشەت چییە؟ بۆ لێرەی؟ کوڕە مامەباس چاوم بە دیدارتان کەوتووە، دڵم کراوەتەوە، چاوم ڕوون بۆتەوە، کوڕە مامەباس حەوتوویەکە لێرەم دەڵێی حەوت ساڵە بەندی و زیندانیم، دەڵێی حەوت ساڵە لە جەهەننەمدام. ئاخ... تۆ چی و ئێرە چی؟ تۆغا ماڵ و منداڵت چۆنن؟ ژیوار و کەژاڵ چۆنن؟ ئای دنیای بێ بەقا؟ نەتوت... لە دەرەوە خەریکی چی؟ چی دەکەی؟

هەی دنیا لە بەرت مرم، مامەباس نە هێنای و نە بردی، دەستی نایە سەر دەمم و وتی: دە بەسی کە... بۆ نۆرەی پیاو ئەدەی قسەی بکات! پرسیارت کردووە، گوێ بۆ وەڵام ڕاگرە.. عەبەڕەش! دنیا شوێنی هاموشۆ و بێنە و بەرە و بگرە و بەردەیە. زۆرم پێ سەیرە پیاوێکی وەک تۆ، کوێخای گوندێک دەڵێی حەوتوویەکە لێرەم و دەڵێی حەوت ساڵە لە جەهەننەمدام... کوڕە نامەردت نەکەن، لێرە سەرمات نابێ، گەرمات نابێ، برسی و تووڕی نابی، دڵت لە چی ئەتۆقێ؟ بە سەری ئەم عەبەڕەشە ساڵی پێنج شەش کەڕەت دێمە ئەم کونەڕەشە و بە حەفتە و بە مانگ دەمێنمەوە و وا نازانم بای دێ...

– هەی دنیا ڕووت ڕەش بێ، سەگباب ئەوە دە جاری پێ وتم عەبەڕەش، عەبەڕەش. لە دێدا هەر مام کوێخا و کوێخا عەبدوڵاڵای پێی دەوتم، کەچی ئەوا لێرە... ڕۆژگارە ڕۆژگار. دەک تف لە ڕووت.

– دەی تۆغا مامەباس کاروکاسبیت چییە؟ بۆچی ساڵی پێنج شەش کەڕەت ڕێگات دەکەوێتە بەندیخانە؟

– دەبا لە نووکەوە بۆتی بگێڕمەوە عەبەڕەش. (ئای ئای خۆ ئەو سەگبابە دیسان وتی عەبەڕەش) بۆخۆت دەزانی هەر لە باڵقبوونەوە هەتا تەمەن شەست ساڵان هەر بە خۆڕایی و نانەسکێ مجێوری گوندەکەی ئێوە بووم، بەڵام ئەوی ڕاست بێ یەک دوو ساڵێک بوو هەستم بە پیری و مانوویی ئەکرد. وەڵاڵ خۆ خاس مابووم، ڕەنگە زیاتر قەڵس و وەرسی سووکی و چرووکی خۆم و ماڵ و منداڵەکەم لە ناو گونددا بووبێتم. کوڕە عەبەڕەش چتێ دەڵێم بڕوام پێ بکە... ئەوەتانێ جاحێڵی ئەم دەور و ڕۆژگارە قاپیان قەوی بووە، ئەوانە ئەڵێم وا ئێستا سی

سالّ ئەبن و نابن، حورمەت و گەورە و چووکە نەماوە. لەم دواییانەدا هەتیوومەتیوی پازدە شازدە سالانی گوندەکە لە مزگەوتدا هەرایان لێم ئەکرد: مامەباس ئەو کەوشانەم بۆ بێرە! برا بەمە زۆر قەڵس بووم. خولە و کورەکانی تریش باس بێ حورمەتی ئاوایان ئەکرد. وەڵلا ئەوی ڕاست بێ لە ناومالّ خۆماندا سالّە وەختێک ئەبوو ڕاوتەگبیر و کێشمەکێشمی ڕاکردنمان بوو... بەتایبەت کورەکان ئەچوونە شار و چاویان ئەگێڕا و چاو و ڕوویان کرابۆوە، تا گەیشتینە ئەو دوو سێ مانگەی دوادواوە و ئیدی ئەوی سووکی و چرووکی و بێ حورمەتی بوو، ئەبوو بە کێو و ئەڕووخا بە سەرماندا، ئەبوو بە کوتکی ئاسنگەر و کەڕاکە سەرمانی دائەکوتی! هەر ئەمە بوو کە یەک دوو مانگ بەر لە ڕاکردنەکە، لە شاری بانە ڕاوتەگبیرمان لە تەک حاجی عەزەی زاواما کردبوو - مێردی فاتەی خوشکم - بڕیارمان دابوو حاجی مالّمان بۆ بسەنێ و ئێمەیش لەوێ ببینە کۆڵکێشی حاجی. دەسا ئیتر ئەبێ حەسابت بە دەستەوە بێ، لە شەوی ڕاکردنەکەماندا ماشینی حاجی لەولای گوندەوە ڕایگرت و من و ژیوار و کەژاڵ و کورەکان هەرکامان کۆڵێک و دووانمان لە ناومالّ و کەلوپەلدا بە کۆڵماندا و یائەڵلا و یان موحەممەد بانە بگرە و هاتم... عەبەڕەش بە سەری خۆم و بە سەری خۆت، گەیشتینە بانە هەمان و دەولّەمەند بوونمان هەمان و تێروتەسەلی هەمان. هەرگیزای هەرگیز بۆ ڕۆژێکیش بێکار نەماینەوە. خۆم و سێیان لە کورەکان توانایی کۆڵکێشانمان هەبوو. گشت شەوێک هەر لە شێوخواردن بە دواوە، لەم شیو و لەم دۆڵ و لەم گوند و ئەو گوندڕا کۆڵ و بارمان ڕائەپەڕان و گیرفانمان لێ هەڵئەمسان. بەسەری تۆ و بە سەر خۆشم هیچ سالّ تێوەر نەسووڕابوو خانووبەرەشمان سەن، خانووبەرە چ خانووبەرە؟ کۆشکی شایە، کۆشکی شا. خولە ژنی سەندووە و مالّی لێمان جیا کردۆتۆ، بەڵام بۆ کۆڵکێشان هەر پێکەوەین. من و خولە ئیشەکەمان نەگۆڕیوە، بەڵام حەمە و ئەحە زۆریان کۆڵکێشی نەکرد، بیرە ئەفرۆشن، بیسکی ئەفرۆشن...

- چی چی مامەباس؟ چی دەفرۆشن؟

- بیرە عەبەڕەش بیرە. نازانی چەس؟ نەتخواردۆتۆ؟ بنێرم بۆتی بێرن لەسەر ناهار بینێین بە سەرمانۆ؟ بەڵام نا، لێرەیا تاموچێژی نییە. یانی ئیدی بۆم تەمەنی من و تۆیە بیرەی چی و بیسکی چی! تەنانەت خولەش هەروەک من و تۆ، ئەویش ناخواتۆ، بەڵام ئەو زۆڵانەی تر، حەمە و ئەحە، وەک ئاو هەڵیئەلووشن. ئەڵبەت ئەم ئیشانەی ئێمە، چ کۆڵکێشانەکەی من و خولە و چ بیرە و بیسکی فرۆتنەکەی حەمە و ئەحە بەبێ چەرمەسەری نییە. ڕەپێنان و ڕاوەدوو کردن و بەندیخانەی ها بە دواوە، بەڵام گرفت و گیری زیندان و بەندیخانەکەی گشت ئی خاوەن مالّەکەیە، خاوەن کۆڵەکە چارەسەری ئەکات، لە پای خۆیەتی.

- مامەباس زۆرتان بە شوێندا گەڕاین، دەمانەویست لە هەر کوێ بن بتاندۆزینەوە و بتانگەڕێنینەوە لای خۆمان، بەڵام ببوونە دڵۆپە ئاوێک و بە عەرزا ڕۆچووبوون. جا ئەوە خوا پێکی گەیاندووینەوە و خوا خۆی کارمانی ڕاست هێناوە. من تاوانێکم نییە و ئەمڕۆ و سبەی ڕزگاریم دێ. وەرە مەرد و مەردانە مەرج ببەستین کە لێرە چووینە دەر، دەچینە بانە و مالّ و حالّتان و منداڵتان لە ماشین بار دەکەین و دەگەڕێینەوە بۆ گوند. مامەباس برام، ئەم تەمەنەی من و تۆ تازە بۆ کێو و دۆڵ بڕین و کۆڵکێشان و بەندیخانە نابێ. لە لایەکی دیکەوە وەک بزانم ئەم کۆڵەبارەی تۆ و خولە ڕایدەگوێزن مالّی قاچاخ و حەرام و شتی وایە. برام بیرە و بیسکی دەبێ حەرام بێ، هەر شتێکن وەک ئارەق و شەراب، ئەی برام مامەباس جوابی قەبر و قیامەت و خوا و...

- هەیهۆ هەیهۆ.. ئەوە دەڵێی چی عەبەڕەش؟ تازە من و مالّ و منداڵی من بگەڕێینەوە گوند و ببینە مجێور و شوان و گاوان و نۆکەر و قەرەواشی ئێوەمانان؟ هەیهات هەیهات. برا ئەودەم من مامەباس بووم و ئێستا عەباس خانم پێ ئەڵێن. ئەوکات تۆ کوێخا عەبدوڵلا بووی و ئێستا عەبەڕەشێک زیاتر نیت! ئەوکات بە منداڵەکانی منیان ئەوت خولە و ئەحە و مەحە، ئەوا ئێستا کامەحموو و کاکە حەمە و کاک ئەحمەو کەری نێر نایکێشێ.. دەسا برا شتێ تر، من ئێستا ئیش دەکەم و سکی خۆم و مالّ و منداڵم تێروپڕە، ئیش نەکەم تۆ خەرجم ئەکێشی؟ ئەم بیرە و بیسکییەش نە من ئەیکڕم و نە من ئەیفرۆشم و نە ئەیانخۆم و نە زەواتیان ئەکەم، بە من چی...؟ بە خوا برا تازە حازر نیم چاو لە دەستی تۆ و ئاغا و کوێخا و حاجی و پیاوماقوولّی گوند بم. زۆر دارا و دەولّەمەندم، پوولّ و پارەم زۆرە، گشتیشی ئی ڕەنجی شانی خۆمە. بە خوا هەر بە کۆڵ چەند کەڕەت چەک و ئەمانەمان ڕاپەڕاندووە، بە خوا ئەحە و مەحەی تۆ چەند چەلیان یەخسیر و دیل و کیژ و ژنان ڕاپەڕاندووە. بە خوا خولە و قالە کاریان هەر ڕاپەڕاندنی بیرە و بیسکی و چەک و مەکە. بە خوا ئەحە و مەحە ئارەق و شەراویش ئەخۆن، بەنگیش ئەکێشن... زۆریش پوولّدارین، زۆریش سامانداری و دەولّەمەندین. بە

خوا ئێژن ئەحە و مەحە ڕەمووەی تلیاک و بەنگیش بووگن، بە من چی؟ نە پارەی منە و نە زەحمەتی...

– بەڵام مامەباس تۆ خواناسی، ئەم کارانە ناحەزن، مەنعیان کراوە، نەهی کراون، ئەی جواب قەبر و قیامەت؟

– عەبەڕەش چاو لەدەسی تۆ بم ئەبێ پێڵاوی کوڕە حەفت سااڵنەکەشت جووت کەم. ئەبێ نەهار و شێو نان و پەنیر خۆم... نا برا، کەس لەو دنیارا نەگەڕاوەسەو تا بێژێ چی حەاڵڵە و چی حەرام؟ هەرکەس ئەچێتە قەور خۆیۆ. بە خوا کۆڵکێشی ئەکەم، ئەگەر گوو ڕاپەڕێنم، ئەگەر تانک و تۆپ ڕاپەڕێنم، ئەگەر نێر و مێ بکڕن و بفرۆشن... تازە ناگەڕێمەوە بۆ برسێتی و ڕووت و قووتی و چاو لە دەس بوونی ناو گوند و ئەو وەزیعەتەی لە گوند بووم. کەژاڵی کچم تا ئێسە سێ شووی کردووە و تەاڵق دراوە و گەڕاوەسەو ماڵ، کەچی سێ مانگ تێپەڕ نەبووە شووی کردۆتۆ. لە گوند بایەین یا تا ڕۆژ مردن بووک دایکی ئەبوو، یا دەبووە ژن بەڕەڵاێەک برسێ و تووننی. عەبەڕەش، عەلی کوڕم ئێسە لە زانکۆدا حەفتەی دوو سێ ڕۆژ دەرس ئەخوێنێ و سێ چوار ڕۆژیشی میرزای دووکان میرزاعەزیە، مواجب و مزەی بە قەرا ئی دکتۆرێک ئەبێ...

زۆری وت نەماند و زۆرم وت، نەیێست. مامەباس و خولە تاقە ڕۆژ و شەوێک لەوێ مانەوە و بۆ سبەی لە سەعات دە و یازدەدا حوکمی ڕزگارییان هات و ڕۆشتن، بەڵام ئەو چوار پێنج ڕۆژەی لە پاش ئەوان لە بەندیخانەدا مامەوە، هەموو ڕۆژێک مامەباس دەهاتە دیدەنیم و شیرینی و میوەی بۆ دێنام و دڵداری دەدامەوە تا ڕزگار بووم. کە حوکمی ڕزگار بوونی بە دەستمەوە بینی هەزار ثمەن پوواڵی پێدام، ماچوموچی لەگەڵدا کردم و پێمی وت: «بۆ بەڕێ کردنت دێمەوە!» ڕۆیی و ئیدی ببرابپ نەمدیتەوە.

ئەوەندەی دەکەم و دەکۆشم و گینگڵ دەدەم، سەرەندەری ئەم کارە ناکەم و چیم بۆ ناچێتەوە سەر یەک. ئاخە چۆن دەبێ مامەباسێکی شەست، شەست و چەند سااڵن لە پاش تەمەنێک نوێژ و ڕۆژوو ببێتە کۆڵکێشی بارە ئارەق و بیرە و بیسکی؟ ئاخە خولە و لە پاش سی و چەند سااڵن دروێنەوانی و شوانی و گاوانی، تازە ببێتە عەینەکی و سمێڵ بتاشێ و دوو لنگە لە پێ کات و... ئەی هاوار ئاخە ئەحە و مەحەی قەلەوان و قازەوان و شوانە بەرغەل و گاڕان و تازە بێن و بیرە و بیسکی بخۆن و بەنگ بکێشن؟ ئاخە چما هەر بۆ پووڵ بێ ئەی بۆچی مامەباس ئەو گشتە پووڵەی بۆ من خەرج کرد؟

مامۆستای مزگەوتی گوندەکەمان دەفەرمێ وا باشە شار نەمێنێ و ئەم پیشە و ئیشانە خڕ کەنەوە و منداڵەکانمان بۆ خوێندن نەنێرینە شار و مەدرەسە و زانکۆ و... مامەباس و ماڵ و منداڵەکەی بێت و شاریان نەبینیبایە، هەر لە گونددا دەمانەوە و ئیمانیان بە زایە نەدەچوو و خۆفی خوا و قەبر و قیامەت بەری ئەم الڕێ بوونەی پێ نەدەدان...

عەلی خانی ئاغای پێشووی گوندەکەمان کەوا لە پاش نەمانی ئەرباب و ڕەعیەتی و دابەش کردنی زەوی هەر لە گونددا ماوەتەوە و لە ڕێزەی کەیخودا و پیاوماقووڵ و خاوەن ڕاو تەگبیری گوندەکەمانە، ڕای وایە کە بێتو دیوارێک بە دەوری گوندەکەماندا بکێشین و گەورەیەکی عالم و ئاقلّیان بۆ دانێین و هاموشۆی غەریبە و غەواڕە و شارستانی لە ژێر چاودێری بگرن و نەهێڵن ئەو گشتە میرزا بنویسە بێ دین و ئیمانە سەرڕووت و دەم ڕووتە پێک بێ، دین و ئیمانی خۆمان و ژن و منداڵمان بە زایە ناچێ و ئەوەی بە سەر مامەباس و ماڵ و منداڵی ئەو هات بە سەر ئێمە نایە...

مامۆستای قوتابخانەی گوندەکەمان دەڵێ: «ڕەنگە باش وا بێ قوتابخانە و کتێبخانە لە شار و گونددا زیاد کەن و بەندیخانەکان بکەنە قوتابخانە و منداڵ هەموو – کوڕ و کچ تا پلەی ماجستەر و دکتۆری بخوێنن و خوێندەواری و زانست لە نێو خەڵکدا قووڵ و بەربااڵو بێتەوە... کار چارەسەر کراوە».

زۆربەی حاجی و سۆفی و پیاوماقووڵ و کەیخودای گوندەکە دەڵێن: سەرەودەرە و چارەسەری ئەم کارە هەر وا ئاسان نییە و کاری ئێمەمانانیش نییە. ئەوە تا بووە دنیا هەر وا بووە و هەر وا دەبێ. دنیا هەر لە باشی و ناخۆشییەوە بەرەو خراپی و خۆشی دەڕوا... بۆیە دەڵێن دنیا بەهەشتی نێرەکەرە...

ئەوە بانگی بڵندگۆی مزگەوتم دەگاتە گوێ و هێشتا خەو لە چاوم نەگەڕاوە، بە خوا ئاوا بڕوا سااڵ تێ وەرناسووڕێ شێت دەبم. بە خوا ئەم ڕەشوڕووت و مجێور و شوان و گاوان و جەحێڵانە فێری شار بن، تازە نە مجێورمان دەبێ، نە شوان و گاوان و نە دین دەمێنێ و نە ئیمان! بە خوا هەر وا باشە بە وتەی مەاڵ و عەلی خان بکەین و دیوارەکە بکێشین و یاسایەک بۆ هاموشۆی شار و... دانێین.

فڕین

ک.د. ئازاد
(بانە)

خەریکی نووسین بووم بە گـمـەی دوو کـۆتر، کـە لەو دیـوی پەنجـەرەکـەم سـەریان بەسـەری یەکـەوە نابوو، دەسـتم لە نووسین هەڵگرت. دەستم کردە کۆڵەکەی چەناگە و کەوتمە ڕوانینیان.

کـۆترە نێرەکـە سـەری لە سنگ و ڕانی مـێیـەکە هەڵـدەسـوو و دەیگوت: هەر لێرە هێـلانەکـەمـان چێ دەکـەین و دوو جووجەڵەی جوان پەروەردە دەکەین!

مێیـەکە چاوی بڕیبووە داوێنی ئاربابا و دەیگوت: هەر لەم بەرزاییە ڕا فـێری فڕینیان دەکەین! ئێرە بەرزە، نەپشـیلە دەیگاتێ و نە ترسی مار و مۆڵمان لەبەرە! شوێنێکی جوانە!

نێرەکە خۆی هەڵدایە سەر پشتی مێیەکە! کۆترە مێیەکە خۆی کەمێک داهێنایەوە تا نێرەکە جوانتر سەرکەوێ! پاشان سەری نزم کرد و پاشەوەی هەڵێنا تا نێرەکە جوان پیا فسێ. پاش تەواو بوون هەردووک هەڵفڕین!

* * *

دووبارە خەریکی نووسین بوومەوە!

جار جار سەرم هەڵدێنا تا پشوویەک بدەم. دەمدی هەردووک بە جووتە پووش و پلاش دێنن و زۆر وەستایانە لەسەر یەکی دادەنێن و هێلانە چێ دەکەن!

* * *

دوو ڕۆژی پێ چوو، یەکـەم هێلکەم لە هێـلانەکـەدا بەدی کـرد. پاش چەند ڕۆژان دووەم هێلکە. ئەمـجـار مـێـیـەکـە لەسەریان کڕکەوت!

* * *

هێندەی پێ نەچوو زەرنەقووتە دەستیان کرد بە جیکە جیک! زۆر ڕۆژان بۆ پشوو گوێم لە جیکە جیکیان دەگرت!

کۆترە نێرەکە و کۆترە مێیەکە بە نۆرە شتیان بۆ دێنان. دەهاتن دەمیان دەکردەوە و جووجەڵەکان شتەکانیان بە دەنووکیان لە قورگیان دەردێنا و دەیانخوارد!

* * *

زۆر ڕۆژان هەر لە پشت شووشەی پەنجەرەوە زەینم دەدا جووجەڵەکان. هاتنەوەی دایک و باوکیان خەوی لێ دەهاڕووژاندن و بە چاوی نەپشکووتوو، زەرنەقووتەکان بەسەرە لەقە و دەمی داپچڕاو و جووکەجووک، دەیانگوت برسیمانە! کۆترەکانیش خێرۆمەندانە هەر چییان دەهێنا لە دەمی ئەوانیان دەکرد!

* * *

ڕۆژێکیان خەریکی خوێندنەوەی دیوانی مەولەوی بووم، کۆترەکان هاتن و پاش باڵ لێکدان و هەڕەشە و گوڕەشە و کەمێ پرتە و بۆڵە، جووجکەکانیان (کە ئێستا خەپەرە ببوون) لەو حەوایە ڕا خستە خوارێ!

جووجکەکان کە پەڕەوازە بوون هەردوو کەوتنە باڵ لێکدان و پەل کوتان! یەکیان لەسەر دیواری بەرانبەر هێلانەکە نیشتەوە و لە کاتێکا سنگی حەوا دەکەوت و دادەکەوتەوە خەریکی پشوودان بوو. ئەوی تریان کەوتە سەر بانی مالێکی دراوسێمان!

کۆترە نێر و کۆترە مێیەکە حەوا دەکەوتن و دەنیشتنەوە و دوو جووجکەکانیان هان دەدا دووبارە حەوا کەونەوە!

پاش چەند جار هەڵفڕین و کەوتنە خوارەوە کۆترەکان لەبەر چاوم ون بوون. سەیرێکی ناو هێلانەکەم کرد؛ کەمێ پەڕ و تووک بەجێ مابوو!

لەوەی کە کۆترەکان بەجێیان هێشتووم، خەمێکی غەریب دایگرتم! خەمی هەموو جێ هێشتنەکان و غوربەتی خۆم! خەمی ئەوەی ئێمەش ڕۆژێک (درەنگ یازوو) ئەم هێلانە بەجێ دێڵین!

دەستم برد بۆ دیوانە شیعرەکان، دیوانەکەی «مەحوی»م بەردەستی کەوت کە کردمەوە، مەحوی فەرمووی:

چ خاکێ کەم بە سەرما، مامەوە تاک
بە لێو ئاهـ و بەچاو ئەشک و بەسەر خاک!

زۆرجار دیبووم خەڵکی بە حافز فاڵ دەگرنەوە، بەڵام ئەم جارەیان مەحوی لە دڵی من خەبەری بوو!

هەر وەرزەکی مۆدێلەک

عامەر چەلک
(نوسیبین)

...ل بەر مێرێ خوە رە چەند جاران ب ئالیێ چەپ و راستێ دە، خوە زڤراندبوو. هەردو دەستێ خوە ژ سەر هەردو مەمکێن کو هەتا نێڤی دیارن، هەردو مەمکێن کو وەکی دو شماموکێن رەزێن چۆلا نوسایبینێ، ب دیتنە خوە سێرنن. هەردو دەستێ خوە ل سەر جان و کمەخان ڤە بەر ب ژێر ڤە بەردان و گۆتە مێری خوە:

– بنەرە!...چەکێن من خوەشکن ؟!...

– خوەشکن....خوەسک!!.... لێ پێویستی ب کرینە ڤی فیستان نها تونەبوو...نە ئوسا..!؟

– چاوا ئا ئاا؟!...ما چەکێن من یێ کو پێ هەرم مێڤانیکێ، سەردانەکێ سۆک و دیلانەکێ هەنە....ئا ئا؟! بەری چەند رۆژان، من فیستانەکی زەری ب گول، خوەشک و دەلال ژ تە رە نەکریبوو؟

– بەلێ! لێ نە ئی مۆدێلە. یان ببێژم، ئەو نە مۆدێل وەرزێ ئەم تێدەنە.

– هەر وەرزەکی مۆدێلەک ژێرە پێویستە ...؟ ئوسابە پێویستە سالێ چار فیستانان ژ تە رە بکرم!...

– ئەرێ جانم، هەر وەرزەکی مۆدێلەک وی هەیە. ژنک هنەکی راوەستیە وەکی کو بێنڤەدانەکێ ببە خوە و دیسا گۆت:

ئەز وەکی ژنێن خەلکێ چەکێن قیمەت گران و بوها ناکرم. تو دزانی کو ژنە تە گەلەکی ل بەر بازارێ دەدە. تشتێ کو ب سەدی بە، ئەز ب بیستە دکرم. ژنە تە خوەشک و زیرەکە. هەلا ل ڤی قوومـاشی بنێر. قەتەک قووماشێ کو د دەستێ ژنکێ دەبوو.

– تو چقاس قیمەت ددی ڤی قووماشی ..؟

– نزانم !....

– توشتەکی ببێژە...

میرک قاسەکێ قەتێ قووماش د ناڤێ تلیێ خوە دە بر و ئانی و گۆت:

– ئەز مترا ڤی قووماشی سی هەیا چل وەرقەیی پێ ددم.

ژنک:

– ئەفەندم...!؟ ئەزێ هەوقاس پەرا ژ کودەرێ بینم ، ئا ئا؟ هەیا کو ئەز سەد وەرەقی ژ تە دستینم چاڤێ من درژێن!!... من قووماش تەڤ ب دەھ وەراقان کریا...تو چ دبێژی!؟... تو دزانی کو ئەز گەلەکی ل بەر بازارێ ددم.

– تو ژنەکە گەلەکی باشی و جوانی. رەوشا من یا دارایی ڤێ دەمێ نە رندە!....

– هەردەم تو ئوسا دبێژی ;پەرا تونن، تونن.....

میرک رابووبوو سەر پیان و دو–سێ جاران رووداینە ژ بۆیاخێ سۆر–سپی پاچوو کربوو و گوتبوو: هەر ئوسا تشتێن ئەرزان بکرە.

میرک هەر ب باشی پەسنێ ژنا خوە ژ بۆ هەڤالێن خوە ییێن کار رە دکر و دگۆت: ژنا من گەلەکی ل بەر بازارێ دده و هما – هما چەکان بەلاش ژ ماخازنێ تینە.

دەما وی ئوسا چالەکییێن ژنا خوە تانین زمان، هسێنۆ ژی پەسنێ ژنا خوە ددا و دگۆت:

– باوەرِ بکە کـــو ژنا من ژی وەک یا تە زیرەک و چەلەنگە. بنەر ل ڤی قووماشی(ل بەر جاما دکانە قووماش سەکنیبوون) مترا وی ب سی و پێنج وەرەقانە، ژنا من بەری چەند رۆژان ب دەھ وەراقـــــــان کرِیبوو!!!!!.....

– برایێ هسێنۆ باوەرِکە کو ئەز و تو ب ژنێن خوە بەختوەر و کامورانن. ژ ئالیێ رێز و ئەدەبێ ڤە ژی ژنێن مە گەلەکی ب رێز و ئەدەبن و ب سەر دە ژی پر خوەشک و زانە نە ژی..

– وەلاهی راستە !... هەگەر نە ئوسا بانە ما مە یێ ب ڤان پەرێ هندک چاوا بقەدانده.

هەڤالەک ژ وێ دە تێ:

– رۆژ باش هەڤالنۆ!. هوون ل چ دنەرن..!؟

– سەر چاڤا برایێ سلۆ.

– تو ژ کودەرێ تێ سلۆ...؟

– هوون ژ بۆ ژنێن خوە ل قووماش دگەرِن و دکرِن، ئەز ژی ژ مالا ژنانن تێم.

هەردوان ب هەڤرا:

– مالا ژنان.....!؟

–ئەرێ! ئەرێ مالا ژنا، مرۆڤ دەرباسی سالۆنێ دبە سێ وەراقان ددی و دەرباسی ئوداکە چەند قول د دیوار دە هەنە، د وان قولان رە ل ژنێن تازی دنهێری، هەتا بێژی بەس ئاا ئا باسە!..

هسێنۆ: ئێ مال وێران..سلۆ دەروان بکە دەرەوێن ب کراس. مال وێران ما مالا ژنان هۆلا گۆکێ یە..!؟ راست دبێژی، ئەو مال ل ئەورۆپایێ هەنە، نە ل با مە !!

– باشا! هوون باوەرِ ناکن!؟ بلێت ژ کیسی وە وەرن ئەز وە ببم.

هەرسێ هەڤالان هلکشیابوون قاتا ژۆر، ل سالۆنێ چەند میران خوە ل عەردێ درژکربوون و چاڤێن خوە کربوون قولێن دیوار. هەرسێیان ژی وەکی وان میران چاڤێن خوە کربوون سێ قولان!...

– ئەز مانتۆکی سۆر– رەنگێن دخوازم.

– ژ بۆ خاترێ چاڤێن تە یێ رەش مانتۆ ژ بۆ تە... ژ ڤێ مۆدێلێ ؟

– بەلێ!.. ئەو مۆدێل گەلەکی بوهایە، لێ ژ بۆ ڤێ بەژنا تە و راموسانەکێ ژ بۆ تە بێ پەرا!.. هەلا چەلکێن خوە داینە و ڤی فیستان ل خوە بکە!..

– باشە!...

– ژ خوەکە جانم، ژ خوەکە!....

– .....، .....

–مال مەمکان داینە!..تو دانینی نکارم باش پیڤانە تە بپیـــــڤم!...ها ئا ئا ئا ئوســـا بەژنا تە وەکی تایێ رحانێ....ی..ا..

– ....

میرک بەر ئێڤاری ڤە دەرباسی مالێ بووبوو. ب دەرباسبوونە میرک رە، ژنکێ بەر ب وی ڤە هاتبوو و گۆتبوو:

– بنێرە! مانتۆیێ منی سۆر– رەنگێن چقاسی ل بەژنا من تێ. تو دزانی من ب چ قاسی کرِیە ؟! تو چقاس قیمەت ددی ڤی مانتۆی؟!

چاڤێن میرک بەلۆق دمان ل مانتۆ دنهێری.

–چما قیمەتێ مانتۆ نابێژی..!؟

–مانتۆ!....ئا ئا مانتۆ. هێژایە سەرە من و هسێنۆ هەردوان. !!!!!!!!

ئەڤ کورتە چیرۆکە ب رِێنڤیسا لاتینی هاتبوو دارِشتن و پێشتر ل مالپەرێ (وەلاتێ من) دە بەلاڤبوویە، ژبۆ پێناسینا وێ ب خوەندەڤانێن رِێنڤیسا نها ل هەرێما کوردستانا عیراقێ بکار دهێت مە بێ دەستکاری رِێنڤیسا وێ گۆهەرت.

«رِامان»

چەند کورتە چیرۆکێکی نەهار حەسبوڵڵا

لە عەرەبییەوە: نەژاد عزیز سورمێ

نەهار حەسبوڵڵا کوڕی چیرۆکنووسی ئێراقی حەسبوڵڵا یەحیایە، کە لە سەرەتای شەستەکانەوە دەنووسێ.
نەهار چیرۆکنووسێکی لاوە، ساڵی ١٩٨٩ لە بەغدا لە دایک بووە، بێجگە لە چیرۆک، ڕۆمانیش دەنووسێ، لە پاڵێشەوە کاری ڕۆژنامەنووسیی دەکا.
نەهار تا ئێستا بەو تەمەنەوە زیاتر لە (٣) کۆچیرۆک و ڕۆمانێکی بڵاوکردۆتەوە و چەندین خەڵاتی ئەدەبی لە ناوەوە و دەرەوەی ئێراق وەرگرتووە و هەندێکیان کراون بە ئینگلیزی و فارسی و تورکی، تەنانەت ژمارەیەک لە چیرۆکەکانی کراونەتە فیلمی سینەمایی.
ئەوەی هانیدام ئەم کورتە چیرۆکانەی بکەم بەکوردی، خەیاڵی فراوانی نووسەر و لە هەمان کاتدا بەکارهێنانی تەکنیکی بەرزی نووسین و فەنتازیاپۆش بە هەموو مەوداکانییەوە، دوور لە درێژدادڕی و تێهەڵکێش، پشت ئەستوور بە هۆشیارییەکی دیار لە بەرچاو ڕوونی و تێگەیشتنی ژیان و دەوروبەر.

«وەرگێڕ»

(١) من و مەسیح

پشتم بە وتەیەکی عیسای کوڕی مەریەم بەست کە لە ئینجیلدا هاتووە و دەڵێ «هەق ئازادتان دەکا»، ئەمە وای لێ کردم داوای هەقی خۆم لە ژیان و لە ئازادیدا بکەم.
بەڵام لە هەر پێنج هەستمدا وریا بوومەوە کە بەترسەوە لەبەرم هەڵدێن..!

(٢) من و هرمان هیسه

لێکچوونی ناو، ئەو شەوە کردمی بە ڕێگر و تاوانبار، ئای چ شەوێکم لەگەڵ بکوژێکی بەکرێگیراو لە زیندانێکی بچووک بەسەر برد، چ قەدەرێکی دۆزەخ ئاسا بە جەللادێکی بەستمەوە، تام لە سەربڕاوان دەکا..

لە زیندانیان بردمە ژوورێ، ترسم لە ئارەقی جەستەی بە نیگەرانی هەڵایساوم زیاتر دەردەدا، لە کاتێکدا بێدەنگی شکاتی تەنیایی خۆی بەرانبەر ئەو دیوارانە دەکرد کە کارێکی دیکەیان نەبوو لە بە نەمری هێشتنەوەی یاداشتی ئەوانەی پێش من هاتوونەتە ناوی.. سەرباری دیکتاتۆریەتی تاریکاییش، لێ سیمای ڕوومەتی ئەو ئادڕندە و هەناسەکانی ڕوون بوون.

بە زیندانداندەسووڕایەوە و قسە و دەستەواژەی وای دەگوتن هەرگیز تێی نەدەگەیشتم، تەنانەت وام هاتە بەرچاو وەک بڵێی کەیل و بێهۆش بێ، کەچی کتوپڕ لێی پرسیم کە داخۆ ناوی هرمان هیسەی ئەدیبم بیستووە.

سەرم لە پرسیارەکە سڕما، پاشان هەر بە خێرایی هەڵوێستەکەمم قووت دایەوە و بە ڕووخۆشییەکەوە جەختم کردەوە: بەڵێ ئەدیبێکی بەناوبانگە، هیچیت خوێندۆتەوە؟

– بەڵێ، ئەو یەکەمین کەس بوو پیشەکەمی فێر کردم، لە دەور و زەمانی خوێندندا وتەیەکیم خوێندەوە هێز و شنگی تەقاندمەوە و وای لێ کردم گرانترین و چەپەڵترین کار بکەم «بە هەشت نەبوو بە بەهەشت تا ئێمەیان لێ دەرنەکرد» لە ترس و سەرسڕمانی زۆرەوە، بێ دەستی خۆم زمانم گیراو ناچاری کردم بێدەنگ بم.

لەوساوە زانیم کە ئێمە نیوە شەیتانین و دۆزەخ لەناو خۆماندایە.

(٣) من و بێرنارد میلزەر

لە ڕۆژانی شەڕی ناوخۆ و کۆچ پێکردنی بەزۆردا، خۆم بەوە قایيل کرد کە لەوانەیە بتوانم لەنێو چوار دیواردا هەناسە بدەم، بەڵام کەسێ بە تۆندی لە دەرگای دام، ترسێکی زۆرم لێ نیشت و وای لێ کردم بە پەلەپرووزێ بەرەو پیری ڕابکەم نەبادا پێویستی بە یارمەتی من هەبێ، کە تەماشا دەکەم گەنجێکە نامەیەکی داخراوی پێم دا و بێ ئەوەی یەک قسەیش بکا، لێی دا ڕۆیی!

نامەکەم کردەوە لە کاتێکدا قەدەمم شکابوو، سەیر دەکەم نامەیەکی هەرەشەیە و لەگەڵ گوللەیەک.

بە پەلە بڕیارم دا مالەکەم و یادگارییەکان و کتێبخانەکەم بەجێ بێڵم، هەموو شتەکانم وەک خۆی لە جێی خۆیاندا بەجێ هێشت و بڕیارم دا وەکات بڕۆم.

پاش دە ساڵ بەسەرچوونی کوشتوبڕ و ترس و کۆچ پێکردن، هاتمەوە ئەو دنیایەی بە زۆری بەجێم هێشتبوو، سەیر دەکەم لەو بوونەوەرە هەڵدەنگووم کە دوایین جار هاتە لام، سیمای زۆر نەگۆڕابوو وەک بڵێی بۆ چرکەیەک لەبەرچاوم ون نەبووبێ، تێیەوە ڕامام، لە چەقی شەقامدا وەستاندم و لێم پرسی کە داخۆ بەبیری دێمەوە، یان نا؟ دڵنیا بووم شێوەی من و ڕووداوەکەی لەبیرچووە، ئەوسا وتەیەکی ڕۆژنامەنووسیی ڕادیۆیی ئەمەریکایی میلزەرم بە خەیاڵدا هات کە ئەگەر ئەو پێشهاتە نەبووایە، تێی نەدەگەیشتم: «شاباش بۆ ئەوەی دەبەخشێ و لەبیر دەکا و بۆ ئەوەیشی وەردەگرێ و بەبیری دێتەوە».

وتەکەم دووبارە زیاتر لە جارێک بۆ خوێندەوە، ئینجا لێم پرسی ئایا من و تۆ وەک یەکین؟

(٤) پیاوانی ئایینی چەمکی ڕۆژی قیامەت بەوە لێکدەدەنەوە کە وادەی حسابە لای خوا، نیشانەکانیشی بە خاڵی ڕوون و ئاشکرا دیاری دەکەن.

سەیر لەوەدایە، ئێمە وای لێ هاتووە، هەموو ئەو نیشانانە لە ژیانی ئاساییماندا هەست پێ دەکەین، وەک سەرکەوتنی ناحەق و چەوسانەوەی حەق، وێنەی ئەوەی لە کتێبەکانی ئاسماندا هۆیەکانی هەڵبژاردنی ناوی (قیامەت) بۆ هەستانەوەی مردووان لە مردندا بۆ وەرگرتنی جەزادا هاتووە، کەچی ئایین و مەزهەبەکان، بە هەموو چەشنەکانیانەوە، لێکدانەوەیەکی شیاویان بۆ حاڵی ئێمە نەدۆزیوەتەوە کە چەندین ڕۆژ و قیامەتی وای تێدایە، تۆندتر لە قیامەتی چاوەڕوانکراو.

داخۆ ئایا ئێمە لەم دنیایەدا بە مردوویی خولقاوین؟؟

(٥) ئای کە کارت سەیرن نیشتمان!

عاشقت دەبین کە دۆزەخی، بەر ئەمرت دەبین لەگەڵ ئەوەی نازانین سەر بە فریشتانی، یان شەیتان. لەپێناوی زیندوو ڕاگرتنی کەرامەتی تۆدا دەمرین، تۆش یەکەمین کەسی کەرامەتمان پێشێل دەکەی! کارت چەند سەیرن نیشتمان!

بووی بە گۆڕ بۆمان و ئەشکەنجەی پێش زیندووبوونەوەت لەسەر خاکی خۆتدا داین، سێدارەی

جەللاد و میرغەزەبانت بۆ داکوتاین و بە گەرمی چەپڵەت بەسەر جەستەی هەلا بەهەلا بوومانداا لێ دا، ئاگری دۆزەخت بۆ خەڵکی گڕداو پێش لێپرسینەوەی خوا، حسابت لەگەڵ کردن، ساتەکانی قیامەتت پیشان داین، تا وامان لێ هات لە خوا و لە حەشر و قیامەتیش نەترسین، گریاندمانت، قەتت دڵخۆش نەکردین، بە خەمۆکی و زەلالەتەوە.

سەیرە، هەموو شتێک لەتۆدا سەیرە، حاکم و جەللاد و تاوانبار، هەموویان سەیرن..

هیچ کەسێ لەتۆدا نییە، ئەوە نەبێ، ئەو بێ ناسنامەی ژیانی خۆی بە قوربانی تۆ کرد.

(٦) بەهارێکی تاریک

پەردە لادرا، شانۆییەکە دەستی پێ کرد، پەردە بە تەواوی کرایەوە، بەڵام شانۆ هەر بە ڕەشی مایەوە، بێ دەنگ، بێ ڕووناهی، بێ مۆسیقا و ئەکتەر..

چاوەڕوانی کاتێکی دیاریکراوی نەبوو، زیاد لە پێویست درێژەی کێشا، ئەمەش شەوق و تامەزرۆیی لای جەماوەر هەڵایسان.

هەندێ پێیان وابوو دەرهێنەر پشت بە ڕوانینێکی نوێی دەرهێنانەوە دەبەستێ، شایانی ئەوەیە گوێی لێ بگیرێ و هەستی بۆ ڕابگیرێ، هەندێکی دی لەو باوەڕەدا بوون گرفتێکی تەکنیکی، یان هونەری نمایشی دواخستووە.

پاش نیوەسەعات چاوەڕوانی، سەبری جەماوەر بەرەو نەمان دەچوو، بێدەنگی کە بەسەر شوێنەکەدا زاڵ بوو، نەماو شانۆ پڕ بوو لە ژاوە ژاو.. ئەمەش هەرایەک پرسیاری لێ کەوتەوە، هەر ئەمەش پاڵی بە یەکێک لە ڕەخنەگرانی شانۆوە نا بەهاوار داوا بکا گرفتەکە چارە بکرێ! لەو کاتەدا ڕووناهی شانۆ بە تەواوی هەڵبوو، کەوتە سەر دەرهێنەر لەسەر ستێجەکەدا کە چەپڵەی لێ دەداو بەڕووی جەماوەرەوە پێدەکەنی و دەیگوت: ئەو نمایشەی پێش کەمێک بینیمان، باشترین نمایشە لە ژیانمدا پێشکێشم کردبێ، نمایشێک بوو بیرۆکەکانیم لە واقیعەوە نووسیبوو، ئێوە ڕۆڵی کارەکتەرەکانتان نواند، داوای لێ بوردن دەکەم کە ئێوەم وەک کارەکتەری شانۆییەکەم بەکارهێنا، بە هیوای ئەوەی ناوونیشانی نمایشەکەتان لەبیر نەچێت (بەهارێکی تاریک).

(٧) درۆ

ناوی ڕەنگەکانی سروشت هەڵەیە و ئەو کەسە کەم عەقڵە ژیانمانی بە گەشاوە و ڕەنگین داناو..

ڕاستە چارەمان لە برسان زەردە و لێومان لە ترسان شینە و چاومان بە دووکەڵی شەڕ و شۆڕان سوورە، بەڵام هەموو شتێک لە ئێمەدا لە ڕەش و سپیدا هاتووە، بەوەی ئێمە نەتەوەیەکین لەو دوو ڕەنگە زیاتر ناناسین، ڕەش ڕەنگی خەم و پرسە، سپیش کاڵای یەکەم و ئاخیرمان.

(٨) پرسیارێکی وەڵام ون

کە سەرمان دەبڕن، دەڵێن (الله اکبر)، بانگدەر دەڵێ (الله اکبر)، کابرای بەهێز هاوار دەکا (الله اکبر)، هی بێ هێز دەپارێتەوە (الله اکبر)..

داخۆ بڵێی خوداوەند گوێی هەبێ ئەو هەموو هاوار و بانگانە ببیسێ؟

پرسیاری گەورە ئەوەیە کە وەڵامی نییە، بۆچی تەکبیران دەکا و لەسەر کێدا کە ئەو خاوەنی هەموو وجوودە؟

(٩) من و ئیکتۆر هۆگۆ

لە منداڵیمەوە خووم بە وشەی شاعیر و نووسەری فەرەنسایی فیکتۆر هۆگۆوە گرتبوو، لە هەموو نووسینەکانی نزیک بووم وەک ئەوەی لە خوێندەواران بە تەنیا قسە لەگەڵ منداا دەکا، تا ئەوەی وتەکانی لەبیرمدا بوون و بە قسەمەوە پەیوەند.

شەوێک من و باوکە پیرەکەمی کۆ کردەوە کە ڕۆژگار دەربڕینی سیمای بە تەواوی تێکداوە، تەنانەت وا دەردەکەوت وەک بڵێی ددانە بەزەردەخەنەکانی قووت داوە..

ویستم خەم و قورسایی دنیاییی لەسەر سنگ هەڵبگرم، پێشدەستیم کرد بە وەرگرتنی حیکمەتێکی فیکتۆر هۆگۆوە دەستم پێ کرد: «نهێنی لێزانی ئەوەیە، گیانی منداڵی بۆ پیربیەتی هەڵبگری»

دامام و تەماشام دەکرد، چاوەڕێی وەڵام، تا بە دەنگێکی خەمناکەوە وتی: واز لە میسالییەتی کتێبان بێنە و بە چاوی کراوەوە سەیرکە چ لە دەوروبەرت دەگوزەرێ، تەنێ ئەوسا دەزانی منداڵەکانمان لە سکی دایکیاندا پیر دەبن.

(١٠) من و شۆبنهاوەر

لە وەتەی لە دایک بووم، کەرامەتم لێ داگیر کراوە، وەک ئەوەی لە ڕەگەزی ئادەمییان نەبم! بە تێکشکاوی پەروەردە بووم، کرنۆش بردوو، بەر ئەمری هەموو کەسێ هاتبێتە ڕێم بەوەی من بۆرە مرۆڤم..

ڕۆژێ وتەیەکی فەیلەسووفی ئەڵەمانی شۆبنهاوەرم خوێندەوە: «ون بوونی شتێ هەندێ جار فێرمان دەکا نرخی بزانین» حیکمەتێک بوو تێی نەگەیشتم تا چەمکی مرۆڤایەتیم لێ ون نەبوو.

(١١) هاندانی مردووان

گۆڕهەڵکەن گۆڕێکی نوێی هەڵدایەوە، درندانە دوور لە مرۆڤێتی هەڵیدایەوە، ڕووفاتی لەگۆڕ دەرهێناو فڕێی دایە دەرەوەی گۆڕستان، بوو بە ژەمێکی خێرای سەگە بەرەڵاکان کە لە مردوو دەگەڕان، هەر وایش بوو پارچە پارچەیان کرد و لە کوێیان ڕا پێ خۆشە لووشیان کرد.. چەند ڕۆژێکی کەمی نەبرد، کەسوکاری مردوو هاتنە سەردانی گۆڕەکەی، ئیتر ئەوەی بینیان بینیان، گۆڕێکی هەڵدراوە و کفنێک ڕەنگی تۆزی لێ نیشتووە..

کە پرسیاریان لە گۆڕهەڵکەن کرد بۆ؟ وەڵامی دانەوە:

– مردووەکەتان مستەحەقی لەوەش زیاترە! چونکە هانی مردووەکانی دەدا و کۆی دەکردنەوە داوا بکەن گۆڕستان ڕووناک بکرێتەوە و منی لێ دەربکەن!

(١٢) من و جۆرج واشنتۆن

أ- پشتێنێکی بۆمبارێژم بەست و مالّەکەمم کرد بە سەربازگە و سێرەی ئاگرم لە هەموو گولّەکانی باخچە گرت و چالّێکم لەپێخەفەکەم لێ دا.. ئەمانە و زیاتریشم کرد دوای ئەوەی وتەیەکی سەرۆکی ئەمەریکا جۆرج واشنتۆنم خوێندەوە؛ «ئامادەیی بۆ شەڕ چاکترین هۆی بەکاری پاراستنی ئاشتییە».

ب- جۆرج واشنتۆن خۆی بەوە هەڵدەدایەوە کە «هەمیشە بەخشندەیی و کولّەدانی پێویستی تێدا بووە تا باشترین نازناو کە مرۆڤ بە غیلی پێ دەبا، بپارێزێ ئەویش نازناوی (ئینسانی شەریف).

لەگەڵ ئەو تەمەنناپەشدا، هێشتا من لە چەمکی شەرەف نەگەیشتووم واشنتۆن مەبەستیەتی کە بەلای منەوە لە جەستەی ئادەمزاد زیاتر نییە!

(١٣) من و ڕەسوولّ هەمزاتۆف

هەمزاتۆف باشترین حیکمەتی بۆ کەرامەت و پاراستنی ئاوی ڕووان فێرکردم: «دەکرێ پیاو لە دوو حالّەتدا بنووشتێتەوە، کە لە کانی بخواتەوە، یان گولّ بچنێ»

بەلّام جوامێر ئەمەی ئەو دەمە وت، دوای ئەوەی چەهرەم بەسەر پێلّاوی جەللادانەوە کۆپی ببوو.

(١٤) من و ئیبراهیم کوونی

ڕۆماننووسی لیبیایی برایم کوونی پێی وایە «هیچ مرۆڤێکی مەزن، بەبێ ئازاری مەزن نییە» ئەمە وای لێ کردم، هەمیشە بەدوای ئەو مەزنایەتییەدا بگەڕێم، کوونی دەرکی پێ کردووە، ئومێدی زۆرم هەیە تامی بکەم، بەوەی لە بازنەی ئازاردا لە دایک بووم و لە بازنەی دی وەچەم نایەوە لە هەمان جۆر و چەشن.. لەگەڵ شەیدابییشم بگەم بەوەی بەدوایدا دەگەڕێم، بەلّام لە گەڕانمدا لەو ئازارەم زیاتر نەدۆزییەوە کە ئەوانەی لەسەر ڕێگەی من ڕۆیشتبوون، بۆیان مابووەوە.

*** ئەم چیرۆکانە لە پەیجی نووسەر و سایتی (الحوار المتمدن)ـەوە کراون بە کوردی.**

کاتژمێر چوار

تەوفیق ئەلحەکیم
لە عەرەبییەوە: هادی حەبیبی
(بۆکان)

"تەوفیق ئەلحەکیم" شانۆنامەنووسی هاوچەرخی میسری لە ساڵی (١٩٠٢)ی زایینیدا، لە ئەسکەندەریەی میسر و لە بنەماڵەیەکی فەرهەنگی لە دایک بووە. بە بۆنەی ئەرکی باوکی، ژیانێکی پڕ لە کۆچ و سەفەری بووە و هەموو چەشنە ژینێکی لادێیی و شارستانیی ئەزموون کردووە. ئەو نووسەرە خاوەن تواناییە، بەکالۆریۆسی لە زانکۆی (ماف)ی قاهیرە وەرگرتووە و هەر لە سەردەمی منداڵییەوە، مەیلێکی زۆری بۆ لای کاری شانۆ، لە خۆ نیشان داوە و لەگەڵ گرووپە مۆسیقا و شانۆکانی قاهیرەدا؛ پێوەندی نەپچڕاندووە. ئاسەوارێکی زۆری لە ڕۆمان و کورتە چیرۆک و شانۆنامە و وتار نووسیوە. لە شانۆنامە هەرە بە ناوبانگەکانی ئەمانەن:

١- محەمەد «١٩٣٦».
٢- شەهرزاد «١٩٣٤».
٣- ئەهلولکەهف «١٩٣٣».
٤- سلەیمان ئەلحەکیم «١٩٤٣».
٥- بڕاکسا «١٩٣٩».
٦- مەسرەحییات ئەلحەکیم (لە - دووبەشدا) «١٩٣٧»، هەروەها گرنگترین ناوەرۆکی ئاسەوارەکانی، مەبەست گەلی ئینسانی و فیکری و کۆمەڵایەتییە.

(ژوورێکی نووستنی پڕ لە کەلوپەلی بە نرخ، نیشانەی دەوڵەمەندی و دەست ڕۆیشتووییە!... پیاوێک لە تەمەنی دەوروبەری پەنجاو پێنج ساڵاندا، نەخۆشە و لەسەر تەختی نەخۆشی کەوتووە... لە نزیک ئەویشەوە ئافرەتێکی دەوروبەری چل و پێنج ساڵانە دانیشتووە؛ کە خێزانیەتی...)

مەحمود: (گوێی شل کردبوو) گوێت لێ بوو حەمیدە؟!....

حەمیدە: (گوێی شل کردووە) چی مەحموود؟...

مەحمود: هیچت گوێ لێ نەبوو؟...

حەمیدە: نەخێر...هیچ

مەحمود: (گوێی شل کردبوو) حەپەی سەگ!... ئەوە... ئەو چەق و لووڕە سەیرە!... بێ گومان ئیزرائیلی دیوە نزیک دەبێتەوە و دێ بۆ مالّی ئێمە!...ئاخر، سەگ- وەک دەڵێن - ئیزرائیل دەبینێ!... و کاتێ دەیبینێ؛ ئاوا دەوەڕێ!... حەتمەن تۆ ئەو شتە دەزانی؟!... ئەوە شتێکی ڕوونە!...

حەمیدە: (بە ئاسوودەییەوە) نا «مەحمود»... تکایە... ئەو قسەیە مەکە!... نەخۆشییەکەت ئەوەندە جێگەی مەترسی نییە کە بە خاتری، بیر لە مردن بکەیتەوە!!!!...

مەحمود: ئەگەر نەخۆشی دڵ جێی مەترسی نییە، ئەی چ نەخۆشییەک جێی مەترسییە؟!...

حەمیدە: زۆری وامان هەیە بەو نەخۆشییەوە حەفتا تا هەشتا ساڵ دەژین!....

مەحمود: زۆری واشمان هەیە بەو دەردەوە لە ناکاو دەمرن، پێش ئەوەی وەک من پەنجاو پێنج ساڵ تەواو کەن!...

حەمیدە: مەحمود تۆ گیرۆدەی وەهم و خەیاڵات بووی!... و نەخۆشی تۆ ئەوەیە!... دڵنیا بە نەخۆشییەکی ئاساییە و خوایار بێت بە سەلامەتی تێپەڕ دەبێ!...

مەحمود: ئیدی ئەم جارەیان بە سەلامەتی تێناپەڕێ!...

حەمیدە: تۆ چوزانی؟... خۆ تۆ دکتۆر نی!... ماوەیەکی دیکە دکتۆر دێ و موعایەنەت دەکا و ئەرخەیان دەبین!...

مەحمود: دکتۆر؟!... ناردووتە دکتۆر بێ؟!...

حەمیدە: شتێکی ئاساییە «مەحمود»!... پێویستە!...

مەحمود: پێویستییەکەی لە کوێدایە؟!....

حەمیدە: سەلامەتی تۆ بۆ ئێمە لە هەموو شتێ بە نرختر!...

مەحمود: ئاخۆ بۆ سەلماندنی بە نرخ بوونی سەلامەتی من، دەبێ پووڵێک بە پیاوێک بدەن کە ناوتان ناوە دکتۆر؟!...

حەمیدە: تەواوی ئەو پووڵانە چ نرخێکیان لە بەرانبەر نینۆکێکی تۆدا هەیە؟!...

مەحمود: خۆشەویستەکەم... تۆ دەزانی من پێم خۆش نییە هیچ دکتۆرێک موعایەنەم بکا!...

حەمیدە: بەڵێ... دەزانم... لەو ڕۆژەوە دکتۆرەکە موعایەنەی کردی و پێی کوتی...

مەحمود: پێی گوتم: من تا حەفتەکی دیکە دەمرم، بەڵام دە ساڵیش دوای ئەوە ژیام...

حەمیدە: ئەوە لە لوتفی خودا بووە!...

مەحمود: بێ شک... لە لوتفی خوداوە بووە، هەروەها لە هەڵەی دکتۆریشەوە!...

حەمیدە: هیوادارین ئەم جارەش وەک جاری پێشوو هەڵە بکاتەوە...

مەحمود: دڵنیا بە هەڵە دەکا... لەوەدا قسەیەک نییە، موعایەنەم دەکا و دەڵێ: دە ساڵی دیکە دەژیم... بەڵام دوای دە خولەک دەمرم!...

حەمیدە: بەو قسانە خەمبارم مەکە «مەحمود»... دەڕۆی و بە تەنیا جێم دێڵی؟... چ خۆشییەکی هەیە ژیانی بێ تۆ؟!...

مەحمود: خۆشی و بەرەکەت لە (حەمادە)ی کوڕماندایە!...

حەمیدە: حەمادەی کوڕمان لە زانستگەیە و تا دوو ساڵی دیکەش تەواو نابێ و زیاتر لە هەموو کەس، پێویستی بە بابی و بە ڕێنماییەکانی بابی هەیە...

مەحمود: من حیسابە ماڵییەکانم بە جوانی ڕێکوپێک کردووە!... و بۆ تۆ و بۆ ئەویش ئەوەندەم بەجێ هێشتووە کە ژیانێکی خۆش و ئاسوودەتان هەبێ!...

حەمیدە: پێتوایە مانّ بە تەنیایی، دەبێتە هۆی پێگەیشتنی منداڵ؟!

مەحمود: منداڵێکی وەک حەمادە، بە هەژدە ساڵ تەمەنەوە، هەرچی سەرنجی دەدەیەی، لە پیاوەتی و ئاکاری بەرز و ئەقڵ و تێگەیشتن لەو کوڕەدا هەیە و دەبێ بڵێی داهاتوویەکی ڕووناکی لە پێشدایە!... کەوابوو دڵنیابە و چاو و دڵت ڕۆشن!...

حەمیدە: (فرمێسکەکەی دەسڕێ) تۆی زۆر خۆش دەوێ مەحمود!... لەگەڵی ڕووخۆش بە!...

مەحمود: بۆ دێتەوە؟!... مەگەر ئێستا لەگەڵ خوێندکارەکان لە «اقصر» نییە؟...

حەمیدە: دوێنێ تەلەگرافم بۆ نارد، بێتەوە!...

مەحموود: حەمیدە بۆ ئەو کارەت کرد؟!...

حەمیدە: پێت ناخۆشە؟!... پێم وابوو بۆ خاترجەم بوونی تۆ و تەسکینی نەخۆشییەکەت، لە لات بێ باشترە!....

مەحموود: پێم باشتر بوو بێ ئەوەی ببینم، بڕۆم... من بێ گومان - هەروەک دەبینی - بە خۆڕاگرییەوە بەرەو مردن دەچم!... چونکە لەمێژ سالّە چاوەڕوانیم و پێم وایە هەر سالّێک کە دێ، بۆ من ئاخری ژیانە. بەو حالّەشەوە ڕوالّەتی مەرگ ناتوانێ دەردم لێ گرانتر کا!... ئەوەی بەڕاستی دەردم لێ گرانتر دەکا، ئەوەیە کە فرمێسک لە چاوی حەمادەی کوڕمدا ببینم!...

حەمیدە: فرمێسک لە چاوەکانیدا نابینی... چونکە من هەوالّی وای پێ نادەم پەرێشانی بکا!...

مەحموود: بەلّێ... داکۆکی بکە من زۆر چاکم... تا دوایین کات...

حەمیدە: دلّنیا بە...

مەحموود: (گوێی شل کردووە) ئەها ها... وەڕەی سەگ!...

حەمیدە: ئەم فێکر و خەیالّاتە وێلّ کە «مەحموود»!...

تکات لێ دەکەم!...

(دەنگی زەنگێک لە دەرەوە دێ، ژن و مێرد لە بێ دەنگییەکی قوولّدا گوێ شل دەکەن... دوای کاتێک لە دەرگەی ژوورەکە دەدرێ و دەکرێتەوە و خزمەتکار لەبەر دەرگەکە دەردەکەوێ...)

خزمەتکار: پیاوێک لە بەر دەرگەیە و دەلّێ ڕاسپاردەی پێتاکە!...

حەمیدە: چی دەوێ؟...

خزمەتکار: دەیەوێ گەورەم «بەگ» ببینێ!..

حەمیدە: (بە گلەییەوە) مەگەر پێت نەگوت بەگ نەخۆشە و نایەوێ کەس ببینێ؟!..

خزمەتکار: پێم گوت و تێشم گەیاند، بەلّام پێداگری کرد و گوتی: لێرە ناڕوا هەتا مەحموود بەگ نەبینێ!...

مەحموود: ڕاسپاردە؟!... کام ڕاسپاردە؟!... ڕاسپاردەی پێتاک...؟

پێتاک؟... کارەبا؟... هەمووی دراوە... ئەوەندەی بزانم!...

حەمیدە: (هەلّدەستێ) دەڕۆم بزانم چ خەبەرە!...

(هێشتا حەمیدە بەرەو دەرگەکە نەڕۆیشتووە کە ڕاسپاردەکە بە کیفێکی بچکۆلەی ڕەشی چەرمی بە بن باخەلّەوە، لەبەر دەرگەکە بەدەردەکەوێت)

ڕاسپاردە: (بە ئەدەبەوە) دەبوورن!...

حەمیدە: (بە پەشۆکاوییەوە) زۆر سەیرە کاکی خۆشەویست!... بەم جۆرە دێنە مالّی خەلّکەوە؟!...

ڕاسپاردە: پێم وایە ڕێگەیەکی زۆر باشە!...

حەمیدە: «بەگ» نەخۆشە، هەروەک دەبینی!...

ڕاسپاردە: ببوورە!... من ناچارم جەنابی بەگ ببینم، بەرلەوەی کارەباکە ببڕم!...

مەحموود: تۆ ڕاسپاردەی ئیدارەی کارەبای؟!...

ڕاسپاردە: بەلّێ... و بە تایبەت بۆ بڕینی کارەباکەتان هاتووم!...

حەمیدە: بۆچی ئێستا؟!... ئەوڕۆ ئەو کارە دەکەن؟... ئەوە (بەگ)یش نەخۆشە؟!...

ڕاسپاردە: دیارە ئەم کارە بۆ جەنابی بەگ باش نییە، بەلّام کاری من ئەوەیە و پێویستە بەڕێوەی بەرم؟...

مەحموود: ئاخۆ ئێمە پوولّی کارەباکەمان وە درەنگ خستووە؟!...

حەمیدە: شتی وا نابێ!... فیشی مانگی پێش و پێش لەویشم، لەبەر دەستە!...

ڕاسپاردە: ئەو باسە پێوەندییەکی بە ئێوەوە نییە خانمی بەڕێز!...

مەحموود: (لە ناکاو تێدەگا) ئاخ!... مەبەستت...

ڕاسپاردە: بەلّێ... ئەوە کارێکی جوان نییە لە ڕووی خانمدا ئەم باسە بلّێم!...

حەمیدە: بۆچی؟...

ڕاسپاردە: (ئاماژە بە مەحموود دەکا) باسێکی تایبەتییە!...

مەحموود: بەلّێ!... تێگەیشتم... تێگەیشتم... (بە ژنەکەی) تکایە... ماوەیەک... ماوەیەکی کەم بەجێمان بێلّە!...

حەمیدە: دەتەوێ ئێستا بە قسەکردن لەگەلّ ئەو کابرایە، خۆت ماندوو کەی؟!...

مەحموود: تەنیا خولەکێک!... تکایە!...

حەمیدە: (دەڕواتە دەرێ و بە ڕاسپاردەکە) فەرامۆش نەکەی بەگ نەخۆشە!...

ڕاسپاردە: دەزانم خانم!... بەجێی بهێلّە لە ئەستۆی

من!...

(حەمیدە دەچێتە دەرێ و دەرگەکە لە پشت سەری دادەخا و مەحموود و ڕاسپاردە، بە تەنیا لە ژووەکەدا دەمێننەوە)

مەحموود: (خۆی ڕاست کردەوە و بە سەرنجەوە) گوتت: باسەکە تایبەتییە؟...

ڕاسپاردە: بەڵێ بێ گومان!...

مەحموود: مەبەستت پێم وایە مااڵەکەی دیکەمە، مااڵی ژنەکەی دیکەم؟...

ڕاسپاردە: (بێ ئەوەی تێگەیشتبێ) کام ژنی کە؟!... و کام مااڵی کە؟!...

مەحموود: (قسەکەی خواردەوە) ئەی بە ڕاست مەبەستت چییە؟... کام حەقی ئابوونەم تا ئەورۆ نەداوە؟!...

ڕاسپاردە: باسی ئابوونە نییە... سەعاتی کارەباکە عەیبی لێ پەیدا بووە و لەورۆ بە دواوە هیچ نانووسێ، چارەیەک نییە غەیری بڕینی کارەباکە!...

مەحموود: ڕاست ئەورۆ جەنابی ڕاسپاردە کە من نەخۆشم؟... من مرۆڤێکم هەرکات چاوەڕوانی مەرگم؟...

ڕاسپاردە: چاوەڕوانی مەرگی؟...

مەحموود: بە چاوی خۆت دەیبینی!...

ڕاسپاردە: وایە!... وایە!.. دەزانم نەخۆشی و چاوەڕوانی، بەاڵم ئاخۆ دەزانی کەی دێ؟....

مەحموود: کێ دەڵێی؟... مەرگ؟... ئەوە شتێکە ناتوانم بە شێوەیەکی ڕاستودروست بیزانم. مەرگ جۆرێکە غەیری خۆی، کەس لە هاتن و کاروباری ناگا!...

ڕاسپاردە: بەڵێ وای دادەنێین... بەاڵم بەینی خۆمان بێ، لەم ڕۆژگارەدا کەس چۆنیەتی کاری خۆی بە باشی نازانێ... (پاکەتێ جگەرە دەردێنێ) فەرموو جگەرە جەنابی بەگ!...

مەحموود: سوپاس جگەرەم لێ پاوان کراوە... قاوە دەخۆی؟... (دەڕوا بەرەو زەنگەکە)

ڕاسپاردە: (خەریکی داگیرساندنی جگەرەکەیەتی) نا... پێویست نییە... تازە خواردوومەتەوە. زیاتر لە سێ فینجانم قاوە، لە الی دۆستێکی دکتۆرم خواردووەتەوە!...

مەحموود: دکتۆر؟!... یا ئەڵاڵا!

ڕاسپاردە: بۆ ڕقت لە دکتۆرە؟!...

مەحموود: ئەی بۆخۆت؟... خۆشت دەوێن؟!...

ڕاسپاردە: هەموویان نا.. بەاڵم ئەو دکتۆرە هاوەڵێکی ڕاستەقینەیە... غەیری پێوەندی کاری، پێوەندی دیکەمان نییە...

مەحموود: کاری تۆ چ پێوەندییەکی بەوەوە هەیە؟...

ڕاسپاردە: ئەوە باسێکی دوورودرێژە... (سەیری کاتژمێرەکەی دەستی دەکا) ڕێک پێم بڵێ کاتژمێر چەندە؟...

مەحموود: (سەیری کاتژمێری قەد دیوارەکە دەکا) وەک دەیبینی!..دە خولەکی ماوە بۆ چوار...

ڕاسپاردە: (سەیری کاتژمێرەکەی دەکا) بەاڵم هی من حەوت خولەکی ماوە...

مەحموود: (ئاماژە بە کاتژمێری قەد دیوارەکە دەکا) کاتژمێری ئێمە ڕاستە!...

ڕاسپاردە: بێ گومان وایە... بەاڵم ئاخۆ دروستە من لە کارەکەمدا، متمانە بە کاتژمێری کڕیارەکانم بکەم؟!...

مەحموود: کڕیارەکان؟!... تاکو ئێستا جەنابت ئەم باسەت بە باشی بۆ من شی نەکردووەتەوە...

ڕاسپاردە: دەمەوێ کارەباکە ببڕم...

مەحموود: ناکرێ ئەو کارە دوا بخەی؟...

ڕاسپاردە: (دووکەڵی جگەرەکەی دەداتە دەرێ) تەنانەت خولەکێکیش!... من وەک مەرگ دەروەستم بە کاتێکی ڕوون و دیاریکراو!....

مەحموود: خۆت بە مەرگ دەشوبهێنی؟!...

ڕاسپاردە: بۆچی نا؟... مەگەر مەرگ تا ئەو ڕادەیە دزێوە؟!...

مەحموود: (چاوی دەبڕێتە ڕاسپاردەکە و تۆزێک دەلەرزێ) بە پێچەوانە... بە پێچەوانە... ئەمن بۆ خۆم زۆر بە ڕێزدار و بە خاوەن ئەدەبی دەزانم...، بێجگە لەو ئەرکەی کە دەبێ بە ئەمانەتداری و ڕاستودروستییەوە بیکا، نایکا!...

ڕاسپاردە: دڵنیا بە ئەو هەر کارمەندێکە و بەس!...

مەحموود: (بە لەرزەوە) بێ گومان!...

ڕاسپاردە: کارمەندێک کە هەموو کەس بەزەیی پێیدا دێ... بیهێنە پێش چاوت ئاغای بەڕێز! ئەو شەو و ڕۆژ بێ وچان لەسەر کارەکەیەتی... لە ڕۆژئاوا و ڕۆژهەاڵتدا،

لە کـاتی ئاشـتی و شـەڕدا... بۆ هەر شـوێنێ بڕۆی و لە هەر شـوێنێ بێ... دەبینی کـە بە جـیـددی و بە پەلەوە، دەچێـتـە سـەر وادەکـانی و کـیـفـێکی ڕەشی وەک کـیـفی ڕاسپاردەکانی بە بن باخەڵەوەیە...

هەدادانی نـیـیـە... مـۆڵەت وەرگرتنی ناچاری نـیـیـە و پشـوودانی فـەرمی نـیـیـە، مـووچەکەی زیـاد نابێ و پلەشی ناڕواتە سـەرێ!... هەمیشـە لەسـەر ئەرکی خۆیەتی... لە پلەی خۆیدایە... لە کـوێ شەو بکاتەوە، هەر لەوێش ڕۆژ دەکـاتەوە... سـاڵەهای سـاڵە... نە گلەیی دەکـا و نە دەبۆڵێنێ و نە دەست هەڵدەگـرێ... کـۆنەکـارترین کارمەندی لەبیرکراوە... وێڕای ئەوانە هەموو کەس تف و نـەفـرەتی لێ دەکـا و کـەس بە چاوی بەزەیی سـەیری ناکا!...

مەحموود: (بە غەمگینییەوە) بەستەزمانە!...

ڕاسپـاردە: بە ڕای تۆ جـەنابی بەگ - کـە من ڕای تۆ دەسەڵێنم - پێت وا نییە شیاوی بەزەییە؟!...

مەحموود: (بە خەمەوە) لە ناخی دڵەوە...

ڕاسپاردە: سوپاست دەکەم

مەحموود: (بە سەرنجەوە) سوپاسی من دەکەی؟!...

ڕاسپاردە: (قسـەکەی دەگێڕێتەوە) لە جیاتی ئەو، ئەو لە هەرحـاڵێکدا ڕاسـپـاردەیە... وەک من. ئەرکی من کۆکردنەوەی حەقی ئابوونە و ڕاگەیشتن بەسەر سەعاتی کـارەباییەکـان... ئەرکی ئەو کـۆکـردنەوەی ڕوحەکـانە... هەرچەند من دەتوانم کـەمێکیش تەمـبـەڵی، یـان هەڵە و کەمتەرخەمیشم هەبێ... وەک ڕۆژێک درەنگ بێم، یان ڕۆژێ زووتر بێم... بەڵام ئەو بەسـتـەزمـانە، ئـانێک ناتوانێ لە وادەی خۆی وەپێش کەوێ یان وەدوا کەوێ... کەوابوو ئەگەر کاتژمێری چوار بۆ تۆ دیاری بکا... بێتو کاتژمێر ببێتە چوار، کاری خۆی دەکا...

مـەحـمـوود: (قـسـەکـەی دەبڕێ و بە لەرزەوە) کـاتژمـێر چوار!...

ڕاسپـاردە: (قـسـەکـەی دەگـێـڕێتـەوە) بۆ نموونە... بۆ نموونە...

مـەحـمـوود: (گـوێی ناداتێ و بە دڵەخورپەوە، سـەیری کاتژمێری قەد دیوارەکە دەکا) کەوابوو کـاتژمێر چوار... کاتێ زەنگ لێبدا...

ڕاسپاردە: (بە ڕوانینی لە مەحموود) بۆ دڵەخورپەت هەیە؟!...

مەحموود: نا... هیچ نییە... من ئامادەم...

ڕاسپاردە: ئامادەی چی؟!...

مەحموود: بۆ بڕینی کارەباکە...

ڕاسپاردە: ڕاوەستە... هێشتا کاتمان ماوە... ئەم کارە زیاتر لەوە نابا کـە لاپەڕە تایبـەتەکـەت لەو کـیـفـەدا بۆ دەربهێنم... ئەوەش کاتێکی ناوێ... بە تایبەت کە ئێمە لەم کارەماندا بە پێی پێویست شارەزاین!...

مـەحـمـوود: ببـووڕە ڕێ دەدەیت لەم کـاتەدا گـرفـتـێکی گـرنـگی بنەمـاڵەیی جێبـەجێ بکەم... بۆ ئاسـوودە بوونی ویژدانم...

ڕاسپاردە: فەرموو!...

مەحموود: تکا دەکەم دەرگەکە بکەیەوە و خانم بانگ کەی!...

ڕاسپاردە: بەسـەرچاو... (دەرگەی ژوورەکە دەکـاتەوە و بانگ دەکا) خانم!... خانم!...

حـەمـیـدە: (بە ترسـەوە دێتـە ژووڕێ) چ بووە؟... چ بووە؟...

ڕاسپاردە: مەترسێ!... لەسەرەخۆ بە!...

مەحموود: لێم وەرە پێشێ حەمیدە!... بانگم کردی تا لە ڕازێک ئاگادارت کەم!...

حەمیدە: ڕاز؟... کام ڕاز؟...

مەحموود: ڕازێک کە سێزدە ساڵە لێم شاردوویتەوە... پێویستە ئێستا بۆت ئاشکرا کەم... ئێستا کە خەریکە دەمرم!...

حـەمـیـدە: (دەڕوانێـتـە ڕاسـپـاردەکـە و بە سـرتە بە مێردەکەی) لە لای ئەو دەیڵێی؟!...

مـەحـمـوود: بەڵێ... قـەیناکـا... هاتنی ئەو، بیـری خستمەوە کە دەبێ ئەو ڕازە ئاشکرا کەم!...

حەمیدە: خۆ ئەو چەند کات لەوە پێش گوتی کە هاتووە بۆ باسـێکی تایبـەتی... نەیویست لە لای من ئاشکرای کا!...

مـەحـمـوود: (بە پەلە) ئەوە باسـێکی دیکەیە!... (قسـەکەی دەگێڕێتەوە) بەڵێ هەر ئەوەیە، - تۆش ڕاست دەکـەی - هەمان ئەو باسەیە کـە من دەمـەوێ ئێسـتـا بۆ تۆی ئاشکرا کـەم... باسـێکی تایبـەت بە خـۆمـە!... هەروەک دەزانی چوارده سـاڵ لەوە پێش، کـارمـەندێکی لێـزان و چالاک و ئەمـینم هەبوو کـە لە ئیـدارە باوەڕی تەواوم پێی هەبوو!...

حەمیدە: (ڕەجەب ئەفەندی)؟... خودالێخۆشبوو "ڕەجەب ئەفەندی"؟...

مەحموود: بەڵێ خۆیەتی!...

حەمیدە: ئەو بۆچی؟!... سێزدە ساڵە مردووە و تۆش ئەو شوێنەی ئەو لەوێ کاری دەکرد، فرۆشتت!

مەحموود: بە پووڵەکەی، مالێکی بچکۆلەی کۆنم لە شەقامی خەیرەت کڕی!...

حەمیدە: ئەوەت پێ نەگوتبووم!...

مەحموود: بە پێویستم نەزانی... چونکە ئەو ماڵە لەوە بچکۆلەتر بوو کە بۆ تۆی باس بکەم...

حەمیدە: ڕازەکە ئەوە بوو کە خۆت پێوە ماندوو کرد تا پێم بڵێی؟!...

مەحموود: نا... ئەوە هەموو باسەکە نییە!... خودالێخۆشبوو " ئەفەندی" ژنێکی بوو...- خودا ئاگاداڕە - تا نەمرد، ژنەکەیم نەدیبوو. سوێندت بۆ دەخۆم بەو ساتانەی کە لە ژیانم ماوە!...

حەمیدە: (بە نیگەرانییەوە)گرنگ ئەوەیە ژنێکی بووە!...

مەحموود: ئەفەندی بە جێی هێشت و هیچ بنەماڵە و هاوڕێیەکی نەبوو، هیچ کارێکی بە باشی نەدەزانی... ڕۆژێک بە گریانەوە هات بۆ شوێنی کارەکەم و نەیدەزانی چ بکا، چارەنووسەکەیم جوان بە چاوی خۆم دەدی...

ئافرەتێکی لاو بوو، لە مەترسی هەڵەشە بوون و ئابڕووچوون‌دا بوو، ئەگەر تا ماوەیەکیش خۆڕاگریی کردبایە، دیسان جەوری ژیان هەر ناچاری دەکرد ئەو کارە بکا کە خۆشی پێی خۆش نییە و گەورە پیاوانیش پێیان خۆش نییە. درندەی مرۆڤ، ڕۆژێک زەفەری پێ دەبرد بە کارێک کە دۆستانی مێردەکەی پێیان ناخۆشە و پیاوچاکان و سالحان ڕقیان لێیەتی!...

حەمیدە: دەی دوایی؟!...

مەحموود: دوایی هێنام!...

حەمیدە: هێنات؟!... بێوەژنی " ڕەجەب ئەفەندی"ت هێنا؟!...

مەحموود: زیاتر لەبەر هۆگەلێکی ئینسانی، خودا ئاگای لەوە هەیە...

حەمیدە: لە ماوەی ئەم چەند ساڵەشدا، لە منت شاردەوە؟...

مەحموود: چونکە نەمدەویست دڵت بشکێنم!...

حەمیدە: منداڵت لێی بووە؟

مەحموود: نا... دڵنیا بە... بەختەوەرانە!...

حەمیدە: ئێستاش هەر خەرجییەکەی لەسەر تۆیە؟!...

مەحموود: بەڵێ... بەڵام لە بەشە ماڵی تۆ و حەمادە نایکەوێ... هەموو شتێکم لەسەر ئەم بناغەیە ڕێکوپێک کردووە. تەواوی ئەو کارەی بۆ ئەوم کردووە، ئەوەیە کە ماڵە بچکۆلە کۆنەکەی شەقامی خەیرەتم بە ناوی ئەو کردووە!...

حەمیدە: هەموو ئەو کارانە دەکەی و لێشمان دەشارییەوە مەحموود؟!...

مەحموود: لێم خۆش بە حەمیدە، لەم دواییەن کاتەی تەمەنمدا!... (زەنگی دەرگەکەی دەرەوە، بە تووندی لێ دەدا)

حەمیدە: (لەپڕێکدا هەڵدەستێ) دەرگەیە... ڕەنگە حەمادە بێ... لە سەفەر هاتووەتەوە... با بزانم... (بە پەلە دەچێتە دەرێ)

ڕاسپاردە: (لە مەحموود دەچێتە پێشێ) ئەرێ پێویست بوو ئەوانەی پێ بڵێی؟...

مەحموود: پێت وایە نەدەبوو بیڵێم؟...

ڕاسپاردە: نازانم... من لە ژنان ناگەم!...

مەحموود: پێت وا نییە منی بەخشیبێ؟...

ڕاسپاردە: چ گرنگایەتییەکی هەیە لێت خۆش بێ، یان لێت خۆش نەبێ؟... تۆ کە ماوەیەکی دیکە دنیا و ئەوی تێیدایە؛ بۆ وی بە جێ دێڵی...

مەحموود: ڕاست دەکەی!...

ڕاسپاردە: بەڵای گەورە ئەوەیە کە تۆ ئەو خەبەرەت پێدابێ و هێشتا تەمەنێکیشت مابێ!...

مەحموود: مەگەر من شێتم؟!... بە خودا ئەگەر لە تەمەنم کاتژمێرێکی دیکە مابایە، پێم نەدەکوت. بەڵام تەمەنی من کەوتووەتە خولەک و چرکە و ئەوە جورئەتی پێدام کە ئەم ڕازەی بۆ بدرکێنم!...

ڕاسپاردە: ئەو خولەک و چرکانەش بەشی پەرێشانی و ڕۆژەڕەشیی تۆ ناکەن...

(دەنگێک نزیک دەبێتەوە و ئەوەندەی پێ ناچێ حەمیدە وەڕوور دەکەوێ و دکتۆریش بە دوایدا...)

حەمیدە: ئەوە دکتۆرە هاتووە!...

ڕاسپاردە: (بە ڕووخۆشییەوە) دکتۆرەکەمان بە خێر بێ!...

دکتۆر: (بە سەرسوڕمانەوە) تۆ لێرەی؟!... لێرە چت بە دەستەوەیە؟!...

ڕاسپاردە: (بە بزەوە) چاوەڕوانی تۆم!...

مەحمود: (بە دکتۆر) دەیناسی؟... (ئاماژە بە ڕاسپاردەکە دەکا)

دکتۆر: چۆن ناینasم؟!... لە مێژە یەکدی دەناسین... حەوت ساڵ زیاترە!... بەڵێ... لەو کاتەوە کە خوێندنی باڵام تەواو کرد و... نۆڕینگەیەکم کردەوە... ڕۆژێک بۆ سەبتی ئابوونەی کارەباکە هاتە لام. وێدەچوو بە دکتۆرێکی شارەزای زانیبێتم. لەو ڕۆژەوە هەر هەنگاوێ هەڵدێنم؛ لە پێش چاوم دەیبینم...

مەحمود: (لەبەر خۆیەوە) یا ئەڵڵا... یا ئەڵڵا

ڕاسپاردە: چی دەڵێی ؟...

مەحمود: ببوورن... ببوورن... (ئاماژە بە دکتۆر) من... مەبەستم دکتۆرە!...

دکتۆر: مەبەستت منم؟!...

مەحمود: مەبەستم ئەو لوتفەیە کە دکتۆر دەیکا... بێ گومان خێر و بەرەکەتی تێدایە!...

ڕاسپاردە: بێ گومان!... ئەگەر لە دکتۆردا خێر و بەرەکەتێک بۆ من و کارەکەم نەبوایە، هاتوچۆم نەدەکرد و پێوەندییەکەمان قورس و قایم نەدەبوو!...

حەمیدە: کەوایە دکتۆر ئەگەر خێر و بەرەکەتتان تێدایە... پەلە بکەن لە ڕوون کردنی نەخۆشییەکەی... بەڵکو دەستی ئێوە بۆی ببێتە شیفا...

مەحمود: (بە ڕاسپاردەکە) ئێستا کاتژمێرەکەت چەندە؟!...

ڕاسپاردە: ڕاوەستە تا دکتۆر موعایەنەت دەکا!...

مەحمود: زۆر چاکە... زۆر چاکە...

دکتۆر: (گووشی دەخاتە گوێیەوە و لە مەحمود دەچێتە پێشێ) ڕێگەم دەدەی دەنگی دڵت ببیستم؟...

مەحمود: (کراسەکەی لە ئاست دڵی کەمێک هەڵدەداتەوە) فەرموو... پەلە بکە، کاتی گەیشتووە!...

دکتۆر: (دوای گوێدان و دەرهێنانی گووشییەکە) زۆر سەیرە!...

مەحمود: چی سەیرە؟!....

دکتۆر: سەرەتا پێم بڵێ بەگ!... چەند ماوەیە کەوتووی؟...

حەمیدە: ماوەی حەفتەیەکە دکتۆر!...

دکتۆر: بۆچی؟...

حەمیدە: هاواری دڵی دەکا!..

دکتۆر: دڵی؟!... دڵی ساغە!... زۆر جوان کار دەکا!... بەو هێز و تواناییەی هەیەتی، من گەرەنتی ئەوە دەدەم دە ساڵی دیکە بژیت!...

مەحمود: (چاوی لە ڕاسپاردەکەیە) گوێت لێ بوو؟...

دکتۆر: بۆچی ڕوو دەکەیتە ئەو برایەمان؟ ڕوو بکە من، من دکتۆرم!...

مەحمود: بەڵێ!... تۆ ئەو دکتۆرەی کە نەخۆشییەکان دەبینی، بەڵام ئەوە ڕوح دەگرێ!...

دکتۆر: جوان گوێ شل کە بۆ قسەکەم جەنابی بەگ! ئەو ئامۆژگارییەشم لە گوێ بگرە. ئەو لێفەیە لە خۆت کەوە و هەر ئێستا لەسەر ئەو تەختە باز بدە خوارێ و.. لە هیچ مەترسە!...

مەحمود: لەسەر ئەو تەختە بێمە خوارێ؟!... (تکاکارانە ڕوو دەکاتە ڕاسپاردەکە) کاتژمێرەکەت ئێستا چوارە؟!...

ڕاسپاردە: (دەڕوانێتە کاتژمێر) سێ خولەکی ماوە!...

مەحمود: سێ خولەک!... باسەکە نزیک بووەوە!...

دکتۆر: دڵنیا بە جەنابی بەگ، ڕاکشانت لەو جێیەدا زیانی بۆت هەیە و قازانجی نییە!... ئەوە شتێکە بە هیچ شێوەیەک پێوبست نییە!... چونکە دڵت بەو شێوەیەی کە خۆت دەتەوێ، ساغە!...

مەحمود: (بە گاڵتەیەکی شاراوەوە) دە ساڵی دیکە دەژیم!...تێگەیشتم!... من دڵنیا بووم تۆ ئەو شتە دەڵێی!... پێش ئەوەی بێی!...

دکتۆر: دەبینی من ڕاستم گوتووە!... هەموو شتێکی تۆ وەهم و خەیاڵە!...

مەحمود: دەیبینین!... کەی؟ دوای سێ خولەکی دیکە!... شتێکی ئاساییە دەیبینین... بەڵام دوای...

دکتۆر: دوای تەمەنێکی درێژ!...

مەحمود: (بە ڕاسپاردەکە) پێم سەیرە بەو قسەیە پێکەنینت نایە!!...

ڕاسپاردە: (بە هێمنی) ئیدی وەپێکەنینم ناخا!...

دکتۆر: چی دەڵێی جەنابی ڕاسپاردە؟!... گاڵتە بە من دەکەی؟!... پێت وایە من لە کاری خۆمدا هەڵە دەکەم، وەک تۆ لە کارەکەتدا هەڵە دەکەی!؟...

ڕاسپارده: من له کاری خۆمدا هەڵە دەکەم؟!

دکتۆر: سوێند دەخۆی هیچ کات له خوێندنەوەی ژمارەی سەعاتە کارەباییەکان، بۆ جارێکیش هەڵەت نەکردووە؟...

ڕاسپارده: پێم وایە شتی وا، بە هیچ شێوەیەک نەبووە!...

مەحموود: شتێکی ئاساییە!.. ئەوە هەر ناکرێ هەڵە بکا!...

دکتۆر: ئەستەغفیرەڵڵا!... خودا نەبێ، کەس بێ هەڵە نییە!...(هەرایەک لە دەرەوە دەبیستریّ... دەنگی هاوارێک... ئەوەندەی پێ ناچێ خزمەتکار بە هەڵاتن و گریانەوە دێتە ژووریّ...)

خزمەتکار: گەورەم حەمادە!

حەمیدە:...(شێتانە) حەمادە هاتەوە؟ چی لێهاتووە؟.. چی بە سەر هاتووە...؟ چی بە سەر هاتووە؟..

خزمەتکار: دەرکەوان پێی گوت (بەگ) نەخۆشە، ئەویش هەڵات بەرەو پلیکانەکە و کەوت و سەری بە بەردە مەرمەرەکەدا درا!...

حەمیدە: (بە شیوەنەوە هەڵدێتە دەرێ) سەری پێیدا درا؟!... سەری پێیدا درا... کوڕەکەم!... کوڕەکەم!...

مەحموود: (بە گێژییەوە) حەمادە!...

دکتۆر: (بە دوای دایکیدا دێتە دەرێ) کوا؟... لاچن با موعایەنەی بکەم!...لاچن با موعایەنەی بکەم!...

ڕاسپارده: (بە هێمنی کیفەکەی دەکاتەوە و لاپەڕیەک دەردێنێ و تێی ڕادەمێنێ) ناوی ناسنامەی کوڕەکەت چییە؟...

مەحموود: (بە گێژییەوە) حەمادە...!

ڕاسپارده: نێوە تەواوەکەی چییە؟...

مەحموود: (بە پەرێشانییەوە) لە ناسنامەدا (مەحموود مەحموود عەبدوڵەوجوود)ـە!..

ڕاسپارده: (ڕادەمێنێتە لاپەڕەکەی دەستی) کەوایە ئەو مەبەستە!...

مەحموود: (بە گێژییەوە) ئەو مەبەستە؟! حەمادە.. کوڕەکەم مەبەستە؟!...

ڕاسپارده: من بە داخەوەم...بمبووره نازانم چۆن داوای لێبوردنت لێ بکەم بە خاتری ئەم هەڵەیە؟.. ناوەکەم خوێندەوە، بەڵام تەمەنەکەم جوان نەخوێندەوە!... کارمەندێکی نەزان...بەزەییتان پێیدا بێ... خوداحافیز تا دوای تەمەنێکی درێژ... تۆ و جەنابی دکتۆر ڕاستتان دەگوت!...

مەحموود: تەمەنی من درێژە!... من؟...

ڕاسپارده: ئێستا من بەدبەختی تۆ سەبارەت بە ئاشکراکردنی ئەم ڕازە لە ژنەکەت، هەست پێ دەکەم!... بەڵام پێم وا نەبوو کە من هەڵە دەکەم... لێم خۆش بە!... ئێستا...(سەیری کاتژمێرەکەی دەکا) لەگەڵ دکتۆر یەک دەکەوم، بێ گومان ئەو کاری خۆی کردووە، تا من دەست پێ بکەم و بیبڕم...کارەباکە ببڕم...

(ئاماژە بە مەحموودی پەشۆکاو دەکا و زوو دەڕواتە دەرێ....)

مەحموود: (لە ناکاو لەو پەشۆکاوییەوە دێتە دەرێ و هاوار دەکا) حەمادە!... کوڕەکەم...لە تەمەنی جوانیدا دەمرێ... شتی وا نابێ، شتی وا نابێ، خەون دەبینم... جەنابی ڕاسپاردە!... جەنابی دکتۆر!... من مەبەست بووم! من مەبەست بووم!..

(لەسەر جێگەکەی هەڵدەستێ، بۆ ئەوەی هەڵێتە دەرێ، بەڵام...کاتژمێری دیوارەکە چوار جار لێ دەدا... لە جێی خۆی وشک دەبێ!!... ئەوەندەی پێ ناچێ لە دەرەوە هاوارێک بەرز دەبێتەوە...)

حەمیدە: (بە هاوارەوە) تاقە کوڕەکەم مرد...

سەرچاوە:

توفیق الحکیم، المولفات الکاملة الطبعة الاولی-١٩٩٦- بیروت- مکتبة لبنان ناشرون-المجلد الثالث.

خاتوو ناهید ڕەشیدیان، نووسەر و فەرهەنگنووسی کورد، لە هەرێمی ئەردەڵان و شاری شنە لەدایک بووە و هەر لەوێ قۆناغەکانی خوێندنی تەواو کردووە، هەرچەندە بڕوانامەی خوێندن و باری زانستی و پسپۆڕیی خۆی دوورە لە بواری فەرهەنگ و زمان و ئەدەب، بەڵام سەرەڕای خزمەت کردنی لە بواری زانستدا لە ئاست کولتوور و زمانی دایکی خۆیدا کەمتەرخەم نەبووە و هەر لە سەرەتاوە کار و چالاکی لەم بوارەشدا بۆتە یەکێک لە خەونەکانی. پاش چەندان ساڵ مامۆستایەتی لە زانکۆی کوردستان/ سنە و کاری زانستی لە تاران، ڕوو دەکاتە هەندەران و لە وڵاتی هۆڵەندا دەگیرسێتەوە و لەوێ سەرباری ژیانی تاراوگەنشینی و کار، بەرە بەرە بە هەوڵ و ماندووبوونی بێ وچان لەگەڵ زمانی کوردی ئاشنا دەبێت و بەهۆی پێوەندی لەگەڵ کوردانی نیشتەجێی ئەو وڵاتە، دەست دەداتە نووسین و کاری فەرهەنگی و لە بواری شیعر، وەرگێڕان و بەتایبەت فەرهەنگنووسیدا دەست دەداتە خزمەت بە زمان و کولتووری نەتەوەکەی، نزیک بیست ساڵە لە ئەروپایە و کەسێکی دڵسۆز و نیشتمانپەروەرە. لەم دیمانەیەدا زیاتر لەگەڵ کار و چالاکییەکانی ناهید ڕەشیدیان خانمە نووسەری ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ڕوانگە و بۆچوونەکانی ئاشنا دەبین.

ناهید ڕەشیدیان:

پێشکەوتنی کۆمەڵگە و کێشەی ئافرەت بەیەکەوە بەستراوە.. ئەدەبی کوردیش لە ئەوروپا هیچ پێگەیەکی نییە و تا ئێستا کورد نەیتوانیوە کولتووری خۆی بەدنیای دەرەوە بناسێنێ.

ئا: شەریف فەلاح
(سلێمانی)

* سەرەتا باسی ژیاننامەی خۆت بکە، سەردەمی منداڵی و قۆناغەکانی خوێندنت چۆن تێپەڕاند و چۆن لە تاراوگە و لە وڵاتی هۆڵەندا گیرسایتەوە؟

- من ناهیدە ڕەشیدیان لە دایکبووی ١٩٥٥ شاری سنەم، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و دواناوەندیم هەر لەو شارە تەواو کردووە. لە زانکۆ ئەندازیاریی کیمیام تەواو کردووە. دوو ساڵ لە زانکۆی شاری سنە لە بەشی کیمیا وەک مامۆستا وانەم وتووەتەوە. دوای چەند ساڵێک ڕۆیشتمە تاران و بەهۆی کارکردن لە چەند کارگەیەکی کیمیایی شارەزاییەکی زۆرم پەیدا کرد لە دروست کردنی جۆرەکانی ڕەنگ وەک ڕەنگی ڕۆنی و ڕەنگی ئاوی و ڕەنگی دەرگە و دیوار و ئۆتۆمۆبێل و ڕەنگی پیشەسازی، هەروەها دروستکردنی جۆرەکانی مەرەکەبی چاپ بۆ ڕۆژنامە و کتێب و کارتۆن و کاغەزی سلیۆن. بەهۆی ئەزموون و کاریگەریی تەکنۆلۆژی لەسەر ژیانی مرۆڤ، چەندین بابەتی زانستیم لەو بوارەدا بڵاو کردووەتەوە.

ماوەی هەژدە ساڵە لە وڵاتی هۆڵەندام، لە ئەوروپایش لە چەند کارگەیەکی تایبەتی دروستکردنی ڕەنگەکان کە لە سەرەوە باسم کردن، کارم کردووە و چەندین بابەتی زانستیم لەو بوارەشدا نووسیوە. بەهۆی ئاشنابوونم لەگەڵ خەڵکی کوردی باشوور، بەتایبەت ئەوانەی کە خەڵکی سلێمانی بوون، توانیم بە باشی خۆم فێری خوێندنەوە و نووسینی زمانی کوردی بکەم، سەرەتای کاری نووسینم بە دوو چیرۆک دەستی پێکرد. بۆ خۆم وەک کەسێک کە پێویستم بە فەرهەنگ هەبوو و ڕۆژانە بۆ کار و نووسینەکانم کەڵکی لێ وەردەگرم، ئەوە وای لێکردم کە بیر لە نووسینی چەند فەرهەنگێک بکەمەوە بە زمانەکانی بیانی و کوردی، کە خۆشبەختانە فەرهەنگەکانم پێشوازی زۆریان لێکرا.

ماوەی دوو ساڵ خەریکی فەرهەنگی یەکەم "هۆڵەندی - کوردی بووم و دوو ساڵیش خەریکی فەرهەنگی کوردی - هۆڵەندی بووم.

چوار ساڵی دیکەم بۆ نووسینی فەرهەنگی فەڕەنسی- کوردی و کوردی- فەڕەنسی تەرخان کرد. زۆرتر لە فەرهەنگی مامۆستا هەژار (هەنبانە بۆرینە) کەڵکم وەرگرتووە، هەوڵم داوە کە بتوانم ئاسانکاری بۆ کوردەکانی دانیشتووی هۆڵەندا و بەڵژیکا بکەم کە بۆ کوردی فێربوون و تیگەیشتن لە هەردوو زمانەکە لەو فەرهەنگانە کەڵک وەرگرن. تا ئێستا نزیکەی ٢٠٠٠ دانە لە کتێبەکانم لە ناو ماڵی خێزانە کوردەکانی دانیشتووی هۆڵەند و بەڵژیک و فەڕەنسا بڵاو بوونەتەوە و من زۆر بەمە دڵخۆشم کە ٢٠٠٠ خێزان، یان لانی کەم ٢٠٠٠ کەس سوودیان لە کتێبەکانم وەرگرتووە و نەختێک بۆ فێرکردنی زمانی هۆڵەندی بۆ هاوژینی لە کۆمەڵگەی هۆڵەندە و بەڵژیک و فەڕەنسا یارمەتیدەر بووم، هەروەها پێداچوونەوە بە زمانی دایکی بە شێوازی نوێ و ئاشناکردنی منداڵانی کورد بە زمانی کوردی و ناساندنی زمانی کوردی بەو هاووڵاتییە هۆڵەندی، یان فەڕەنسییانەی کە حەز دەکەن زمانێکی دیکە فێر بن.

* وەک خانمە نووسەر و شاعیرێکی کورد چۆن لە چالاکیی ئەو ژنانە دەڕوانیت کە دێنە مەیدانی نووسین و داهێنانەوە، پێت وایە لەمپەر و گرفتەکانی بەردەمیان کامانەن؟ بۆچی ژنان سەرەتا بە گوڕ و تینەوە دێنە مەیدانی نووسین و دوای چەند ساڵێک دەکشێنەوە؟

ئەگەر بمانەوێت بیر لە فەرهەنگێکی پتەو بکەینەوە، پێویستە بایەخێکی زۆر تایبەت بە زمان بدرێت.

- حەز و خۆشەویستیی زۆر بۆ نیشتمان و مرۆڤایەتی و بیر لە کەسایەتی پەروەریی خەڵک و پاڵپشتی زانستی پتەو و ئارامیی ژیان لە ئەوروپا، بێ دڵەڕاوکێ و دڵبەدوایی بۆ ژیان، جۆرێک لە گەشەکردنی مرۆڤایەتی لەلای ئافرەت کە لە وڵاتی خۆی ڕێگەی پێ نەدراوە پێش بکەوێت، دەڕەخسێنێت کە حەز دەکات بۆ ئەو کۆمەڵگەیەی کە تێیدا پەروەردە بووە، کارێک، یان چالاکییەک بە ئەنجام بگەیەنێت، بە هیوای ئەوەی تۆزێک لە کێشەکانی ئەو کۆمەڵگەیە کەم بێتەوە. ئەگەر حەز و خۆشەویستی و پاڵپشتی نەبوایە، نووسینی چوار فەرهەنگ لە ماوەی هەشت ساڵدا شتێکی دوور لە ڕاستی دەبوو. من وەک فەرهەنگنووس کە ئەوەم لە دەست هاتووە کە فەرهەنگێکی نوێ بە دوو زمانی گەورەی جیهانی بۆ سەر کوردی و بە پێچەوانەکەشی لە کوردییەوە بۆ سەر زمانی ئەوان، پێشکەش بە کۆمەڵگەکەم بکەم. ئەگەر بێتو ڕۆژێک ئەم فەرهەنگانە لەگەڵ فەرهەنگەکانی دیکە، یان تەنانەت فەرهەنگە فارسییەکاندا بەراورد بکەن، دەزانن کە بەڕاستی

ڕچەشکێن بووم لەو ولاتەی لێی دەژیم. گەڕان بە شوێن ڕەگ و بنەچەی وشە و ڕێکوپێک کردنی وشەکان کە یەکتر دەگرنەوە لەم فەرهەنگانەدا دەبینی.

لەم فەرهەنگانەدا وشەی ڕەسەنی کوردی هەتا چەند زمانی کوردی زمانێکی پەتی و پاراوە و کەمتر وشەی بێگانەی تێدا دەبینرێ، بەڵام زمانی کوردی پێشکەوتوو نییە. واتە کاری لەسەر نەکراوە و پێش نەخراوە. وەرگێڕانی زمانی کوردی بە زمانە پێشکەوتوو و ستانداردی دنیا وەک فەرەنسی و هۆڵەندی نووسیوە کە سەدان ساڵ لێکۆڵینەوەی لەسەر کراوە و ڕێکوپێک کراوە، کە خۆی لە خۆیدا بە زمانی کوردیش ڕێکوپێکی تایبەتی داوە.

پێشکەوتنی کۆمەڵگە و کێشەی ئافرەت بە یەکەوە بەستراوە، ئەگەر کۆمەڵگە پێش بکەوێت، ئەوە ژنیش گەشە دەکات و پێش دەکەوێت. ئافرەت ئەگەر لە کۆمەڵگەی دواکەوتوودا پەروەردە بێت و زۆر کێشە و گیروگرفتی خێزانی و کۆمەڵایەتی لەگەڵی بێت، بە ئاسانی ناتوانێت خۆی لەگەڵ کۆمەڵگەی پێشکەوتوودا بگونجێنێت. ژنی کورد بەدەگمەن توانایی ئەوەی هەبووە کە خۆی دەربخات، مەگەر ئەوەی کە خوێندنی بەرزی تەواو کردبێت، یان لەناو خێزانی هونەرپەروەر و کەسایەتی پەروەردا پەروەردە بووبێت.

کۆمەڵگەیەک کە مافی ژنان دابین دەکات، یاسا پشتگیری لە ئافرەت دەکات، لەم کۆمەڵگەیەدا ئافرەت دەتوانێت مافی خۆی بناسێت و پیاویش دەگاتە ئەو ئاستە کە مافەکانی ئافرەت دەناسێت و ڕێز لە یاسا دەگرێت. پەروەردەکردن و ناسینی بەهرەمەندی و توانامەندیی ئافرەت دوو فاکتەری سەرەکین لە کەم کردنەوەی کێشەی ژناندا.

خۆی ئافرەت بەرلەوەی کە ئافرەت بێت، مرۆڤە و هەر مرۆڤێک مافی هەیە پێویستە مافە سەرەتاییەکانی جێبەجێ بکرێن، وەک ماڵ و خواردن و مافی خوێندن و بیروڕا دەربڕین و گەشەکردن، بەهرەمەندی و توانامەندی. ئافرەت خۆیشی دەبێت کۆمەڵگە بناسێت، دەبێت مافە ڕەواکانی خۆی بناسێت، بزانێت بۆچی خێزان پێکدێت. بەرپرسیاریەتیی خۆی و هاوسەرەکەی بۆ سەقامگیریی خێزان و پەروەردەکردن منداڵان بناسێت. دەبێت خۆی بە زانستێک ڕازاوە بکات بۆ بارهێنانی کەسایەتیی خۆی. ئەوکات هاوسەرێکی باش دەبێت بۆ هاوسەرەکەی و دایکێکی باش دەبێت بۆ منداڵەکانی و یاریدەدەرێک دەبێت بۆ پێشکەوتنی کۆمەڵگە.

* بڕوات لەبارەی شیعر و ئەدەبی ژنان، یان ژنانی ئەدیب چییە؟ ئاخۆ ئەم جیاکردنەوەیە لە بواری ئەدەبدا لە ئەوروپاش هەیە، یان تەنیا لەناو کولتووری ڕۆژهەڵاتیدا باوە؟

– من جیاوازی لە نێوان شیعر و نووسینی ژنان و پیاواندا نابینم. شیعر و نووسین لە بیر و هزر و کێشەی کۆمەڵایەتییەوە دەخوڵقێن و جیاوازی لە ڕوانگە وەک تاکەکەسیی کۆمەڵایەتی دەبینم. لانی کەم ئەم جیاوازییە لە فەرهەنگنووسیدا نابینم. لە ئەوروپا ئافرەت و پیاو بە یەکسانی بەرچاو دەکەون و مافی ئافرەت و پیاو بەپێی پێویستییە دەروونی و ئابووریەکان و بەپێی یاسا دیاری کراوە. بەگشتی من گیروگرفتێکی زەق و بەرچاو لەسەر ڕێگەی ژنان لە ئەوروپا نابینم تا لە شیعر و نووسیندا جیا بیر بکەنەوە.

* لەبارەی چۆنیەتیی ڕاکێشانت بەرەو دنیای نووسین و ئەدەبی کوردی، بەتایبەت نووسینی فەرهەنگ سەرەتا چۆن بڕیارت دا ئەم کارە بکەیت و چوارچێوەی کارەکەت چۆنە و ئاخۆ جیا لە زاراوەی کرمانجی خواروو لە زاراوەکانی دیکەی کوردی وەک "کەلهوڕی، کرمانجی و هەورامی" کەڵکت وەرگرتووە؟

– یەکێک لە هۆکارەکانی فەرهەنگنووسینی من ئەوە بوو کە تەواوی هیوا و ئاواتی من ئەوەیە زمانی کوردی شان بە شانی زمانەکانی ناوچەکە وەک فارسی و عەرەبی پێش بکەوێت. خۆشبەختانە ئێستا زمانی کوردی وەک زانستێک تازە خۆی لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەنوێنێت و بەپێی پێناسەی زانست، زانست بۆ خزمەتی مرۆڤ و مرۆڤایەتییە و ئەرکی سەرشانی ئێمەیە کە بایەخ بەم زانستە بدەین. خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە هەر دوو زمانی کوردی و فارسی بە قسە کردن و بە نووسین شارەزا بن و لە بواری زمانەوانیدا نموونەی ولاتانێک وەک سویسرا، یان بەلژیک بن.

یەکێکی دیکە لە هۆیەکانی فەرهەنگنووسی گرنگیی زمانە بۆ پێکهاتنی فەرهەنگیی نەتەوەیەک. ئەگەر بمانەوێت بیر لە بنەڕەتی فەرهەنگی پتەو بکەینەوە، پێویستە بایەخێکی زۆر تایبەت و گرنگ بە زمان بدرێت. زمان یەکێکە لە گرنگترین هۆکارانی بنەڕەتیی فەرهەنگی پتەو بۆ یەکگرتوویی نەتەوەیەک. ڕۆژ بە ڕۆژ

ئاشکرا دەبێت کە زمان ڕۆڵێکی زۆر گرنگ لە بنیاتنانەوەی کۆمەڵگە دەگێڕێت. جاران ئایین هۆکاری سەرەکی بوو لە پێکهاتنی نەتەوەیەکدا، بەڵام ئێستا زمان ئەو ڕۆڵە دەبینێت. لە کۆمەڵگەی ئەمرۆدا بەبێ بوونی زمانێکی زیندووی بەهرەمەند بە ئامرازەکانی پێوەندی، گوڵبژێرانی ڕووناکبیر (نوخبەکان) ناتوانن ڕۆڵیکی زیندوو لەناو کۆمەڵگەدا ببینن. زمانی هەر نەتەوەیەک ڕادەی پێشکەوتنی ئەو کۆمەڵگەیە دەخاتە بەرچاو، کە لەو پێشکەوتنەوە دەتوانین گۆڕانکارییەکانی ناو کۆمەڵگە لە بواری کۆمەلایەتی و فەرهەنگییەوە ببینین.

زمانی هەر نەتەوەیەک نیشانەیەکە لە پلەی پێشکەوتنی ئەو کۆمەڵگە و نەتەوەیە. ڕۆژ بە ڕۆژ بوارەکانی زانستی وەک کۆمەڵناسی و دەروونناسی و زانستەکانی دیکە کاریگەرییان لەسەر ژیانی مرۆڤ دەبێت. بیرگۆڕینەوە و لە یەکتر تێگەیشتن لە ڕێگەی زانستی مەبەستی سەرەکییە لە ولاتانی پێشکەوتوودا.

ئیتر لە هۆکارەکانی دیکە، هەروەک دەزانی خوێندن و نووسین بە زمانی کوردی لە ڕۆژهەلاتی کوردستان ڕێگەی پێ نەدراوە و ئەگەر هەندێک کەس وەک من و کەسانی تر کە دەتوانین بڵێین ١٠٪ لە خەڵکی ڕۆژهەلاتی کوردستانن، بە نووسینی زمانی کوردی ئاشنایەتییان هەیە، ئەوەش ئازایی خۆیانە کە فێر بوون و ئەگەر حەز و خۆشەویستییەک لە پشتییەوە نەبێت، مرۆڤ ناتوانێت فێری هەر زانستێک بێت. ئێمە لە ڕۆژهەلاتی کوردستان دەبێ ئەزموونەکەی باشووری کوردستان کە ٧٥ ساڵە بە زمانی دایک دەنووسن، لەبەرچاو بگرین، هەتا منداڵەکانی ئێمە نووسینی زمانی دایکی فێر نەبن و بیر لە بنەڕەتی فەرهەنگێکی پتەو شان بە شانی بزاڤی سیاسی نەکەینەوە، بزاڤی ڕزگاریخوازیی کوردستان لە ڕۆژهەلات پێش ناچێت. بە بڕوای من گرفتی زمانی کوردی نووسین گرفتێکی سەرەکییە بۆ بەردەوامی بزاڤی سیاسی لە ڕۆژهەلاتی کوردستان، دەبێت زمانی کوردی لەوێ گەشە بکات.

سەبارەت بە زاراوەکانی تری کوردی وەک کەڵھوڕی، کرمانجی و هەورامی من کەم تا زۆر بەو زاراوانە ئاشناییم هەیە و هەندێک جار بەپێی پێویست وشەکانیان بۆ جوان و دەوڵەمەندکردنی زمانی کوردی بەکار دەبەم، خۆی لە خۆیدا باوەڕم بە ئەمەیە دەبێت بۆ دەوڵەمەندکردنی زمانی کوردی و ستاندارد کردن و پێکهاتنی "زمانی یەکگرتوو" کەڵک لە گشت زاراوە کوردییەکان وەربگرین، بە مەرجێک پێکهاتە و ڕێزمان و ئەدەبیاتی جوانی نووسینەکە تێک نەدات. بۆ نموونە ئەگەر ئێوە سەرنجی نووسینەکانی من بدەن، من دوو زاراوەی ئەردەڵانی و زاراوەی زمانی کوردیی سلێمانیم تێکەڵ کردووە، بۆ ئەوەی تاڕادەیەک بەسەر هەردوو زاراوەکەدا ئاشنایەتیم هەیە، هەروەها لە بواری شارستانی بوون، هەردوو شارەکە نزیک لە یەک دەزانم. لە مەسەلەی تێکەڵاویی زاراوەکاندا دەبێت جوانی نووسین و ڕێزمان لەبەرچاو بگرین. بۆ سەرنج ڕاکێشانی لاوان بەلای فەرهەنگ و زمانی کوردی دەبێت نووسەران و هەڵبەستقانان نووسینەکانیان بە وشەی جوان و دڵنشین و پێشکەوتوو برازێننەوە.

جیاوازی لەنێوان شیعر و نووسینی ژنان و پیاواندا نابینم، لانی کەم ئەو جیاوازییە لە فەرهەنگنووسیدا نابینم.

* ئایا پێت وا نییە دەستەواژەی "فەرهەنگنووسی" واتایەکی فرە ڕەهەندتری هەیە وەک لە (ئینسکلۆپێدیا) و لەگەڵ ئەم جۆرە کارەی کە بەڕێزتان ئەنجامتان داوە، هەروەها زۆر کەسی دیکەش لە کوردستان خەریکن دەیکەن جیاوازیی هەیە؟ چونکە بەڕای من دەستنیشان کردنی "وشەنامە"، یان "وشەدان" شیاوتر بێت، ڕوانگەی تۆ لەم بارەوە چییە و ئەم پرسە لەناو ئەدەبی ئەوروپا چۆنە؟

– "دەستەواژەی فەرهەنگنووسی وەک ئینسکلۆپێدیا و وشەنامە و وشەدان"، وەرگێڕان و فەرهەنگنووسی یەکێکە لە شێوەکانی پێوەندیی نیوان خەڵک بە مەبەستی لێک تێگەیشتن. لێکۆڵینەوە لەسەر فەرهەنگنووسی کۆمەڵێ زانیاری بەناوی تیوریی فەرهەنگنووسی کە بریتییە لە کۆمەڵێک زانیاریی ڕابردوو و ئێستا، هەروەها پێوەندی لەگەڵ بەشەکانی تری زانستی، زمانناسیی بنەما، خێڵناسی، پێوەندیی نێوان زمان و فەرهەنگ، کە دەبێت لەبەرچاو بگیرێن. ئەمانە گشتی دەتوانێت بەناوی فەرهەنگنووسی، یان ئینسکلۆپێدیا بێت کە کاری گرووپێک کارناس و کارزانی دەوێت کە خاوەنی

ئەکادیمیای تایبەت و وتاری زانستیی تایبەت بە خۆیان بن.

بە ڕای من وشەنامە، یان وشەدان تەنیا بۆ کتێبی بچووکی ٢٠ تا ٣٠ لاپەڕەییە کە هەندێک زانیاریی پێویست بۆ خوێنەر دابین بکات، بەڵام بۆ کتێبێک کە دوو ساڵ لەسەری کار کراوە و دوو ساڵیش بۆ نووسینی، باس لە دوو فەرهەنگ و دوو زمان دەکات بە چاک و جوانی نازانم وەک وشەدان، یان وشەنامە ناوی لێ بنێین. بۆ ئینسکلۆپیدیا دەتوانین ناوی گشتی لێ بنێین، بۆ نموونە فەرهەنگنووسیی گشتی، یان فرەفەرهەنگی، یان زانیاریی گشتی و ...تاد.

* جیا لە نووسینی فەرهەنگ کۆمەڵێک شیعر، وەرگێڕان، چیرۆک و پەخشانت نووسیوە، باسی ئەم چالاکییانەت بکە و ئاخۆ چاپت کردوون، یان نا؟

- بێجگە لە چوار فەرهەنگی "هۆڵەندی - کوردی و کوردی - هۆڵەندی و فەرەنسی - کوردی و کوردی- فەرەنسی"، چەند کتێبی شیعر و پەخشان و ڕۆمان و چیرۆکم هەیە کە زیاتر وەرگێڕانن، بەناوەکانی " پڕ لە خۆشەویستی، هەڵۆ و قاڵاو، هاواری مامۆستای شۆڕشگێڕ و ڕۆمانێکی کورت بەناوی ژیان لە سێبەری مردندا"، کە ئەمانەش هەر لە هۆڵەندا چاپ بوونە و لەناو خەڵک لە سنە و دەرەوەی سنە بڵاوم کردوونەتەوە.

شیعر و پەخشانی شاعیرانی سەردەمی ئێرانی، واتە فارس زمان وەک "شاملوو، سپێهری و فەریدوون موشیری" و جەلال مەلەکشا شاعیری کورد، بەڵام بە فارسی نووسیویە وەرمگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی لە کتێبێکدا بەناوی "پڕ لە خۆشەویستی" کە باس لە جوانی و سروشت و خۆشەویستی دەکات بە زمانی کوردی چاپ و بڵاو کراونەتەوە، هەروەها شیعرێکی جەلال مەلەکشا بەناوی "هەڵۆ و قاڵاو" کە ئەویش بە زمانی کوردییە. "هاواری مامۆستای شۆڕشگێڕ" نووسینەکانی کاک فەرزاد کەمانگەرە بە زمانی کوردی. شاعیرێکی کوردە، بەڵام بە فارسی دەنووسێت و زمانە فارسییەکەی هەست و سۆزی کوردەواریی پێوە دیارە، بەناو "شەمێ سەڵواتی" (شەمسەدین) خەڵکی سەڵواتاوا کە شیعری زۆری بە فارسی وتووە، هەروەها چەند نووسین و ڕۆمانی کورتی هەیە کە ئەوانیشم کردوون بە کوردی و چاپم کردووە، ڕۆمانی "ژیان لە پشتی سێبەر" باس لە ژیانی تاڵی سەردەمی بەر لە ڕاپەڕین و دوای ڕاپەڕین دەکات کە چۆنی ڕێگاوبان گوندی سەڵواتاوا مەترسیدار بوو و زۆر ڕووداوی ئۆتۆمبێل و کوشتنی خەڵکی لێ دەکەوتەوە، هەروەها باسی بیر و هزری ئایینی ئەو دێیە و ناکۆکی لە نێوان ئایینداڕەکان و ڕووناکبیرانی ئەو سەردەمە بەناو تووەیی و کۆمۆنیستەکان دەکات، کە بەڕاستی ڕۆمانێکی بەهێز و جوانە و دەتوانێت لە دوا ڕۆژ زۆر بەناوبانگ بێت.

بێجگە لەو ڕۆمانە، لە بەرهەمەکانی کاکە "شەمێ سەڵواتی"، هەندێک لە شیعرەکانیم بە کوردی لەناو کتێبێک بەناو "نازدار" چاپ کرد و لەناو خەڵک بڵاوم کردووەتەوە. ئەم چالاکییانەم لە بواری شیعر و وەرگێڕان و ڕۆمان و چیرۆک و پەخشاندا زۆرتر بۆ ئەوە بووە کە لاوانی شاری سنە و دەوروبەری پارێزگای کوردستان بەلای جوانیی زمانی کوردیدا ڕابکێشم و زانیاریی زۆرتر لەبارەی فەرهەنگ و کولتوور و بیر و هزری خەڵکی ناوچەکە لە سەردەمی بەر لە ڕاپەڕین و دوای ڕاپەڕین بزانن. وەک ئاماژەم پێ کردووە، گشت ئەم کتێبانم چاپ کردووە و بە خۆڕایی پێشکەشی خەڵکم کردووە چ لە سنە و چ لە ئەوروپا، بە پێچەوانەی فەرهەنگەکان کە لەناو خەڵکدا فرۆشراوە.

* زۆر لەو نووسەر و ئەدیبانەی کە کوردستان بەجێ دەهێڵن و لە تاراوگە نیشتەجێ دەبن، خۆشەویستیی نیشتمان و "نوستالۆژیا" دەبێتە هەوێنی سەرەکیی بەشێک لە نووسین و بەرهەمەکانیان ئەمە لەلای تۆ چۆنە؟

- تەنیا دووری لە نیشتمان و نۆستالۆژیا، یان هەستی غەریبی نابێتە هۆی هەستی خوشەویستیی نیشتمان، بەڵکو هەروەک لە سەرەوەش ئاماژەم پێ کرد، لە کۆمەڵگەی پێشکەوتوودا ئەو کاتە کە مرۆڤ کێشەی دەروونی، کۆمەڵایەتی و ئابووریی چارەسەر دەبێت و ئارامیی ژیان دەست پێ دەکات و دڵەڕاوکێ و دڵبەدوایی ژیان نامێنێت و بە جۆرێک هەستی مرۆڤایەتیی لەلا دروست دەبێت و گەشە دەکات، ئەوکات مرۆڤ بیر لە کێشەکانی کۆمەڵگەیەک دەکاتەوە کە تێیدا گەورە بووە و حەز دەکات تۆزێک لەو کێشە و گیروگرفتانە ئەگەر بتوانێت ڕێگەچارەیان بۆ بدۆزێتەوە و چارەسەریان بکات و کارێک، یان چالاکییەک بۆ نیشتمانی شوێنی لەدایک بوونی بکات، بۆیە منیش هەروەک کەسانی تر هەستی نیشتمانپەروەری و خۆشەویستی لەلام دروست بووە و

حەزم کرد لە ڕێگەی نووسینی ئەو فەرهەنگانەوە، یان نووسینی شیعر و پەخشان کارێکم بۆ کۆمەڵگەی خۆم کردبێت.

* ئاخۆ پرسی تاراوگە جیا لە ئەدەبی فارسی و کوردی لەناو ئەدەبیات و نووسینی نەتەوە و گەلانی دیکەی جیهان بەدی دەکرێت؟

- زۆر کەس لە هۆڵەندا و فەرەنسا و ئەڵمانیا تا ئەو جێگەیەی من بزانم بە نووسینی ڕۆمان و شیعر ئێشوئازارەکانیان و دووری لە نیشتمان و خۆگونجاندن لەگەڵ دنیای ڕۆژئاوا بە زمانی هۆڵەندی و فەرەنسی و ئەڵمانی دەربڕن و بینووسن و لە ئەوروپاش زۆر بەناوبانگ بوون. شیعر و نووسینەکانی سەردەمی ئێستای ئەوروپا هەڵوێستی جیاوازی سەبارەت بە کارەسات و ڕووداوەکان هەیە و کاریگەریی پرسی تاراوگە هۆکارێکی سەرەکی نییە لە داڕشتنی شیعر و نووسین، بەڵام تا ڕادەیەک کاریگەریی وێرانکەر و حاشاهەڵنەگری لەسەر کولتووری ڕۆژئاوا داناوە.

* وەک خاڵە نووسەرێک کە پتر لە پازدە ساڵە لە وڵاتی هۆڵەندا دەژیت، پێگەی ئەدەبی کوردی لە ئەوروپا بەگشتی، بەتایبەت لەلای نووسەرانی ئەو وڵاتە چۆنە و ئەوان چۆن دەڕواننە فەرهەنگ و ئەدەبی کوردی؟

- ئەدەبی کوردی لە ئەوروپا هیچ پێگەیەکی نییە و تا ئێستا کورد نەیتوانیوە کولتوور و ئەدەب و زمانی خۆی بە دنیای دەرەوە بناسێنێت و دەری بخات. تەنیا ئەوە نییە، خۆی هەر کورد لە ئەوروپا بۆ ژیانی خۆش بژێوی و لە بواری ئابووریییەوە نەیتوانیوە خۆی دەربخات و پێش بکەوێت و بەرچاو بێت. خێڵی کورد لە ئەوروپا دەتوانین بڵێین زۆر لاوازن و لە خوارترین چین و توێژی کۆمەڵگەی ئەوروپاوەن.

* پرۆژەت بۆ دووبارە چاپ کردنەوەی ئەو چوار فەرهەنگەی کە نووسیوتە چییە، ئایا بەتەما نیت لە هەرێمی کوردستان چاپیان بکەیتەوە؟

- بەپێی پێویست و داخوازی خەڵک، هەر ساڵ فەرهەنگەکان لە هۆڵەندا چاپ دەکەمەوە، من حەز دەکەم تەواوی بەرهەمەکانم لە کوردستان چاپ بێت و لەم ڕێگەوە خزمەتێکی هەرچەند بچووک بۆ نیشتمانم بێت، بەڵام بەپێی پێویست و نیازی کۆمەڵگەی کوردستان. ئەگەر لە زانکۆکان، یان زانستگاکان وانەی فەرەنسی، یان هۆڵەندی هەیە و خوێندکاران بۆ فێر بوونی فەرەنسی، یان هۆڵەندی پێویستیان بە فەرهەنگی فەرەنسی- کوردی، یان کوردی- فەرەنسی، یان هۆڵەندی- کوردی، یان کوردی- هۆڵەندی هەیە و بتوانێت لەوێ کەڵکی ببێت، ئەوە لەسەدا سەد چاپ کردنیان پێویستە، بەڵام بۆ چاپ کردنی ئەم فەرهەنگانە ئەگەر ڕێکخراوێک، یان حکوومەتی هەرێم یارمەتی بدات، جێی دڵخۆشییە و من بە حەزێکی زۆرەوە پێشوازیی لەم چالاکییە دەکەم، بێ ئەوەی چاوەڕوانی دەستخۆشی بم، تەنیا ڕازی بوون لە خۆم کە چوار فەرهەنگم پێشکەش بە کۆمەڵگەی کوردستان کردووە بۆ من دڵخۆشکەرە.

بۆ کتێبی شیعرەکان و بەرهەمەکانی دیکەم زۆرتر بیر لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەکەمەوە و حەز دەکەم لەوێ بڵاویان بکەمەوە، لەبەر ئەوەی ئەدەبیاتی نووسینەکانم لە زاراوەی ئەردەڵانی نزیکترە و زۆرتر خەڵکی سنە و دەوروبەری حەز بە ئەو جۆرە نووسینانە دەکەن.

* دوا وتەتان چییە؟

- دایکی دوو منداڵم، کچێک و کوڕێک، هەر دووکیان خوێندنی بەرزیان تەواو کردووە و لە کاری خۆیاندا سەرکەوتوون و بە چەند زمانی ئەوروپایی وەک فەرەنسی و ئینگلیزی و هۆڵەندی و دوو زمانی ڕۆژهەڵاتی فارسی و کوردی قسە دەکەن، کچەکەم ڕاوێژکاری ئابووریی یەکێک لە گەورەترین ڕێکخراوەی جیهانییە لە فەرەنسا و کوڕەکەشم پلاندارێژە لە بەرنامەی کۆمپیووتەری لە هۆڵەندا. هاوسەرەکەم ئەندازیاری کشتوکاڵییە کە ئەویش بە فارسی چەند بابەتێکی لەسەر کاری خۆی لە ڕۆژنامەکانی ئەو کاتی ئێران بڵاو بووەوە. خۆم وەک ئەندازیاری کیمیایی کە لەسەر پێگەیاندنی بیرۆکەی نووسەری و نووسینی چوار فەرهەنگ کاریگەری هەبووە. ئێستا وەک یارمەتیدەری کۆمەڵایەتی و پشتگیری لە مافی مرۆڤ لە ڕێکخراوێکی بەرگری لە مافی مرۆڤ لە هۆڵەندا کار دەکەم.

لە کۆتاییدا سوپاسی ئێوەی بەڕێز دەکەم. هیوای سەرکەوتنتان بۆ دەخوازم.



عەلی باباچاهی «شاعیری خۆر و درکودالّ»: شیعر دەست بەسەر مێژوودا دەگرێ و زەمان لەخۆیدا دەتوێنێتەوە، لە ئاکامدا شاراوە و داپۆشراو لەخۆیدا ڕادەگرێ.

سازدانی: هادی حەبیبی
لە فارسییەوە: ئەمین گەردیگلانی
(بۆکان)

عــەلی باباچاهی لە بزاڤی ئەدەب و شیـعری ئەمڕۆی ئێـراندا، یەکێک لە کەسایەتییە بەرچاوەکانی ئەو بوارەیە و دەکرێ بڵێین یەکێک لەو کەسانەیە کە ڕچەی شیعری نیمایی لە شیعری پاش نیمایی جیا کردەوە. لە ڕوانگەی ئەوەوە شیعری پاش نیمایی، گۆشەنیگایەکی هەروا لە پۆست مودێرنیزمەکانە کە دەکرێ بە شێوەیەک کەوی و خۆمالّی بکرێ.

ئەو بە سەرنجدانە چڕوپڕەکانی لە بواری ئەزموونی بە بڕشت و هونەری شیـعری، توانیـویەتی نموونەگەلێکی بەرچاو و سەرکەوتووانە لە شیـعری پاش نیـمایی پێشکەش بە کۆمەڵگای ئەدەبی ئێـران بکات، بێـجگە لەوەش، باباچاهی لە بـواری ڕەخنەی ئەدەبی شیـعریشدا خاوەنی چەند بەرهەمی بەنرخە کە لەوانە دەکرێ ئاماژە بکەین بە: ١- شیـعری ئەمڕۆ ٢- سێ دەیە شاعیـرانی حیـرفەیی ٣- شـرۆڤە سەربەخۆکان ٤- نم نمی بارانم و ... چەند کۆمەڵە شیـعرێکی دیکە... بۆ زانیـاریی زیاتر سەبارەت بە ڕوانگە و بواری هونەریی ئەو شـاعیـرە، ئەم وتوویژەمان لەگەڵ پێکهێناوە.

* ڕێزدار عەلی باباچاهی حەز دەکەم پرسیارەکانم سەبارەت بە ئەدەبی کوردی و ڕادەی ئاشنایەتیی ئێوە لەو بوارەدا دەست پێ بکەم؟

– ئەوەندەی من بزانم، بەرهەمی شاعیرانی کورد تاڕادەیەکی باش بووەتە کتێب و بڵاوبووەتەوە، یان لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا چاپ کراون، بەڵام لە چاو شیعری ئەمڕۆی فارس ئەو دەرەتانەیان نەبووە کە بتوانن بە تەواوی خۆیان دەرخەن و گەشە بکەن. من شیعری شاعیرانی کورد لە ڕێگای وەرگێڕانەوە تا ڕادەیەک دەناسم. کاتێک لە گۆڤاری «ئادینە» کارم دەکرد، وتووێژێکی «شێرکۆ بێکەس»مان چاپ کرد، بەر لەوەش چاوم بە شیعرەکانی شێرکۆ بێکەس کەوتبوو. لە سەفەرێکی فەرهەنگیدا چەند ساڵ لەمەوبەر، لەگەڵ چەند کەس لە شاعیرانی ئێرانی چووین بۆ کوردستانی باشوور، شێرکۆم لە نزیکەوە بینی، ئەوەی لە هەموو شتێک زیاتر سەرنجی ڕاکێشام جگەرە کێشانەکەی بوو. کە زۆرم لە دڵ گران هات. لە لایەکیشەوە ئیرەییم پێ برد و لە دڵی خۆمدا گوتم: پەککوو من چەندە لەو کاروانە بە جێ ماوم، واتە جگەرە کێشان ئەوەندە گرنگە!؟ بە هەڵکەوت لە شەقامێک تووشی لەتیف هەڵمەت بووم ڕەنگە ئەویش بەڕادەی من ئەو دیدارەی بەدڵ بووبێ و بە دیتنی ئەو «قەڵافەتە گوماناوییەی» من گەشابێتەوە. ئەم شیعرە ناسکەی لەتیف هەڵمەت زۆر بە لامەوە شیرین و ناسکە:

با تۆفان تەورە ژەنگاوییەکەی فڕێ دا
نیرگزێک دەیەوێ بڕوێ
با تفەنگەکان بێدەنگ بن
منااڵێک دەیەوێ بنوێ
با تەواوی پاشاکان گوێ بگرن
شاعیرێک دەیەوێ بدوێ.

لەگەڵ وەرگێڕانی شیعرەکانی کەژاڵ ئەحمەد، عەبدوڵڵا پەشێو، ڕەفیق سابیر و تاقمێکی تر لە شاعیرانی کورد ئاشنایەتیم هەیە.

* شیعر لە جیهانی ئێستای ئێمەدا خاوەنی چ پەیامێکە؟ یان بڵێی، لەم سەردەمەدا کە هەڵگری دروشمی فەرهەنگ و ژیار و دیموکراسییە و هەموو مرۆڤەکان کەم تا کورتێ دەستیان بە کەرەستە و ئامرازەکانی پێوەندی ڕادەگا و کاری پێ دەکەن، شیعر چۆن بوون و پەیامی خۆی دەچەسپێنێ؟

– شیعر بە دووی چەسپاندن و سەلماندنەوە نییە. ئامادەبوونی شیعر (ئەگەر شیعر بێ) خۆی، خۆی دەسەلمێنێ. گرنگترین بەرپرسیاریەتیی شیعر (دەروەست بوونە) شیعر، لە هەمبەر خۆیدا دەروەستە و ناوی خۆی بە خۆیەوەیە، بە مەرجێک «شیعر بێ»، ئەو شتانەی تر پەلک و پەلوپۆن و زۆر جار شیعر سەقەت دەکەن، یان بەرەو «ناشیعر» بوونی ڕادەکێشن. هەتا ئێرە پێت وایە من لەسەر ئەو باوەڕەم شیعر لەوپەڕی شۆڕن و زەماندا جێگیرە. شیعر هەموو ڕێکەوت و مێژوویەک لە بەریەک هەڵدەتەکێنێ. هەم بەڵێ هەم نا!

شیعر دەست بە سەر مێژوودا دەگرێ و زەمان لە نێو خۆیدا دەتوێنێتەوە، لە ئاکامدا شاراوە و داپۆشراو لە خۆیدا ڕادەگرێ. لەم ڕووەوە لە شۆڕن و زەماندا بەرەو بێ شۆڕن و بێ زەمانی دەفڕێ. پێم وایە دەروەست بوون لەمەڕ (پەیام) دنیایەک مانای لە خۆیدا هەڵگرتووە، هەر ئەوەی وەک واتای ناسراوی چەکوشێکە! واتاکانی تر کە ژمارەنیان لەم وتوێژەدا جێی نابێتەوە و پێویستی بە باس و لێدوانی چڕوپڕ تر هەیە. تەنیا ئەوەندە دەڵێم دەروەست بوونی لیبراڵی و سۆسیالیزمی و... شکۆی شیعر تووشی پەتا دەکا، بەڵام دەروەست بوونی سارتری، نیرۆدایی، نازم حیکمەتی و مەحموود دەرویشی و... پێویستی بە لێ وردبوونەوەی زیاتر هەیە.

شیعری ئەمڕۆ کە لە بارودۆخێکی دیکەی جیهاندا بوونی هەیە، خەریکی یاری کردنە (نەک گاڵتەجاڕی و تیتاڵبازی) و لەگەڵ هەموو چەشنە دەروەستییەکان سەر دەسوێ. تا بەو دەروەستییە بگات کە کەمتر لە دەروەست بوون دەچێ و ڕەنگە لە ڕواڵەتدا وەک دژوازیش بنوێنێ؛ کە هەر ئەوە خۆی لە خۆیدا جۆرێک گاڵتە و دەسەڵاتداریە و ئاوێتەیەکە لە هەموو چەشنە دەروەستییەکان. ئەم جۆرە دەروەستییە نا دەروەستانەیە! لەگەڵ ڕوخسارە دۆنادۆن کراوەکانی جیهانی ئەمڕۆ تێکەڵاویی هەیە و گوێچکەیەکیشی پێوەیە، بێجگە لە ڕەوتە سواوەکان و ئەو خوڵک و خووانەی پێشتر لە ئارادا بوون، هیچ شتێکی تر نابیستێ.

* پێشتر خۆت وەک شاعیرێکی پەنجاکان و چلەکان دەهێنایە ئەژمار و ڕوانگەی هونەریت لەگەڵ شاعیرانی هاوبەرە و بەرەی پێشوو بە جیاواز دەزانی، ئەوەش لە لایەن نووسەران و شاعیرانێکی وەک مەنووچیهری ئاتەشی و غوڵامحوسێن ساعیدی و گوڵسورخییەوە....

سەلماوە. لەو بارەوە چی دەفەرموویی؟

– بە هەڵە عەرزیان کردووی. ئەوەی کە من لە شیعردا ڕێگایەکی ترم گرتبێتە بەر، تایبەتی سەرەتای دەیەی حەفتای هەتاوییە. جیا کردنەوەی ڕێگاش لە ئەدەبدا شتێکی سروشتییە، خۆ ناکرێ شاعیرانی هاوچەرخ هەموویان وەک یەک بنووسن. لە قوتابخانەکانی جیهانیشدا شاعیران کاتێ لە دەوری تەوەرە تاکەکەسییەکان کۆدەبنەوە و بازنەیەک دروست دەکەن، جیاوازی لە نێوان ڕوانگە و شێوەی نووسینیاندا بەرچاو دەکەوێ. لە برگەیەکی زەمەنیدا وەک جەنابت دەفەرموویی – من ڕێگەی خۆم تاڕادەیەک لە شاعیرانی دیکە جیا کردەوە. یەک لەوانە مەنووچیهری ئاتەشی، حەزی لە شیعرەکانی من نەبوو. کاتێک باسی منیشی دەکرد، تاریفی لە شیعرەکانی سی سالّ لە مەوبەری من دەکرد. کە ڕێزم بۆ گەورەیی ئەو نەمرە هەیە. خەسرەو گولّسورخی ڕەخنەیەکی لەسەر (جیهان و ڕووناکییە خەمناکەکان)ی من نووسی کە سەرەتا لە «ئایەندەگان»دا چاپ بوو و دواتر لە کتێبی «مێژووی شرۆڤەی شیعری نوێ»ی شەمسی لەنگروودیدا هاتووە. نەمر غولاّم حوسێن ساعیدیش کە شاعیر نەبووە و باسی شیعرەکانی منی هەر نەکردووە.

* مەنووچیهری ئاتەشی لەمەڕ ئێوەوە دەڵێ: «زۆرترین نوێخوازیی جیهانی و وەبەر هاتنی خۆمالّییانەی شیعر لە بەرهەمەکانی عەلی باباچاهیدا بەرچاو دەکەوێ» بیروڕای خۆتان چییە؟

– ئەوە سروشتییە کە مرۆڤ قسەی حیسابی قەبوولّ دەکا، بەڵام بۆ زانیاری خوێنەرانی ئەم وتووێژە ڕوونکردنەوەیەک بە پێویست دەزانم: ئەم ڕوانگە و بیروڕایەی ئاتەشی بۆ پەنجاکان دەگەڕێتەوە، ئەو کاتە ئاتەشی چەند شیعری منی گەنجی لە گۆڤاری «تەماشا»دا چاپ کردبوو، ئەوەش بڵێم کە ئەو بە چاوێکی خۆمانە لە شیعرەکانی ڕوانیبوو. دیارە هاوڕێ و هاوشاری دەبێ تاریفی یەکتری بکەن و ئەوەش شتێکی سروشییە!

* لە ئەزموونە شیعرییەکانی دوای نیما کامەیانت زیاتر بەلاوە پەسندە و بۆ؟

– ڕەنگە هیچ لە «بۆ؟» یەکەی نەزانم. یان ڕەنگە لە ڕوونکردنەوەکاندا بە جێیەک بگەین و شتێکی لێ هەڵکڕێنین. لە ئەزموونەکانی دوای نیمادا، نیماکانی دوای نیمام زیاتر بە دڵە و چێژ لە شیعرەکانیان وەردەگرم.

١– «نیمای قەقنەس»، «مەلی خەم»، «پەریان»، «خەمباری شەو».

٢– «هاوسێکانی ئاگر»، «هیوای نگریس»، «خەوی زستانی».

٣– «من بزە»، «مردووکانی مەرگ».

٤–«کەڵە زەنگ»، «پاشای فەتح».

٥– «ئاغا تووکا»، «مانگە شەو»، «کوانووی سارد»، «ئەو کاتەی کە...»، «ماخ ئۆلا»، «بەسەر بەرزایی دەشتەوە».

٦– «لە شەوێکی ساردی زستاندا»، «داروک»، «مالّەکەم هەورییە»، «هەموو شەوێک»، «لەسەر لەنگەرگا».

٧ – «من چاوەڕوانی تۆم».

ئەو بەر لەو شیعرانەی باس کران، «مەلی ئامین»ی هەبوو... کە ئەم دەستەبەندییەش وەنەبێ لێبڕاوانە و بێ کەموکوڕی بێ، هەروەها شاملووم بە دڵە، چونکە بە تێگەیشتن لە شاعیرانی پێش خۆی، لە بواری کێشدا، شۆڕشێکی باشی وەڕێ خست.

فرووغی فەڕوخزاد لە شیعری پێکهاتەشکێنیدا ڕچەی خۆی گرتە بەر، نەک لە زمان و ڕێزماندا، بەڵکو لە بەرەو ڕووبوونەوە لەگەڵ «چڕیی مانا». (مانای زاڵ و بەهێز). چیی دیکەت بۆ باس بکەم هاوڕێ؟ ئەگەر درێژەی پێ بدەم، ناچارم پێشنیارت پێ بکەم کتێبی سێ بەرگیی لێکۆڵینەوە و ڕەخنەییم بە ناوی «شرۆڤە سەربەخۆکان» کە چاپی دووەمی ئێستا لە بازاڕی کتێبدا هەیە، بخوێنییەوە. لەوێدا ڕەوتی شیعری نوێ و شیعری ئەمڕۆم لێکداوەتەوە و ئەو شاعیرانە زیاتر کەوتوونە بەر تیشکی سەرنجم کە خوێنەرانیان لە بازنەی خووخدەی پێوەرە باوەکان دەرباز کردووە.

* هێشتا لەسەر ئەو باوەڕە هەن کە هونەری مۆدێرن، پێویستیی بە خوێنەری شارەزا و کارامە هەیە، بەو مانایەی کە «خوێنەری کارامە»ی ئێوە وەک ڕۆلان بارت دەڵێ، «خوێنەری چالاک» بە چ شێوەیەک لە کۆمەڵگای سوننەتیدا دەکرێ ئاوڕی لێ بدەیەوە؟

– بەڵێ هاوڕێ! خوێنەری کارامە هەر ئەو خوێنەرە چالاکەیە. هونەری مۆدێرنیش تەنیا شیعر نییە. لە بواری سینەما و شێوەکاریشدا بەردەوام بوون یەکێک لە

پێویستییەکانە. سوننەت شکێنیی نیما، بێجگە لە خوێنەرە چالاکەکانی کێی دیکە تێی گەیشت؟ خوێنەرە ڕەشۆکییەکان هێشتاش کە هێشتایە نیمایان نەخوێندووەتەوە و وەدووی شاعیرانێکی وەک فەرەیدوون موشیری کەوتوون. ناکارامە و ناچالاکەکانیش ئەو کەسانەن کە کاتێک چاویان بە من دەکەوێ، دەڵێن ئێمە سالانێکی زۆرە شیعرەکانی تۆ دەخوێنینەوە، پاشان دەردەکەوێ لە سالانی ١٣٤٦ تا ١٣٥٠ ڕاوەستاون و تیشکی «من لە گۆڵکاوی بۆقە دەنگ ناخۆشەکانەوە هاتووم» شەواڕەی کردوون. خوێنەری شیعری پێشکەوتووی ئەمڕۆ دەبێ کتێب بخوێنێتەوە. شێوەکاری ببینێ، سەیری فیلم بکات، تا بۆی دەرکەوێ چۆن دەکرێ «پاژی» کۆتایی هەر شیعرێک بدۆزێتەوە. خاڵێکی گرنگ لێرەدا باس بکەم باشە، ئەویش ئەوەیە کە شیعری ئاسایی لەگەڵ شیعری ساکاری داهێنەرانە جیاوازە و لە لایەکی دیکەیشەوە، شیعر لە ژانرە جوراوجۆرەکاندا، خوێنەری جۆراوجۆری دەوێ. بۆ فێربوونی یەکێک لە ئامێرەکانی مۆسیقا، خەڵکی خەرجێکی زۆر دەکەن و... کاتێک دەگەنە شیعر، هەر کامەیان دەبنە ڕەخنەگرێکی شارەزا و هیچ کەس دەسکیان لە دوو ناکات. خۆزگەم بە خۆیان!

* تا چ ڕادەیەک نازناوی «شاعیری خۆر و دڕکوداڵ» بۆ خۆتان بەشیاو دەزانن و پەسندی دەکەن؟

– شاعیری «خۆر و دڕکوداڵ» مرۆڤێکی تەرپۆش نییە، بەڵام دڵی لێورێژە لە سۆز و خۆشەویستی، بە بڕوای من شیرین و لە دڵەوە نزیکە. یەکێک لە منداڵەکانی منە کە لە نێو ئاپۆرەی قەرەباڵغی تاراندا بزر دەبێ. هاوڕێیانی دڵپاک و سایلۆحی هەیە و هەندێک درەختر چاو و گوێی دەکرێتەوە، بەڵام هەر بەو پێیە «خۆرەکان...» بیژەنی ئیلاهی شیعری زۆر سەرسوڕهێنەر و چڕوپڕی دەنووسی و هێشتا لە ڕێزی باشترین شیعرە مۆدێرنەکانی ئەمڕۆدایە و بۆ ئەوە دەبێ لێکۆڵینەوەیان بۆ بکرێ و بە پێوانەی تاویلی ئەمڕۆ هەڵسەنگێنرێن. هووشەنگی چالەنگی – منیش هەروا!

* ئەگەر تاکخوازی لە ڕوانگەی ئێوەوە بەرهەمی مۆدێرنیزمە، شاعیری مۆدێرنی تاکەکەسخواز، چۆن دەتوانێ بە شێوەیەکی بەربلاو شوێن لەسەر کۆمەڵگاکەی خۆی دابنێ؟

– «شیعری نیما کە دەکرێ بڵێن کەمتر بۆنی ئەشق و دڵداریی لێدێ، بە دوور لە کۆنەپارێزییە، «بەشێوەی بەربلاو» چ شوێنێکی لەسەر کۆمەڵگا داناوە؟ خۆت دەزانی نیما لە شیعرەکانیدا، زیاتر لە هەموو شاعیرێک خەمی خەڵکی لە دڵدایە. لە لایەکەوە، تاکخوازیی بەرهەمی مۆدێرنیزم، لەگەڵ گۆشەگیری و تەوەزەلی و دوورەپەرێزی جیاوازە. هاوارکردن بۆ دەردی هاوبەشی خەڵک بە مانای چاوپۆشی کردن لە «تاکخوازی» نییە. مۆدێرنیزم لەگەڵ ئەوەدا کە واتاگەلێکی وەک دیموکراسی و مافی مرۆڤ و ئازادیی بە شێوازی نوێ هێنا، تاکخوازیشی هێنا...! لە بنەڕەتدا دەکرێ بڵێین تێگەیشتن لە کەسێتی ئەو ماناگەلەی کەسایەتی و فەرمی بوونی لەخۆگرت. ئەوەی کە «دە شەوە شیعر»ی ئەنجوومەنی نووسەران، دەنگدانەوەیەکی زۆری لە کۆمەڵگادا هەبوو، ئاکامی کۆمەڵێک مەسەلەی جۆراوجۆر بوو، نەک پێت وابێ خەڵکی کۆبوونەوە و بە جێی فراوێن و شێو شیعریان نۆشی گیان کردووە! هەڵبەت ئەوەشمان لە بیر نەچێ کە هێشتاش کتێبە شیعر هەیە گەیشتوونە چاپی چەندەم و خوێنەری خۆیان هەیە، بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە کە ئەو شیعرانە ئەو کاریگەرییەکان لەسەر کۆمەڵگا هەبووە کە مەبەستی ئێوەیە؟ لە ئەڵمانیا و فەرەنسا پێت وایە تیراژی کتێبی شیعر چەند دانەیە؟... هەر باسی مەکە!

* وادیارە زۆرتر خۆتان لە وشە نزیک کردووەتەوە و لەگەڵی ڕێک کەوتوون؟

– باش لە مەبەستەکەت تێنەگەیشتم، یان ڕەنگە حەز بکەم تێی نەگەم! تەنیا دەبێ بڵێم من هیچ وشەیەکم تووڕنەداوە و بە نامۆی نازانم و لە خۆمی ناتارێنم، تەنانەت تفەنگی عەلی!

* ئەوەی کە باوەڕت بە جۆرێک «بەردەنگ تارێنی» هەیە، لە بنەڕەتدا دەیبەیەوە سەر ناوەرۆکی شیعری ئەمڕۆ، یان ڕاستی شتێکی ترە؟

– من هیچ باوەڕێکم بە بەردەنگ تارێنی نییە و هۆگریشی نیم، بەڵکو بەچراوە دەرگا بە دەرگا نەک لە دەوری شار، بەڵکو لە باکووری شار بە دوایدا دەگەڕێم! بەدبەختییەکە لەوەدایە هەندێک لە بەردەنگەکان تاقەتی ئەوەیان نییە لەسەر دەقێک هەڵوەستە بکەن و بیری لێ بکەنەوە. لێرەدا دەڵێم دەقی جێددی هیچ کات بە دەقێکی پیچەڵاوپووچ نازانم. بەش بە حاڵی خۆم شیعرەکانی خۆشم بە دەقێکی تەمومژاوی و پێچەڵاوپووچ

نازانم، بەڵکو بە زمانێکی ڕۆژانە و خۆماڵی داڕێژراون! هەڵبەت زمانی ئاخافتنی ڕۆژانە، لە چەشنێکی تایبەتدا و بە شێوەی باو، سنووردار ناکرێ. لەم ساڵانەدا شیعری وتاری بە نامە و نووسراوەی ئاسایی دەزانن کە لەگەڵ وتە و زاراوەی ڕۆژانە ئاوێتە کراوە. لە حاڵێکدا هەزار خاڵی ناسک و سەرنجڕاکێش لەودا هەیە. ئەم جۆرە شیعرانەی بۆ وێنە «وتاری» وەک هێڵێکی ڕاست و یەک ناوەندی وایە کە بواری خووگرتن بۆ خوێنەر دەڕەخسێنێ و تەوەزەل و ناچالاکی باردێنێ، هەر بۆیە پێیان دەگوترێ خوێنەرانی ناچالاک و تەوەزەل. کاتێک شیعرێک بە بێ ئەوەی «تەقی» و «نەقی»یەکەی مەعلووم بێ، یان پڕ بێ لە ڕاوی و پانتا و شوێنەکەی لە حاڵی گۆڕان و جێگۆڕکێدا بێ، تەنز و گاڵتەجاڕییەکانیشی دیاردە و ڕاستییەکان بداتە بەر پلاری تانە و تیتاڵی، بەردەنگی ناچالاک و تەوەزەل وەک شێتی لێدێ و سەری لێ دەشێوێ. دەنا ئێمە ئاشقی بەردەنگی خۆمانین و بۆ خوێندنەوەی شیعرەکانمان ئاوی پرتەقاڵ و کێکیشیان دەدەینێ!

* باسی دژوازییەکانی شیعری فرووغ و شاملووتان کرد، ئەم جۆرە دژوازییانە لە شیعرەکانی ئێوەشدا وەبەرچاو دەکەوێ، هۆکاری ئەوە لە بەرهەمەکانی خۆتاندا چییە؟

– هەبوونی دژوازی لە ویست و باوەڕدا لە بەرهەمی زۆربەی کەسایەتییە ناوداڕەکاندا شتێکی سروشتییە، بەڵام من بە پێی تەوەرەکانی دەسەڵات، یان – باشترە بڵێم – بوونی تەوەرەکانی دەسەڵات لەو دەرفەتانەدا کە هەڵدەکەوێ، دەگەڕێمەوە سەر خوێندنەوەی بەرهەمی ئەو کەسایەتییە بەرزانە؛ زیاتر لە هەموویان نیما و شاملوو و فرووغ. بەو هیوایەی پاشماوەی دیاردە نەگۆڕ و چەقبەستووەکانی چاخی ڕۆشنگەری، لە دەقە مۆدێرنەکاندا وەبەرچاو بکەوێ، چونکە سەلماندنی هەندێک بیرۆڕای بەتاڵ، یان لە بنەڕەتدا هەڵە، لە هەندێک لە دەقەکاندا وەک ویست و داوایەکی شێوە پیرۆزی لێدێ. بۆ وێنە ئەشق و دڵداری لە هەندێک دەقی مۆدێرندا کە خاوەنی شان و شکۆیەکی نێرانەیە، لایەنێکی خۆبەهەق زانی لە خۆ گرتووە و لە ئاکامدا وەک شتێکی پیرۆزی لێ هاتووە. هەڵوەستەکردن لە هەمبەر خێر و شەڕ و چاکە و خراپەدا... یەکێک لەو دیاردە ئاشکرایانەیە کە لەگەڵی بەرەوڕووین. دژوازی لە شیعرە لاوازەکانی مندا ڕەنگە بۆ بەرەڤانی کردن نەبێ – دەیەوێ ڕێکوپێکی و تەکووزییە باو و جێکەوتووەکان بداتە بەر توانج و گاڵتەیان پێ بکات. لەم بارەشەوە خەڵکی دەبێ خاوەن ڕابن!

* پێکهاتەشکێنی چ پێوەندییەکی لەگەڵ شیعری مۆدێرن و پۆست مۆدێرنیزمدا هەیە؟

– پێکهاتەشکێنی لە بەستێنی فەلسەفەدا دەبێتە بابەت و پێوەندییەکی ڕاستەوخۆی لەگەڵ شیعر نییە. ئەگەرچی لەسەر ئەو باوەڕەم هەموو دیاردە و کاروبارە زانستی، کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی و هونەرییەکان، لە ئاکامدا پێویستیان بە یەکتر هەیە، بەڵام پێکهاتەشکێنی و بابەتگەلی لەو چەشنە، زیاتر پێوەندیی بە بوارەکانی خوێندنەوەی دەقەوە هەیە و دەستی لە ئافراندنی هونەریدا نییە. لە ڕوانگەی بیناسازییەوە، پێکهاتەشکێنی کاری ڕووخاندنە و لە ئاکامدا نۆژەنکردنەوە و دروست کردنەوەیە. بە واتایەکی دیکە بناغە و بنەڕەتەکان لە بواری فەلسەفەدا دێننە گۆڕێ. بناغەگەلێکی وەک مەرگی نووسەر، میتافیزیکی حوزوور، کاروباری دووبینە، (دوانە لێک دژەکان وەک: خێر و شەڕ)، ڕوانگەی زنجیرە پلەوپایە و... بە پێی ئەو مەسەلانەی کە دکتۆر محەمەد زەمیران سەبارەت بە دەق هێناویەتە گۆڕێ، دەبێ بڵێین دەق، یان پێکهاتە ئەوەیە کە تانوپۆ، یان تاڵ و دەزوو، موو، یان خوری پێکەوە بڕێسین و مافوورە و قوماش و شتی لەو چەشنەی لێ بتەنین. لە ڕستن و تەنیندا زنجیرە پلەی بەرودوا بوون بوونی نییە و هەموو شتێک بە هۆی پێوەندییەکی ڕێکوپێکەوە تێک هەڵدەکێشرێن. هەر لەو ڕوانگەیەوە لە دەقدا دوانە لێک دژەکان دەکەونە بەر پرسیار. لە لایەکی دیکەشەوە پێکهاتەشکێنی لە دژوازی لەگەڵ ژێدەربوونی مانادا دەکەوێتە خۆ و لەسەر ئەو باوەڕەشە کە هیچ ڕاقەیەکی لێبڕاوانە و کۆتایی لە دەقێکدا نییە. لە لایەکی دیکەیشەوە میتافیزیکی حوزوور – یانی ڕازی بوون بە مانایەکی چەقبەستوو و لە پێشدا داڕێژراو تووشی قەیران دەکا: کە ئەویش شتێکی حەتمی نییە!

من دەڵێم دەکرێ بە تێگەیشتن لە پێکهاتەشکێنی، جارێکی دیکە شیعری ئەمڕۆی ئێران بخوێنرێتەوە و نەگۆڕ و چەقبەستووەکان لە بەر چاو بگیرێ، هەروەها بە گەشەپێدانی بواری مەعریفەتی تاکەکەسی، ئافراندنی هونەری «شیعر» لە چوارچێوەی باو و چەقبەستووی وەک

یەکێتیی ئۆرگانیک، تاک ناوەندێتی، ڕەوایەتی هێڵی و زنجیرە پلە و... ڕزگار بکرێ. تێگەیشتن لە بارودۆخی دیکەی جیهانی ئەمڕۆ و بەیانی هونەرمەندانەی ئەو، لەم ڕێگەیەوە چارەسەر دەکرێ.

* تکایە باسی تایبەتمەندییە نەگوتراوەکانی شیعری پاش نیمایی بکەن؟

- نیما گوتەنی: من ئاشقی ئەوەم وا دەجوولێتەوە!

پاش نیمایی تێگەیشتنە لە تێپەڕین لە قۆناغی نیمایی و ئاسانی دەکاتەوە؛ نەک ئەوەی ڕەتی بکاتەوە، یان حاشای لێ بکات. پێشگری «پاش»یش پێداگری لەسەر شکڵ و فۆرمی شیعری نیمایی دەکات و گۆڕانی ڕوانگە و ناوەرۆکی شیعری مۆدێرن بە پێویست دەزانێ. شیعر لە بارودۆخێکی دیکەدا کە چەقبەستووەکانی وێنەیی - مەعریفی شیعری بێگەرد و ڕەسەن و شیعری مۆدێرن تووشی قەیران دەکا، لە ڕاستیدا چاو لەسەر ڕەهەندەکانی دیکەی قۆناغی پاش نیمایی هەڵناگرێ و هەتا ئەو کاتە من بۆم نەدۆزرابووەوە. بە هەر شێوەیەک بێ شیعری پاش نیمایی و دوای ئەو شیعر لە بارودۆخێکی دیکەدا، قۆناغی ئاخر زەمانی شیعری ئەمڕۆی ئێران نییە، شێواز نییە، قوتابخانەش نییە. درۆنگی لەو ڕاستیانەیە کە شیعری مۆدێرنی ئێران لە چەشنی مۆدێرن بووندا، بەرەو کۆنەپەرستی ڕاکێشێ! پاشماوەی ئەو باسوخواسەشم لە بەرایی و کۆتایی کتێبە شیعرییەکان و کتێبە شرۆڤە - ڕەخنەییەکانمدا بە وردی باس کردووە.

* بەڕێز باباچاهی، بێجگە لە شیعر، بەرهەمی بە نرخی دیکەشی لە بواری ڕەخنە و لێکۆڵینەوەدا پێشکەش کردووە، بفەرموون شیعر و ڕەخنە لە ژووری فیکری ئێوەدا تا چ ڕادەیەک پێکەوە سازگارن؟

- ڕەنگە ژووری فیکری من گەورەتر لە ژووریکی چوار لە شەش بێ!! زۆر جار دیتراوە ژن و مێرد سەرەڕای کێشە و دەمەقڕە و ناسازگاری، هەتا کۆتایی تەمەن لێک جیا نابنەوە. لەسەر ئەو باوەڕەن کە بووکەخان (شیعر) بە جلوبەرگی بووکینییەوە (جلوبەرگی سپی) هاتووە بۆ ماڵی زاوا و بە جلوبەرگی سپی (کفن)وە دەڕواتە دەرێ. لە مەر شیعر و ڕەخنەی شیعریشەوە، هەتا ئەو جێیەی من ئاگادار بووم، یەکیان زۆر خانەگومانە و ئیرەیی دەبا، چونکە هەر کاتێک خەریکی کارێکی لێکۆڵینەوە، یان ڕەخنەیی دەبم. شیعر چاوێکم لێ دەقرتێنێ و...

هەر کاتێک مەسەلەی شیعر دێتە گۆڕێ، بەوێ و نەمەوێ لەوی دیکە - ڕەخنە - دوور کەوتوومەوە. هەرچۆنێک بێت خۆتان دەزانن کە من بۆ شیعر هیچ شتێکم کەم نەبووە. با ئەوەیش بڵێم کاتە نەهاتووەکانم - کەم یان زۆر- هەموویم بۆ شیعر تەرخان کردووە:

عەزیزێکت هەیە و زۆر دڵڕفێنە
ئیتر چاوت بە ڕووی کەس هەڵمەهێنە

* بۆ ئەو ڕەخنەیە کە دەڵێن شیعرەکانتان زیاتر شێوەی یەک دەدەن، چ وەڵامێ و بەرەڤانییەکت هەیە؟

- شیعر دەبێ خۆی وەڵام بداتەوە، من چکارەم؟ بەڵام لە کۆڕێکدا کە ڕەشەمەی ساڵی ۱۳۹۰ یەکێک لە بنکە ئەدەبییەکانی تاران بە بۆنەی هاتنە سەر پەردەی فیلمێکی دۆکیۆمێنتارییەوە کە سەبارەت بە شیعر و ژیانی من ساز کرا بوو، محەمەد عەلی سەپانلوو وەک ڕەخنە گوتی کە عەلی باباچاهی بەردەوام خەریکی ڕووخاندنی پێشینەی (ئەزموونەکانی) شیعری خۆیەتی و لە شوێنێک ئۆقرە ناگرێ، بەڵام خاتوو سیمین بێهبەهانی و عەبدەلعەلی دەست غەیب لەسەر ئەو بڕوایە نەبوون. شاعیرانی گەنجیش لەسەر ئەو باوەڕەن و دەڵێن: ئەو (عەلیی باباچاهی) خووی بە دووپاتکردنەوەی خۆی لە پێگەیەکی چەقبەستوودا نەگرتووە و بە وردبینی و تەنزێکی شاراوە و ئاشکراوە لە سنوورە ئارامەکان تێدەپەڕێ و خۆی دەخاتە ئامێزی ڕەشەباوە... (کتێبی درەنگ، تایبەتنامەی ژیانی ئەدەبی عەلی باباچاهی لاپەڕەی ۸۱).

ڕەنگە کەسانێکی دیکەش هەبن کە لەو قسە و بۆچوونانەیان هەیە و من دڵسۆزی هەموویانم، بەڵام خاڵێک کە من دەبێ ئاماژەی پێ بکەم ئەوەیە کە شیعری جیاواز ڕۆیشتنە بە سەر گوریسێکدا کە لە نێوان زەوی و ئاسمان و هەوادا هەڵواسراوە. شرۆڤە و لێکدانەوەی ئەم کارەش، لە کەسانێکی کەم تاقەت و بێ جیکەڵدانە ناوەشێتەوە کە لەسەر ئەو باوەڕەن ئەو شیعرەی لە دڵ دەنیشێ بایەخی جارێک خوێندنەوەی هەیە، کەوایە ڕۆیشتنت بۆ دۆزەخیش کەرەستە و کەلوپەلی خۆی پێویستە، وا نییە؟!

سەرچاوە: ماهنامەی اجتماعی، فرهنگی، ادبی مهاباد شماره ۱۳۸ سال ۱۳۹۱.

وەرگێڕانی چەمک و زاراوە ڕەخنەیی و تیوریکەکان

د. بەختیار سەجادی
(زانکۆی کوردستان لە سنە - بەشی زمان و ئەدەبی ئینگلیزی و زمانناسی)

٢٥- کێشەی وەرگێڕانی ism لە کوردیدا:
خوازی، گەرایی، گەری یان گەرێتی؟

لە زمانی کوردیدا بە مەبەستی وەرگێڕانی ismی ئینگلیزی و ismeی فەرەنسی چەندین پاشگر و ئاوەڵناو بەکار دەهێنرێ کە هەندێکیان بریتین لە خوازی، گەرایی، گەری، گەرێتی، پەرستی و باوەڕی و هەندێ جاریش "تەوەری"، کەواتە هەر ئەمە بەڵگەیە بۆ ئەوەی کە یەک پاشگر دەتوانێ هەڵگری چەندین مانای جیاجیا بێ. سەرەڕای گرنگایەتی ئەم جۆرە زاراوانە و ئاستی بەرفراوانی بەکارهێنانەوەیان لە زۆربەی وتار و نووسینە زانستی، تەنانەت ڕۆژنامەنووسانەکانیشدا من تاکو ئێستا لێکۆڵینەوەیەکم بە کوردی لەسەر ئەم مانا جیاجیایانەی "ئیزم" نەبینیوە، هەربۆیە لێرەدا هەوڵ دەدەم بە کورتی و لە قەبارەی چەند لاپەڕەیەکدا و بە شێوەیەکی پۆلێنکراو بەشێکی زۆر لە بەکارهێنان و مانا جیاجیاکانی ئەم پاشگرە ڕوون بکەمەوە. لێرەشدا ڕووبەڕووی دوو کێشەی سەرەکی دەبینەوە: یەکەم کێشەی مانا جیاجیاکانی پاشگری "ئیزم" و دووەم کێشەی دروست بوون، یان نادروستبوونی ئەو هاوواتا کوردییانەی بۆ ئەم پاشگرە دانراون.

سەرەتا با خێرا ئەوە بڵێین کە "ئیزم" وەک پاشگرێک، یان وەک مۆرفیمێکی بەستراو بە چەقێکەوە، یان بە مۆرفیمێکی سەربەخۆوە لە ڕوالەتی چەندین شێوەی لێکدراودا لە دەقەکاندا دەردەکەوێ کە سێ شێوەی لێکدراوی سەرەکیی بریتییە لە ئیزم (کە هەمان ئیسمە)، ئیست و ئیستیک (ism, ist, istic). لە شێوەی یەکەمدا، واتە ئیزم، یان ئیسم، ڕووبەڕووی ناوێک دەبینەوە، ئینجا چ ناوی قوتابخانە بێ، یان

ناوی ڕوانگەیەکەی فیکری، یان تەنانەت جۆرێک لە پیشە، یان چەمک و تەنانەت تەکنیک، بەڵام لە شێوەی لێکدراوی دووەمدا، واتە ئیست، ڕووبەڕووی ناوی بکەر دەبینەوە، ئەم جارە زاراوەکە دەڵالەت دەکاتە سەر ئەو کەسەی خاوەنی ئەو ڕوانگە و پیشەیەیە، یان ئەو کەسەی بڕوای بە بنەواشەکانی ئەو قوتابخانەیە هەیە. لە شێوەی سێیەمدا، واتە ئیستیک، ڕووبەڕووی ئاوەڵناوێک دەبینەوە. بۆ ڕوونترکردنەوەی باسەکە با ئاوڕێک لە م نموونە سادەیەی خوارەوە بدەینەوە:

ئازادیخوازی liberalism
ئازادیخواز liberalist
ئازادیخوازانە liberalistic

بەڵام کێشەی وەرگێڕانی ئەم تاقمە زاراوانە زۆر لەوەی سەرەوە قوواڵترە. بە مەبەستی کردنەوەی دەلاقەیەک بۆ چوونە نێو باسەکە دەتوانین هەوڵی پۆلێنکردنی مانا جیاجیاکانی ئەم پاشگرە بدەین، پاشان چەند بیروڕایەک لەسەر وەرگێڕانیان بخەینە ڕوو.

١- "ئیزم" لە یەکێک لە گشتیترین شێوەگەلی بەکارهێنانیدا بە مانای «خوازی» دێتە بەکارهێنان وەک ئەم زاراوانەی خوارەوە:

مرۆڤخوازی humanism
سروشتیخوازی naturalism
جیاییخوازی separatism
کۆماریخوازی republicanism

٢- مەرج نییە لە هەر کوێ ئەم پاشگرەمان بینی، خێرا بە پێی یەکێک لەو پاشگرانەی سەرەوە وەری بگێڕینەوە. بۆ نموونە، زاراوەی criticism بە هیچ شێوەیەک وەک ڕەخنەخواز، یان ڕەخنەگەرا وەرناگێڕدرێ، بەڵکو دەبێتە ڕەخنە، یان ڕەخنەکاری. هەندێ لەو زاراوانەی کە ئەم خەسڵەتەیان تێدایە بریتین لە:

شارنشینی (نەک شارخوازی) urbanism
سەرمایەداری (نەک سەرمایەخوازی) capitalism
پەند، بژاردەبێژی (نەک پەندخوازی) aphorism

٣- هەندی جار "ئیزم" دەڵالەت لە جۆرێک پیشە، یان بواری پسپۆڕی دەکات، ئەگەرچی وا دەزانرێ ئەم پاشگرە لە زۆربەی شوێنەکاندا بە مانای خوازی بەکار دەبرێ، بەڵام پێویستە بڵێین کە ئەم پاشگرە لە زۆر شوێندا بەم مانایە بەکار نابرێ. بۆ نموونە، زاراوەی columnist لە گوتاری ڕۆژنامەوانیدا دەڵالەت دەکاتە سەر ئەو کەسەی بە شێوەیەکی بەردەوام لە ڕۆژنامە، یان حەفتەنامەیەکدا ستوون، یان گۆشەیەکی بۆ دانراوە. کەواتە، لە کوردیدا دەبێتە گۆشەنووس، یان ستوونووس، یان هەر بە هەمان شێوە، publicist بەو کەسە دەوترێ کە گوتەبێژی کەسایەتییەکی ناسراوە (زیاتر وەک هونەرمەندانی سینەما، یان گۆرانیبێژان) کە ئەرکی ئاگادارکردنەوەی خەڵکی لە ئەستۆیە لە دوا چالاکی، یان بڕیارەکانی ئەو هونەرمەندە.

دیسانەوە، باشترین نموونە بۆ جۆراوجۆریی وەرگێڕانی ist بۆ سەر زمانی کوردی وشەی footballistە؛ دیارە لێرەدا ناکرێ و ناشبێ ئەم وشەیە بە شێوەی فووتبالّخواز، یان فووتبالّگەرا وەربگێڕدرێتەوە، کەواتە ئەم نموونە ئاشکرایە بەسە بۆ ئەوەی بزانین کە پێویستە زۆر بە وردی و وریاییەوە ڕووبەڕووی وەرگێڕانی پاشگری ism ببینەوە.

٤- هەندێ جار باشتر وایە ئەم پاشگرە، وەک چۆن لەم نموونانەی خوارەوەدا دەیبینین، وەرنەگێڕدرێ و هەر بە هەمان شێوەی خۆی دابنرێتەوە. ئەم پاشگرە لەم حاڵەتەدا، یان بە ناوێکی تایبەت و ناسراوەوە لکێندراوە، یان کۆی زاراوەکە بە تەواوی لە ناو گوتەی ڕۆژانەدا جێ کەوتووە و مانایەکی ئاشکراشی هەیە (لە حاڵەتی دووەمدا دەشکرێ وەربگێڕدرێن):

مارکسیزم Marxism
فرۆیدیزم Freudism
ئێپیکیوریزم Epicureanism
بودیزم Buddhism
سۆسیالیزم socialism
ماتێریالیزم materialism

٥- دەشکرێ لە هەندێ شوێندا ئەم پاشگرە بە شێوەی "پەرستی" وەربگێڕدرێ. لە وەها حاڵەتێکدا ئەوە دەقاودەق و بە شێوەیەکی پاراو مانای خۆی دەردەخات وەک لەم نموونانەی خوارەوەدا:

چێژپەرستی hedonism
ڕەگەزپەرستی racism
هەلپەرست opportunist

٦- لە پاڵ ئەمەشدا، دەکرێ پاشگری ism هەندێ جار بەشێوەی باوەڕی وەبگێڕدرێ:

خواباوەڕی (جیایە لە خواپەرستی) deism
خوا باوەڕ (جیایە لە خواپەرست) deist
وتووێژباوەڕی (یان مەنتیقی وتووێژ) dialogism
وتووێژباوەڕ (ئەو کەسەی بڕوای بە مەنتیقی وتووێژ هەیە) dialogist

۷-ئەم پاشگرە هەندێ جار بە شێوەی "تەوەری" تەرجەمە کراوە، کە ئەمەش دەقاودەق هەمان "محوری" یە لە زمانی فارسیدا. واتە، وەک چۆن لە فارسیدا بۆ زاراوەی دریدایی logocentrism هەندێ جار کەڵک لە "کلام محوری" وەردەگیرێ، وەرگێڕە کوردەکانیش هەندێ جار "ئاخاوتەتەوەری"، یان "گوتەتەوەری" بەکار دەهێنن. ئەم زاراوەیە دەکرێ بە شێوەی "گوتەناوەندی"، یان "گوتە بە ناوەنددانان"-یش تەرجەمە بکرێ.

۸- پاشگری "ئیزم" یان "ئیسم" هەندێ جار دەلالەت لە جۆرێک نەخۆشی دەکات وەک مۆنگۆلیسم (mongolism)، یان سادیسم و مازۆخیسم.

۹- هەروەک لە سەرەوەشدا ئاماژەم بۆ کرد، هەندێ جار ئەم پاشگرە بە هیچ شێوەیەک بە مانای "خوازی" بەکار نابرێ. بۆ نموونە، دانانی زاراوەی "بنەماخوازی" بۆ "ساختارگرایی" (structuralism) ڕۆنانێکی هەڵەیە لە بەر دوو هۆی سەرەکی: یەکەم، دەبێ بنووسرێ "بنەمایی" یان "ساختاری" نەک بنەما و ساختار (لە یاداشتەکانی پێشوومدا هۆکاری ئەمەم بە وردی باس کردووە وەک چۆن وتمان لەم جۆرە ساتانەدا دەبێ بنووسین ڕێژەیی، نەک ڕێژە و میژوویی، نەک میژوو و سروشتی، نەک سروشت و بنەمایی نەک بنەما؛ ئەمەش ئەوەمان بۆ دەردەخات کە هەندێ لەم تاقمە زاراوانە لە فارسیدا بە هەڵە تەرجەمە کراون، وەک چۆن لە بری "ساختاری گرایی" دەنووسن "ساختارگرایی"، یان لە جیاتی "تاریخی گرایی" دەنووسن "تاریخ گرایی" و لە باتی "طبیعی گرایی" دەنووسن "طبیعت گرایی").

هۆی دووەم بریتییە لەوەی کە ئەو بیرمەند و ڕەخنەگرەی لای ئێمە بە "بنەماخواز" ناسراوە بە هیچ شێوەیەک خوازیاری "بنەما" نییە کە ئێمە بە بنەماخواز ناودێرمان کردووە. دروستەکەی ئەمەیە کە ئەو ڕەخنەگرە لە ڕووبەڕووبوونەوەی لەگەڵ بابەتی بەرباسدا بە شێوەیەکی بنەمایی هەڵسوکەوت دەکات و بابەتی بەرباس وەک سیستمێکی بنەمایی و خاوەن دووانە لێکدژەکان و بەشە پێکهێنەکانی تری ئەو سیستمە لە قەڵەم دەدات، کەواتە ئەم ڕەخنەگرە لە کارەکەیدا «گرایش»ی هەیە بەرەو لای هەڵسوکەوت کردن بە شێوەیەکی "بنەمایی"، هەر بۆیەش لە فارسیدا کراوە بە "ساختارگرا" (کە شێوە دروستەکەی "ساختاری گرا" یە).

هەر بە هەمان شێوەش، بیرمەندێکی "سروشتیخواز" کە لە کوردیدا بە سروشتخواز و لە فارسیدا بە طبیعت گرا تەرجەمە کراوە بە هیچ شێوەیەک ئاوڕ لە سروشت و بەشە پێکهێنەرەکانی ناداتەوە، بەڵکو لە لێکۆڵینەوەکانیدا بیرۆکەی بابەتی سروشتی چارڵز داروین ڕەچاو دەکات. دیارە ئەم بیرۆکەیەش بە هیچ لەونێک پێوەندیی بە سروشتەوە بە مانا باوەکەی نییە کە بریتی بێ لە خاک و دار و گوڵ و گیا و چیا و ڕووبار و دەریا. ڕاست بە پێچەوانەوە، بیرۆکەی بابەتی سروشتی لە ئەندێشەی داروینداتیشک دەخاتە سەر دەوری چارەنووسسازی ژینگەی کۆمەڵایەتی و میراتداریتی لە بەسەرهاتی تراژیکی مرۆڤەکاندا، هەر بۆیە بیرمەندێکی "سروشتیخواز" یان "طبیعی گرا" لە لێکۆڵینەوەکانیدا "گرایش"ی هەیە بەرەو لای ڕەچاوکردنی بیرۆکەی بابەتی سروشتی بە گوێرەی تیوریی چارڵز داروین و هێبێرت سپێنسێر.

چەند نووسەرێکی کورد ڕەخنەی تۆندیان لە بەکارهێنانی پاشگری "گەرا" و "گەرایی" گرتووە لە نووسینە کوردییەکاندا، بەڵام وەک لە سەرەوەدا بە کورتی ئاماژەم بۆ کرد و لە یاداشتەکانی تردا بە وردی باسم کردووە، جیاوازییەکی زۆر لە نێوان "خوازی" و "گەرایی"دا هەیە و ئەگەر بۆ هەموو "گەرایی"یەکان "خوازی" دابنێین لە مانای ڕاستەقینەی زاراوەکە دوور کەوتووینەتەوە. پێم وایە ئەگەر پاساوێک بۆ بەکار هێنانی پاشگری "گەرایی" لە زمانی کوردیدا بهێنینەوە، بەشێکی گەورەی گیروگرفتەکانمان لە وەرگێڕانی زۆرێک لەم زاراوانەدا چارەسەر دەکرێ.

لە لایەکی ترەوە، خودی وشەی "بنەما"ش لە لایەن هەندێ کەسەوە و بۆ ئەم مەبەستە بە بنیاد دانراوە. دیارە ئەمە دەستکەوتی نووسەرانی کوردی باشوورە و زاراوەی بنەماییخوازی، یان بنەماییگەرایی لە ئاکامدا کراوە بە بنیادگەری (زیاتر لە کوردستانی عیراقدا)، ئەگەرچی زۆر کەس بنەما و بنیاد (بنیاد، یان بنیات) وەک یەک چاو

لێدەکەن، بەڵام بۆ من لە یەکدی جیان. بنیات زۆر لە بنەڕەت نزیکە، هەربۆیەش "بنیاتیخوازی" بۆ چەمکی essentialism و "بنەڕەتیخوازی" بۆ چەمکی fun-damentalism بەکار دەهێنم. لە لایەکی تردوە، ئەگەرچی زاراوەی structure هەندێ جار بە مانای پێکهاتەش بەکار دەبرێ، بەڵام لە structuralismدا بە مانای پێکهاتە دانانرێ، چونکە مەرج نییە هەموو پێکهاتەیەک لە سەر دوو جەمسەری لێکدژ پێکهاتبێ، کەواتە ئێمە وای بۆ دەچین کە باشترین هاوواتا لە زمانی کوردیدا بۆ structure هەمان بنەمایە:

بنەما structure

بنەمایی structural

بنەماییگەرایی، یان بنەماییخوازی structuralism

بنەماییگەرا، یان بنەماییخواز structuralist

١٠- خاڵی هەرە گرنگ لێرەدا ئەوەیە کە دوو پاشگری "گەری" و "گەرایی" بە تەواوی لەیەکتر جیاوازن، کەچی وەک لە سەرەوەدا پیشانم دا لە کوردستانی باشووردا زۆر بەبێ گرێوگۆڵ سوود لە زاراوەی نادروستی "بنیادگەری" وەردەگیرێ. هەندێ جار تەرجەمەی دروستی پاشگری ism دەبێتە "گەرایی" کە هەر وەک وتم لە "گرایش"ی فارسییەوە هاتووە، کەچی پاشگری "گەری" لە بنەڕەتدا و لە شێوە بەکارهێنانی ڕۆژانەماندا بە مانای کار و پیشە دێتە بەکارهێنان. پاشگرگەلی "گەری" و "گەرێتی" لە کوردیدا ئامادەن و هەردووکیان یەکێکن و زیاتر بۆ پیشە و خووورەوشت بەکار دەبرێن وەک:

ئاسنگەری، خوێڕێگەری، ناوچەگەری (ناوچەگەرێتی)، شانۆگەری، نەشتەرگەری.

کەواتە، بەکارهێنانی گەری و گەرێتی دروستە ئەگەر وەک پاشگر بن بۆ دەرخستنی کار و پیشە و هەڵسوکەوت، بەڵام کە دەوترێ بنیادگەری، یەکسەر هەڵەیە، چونکە ئەو بیرمەندە پیشەی، یان ڕەوشتی 'بنیاد' نییە، بەڵکو «گرایش» ی هەیە بەرەو لای ڕوانین و ڕووبەڕووبوونەوەی دیاردە و بابەتەکان بە شێوەیەکی بنەمایی. گەری و گەرێتی لە «گرایش»ەوە وەرنەگیراون تاکو لە ناوی قوتابخانە فیکرییەکاندا بەکاریان بهێنین. ئەم دوو پاشگرە لە "کار" و "کەر" نزیکن و هیچ پێوەندییەکیان بە "گرایش"ەوە نییە، هەربۆیەش وەک نموونەیەک، زاراوەی "ئیرادەگەرێتی" هەڵەیە (ئەم زاراوەیەم یەکەم جار لە گۆڤاری ئازادیدا بینی).

دوو زاراوەی تازەگەری و سۆفیگەری لەو ڕێسایانەی سەرەوە پێڕەوی ناکەن، بەڵام لە زمانی کوردیدا بە تەواوی جێکەوتوون. سۆفی کەسە نەک پیشە و خوو و ڕەوشت (ئەم زاراوەیە لە فارسیشدا هەیە و بە شێوەی سۆفیگەری سەرەتا لە لایەن ئەحمەد کەسرەوی-یەوە بەکار هێنرا). لە لایەکی تریشەوە، تازەگەری هەمان نوێخوازی-یە، کەچی تازەگەری زیاتر بە مانای کرداری تازەکردنەوەی شتێک بەکار دەبرێ و نوێخوازی زیاتر خواستی نوێکردنەوەی لە هەناویدا هەڵگرتووە. لە لایەکی ترەوە، دەبێ ئەوەش بڵێم کە تازە و نوێ لە مۆدێرن جیان، چونکە تازە و نوێ بەردەوام ئامادەن، کەچی مۆدێرن دەشتوانێ دەلالەت بکاتە سەر سەردەمێکی دیاریکراو. ئەگەر باسی فەلسەفەی مۆدێرن بکرێ، ئەوە مەبەست سەدەی حەڤدەهەمە تا کۆتایی سەدەی نۆزدە و ئەگەر باسی بزووتنەوەی مۆدێرنیزم (modernism) لە هونەر و ئەدەبی ڕۆژئاوا بکرێ، مەبەست ماوەی نێوان ناوەڕاستی سەدەی نۆزدە تا ناوەڕاستی سەدەی بیستەمە. واتە خودی وشەی مودێرن دەشتوانێ هەڵگری مانایاکی تایبەت بێ کە دەلالەت لە سەردەمێکی میژوویی دیاریکراو بکات.

١١- بەڵام، ئایا بەکار هێنانی پاشگری "گەرایی" لە کوردیدا دروستە؟ گەرایی لە گرایش-ی فارسییەوە هاتووە و تاکو ئێستا ئێمە خاوەنی هاوواتایەکی پڕ بە پێست نین بۆ ئەم وشەیە. لە بیرمە چەندین ساڵ لەمەوبەر کە گۆڤاری دەق-مان دەردەکرد، لە زاراوەی "خوازیاری" کەڵکمان وەردەگرت بۆ تەرجەمەی "گرایش"، هەرچەند هەر ئەوکاتەش دەمانزانی کە "خوازیاری" مانایەکی تری هەیە، بەڵام چار نەبوو. لە چاپەمەنییەکانی کوردستانی عیراقدا هەندێ جار بۆ ئەم وشەیە "ئینتیما" ی عەرەبی بەکار دەهێنرێ، هەروەهاش لە سەفەرێکدا بۆ یەکێتیی نووسەرانی دهۆک لە ساڵی ٢٠٠٠دا ئەم پرسیارەم لە وان کرد و وەڵامیان دامەوە کە ئەوان بۆ گرایش "ژێیاتی" بەکار دەبەن. لە لایەکی ترەوە، لە هاوڕێیەکی موکریانیم پرسی، پێی وابوو لە کوردیدا گیرۆدەیی زۆر لە گرایش نزیکە. بە هەر حاڵ، ئەم کێشەیە تا ئێستاشی لەگەڵدا بێ لە لای من بە بێ چارەسەر ماوەتەوە و هەر کەسەک بیرورا، یان پێشنیارێکی باشم سەبارەت بەم پرسە

بداتێ، باریٚکی قورسی له کوٚڵ کردوومەتەوە. هێنده بیرم لەم کێشەیە کردوٚتەوە تاکو جاریٚکیان به مێشکمدا هات لەوانەیە گرایش وەک زوٚر وشەی هاوشێوەی خوٚی له کوردیشدا هەبێ. ئەو وشانەی هاوشێوەی گرایش-ن و له کوردیدا هەن ئەمانەی خوارەوەن:

پەروەرشت، بەخشایشت، فەرمایشت، گوزارشت، خوایشت، ئازمایشت، خوٚرشت، بارشت

له لایەکی تردوە، له کوردیی ئیلامیشدا ئەم وشانەی خوارەوە بەکار دەبرێن کە هاوشێوەی ئەوانەی سەرەوەن:

جەشت (بزووتنەوە)، کنشت (اصطکاک)، ئاڵشت (تغییرات)

وەک مامۆستا مەسعود محەمەد پێی وابوو، له کوردیدا دوو پاشگری شت و ست ناوسازکەرن، ئەمەش له زمانە کۆنە ئێرانییەکانەوە به میرات بوٚ کوردی ماوەتەوە، تەنانەت ئەو پێی وابوو له جیاتی پەروەردە پێویستە بوترێ پەروەرشت، بەڵام ئاخوٚ دەکرێ بڵێین له زمانی کوردیدا گرایشت، یان گەرایشت هەیە؟ له سەر زاری خەڵک هەموو ئەو وشانەم بیستووە، بەڵام تا ئێستا له کەسم نەبیستووە بڵێ گرایشت، یان گەرایشت.

به هەر حاڵ، من پێم وایە بەکار هێنانی پاشگرگەلی "گەرایی" و "گەرا" و "گەرایانە"، با ئەگەر کوردیش نەبن، زوٚر باشترە لەوەی به هوٚی بەکارنەهێنانیانەوە مانای گەلەک زاراوەی ترمان لێ تێک بچێ. من دڵنیام ئەمڕوٚکە زوٚربەی ئەو کەسانەی زاراوەیەکی وەک "بنەماخوازی" دەبیستن، خێرا وەک زاراوەگەلی ئازادیخوازی و مرۆڤخوازی و یەکسانیخوازی لێکی دەدەنەوە، کەچی وەک له سەرەوە باسم کرد، بەم شێوەیە نییە.

خاڵی سەرنجڕاکێش لێرەدا ئەوەیە کە هەندێ پاشگری تر له کوردیدا زوٚر به لێشاو بەکار دەبرێن کە رێوڕاست وەک "گەرایی" وان. ئەگەر نموونەی پاشگرێک بهێنمەوە کە به شێوەیەکی گشتی و به بێ گرفت له کوردیدا بەکار دەبرێ، کەچی ئەو کردارەی پاشگرەکەی لێ وەرگیراوە له کوردیدا نییە دەتوانین باس له پاشگری «دار» بکەین. وەک لەم زاراوانەی خوارەوەدا دەیبینین، پاشگری "دار" ئەمڕوٚکە به تەواوی له کوردیدا جێکەوتووە:

پێوەندیدار، سەرمایەدار، باڵدار، نیشانەدار، خاوەندار، مەترسیدار، وەفادار، کێشەدار، ئاژەڵدار، ئاگادار، پڕشنگدار، بەشدار، مەوادار، مۆڵەتدار، دوکاندار، چەکدار، مەترسیدار، خاڵدار، دیندار، قەرزدار، نازدار.

بێجگە لەمەش، له کوردیدا ناوی تایبەتی "دارا" هەیە و به مانای ئەو کەسەیە کە خاوەن شتێکە. پاشگری "دار" له کرداری "داشتن"ەوە وەرگیراوە به مانای هەبوون، کەچی ئەم کرداره بوٚ خوٚی له زمانی کوردیدا نییە، هەرچەندە له شێوەزاری کەلهوڕیدا ئەم کرداره هەیە و زوٚر له فارسییەکە نزیکە وەک ئەم نموونە فوٚلکلوٚریکانە: جووتێ چاو دێری وەک پیاڵەی چینی، یان گوٚرانیی فوٚلکلوٚری "خاڵ دێری، خاڵ دێری". له هەر دوو نموونەکەدا کرداری "دێری" هەمان "داری"ی فارسییە، هەر بۆیەش، پێوەندیدار، واتە ئەو شتەی پێوەندی به شت یان بابەتێکی ترەوە هەیە؛ یان، دوکاندار ئەو کەسەیە کە دوکانێکی هەیە، کەواتە پێم وایە دەتوانرێ وەک ئەو نموونانەی سەرەوە هەڵسوکەوت بکەین و له پاشگری گەرایی کەڵک وەربگرین بوٚ وەرگێڕانی ئەو زاراوانەی کە به هیچ شێوەیەک واتای "خوازی"، یان "پەرستی"، یان "باوەڕی" له هەناویاندا حەشار نەدراوە وەک :

مێژوویگەرایی	historicism
سروشتیگەرایی	naturalism
تاکگەرایی	individualism
ئەزموونگەرایی	empiricism
ڕۆژئاواییگەرایی	westernism
گومانگەرایی	skepticism

"ئەم شەفەقە"

«پەسنی شێخ ڕەزای تاڵەبانی بۆ مەلا ئەفەندیی هەولێری و داشۆردنی ئەبولهودا ئەلسەییادی»

ئەحمەد تاقانە
(کەرکووک)

ئەم شیعرە لە پێداهەڵدانی مەلا ئەفەندی "مەلای گچکە"دا گوتراوە.

مەلا ئەفەندی: مامۆستای فەرزانا و گەورەدانا ئەبووبەکر ئەفەندیی حاجی عومەر ئەفەندیی هەولێرییە، بە مەلای گچکە "کوچک ملا أفندی" ناسراوە، ساڵی (١٢٤٨ی کۆچی/ ١٨٦٣ی زایین) لە شاری هەولێر لەدایک بووە، تێیدا پەروەردە بووە و زانایەکی فرە بە ناوبانگە، لە مزگەوتی گەورەی قەڵای هەولێر بە درێژایی تەمەنی وانەی گوتووەتەوە و سەدان قوتابیی (مەلا) ئیجازە پێ داوە کە لە کوردستان و شوێنانی دیکە بڵاوبوونەتەوە، پایەیەکی گەورە و بەرزی لە ناوەندە زانستی و سیاسییەکاندا هەبووە، (شەوی پێنج شەممە، ٣١ی کانوونی یەکەمی ١٩٤٢ی زایین) هەر لە هەولێر کۆچی دوایی کردووە. کتێبی لە فیقە و گەردوونناسی و ڕاقەی قورئانی پیرۆزدا هەیە. (١)

مەلا ئەفەندی، هەروەک لە ڕۆشنبیری و زانستە هەرە بەرزەکانی سەردەمی خۆیدا زانایەکی پایە بەرز و بەڕێز بووە، لەلای دەسەڵات و گەورە پیاوانیش جێگەی ڕێز و خۆشەویستی بووە.

شێخ ڕەزا، بێجگە لەم چامەیەی بابەتی سەرەکیی ئەم لێکۆڵینەوەیە، تاکە شیعرێکی دیکەشی هەر بە تورکی بۆ مەلا ئەفەندی گوتووە کە دەڵێ:

سنک تک بر بیوک عالم جهانده وارمیدر؟ کلا!
سکا سوء نظردن حفظ ایچون دیرلر کوچک ملا (٢)

واتە:

داخۆ.. لە جیهاندا زانایەکی گەورەی وەک تۆ هەیە؟ نەخێر!
بۆ لە چاوەزار پاراستنت پێت دەڵێن مەلای گچکە

مامۆستا تەرزی باشی لە پەراوێزی ئەم شیعرەدا نووسیویەتی و دەڵێ:

"..... ئەمە سەرەتای شیعرێکی دوورودرێژی شیعرێکە لەکاتی خۆیدا شێخ ڕەزا گوتوویەتی. بەشەکەی کەمان نەدیتووە. (٣)

ئەم چامەیەی لەبەر دەستماندایە بە تێروتەسەلی لێک نەدراوەتەوە و شی نەکراوەتەوە، لێرەدا هەوڵی ئەوەم داوە، تا پێم کراوە ڕاوبۆچوونی ئەوانەی پێش خۆم لەبارەی چامەکەوە کۆ بکەمەوە .. ئینجا تا توانیومە زانیاریی پێویستم لەبارەی شیعرەکە و هەندێ لایەن لە

شێخ ڕەزای تاڵەبانی

ناوەرۆکەکەیدا کە پێویست بە ڕوون کردنەوە هەیە، بخەمەڕوو و ڕا و بۆچوونی خۆم و ئەو لێکدانەوە و شیکردنەوانەی بەر لە من کراون، بە کۆکراوەیی و بە گشتی بخەمە بەر دیدەی خوێنەران.

من لێرەدا شیعرەکەم لە چاپە جیاکاندا بەراوردکردووەتەوە و شوێنە جیاوازەکانم دەستنیشان کردووە، ئینجا بە سوود وەرگرتنیش لە چاپ و لێکدانەوەکان، کارم تێدا کردووە، بەڵام دەبێ ئەوەش بڵێم کە چاپی ١٩٤٦ی دیوانەکەم بە بناغە وەرگرتووە، لەو بڕوایەوە کە چاپەکانی دوای ئەو سوودیان لەو وەرگرتووە، یانیش دەقاودەق شیعرەکەیان لێ وەرگرتووە و کاریان لەسەر کردووە، هەروەها دەبێ ئەوەش بڵێم: ئەم شیعرە لە چاپی ١٩٣٥ی مەریوانیی بەغدادا نییە.

دەقەکە لە چوار چاپدا بڵاوکراوەتەوە کە: چاپی ١٩٤٦ و چاپەکەی د. موکەڕەم تاڵەبانی و مامۆستا شوکور مستەفا و مامۆستا عەتا تەرزی باشی - ن.

چاپی ١٩٤٦ تەنیا دەقەکەی بەبێ هیچ لێکدانەوەیەک و ئاماژەیەک بڵاو کردووەتەوە، ل/ ٢١٩ - ٢٢١. چاپەکەی مامۆستا تەرزی باشی، دەقەکەی بڵاو کردووەتەوە و بۆنەکەی نووسیوە و هەندێک ڕوون کردنەوەی لە بارەی شیعرەکەوە، نەک بۆ لێکدانەوە و شی کردنەوەی شیعرەکە بۆ نووسیوە ل / ٢١٧ - ٢١٩. = ژمارە / ١٧٦ی پارچە شیعرەکان. هەرچی د. موکەڕەمیشە، دەقەکە و هەندێک زانیاریی لەبارەی بۆنەی دانانی شیعرەکەوە نووسیوە، ئینجا وەرگێڕانێکی سادەی هەموو دێڕە شیعرەکانی بڵاوکردووەتەوە - ل / ١٩٣- ١٩٦. لە (چاپەکەی) مامۆستا شوکوردا هەوڵ دراوە هەندێک بە تێروتەسەلی شیعرەکە، شی بکرێتەوە و لێک بدرێتەوە و تا ڕادەیەک سەرکەوتوو بووە - ل / ٤٨٤ - ٤٩٠.

چاپی ١٩٣٥ی مەریوانی - ئەم شیعرەی تێدا نییە، هەروەها دەمەوێ بڵێم کارێکی باشم لە پەراوێزەکاندا کردووە، جا گەڕانەوە بۆ سەر پەراوێزەکان پێویستە.

**

ئەوانەی هەوڵی لێکدانەوەی دیوان و شیعرەکانی شێخ ڕەزایان داوە هیچ یەکێکیان خۆی لە قەرەی ئەو پرسیارە نەداوە، کە ئەم چامەیەی لە پەسنی مەلا ئەفەندییەوەیە بە بۆنەی چییەوە بووە؟! لەپاڵ ئەو هەموو پێداهەڵدانە شایستەیەی مەلا ئەفەندییە، ئەو هەموو ڕەخنەیە لە زەمانە و ئەبولهودا - ئەلسەییادی و هی دیکەیە، چ پێوەندییەکی بەم بۆنەیەوە، هەیە؟.

لە لێوردبوونەوەی چامەکەوە هیچمان بۆ دەرنەکەوت، ئەو باسانە پێوەندییەکیان بە مەلا ئەفەندییەوە هەبێ. تەنیا ئەوە نەبێ وەک شیعر بە بۆنەی ئەو پێداهەڵدانەوە، شاعیر بەو شێوەیە دەردی دڵی خۆی دەربڕێ و بەرانبەر بارودۆخی ئەو سەردەمە هەڵوێست بنوێنێ و ناڕەوایی و نادادوەریی دەسەڵات باس دەکات کە کەسێکی گەورە و باڵای وەک مەلا ئەفەندی دەبوو لەو شوێنەی وا ساختەچییەکی وەک ئەبولهودای لێ دانراوە و کراوەتە شەیخولوزەرا!!.

چامەکە بە هێرش بردنە سەر فەلەک (چەرخی چەپگەرد) و ڕۆژگار و بارودۆخی ئەو سەردەمەی ولاتی عوسمانی دەست پێ دەکا و ئەو گلەییەی لەشوێنگەلی وەک ئێرەدا لە فەلەک "چەرخی گەردوون" دەکرێ، کە لێرەشدا هەر کراوە، دەشێ بە گەلێک جۆر لێک بدرێتەوە ئەوەش ئەوەیە کە لەڕاستییدا دەبێ ڕەخنەیەک بێ ئاراستەی ڕژێم و دەسەڵاتدارانی سەردەم کرابێ، کە

شاعیران و گلەکاران، یان لەبەر هۆی هونەری بەتوانجەوە قسە دەکەن، واتە لە ترسی دەسەلاتی درندە ناوێرن ڕاستەوخۆ ڕەخنە و گلەییەکانیان ئاراستەی ڕژێم و فەرمانبەرانی سەردەم بکەن. یانیش لەبەر نەزانینی ئەوەی جلەوبەدەستان بەرپرسن لەو دۆخە و ئۆبالیان لە ئەستۆیە، بۆیە گلەییەکە ئاراستەی شتێکی ئالۆز و نادیار دەکەن.

بە هەر حاڵ لە چامەیەکی وەک ئەمەی ئێرەدا، وەک دەبینین، گەلێک ڕەخنەی ئاشکرا و دیار و بە تونديش لە ڕژێمی عوسمانیی ئەو سەردەمە و دەسەلاتداران گیراوە. چامەکە بە شێوەیەکی ئەوتۆ بەرزە، دەشێ ئاراستەی هەموو سەردەمێکی ناجێگیر و ئالۆز بکرێ.

**

ئەم چامە شیعرییەی خوارەوە کە مەبەست و بابەتی سەرەکیی ئەم وتارەی ئێرەمانە، وەک وتمان، لە پێداهەڵگوتن و پەسنی مەلا ئەفەندیدا گوتراوە، بەڵام لەناو شیعرەکەدا بە سەروگوێلاکی "ئەبولهودا - ئەلسەییادی"دا هاتووەتە خوارێ و دایشۆردووە، بۆیە دەبێ بزانین ئەم کابرایە کێیە و بۆچی شێخ ئەو هەڵوێستەی لە بەرانبەردا نواندووە؟!

ئەبولهودا ئەلسەییادی

محەمەدی کوڕی حەسەن وادیی کوڕی عەلیی کوڕی خوزام ئەلسەییادیی ڕیفاعیی حوسەینییە، ئەبولهودا: ناودارترینی زانایانی سەردەمی خۆیەتی. هەر لەسەردەمی خۆیەوە تا دوای خۆشی هەڵوێستی لایەنگیرانە و دژایەتی کارانی زۆر بووە. هەندێک بە ساختەچی و فڕوفێڵبازی و هەندێک بە زانایی و دەروێشی و خودا پەرستییان باس کردووە. بەهەردوو بارەکەدا دەیان، یان پتر کتێب و وتاری لەبارەوە نووسراوەتەوە.

ئەبولهودا ئەلسەییادی (١٢٦٦ - ١٣٢٨ی کۆچی = ١٨٤٩ - ١٩٠٩ی زایین)، لە "خان شەیخوون"ی سەر بە "مەعەڕە" لە دایک بووە و لە حەڵەب خوێندوویەتی و هەر لەوێ کراوەتە "نەقیبولئەشراف"، ئینجا چووەتە ئیستەنبوڵ و تێیدا نیشتەجێ بووە و پێوەندیی بە سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەمی عوسمانییەوە کردووە و پۆستی شێخایەتیی شێخان (مشیخة المشایخ)ی دراوەتێ، متمانەی سوڵتانی بەدەست هێناوە و نزیکەی سی ساڵان لە خزمەتدا ماوەتەوە. کە عەبدولحەمید لە دەسەڵات خرا، ئەبولهودا بۆ دوورگەی میران "رینکیبو" دوورخراوەتەوە و لەوێ کۆچی دوایی کردووە.

هەروەها زەرکەلی دەڵێ: گەلێک کتێبی نووسیوە، گومان لەوە دەکەم هی خۆی بن، لەوانەیە هەندێکی لەوانە بە هەندێک لەو زانایانەی دیکە نووسیبێتەوە کە کۆڕەکەیان جێ نەدەهێشت، یان هەندێکی پێ وتبنەوە و ئەوان تەواویان کردبێ. قسەی لەلایەن سوڵتانەوە ڕەت نەکراوەتەوە و لە دامەزراندنی قازییەکان و موفتییەکاندا دەستێکی بالای بووە. (٤)

دیارە لەبارەی ئەبولهودا الصیادی-یەوە - وەک ئاماژەم پێ دا - گەلێک کتێب و وتار و لێکۆڵینەوە و ڕاو بۆچوون بڵاو کراوەتەوە، بەڵام لەلایەن ڕۆشنبیرە کوردەکانی ئەم سەردەمەمان کەسێکم بەرچاو نەکەوتووە لەم بارەیەوە نووسیبێتی، بێجگە لە مامۆستا "عەبدولڕەحمان پاشا" کە وتارێکی "بە عەرەبی" لەم بارەیەوە نووسیوە. (٥)

بەپێی وتارێکی عەبدەڕڕەحمان بەگی بەدرخان پاشا کە لە ژمارە / ٦ی کوردستان - دا بە تورکیی نووسیوە، ناکۆکییەکە بەم جۆرە دەست پێدەکا، بە کورتی دەڵێ: "مەدحەت بەگی برام بەهۆی نەخۆشیی سینگەوە و لەسەر پێشنیاری پزیشکان چەند جارێک داوای ڕێ پێ دانی کردووە بچێتە میسر. ناچار بێ ئەوەی ڕێی بدرێتێ دەچێتە میسر. بەم جۆرە "بولهودا" پیلانی بۆ ڕێک دەخا و بە هەڵاتووی دادەنێ و چەند برایەکی لە ئیستەنبوڵ بە گرت دەدا و هەڕەشەیان لێ دەکرێ، بەفێڵی ئەوەی گوشارێک بێ و ببێتە هۆی لە میسرەوە هاتنەوەی مەدحەت بەگ، کە ئەوەش نەکرایە، خۆی هەر دەهاتەوە و لە گەڕانەوەی مەدحەت بەگیشدا دەیگرن و لێشی دەدەن. (٦) بەڵام دیارە ئەم ڕووداوانە پێوەندییان بە چالاکییەکانی بەدرخانییان و دەرکردنی ڕۆژنامەی کوردستانەوە هەیە.

لە سەروتاری (بە تورکیی) لاپەڕە/ ١ی ژمارە/ ٧ی ڕۆژنامەی کوردستاندا عەبدولڕەحمان پاشای بەدرخان دەنووسێ و دەڵێ:

"لەوەی کە بوونەتە گەمەی ستەم و شێواندنی ستەمکارێکی وەک "بولهودا" کە هەمیشە هەوڵی خڵافاندنی زاتی هومایۆنی (شاهانە)تان دەدا و لە

مەلا ئەفەندی

ئەنجامی بەرگە نەگرتنی ئەم بارودۆخە، پێنج لە براکانم کە ویستوویانە ئیستەنبوڵ بەجێ بهێڵن و بچنەوە کوردستانی کۆنە مەڵبەند و نیشتمانی ڕەسەنی خۆیان، وەک تاوانبار بن لە قشڵەی بەردین "طاش قشلە" گیراون و بەند کراون و خستووتانە ژێر ئەشکەنجەوە، .. تاد." هەروەها بولهودا بە "أبو الظلال" و "بەڕەسەن قیبتی"ی ناودەبا و کارەکانی سوڵتانیش دەداتە پاڵ ئارەزوو و هەوەسی بولهودا... هەروەها باس لەوە دەکا کە لە فەرمانگەی دەوڵەتدا لە "ئەمین بەگ"ی براگەورەی دراوە.

دژایەتیی بەدرخانییان دەگاتە ئەو ڕادەیەی عەلی بەگی بەدرخان بچێتە مالّی بولهودا و لەوێ لێی بدا، مالمیسانژ لە کتێبی "بەدرخانییانی جزیرە و بۆتان"دا تا ڕادەیەک وردەکاریی ئەم دۆزەی باس کردووە، هەروەها دەگوازێتەوە و دەڵێ: دوای گەڕانەوەی عەلی شامیل لە مەککە، خۆی و براکانی بە خراپە باسی "ئەبولهودا"ی هەڵبژاردەی سوڵتان دەکەن، لەسەر ئەمە بۆ شام دوور دەخرێتەوە، بەڵام دوای ماوەیەک لە شامەوە دەهێنرێتەوە و ئەو پایەیەی دەدرێتێ کە زانراوە. (۷) بەڵام عەبدولڕەحمان بەگی بەدرخان دەڵێ: "تەنیا لەبەر ئەوەی عەلی بەگی بەدرخان خزمەت کردنی ئەبو دەلال "ئەبولهودا"ی ڕەت کردووەتەوە، پلەی "عەقید"ی لێ وەردەگیرێتەوە و بەو پیربیە دەخرێتە زیندانەوە. (۸)

هەروەها دەبینین دریژەی ئەم ناکۆکییەیان لە سەر لاپەڕەکانی ڕۆژنامەی "کوردستان"ی یەکەم ڕۆژنامەی کوردیدا ڕەنگی داوەتەوە. (۹)

بێجگە لەمە، وادیارە "خدێوی عەببباسی دووەم"ی فەرمانڕەوای میسری ئەو سەردەمە یەک لە ناحەزانی بولهودا بووە، سالّی ۱۹۰۱ "هەتیو"ێکی سەییادی کە ناوی (شەکیب) بووە لەدەستی هەڵدێ و پەنا دەباتە بەر میسر، خدێویش ئەمە دەقۆزێتەوە و "حافز ئیبراهیم"ی شاعیری ناوداری میسر، هان دەدا و شیعرێکی پێدا هەڵدەڵێ بۆ ئابڕووبردنی بولهودا کە سەرەتای ئەو شیعرەی " به زمانی بولهوداوه نووسراوه" دەڵێ:

احرق الدف لو رأيت شكيبا
وأفض الاذكار حتى يغيبا
هو ذكري و قبلتي وإمامي
وطبيبي إذا دعوت الطبيبا
لاتعيبن يا شكيب دبيبي
إنما الشيخ من يدب دبيبا
فسلوا سبحتي فهل كان تسبي
حي إلا شكيبا شكيبا (۱۰)

واتە:

دەف دەسوتێنم شەکیبم ئەگەر بینی
ئەلقەی یادکردنەوەی خودا بلاوە پێ دەکەم تا ون دەبێ
ئەو زیکرمە و ڕووکارمە، پێشەوامە
پزیشکیشمە گەر پێویستم بە پزیشک بوو

ئەوەی شایەنی باسە، بەڵگەی ئەوتۆ لە بەردەستدایە کە خدێوی عەببباس حیلمیی دووەم -ی خدێویی میسر، بنەماڵەکەیان بەڕەسەن کوردبن!! (۱۱)

وەک باس کرا، کە سوڵتان عەبدولحەمید لە دەسەڵات خرا، ئەبولهوداش لە بەرزەکی بانانی خۆیەوە بەر بووەوە و دیارە، شێخ ڕەزا لە کەوتنیشیدا شیعرێکی - هەر بە تورکی - بۆ گوتووە و پەندی بۆ هەموو دەسەڵاتدارانی داداوە و لە دوو دێڕە شیعری سەرەتایدا دەڵێ:

كيمسه مغرور أولماسون دنياده جاه و مالنه
عبرت الملق لازم أولدي (بو الهدى نک) حالنه
بر زمان صدر وزارت رتبەسی ایدی ناگهان

چالدی بر تکمه فلک اول مفسدن اقبالنه (۱۲)
واته:
کەس لە جیهاندا بە پایەو پلە و سامانی بایی نەبێ
بووە پێویست لە بارودۆخی بولهوداوە پەند وەربگیرێ
سەردەمانێک پۆستەکەی سەرۆکایەتیی وەزیرێتی بوو، ناکاو
فەڵەک پێلەقەیەکی لە دوارۆژ و داهاتووی ئەو بەدکارە دا

***

دەقی چامەکە
۱) بو شفق کیم فلکک لکەء دامانیدر
پایمال ایتدیگی مظلوملرک قانیدر
۲) اه مظلوم، نسیم چمن مفخرتی
دهن زخم جگر، غنچەء خندانیدر
۳) مطلع جدی، چراگاه حمل، خانەء ثور
بر طاقم جانورک عرصەء جولانیدر
٤) اوستنه قونمش اسد، سرتنه بنمش سرطان
روز و شب ملعبەء عالم حیوانیدر
۵) گر بو وحشیلک ایسه نطفەء آباء
مدنیت صفت غول بیابانیدر
٦) گیچ بو اقبال جهاندن، نەسعادت اومولور
بر بنادک، که ستم أعظم أرکانیدر
۷) بر بوقک گوکسنه جوهرلی نشانلر دیکلور
که فلان، مملکتک قوجه قوماندانیدر
۸) بر اوصورغانی ایدر پوست نشین ارشاد
صانکه (ویسی القرەنک) زبدەء اقرانیدر
۹) (بو الهدی) کلب حلب، مخلصی عالیسی ایکن
شمدی شیخ الوزرا طرەء عنوانیدر
۱۰) اویله محصول زنا، خائن مادر بخطا
رخنەجویی نسب حضرت گیلانیدر
۱۱) بو کبی ایشلری چوقدر فلک سفله نواز
ایستەمز هرنه آدی شیمەء انسانیدر
۱۲) اصل انسان دیدیکک جوهر نایاب اگر
اولسه، أربیلدەکی علامەء ربانیدر
۱۳) حضرت (حاجی عمر زاده کوچک ملا) کیم
مایەء کسب غنا سایەء احسانیدر
۱٤) کیمیا ممکن ایسه، حاصل فیض نظری
جام جم وار ایسه، آینەء وجدانیدر
۱۵) (ابن سینا) گبی چوق عالمه حکمت گستر
سبق آموختەء مکتب عرفانیدر
۱٦) نامه پیرای حکم، خامەء معجز أثری
چهره پرداز کرم دست زر افشانیدر
۱۷) مظهر صدق و صفا آینەء ناصیەسی
مطلع شمس و قمر چاک کریبانیدر
۱۸) خرقەپوشان در خانقه ارشادی
ایروشوب هربری بر خواجەء خرقانیدر
۱۹) چونکه تنظیم ثنادک صوره تقدیم دعا
نزد ارباب سخن شرط سخندانیدر
۲۰) قالدیروب درگه مولایا (رضا) دست نیاز
بر دعا ایله هنگام دعا خوانیدر
۲۱) مهر اقبالی جهانگیر اوله تا مهر و منیر
بو رواق فلکک زینت ایوانیدر

***

لێکدانەوەی چامەکە:
۱) بو شفق کیم فلکک لکەء دامانیدر
پایمال ایتدیگی مظلوملرک قانیدر
واتە:
ئەم شەفەقەی کە پەڵەی سەر داوێنی فەڵەک (دەسەڵات)ـە
خوێنی ئەو ستەمدیدانەیە وا پێمالّی کردوون
ئەم (شەفەق)ـە سوورایییەی پاش خۆرئاوابوونە، (۱۳) کە پەڵەی سەر داوێنی "فەڵەک"ـە:
مەبەست لە "فەڵەک" چەرخی گەردوونە و لە ئەدەبی کلاسیی خۆرهەڵاتیدا هێمایە بۆ ڕۆژگاری زۆردار و مرۆچەوسێن، کە لە کوردی و فارسیدا "چەرخی چەپگەڕ، یان چەپگەرد"یان پێ گوتووە. ئەم دەستەواژەیە، لێرەدا شاعیر لەبەر کاری هونەری بەکاری هێناوە، دەنا شێخ ڕەزا ئەوەند ئازا و بوێر بووە، گەلێک قسەی ڕەقی ڕاستەوخۆ گوتووە.
ئەو ڕەنگە سوورەی شەفەقە، کە پەڵەی سەر داوێنی فەڵەکە.
خوێنی ئەو ستەمدیدانەیە وا لە ژێر پێیدا پاڵێشاندوونی.
د. موکەڕەم تاڵەبانی ئەم دێڕەی بەهەڵە، بەم جۆرە لێکداوەتەوە:

ئەم شەفەقە کێیە، خاڵی ڕۆشن کەرەوەی فەلەکە
خوێنی ئەو زۆر لێ کراوانەیە کە پامااڵ کراوە (١٤)

هەڵەکەش لەوەوە هاتووە کە وشەی (کیم) دوو واتای هەیە (کێ؟) و (کە، یان کەوا) کە لە شیعرەکەدا مەبەست واتای دووەمیانە.

لە چاپەکەی (تەرزی باشی) دا، وشەی (آل) لە پێش (قانیدر) دا زیاد کراوە، لە جیاتی خوێنیەتی بووەتە خوێنی ئاڵیەتی، کە هەروەک پێویست بەوە ناکا و بەبێ ئەو جوانتریشە، هەروەها کێشی دێرە شیعرەکەش تێک دەدا.

٢) آه مظلوم، نسیم چمن مفخرتی
دهن زخم جگر غونچهء خندانیدر

واتە:

ئاهی ستەمدیدە، شەمااڵ، شەمااڵی جێی شانازیی چیمەنە
زار (دەم)ی زامی جەرگ، خونچەی پشکووتوویەتی

واتە بەڵای ستەمکار و زۆردارەوە، ئاهی ستەم لێ کراو وەک شەمااڵێکە، چیمەن شانازیی پێوە دەکا، هەروەها دەمی زامی جەرگی ستەم لێ کراویش خونچەگوڵی پشکووتووی ناو چیمەنە.

شاعیر، بریتی جەرگی ستەمدیدانی جارێک بە دەمی وازی لە گۆ نەکەوتوو شوبهاندووە، کە باسی ستەم و زۆرداری دەکات و جارێکیش لەبەر سووری و ئاڵیی ڕەنگی خوێنەکەی بە خونچەگوڵێک چووانووە کە تازە دەمدەکاتەوە و دەپشکوێ.

ئەم لێکچووانەنی بریتی جەرگە بە دەمی کراوە و بە خونچەی کراوەی پشکووتووە، شیعرێکی (جەواهیری) (١٥)ی شاعیری گەورەی عەرەبمان بیر دەخاتەوە بۆ "جەعفەر"ی برای شەهیدی ڕاپەڕین "وثبة"ی دژی پەیمانی پۆرتسمۆسی نێوان عیراق و بەریتانیا، گوتووە و دەڵێ:

أتعلم؟ أم أنت لاتعلم؟!
بأن جراح الضحایا فم
فم لیس کالمدعي قولة،
ولیس کآخر یسترحم

واتە:

ئایا دەزانی؟ یان تۆ نازانی؟!
زامەکانی قوربانییان دەم (زار)ێکە؟
زارێکە نەک قسەی لافوگەزاف بێ،
یان وەکی دیکەی داواکاری بەزەیی..

**

٣) مطلع جدی، چراگاه حمل، خانهء ثور
بر طاقم جانورک عرصهء جولانیدر

واتە:

هەڵهاتن و دەرکەوتنی بزن و لەوەڕگەی کارژۆڵە و خانە و مۆڵگەی گایە (ئەم گەردوونە !!)

ئاقار و زەوییەکە کۆمەڵە جانەوەرێکی تێدا دەگەڕێ.

جێی هەڵهاتنی، یان دەست پێکردنی کەلووی بزن، کەلووی دەیەمی دوازدە کەلووی بازنەی کەلووەکانە لەلای باشووری ئاسماندا، لەوەڕگەی کارژۆڵە (کەلوو)، کە یەکەم کەلووی بازنەی کەلووەکانە و یەکەم خاڵی ئەم کەلووە دەکەوێتە خۆش بوونی بەهار، خانەی ثەور "گا"، دووەم کەلووە، خۆری تێدا لە ناوەڕاستی بەهاردا دەبێ.

عەرصەی: (پارچە زەویی بەتاڵی هیچ لەسەر بنیاد نەنراو)ی تێدا گەڕانی تاقمێک گیانەوەرە.

شاعیر "بزن و کارژۆڵە و گا"ی بە دوو واتا بەکارهێناوە، یەکەمیان وەک ناوی کەلووەکانی ئاسمانی لای گەردوون ناسان و دووەمیان وەک گیاندارە ئاساییەکان، کە شاعیر توانج لە گەردوون و بارودۆخی سەردەمەکەی دەگرێ و بە جێ لەوەڕ و تێداگەڕانی ئاژەاڵن داناوە، مەبەستیش لەوە نەبوونی پیاوی شایستەیە لە شوێنی شایستە.

یەکەم وشە لە چاپی ٤٦ دا لە جیاتیی (مطلع) بە (مطاع) نووسراوە، دیارە دەبێ هەڵەی چاپ بێ.

٤) اوستنه قوئش اسد، سرتنه بنمش سرطان
روز و شب ملعبهء عالم حیوانیدر

واتە:

شێری بەسەردا نیشتووە، قرژانگ (قرژاڵ) سواری سەر شانی بووە.
کە گەردوون بە ڕۆژ و بە شەو بووەتە یاریگەیەکی ئاژەاڵن..

شێر و قرژاڵ، زانراو و ناسراون، هەروەهاش ناون بۆ دوو کەلووی گەردوونی.

کەلووی شێر پێنجەمین کەلووە و لەلای باکووری ئاسمانەوەیە.

کـەلووی قـرژالّ چوارەمین کـەلووە، لەلای باشـووری ئاسمانەوە..

نازانم لەسـەر چ بنەمـایەک مـامۆسـتـا شوکـور، شـێـر-ـەکـەی بە ئـینگلیـز داناوە؟ دەبێ هەر لەبەر ئەوە بێ کەلووەکە لە باکووری ئاسمانداید و ئینگلیز لە باکووری گۆی زەویدا؟! ئەدی قرژالّی بۆچی بە ڕووس داناوە؟!.

خۆ ئەگەر بەو جۆرە بێ، دەبێ "بزن (جدی) و کارژۆلّە (حـمـل) و گـا (ثور)ی دێرە شـیـعـری پێـشـتـر"یش هەر یەکـەیان بە دەولّەتێک، یان بە نەتەوەیەک دابنێین. ئەوەشم بەلاوە زۆر دووڕە.

ئەمـە بێـجگە لەوەی لەکـۆنەوە وەک دروشم (شـێـر و خورشید) هێما و دروشمی ئێرانن!! (١٦) (١٧)

٥) گر بو وحشیلک ایسه نطفهء آباء مدنیت صفت غول بیابانیدر

واتە:

ئەگـەر نـوتفـە "ئاوی زگـوزێی باوک و دایکانمان، واتە بەرهەم و بەروبوو و ئەنجامی کاری ئەوان ئەم درندایەتییە بێ، دەبێ شارستانی پەسنی دێوی بیابانی بێ.

٦) گیچ بۆ اقبال جهاندن نەسعادت اومولور بر بنادک که ستم اعظم ارکانیدر

واتە:

دەست لەم داهاتووی جیـهـانـە هەلّبگرە و لێی گـەڕێ، ئومێـدی چ شـادییـەک لە بنیـادێک دەکـرێ کـە سـتـەم و زۆرداری گەورەترین گۆشە بناغەکانیەتی.

بەدەسـتـەواژەیەکی دیکە دەلّێ: بنیـادێک کـە لەسـەر بناغـەیەک دروست کـرابێ بەهێـزترین و گـەورەترین گۆشەکانی ستەم و زۆرداری بێ، چ ئومێدێکی شادمانیی لێ دەکرێ؟! کەواتە هەر لێی گەڕێ و وازی لێ بهێنە.

مـامۆسـتـا شـوکـور بەم جۆرەی لێک داوەتەوە و دەلّێ: "لەم ئیقبالّ و دەولّەتی جیهـانـە دەست هەلّگرە"، ئەمە بۆ بەشی یەکەمی نیـوەدێڕی یەکەم ڕێکە، بەلاّم کە بۆ بەشی دووەمی نیـوەدێڕی یەکـەم و نیـوەدێڕی دووەم دەلّێ: "بەخـتـەوەرییـەک لە بینایەک کـە سـتـەم گـەورەترین پایەکـانیـەتی، چ ئومـێـد دەکـرێ"، ئەگـەرچی واتاکـەی بەدەستەوە داوە، بەلاّم هەندێک ئالّۆزە، باشتر بوو بلّێ: ئومێدی چ بەختـەوەرییـەک لە بینایەک دەکرێ کە ستـەم گەورەترین پایەکانیەتی !.

د.مـوکـەڕەم، وشـەی گـێچ-ی بە بڕۆ.. لێکداوەتەوە، ئەگـەرچی یەک لەو واتایانەی ئەم وشـەیە بڕۆ-یە، بەلاّم لێـرەدا واتەی: لێگەڕێ و دەسـتـبـەرداری ببـە و...تاد، دەگەیەنێ.

٧) بر بوقک گوکسنه جوهرلی نشانلر دیکلور که فلان مملکتک قوجه قوماندانیدر.....

واتە:

نیشان "مێدالّیا"ی بە گەوهەری ڕازاوە بە سەرسینگی گوویەکەوە دەکرێ کە فلاّنەکەس، پیرەسەرکردەی ولاّتە.

وشـەی "دکلور"ی دواوشـەی نیـوەدێڕی یەکـەم دوو واتا پتری هەیە: دەدورێت، دەچەقێنرێت و...تاد. یەکـەمیان بۆ ئێـرە گـونجـاوترە، وەک د. مـوکـەڕەم لێکی داوەتەوە دەلّێ:

بەسینگی گوویەک نیشـانی گەوهەردار دەدورێت، کە گەورە قوماندانی فلاّن ولاّتە.

مامۆستا شوکوریش بەم جۆرەی لێکداوەتەوە دەلّێ:

نیـشـانـی جـەوهەردار بە سـینگی گـوویەکـەوە دەچەقێندرێ، کە گۆیا قوماندانی زەبەلاحی فلاّن ولاّتە.

نیـوەدێڕی دووەم وەک لێکدراوەتەوە ڕاستە کە (فلاّن) بدرێتە پاڵ (مملکتک) و بەم جۆرە بنووسرێتەوە "سەرنجی جێی فـاریزەکان بدەن" بەم جۆرە: کە فلان مملکتک، قۆجە قوماندانیدر.

بەلاّم ئەگەر جێی فـاریزەکە بگۆڕینەوە بۆ دوای وشەی فلاّن و بەم جۆرەی بنووسینەوە: کە فـلان، مملکتک قـوجە قـومـانـدانیدر. واتاکەی بەم جۆرە لێ دێتەوە، کە هەردوو لێکدانەوەکەش ڕاست دەبن:

نیـشـانـە و مـێـدالّیـای بە گـەوهەر ڕازاوە بە سـینگی "گـوو"یەک دەدورێت، کـە فلاّن "ئەو کابرایە"، سەرکردەی گەورەی ولاّتە، یان پیرە سەرکردەی ولاّتە.

لە چاپی ٤٦ دا لەسـەر (ھ)ی وشـەی قـوجە هەمزەیەک دانراوە، واتە بووەتە (قوجەء) کە دەبێ هەلّەی چاپ بێ.

٨) بر اوصورغانی ایدر پوست نشین ارشاد صانکه (ویسی القرەنک) زبدهء اقرانیدر

واتە:

تڕکەنێک دەکاتە پۆستنشین (جێنشین)ی ڕابەرایەتی،

وەک بڵێی لە هەڵبژاردە و کاکڵەی هاوەڵانی "وەیسولقەرەنی"ی چاکی موسڵمانی ناسراوە.

وەیسی قەرەنی: وەیسی کوڕی عامری کوڕی جوزء-ی کوڕی مالکی قەرەنییە. لە شاری "قەرن"ی یەمەندا لە دایک بووە، یەکێکە لە چاکە موسڵمانەکان، بە سەردەمی پێغەمبەر ڕاگەییوە و نەیدیتووە. لە لایەنگیرانی عەلیی کوڕی ئەبوو تالیب بووە و وەک دەڵێن ساڵی ٣٧ی کۆچی / ٦٥٨ی زایین لە شەڕی "سەفین"دا کوژراوە. لە پارێزگەی ڕەقەی سووریا نێژراوە. (١٨)

٩) (بو الهدی) کلب حلب مخلصی عالیسی ایکن شمدی شیخ الوزرا طرەء عنوانیدر

واتە:

لەکاتێکدا نازناوی بەرزی "بولهودا" سەگی حەڵەب بوو،

ئەمێستا ناوونیشانی، شەیخولوزەرایە کە بە تورە دەنووسرێ.

طورە: یان طرە: لە بنەڕەتدا بە قژی لوولی جوانانی سەر نێوچاوان گوتراوە، (١٩) دواتر بە جۆرە نووسینێکی ناوونیشانی سوڵتانەکان و پیاوگەورەکان گوتراوە.

لێرەدا وشەی "مخلص"ی عەرەبی دەبێ بە "مەخڵەس" بخوێنرێتەوە کە لەگەڵ تەخەللوس "تخلص"یشدا نازناو دەگەیەنن، کەچی مامۆستا شوکور مستەفاش و د. موکەڕەمیش بە "موخلیس"یان خوێندووەتەوە و بە دڵسۆزیان لێکداوەتەوە. لە لێکدانەوەی دێڕەکەدا شوکور مستەفا دەڵێ: "بولهودا، سەگەکەی حەڵەب، کە دڵسۆزی جەنابی عالیی بوو، هەنووکە تورەی ناوونیشانی شەیخولوزەرا، پیری وەزیرانە.

هەروەها د. موکەڕەم تاڵەبانی - ش، بەم جۆرەی لێکداوەتەوە و دەڵێ: "(بولهودا)ی سەگی حەڵەب کە نۆکەری شکۆی بوو، ئێستا (شەیخولوزەرا) گورەی ناوونیشانیەتی".

لێکدانەوە ڕاستەکەی ئەوەیە کە لەسەرەوەم نووسیوە.

١٠) اویله محصول زنا، خائن مادر بخطا رخنەجویی نسب حضرت گیلانیدر

واتە:

قسەکە هەر ئاراستەی بولهودایە، دەڵێ: بولهودایەک کە بەرهەم "وەچە"یەکی ناشەرعیی زینای وەهای دایک بە هەڵە "ناپاکی کردوو"ی ئەوتۆیە.. بەدوای ڕەخنەیەکدا دەگەڕێ، تانە لە سەرجەڵە و بنەوانی بەڕێز شێخ عەبدولقادری گەیلانی (٢٠) بدا.

١١) بو کبی ایشلری چوقدر فلک سفله نواز ایستەمز هرنه آدی شیمەء انسانیدر

واتە:

ئەم فەڵەکە سپڵە لاوێنە، کاری لەم جۆرەی زۆرە ئەو، هەرچییەک ناوی خوو و ڕەوشتی مرۆیانەیە نایەوێ

شوێنی وشەی (آدی) لە چاپی ٤٦ی دیواندا بە بەتاڵ هێڵراوەتەوە و من لە چاپەکەی تەرزی باشییەوە چاکم کردووەتەوە و لە چاپەکەی د.موکەڕەم -دا: دیرسن دانراوە، واتای نیوەدێڕەکە دەبێتە: هەرچییەک، تۆ خوو و ڕەوشتی مرۆیانەی پێ دەڵێی، ئەو نایەوێ.

لە چاپەکەی مامۆستا شوکوردا: ایسه - دانراوە، واتە: هەرچییەک خوو و ڕەوشتی مرۆیانە بێ ئەو نایەوێ،

١٢) اصل انسان دیدیکک جوهر نایاب اگر اولسه اربیلدەکی علامەء ربانیدر

واتە:

ئەو گەوهەرە نایابەی بەڕەسەن مرۆی پێ دەڵێی ئەگەر ببێ، ئەو فرەزانا خوداییەیە وا لە هەولێرە

"ئەم دێڕە و دێڕی دواتر واتاکانیان تەواوکەری یەکدین و دەبێ پێکەوە بخوێنرێنەوە".

١٣) حضرت (حاجی عمر زاده کوچک ملا) کیم مایەء کسب غنا سایەء احسانیدر

واتە:

بەڕێزی (حاجی عومەرزادە - واتە: کوڕی عومەر) کە بە کوچوبک مولا = (مەلای گچکە ناسراوە) کەوا، مایەی بەدەستهێنانی دەوڵەمەندی، سێبەری چاکەکانیەتی.

لێرەشدا د. موکەڕەم وشەی (کیم) بە هەڵە بە (کێیە) کوردی لێکداوەتەوە.

١٤) کیمیا ممکن ایسه حاصل فیض نظری
جام جم وار ایسه آینهء وجدانیدر

واته:

کیمیا، "که مەبەست لەو زانستە بووە کانزاکانی دیکە بکاتە زێڕ!!"، جامی جەم: ئەو جامەی جەم - شید شای پیشدادیی ئێرانی کۆنە کە گوایە جیهانی تێدا دەبینی.. (٢١)

جا دەڵێ: ئەگەر ئەو زانستە لە توانستدا بێ، ئەوە بەرهەمی بەری دید و ڕوانینی مەلا ئەفەندییە،

خۆ ئەگەر جامی جەمیش هەبێ، ئەوە ئاوێنەی بێگەردی ویژدانی ئەم زاتەیە.

١٥) (ابن سینا) کبی چوق عالمه حکمت گستر
سبق آموختهء مکتب عرفانیدر

واته:

گستر: گەر بە فارسیی دابنێین (گوستەر)، پاشگرێکە واتای ئەنجامدەر "کەر - بکەر" دەگەیەنێ (٢٢)، بەپێی ئەمە واتاکەی دەبێتە: دانایی فێری گەلێک کەسی وەک (ئیبن سینا) (٢٣) کردووە، شاگردی "قوتابی"ی فێربوونە لە قوتابخانەی عیرفانی "سۆفیگەری و زانین"ی "کەسێکی گەورەی وەک مەلا ئەفەندین".

خۆ ئەگەر بە تورکیی دابنێین دەبێ ئەوەی مامۆستا شوکور داینواە ئەوە دابنێین کە "گوستر - گویستەرر"، بەدوو ڕێی کۆتایی و واتاکەی دەبێتە: دانایی پێشانی گەلێک زانای وەک ئیبن سینا دەدا، قوتابیی فێربوونە لە خوێندگەی عیرفانیدا.

١٦) نامه پیرای حکم خامهء معجز آثری
چهره پرداز کرم دست زر افشانیدر

واته:

لە چاپی ١٩٤٦دا نووسراوە (چهرهء پرداز کرم)، ئەو هەمزەیەی دوای چهرەم لابرد، ئەگەرنا واتاکەی ڕێک نەدەبوو و دەبووە: "چارەی ڕێکخەری دانایی".

واته: نامە ڕازێنەوەی داناییە، بەرهەمی ئەم بەکەس ئەنجام نادرێ،

دەستی زێڕ وەشێن (زێڕ پەخشکەرەوە)ی، ڕوو و چارە ڕێکخەرەوەی خواردەیی و میهرەبانییە.

١٧) مظهر صدق و صفا آینهء ناصیهسی
مطلع شمس و قمر (چاک) کریبانیدر

واته:

ئاوێنەی نێوچەوانی دەرخەرەوەی ڕاستگۆیی و خاوێنی و بێگەردییە

چاک و درزی یەخەی جلکی جێی هەڵهاتنی خۆر و مانگە "مەبەست لە خۆر و مانگ سەریەتی کە لە یەخەی دێتە دەرێ"، کە نیشانەی ڕووناکی و خۆشەویستی و زانستە.

شوێنی وشەی "چاک" لە چاپی ١٩٤٦ی دیواندا بە بەتاڵی ماوەتەوە. من وەک لە چاپەکەی تەرزی باشیدایە وشەی "چاک"م دانا، هەروەها سەرەتای نیوەدێڕی دووەم (مطاع) دانرابوو، دیارە هەڵەی چاپە. لە چاپەکەی د. موکەرەمدا "ابو بکرک" دانراوە، واتە "جێی هەڵهاتنی خۆر و مانگ یەخەی ئەبووبەکر- مەلا ئەفەندی - یە".

لە چاپەکەی مامۆستا شوکوردا لە شوێنە بەتاڵەکە "دەست" دانراوە، هەروەها وشەی گریبان - ی، بە هەڵە.. بە گیرفان و بەڕک لێکداوەتەوە، ئەوەش لەبەر ئەوەیە کە لە تورکیی عوسمانیدا بەهەردوو واتای یەخە و گیرفان بەکار هاتووە. بڕوانە فەرهەنگی: "ترکجە لغات"ی عوسمانی، بەڵام وشەکە فارسییە و ڕاستتر ئەوەیە بۆ ئێخە بەکار ببرێ وەک لە (فەرهەنگی عەمید)یشدا هەیە. کە بەو بەشەی جلوبەرگە دەگوترێ، کە دەورەی مل و گەردن دەدا، لەلێکدانەوەی گشتیی دێڕەکەدا مامۆستا شوکور دەڵێ:

"ئەو جێی خۆر و مانگی لێ هەڵدێن، دەست بۆ گیرفان بیەی! ویبە، ئەگەر وابێ، مانایەکەی وای لێ دێ: خۆر هەڵات و مانگ هەڵات گیرفان و بەریکی! ویبە".

ڕەنگ بێ مامۆستا شوکور وای لێکدابێتەوە کە شێخ ڕەزا وای مەبەست بووبێ کە:

"لەبەر خواردەیی مەلا ئەفەندی، گیرفانی پڕ لە دراوی جێی لێوە هەڵهاتنی پارە و دراوی (خۆر: واتە پارەی زێڕین!) و (مانگ: واتە دراوی زیوین!) بێ.

١٨) خرقهپوشان، درخانقهء ارشادی
ایروشوب هربری بر خواجهء خرقانیدر

واته:

ئەوانەی لە خانەقای ڕێنماییدا خیرقەی (جلوبەرگی دیاری سۆفییان)یان پۆشیوە و فێرخواز و فەرِ خوازن، پێگەییون، هەریەکەیان لە ئاستی پلەی سۆفێتی و زانستدا، هەر یەکەیان دەڵێی (ئەبولحەسەنی خەرقانیی بەستامی) (٢٤)ن کە پیری سەردەمی خۆی بووە.

لە چاپەکەی د. موکەڕەم و تەرزی باشی - دا لە جیاتی (خواجەء خرقانیدر) (خواجەء فرقانیدر) نووسراوە و د. موکەڕەم لە لێکدانەوەیدا دەڵێ: خەرقەپۆشان لە خانەیی ئیرشادی، هەر یەکە گەیشتووەتە خواجەی فورقانێک.!!

فورقان: واتە قورئان، مەبەست ئەوەیە هەر یەکە لە دەرۆێشانی مەلا ئەفەندی گەیشتوونەتە مامۆستایەکی قورئان زان!!

لە چاپەکەی تەرزی باشیدا نیوەدێڕی یەکەم بەم جۆرەیە: خرقەپوشاندر خانقاە إرشادی.. واتە: (در) بە خرقەپوشان-ەوە لکێنراوە، ئەوە دەبێ هەڵەی چاپ بێ، کە واتاکەی دەبێتە: خانەقای ئیرشادی خیرقەی پۆشیوە. کە هەڵەیە.

بە هێنانی (خیرقە) و (خەرقانی)ی، کە بە پیتەکانیان لەیەک دەچن، بێجگە لە واتا مۆسیقایەکی ناوەکی و جوانکارییەکی دەنگیی سەرباری بە دێڕەکە بەخشیوە.

١٩) چونکه تنظیم ثنادک صوکره تقدیم دعا نزد ارباب سخن شرط سخندانیدر

واتە:

چونکە، بەلای قسەزانان و پسپۆڕانی وشەوە، دوای ڕێکخستنی ستایش و پێداهەڵدان و پەسن دانەوە، پێشکەش کردن و ئاراستە کردنی دوعا و نزا، مەرجی قسەزانییە. (واتەی ئەم دێڕە و ئەوەی دوای ئەمە یەکدی تەواو دەکەن!!)

وشەی (صوکرە)ی ئێرە لە چاپی ٤٦ دا بە (صورە) نووسراوە، دیارە بێجگە لەوەی ئەمەی دواییان شێوەزارێکی ناوچەییە (کەرکووک)، هەروەها کێشەکەشی پێ لەنگ دەبێ، من لە دوو چاپی د. موکەڕەم و عەتا تەرزی باشی - یەوە گۆڕیومە. دیارە لای مامۆستا شوکور مستەفاشدا هەر (صورە) بوو.

٢٠) قالدیروب درگهء مولایا (رضا) دست نیاز بر دعا ایله هنگام دعا خوانیدر

واتە:

بە دووجۆر خوێندنەوەی وشەی (ایله) دێڕەکە دوو لێکدانەوە هەڵدەگرێ:

١ - ئەگەر بە (ئێیلە)ی بخوێنینەوە، واتای کاری فەرمانی (بکە) دەگەیەنێ و واتاکەی دەبێتە:

(ئەی ڕەزا) دەستی نیاز بۆ دەرگەی خودای گەورە بەرز بکە، دوعایەک بکە، کاتی نزاکردنە ئێستا.

٢ - ئەگەر بە (ئیلە) واتە بە، یان لەگەڵ، واتاکەی بەم جۆرە لێ دێتەوە:

ڕەزا بە دوعایەکەوە دەستی نیازی بەرەو دەرگەی خودا هەڵبڕیوە، ئێستا کاتی دوعا کردنە.

د. موکەڕەم وای لێکداوەتەوە و دەڵێ:

ڕەزا دەستی نیازی بۆ دەرگای مەولا بەرزدەکاتەوە، بە دوعایەک کە هەر کاتێک دوعا خوێنیەتی.

مەلا شوکوریش دەڵێ:

ڕەزا دەستی نیاز بۆ دەرگەی خواوەند بڵند کە و دوعایەک بکە، کاتی دوعا خوێنییە.

٢١) مهر اقبالی جهانگیر اوله تا مهر منیر بو رواق فلکک زینت ایوانیدر

واتە:

شاعیر ئاواتەخوازە، خۆری بەخت و داهاتووی مەلا ئەفەندی هەموو جیهان بگرێتەوە، تا خۆری ڕووناکیبەخش، ئارایشی هەیوانی ئەم میچی گەردوونەیە کە مەبەست لە ئاسمانە. واتە: بەخت و داهاتوو و خۆشەویستیی تا ئەو ڕۆژە هەر بمێنێ، کە خۆر بە ئاسمانەوە نامێنێ و دەبێتە ڕۆژی پەسڵان (قیامەت) و جیهان کۆتایی دێ.

رواق: میچێکی سەر بەشی پێشەوەی خانوو. (٢٥) مەبەست لە ریواقی فەلەک ئاسمانە.

لە چاپی ١٩٤٦ی دیواندا لە نێوانی (مهر) و (منیر)دا واوێک هەبوو، ئەو واوەم وەک لە چاپەکانی مامۆستا شوکور و تەرزی باشی لامبرد.

مامۆستا شوکور لە چاپەکەی خۆیدا، دێڕەکەی بەم جۆرە لێکداوەتەوە و دەڵێ: میهری ئیقبال و دەوڵەتی سەرلەبەری جیهان بگرێتەوە، تا خۆری ڕووناککەرەوە لە گەڕدا بێ، چونکە ئەو، بەزەک و دۆزەکی هەیوانی ئەم ڕیواقی گەردوونەیە.

پەراوێزەکان:

(١) أربيل (هەولێر) بين الماضي والحاضر - اصدار اللجنة الاعلامية لمهرجان يوم المحافظة - أربيل ١٩٨٦ - مطبعة دار الكتب والنشر / جامعة الموصل.

* بۆ زانیاریی پتر و فراوانتر و گشتگیرتر بڕوانە:
http://en.wikipedia.org/wiki/Mulla_Effendi

(٢) ديوان - چاپخانەی مەعارف - بەغا / ١٩٤٦ - ل/ ٢١٩ - ٢٢١.

(٣) بڕوانە: لاپەڕە / ٢٢١ بەشی سێیەمی / كركوكلی شيخ رضا و توركجه شعرلري ".

(٤) الزركلي - ج ٦ - ص/ ٩٤.

(٥) مامۆستا عەبدولڕەحمان پاشا لە وتارەكەیدا باسی ئەو شیعرەی شێخ ڕەزای كردووە كە دوای لێ كەوتنی بولهوداوەی گوتووە و دێڕە شیعری سەرەتاكەی دەڵێ:

كيمسه مغرور اولماسون دنياده جاه و مالنه
عبرت آلمق لازم أولدی (بوالهدی نک) حالنه

هەروەها ئاماژەی بۆ هەندێک باسی كێشەكەی لە ڕۆژنامەی (كوردستان-ی دایک)دا كردووە..

بڕوانە: گۆڤاری سپێدە "گۆڤارێكی ئەدەبی و ڕۆشنبیرییە" - ژمارە (١) هاوینی ١٩٩٢ - ل / ٥٣ - ٥٩.

(٦) ژمارە/ ٦ی - ٢٨ی ئەیلوولی ١٣١٤ی ڕۆمی. ل/ ١ و ٢.

(٧) مالميسانژ - بدرخانيو جزيرة بوتان - ص١٠٠ - ١٠٢.

(٨) س. پ - ص /١٠٢.

بۆ ئەمە "مالميسانژ"ی نووسەری كتێبەكە ئاماژە بۆ - كوردستان (پازده ڕۆژا د جارەكی تێت نڤیساندن جەریدەیا كوردییە). مصر، العدد: ٦ (٢٨ ايلول ١٣١٤ (١٨٩٨)، العدد: ٧ (٢٣ تشرين الاول ١٣١٤ (١٨٩٨)، الطبعة الجديدة: كردستان (ڕۆژنامە كوردی یا پێشین / اول جريدة كردية، ١٥٩٨ - ١٩٠٢)، ج ١، نقلها من الحروف العربية الى الحروف اللاتينية التركية: محمد امين بوزارسلان، دار نشر دەنگ، اوپسالا، ١٩٩١. ص١٩٣ - ٢٠٦.

(٩) بڕوانە ژمارەكانی ڕۆژنامەی كوردستان چ بە تورکی چ بە كوردی باسی لێوە كراوە:
ژمارە / ٦ی - ٢٨ی ئەیلوولی ١٣١٤ی ڕۆمی.
ژمارە / ٧ی - ٢٣ی تشرینی یەكەمی ١٣١٤ی (ڕۆمی).
هەروەها چەند ژمارەیەكی دیكە...

(١١) - لمحات اجتماعية من تاريخ العراق الحديث - د. علي الوردي - الجزء الثالث - ص / ٣٤.

(١٢) بڕوانە: دیوان چاپی ١٩٤٦ - ل / ٢٣٥. سێ دێڕە شیعرەكەی ئەم شیعرە بەم جۆرەیە:

رفع اولندی رتبەسی، بیلمم نه اولدی مسندی
باب عالیدن سوروللدی ایرمادی اموالنه
نفینه چیقدی اراده، بختی اولدی سرنگون
حالی دوندی بردخی، اسکی حلب حمالنه
هركیم ایلرسه خیانت دولته حالی بودر
دولاشیر بر گون آیاغی دامن اعمالنه

واتە:

پایه و پلەی لێ هەڵگیرا، نازانم پۆستی بوو بەچی
له بابی عالی (سەرۆكایەتیی وەزیران)ەوە كرایە دەرەوە فریا نەكەوت و نەگەییە سامانی خۆی
بڕیاری دوورخستنەوەی دەرچوو بەختی سەرەوژێر بوو
بارودۆخی، جارێكی كە بە كۆنە حەمالەكەی حەڵەب وەرگەڕایەوە
هەر كەسێک ناپاكی لە دەوڵەت بكا حاڵی ئەمەیە
ڕۆژێک هەر دێ پێی بە داوێنی بەدكارییەكانیدا بپێچرێتەوە.

(١٣) دوكتۆر محەمەدعەلی سوێركی نووسیویەتی دەڵێ:

"خدێوی عەببباس حیلمیی دووەم كوڕی خدێوی محەمەد تۆفیقی كوڕی ئیسماعیل پاشای كوڕی ئیبراهیم پاشای كوڕی محەمەد عەلی پاشای گەورەیە" لە ٨ی یەنایەری ١٨٩٢دا بووەتە خدێوی و لە ١٩ی سێپتەمبەری ١٩١٤ داگیراوە، هەروەها دەڵێ: محەمەد عەلی پاشای دامەزرێنەری میسر و بنیادنەری ڕاپەڕینی نوێیەتی، بە ڕەسەن كوردە و بنەچەیان بۆ شاری دیاربەكری پایتەختی كوردستانی باكوور دەگەڕێتەوە، ئەوەش بە شایەتیی محەمەد عەلیی "پەیماندار" شا فاروق-ی شای میسر ساڵی ١٩٤٩، هەروەها بە شایەتییەكی دیكە لەلایەن میر حەلیم-ی یەک لە نەوەكانی محەمەد عەلی پاشا، كە لە وتارێكدا بە ناوونیشانی "پەیماندار" وەلی عەهد" لە خاوەنبڕێوی "شا، یان خدێوی"یەوە كە لە گۆڤاری (المصور)ی میسریدا كە ڕۆژی ٢٥ی نۆڤەمبەری ساڵی ١٩٤٩ لە لاپەڕە (٥٦)یدا، بەبۆنەی تێپەڕ بوونی سەت ساڵ بەسەر مردنی محەمەد عەلی پاشای دامەزرێنەری میسری نوێوە بڵاوبووەتەوە.

بڕوانە: اسرة محمد علي باشا الكوردية - الدكتور محمد علي الصويركي - عمان.

سەرچاوە:

http://www.kurdefrin.com/vb/t2796.html

هەروەها بڕوانە

http://forum.stop55.com/264744.html

(١٤) شەفەق:

- فەرهەنگە عوسمانییە کۆنەکان لەسەر واتای ئەو وشەیە " کە بۆ دەمی سووڕایی خۆڕئاوایە، یان خۆرهەڵاتە؟ کۆک نین،

- فەرهەنگی ترکجە لغات-ی بهاءالدین (لە بڵاوکراوەکانی حوسێن-ی خاوەنی کتێبخانەی ئیقبال = چاپخانەی سنجاقیان "دا بۆ سووڕایی پاش خۆڕاوایە. ل /٦٤١.

- لە زمانی تورکیی عوسمانیدا ئەو ڕەنگە سووڕە دەگەیەنێ، کە بەر لە هەڵهاتنی خۆر لەسەر ئاسۆگەدا دەبینرێ، جاروبارێکیش بۆ بەرەبەیان بەکار هاتووە، هەروەها بەم واتایە هاتووەتە ناو زمانی کوردیشەوە، ئەم وشەیە لە بنچینەدا بە هەڵە لە عەرەبییەوە وەرگیراوە و واتاکەی گۆڕاوە. لە عەرەبیدا بە واتای ئەو سووڕاییە دەگەیەنێ کە دوای خۆڕئاوا بوون تا تاریک داهاتن لەسەر ئاسۆگەدا دەبینرێ بڕوانە: "فەرهەنگی گەورەی حەیات":

HAYAT Büyük Sözlügü- Hayat Yay-inlar?- Tifdruk Matbaacilik Sanayii A.S.Istanbul

- فەرهەنگی "عمید": پاشماوەی تیشکی خۆر و سووڕاییی ئەو لە سەرەتای ئاوابوونداً، سووڕایی ئاسۆ لەخۆراوابوونداً، هەروەها بە واتەی ڕۆژ -ش هاتووە.

- المنجد-ی - لویس معلوف: دوای خۆر ئاوا بوون و سەرەتای شەودا

(١٥) د. موکەڕەم - دیوان - ل/ ١٩٤.

(١٦) محەمەد مەهدی ئەلجەواهیری (١٨٩٩ - ١٩٩٧) لە شاری نەجەف لە دایک بووە، عەبدولحوسەین-ی باوکی یەکێک بووە لە زانایانی نەجەف - ئەم شیعرەی لە لاواندنەوەی "جەعفەر"ی برایدا گوتووە، کە یەکێک بووە لەشەهیدانی ڕاپەڕینی "وثبة"ی دژی پەیمانی پۆرتسمۆسی نێوان عیراق و بەریتانیا.

(١٧) زانایان ئەم کەلووانەیان وەک هێما و ئاماژە و لێکچواندن بە ئاژەڵانیان چووانووە، مەبەستیان نزیک کردنەوەی تێگەیشتنی شوێنی ئەستێرەکان و هەندێک ئاسان کردنی کاروباری ئەستێرەناسی، نەک وەک هەندێک کە لێیان تێکچووە و وادەزانن ئەوە ڕاستییە و جارجار بە گاڵتەوە دەڵێن بزن سواری گایەو گا لەسەر پشتی ماسییە و... تاد.

(١٨) وەیس ئەلقەرەنی: ئیبن بەتتووتە، هەروەها دەڵێ: لە دیمەشق - کە باسی ئەو گۆڕستانەی نێوانی دوو دەرگەی (جابیە) و (دەرگەی گچکە دەکا و ناوی چەندین گۆڕی ناودارانی ئیسلام دەکا لەوانەش ناوی (وەیسی قەرەنی)ش دەهێنێ، هەروەها دەڵێ: "لە کتێبی "المعلم" لە لێکدانەوەی "صحیح مسلم"ی قورتوبی - دا دیتم کە، کۆمەڵێک لە یاوەرانی پێغەمبەر لە ڕێی مەدینەوە بۆ شام وەیسی قەرەنی-یان لەگەڵدا دەبێ و لە ڕێدا لە شوێنێکی چۆڵەوانیی بێ ئاوەدانی و بێ ئاودا فەرمانی خودا بەجێ دەهێنێ و دەمرێ، بەدەستییەوە خەریک دەمێنن و دادەبەزن و دەڕوانن (حەنووگ) و کفن و ئاوی لێیە، پێیان سەیر دەبێ و دەیشۆرن و کفنی دەکەن و نوێژەکەی دەکەن و دەینێژن و سوار دەبنەوە، هەندێکیان دەڵێن گۆڕەکە چۆن بەبێ نیشانە بەجێ بهێڵێن و دەگەڕێنەوە جێیەکە و شوێنەوارێکی گۆڕەکە نادۆزنەوە.

ئیبن جەوزی - ش دەڵێ، دەڵێن ئووەیس لە شەڕی سەفڤین "صفین"ی لەگەڵ عەلی - دا (د. خ) کوژراوە کە (ئینشائەڵڵا) ئەمەیان ڕاستترە. بڕوانە:

- کتاب رحلة ابن بطوطة "المسماة : تحفة النظار في غرائب الامصار و عجائب الاسفار" - الطبعة الاولي بالمطبعة الخيرية - لمالكها و مديرها السيد (عمر حسين الخشاب) سنة ١٣٢٢ هجرية. ص / ٧٠.

(١٩) بڕوانە: ف. ترکجە لغات. هەروەها ف. عمید.

(٢٠) شێخ عەبدولقادری گەیلانی:(٤٧١ - ٥٦١ی کۆچی = ١٠٧٨ - ١١٦٦ی زایین) عەبدولقادری کوڕی موسای کوڕی عەبدوڵڵای کوڕی جەنگی دۆست -ی حەسەنی. بنیادنەری ڕێبازی قادری، لە گەورە سۆفییانە، لە گێلانی پشت تەبەرستاندا هاتووەتە جیهان و ساڵی ٤٨٨ی کۆچی چووەتە بەغدا، هەر لە بەغداش کۆچی دوایی کردووە. کۆمەڵێک کتێبی لەبارەی سۆفیگەریییەوە نووسیوە.

بەکورتی لە:

الاعلام - خيرالدين الزركلي. الجزء الرابع - دار العلم للملايين - الطبعة الخامسة - ايار ١٩٨٠. ص/ ٤٧.

(٢١) ف. عمید.

(٢٢) ف. ترکجە لغات.

(٢٣) ئیبن سینا (٣٧٠ - ٤٢٨ی کۆچی = ٩٨٠ - ١٠٣٧ی زایین): حوسێنی کوڕی عەبدوڵڵای ئیبن سینا، ئەبو عەلیی شەرەفولولک، فەیلەسووف و خاوەنی کتێبگەلێکە لەبارەی پزیشکی و لۆژیک و زانستە سروشتییەکان و خودا‌ییەکان. بە ڕەسەن (بەلەخ)ییە و لە گوندێکی سەر بە شاری بوخارا هاتووەتە

جیهان. له بوخارا پەروەردە بووە و پێگەیشتووە و بە ولاتاندا گەڕاوە و بەرانبەرکێیی لەگەڵ زانایاندا کردووە و ناوبانگی فراوان بووەتەوە و لە هەمەدان بووەتە وەزیر و سەربازی لێ وروژاون و مالّیان تالان کردووە و لەبەرچاوان بزر بووە و چووەتە ئیسفەهان و لەوێ گەورەترینی کتێبەکانی خۆی داناوە و دواتر گەڕاوەتەوە هەمەدان و لە رێدا نەخۆش بووە و مردووە. پتر لە سەت کتێبی بەهاداری دانسقە و گەورەی داناوە، "کتێبی قانوون لە پزیشکیدا"ی لە جیهانی خۆرهەلات و خۆراوایدا بەناوبانگە و خۆرئاواییەکان وەریانگێڕاوەتە سەر زمانانی خۆیان، شەش سەدە کاری تەواوی پێ کردووە و شیعری زۆر بەرز و کتێبی لەبارەی فەلسەفە و گەلێک بابەت و زانستی دیکە نووسیوە. وەک بۆچوون سەر بە رێبازی ئیسماعیلی و قەرمەتییان بووە. الاعلام – الزركلي – الجزء الثاني – ل/ ٢٤١ – ٢٤٢.

(٢٤) خەرقانی: خۆپارێز و پێشەنگ، ئەبولحەسەن، عەلیی کوڕی ئەحمەد–ی خەرقانیی بەستامی، خەڵکی دێی خەرەقان–ە. سەمعانی دەڵێ: پیری سەردەمی خۆی بووە، ڕوونبینی و بارودۆخی خۆی هەبووە، ئاژەڵێکی بە کرێ دەگرت، خودا دەرووی لێ کردەوە، مەحموودی کوڕی سبەکتەکین سەری لێ دا و پەندی بۆ دادا و هێچێکی لێ پەسند نەکرد وەربگرێ. ڕۆژی عاشووراى ساڵی چوارسەت و بیست و پێنج لە تەمەنی حەفتا و سێ ساڵیدا کۆچی دوایی کردووە. بڕوانە: سير اعلام النبلاء – الذهبي– الجزء السابع عشر–. ص/ ٤٢١ – ٤٢٢.

(٢٥) ف. المنجد

سەرچاوەکان:

١) أربيل "هەولێر" بين الماضي و الحاضر – اللجنة الاعلامية لمهرجان يوم محافظة أربيل – مطبعة دار الكتب للطباعة والنشر – جامعة الموصل – ١٩٨٦.

٢) دیوانی شێخ رضای طالەبانی – چاپ خانەی مەعارف – بەغا – ١٩٤٦.

٣) دیوانی شێخ ڕەزای تالّەبانی – ساغ کردنەوە و شەرحی شوکور مستەفا – بلاوکراوەکانی دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی ئاراس – چاپی یەکەم – چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە – هەولێر ٢٠٠٠.

٤) دیوانی شێخ ڕەزای تالّەبانی – د. موکەڕەم تالّەبانی – دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی ئاراس – چاپی یەکەم – چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە – هەولێر ٢٠٠١.

٥) الاعلام – قاموس تراجم لاشهر الرجال و النساء من العرب والمستعربين والمستشرقين – تاليف: خير الدين الزركلي – طبعة دار العلم للملايين – الجزء السادس – ص/ ٩٤.

٦) الاعلام – قاموس تراجم لاشهر الرجال و النساء من العرب والمستعربين والمستشرقين – تآليف: خير الدين الزركلي – طبعة دار العلم للملايين – الجزء الثاني – ص / ٢٤٠ – ٢٤١.

٧) لمحات اجتماعية من تاريخ العراق الحديث – د. علي الوردي – الجزء الثالث – ص/ ٣٢.

٨) کرکوکلی شیخ رضا و تورکجه شعرلری – بولوم / ٣ – برنجی باصقی – مارت ٢٠٠٦ – محرم ١٤٢٧ – کرکوک.

٩) بدرخانيو جزيرة بوتان " و محاضر اجتماعات الجمعية العائلية البدرخانية " – ماليسانژ – ترجمة: شكور مصطفى – منشورات حكومة اقليم كردستان – وزارة االثقافة – لجنة المطبوعات – مطبعة وزارة الثقافة – ١٩٩٨ اربيل.

١٠) اسرة محمد على باشا الكوردية – الدكتور محمد علي الصويركي – عمان. بڕوانە ئەم پێگەیە:
http://forum.stop55.com/264744.html
هەروەها:
http://www.kurdefrin.com/vb/t2796.html

١١) رحلة ابن بطوطة "المسماة : تحفة النظار في غرائب الامصار وعجائب الاسفار" – الطبعة الاولي بالمطبعة الخيرية – لمالكها و مديرها السيد (عمر حسين الخشاب) سنة ١٣٢٢ هجرية.

١٢) سير اعلام النبلاء – الامام شمس الدين محمد بن احمد بن عثمان الذهبي – الجزء السابع عشر – تحقيق: شعيب الارنؤوط و محمد نعيم العرقسوسي – مؤسسة الرسالة – الطبعة الحادية عشر – ١٤١٧هـ / ١٩٩٦ م. ص / ٤٢١ – ٤٢٢.

١٣) فەرهەنگی (المنجد) عەرەبی – عەرەبی.

١٤) فەرهەنگی (عميد) فارسی – فارسی.

١٥) فەرهەنگی (ترکجه لغات) – بهاءالدين – صاحب وناشری إقبال كتبخانەسی "حسين" – سنجاقيان مطبعه سنده طبع اولنمشدر.

بەرەو ڕووبوونەوەی شاعیرانی کورد هەمبەر "وشکە سۆفی" لەسەدەی کۆتایی عوسمانیدا

(نالی بە نموونە)

م. ی. کەژاڵ محەمەد (فەداکار)
(زانکۆی سەلاحەددین - کۆلێژی زمان)

وشە سەرەکییەکان:
(وشکە سۆفی، ڕاستی، تەریقەت، شەریعەت، عەقڵ، عوسمانییەکان)

کورتەی باس

خاوەن بیرورا و زانایانی جیهانی ئیسلام لەسەر ئەو بیروباوەڕەن کە لەپاش گەشەسەندنی ئایینی ئیسلام و سەقامگیر بوون و تێپەڕبوونی چەندین سەدە، شوێنکەوتوانی ئەم ئایینە پیرۆزە بۆ گەیشتن بە ڕاستی (حەقیقەت) بێجگە لە تەوەری شەریعەت کە زانایانی ئایینی (فقهـا) پەرچەمداری ئەم شا ڕێگەیە بوون و ڕێوشوێنیان لەسەر بنەمای فرمانەکانی کردەیی یاسای شەرع دامەزرا بوو، دوو تەوەری تریش هاتنە ئاراوە یەکێکیان تەریقەت (سۆفیگەری)بوو کە لە سەر بنەمای "تاقیکردنەوەی دەروونی ڕاستەوخۆی" مرۆڤ هەڵدەسوورا و عاریفەکان سەرپەرشتی ئەم تەوەرەیان دەکرد، ئەوی تریش حەقیقەت بوو کە حەکیمان و فەیلەسووفان ڕابەرایەتی ئەم ڕێگەیەیان دەکرد و بۆ پێکانی ئامانج و دۆزینەوەی ڕاستی، لەسەر بنەمای "عەقڵ" دەڕۆیشتن.
جا لە هەر سەردەمێکدا لەگەڵ ئاڵوگۆڕییەکانی کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی، ڕامیاری و ئابووری و...تاد لە لایەن هەندێک لە چینەکانی کۆمەڵگا بە ناحەق و نا دروست لەم ڕێبازە ئایینی و مەعریفیانە کەڵک وەرگیراوەو بۆ مەبەستی کەسایەتی و دنیایی خۆیان بەکاریان هێناوە. وشکە سۆفییەکانیش یەکێک بوون لەو کەسانەی کە لە ژێر ناوی تەریقەت و مەعریفەت و سۆفیگەری بە شێوەی جۆراوجۆر خۆیان جێ کردبووەوە و لە بەرژەوەندی مادەی و کۆمەڵایەتی ئەو پلە و پایەیە بەهرەیان وەردەگرت، بۆیە خاوەن بیرورا و ئەدیبان و شاعیرانی کۆمەڵگای کوردیش لەسەردەمی عوسمانیدا لەگەڵ ئەم دیاردەیە بەرەو ڕوو بوونەوەو بە نووسین و هۆنراوە بە تونڈی لە هەمبەر ئەم جۆرە کەسانە هەڕەشە و هێرشیان کرد.
ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکە بۆ دەرخستن و ڕوونکردنەوەی دژایەتی و بەرەو ڕووبوونەوەی چەند شاعیرێکی گەورەی کورد وەک نالی، مەحوی، سالم لە کۆتاییەکانی سەردەمی عوسمانی، لەگەڵ ئەم دیاردەیە و لەگەڵ "وشکە سۆفییەکانی" ئەو ڕۆژگارەدا.

پێشەکی

دەقەکان بە شێوەی تایبەت و لە دەوروبەرێکی

نالی

کۆمەڵایەتی، مێژوویی و کولتووریی تایبەتدا بەرهەم دێن. واباوە کە زمانی شیعر، بە تایبەت شیعری دڵداری و غەزەل، کە شاعیرانی وەک نالی و سالم گرینگییان پێ داوە، زیاتر وەرگری گرێمانە کراویان هەیە، بەڵام وەرگرانێکی دیکەشیان هەیە وا شیعرەکان خیتاب بەوان نووسراون. لە ڕاستیدا، باری دەوروبەری زاڵ بەسەر بەرهەمهاتنی دەقەکە لەبەرهەم هاتنیدا دەوری هەیە.

باری دەوروبەری زاڵ بەسەر بەرهەمە شیعرییەکان لە هەر سەردەمێکدا دەکرێ لەم هۆکارانەی خوارەوە بخەینە ڕوو:

١- میرات و نەریتی ئەدەب و کولتووری.
٢- بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی.
٣- نێرەری پەیام، یان بێژەر.
٤- وەرگری پەیام، یان وەرگر(گوێگر، یان خوێنەر).

میرات و نەریتی ئەدەبی و کولتووریی شیعری سۆفیانە

میرات و نەریتی ئەدەبی و کولتووریی شیعری سۆفیانە، بە تایبەتی غەزەلی عیرفانی بە هۆی جیهانبینی زاڵەوە بووە، چونکە جیهانبینی شاعیرانی عارف جیهانبینییەکی ڕوحانی بووە، ئەمەش هەر لەسەرەتای سەرهەڵدانی ئەدەبی سوفیانەی ڕۆژهەڵاتییەوە وابووە، بە میرات و نەریتی ئەدەبی و کولتووریی شیعری کلاسیکی فارسی و کوردییەوە بەستراوە. ئەم نەریتە وای کردووە بەردەوام بیر لە "ریا"بکەنەوە و ئەوانەی نوێنەری ئەم ڕیا و ئالوودە کردنی "مەشرەب"ی عیرفانە بوون، کەوتوونەتە بەر توانجی شاعیرانێکی وەک "حافز" و "نالی" کە دەڵێ:

"صوفی نهاد دام و سر حقه بازکرد
بنیاد مکر بافلک حقه بازکرد
(حافز)
وەکو سۆفیی سافی مەبە ئالوودە بە دنیا
بێهوودە موکەددەر مەکە سەرچاوەیی مەشرەب"
(نالی)

بەگشتی لە کۆمەڵگای ئیسلامیدا بەردەوام سۆفییەکان لەبەر هەندێ هۆی ناشایستە وەک "هەڵپەرستی"، "ریاکاری" و "دوو ڕوویی" بوونەتە مایەی لۆمەی خەڵک. لەلایەکی دیکەشەوە، "پێوەندی موسوڵمانە کوردەکان، لەگەڵ ڕێبازە سۆفیگەرییەکان هەمیشە توندتر بووە لە پێوەندییان لەگەڵ ڕێبازە تونده ئیسلامییەکان. ئەو دابودەستوورە ئایینییانەی کە سۆفییەکانی کوردستان بە جێیان دێنن، لەژێر ڕابەری شێخەکان، یان خەلیفەکاندا، گەلێ ڕەفتاری ئەوتۆیان تێدایە کە بە ئاشکرا لەگەڵ ڕێوشوێنی ئیسلامەتی ڕاستەقینەدا نا گونجێن"(ئیزەدی، ٢٠٠٧: ٣٦٢). ئەمەش وای کردووە زۆرجار تەریقەت و شەریعەت بەرانبەر بەیەک بوەستنەوە و ململانێیەک لە نێوان مەلا و شێخەکاندا دروست بێت. "بەدرێژایی سەدەی نۆزدەم دوو ڕێبازی ئایینی ئیسلام بەرەو ڕووی یەکتر بوونەوە ئەوانەش بریتی بوون لە بزووتنەوەی سەلەفی و ڕێبازی نەقشبەندیی خالیدی" (ڕێبازی سۆفیگەریی نەقشبەندیی - خالیدی: مەولانا خالید و تەریقەتی خالیدی وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە محەمەد حەمەسالح توفیق، ٢٠٠٩: ٢٢٤، گۆڤاری کوردۆلۆجی، ژمارە ٢)، بۆیە ئەمە بەردەوام هۆیەک بووە بۆ سەلەفییەکان و مەلاکان، دژایەتی سوفیزم بکەن و بەرەو ڕوویان ببنەوە. لەگەڵ ئەوەشدا کە مەعریفە شەرعییەکان زیاتر ئەو نەریت و پێڕەوە زاڵە بوون کە لە جیهانی ئیسلامیدا باو بووە و حوکمڕانی ئیسلامی لە شێوەی میراتی خەلافەتی ئیسلامیدا ماوەتەوە، کە لە سەدەی نۆزدەدا (سەردەمی نالی، سالم) خەلافەتی ئیسلامی عوسمانی زاڵ بووە. ئەم دەسەڵاتەش ئایینی

وەک ئامرازێک بۆ ملکەچ کردنی نەتەوەکانی تر و بە تایبەت کوردەکان بە کارهێناوە، نەخوازەلا بۆ زاڵتر کردنی دەسەلاتەکەی ناکۆکی نێوان هێزە کۆمەلایەتییەکانی قۆستووەتەوە.

بارودۆخی سیاسی و کۆمەلایەتی

تێڕوانینی جیاوازی موسڵمانەکان بۆ مەسەلەی خەلافەت لە ئەنجامدا دوو دەسەلاتی بە هێزی (عوسمانی) و (سەفەوی) لێکەوتووەتەوە، کە بە هاتنی قاجارییەکانیش هەر بەردەوام بووە و سنووری دەستاودەست کردنی دەسەلاتیان بەردەوام کوردستان بووە. کورد لەم نێوانەدا هەوراز و نشێوی زۆری هاتووەتە سەر ڕێ . بەرگری کردووە، یان "مەحکوومی عەجەم"، یان "سوخرەکێشی ئالی عوسمان" بووە. ئەم بارودۆخە کاریگەرییەکی تایبەتی هەبووە لەسەر دەروونی تاکی کورد و پەنابردنی بۆ گۆشەگیری (إنزواء) کە خۆی لە سۆفیزمدا بینیوەتەوە، ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی تۆمەتی ئەوەیان بخرێتە پاڵ کە لەبەرانبەر هێرش و داگیرکارییەکان و ستەمکاران بێ دەنگ بوون، یان خۆیان بە قەزا و قەدەر سپاردووە.

دیارە ئەمە لە پێوەندی لەگەڵ تەریقەت لە کوردستاندا تاڕادەیەک دووفاقانەیە، تەریقەت لە کوردستان ئەوکاتەی هێزی کۆمەلایەتی شێخەکان بە هۆی خاوەن مولکایەتی و پێگەی بە هێزی جەماوەرییەوە بەرفراوان دەبێ، بەرەو خۆتێوەگلاندن لە دەسەلاتی سیاسی دەچێ و ئەم پێگە ئابووری و کۆمەلایەتییانە دەخرێنە پێناو ئامانجی سیاسیشەوە. لەوانە، شاملی داغستانی، شێخ عوبەیدوڵلای نەهری، شێخ سەعید، شێخ ڕەزای دەرسیم و شێخ عەبدولسەلام بارزانی و شێخ مەحموودی حەفید بەرچاون.

نێرەری پەیام، یان بێژەر و وەرگری پەیام/ خوێنەر

زمان نوێنەری ئەو دەوروبەرە کۆمەلایەتییەیە، تێیدا بەرهەم دێت. ئاساییە، زمانی کوردی کە بە پێی سروشتی کۆمەلایەتی سەردەمی خۆی، هەروەها جۆری ئەدەبی زاڵی سەردەمەکە کە شیعرە، باری سیاسی و کۆمەلایەتی ئەو کاتە بنوێنێ. شیعری کلاسیکی کوردی، لەلایەک نەریتی ئەدەبی و قاڵبی شیعری نەریتی پاراستووە و دەربڕی ئەو زاراوە و باوەڕ و ئایدۆلۆژییەیە کە خزمەت بە پاراستنی کولتوری گشتی و عادەت و ڕەفتاری هاوبەش دەکات لە کۆمەڵی ئەوسادا.

بێ گومان ئەگەر لە ڕووی ئابوورییەوە ئاوڕێک لەباری خوێندەواری و ڕووناکبیری ئەو کاتە بدەینەوە، دەزانین کە خوێندەواری تایبەت بووە بە چینی بالا و تا ڕادەیەکیش مامناوەندی. خوێندەواری کورد، یان میرزاکان بوون کە دەزگای میری و خوێندەواری نێوان دەسەلاتە ناوچەیی و ناوەندییەکان بوون، یان مەلاکان بوون کە خوێندەواریەکی ئایینی و شەرعییان هەبووە. میرزاکان زۆربەیان بەهۆی سروشتی چینایەتی و بەرژەوەندییان کەمتر دانوویان لەگەڵ سۆفیایەتی کولاوە. "فەقێکان هەرچەندە زۆربەیان کە بوون بەمەلا، لەبەر سوودی دنیایی بێ، یان گەڕانەوەیان بۆ لای خودا بوون بە مەنسووبی شێخێک، بەهۆی ئەو ژیانی ئازاد و نەبەستراوەی فەقێیەتییەوە دانوویان لەگەڵ شێخ نەکولاوە، بەڵام کەڵکیشیان لە تەکیە و خانەقاکان وەرگرتووە بۆ پێ سەلماندنی ناشەرعییەتی شێخێتی کار و کردەوەی شێخەکان. (نالی لە کلاوڕۆژنەی شیعرەکانییەوە، محەمەدی مەلا کەریم، ل. ٤٧). بەهەر حاڵ ئەمان ژیانێکی وابەستەیان هەبووە. سەرچاوەیەک لە دەسەلاتی ئایینی هەبووە ئەم جۆرە لە ژیان پاساو بدات، بەگشتی ئەم ژیانەش وای کردووە ڕەچاوی پێوەندییەکانی دەسەلاتی کۆمەلایەتی بکەن.

وەرگرەکانیان، کاسبکاران و هەژارانی شار و جووتیاران و ئاژەڵدارانی گوند کە زۆرینەی کۆمەڵگای ئەوسایان پێکدێنا، نەخوێندراو بوون، هەر بۆیە پێوەندییەکانی دەسەلات بە هۆی ئایینەوە زاڵ ببوو، ئاساییە ناڕوون و تا ڕادەیەکی زۆر درک پێنەکراو بووە بۆیان.

کەواتە، شاعیرانی وەک (نالی و سالم) شیعریان گوتووە، هەر بۆیە بێ گومان کە ئەوانیش بەرهەمەکانیان لە ئاست ئەو چاوەڕوانییانەدا، بۆ پاراستنی جیهانبینی زاڵی، دەسەلاتی زاڵ و پێوەندییە زاڵە کۆمەلایەتییەکان گوتووە، بەڵام شاعیران لەو جێگایەی ململانێیەکان لە سنووری ئەوی خۆولاتی و منی شاعیری گرێدراو بە دەسەلاتی کۆمەلایەتی زاڵەوە دەترازێ، سنووری تێڕوانینی دادەخزێ بۆ فێرکاری هۆشیارکردنەوەی وەرگری نائامادەی نەخوێندەوار کە تەنیا لەدەم توێژی ئامادە و دەسەلاتدارەوە دەبیستێ. لێرەدایە کە شیعری کوردی لە

سالم

چیژ بەخشینێکی ئەویندارانەی غەزلەوە بەرەو شیعری فێرکاری شۆڕدەبێتەوە.

بۆ تێگەیشتن لە کەلامی نالی، سەرەتا دەبێت لە خۆمان بپرسین کە ئەو لە چ کاتێک و لە کوێ ژیاوە؟ یەکەمین سوود و کەڵکی ئەم پرسیارە ئەوە دەبێت کە بە پێوەرەکانی زانستی سەردەم و تێڕوانینی کۆمەڵناسانە و ڕووناکبیرانەی هاوچەرخ دەڕوانینە نالی لە کۆمەڵگا و سەردەمێک لە دایک بووە کە سیستمی فێرکاری و فێرگەکان و خزمەتگوزار و کتێبخانە و تاقیگەکانی ئەمڕۆیی نەبووە. ئەو کات لە ولاّتی ئێمە، لە هەموو شوێن، منداڵی تازە فێربوو، ئەگەر باوک و دایکێکی خوێندەواری هەبووبێ، پێشەکی لەوان فێردەبوو و دواتر ئەم دایک و باوکە، ئەگەر توانایی داراییان هەبوو منداڵەکەیان دەبردە مەکتەب، ئەگەر باری ئابووریان باش بوو. لەو تەمەنە سەرتر، ڕەنگە منداڵەکەیان دەنارد لای مامۆستای ئسوول و فقەو کەلام و تەفسیر.

نالی (١٨٠٠-١٨٥٨)یەکێ لە گەورەترین شاعیرەکانی زمان و وێژەی کوردی شێوەزاری کرمانجی خواروو. لە پەنای وێژەی کوردیدا، مەکتەب و سەبکێکی وێژەیی نوێی لەناوچەی دەسەڵاتی بابانەکاندا هێنا و جیا لە دیوانی شیعری، شرۆڤەی کتێبی منازەرەی (لا تساء)ی داناوە. دیوانی نالی، داگری غەزەلی پڕ لە ساز و ئاواز و بنەڕەتدارە. غەزەلی فارس و بابەتە شیعرییەکان، هەروەها بابەتە شیعرییەکانی عەرەبی کاری تێکردوون.

وشکە سۆفی

وشکە سۆفی لە ڕووی زاراوەییەوە بەو سۆفیانە دەگوترێ کە بە ڕوالّەت خۆیان بە سۆفی نیشان دەدەن و هەڵسوکەوت و جلوبەرگیان سۆفی ئاسایە و لە کەناری دەریای سۆفیگەری دێن و دەچن و لەچڵکی مادده پەرستی و دنیا ویستی پاک نەبوونەتەوە و چێژیان لە سۆفیگەری ڕاستەقینە وەرنەرگرتووە و بەرەو ناخی ڕۆنەچوونە، ئەمەش لەوەوە سەرچاوەی گرتووە کە لەسەرچاوەی سۆفیگەری نابەڵەدن و نەیانتوانیوە هەر دوو زانستی شەریعەت و تەریقەت بە یەکەوە بگونجێنن.

ئێستەش سروشکی عیشقی هەیە (شیوی ئاودار)
یاخۆ بووە بە صۆفیی وشکی لە حەق بەدوور؟!
(نالی . ل: ١٨٨)

*** وەک چاوی وشکە صۆفیەکانی لە دار و بەرد**
دەدرێن بە صەد تەرەننوم و گریان و نووکە نووک.
(نالی . ل: ٢٥٩)

*** ئەی چاوی پڕ نەدامەت، دڵ پڕ غەم و غەرامەت**
بگری کە وشکە صۆفی لەم فەیضە بێ نەصیبە.
(نالی . ل: ٣٩٧)

*** بنواڕە وشکە صۆفی یو ڕەقصی بەهەلهەلە**
دیسان لە بەحری وشکی هەوا کەوتە پێ مەلە
(نالی: ل ٤٦٦)

وشکە سۆفی کە بەگوێرەی وشکییەکەی دەبێ لە هەموو دیمەنێکی ڕابواردن دوور بێ، بکەوێتە سەما کردن چون ئەو لەڕێگای ڕاستی دووره (نالی لە کۆڕۆژنەی شیعرەکانییەوە، ئاراس، لاپەڕەی ٥٧) .

سۆفی وریا و درۆ

نالی لەگەڵ هەرکەسێک کە درۆ و ڕیای تێدا ببینێ شەڕی هەیە و لە هەر چینێکی کۆمەڵگا لە هەر دەستەیەک ئەم کەسانە هەن، واعیز و موفتی و فەقێی مەدرەسە و...تاد ڕۆڵەی کۆمەڵگا، ئەگەر لەکارەکەیدا دووڕوویی و فریوی تێدا بێت، لەسەرزەنشتی گاڵتەی نالی دەرناچێت. لە غەزەلەکانی نالی دیارە دڵێکی

خۆشی له صۆفی، زاهد و شێخ نییه.

*** ئەی خەڵوەتیی مورائی، بێ ڕەنگی خود نومائی**
ڕەنگ زەردی عاشقی بە، نەک زەردرو شەقی بە
(نالی: ل ٣٩٦)

*** بزم می در، ندما جمع، قدح گرد شده**
صوفی نک ورد و دعای سحریله یری وار
(نالی: ل ٢١٨)

نالی هیچ کاتێک له دەرووێش نزیک ناکەوێتەوە و هەمیشە لەگەڵ ئەوان بەربەرەکانێ دەکات، هۆیەکەیشی ئەوەیە کە ڕاستی له دەروێشدا نابینێتەوە، به تایبەت ڕیاو دووڕوویی له کۆمەڵگە ئەوەندە شتێکی ئاساییە، له کۆمەڵگەشدا هەموو کەس دەیانناسن کە ئەهلی ڕیاو درۆن.

*** ئاوی کەوسەر نۆشی صۆفی بێ کە من**
ئاوی ئینسان، یەعنی ماچی دەم دەخۆم
(نالی: ل ٣٩٧)

*** سەماعە، گەردشی عیشقە، حەقیقەت**
لە صۆفی و ڕەقصی تەقلیدی نەما باس
(نالی: ل ٢٣٣)

*** صۆفی بی خەڵوە نشین بۆ نەظەرێکی گوڵی ڕووت**
ڕەنگە وەک نەرگسی تەڕ چاوی سپی بێت و دەرێ
(نالی: ل ٦٥١)

*** لەم خۆشییە کە هیزمی مەطبەخ سەوز بووە**
ماوم عەجەب لەدیدەیی صۆفی کە نارۆ!
(نالی: ل ٦٩٨)

*** صوفییان هاتنە مەجلیس وەرەقی دیدە بشۆن**
لەکن ئەو دێمییە وشکانە لە دەریا نییە باس
(نالی: ل ٢٣٤)

*** صۆفی! وەرە ئەسەیری زوهووراتی باغ و ڕاغ**
لایێ هەموو شکۆفەوو، لایێ هەموو گۆلووک
(نالی: ل ٢٥٦)

(سەرجەمی ژیانی فەقییەتی و ژیانی ناو دەرباری بابان، بەڵکو ژیانی ئەستەنبۆڵی نالی ئەوەی لێ هاتە بەرهەم بیکا بەشاعیرێکی لەگەڵ سۆفیەتی نەگونجاوی وا ژیانی سۆفیەتی دژی ژیان و بەهرە وەرگرتن له دنیاو تەمەن بە فیڕۆدەر دابنێ، بۆیە هەرچەندە هەڵی بۆ هەڵکەوێ دژی بخوێنێ و گاڵتەی پێ بکا و سۆفییەکان بە ساختەچی و ڕیا باز دابنێ و لەم مەیدانەدا هەموو جۆرە وردەکارییەکی مەعنا و هەموو هونەرێکی یاری بەوشە کردن بەکاربێنێ) (نالی لەکۆڵاوڕۆژنەی شیعرەکانییەوە: ئاراس: ل ٥٠)

ڕیشەکەی پان و دریژە، بۆ ڕیا خزمەت دەکا
ظاهرە هەر کەس بەتوول و عەرضی ڕیشیدا ڕیا
(نالی: ل ١٢٨)

لێرە سووکی ئەکا بەزاهید بەهۆی دووڕوویی

بۆ سەیری خەرامیدەنی ئەم سەرو قەدانە
صۆفی لە طەڵەبدان و، هەموو سالێکی ڕاهن
(نالی: ل ٣٤٤)

صۆفی و سەرو میزەر، من و زوڵف و سەر و دەسماڵ
من کوشتەیی لاجانگم و، ئەو کوشتەیی جانگە
(نالی: ل ٤٦٤)

لێرە ئیشارەتە بە ئەوە کە سۆفی له جەنگی ڕیاکاریدا کۆڕاوە کە دنیا و قیامەتی تێدا لەکیس چووە.

صۆفی! چیە ئیشی تۆ؟ هەر کایە حەشیشی تۆ!
عاشق وەکو ڕیشی تۆ، هەوساری لەکن پەشمە
(نالی: ل ٤٧٦)

تەماعکاری سۆفی و ڕیاکاری

صۆفی مەستووری ڕووت و موفلیسی خستە طەمەع سەیری خاڵی بێ حیساب و ماچی لەعلی بێ بەها
(نالی: ل ١٣١)

وەک صۆفی صافی مەبە ئالووده بە دونیا
بێهوده موکەدەر مەکە سەرچاوەیی مەشرەب
(نالی: ل ١٣٤)

حوسنی نەظەرە ئەصڵی نەظەر حوسنی بەعیصمەت
صۆفی کە دەکا تەرکی، بەئینسانی مەزانە
(نالی: ل ٤٨١)

موغەیلانی جل و میزەر درێنی صوفییە، یەعنی
ئەمە ڕێی موحریمانی مەحرەمی سەر ڕووت و عوریانە
(نالی: ل ٤٩٥)

صۆفی ڕیایە خەڵوەتی، بێنی بەهاری کرد
هاتە دەرێ لەسایەیی چایەر، حەسایەوە
(نالی: ل ٥٤٤)

لەکاری زاهید زوهدێک هیچ لەکار نییە، زاهد درۆ دەکا و له پشت ئەم ڕوخسارەوە بە ڕواڵەت ڕاستی نەفسی ئەمارە فەمانڕەوایە، وەک ئەم بەیتە:

بە مەرگی خۆت قەسەم، زاهید، هەموو عومرت عوبوورێکە

مەقام و مەنزڵت، ئاخر، لەکن جەمعی قوبوورێکە.
(نالی: ل٤٥٨)
زاهید! مەکە مەنعی دڵ، بۆ تۆ نییە سوودی گوڵ
خاکت بەسەر ئەی غافڵ! کەوتوویە چ سەودایە؟!
(نالی: ل ٥٦٢)
خاطری زاهیدی خاڵی خاڵی
ببە ئەلبەتتە لە بێنیکی ڕیا
لێرە دووڕوویی و درۆ لەگەڵ خواکردن پێشان دەدات.

شێخ

لەکەلامی ئەو شێخ زیاتر بە شێخی خانەقایە و ئەهلی مینبەر و زانایانی مەدرەسە، یان زۆرتر بە نازناوانێک وەک فەقێ و مفتی...تاد ناودەبات. لەبارەی شێخی خانەقاش ئەو غرووڕ و لە خۆبایی دەردەبڕێت، بەڵام بەگاڵتەجارێکی دەریدەبڕێ:
شێخی یو سەر لنگە دەستارێ بەدەستاری بوزورگ
ڕەندم و، دەستاری کەللەی من دەفە، نەک مینەدەفە
(نالی: ل ٤٥٢)
شێخم، چ گەرمە حەڵقەیی ذیکرت بە ڕەشبەڵەک؟
حاڵی ئەمانە خۆ بەجەنابت موحەووەلە!
(نالی: ل ٤٦٧)
دائیم لەدووتە مێگەلی ژن، نێرگەلی پیاو
بەم ڕیشەوە لە پێشەوە بووگی بەسەر گەلە!
(نالی: ل٤٦٨)
تۆ شێخ و ئەو عەجووزە، عەجەب دۆستی یەکترن
بێ شاهید و نیکاحە دیارە موعامەلە.....
(نالی: ل ٤٦٩)
یان:
شێخم! وەرە دەر، فەصڵی بەهار و گوڵ و گەشتە
ئەییامی لە گەرمابە خزان وەقتی خەزانە!
ئەو شێخە بە کوم مەگرە کە پەشمینە مەریدە
ئەو ڕیشە بەسەر دارەوە ڕێسێکی بوزانە
(نالی: ل ٤٧٩)
لێرە دنیا پەرستی شێخ دەشوبهێنێ نەک بەیەک گەیشتنێکی ناشەرعی لە نێوان پیرە پیاوێکی دنیا پەرست و پیرەژنێکی عەیاری فێڵبازدا کە ئەنجامەکەی تەنیا داوێن پیس و چەند حەرامزدە و زۆڵێک بێ.
لەئاکامدا لەو کۆمەڵگایەی کە نالی تێدا ژیاوە گۆڕان و پێگەیشن نەبووە، دیاری خۆی قوربانی دەستی ئەم جەماعەتە بووە.
*** کوشتەی نیگاهی دیدەتە، گەر مەست، ئەگەرخەراب**
بەستەی کەمەندی زوڵفتە، گەر شێخ، ئەگەر سولووک
(نالی: ل ٢٥٥)
شێخی یی و سەراپا دەڵەک و ڕێوی دەپۆشێ
(نالی)م و ڕووتی لە هەمـــــوو دیدە دەپۆشم(نالی: ل٢٨٢).
محەمەدی مەلا کەریم لەبابەتی کۆبوونەوە لە سلێمانی بەڕێوە چووە. لەلاپەڕەی (٣٢١) لەو باوەڕەدایە کـــە: لەناو ئەو هەموو بەیتانەی نالی دا کە لە شێخ و شێخێتی و سۆفی و سۆفیەتی دەدوێن تەنیا دوو بەیت هەیە ناوی (نەقشبەند)یان تێدا نێوان هێناوە، دەتوانرێ بوترێ جۆرە ئیشارەتێکیان بۆ تەریقەتی (نەقشبەندی) تێدایە، بەڵام لەوەوە کە باسی دوو بنەماڵەی (سەیی) دەکا، دەگونجێ بڵێین پێوەندییەکی بە تەریقەتی (قادری)یەوە هەیە، چونکە ئەو دوو بنەماڵەیە تێکڕا سەر بە تەریقەتی قادرین. (مەحەمەدی مەلا کەریم: لا ٣٢١: سالّی، ٢٠٠٩)
لە عەکسی زاتی بێ ڕەنگت هەتاکەی دیدە ڕەنگین بێ
جونوونی لەیل و مەیلی نەقشبەندی عەکسی ئەسما بێ
مەگەر هەر یاری نەقشینم ببێتە نەقشبەندی دڵ
کە نەقشی غەیری ڕەنگی ئەو بە ئاوی دیدە شۆرابێ.
(نالی: ل ٦٠٠)
کە جێگەت بۆ عیبادەت بێ، چ فەوقانی، چ تەحتانی
کە حوبت بۆ سیادەت بێ، چ (بەرزنجی)، چ (باراوی)
مەکە دەعوایی پاکی یی نەسەب بۆ جیفەیی دنیا
کە سەیید بی، چ (بەرزنجی)، چ (پیریایی، باراوی).
(نالی: ل ٦٨٩، ٦٩٠)
یان بڕێ جار ڕوومەتی دەرۆیش وا پیشان دەدات بۆ ئینسانێکی تەنپەروەر و لەش گرانە ئەرزی خودا بۆ ئینسانەکان جێگای کار و تێکۆشان و چالاکییە و جێگای تەنپەروەری نییە، نالی لەو بڕوادایە کە دەرۆیش جێگای هەمیشە لە نێوان مزگەوتە، بێ ئەوەی چالاکی و تێکۆشین بێ بۆ نموونە:
ئەم ئەرزە مەزرەعەی عەمەلە و گوڵخەنی ئەمەل
هەندی بووە بە مەسجید و هەندی بە مەزبەلە
(نالی: ل ٤٦٧)
یان بڕێ جار وێنەی وەک کاریکاتێرە لە شێخ لەناو شیعرەکانیدا بە وێنە، یان بە دیمەنێک نەقاشی دەکا و

شێخ بەنیشانەی ئینسانێکی ناڕاست و ڕیا باز دەزانێ:

خەرقە پۆشێ کەی دەپۆشێ جەوهەری ذاتی ئەمن؟
بێتە نێو، جیاوەی، بە زوشتێ خۆی بە عوریانی دەکا
(نالی: ل ١٠١)

سەبرێکی خۆش لە چیمەنی ناو (خانەقا) بکە
ئایا ڕەبیعی ئاهووە، یا چایری سنوور؟!
(نالی: ل ١٨٨)

دەس بەندیانە دێن و دەچن سەروو و نارەوەن،
یا حەڵقەیانە صۆفیی مل خوار و مەندەبدوور؟
(نالی: ل ١٩١)

بە نەهری کەوثەر و شیر و عەسەل چەند تینووە صۆفی
لەبی (نالی) دووچەندان بۆ لەبانی لەعلی موشتاقە
(نالی: ل٤٥٧)

لە خەڵوەت هاتە دەر صۆفی، گڵ و بەرد بە سەرما دا
مەکەن مەنعی لەبەر خەڵوە، ئەویش تازە غوروورێکە
(نالی: ل ٤٥٩)

صۆفی کە گران بارە، بێ مەغزو سەبوک بارە
صووف پۆشێ، غەمی بارە، ئەوباری لەکن بەشمە
(نالی: ل٤٧٤)

سوپاس و پێزانین:

سوپاسی خۆم ئاڕاستەی ئەو بەڕێزانە دەکەم کە یارمەتیان داوم بۆ ئەم توێژینەوەیە، بە تایبەتی بەشی کوردی، بەڕێزان (د.ڕەحیم سورخی) و (د.ابراهیم حەمە ڕەش) بەشی مێژوو و لە بەشی فارسیش (م.فەهری).

سەرچاوەکان:

(١) قورئانی پیرۆز.

(٢) نالی، مەلا ئەحمەد شاه وەیسی میکایلی: بەهاوکاری و پێداچوونەوەی مەلا عەبدولکەریمی مودڕیس، فاتح عەبدولکەریم، موحەمەد مەلا کەریم، چاپی دووەم، بڵاوکەی سەڵاحەددین ئەیوبی، ورمێ ١٣٦٤.

(٣) خەزنەدار د.مارف: مێژووی ئەدەبی کوردی، بڵاوکەی ئاراس ٢٠٠٤.

(٤) خەزنەدار، د.مارف (بابەت) شیعری مەحوی لە نێوان سۆفیزم و دەروێشیزمدا، کۆلێژی ئەدەبیات، زانستگای سەڵاحەددین ئەیوبی.

(٥) محەمەدی مەلا کەریم، (بابەت) نالی لە کەلاوڕۆژنەی شیعرەکانیەوە، کۆڕی نەتەوەیی لە سلێمانی.

(٦) کۆمەڵە وتاری یەکەمی نێونەتەوەیی ئەدەبی کوردی (بەشی کوردی)، زانستگای کوردستان توێژینگەی زمان و ئەدەبی کوردی، دکتۆر ڕەئووف عوسمان، ڕەنگدانەوەی قورئان لە هۆنراوەکانی نالی دا بە پێی زانستی خواناسی.

(٧) فەتاح، عەبدولکەریم (بابەت) نالی هەر لە لووتکەدایە، زاراوەکانی عیرفان لە شیعرەکانی نالی دا، کۆڕی نێو نەتەوەیی ئەدەبی لە سلێمانی.

(٨) سەجادی، دکتۆر زیائەدین، مقدمەای بر عرفان و تصوف، انتشارات سمت تهران ١٣٨٤.

(٩) دکتر سید جعفر سجادی، فرهنگ اصطلاحات وتجرات عرفانی- ١٣٨٧ چاپ چارم. کتابی نەی طهوری.

(١٠) میرنشین ئەردەلان، بابان، سۆران-ئاراس، خاوەنی ئیمتیاز شەوکەت شێخ یەزدین، سەرنووسەر: بەدران ئەحمەد حەبیب. هەولێر.

(١١) سەجادی، عەلاءالدین، مێژووی ئەدەبی کوردی بڵاوکەی کوردستان ١٣٩١ هەتاوی.

ڕەنگدانەوەی ڕۆمانسییەت لە شیعری مەولەویدا

یونس سلێمان ئەحمەد
(زەڕایەن)

پێشەکی

مەولەوی یەکێکە لەو کەڵە شاعیرانەی کورد، کە توانیویەتی لەڕێی شیعرەکانییەوە بااڵدەستی خۆی بنوێنێت، کە بەجۆرێکە کەم کەسی تر هەیە بەهەمان شێوەی ئەم توانیبێتی ئەو کارەبکات، چونکە مەولەوی بەتەنیا لەیەک بابەتدا دەست ڕەنگین نەبووە، بەڵکو خامەی مەولەوی زۆر بواری گرتووەتەوە: وەکو شیعر و عەقیدە کە پڕیەتی لەبیری فەلسەفی، بەڵام ئەوەی لێرەدا دەکرێتە باسی سەرەکی ئەم لێکۆڵینەوەیە، بریتییە لە ڕەنگدانەوەی ڕۆمانسییەت لە شیعرەکانی مەولەویدا، بۆ ئەمەش پشت بەکۆمەڵێک سەرچاوەی جیاواز بەستراوە.

ڕۆمانتیک چییە؟

بریتییە لەو ڕێبازە ئەدەبی و هونەرییەی لە کۆتایی سەدەی (١٨) سەری هەڵداوە. وشەکە وشەیەکی لاتینییەو مانای ئەندێشەو خەیاڵ دەبەخشێ، هەروەها ئەم ڕێبازە بەپێچەوانەی قۆناغی ڕووناکبیری سەدەی هەژدەمەوە ژیر و عەقڵیان پشتگوێ خستووەو پەنایان بردووەتە بەر ئەندێشەو خەیاڵ و هەست و سۆز و ناخی تاکەکەسی.

چەمکی ڕۆمانتیک لە ئەدەبی کوردیدا

ڕۆمانتیکی کوردی وەک زاراوەیەکی ئەدەبی، یان وەک لێکدانەوەی ڕێبازێکی ئەدەبی بەم ناوەوە مێژوویەکی نزیکی هەیە، تەنانەت دەکەوێتە دوای ئەو قۆناغە ئەدەبییەش کە ئێستا بە قۆناغی ڕۆمانتیکی شیعری کوردیی دادەنرێت.

قوتابخانەی ڕۆمانتیکی کوردی جیاوازی لەگەڵ هەموو

مەولەوی

ئەدەبیاتی جیهاندا هەیە، بەڵام ئەوەی قوتابخانەی ڕۆمانتیکی کوردی لەگەڵ ڕۆمانسییەتی جیهان یەک دەخات، ئەو خەون و خەیاڵەیە کە هەموو ئەو بیر و تابلۆیانەی ئەو خەون و خەیاڵەیان پێ دەردەبڕێت، خەون و خەیاڵن بۆ پێشەوەیەو بە دواڕۆژەوەیە، ئەوە وەک تابلۆی دڕەوشەدار و ئاسۆی ڕووناک خۆی پیشان دەدات و دێڕی هۆنراوە پڕ دەبێت لە هیوا و ئاوات و خەوی خۆش و پێکەنین، کە خەو و خەیاڵ بۆ دواوەبوو، ئەوە تابلۆی تاریک و دڵ پڕ لە ئازار خۆی دەنوێنێت و دێڕی هۆنراوە پڕ دەبێت لە هیوای تیکشکاو و ئاواتی ڕووخاو و خەوی ناخۆش و گریان. ڕۆمانتیک لە ئەدەبی کوردیدا، لە شیعر زیاتر دەردەکەوێ، تا لە جۆرەکانی دیکەی ئەدەب.

مەولەوی و ڕۆمانسییەت

هەرچەندە مەولەوی بە یەکێک لە شاعیرە کلاسیکییەکانی کورد دادەنرێت، کە بەر لە قۆناغی ڕۆمانسییەتی کوردی شیعری وتووە، بەڵام لە شیعرەکانی مەولەویدا زۆر بە جوانی دیمەنی ڕۆمانتیک ڕەنگی داوەتەوە، بۆیە دەتوانین بڵێین سەرەتای دەرکەوتنی شیعری ڕۆمانتیکی لە ئەدەبی کوردی بۆ شیعرەکانی مەولەوی دەگەڕێتەوە.

پیرەمێرد لەم بارەوە دەنووسێت " ئەو شاعیرانەی کە خوا دەیزانێ، هاوتای مەولەوی، لە ئەوروپادا کەم بووە، ئاخ شێوەی زبان و کەمی بەیان، خستوویەتییە نسیان"

عەلائەددین سەجادیش دەنووسێت" ئەگەر بەراوردی خەیاڵی شیعری مەولەوی لەگەڵ شاعیرەکانی سەدەی نۆزدەمی غەیری کورددا بکرێ، هەموو زمان و قەڵەمێک دان بەوەدا دەنێ کە فیکری بەرزی مەولەوی لە سەرووی هەموویانەوەیە، نازکی خەیاڵ، تیژی بیر، وردیی مەعنا، جوانیی وشەو ڕاکێشانی دڵ بە عیبارەتی ڕەنگین و بزواندنەوەی تەلی عاتیفە، مەگەر هەر لە دەست مەولەوی هاتبێ"

کەواتە دەتوانین بڵێین بەشێکی شیعرەکانی مەولەوی دەچێتە خانەی شیعری ڕۆمانتیک، لێرەدا هەندێک نموونەی ئەو شیعرانە دێنینەوە کە ڕەگەزی ڕۆمانتیکی تێدایە.

بۆ نموونە لەم پارچە شیعرەدا مەولەوی لە شەوێکدا باسی خەم و خەفەتی دڵی خۆی دەکا:

ئیمشەو هەم دیسان دەروون پڕ خەمەن
ئەساسەی ماتەم جەلامەن جەمەن
نەتاو دووری دڵ بێ قەرارەن
بینایی دیدەم جە خەفەت تارەن
شریخەو گرمەی هەور دووریی دۆس
وەفەنا بەردەن مەغزو ڕەگ پۆس
شەڕارەی گڕپەی ناری مەهجووری
کەردەن وەغوبار کۆگای سەبووری
نەتاقەت مەندەن نەتۆی دەروندا
نە لەیلی مدێ وەلای مەجنووندا
یاخوا مەردەنی بۆ وەمیهمانم
ئیتر نەوینوون دووری یارانم
بەڵگم خەلاسیم نەدەس دووریم بۆ
بەو زووخی زامان نەشوون وەگڵکۆ

لەم چەند دێڕە شیعرەی مەولەویدا چەندین ڕەگەزی ڕۆمانتیک بەدی دەکەین، کە دەتوانین گرنگترین ڕەگەزە ڕۆمانتیکەکان لەم چەند خاڵەدا کورت بکەینەوە:

١- شاعیر شەوی هەڵبژاردووە بۆ ئەوەی باسی خەفەتی خۆی لەو شەوەدا بکا...

شاعیرانی ڕۆمانتیک زۆرجار پەنا دەبەنە بەر شەو، کە

دنیا کپ و بێ دەنگ دەبێ و هێمنیی باڵ بەسەر دنیادا دەکێشێ، لەو ساتە کپ و هێمنەدا دەکشێنەوە ناو دنیای تایبەتی و ناوەوەی خۆیان و بیر لە ڕابردووی خۆشی تێپەڕبوو و ئایێندەی خەیاڵاوی دەکەنەوە.

٢- شاعیر تووشی نائومێدی هاتووە، چونکە نەخۆی تاقەتی ماوەو نە یاریش ئاوڕێکی لێ دەداتەوە، ئیتر لەو نائومێدییەدا خۆزگە بە مردن دەخوازێ بۆ ئەوەی لە دەست دەردی یار بحەسێتەوەو بەو زامە سەختەوە نەچێتە ژێر گڵ.

٣- لەم بارە دەروونییە سەختەی شاعیر تێیدا دەژی، لە ئەنجامی دووری یارەکەی، تووشی سەرگەردانی و نائومێدی دەبێ. هیوای بەدیداری دۆست نامێنی و ژیانیش بۆ دۆست مانای تێدا نامێنێ، چونکە دۆست و ژیان لای شاعیر دەبن بەیەک، ئیدی ئەو نائومێدییە دەگاتە ئەوپەڕی و شاعیر خۆزگە بە مردن دەخوازێ.

لەم دوو دێڕە شیعرەی خوارەوەشدا بەهەمان شێوە ڕەگەزی ڕۆمانتیکی تێدا بەدی دەکەین:

نازک تەدارەک فەسڵی وەهارەن
شیرین ئارایش هەردەو کۆساران
گوڵ چوون ڕووی ئازیز نەزاکەت پۆشان
بەفراوان چوون سەیل دیدەی من جۆشان

(واتای شیعرەکە: وەرزی بەهار چەند جوان خۆی ڕێک خستووەو چیاکان چەند شیرین خۆیان ڕازاندوەتەوە، گوڵ وەک ڕووی خۆشەویستەکەم بەرگی ناسکی پۆشیوە و بەفراوەکانیش وەک لافاوی چاوم خوڕەیان دێ).

لەم دوو دێڕە شیعرەی سەرەوەدا مەولەوی زۆر بە جوانی دەریخستووە، کە گوڵ چەند جوان و نازەنین بێت، هێشتا لەڕووی ئازیزەکەی ئەو دەچێت، لەڕاستیدا ئەم وەسفە جوانەی شاعیر کە لەم دوو دێڕە شیعرەدا کردوویەتی ئەوپەڕی وێنەی بەرزی ڕۆمانسییەتە.

یەکێکی تر لەو نموونە ڕۆمانتیکیانەی کە لە دیوانی مەولەویدا هەیە ئەم دوو دێڕە شیعرەیە:

وەی من پەی صەفای یاران هام دەم
ئای پەی ئەو سەیران ماردم و کەڵ ڕەم
یاران گردین شین وە تووناى تووندا
هەر خەیاڵ مەندەن ئەتۆی دەروندا

(واتای شیعرەکە: ئاخ بۆ ڕابواردنەکەی جارانمان لەگەڵ دۆست و برادەران، ئاخ بۆ سەیرانکردنمان کە چووین بۆ ڕاوەکەڵ و تفەنگی ماردمان پێ بوو، دۆستان هەموو تۆناوتوون کەوتن و مردن ئێستا هەر یادیان لە دڵماندا ماوە).

لەم دوو دێڕە شیعرەدا شاعیر هەناسە بۆ ڕابردوو هەڵدەکێشێت، ئاخ بۆ ڕابردوو دەخوازێ، کە ئەمەش یەکێکە لە تایبەتمەندییەکانی شیعری ڕۆمانتیک.

دیاردە سروشتییەکان یەکێکە لە بنەما گرنگەکانی شیعری ڕۆمانتیک، بەشێکی گرنگی شیعری مەولەویش تایبەتە بە باسکردنی سروشت بە گشتی و وەرزی بەهار بەتایبەتی.

(د.ئەنوەر قادر محەمەد) لەکتێبی (لیریکای شاعیری گەورەی کورد مەولەوی) لەم بارەیەوە دەڵێ" وەسفی سروشت لەلای مەولەوی، لە چوارچێوەی بابەت و ژانری غەزەلی تەقلیدیدا زۆر هەمەچەشن و تازەو دانسقە و نایابە، دیارە ئەمەش بەهۆی ئامێری هونەریی بەرز و جەوهەری شارەزایانەی شاعیرییەتی مەولەوییەوەیە".

لەهەمان کتێبدا د.ئەنوەر قادر محەمەد گرنگترین مۆتیڤە بنەڕەتییەکانی وەسفی سروشت لای مەولەوی لەم خاڵانەدا کورت کردووەتەوە:

١- باسی جوانی ئازیز- دڵدار.
٢- باسی ئەندێشەو هەستی پاڵەوانی لیریکییە.
٣- باسی دووری ئازیز و یارانە.
٤- باسی جوانیی سروشت و چۆنیەتی تێڕوانینی پاڵەوان و سەرنجدانیەتی لە سروشت.
٥- بابەتی مەی و ساقییە.
٦- دەربڕینی چەمکی فەلسەفی و گۆشەنیگای کۆمەڵایەتی شاعیر.

لە چەند شوێنێکدا مەولەوی بە شێوەیەکی زۆر جوان باسی بەهار دەکات، بە کەژەبەرز و لووتکە بەفرینە سەرکەشەکان شینایی و مێرگە بە نێرگز و گوڵاڵە و گژوگیا و بەهارەی جۆگەو شەتاو کە لەگەڵ مرۆڤدا تێک ئاڵاون و تواونەتەوە.

بۆ نموونە لەم دوو دێڕەی خوارەوەدا:

وەهارەن سەیرەن، سەوزەی دیاران
نم کەوت نەدیدەش چۆن شەو بێداران
پەی دڵەی مانیای دەروون مەڵاڵان
سایەی بەستەوە خەیمەی گوڵاڵان

وێنەی گوڵ لای مەولەوی ڕەمزی جوانی و خێرێشە،

شاعیر شەیدای سەرجەم سروشتی کوردستان بووەو وەک گلێنەی چاو، خۆشی ویستووە و بە خامەی هونەرمەندێ نیگاری کێشاوە.

بۆ نموونە لەم دێرە شیعرەدا مەولەوی زۆر جوان باسی گوڵ دەکات:

گا چون بۆی نەسیم وە ڕووی شەتەودا
گا چون گوڵ نەپای چوڕەی بەفراودا

لەم نموونەیەی سەرەوەدا مەولەوی بەشێوەیەکی زۆر بەرز و جوان باسی گوڵ دەکات، کە یەکێکە لە دیمەنە جوانەکانی سروشت و سەرەڕای ئەوەی کە هەندێک گوڵ بوونی خۆشی هەیە، بەمەش شاعیر توانیویەتی وێنەیەکی جوان بڕازێنێتەوە.

باسێکی تر کە دەکرێت هەڵوەستەی لەسەر بکەین، بریتییە لە ڕەنگدانەوەی لاواندنەوەی خاتوو عەنبەری خێزانی کە بە شێوەیەکی جوان ڕەنگی داوەتەوە:

دڵەی دڵ وە مەی مەیل لەیلێ کەیل
مەحرەم وە ڕازان خەڵوەت خانەی لەیل
لانەی حەڵقەی زوڵفی عەنبەر بۆی شەو ڕەنگ
هام دەم جای تەنگ ئەڵحەد سەرای سەنگ

(واتای شیعرەکە: ئەی دڵەکەم کە پڕ بووی لە شەرابی حەزکردن لە لەیل، مەحرەمی ڕازی ژووری تایبەتی ئەوێ کە گۆڕیەتی. ئەی دڵەکەم کە لەسەر ئەڵقەی زوڵفی ڕەشی بۆن خۆشی یار هێلانەت کردووە، بووی بە هاودەمی جێگە تەنگەکەی، کە ئەلحەدی گۆڕە بەردینەکەیەتی).

ئەنجام

لەکۆتاییدا دەتوانین بڵێین ئەگەر بێتو بەوردی کار لەسەر شیعرەکانی مەولەوی بکرێت، ئەوە دەتوانین زۆر نموونەی جوانی ڕۆمانسییەت بدۆزینەوە.

ئەمەش کە کراوە تەنیا کارێکی بچووکە لە بارەی ڕەنگدانەوەی وێنەو دیمەنی ڕۆمانسییەت لەشیعرەکانی مەولەوی، هەوڵدراوە بەپێی توانایی چەند نموونەیەک وەربگیرێت بۆ ئەوەی بتوانرێت ببێتە بەڵگە بۆ ناوونیشانی بابەتەکە.

بۆیە دەڵێین مەولەوی هەتا کاری لەسەر بکرێت و لێکدانەوە بۆ شیعرەکانی بکرێت، هێشتا کەمە و ئەوەشی لە ڕابردوودا کراوە، مشتێکە لە خەرمانێک، چونکە مەولەوی بەو جیهانبینییەی خۆی شتی زۆر گەورە و جوانی پێشکەش بە ئەدەبیاتی کورد کردووە.

سەرچاوەکان:

١- دیوانی مەولەوی، کۆکردنەوەو لێکدانەوەی مەلا عەبدولکەریم مودەڕیس، بەغدا، ١٩٦١.

٢- لیریکای شاعیری گەورەی کورد مەولەوی، د.ئەنوەر قادر محەمەد، چاپی سێیەم، سلێمانی، ٢٠٠٧.

٣- مەولەوی تەقینەوەی زمان، حەکیم مەلاسالح، هەولێر، چاپخانەی ئاراس، ٢٠٠٨.

٥- وێنەی شیعری لە ڕێبازی ڕۆمانسییەتی کوردیدا، عەبدولقادر محەمەد ئەمین، سلێمانی، چاپخانەی سەردەم، ٢٠٠٢.

٦- میژووی ئەدەبی کوردی، عەلادین سجادی.

٧- پێگەی ڕێبازی ڕۆمانتیکی لە شیعری کوردیدا، د.هەڤاڵ ئەبوبەکر حوسێن، چاپی یەکەم، چاپخانەی لەریا، سلێمانی، ٢٠١٠.

٨- زمان و ئەدەبی کوردی، بۆ پۆلی دەیەم و یازدەیەمی ئامادەیی.

ژن لە ڕوانگەی (هێمن)ی شاعیرەوە

فەتاح محەمەدنیژاد - عەلی ڕەزا محەمەد نیژاد (شنۆ)

کورتە

لەم وتارەدا ڕوانگەی هێمنی شاعیر لە مەڕ ئافرەتی کورد هاتووەتە ئاراوە و بە وردبینی باس لە لادانی پەردەیەک لەسەر تابلۆی ڕەنگین و وەستایانەی شاعیری گەورەی کورد هێمن کراوە. بە گشتی لەم دەقەدا تیشک خراوەتە سەر بۆچوونەکانی هێمن بەرانبەر بە ئافرەت.

وشە سەرەکییەکان: ئافرەت، خوێندن، حورمەت، جوانی، هێمن.

پێشەکی

دیارە هێمنی شاعیر وەک خۆی لە پێشەکییەکەیدا ئاماژەی پێ کردووە، کەس خۆی لە خۆی باشتر ناناسێ، ئێمەش لێرەدا نامانەوێ هێمنی شاعیر بە کەس بناسێنین، یان باری ژیانی ئەو مرۆڤە بێنینە بەر باسوخواس. لە ڕاستیدا ئاگادارن کە هێمن وەک ڕۆشنبیرێک، خاوەن ئەزموون و بیروبۆچوونی خۆیەتی و وەک ئەستێرەیەکی پڕشنگدار لە نێو ئەدەبی کلاسیکی کوردیدا دەدرەوشێتەوە و لە ڕەوتی بەرەو پێشچوونی زماندا کاریگەری باشی بە دەستەوە داوە. لەم وتارەدا ئاماژە دەکەینە سەر چەند خاڵی گرنگی سەردەمی ژیانی هێمن کە زۆر ئاڵۆگۆڕ و کارەسات و کێشە بۆ نەتەوەکەی هاتووەتە ئاراوە، خۆی هەڵگری ئەو هەموو دەرد و داخ و کەسەرە بووە، بەڵام بەو حاڵەش قۆڵی هیمەتی لە پاراستن و زیندووبوونەوەی زمانەکەی هەڵماڵی و لەگەڵ هاوڕێبازەکانی خۆیدا گرنگییەکی زۆریان بە زمان دا. بەڕاستی ڕوون و ئاشکرایە کە ناکرێ باسی لێ نەکرێ و هەروا بە ئاسانی پشتگوێ بخرێ، کە بە تێکۆشانێکی

هێمن

ژۆر ئەو زمانەیان لەفەوتان و توانەوە ڕزگارکرد.

هەر ئەو زمانە شیرین و ئەو وشە ڕەنگینانە بوون کە وەک مێو بۆ هێمن دەهاتنە کایەوە، ئەویان بە شاعیری گەل ناودێر کرد، هێمن کۆمەڵگاکەی زۆر خۆش دەویست و لە نزیکەوە هێلکەی ژیانی پڕ لە تاڵی و سوێری ئەوانی لە ددان دابوو، هەر بۆیە دەیویست بە زمانێکی پوخت و پاراو، بە زمانێکی شیرین و سادە کۆمەڵگاکەی بۆ پێشکەوتن لە هەموو بوارێکدا هان بدا. یەکێک لەو خاڵە گرنگانەی کە هێمن زۆر جەختی لەسەر کردووە و دەنگی بۆ هەڵبڕیوە، هاندەری لاوانی نەتەوەکەی بووە بۆ خوێندن، بە تایبەت ئافرەت، بۆیەش لەم وتارەدا تیشک دەخەینە سەر بۆچوونەکانی هێمن بەرانبەر بە ئافرەت.

ڕاڤە و تێبینی

ژن لە ڕوانگەی (هێمن)ـەوە، دەکرێ ڕێخۆشکەرێک بێت بۆ دۆزینەوەی گرێ بەستەکانی ناو کۆمەڵ، چونکە هێمن زۆر بە داخ بووە بۆ لاوانی کورد بە تایبەت ئافرەت، کە لە خوێندن و خوێندنەوە بێ بەش بێت. شاعیری گەل بە زمانی شیعر چ خزمەتێکی بە نەتەوەکەی کردووە و چۆن سەبارەت بە ئافرەت دواوە و چ تێبینی و پێشنیارێکی بۆ دواڕۆژی ئافرەت هەبووە و چۆن ڕوخساری ئافرەتی وەک چەپکەگوڵێک لەبەر بارانی حورمەت و خۆشەویستی ڕاگرتووە. وەڵامی ئەو پرسیارانە لەم وتارەدا دێنینە بەرباس و بە شیکردنەوەی چەند لە شیعرەکانی، دڵۆپێک لە دەریایەک هەڵێنجین و پێشکەشی خوێنەرانی دەکەین.

ئافرەت لە شیعری (هێمن)دا:

کۆیلەتی باوی نەماوە کیژی کوردی خۆشەویست"
ڕاپەڕە هەستە لە خەو، ئاخر چەوەختی خەوتنە؟
دەرکە بشکێنە، پەچە بدڕێنە، ڕاکە مەدرەسە
چارەی دەردی کوردەواری خوێندنە، هەر خوێندنە
گوارەکەی زێڕت بە کارنایە، لە گوێ بگرە قسەم
لایقی گوێی تۆ عەزیزم شیعری سادەی (هێمنە)

هێمن سەرەڕای هەڵگرتنی باری قورسی کۆمەڵگاکەی، لە سووچێکی دیکەوە بۆ ئازادی و ڕزگاربوون لە ژێردەستی ڕوانیوە. هێمن زۆر ژیرانە بیری لە پێشکەوتن کردووەتەوە و زانیوێتی نەتەوەیەک لە ناو خۆیدا ئازادی نەبێ و سەربەستی لەناوخۆیدا نەخۆڵقێنێ، ناشتوانێ ئازادی و سەربەستی، کە ویست و داخوازییەتی وەدەست بێنێ. هێمن زۆر ئاگایانە بیری لەسەرچاوەی ژیان کردووەتەوە و زانیوێتی تا سەرچاوەکەی لە ناو خۆیدا ڕوون نەبێتەوە، دەوای دەردی کۆمەڵ ناکرێ، هەربۆیە بە زمانی شیعر، بێجگە لەوەی وەسفی سروشتی جوانی کوردستان دەکات، بانگەوازی جەماوەریش دەکات و دەڵێت:

چۆن دەبێ سەربەست گەلی ژێردەست کە کچ دابەستە بێ
بەس نەبێ ئەو کۆیلەتی و ئەو کچ لە ژوور دا بەستنە
با هەزار (زێ) و (گادەر) و (لاوێنی) ڕوونیشمان هەبێ
تاکو ژن ئازاد نەبێ. سەرچاوەکەی ژین لیخنە

هێمن زۆر وەسفی ئافرەتی کردووە و زۆر بە سرنجەوە لێی ڕوانیوە و هیواو ئومێدی پێ بووە، فەخر و شانازی بە ئافرەتی کوردەوە کردووە لەوەی کە هەرچەند بە نائومێدی و هەناسە ساردی ژیاوە بە دوور لە مەکر و جامبازی و درۆ بووە و خۆی پاسەوانی ناموسی خۆی

بووە و بە ڕوو سـووری ژیاوە، بۆیە شـاعـیـری گـەل بە حورمەتەوە ڕوو لە ئافرەت دەکات و دەڵێ:

مایەی ئومێدی کێژی چاو هەڵۆ
نازانی مەکر و جامبازی و درۆ
چارشێوت نییە ڕووناگری لە کەس
ناموسی خۆتە پاسەوانە و بەس

ئەو سەردەمەی کە بە گشتی ئافرەتی کورد شان بە شانی پیاوان بۆ بژێوی ژیانیان تێدەکۆشان و لە مووچە و مەزراکاندا کاریان دەکرد و لە ئاژەڵداری و ناو ماڵیشدا بێ وچان بوون و بەری ڕەنجی شـــان و پیلی خـــۆیان دەخوارد، مام هێمن بە چاوی ڕێز و حورمەتەوە لە کار و تێکۆشانی ئافرەتانی ڕوانیـوە و لە شـیـعـری (بەهاری لادێ)دا دەڵێ:

کچێک پێیەتی دوو گۆزە بە لەنجە دەچتە سەر ئاوێ
کچێکی تر شەکۆی هەڵگرتووە دەڕواتە پاراوێ
ژنێک چەند ماشەری پێیە دەیانهێنێتە بەر تاوێ
ژنێکی تر بە دەستاڕی دەهاڕێ گەنمی بۆ دراوێ
بەرەو ماڵ بوونەوە پۆلێک و پۆلێک دەچنەوە بۆ بژار

شـاعـیـری گـەل زۆر بە باشی شـارەزای وشـەی کـوردی بووە و زۆر و ستایانە بە خشـتی وشە، کۆشکی ئەدەبی پێکهێناوە وە لە دابونەریتی کوردەواری دواوە. هێمن بەو هەموو خۆشەویستییەی کە بەرانبەر سروشت و زمان و کەلەپووری نەتەوەکەیدا هەیبووە، خۆشەویستی کچیشی کەمتر لە خۆشەویستی ئەوانە نەزانیوە و هەستی جوان و خۆشـەویسـتی خـۆی بەرانبـەر بە کـچـیش ڕاشکاوانە لە شیعرێکدا ئاوا دەردەبڕێ و دەڵێ:

بیرم لە بەرم دەڕەوێن
کەچی؛ کچم هەرخۆش دەوێن
کچ ئاواتی پیرۆزمن
خۆشی دڵی پڕ سۆزمن
کچ نووری دیدەو چاومن
بەندی جەرگ و هەناومن
کچ ڕووناکایی ژینمن
کچ هەتوانی بڕینمن

هێمنی شاعیر: بە ڕووی و ئاشکرا دەردی کۆمەڵگاکەی بەیان کردووە و گرێبەستەکانی لەژێر چارشێوی ڕەشدا دەرخستووە و باسی لێ کردووە، چونکە هێمن زانیوێتی زۆر دابونەریتی کۆن و ناڕەوا دەستەویەخەی نەتەوەکەی بووە کـە بەڕاسـتی بووەتە هۆی دواکـەوتنی کـۆمـەڵ، یان باشـتر بڵـێم بووەتە دەردێک و گەلەکەی بە دەستییەوە دەنالێنێ. شـاعـیـری گـەل: نەک هەر دەردەکـانی بەیان کـردووە، بەڵکو بەوپەڕی شـارەزاییـانە و پسـپـۆڕانەوە دەرمـانەکـەشی بۆ دۆزیوەتەوە و ڕێگاچارەی بە زمـانی شـیـعـر بە گـوێی خـەڵک ڕاگـەیاندووە کـە کچ لە ژوور دابەستن تاوانە و دەبێ حورمەتی ڕابگیرێ و فێری نێو خـەڵک و جـەمـاوەر بێ. مـامـۆسـتـا هێـمن خـۆشی لە وتوێژێکدا دەڵێ: "بۆیە پەنامـان بۆ شـیـعـر بردووە، چونکە شـیـعـر زوو لەبەر دەکـرێ و زوو دەچێـتـە ناو خەڵکەوە" بۆیە لە شیعری "سووڕی دەوران"دا دەڵێ:

دەبوو چەتری سەری باڵی هومابا
نەوەک ئاوا لە ڕووپۆشی خزابا
دەبوو سواری قەلاندۆشی هەڵۆبا
لە بەرزایی چیادا سەر بەخۆ با
نەوەک لێی داخرابا دەرکی حەوشە
ژیابایە لەنێو ئەو غەور و خەوشە
قەفەس زیندانی تاوسی شۆخ و مەستە؟
کچی جوان و لە بارو دەرکی بەستە؟
بە کاری چی دێ خشڵ و زێڕ و زێوەر
کچێکی نەشتە نێو خەڵک و جەماوەر
لە ژاری تاڵتەرە خۆراکی چەوری
کچێک وەک ڕۆژ نێتە دەر لە هەوری

شاعیر: ڕووانینێکی سووک، یان دابەستن و کۆیلەتی بەرانبـەر بە ژن بە گشـتی و ئافرەتی کورد بە تایبـەتی بە خەسارەیەکی گەورە زانیوە، هەر بۆیە شانی داوەتە کۆڵ نەدان و بۆ قـــەرەبووکـــردنەوەی تێکۆشـــاوە و هەوڵ و تەقەللای بێوچانی داوە و فەخر و شانازی بە خوێندەوار بوونی کچ دەکات و دەڵێ:

ئەی کچی جوان، کچی لە بار
ئەی کچی زاناو خوێندەوار
تیشکی هیوای دواڕۆژی ڕوون
ساڕێژکەری زامی دەروون

یان لە شیعری فرمێسکی ڕنوودا دەڵێ:

خۆشەویستی من کچە کوردێکە پاک و نازەنین
باخەوانە پیرەمەو باخی بە پەرژینم دەوێ

نامەوێ ڕووبگرێ تا دەمرێ بە فێڵبازی و درۆ
یاری، نازداری، لەباری، دیاری شەرمینم دەوێ
من تەشی ڕێستێکی وەک شیرنی (وەفایی)م بۆ چییە
کێژی وریای چاوکراوەی فێرە زانینم دەوێ

ئەنجام

لە کۆتاییدا دەڵێین: هێمن شاعیرێکی نوێخوازی سەردەمی خۆی بووە، ئەگەرچی شیعرەکانی لە قاڵبی کلاسیکدا نووسیوە، بەڵام ناخ و هەستی ئەو شاعیرە پێشکەوتن و نوێبوونەوە بووە و مەرجیش نییە هەر شتێ لەقاڵبی کلاسیکدابێ کۆنە و پەیامی نوێبوونەوەی نییە. هێمن نوێبوونەوەیەکی زۆر گرنگی خوڵقاند، کە کۆمەڵگای کوردی پێ قەرزداری خۆی کرد، ئەویش نوێبوونەوەی زمان بوو. هەروەک پێشتر باسمان کرد زمانی کوردی لە فەوتان و توانەوە زۆر نزیک بوو، بەڵام هێمن و هاوڕێیانی سەردەمی هێمن ئەو زمانەیان زیندوو کردەوە و ئەو وشانەی ژێر پەردە کرابوون کایەی زمانیان پێکردن و خستیانە سەر زارانەوە.

پرۆفیسۆر عیزەددین مستەفا ڕەسوڵ لە وتوێژێکدا دەڵێ: "مامۆستا هێمن کە ماوەیەک لە کوردستانی باشوور ژیا، کاردانەوەیەکی چاکی هەبوو، بۆ ئەوەی کە گەنجەکانمان ورده ورده، بزانن کوردی چۆن ئەنووسرێ" هەروەها دەڵێت: "بەڵامەوە نەسرەکەی مامۆستا هێمن لە شیعرەکەی زۆر جوانترە، هەر چەند شاعیری چاکیشە "ئێمەش دەڵێین: هێمن ئەو شاعیرە شۆڕشگێڕ و هەست ناسک و گەشبینە بووە کە خەمی دواڕۆژی میللەتەکەی لەبەر بووە و مشووری بۆ خواردووە و تاڵی و سوێری بۆ چێشتوون. ڕوحی شاد و ڕێگای بەردەوام.

سەرچاوەکان:

١- دیوانی هێمن.
٢- تاریک و ڕوون.
٣- پاشەڕۆک.
٤- گۆڤاری تایبەتی سروە ژمارە (١).

ڕەشنووسی کتێبی شەرحی: (تەسریفی مەلا عەلی شنۆیی)

وریا ئەحمەد

لەم ماوەی دواییەدا کاک (هاواری ئامۆزام) بۆی باس کردم، کە دکتۆرێکی زانکۆی کۆیە بە ناوی (جەمال مەحەمەد فەقێ باجووری) بە دوایدا گەڕاوە و باسی ئەوەی بۆ کردووە کە خانەوادەی ئەویش وەک خانەوادەی ئێمە هەمان نازناوی هەیە و خانەوادەی ئێمەیش و ئەوانیش لە ئەسڵدا (باجەڵانی)یە و بە قسەی ئەو دکتۆرە بەڕێزە لەم ناوچەیەدا نازناوی ئەوان بۆ (باجووری) و هی ئێمەیش بۆ (باجۆرانی) گۆڕاوە و دەستکاری کراوە. دکتۆر جەمال باجووری (ماستەرنامە)یەکی بۆ کاک هاوار هێناوە و ئەویش بە سوپاسەوە کۆپی کردووە و ئێستا (کۆپی)یەکەی لەبەردەستمدایە و لەسەر بەرگی دەرەوەی نووسراوە: «ئەو ماستەرنامەیە لەلایەن فێرخواز (ئەحلام ئیسماعیل عەبدولکەریم شەهاب تکریتی)یەوە ئامادەکراوە و لە زانکۆی (تکریت) لە مانگی مایسی ساڵی (٢٠٠٤) بەسەرپەرشتی پرۆفیسۆر دکتۆر (جاید زیدان موخلیف) ئەو خانمە بڕوانامەی ماستەری پێ وەرگرتووە. ماستەرنامەکە لەسەر ڕەشنووسی کتێبی (تەسریفی مەلا عەلی شنۆیی)یە، کە دانەری ڕەشنووسی ئەو کتێبە (مەلا پیرۆتی مەلا عەولا)ی باپیری باپیرم بووە.»(١) زاراوەی (تصریف)ی عەرەبی ئەگەر هەڵە نەبم، مەبەستی لە بەکارهێنانەکانی (فعل - فرمان)ـە لەو زمانەدا، کەواتە باپیرە گەورەمان بێجگە لە مەلایەتییەکەی، لەو زانستەی زمانی عەرەبیشدا کە ئەوسا زمانی خوێندنەوە و نووسین بووە، تێیدا کەسێکی لێهاتوو بووە، بۆیە توانیویەتی لە کتێبێکی ڕەشنووسدا شەرح و لێکدانەوە بۆ ڕەشنووسی ئەو کتێبەی مەلا عەلی شنۆیی بکات.

لە پێشەکی ماستەرنامەکەیدا خاتوو ئەحلام دەربارەی مەلا پیرۆتەوە نووسیویەتی: «مەلا پیرۆت یەکێکە

لەوانەی هەوڵیان داوە، ئەو شتانەی لەو ڕەشنووسە زانستییەی (مەلا عەلی شنۆیی)دا هاتووە،(٢) هەستاوە لە کتێبێکی ڕەشنووس بە ناوی (شرح تصريف الملا علي الاشنوي لە دانانی مەلا پیرۆت باجووری)دا، بە شێوازێکی جوان ڕاڤە و لێکدانەوەی بۆ کردووە و ئاسانی کردووە، ئەمەش بەو مەبەستەی بگونجێت بۆ ئەو کەسانەی لەو زانستەدا لە سەرەتادان و تازە دەست پێ دەکەن.» دواتر خاتوو ئەحلام نووسیویەتی: «دەبێ ڕاشکاوانە بڵێم کە من بە هیچ جۆر و شێوەیەک نەمزانیبوو ڕەشنووسێکی لەو جۆرە بۆ شەرح و لێکدانەوەی تەسریفی فیعلەکانی زمانی عەرەبی هەیە، هەرچەندە زۆر لە هەوڵ و کۆشش دا بووم، تا بۆ ماستەرنامەکەم بابەتێک وەدەست بهێنم بۆ دیراسەکردن دەست بدات، تا دواجار ئوستاد و دکتۆر (جەمال محەمەد فەقێ باجووری)، ئەو کارەی بۆ مەیسەرکردم و هانیدام بۆ ئەوەی ڕاڤە و لێکدانەوە بۆ ڕەشنووسی کتێبەکەی مەلا پیرۆت بکەم، بە تایبەتی کە ماوەیەکی دوور و درێژ ئەو ڕەشنووسە بە پشتگوێخراوی و گرنگی پێنەدان ماوەتەوە.».

خاتوو ئەحلام لەو ماستەرنامەیدا چۆن باسی ژیانی مەلا پیرۆتمان بۆ دەکات:

لە پێشگوتنێکی ئەو ماستەرنامەیە، لەژێر ناوی (تەمهید)دا، خاتوو ئەحلام نووسیویەتی: «ژیانی مەلا پیرۆت لەلایەن لێکۆڵەر و ئەوانەی دیراسەی ڕەشنووس و بەرهەمە کۆنەکانیان کردووە، تا ئەمڕۆ بە هیچ جۆرێک ئاوڕی لێ نەدراوەتەوە، وەک ئەوەی ئاوڕ لە بەرهەم و ڕەشنووسی هەندێ لە زانایانی دیکە دراوەتەوە. بەو هۆیەوە مەلا پیرۆت لە ڕووی پلە و پایەی زانستییەوە کەمتر باس کراوە و لەوانی دیکەیش کەمتر ناوی داوەتەوە. ئەو گوێ پێ نەدانەیش بە ژیانی (زانای بەرز)مەلا پیرۆت(٣)، هۆیەک بووە بۆ ئەوەی هیچ شتێک دەربارەی وردەکارییەکانی ژیانی و هەموو ئەو شتانەی چواردەوریشی ئاگادارنەبین و نەزانین، بۆیە ئەمڕۆ ئاستەنگە لێکۆڵەرێک بێت و بتوانێت شتێکی کەمیش بێت دەربارەی مەلا پیرۆت بزانێت، هەرچەندە دوور نییە ئەو شتە کەمەیش زۆر گرنگ بێت بۆ لێکۆڵینەوەکەمان ئەگەر بمانزانیایە، بۆ نموونە: «ئەو پاڵنەرانە چی بوونە هانی (مەلا پیرۆت)یان داوە، ئەو کتێب و ڕەشنووسانە دابنێت؟». دواتر خاتوو ئەحلام دەنووسێت: «ئێمە لەبەردەم زانایەکین هیچ شتێک دەربارەی لە دایکبوون و ژیان و شوێنەوار و مامۆستا و سوختەکانییەوە نازانین، هەموو ئەو شتەی بۆ ئێمە بەجێ ماوەتەوە، ئەمڕۆ ئەو ڕەشنووسەی ئێستایە!». خاتوو ئەحلام لەم ڕووەوە بەردەوام بووە و نووسیویەتی: «لە دەمی (شێخ تاهیر بەرزنجی)یەوە دەگێڕنەوە کە لەم بارەیەوە گوتوویەتی: (مەلا پیرۆت یەکێکە لەو زانایانەی هیچ شتێک دەربارەی ژیانیان نازانین، هۆیەکەیشی ئەوەیە کە یەکێک بووە لەوانەی ڕەشنووسەکانی خۆی لەگەڵ خۆیدا لە گۆڕناوە!). دواتر ئەو خاتوونە باسی ئەو دیاردەیەی کردووە و ناوی هەندێ لەو زانایانەیشی نووسیوە کە لەسەر هەمان ڕێچکە ڕۆیشتوون لەوانە: (ئیسحاقی کوڕی ڕاهۆی) و (کوڕی موبارەک) و (کوڕی یەحیا) کە ئەوانە و هی تریش هەن، بەر لە مردنیان وەسیەتیان کردووە: کتێب و ڕەشنووسەکانیان لەگەڵ خۆیاندا لە گۆڕ بنرێن.

خاتوو ئەحلام لەم ڕووەوە درێژەی بە قسەکانی خۆی داوە و نووسیویەتی: «ئەگەر ئەو قسانەی پێش تۆزێک دەربارەی ئەو زانایانە ڕاست بن، ئەوە بۆمان دەردەکەوێت کە ئەوسا لەگەڵ خۆدا کتێب و ڕەشنووس لە گۆڕنان و

وزارة التعليم العالي والبحث العلمي
جامعة تكريت
كلية التربية للبنات

شرح تصريف الملا علي الأشنوي

تأليف : ملا پيروت

(دراسة وتحقيق)

رسالة تقدمت بها

احلام اسماعيل عبد الكريم شهاب التكريتي

الى مجلس كلية التربية للبنات – جامعة تكريت

وهي جزء من متطلبات نيل شهادة الماجستير في اللغة العربية

باشراف

أ. د. جايد زيدان محلف

ربيع الثاني ١٤٢٣هـ

سووتاندن کارێکی باوبووە و هەندێک لەو زانیانە ئەو کارەیان پەیڕەو کردووە. کە ئەمەیش یەکێک بووە لەو هۆیانەی بەرهەمەکانی مەلا پیرۆت وەک پێویست نەگاتە دەستمان.». خاتوو ئەحلام نووسیویەتی: «هۆیەکی دیکەی گرنگیش بۆ نەگەیشتنمان بە وردەکارییەکانی ژیانی ئەو زانایە ئەوەیە: تا ئەمڕۆ هیچ کام لە قوتابییەکان و برادەران و ئەوانەیش کە زانست و ئەدەبەکەی مەلا پیرۆتیان خۆش ویستووە، گرنگییان بە ژیان و نووسینەوەی بەرهەم و... تاد، ئەو زاتە نەداوە.»(٤) خاتوو ئەحلام لەم بارەیەوە بەردەوام بووە و نووسیویەتی: «بێجگە لەوە مخابن ئێمە ئەو قوتابی و برادەر و ئەو کەسانەیش کە زانست و ئەدەبەکەی مەلایان خۆش ویستووە ناناسین، بۆ ئەوەی ئەو شتانەی پێوەندییان بە ژیانی ئەو زانایەوە هەیە هیچ نەبێت لە دەمی ئەوانەوە بیاننووسینەوە و کۆیان بکەینەوە، بە تایبەتی ماوەی ئەو چەند سەدەیەی دوای داگیرکردنی بەغدا؟ بە تایبەتیش هی ئەو زانیانەی لە شوێنە دوورەدەستەکان و دوور لە سەنتەری شارەکانەوە ژیاون، هەرچەندە هەندێک زانیاری کەمان دەربارەی ئەو زانایە بە شێوەی زارەکی کۆکردووەتەوە، کە پەیوەستە بە ناوی مەلا پیرۆت و جیاوازی ناوی باوکییەوە؟ شایانی گوتنە ئێمە ناتوانین بڵێین: ئەو زانیارییانەی بە زارەکی کۆمان کردوونەتەوە هەر هەمووی تەواون! بگرە ئامازەیان پێ دەدەین، چونکە لە سەرچاوەی نزیکی ئەوانەوە وەرگیراون.» ئەو خاتوونە بەردەوام بووە و نووسیویەتی: «بۆیان باسکردین کە ناوی ئەو زانایە (پیرۆتی کوڕی قادر)ـە! و بە (مەلا پیرۆت باجووری) ناسراوە(٥). بەپێی قسەی نەوەکانی شەشەم و حەفتەمی مەلا پیرۆت بێت: ئەو مەلایە لە سەرەتای سەدەی دوازدەی کۆچی لە دایک بووە و لە دەیەی شەشەم، یان حەفتەمی ئەو سەدەیەیش کۆچی دوایی کردووە.(٦) مەلا پیرۆت لە گوندی (کانی وەتمان) هاتووەتە دنیاوە و لە شاری کۆیە کۆچی دوایی کردووە، بەڵام سالّی لە دایکبوون و کۆچکردنەکەی نادیارە؟». خاتوو ئەحلام بەردەوام بووە و نووسیویەتی: «دوای ئەم چەند زانیارییە کورت و خێرایە و هەموو ئەو تاریکییەی ژیانی ئەو زانایەی لە هەموو ڕوویەکەوە لە خۆدا لوول داوە، دەتوانین ئامازە بە ناوی یەکێک لە کەسایەتییەکانی ئەو شارە بکەین، ئەویش (حاجی بەکر ئاغای کوڕی حەویز ئاغا)یە، کە باپیرە گەورەی بنەماڵەی ئاغا حەویزییەکانە، ئەو کەسایەتییەی شاری کۆیە (شاعیر) بووە و نازناوی شیعریشی (قاسید) بووە. سالّی (١٢٠٠)ی کۆچی مزگەوتی گەورەی کۆیەی دروست کردووە، سالّی (١٢٧٠)ی کۆچیش کۆچی دوایی کردووە؟ مەلا پیرۆت ئاشنایەتی لەگەڵ ئەم زاتەدا هەبووە و لە قوتابخانەی ئایینی ئەو مزگەوتەدا وەک مامۆستایەکی ئایینی دەست بەکاربووە. بەڵگەیش بۆ ئەو پێوەندییە بە تینەی مەلا پیرۆت لەگەڵ (قاسید)ی شاعیردا ئەوەیە: مەلا پیرۆت ئەم کتێبەی خۆی پێشکەش بەو زاتە کردووە، کە لە پێشەکی ئەو کتێبەیدا ئامازەی پێ داوە و نووسیویەتی: ئەم کتێبەم کردووەتە (توحفە) بۆ حەزرەتی ئەو پیاوەی خوداوەندی گەورە پلەوپایەی بەرزی پێ داوە و کردوویەتی بە پشت و پەنا بۆ فێرخوازان و زانایان، ئەویش زانای ناوداری خاوەن ناوونیشانی (حەویز زادە)یە.

خاتوو ئەحلام نووسیویەتی: «ئەم (زادە)یەیش ئەوسا لەلایەن تورکەکان و ئەوانەیش کە کاریگەری ئەوانیان لەسەر بووە بەکارهاتووە، کە حەویزیش بۆ هۆزی حەویزییەکانی کۆیە دەگەڕێتەوە.» خاتوو ئەحلام دواتر نووسیویەتی: «لەمانەوە بۆمان دەردەکەوێت کە: مەلا پیرۆت لەو دێیە لەدایک بووە و گەورە بووە و لە مزگەوتی گوندەکەی خۆیشیان خوێندوویەتی، دواتریش بە مەبەستی خوێندن و وەدەستهێنانی زانست و زانیاری زیاتر، بۆ گوند و شارۆچکەکانی دیکە چووە و لە سوختەخانە و قوتابخانەی مزگەوتەکان درێژەی بە خوێندن داوە. ئەو سەردەمانە ژیان و گوزەرانی (فەقێ)یەکان لەسەر ئەرکی کەسایەتی و خێزانەکانی ئەو شوێنانە بووە. مەلا پیرۆتیش وەک هەموو ئەو فەقێ و سوختانەی ئەوسا بەو جۆرە خوێندوویەتی.». دواتر ئەو خاتوونە نووسیویەتی: «لەگەڵ هەموو ئەو ماندووبوونەی کردوومانە بۆ وەدەستهێنانی تۆزێک زانیاری دەربارەی ژیانی مەلا پیرۆت، لە ڕێگەی هەندێک لە خزمان و لە شەشەمین و حەفتەمین نەوەکانی، لەگەڵ ئەوەیشدا شتێکی زانستی ئەوتۆمان چەنگ نەکەوت کە شایانی باسکردن بێت، ئەمەیش بۆ باروزرووفی خراپی چواردەوری ناوچەکە دەگەڕێنینەوە.»

ماستەرنامەکەی خاتوو ئەحلام بەسەر پێنج بەشدا دابەش کراوە و دوای ئەوانەیش (تەحقیق) واتە

ساغکردنەوەی بۆ کردووە، ئەو ماستەرنامەیە نزیکەی (۲۳۷) لاپەڕەی گرتۆتە خۆ.

پەراوێز:

۱- ئەگەر سەیرێکی ناوی تەواوی بەندە و باوک و باپیرانی بکەین ئەو ڕاستییەمان بۆ دەردەکەوێت: «وریا - ئەحمەد - حەمەمەلا - مەلائەورەحمان - مەلا پیرۆت - مەلا عەولا».

۲- شایانی باسە ئەو ڕەشنووسە لەو سەردەمە کۆنانەدا زۆر بەربلاو بووە.

۳- خاتوو ئەحلام لەو برگەیەدا بۆ وەسفی مەلا پیرۆت (عالم جلیل)ی نووسیوە و بەندەیش ئەو زاراوە عەرەبییەم بۆ (زانای پایەبەرز) وەرگێڕاوە.

٤- لە بەرگی دووەمی کتێبی (مێژووی کۆیە)ی مامۆستای کۆچکردوو (تایەر ئەحمەد حەویزی) لاپەڕە (۱۷۵)دا نووسراوە: «لە کۆیە سوختەخانە زۆر بووە، ئەمانە لە پێش ساڵی (۱۹۰۰)ی زایین لە کۆیە سوختەخانەیان هەبووە،» ، یەکێکیش لەوانەی کە مامۆستا تایەر حەویزی ناوی بردوون (مەلا و ڕەحمانی کوڕی مەلا پیرۆت)ـە. لە شوێنێکی دیکەی ئەو کتێبەیشدا، یان لە چاپی نوێیدا باسی (مەلا پیرۆت) کراوە، وەک یەکێک لەوانەی لە گەڕەکی (هەواوان) لە شاری (کۆیە) سوختەخانەیان هەبووە. بەندەیش زیاد لە جارێک و لە شوێنێک لە گۆڤاری (ڕامان)دا و لە ژێر ناوونیشانی: (مێژووی گۆرانی و موزیکی ناوچەی کۆیە)، وەک گوتم: زیاد لە جارێک و شوێنێک ناوی ئەو باپیرە گەورەیەی خۆمانم بردووە.

۵- بەو پێیەی لە کۆندا باپیرە هەرە گەورەی خانەوادەی ئێمە دانیشتووی ئەو گوندە بووە، شایانی باسکردنە دێی (کانی وەتمان) وەک لە باوک و باپیرانەوە بیستوومە، لە کۆندا لە دوو گەڕەک پێکهاتووە: ئەوانیش (کانی وەتمان) و (باجۆریان) بوونە، دیارە باپیرە گەورەمان و نەوە و خزمانی باجۆریانیش لە گەڕەکی باجۆریان دانیشتوونە. ئێمە تا ئەمڕۆیش لەو دێیەدا (ڕەز)ێکمان هەیە و (سەنەدی ئەو زەوییە) هەر لەسەر ناوی (حەمە مەلای باپیرم)ـە، تا ناوەڕاستی حەفتاکانی سەدەی پێشوو مەبەستم تا ماڵمان لە کۆیە بوو، سالانە لە کۆتایی وەرزی هاوین و لە سەرەتای وەرزی پاییزدا، چەندین جار (قەڵتارە) و (بەرچنە) هەنجیر و بە (گاڵۆنی تەنەکە) سرکەی هەنار و بارەدار و مریشک و کەڵەشێر و شتی دیکەیشمان لە لایەن خزمانی ئەو دێیەوە بۆ هاتووە. ئەوسا هەندێک جار بە ئۆتۆمبێل بە ماڵەوە، بە تایبەتی لەوەرزی هاویندا بۆ ڕۆژێک بۆ کانی وەتمان دەچووین، بۆ دیتنی خزمان و لە نزیکەوە ئاگاداربوون لە ڕەوشی ڕەزەکەیشمان، ئەگەر هەڵە نەبم جارێک لەو جارانە ئەمە لە حەفتایەکانی سەدەی پێشوو، یان زووتر بوو، لە مزگەوتی گوندی (کانی وەتمان) چاوم بە (مام حوسێن چاوشین باجۆرانی)، ناوێک کەوت، باوکی حاجی حەسەن بوو، کە ئەمەی دواییان لە زووەوە نیوەی ڕەزەکەمانی، واتە بەشی نەنکم و بەشی مامی لە (کەریمی حەمە مەلا)ی مامم بەرانبەر بە (۱۵) دینار کڕیبووەوە. ئەو مام حوسێن چاوشینە کە بە پێی سەر و ڕیشی سپی و پشتی چەماوەی و قسەی خزمانمان بێت، ئەوسا تەمەنی سەد ساڵ، یان زیاتر بوو، ئینجا پرسیارم لەو مامەپیرەیە کرد و گوتم: مام حوسێن ناوی باوکی مەلا پیرۆتی باپیرە گەورەمان نازانیت؟ گوتی: چۆن نازانم ناوی (مەلا عەولا) بوو! بۆیە بەندەیش لەسەر قسەی ئەو مامە ڕیش سپییە خزمە باجۆرانییەی خەڵکی گوندی کانی وەتمان، لەو نووسینانەی خۆم کە لەسەر (ئەحمەدی حەمە مەلا)ی باوکم تا ئەمڕۆ لەو نامیلکەیەی بە ناوی (ئەحمەدی حەمە مەلا)ی باوک و هونەرمەند و نیشتمانپەروەر و لە گۆڤاری (ڕامان)یشدا، کە لە زیاد لە ژمارەیەک و لە نووسینێکدا کردوومە، ناوی باوکی (مەلا پیرۆت)م هەر بە (مەلا عەولا) تۆمارکردووە، نازانم ئەو خانمە ئەو ناوی (قادر)ـەی لە کوێ هێناوە؟

٦- خاتوو ئەحلام ئەو زانیارییانەی لە بەڕێز دکتۆر (جەمال محەمەد فەقێ باجووری) بەدەست کەوتووە، کە دکتۆر جەمال خۆیشی سەر بە هەمان هۆزی (باجەڵان) و خەڵکی گوندێکی نزیک (کانی وەتمان)ـە، لە پەراوێزی لاپەڕە (۵)ی ئەو ماستەرنامەیەدا نووسراوە هەر «دکتۆر جەمال بۆ ئەو خاتوونەی باس کردووە کە: هەندێک لە نەوەکانی مەلا پیرۆت تا ئەمڕۆیش هەر لەو گوندە، واتە لە (کانی وەتمان)، یان (باجۆریان) ژیان بەسەردەبەن و هەندێکی دیکەیان لە شاری کۆیە و هی تریان هەیە بەرەو ئەوروپا ڕۆیشتوون، وەک نموونە: موزیککار (وریا ئەحمەد حەمە مەلا).»

سادق هیدایەت و پرسێ بەناو چیرۆک

بابەک سەحرانەوەرد
(تاران)

سادق هیدایەت کێ بووە!

سادق هیدایەت نووسەرە نێودارەکەی ئێران، تەنیا ڕۆشنبیری هاوچەرخ بووە کە لە زۆربەی ولاتە بیانییەکان و لای خوێنەرە جددییەکانی ئەدەب، بە نووسەرێکی دەنگ پێناسە کراوە. لەمەڕ هیدایەت تا ئێستا بابەتی تێروتەسەلی زۆر نووسراوە کە هەر کام لە سووچێک و بە بەرجەستەکردنی وەلامێک شوێن دیاردە سەرەکییەکانی چیرۆکنووسینی ئەو کەوتوون. لانی کەم ڕۆمانی «کوندە بووەکوێرە» و چوار کۆمەڵە چیرۆکی ئەو بە زێدە لە ۲۸ زمانی بیانی وەرگێڕدراون و ئەم بەرهەمگەلە پێگەیەکی قورس و شیاویان بۆ کەسایەتی هیدایەت دابین کردووە، بۆیە لەم گوتارەش بە پێویستم نەزانیوە لەمەڕ ژیاننامە و کەسایەتی ئەم نووسەرە هەرە مەزنە زۆر بدوێم، چونکە هەم لە زمانی زگماکی و هەم زمانە بیانییەکان تاقمێکی زۆر وتار و توێژینەوە لەمەڕ ژیان و بەرهەمێن هیدایەت تەرخان کراوە کە زۆر بە وردی ئاوڕیان لەم کەسێتییە گەورەیە داوەتەوە. لەم وتارەدا پتر جەخت لەسەر ئەم پرسە دەکرێت کە هیدایەت کێ بووە و بە چ چەشنێک لە گۆڕەپانی چیرۆک نووسین زۆر سەرکەوتووانە هەنگاوی ناوە و بە چ لەونێک لەم بوارە ڕێچکەشکێنی کردووە.

ڕەنگە بتوانین زۆر بە متمانەوە ئەمە بدرکێنین کە هیدایەت تەنیا نووسەرێکی گەورە و ناسیاگە کە دەشێ لەگەڵ نووسەرە بەناوەکانی جیهان وەک (چێزارە پاوزە) نووسەری ئیتاڵیایی و (کافکا) نووسەری چیک لێک بدەینەوە. هیدایەت لە ڕیزی ئەو نووسەرانەیە کە بە وروژاندنی باسە تازەکان و نیشاندان و بەرجەستەکردنی گیروگرفتە ئینسانی و کۆمەڵایەتییەکان، ئەرکی نووسەر لەم چاخە پڕ ئاژاوەیەدا دەهێنێتە ئاراوە. هیدایەت، ڕوناکبیر، نووسەر و لێکۆڵەری ئەدەبی لە ساڵی

سادق هیدایەت

١٩٠٣ی زایینی لە شـــاری تاران لە بنەمـــاڵەیەکی دەوڵەمـــەند، کـــاربەدەست و بەهرەدار لە خـــوێندەواری لە دایک بووە. هەردوو براگەورەکەی (عیسا و مەحموود) لە ڕۆژەمی ڕەزاشـــا و مـــحـــەمـــەد ڕەزاشـای پەهلەوی لە کـــاربەدەســـتـــانی حکومـــەت بوون و زاواکـــەیان بەناو(ڕەزمـارا) بۆ مـاوەیەک یەکێک لە سیـاسـەتکار و سەرۆک وەزیرانی دەزگای محەمەد ڕەزاشا پەهلەوی بووە، بەڵام سادق هیدایەت بەر لە تاقمێک پیشـەی دەوڵەتی ئەویش بە مـاوەی چەند مـانگ و بەنیـوەچڵی لە هیچ پیشـەیەک پایەدار نەمـا و دائیمـە لەم ئیش بۆ ئەو ئیش ژیانی بە ناکامی و دەستەنگی دەگوزەراند، تەنانەت وانە و کۆلێژیشی لە فەرەنسە بە ناتەواوی جێ هێشت و لە تەنیـا پیـشـەیەک کـە سـەرکـەوتووانە هەنگاوی ناوە، چیرۆک نووسین بووە. هەرچەندە هیدایەت لە خێزانێکی کاربەدەست گەورە ببوو، بەڵام ژیانێکی ساماڵی نەبوو و هەروا کـە(مـسـتـەفـا فـەرزانە)لە کـتـێـبـە ناوازەکـەی بەناوی(ئاشنایی لەگەڵ هیـدایەت)دا ئاماژەی پێـداوە، هیـدایەت هەمـیـشـە لە تەنگدەسـتی و هەژاری ڕەنجی دەکێشا و چەند جار لەبەر بێ پارەیی کتێبخانەکەشی بە نرخێکی کەم فرۆشتبوو. هەڵبەت ئەم جۆرە ژیانە لە لای خـودی هیـدایەت بژیاگ نەبووە، بەڵکو ئەم نووسـەرە لە کـــەشـــوهەوایەکی ڕوحی باش بەســـەری نەدەبرد هەتا بتوانێت لەم ئاریشە و ئاستەنگە جۆراوجۆرەی ژیان خۆی قوتار کات.

سادق هیدایەت هەوەڵێن کورتە چیرۆکنووسیی مۆدێرن بەو چەمکە ئاکادیمیک و تازەیە بوو کە وێژەی هاوچەرخی ئێـران بە خـۆیەوە دیبـووی، ئەگـەرچی بەر لە هیـدایەت (عـەللامە دێهـخودا) و(مـحـەمـەد عـەلی جەمـالزادە) تا ڕادەیەک کـۆڵەکـە و چوارچێـوەی سـەرەکی ئەم ژانرەیان بنیـادنابوو، بەڵام ئەمە تەنیا هیدایەت بوو کە بە چیرۆک هەم لە ڕووی ناوەرۆک و هەم لە ڕووی ستایل و فۆرمەوە شێوەیەکی جیـهـانی و مـۆدێرنی بەخشی و بە چەشنێکی ڕەسەن و زانستی لە ئێران و ئەدەبی فارسی بە کاری برد و بەر لە هیدایەت شتاقیان نەیانتوانی ئەم ژانرە ئەدەبییە بەو جـۆرە کـە بە جـەخـتی ئەو پەرەی سـەندووە، گـەشـە بسێنێت. شایانی باسە هێشتاش پەرەنسیپەکانی چیرۆکی هیـــدایەت بەســـەر دنیـــای ئەدەبی هاوچەرخی ئێـــران حوکـمـڕانی دەکـات. تەنیـا کـورتە ڕۆمـانی (کـوندەبووە کوێرە) لە ڕیزی شاکارە جدییەکانی ئەدەبی مۆدێرن دێتە ژمار کە ستایشی تاقمێک لە نووسەرە مەزنەکانی جیهان وەک (ئەندریە بریتۆن) بیرداڕێژ و بنیادنەری قوتابخانەی (سـوریالیـزم) و (هێنری مـیـلەر)ی بەشـوێنەوە بووە و زۆریان لەم بەرهەمـە کـۆڵێـوەتەوە و خـسـتـوویانەتە ڕیزی شاکارە ئەدەبییەکانی جیهان.

هەر لە پـاش خـــۆکـــوژی هیـــدایـەت، ڕوانگە و بیـــروبۆچوونگەلی دژبەر و ناتەبا لەمـەڕ کـەسـایەتی و ئاسـەواری ئەو بوونی بووە. وەک (مـەحـمـوود دەوڵەت ئابادی) کـە مـافی هیـدایەتی بە تەواوی داوە و ئەو بە نووسەرێک بە بەرهەمێن بە پێز و هێز و زمانێکی چڕ و نوێ و خەللاق پێناسە دەکا و لەولایشەوە کەسێک وەک (نادر ئیبراهیمی) کە دەبێت وەک هەر چیرۆکنووسێکی هاوچەرخی ئێران، خۆی بە قەرزداری هەڵوێستە مرۆڤانە و جـورئەت و بزێوی هیـدایەت بزانێ، لە کـتـێـبـی (کەرەسەگەلی نووسەری) دەڵێت هیدایەت، نووسەر بەو مانا ڕاستەکییە نەبووە، بەڵکو نەخۆشێک بوو کە لەبەر خەمۆکی و دەروونپەژاری، شتگەلێکی هەم خراپ و هەم باشی نووسـیـوە و لەولایشـەوە کـەسـێک وەک (عـەلی شەریعەتی) کە لافی ئاگایی و پسپۆڕی لە زۆر بوارگەلی داوە، دەڵێت هیـدایەت منداڵێکی خۆپەرستی ئاغـەوات

بووە کە کەسایەتییەکی ئالۆزی بووە و ژیان بۆ ئەو هیچ مانایەکی نەبووە و...تاد.

بەڵام ئەگەر بمانەوێت زۆر ڕاشکاوانە کەسێتی و کاریگەری هیدایەت بەسەر وێژەی هاوچەرخ هەڵسەنگێنین، دەبێ بڵێین هیدایەت بێژەری مرۆڤی دڵپەرۆش و شەکەتی ئەمڕۆیە کە ئەگەرچی لە ناخی خۆیەوە هەڵچووە و بەرزبۆتەوە، بەڵام تین و هێزی غەدری قەبوولّ کردووە و خۆی بەدەستی فەرامۆشی سپاردووە و لێرەدایە کە جیاوازی ڕوانگە ئاشکراکەی هیدایەت لەگەڵ نووسەرێکی بلیمەت وەک (کافکا) بۆ ئێمە لە تاریکیدا دێتەدەر و بەرجەستە دەبێت، چونکە کەسایەتییەکانی جیهانی (کافکا) لە تەلاشدان هەتا بە ڕزگاری بگەن، بەڵام لە جیهانی (هیدایەت) پاڵەوان و دژەپاڵەوان دەکەونە ڕێچکەی لەناوچوویی و مردن و نامۆییەوە و ئەمە پێوەرێکە بۆ هەڵسەنگاندن و لێکدانەوەی بەرهەمێن هیدایەت لەگەڵ چەند نووسەری دیاری جیهان. هەر لەم دەقەرە دەتوانین بڵێین کە ئەم جۆر جیهانبینییە تایبەتە نزیکایەتییەکی سەیر و سەمەرەی لەگەڵ دنیابینی (عومەر خەییام) و (جان پۆل سارتر) تێدایە.

هیدایەت کتێبی(پەیامی کافکا) و پێشەکییەک بۆ (چوارینەکانی خەییام)ی نووسیبووکە نیشاندەری زەینە مرۆمۆکەر و قەڵەمە چڕەکەی ئەو لە گۆڕەپانی بەرینی ڕەخنەی ئەدەبییە کە دەکرێت وێنەی کەسایەتی هیدایەت لە هەر ڕستەیەکی ئەم دوو توێژینەوە بەنرخە دیاری بکەین، چونکە هیدایەت لەم دوو دەقەدا دیدگا سەرەکییەکانی خۆی لەمەڕ جیهان، مرۆڤ و دالّغەکانی ئەم گیانلەبەرە بە چەشنێکی هونەری دەردەبڕێت و بە تەواوی هەست و نەستی لە جۆرە هەڵوێستە سەقامگیر دەکات. هیدایەت نووسەرێکە کە وێنای کۆمەڵگەکەی بۆ ئێمە بە شێوەیەکی خۆڕسک ڕووت و قووت دەکا و وەک هەر نووسەرێک مەبەستی خۆی هەڵدەبژێرێت. لەم بەشەیە(مەبەستەکەی)کە ڕەشبین لە ئەژماردێت. زۆر کەس بە هێزی داهێنەرێتی و قەڵەمە چڕ و بە پێژەکەی هیدایەت، یان بێلایەن خۆیان نیشان داوە، یان نەیانبینیوە. هەر خوێنەرێک ئەگەر بە تێڕامانێک لە قۆناغە ئەدەبییەکانی هاوچەرخ لە ئێران ئاوڕێ بداتەوە، بۆی دەردەکەوت کە تەنیا هیدایەت وانەبووە، (چووبەک)، (ئالی ئەحمەد)، (ساعیدی)، (سادقی) و...تاد هەموو بە چەشنێک ئەم جۆرە ڕوانینەیان لە دەقگەلی خۆیان ڕەچاو کردووە و ئەو هەستە هاوبەشە لە بەرهەمگەلی ئەم نووسەرانەدا ڕیشەی داکوتاوە.لەواقیعدا لە سەرێکەوە ئەوان بە تێڕوانینی هیدایەت تەماشای کۆمەڵگەیان کردووە. چیرۆکەکانی هیدایەت لەواقیعدا ڕوخسار و شەقڵی ژیانی ئەو بۆ ئێمە دەکێشن. مانەوەترین عەشقی ئەو، عەشق بە ژیان و مرۆڤە، بە جەماوەری ولاتەکەی، بەڵام لەبەر نەخوێندەواری و بێ عاتیفەیی ئەم خەڵکە بەتایبەت چینی کرێکار، هیدایەت هەمیشە بە ئاریشەیەکی بەرفراواندا بەرانبەر دەبووەوە و ژینی بەسەر دەبرد و لە ناخی ئەم ژانە گینگڵی دەدا. زۆر کەس وایان دەزانی لە هیدایەت ڕادەبەدەر ڕەشبین و بەگومان بووە، بەڵام هیدایەت لە کۆمەڵگایەک ژیاوە کە پڕ لە ئاریشە و نالەباری دڵتەزێن بووە و ئەو تەنیا ڕۆشنبیرێکی ڕێچکەشکێنی ئەم کۆمەڵگەیە بووە. مەسەلە دژوارەکە ئەمە بوو کە پاڵەوان و دژەپاڵەوان و بە گشتی کەسایەتی چیرۆکەکانی هیدایەت لە بەرانبەر ئاریشەیەک بە ناو (بوون) و(نەبوون) حەپەساون و هێز و وزەی گۆڕانیان تێدا نەماوە و خۆیان سپاردووەتە دەست غەدرێکی نەحس کە لە پێشووەوە بۆیان دابین کراوە.

هیدایەت و جیهانی بەرینی چیرۆکەکانی

ساڵی ١٣٠٩ی هەتاوی بەرانبەر بە (١٩٣٠ز)، دوا بە دوا سادق هیدایەت بە بڵاوکردنەوەی یەکەمین کۆمەڵە چیرۆک، هەراو هەنگامەیەکی سەیری لە ئەدەبی فارسی ئەو سەردەمە بەرپا کرد، واتە بۆ زۆر کەس دەرکەوت کە ئەم چیرۆکانە لەگەڵ ئەو دەقگەلەی کە ناوی چیرۆکیان بەسەرەوەیە جیاوازییەکی زۆریان تێدایە. بە واتایەکی دیکە چیرۆکێن هیدایەت خۆی بە واقیعەوە گرێ داوە و لەولایشەوە خۆی بە بەستێنێکی تایبەتەوە قەرزار کردووە. تەکنیکی باڵا لە ڕووی پسپۆڕی و هۆشیارییەوە، زاڵبوون بە تەواوی شێوە نووسین و گێڕەرەوەکانیش، ئاشنایەتی بە قوتابخانە ئەدەبی و ڕەخنە ئەدەبییەکان، قەڵەمێکی هێندە چڕ و قوڵغ کە خوێنەر بە دوای خۆیەوە ڕادەکێشێت و نیگایەکی مرۆڤخوازانە بەدوور لە هەرچی نیگای حزبی و ئایدیۆلۆژیکی، بوونەتە هۆی جیاوازی ئەم کەڵە نووسەرە لە تەواوی نووسەرانی ئێران.

هیدایەت بەرزترین نووسەری ئێرانە کە بەرهەمەکانی لە سووچ و دیدگای جۆراوجۆر و لەلایەنی جیاجیا دێنە

خانەی تێڕامان و پێداچوونەوە و لێکدانەوە. ئەم لایەنگەلە هەرچەندە هەر کام، وەک کەسایەتییە دەروونییەکەی هیدایەت، ئالۆز و پارادۆکسیکاڵ و لایەنی سەیروسەمەرەیان بە خۆوە گرتووە، بەڵام سیستمێکی ڕەچاوکراوە کە بەسەر تەواوی ئەم ئالۆزیانەدا زاڵە، ئەگەر لەگەڵ ئاوڕدانەوە و تێڕوانینی ئێمە بێنە ئاراوە، لەواقیعدا ئێمە لە تەواوی پێچوپەناکان تێدەپەڕێنێت و ڕزگار دەکات و لە ئەنجامدا، ئەگەرچی بە سانایی نایەنە ئارا، بەڵام ئەم گلۆڵە ئالۆزە و فرەڕەهەندەمان بۆ دەکاتەوە.

هیدایەت لە ئاسەواری خۆی وێناگەلێکی مەرگەساتی و دڵپەڕۆشانە لە جەماوەری هاوچەرخی خولقاندووە، بەڵام ئەم وێناگەلە یەجگار زیندوو وەسف کراون کە خوێنەر لەگەڵ خۆی بۆ جەرگەی یەک بەیەکی نووسینەکانی ڕادەکێشێت و جۆرە هاوهەستییەک لەگەڵ ئەوان دێتە ئاراوە. وێناگەلێک کە خوێنەر لەوانەدا پەستی و بێ هێزی مرۆڤ دەبینێت و هەستیان پێ دەکا. هەرچەندە هیدایەت بەر لە کورتە چیرۆک، لە بوارگەلی جۆراوجۆر مینا ڕۆمان، وەرگێڕان، فەرهەنگی جەماوەر، ڕەخنەی ئەدەبی و شانۆنامە و توێژینەوە ئەزموونی کردووە، بەڵام هیدایەت کورتە چیرۆکنووسێکی پرۆفیشنالّ بووە و لە چیرۆکنووسیندا، بەر لە چوار کۆمەڵە چیرۆک (زیندە بە چاڵ)، (سێ دڵۆپ خوێن)، (سایە ڕۆشن) و (سەگی بەرەڵاّ) کە لە نێوان ساڵگەلی ١٩٢٨ هەتا ١٩٤٢دا نووسراون، زۆربەیان بە پێکهاتەیەکی تۆکمە و پتەو و بە ناوەرۆک و فەزایەکی تازە داهێنراون کە بە تەواوی نیشانەن لە نوێخوازی، توانایی و ئاگاییەکی بە نرخی ئەو لە شێوازی نووسینەکان دەدات. ئەو لەم چەند کۆ دەقەدا زۆربەی شێوازگەل و سەنعەتە داستانییەکانی لە ئەزموون داوە، ئەگەرچی ئاسەواری ئەو بە ڕوالەت ئالۆزییەکی بە خۆوە گرتووە، بەڵام وادیارە کە ڕێکوپێکییەکی ناوەکی بەسەر هەموویاندا زاڵ بووە و بۆیە بە شێوەیەکی فرەلایەنە دێنە ڕاڤەوە. بە چەشنێکی گشتی کورتە چیرۆکەکانی ئەو بە دوو دەستەی سەرەکی پۆلێن دەکرێن:

ئەم شتە بۆ ئێمە بەڕاستی مسۆگەرە کە هیدایەت باوکی شێوە نووسینێکە کە لە قوتابخانە ئەدەبییەکان بە شێوەی ڕیالیزم ناوی لێدەبەن.ستراتیژی هیدایەت ئەمەیە کە ئەم شێوە نووسینە باشترین و دڵخوازترین شێوەیە بۆ دەربڕینی قسەگەل و ڕوانگەی دژ بە کۆمەڵگاکەی. لە ئێران هیدایەت بە (باوکی ڕیالیزم) پێناسە کراوە کە توانیویەتی وێنای ڕاستەکی سەردەمەکەی بە مامۆستاییەکی هەمەلایەنە بگێڕێتەوە.ئەم چیرۆکانە پتر لەمەڕ جەماوەر و عەوام و چینی کرێکار و بێ چارەسەر و کلۆڵە. ئەم دەقانە لە ئاقاری خەڵکانی هەژار و کز و کەنفتە و لە غەدرێکی شووم و نەحس کە دەوران دەوریانی تەنیوە و یەک بەیەکیان لەناو دەبات ئاوڕ دەداتەوە کە بەسەر ژیان و بیر و بڕوایان زاڵ بووە و هەر چرکەساتێک بەلای مەرگ هانیان دەدات و هێزێکی شەیتانی لە ئاسەواری ئەودا سەقامگیر بووە و ئەمە لە کانگای جیهانبینییە تاڵەکەی هیدایەت هەڵقوڵاوە. جۆرە هەڵوێستێک کە لە چیرۆکە ڕیالیستییەکانی هیدایەت هاتۆتە ئارا، ئەوی بەلای سیناریۆیەک دەبرد کە دۆخ و دۆزی کۆمەڵگا نالەبارتر لەوەیە کە نووسەرێک وەک ئەو لە دەقەکانی مومکینی کردووە. هەڵبەت چیرۆکی وایشی تێدایە کە کەسایەتییەکانی لە چینی خۆشگوزەران و بێ دەردن، بەڵام کەسایەتی چیرۆکگەلی هیدایەت زۆرتر لە چینی کرێکار و قوڕبەسەرن، کەسانێک وەک (میرزا یەدوڵاّ)، (حاجی مۆراد)، (داش ئاکۆل)، (مەشتی شەهباز) و...تاد.

دەستەی دووەمی چیرۆکەکانی هیدایەت ئەو بەشەن کە بە (چیرۆکی دەروونناسانە) هاتوونەتە ژمار. بە ڕوالەت هیدایەت هەوەڵین نووسەرێکە کە بە کەڵک وەرگرتن لە شێوە زەینی و دەروونییەکان لە بواری دەروونناسی، چیرۆکە دەروونناسییەکانی هێناوەتە ئارا و لە ئەدەبی هاوچەرخ بە کاری بردووە. ئەم چیرۆکگەلە ئەگەرچی زۆر کەمن، بەڵام لە ڕایەخی چیرۆکی و مانایی، زۆریش بەنرخن، هەروەها لە دیدی فیکری و بوونناسییەوە جێگەی مشتومڕی زۆری تێدایە. لە نموونە بەرزەکانی ئەم جۆرە چیرۆکە، دەتوانین ئاماژە بە چیرۆکی (سێ دڵۆپە خوێن)، (کوندەبووەکوێرە) و (تاریکخانە) بدەین.

لە دەقگەلی هیدایەت، کارەسات و قەدەری کەسایەتییەکان لە پاڵ یەکدی هەڵنیشتوون. ئەم دوو چەمکە لە گشتیترین ناوزەدەکانی دەقگەلی هیدایەتن. یاخیبوون و نیهیلیزم لەوانە بەدی کراون و دوابەدوا پرسیاری زۆر لە بەستێنی دەقگەلی هیدایەت بۆمان دەڕوێت. ئامانجی هیدایەت لە نووسینی کورتە چیرۆکەکانی ورووژاندن و هەڵخراندنی جەماوەر نییە،

چونکه هەر لە بنەڕەتەوە ئەم مەبەستە ئایدیولۆژیکی و سیاسییە لە قاموسی ئەندێشەی ئەو بایەخی پێ نەدراوە، بەڵام سەرەکیترینەکەی نیشاندانی لارەملی و قوڕبەسەری نەتەوە و میللەتێکە کە لە گێژاوی گەندەڵی خۆیان نغرۆ بوون و کۆمەڵگایەکی پڕ لە ژان کە دەبێت هەتوان بکرێت، بەڵام بە هۆی نەخوێندەواری و بەدبەختی و دیکتاتۆری، هیچ چارەسەرێکی بۆ نەکراوە. تەئسیری هیدایەت هێندە بەرین و فرەلایەنە کە زۆربەی نووسەرە بەهێزەکانی ئێران وەک (بەهرام سادقی)، (هۆشەنگ گوڵشیری)، (مەحمود دەوڵەت ئابادی) و زیاتر لە دە کەسایەتی بەناو لە ژێر کاریگەری ئەودا چەندین بەرهەمی شیاو و بەنرخیان بەدی هێناوە کە بوونەتە شانازی ئەدەبی هاوچەرخی فارسی. واتە کاریگەری (کوندەبووە کوێرە) هێندە فرەڕەهەندە و فرەلایەن بووە کە بە دوای خۆیەوە جۆرە ئەدەبێکی هێناوەتە ئارا کە بە (ئەدەبی کوندەبووەکوێرە)یی ناوزەد کراوە و ڕۆمانی (شازادە ئیحتجاب)ی (گوڵشیری) و ڕۆمانی (مەلەکووت)ی (بەهرام سادقی) لە بەناوبانگترینی ئەم جۆر بەرهەمگەلەن. کورتە چیرۆک بە شێوەی نووسەرە ئەوروپییەکان بە جەختی ئەو هاتۆتە نێو ئەدەبی فارسی، هەرچەندە پێش هیدایەت ئەمە (جەمالزادە) بوو کە کورتە چیرۆکی بۆ یەکەم جار نووسی، بەڵام بەو مەبەستە کە بخوێندرێتەوە و خەڵکان چێژی لێ بەرن. وەلێ چیرۆکی هیدایەت پڕ بوو لە تازەیی و بە کەسایەتیگەلی پێچوپەنادار و ئاڵوز و تەنیا و سەرلێشێواو کە بۆ خەڵکانی ئەو سەردەمە جێگای سەوداسەری بووە کە ئەمە ئیدی چۆن نووسینێکە. هیدایەت خشتی زۆری خستۆتە سەر باڵاکورتەکەی چیرۆکی فارسی و بەرهەم بە بەرهەم سەربەرزتر و ئەستوورتری کردووە. چیرۆکەکانی هیدایەت زۆر چەقبەستوو، بەڵگەی هێز و توانایی ئەون. مانای سەیر سەیری تێدا ورووژاندووە و گۆڕەپانی زۆر بەرین و پانی خوڵقاندووە کە خوێنەر هەندێ جار بە سەوداسەرییەوە تێیدا نغرۆ دەبێ. هیدایەت شێواز و گێڕەرەوەکانی چیرۆکیشی خستۆتە بەر پرۆقە کردن کە ئێستاکە بوونەتە پێوەرێ بۆ نووسەرانی ئەمڕۆ. دیارە تەواوی ئەوانە کە خۆیان لە ڕاڤەی دەقگەلی هیدایەت داوە لەسەر ئەم مەسەلەیە کۆکن کە ئەمە هیدایەت بووە چیرۆکی بە زمانێکی پاراو و شیاو داهێناوە. ڕۆمانی «کوندە بووە کوێرە» تەژی لە چەمکە ئاڵۆزاوییەکانە و جێگای مشتومڕی زۆرە. بەر لەهیدایەت، دۆستەکانی وەک (فەرزاد)، (عەلەوی)، (مینەوی) و (چووبەک) شتاقیان نەیانتوانیوە لەم ئەرکە سەرکەوتوو بن.

هیدایەت و کافکا

هیدایەت لە سەرەتای چالاکییە ئەدەبییەکەی خۆیدا، هۆگرییەکی سەیری بە کافکا و بەرهەمەکانی پەیداکردبوو و ئەم هۆگرییە هێندە بەرین بوو کە کتێبێکی تایبەتی لەسەر ئەم نووسەرە بلیمەتە لە دوایین سالانی ژیانی خۆی نووسیبوو، ئەگەرچی ئەم دوو نوسەرە هەر کام لە نەتەوە و وڵاتێکی جیا پەروەردە ببوون و ئەم ژانرە تازەیان (چیرۆک) هەتا ترۆپکێکی دڵڕفێن گەیاندبوو، دیارە لە ڕووی زەمەن و کاتییەوە، مەودای زۆریان لە نێواندا بووە، (هیدایەت هەوەڵین کۆمەڵە چیرۆکی خۆی بەناوی زیندەبەچاڵ شەش سااڵ دوای مەرگی کافکا بڵاوکردبووەوە)، بەڵام جۆرە هاوبیری و هاوەردییەک لە نێوان دەقگەلی ئەم دوو نووسەرە ڕۆشنبیرەدا بە ئاشکرایی تیشکی خستۆتە سەر زەینی هەر خوێنەر و لێکۆڵەرێ کە ناتوانێ بە سانایی لەم دوو کەسێتییە تێپەڕێت.

کافکا نووسەری چیک، لە سەردەمی فاشیزم لە ئەوروپای پڕ لە مەترسیدا ژیانی بەسەر بردبوو، ڕۆمانی (مەسخ) و (دادگایی) نووسیوە کە خوازەیەک لە چارەنووسە ڕەش و گەندەڵەکەی مرۆڤی هاوچەرخ دەگێڕێتەوە کە بە درێندەترین چەشن لە ناوی دەبەن. ئەم مرۆڤە تووشی گۆڕان، تەنگژە و مەرگێکی هەر کاتی(دەم بە دەم) دەبێ، بەڵام هێزی پرسینەوەی نییە، یان نەیانداوەتێ، بەناچاری و بە شێوەی خۆڕسک ژیان تێناپەڕێنێ، هەر دەم چاوەڕوانە حوکمێ بێت کە دەبێ لە نێو بچێ، مەیدانی بەرین و فرەڕەهەندەی ئەدەبی کافکایی، هێندە پانتاییەکی گرینگی بە ئەدەبی جیهانی بەخشیوە کە بە ئاشکرا دەتوانین تیشک بخەینە سەر ئەم پەیڤە کە ئەدەبی چیرۆک لە کۆتایی سەدەی بیستەم لە ژێر کارتێکەری ڕوانگە و هەڵوێستی ئەم کەسایەتییە گەورەیە بوو. لە ئەدەبی ئیگزیستانسیالیستییەوە بگرە تا ئەکسپریسیونیستەکان هەموو لایەنە فرەڕەهەند و ئاڵۆزی دەقگەلی کافکایان ڕاڤە کردووە. ئەم دوو ڕۆشنبیرە لە ناوەندی ئاڵقەی گرنگی ئەدەبی خۆیاندا زۆر بە سەربەرزی ڕاوەستاون، بەڵام هەردووکیان لە ژیانی

تاکەکەسیدا بە زۆری تووشی زیان بوون و هەمیشە لەم ژیانە ناخۆشە دەکۆڵنەوە.

دواپەیف

بەم جۆرە و لەم ئاستەدا دەتوانین لە ئەنجامی ئەم دەقە، مەسەلەگەلی ژێرەوە چڕکەینەوە:

هیدایەت بە زمانێکی قوڵغ و شیاو، بێژەری نەوەیەک لە خەڵکانی ئێران بوو کە غەدرێکی نەحس وەک مۆتەکە بەوان لکابوو. ئەم نووسەرە زۆربەی ژیانی وەک کافکا لە ناوچەی تەنیایی مابووەوە. خەڵکی سەردەمی هیدایەت بە کۆمەڵ عەبەسیانە ژیاون و ئەمە بووەتە دەستی زاڵمان و کاربەدەستان کە وەک ئاژەڵ تەماشایان بکەن و ئەمە ژانێکی قورسی خستۆتە سەر دڵی هیدایەت کە دەیویست خەڵک بە نیسبەت ئاقار و شوێنگە و مەقامی مرۆڤانەی خۆی ئاگادار بێتەوە هەتا بتوانێ ژیانێکی باشتر لەو ژیانە بۆ خۆی تەرخان بکات، بەڵام خەڵکی ئەو سەردەمە وەک مەڕ بە شوێن یەکدی ملیان پێوە نابوو و بیریان لە ژیانی پڕ لە مەرگەسات و تاڵیان نەدەکردەوە کە وەک کرم لە ناو یەکتردا ئاڵابوون و هیچ مافێکی مرۆڤانەیان بۆ ڕەچاو نەکرابوو. کورتە چیرۆکەکانی هیدایەت لە ناخی خۆیان دەنەدرن بێ ئەوەی کە مەبەست و قەستی نووسەر بهێننەوە بیر، بەڵکو بە هۆی ڕاستییەک کە تێیاندایە و خوێنەر تووشی تەنگژە دەکات، هەستی خوێنەر دەبزوێنێت. هیدایەت مەبەستی ئامۆژگاری نییە و دیارە نووسەر ئەم مەبەستەی بە بێ هیچ بایەخێک لاخستووە. ئەو لەو بارودۆخەدا کە وەک ئاخۆران دەهاتە بەرچاوی، فرە دڵپەرۆش دەبوو.

هیدایەت بەردەوام بووە لە هەڵکشانی کورتە چیرۆک، ئەم نووسەرە بە هەڵبژاردنی زمانی جەماوەر، یان بڵێین زمانی خەڵکانی کووچە و کۆڵان، هیچ کە زمان ڕەزیل ناکات، بەڵکو بەرینتر و خاوێنتر و مرۆڤانەتریش دەهێنێتە ئارا، چونکە لە ڕەگەزی ڕوحی مرۆڤی ئەمڕۆ نزیک دەبێتەوە و بەو زمانە تایبەتە نهێنیگەلی دەروونی مرۆڤ وەک دەروونناسێک بۆمانی بەرجەستە دەکاتەوە.

هیدایەت زۆر چەمەڕا بوو کە خەڵکی ولاتەکەی بە نەفامی و نائاگایی خۆیان تێبگەن هەتا یەکەم هەنگاو بەلای فامکردنەوە هەڵێنن.ئەگەر بمانەوێت هیدایەت وەک ڕووناکبیرێکی نائاسایی بچەمکێنین، دەبێ بڵێین کە ئەو نووسەرێکی خەللاقە، بێژەری مرۆڤە نائومێدەکەی هاوچەرخە. بێژەری مرۆڤێکی بێکەسە کە بە هۆکارگەلی جۆراوجۆر لەگەڵ کۆمەڵگا نامۆیە، لە خۆی نغرۆ بووە و لە خۆیدا لەناوچووە و هەرەسی هێناوە، ئەگەرچی هەمیشە خۆی لە تاک ڕەهەندی پاراستووە و بۆ ئەوەی تووشی داهێزی نەبێت، تا ئەو ڕۆژەی کە هەناسەیەکی بۆمابوو، سەرقاڵی داهێنان بووە. لەولایشەوە ئەو هەموو دژبەرایەتییە بە نیسبەت ڕوانگە و هەڵوێستە مرۆڤخوازەکەی هیدایەت وێ دەچێت هەموویان پاڵیان بە یەک ئەستوون دابوو کە هیدایەت مرۆڤێکی دژ بە کۆمەڵگەیە و ڕوانگە نیهیلیستییەکەی بۆ خوێنەر خراپە و تووشی دڵەڕاوکێی دەکات. کەسێتییەکانی دەقگەلی هیدایەت کە ئەو وەها جلوەیان پێدەبەخشێت، وا دێنە بەرچاو کە ئیدی هەر ئێستا لە کانگای کۆمەڵگەوە هەڵقوڵاون و هیدایەت ئەم بیرە دەخاتە گڕ کە دەڵێی بە تەواوی هەست و نەستییەوە، پاڵەوانەکانی لە ناخی ئەم کۆمەڵگەیەدا هەڵبژاردووە و بەسەر تەواوی کونج و قوژبنی ئەوان وەها زاڵە کە دەزانێت تووشی کام تەنگژە و ساتەمەرگە دڵتەزێنە دەبن، بەڵام بۆ ئێمە وا دەردەکەوێت کە نووسەر ڕوانگەی خۆی بەسەر ئەواندا (وەک جەلال ئالی ئەحمەد) دانەپەساندووە، بۆیە دەقگەلی هیدایەت لە خانەی زاراوەی ڕەخنە ئەدەبییەکان دەچنە ڕیزی دەقە کراوەکانەوە. واتە هیدایەت لە بەرهەمەکانی خۆیدا بە هەموو لەونێک مەیدانی ئەو ئەگەر و ئیمکانەی بۆ خوێنەر ڕەچاو کردووە کە پرسیارەکانی خوێنەر دوا بەدوای یەک دێنە ئارا و ڕاڤەی خۆی لە دەق ئاراستە دەکات و هەر ئانوسات دەشێت کە وەڵامەکانی خوێنەر لە پێناو پرسیارەکان وەدی بێن، کەواتە بەرهەمی ئەو بۆ خوێنەر وەک شارێکی پڕ لە کۆڵان و گەڕەکە کە هەمیشە دەرگاکەی بە ڕووی خوێنەر ئاوالایە، واتە دەقەکانی ئەو، بە تەواوی قابیلیەتی ڕاڤەیەکی چەند لایەنەی هەیە و ئەو خاڵەمان دەخاتە بەر سەرنج کە پرسیار لە دەقی ئەدەبی دیارە شتێکی زۆر باوە و دەق بە بێ ئەم خاڵە زوو دەمرێت و بایەخی پێنادرێت. لە کاتی لێکاڵاکردنەوەی دەقی ئەوە کە ئێمە تازە بە چلۆنایەتی ئەو هەڵوێستە کە دەقنووس لە دەق تەرخانی کردووە تێدەگەین، بەڵام هیچ کاتێ لە شرۆڤەی دەقگەلی هیدایەت بەو قەتعییەتە ناگەین. بەرهەمەکانی هیدایەت هێندە فرەلایەنە و بەرین کە بە هیچ شێوەیەک ناکرێ لە بەستێنێکی تایبەتدا بێنە خانەی شرۆڤە کردن.

هیدایەت بە لێکۆڵینەوە و توێژینەوەی کۆمەڵگاکەی توانی ڕاستییەکانی ئەو چاخە بە هەموو گەشی و ناحەزییەوە بهێنێتە ئارا و هەر شتێک ناحەز و زاڵمانە ببوایە، دەیخستە بەر شاڵاوی ڕەخنەیەکی توند و تیژەوە. هیدایەت لە ڕیزی ئەو هونەرمەندە بلیمەتانە بووە کە بەخۆئاگایی و جدییەتەوە، داڵغە و سەرجەم کێشەکانی مرۆڤی سەدەی بیستەمی بەرجەستە کردووە و لە تەک هەموویان ڕاوەستاوە و ئاوڕیان لێداوە و بۆ ئێمەی خستۆتە ڕوو.

هیدایەت، بێجگە لە نیشاندانی جوانییەکانی جیهانی دەرهەست و بەرهەستی مرۆڤ و دڵپەڕۆشییەکانی ئەم گیانلەبەرە، لەواقیعدا بۆ ئێمە لەمەڕ سەرەکیترین و ئاشناترین مەسەلە ئینسانییەکان دەکەوێتە پەیڤەوە، بەڵام بە چەندین هۆکاری جۆراوجۆر و ئاڵۆز وەک کەسێتیی فرەلایەنە و ڕوانگە و هەڵوێستێکی فرەڕەهەندە و پارادۆکسیکاڵ، هەمدیس دیکتاتۆری ئێرانی ئەو چاخە، نەخوێندەواری و بێ ئاوەزی و بێ هەست و نەستی جەماوەری ئێرانی و چەندین هۆکار و بەڵگەی شاراوە کە بۆ هەمیشە لەلای ئێمە دەبن بە پرسیار، دەرەنجام لە ساڵی ١٣٣٠ی هەتاوی (١٩٥١ز) لە تەمەنی ٤٨ ساڵی و لە ئوتێلێکی شاری پاریس بە خۆکوژی، شیعرە کورتەکەی ژیانی کە تەژی ببوو لە ژان و زام، بە هۆنینەوەی وشەی مەرگ کۆتایی پێدا و ئیدی بۆ هەمیشە خامۆش بوو.

«بەرهەمە ناوداڕەکانی سادق هیدایەت بە ڕیزبەندی یەکەمین چاپ بریتین لە:»

١- چوارینەکانی خەیام (١٣٠٢ی هەتاوی)، لێکۆڵینەوە.

٢- مرۆڤ و ئاژەڵ (١٣٠٣ی هەتاوی)، توێژینەوە.

٣- زیندە بە چاڵ (١٣٠٩ی هە تاوی)، کۆمەڵە چیرۆک.

٤- سێ دڵۆپ خوێن (١٣١١ ی هەتاوی)، کۆمەڵە چیرۆک.

٥- ئیسفەهان نیوەی جیهان (١٣١١ی هەتاوی)، سەفەرنامە.

٦- تاریک و ڕوون (١٣١٢ی هەتاوی)، کۆمەڵە چیرۆک.

٧- مازیار (١٣١٢ی هەتاوی)، شانۆنامەی درێژ.

٨- عەلەویە خانم (١٣١٢ ی هەتاوی)، چیرۆک.

٩- کوندەبووەکوێرە (١٣١٥ی هەتاوی)، کورتە ڕۆمان.

١٠- سەگی بەرەڵڵا (١٣٢١ی هەتاوی)، کۆمەڵە چیرۆک.

١١- حاجی ئاغا (١٣٢٤ ی هەتاوی)، نۆڤلێت.

١٢- پەیامی کافکا (١٣٢٧ی هەتاوی)، لێکۆڵینەوە.

١٣- مەسخ (١٣٢٩ ی هەتاوی)، نووسینی کافکا، وەرگێڕانی هیدایەت بە هاوکاری حەسەن قائیمیان.

تێبینییەکان:

١-پێویستە ئاماژە بدرێت کە سادق هیدایەت ٣٠ کتێبی لە بوارگەلی جۆراوجۆری ئەدەبی چاپ بووە، بەڵام سەرەکیترین بەرهەمەکانی، ئەم سێزدە کتێبەن کە تا ئێستا زۆرترین ڕاڤە و ڕەخنە و وتاریان بە خۆوە گرتووە.

٢-بۆ ئاماژە کردن بە بەرهەمەکانی هیدایەت، ئەم پێڕستە لە خودی بنیادی سادق هیدایەت وەرگیراوە.

سەرچاوە:

صادق هدایت و پرسشی به نام داستان، نوشته بابک صحرانورد، ماهنامه ماندگار، شماره ٢٦، تهران، ١٣٨٥.

سەرنج:

ئەم وتارە ڕەخنەییە بە پێشنیاری سەرۆکی بنیادی نێودەوڵەتیی سادق هیدایەت نووسراوە و تەنیا گۆڤاری (ڕامان) مافی لەچاپدانی هەیە.

گرووپەکانی زانستی کەلام شیعە

د. حەمید عەزیز
(زانکۆی سەلاحەددین - کۆلێژی ئاداب)

ئەگەر مرۆڤ بە چاوێکی وردبینانە سەرنجی هەلومەرجی سەرهەلّدان و گەشەکردنی ئەو گرووپانە بدات کە بە گرووپی زانستی کەلام دادەنرێن و بەگشتی دوای کۆژرانی خەلیفەی چوارەم عەلی ئەبی طالب پەیدا بوون، دووخالّ دێتە بەرچاو کە بە هیچ جۆرێک ئەگەر و گومان هەلّناگرن:

یەکەم: کۆمەلّگای مرۆڤایەتی لەو ڕۆژەوە لە ڕوخسار و ناوەرۆکدا خەتوخالّی داوە، ئۆرگانێک، پێکهاتەیەک، دامەزراوێکی زیندووە، ڕاستە گۆڕان و بەرەو پێشچوونی مایەی ژیانی بەردەوامی بوون، بەلاّم هیچ کاتێک و بە هیچ شێوازێک بیروبۆچوونێک، ئایدیۆلۆژییەک، جیهاندیدێک کە لە دەرەوەی، یان لە سەرەوەیەوە بەسەریدا سەپێنرابێ وەک خۆی و بەبێ گۆڕان و بێ دەسکاری کردن، وەری نەگرتووە و پەسەندی نەکردووە. ئایینی ئیسلام نموونەیەکە ڕاستی ئەو قسەیە ساغ و پشت ڕاست دەکاتەوە.

ئایینی ئیسلام لە دوورگەی عەرەبدا نەیتوانیوە هەموو کەسێک وا لێ بکات باوەڕی پێ بهێنن، زۆربەی هەرە زۆری کێشە خێلّەکی و کۆمەلاّیەتییەکانی پێ چارەسەر نەکردووە، چونکە بەپێی بنەماکانی سروشتێکی سەروو سروشتی تەنسندێنتالی هەبووە و لەگەلّ بنەما بنەڕەتییە هەلّکەوتەکانی کۆمەلّگادا نەگونجاوە. هەلّگەڕانەوە یەک لەدوای یەکەکان کە ئیسلام بە (ڕەددە) ناوی بردوون، نموونەیەکی ئەو نەگونجان و نەهاتنەوەیە بووە. دوای مردنی ڕابەری ئیسلام هیچ بنەمایەکی شەرعی پشت ئەستوور بە تۆێژینەوەی ئازادی ئایینی (ئیجتیهادی) هەلّبژاردنی خەلیفە لە ئارادا نەبووە، بۆیە جەنگ و کوشتن و کوشتار هەلّگیرساوە! تەنانەت لە چوار خەلیفە سێیان (عومەر، عوسمان، عەلی) بە شمشێر ورگیان



ئیبن خەلدوون

دڕاوە! لە لایەکی تردە بە هیچ جۆرێک ئایینەکە بە تەواوەتی و بەپێی پێویست جێگای لە دڵی خەڵکدا نەکردۆتەوە، هەڵگیرسانی شەڕی براکوژی لەسەر کورسی و تەماعی دنیا شتێکی ئاسایی ژیانی ڕۆژانە بووە، ژمارەی ئەو سەحابیانەی لە شەڕی نێوان معاویە و خەلیفەی چواردەمدا کوژراون، یان یەکترییان کوشتووە، لە ژماردن نایەت، بە هەزاران بوون، ئینجا زۆر بە سووک و ئاسانی هەردوو کوڕەکەی خەلیفەی چوارەم کە نەوەی خۆشەویستی پەیامبەری ئیسلام بوون، حەسەن بە ژەهر کوژراوە و حوسێن بەوپەڕیی بێ بەزەییانە کە نموونەی لە مێژوودا نییە لە کەربەلا سەری بڕدراوە و لەوەش بەدتر سەرەکەیان بۆ یەزید بردووە بۆ شام (دیمەشق) بۆ ئەوەی بەچاوی خۆی ببینێ!.

دابەش بوونی ئایینی ئیسلام، دوای کوژرانی خەلیفەی چوارەم، بەهەردوو مەزهەبی سوننە و شیعە، ئینجا سوننە بە چوار مەزهەب و ئێستاش وەهابی هاتۆتە سەر، شیعە بەسێ مەزهەب، ئەگەر ڕاستی ئەو قسەیە نەگەیەنێ، دەخرێتە چ خانەیەکی دیکەوە؟! تەنانەت لەنێو یەک میللەتدا دوو مەزهەب هەیە! ئایا ئەو یەکسانییە تیوربیەی ئایینەکە بە قسە داوای کردووە، لەنێو یەک میللەتدا هەیە؟ شیعە و سوننەی عەرەب، فارس، کورد پێکەوە هەڵدەکەن؟!

ڕەخنەیەکی تر کە دەگیرێ، ئایینەکە ڕاستە بە چەند ئایەت و حەدیس خەڵکی ئاگادار کردۆتەوە، بەڵام بەپێی پێویست سوودی نەبووە، بابەتی تیرە و خێڵەکی کە بە عەرەبی (ئەل عەصەبییەی) پێ دەگوترێ. ئەو ڕەوشە بە دوو جۆر دەرکەوتووە:

– پابەند بوون بە خێڵەکی و سەرۆکی تیرەکە: بەنی هاشم، بەنی ئومەییە.

– پەرستنی خودی تاکەکەسێک، یان پەرستنی خوا؟

لە کۆبوونەوەکەی (سەقیفەی بەنی ساعیدە) کە تێیدا بە جۆرێکی چاوەڕوان نەکراو کە بە هیچ بنەمایەکی شەرعی پشت ئەستوور نەبووە، خەلیفەی یەکەم ئەبوبەکر هەڵبژێردراوە ئەو دوو خاڵە دەرکەوتوون:

هەرکەسە باسی شایستەیی خێڵ و تیرەکەی خۆی کردووە: (ئەوس، خەزرەج، ئەنسار، موهاجرین) کە دەبێ خەلیفە لەوان بێ، ئەوی بەبیردا نەهاتووە بنەماکانی ئایینەکە بووە. لەلایەکی دیکەوە بەپێی سەرچاوە کۆنەکان، ئەبو بەکر قسەیەکی کردووە و بۆتە مایەی بڵاوە پێکردنی خەڵکەکە و ئەو ڕەهەندەی بە تەواوەتی بەرجەستە کردووە، بە ئامادەبوانی گوتووە:

«ئەوی محەمەدی پەرستووە، ئەوە محەمەد مردووە، بەڵام ئەوی ڕەببی محەمەدی پەرستووە، ئەوە ڕەببی محەمەد زیندووە و نامرێ» (١) ئەو قسەیە لە خۆیدا بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ دەری دەخات کە ئایینەکە نەیتوانیوە خۆی لە کاریزمی تاکەکەسان دەرباز بکات! بۆ دەبێ سەیر بێ کە لەو سەردەمەشماندا بە هەزاران کەس هەبن هەڵوێستی لەو جۆرەیان بەرانبەر بە خەلیفەی چوارەم عەلی و حوسەینی کوڕی هەبووبێ و هەبێ.

دووەم: هەندێک ڕووداوی مێژوویی پشکی شێریان بەردەکەوێ و دەبنە بنەمای پتەو لە هەڵتەکاندن نەهاتووی باوەڕ و (عەقیدەیەکی) دیاریکراو. بە درێژایی پرۆسەی گۆڕان و پەرەسەندن و بەپێشچوونی کات (زەمەن) ئەو ڕووداوانە دەبن بە پاشکۆیەکی نیمچە لە بیرچووەوەی باوەڕەکە، بەڵام باوەڕەکە خۆی بە درێژایی ژیانی ئەوانەی هەڵگرەکەین، لەبیرناچێتەوە، خەڵکەکە بڕوا بە ڕووداوەکە دەهێنن، چونکە لەگەڵ باوەڕیان دەگونجێ و دێتەوە و دەبێتە بەڵگەیەکی پشت ڕاست کردنەوەکەی. نموونەی کوشتنی خەلیفەی چوارەم عەلی و هەردوو

کورِەکەی حەسەن کە دەرمان خوارد کراوە، حوسەین کە لە کەربەلا سەربڕا، ڕاستی ئەو بۆچوونە ساغ دەکاتەوە. ڕووداوەکان بوون بە پشکێک لەمێژوو لە خانەی ڕابردوودا تۆمار کراون، کەسەکانیش نەماون، بەڵام باوەڕ و عەقیدە کە لەو ڕووداوانەوە کەوتۆتەوە، هیچ کاتێک بەهۆی تێپەڕبوونی کات (زەمەن) گەرموگوڕی خۆی لەدەست نەداوە، چونکە تەنیا هەر بەهاو بیروباوەڕ و (عەقیدە) دەتوانن سنووری کات(٢) ببەزێنن و کاڵ نەبنەوە و گەرموگوڕی خۆیان لە دڵ و دەروونی باوەڕ پێکراوەکانیاندا بپارێزن. ڕووداوی خوێنڕشتنەکەی کەربەلاو سەربڕینی حوسەین بنەمای ئەو باوەڕە بووە کە لە ١٠ی محەڕەمی ساڵی ٦١ی کۆچییەوە بە دەستپێکی مەزهەب و گرووپی شیعە دانراوە و تا ئەمڕۆش هەر ماوە و کاریگەریی خۆی پاراستووە.

ناوی شیعە

شیعە وشەیەکی عەرەبییە لە دەستەواژەی (شیعە عەلی) کەوتۆتەوە کە واتای لایەنگیرانی خەلیفەی چوارەم عەلی ئەبو تالێب دەگەیەنێ. وشەکە لەسەردەمی پەیامبەری ئیسلامەوە بەکارهاتووە، بەڵام دوای جەنگی نێوان معاویە و خەلیفەی چوارەم کەوتۆتە سەر زمان و ناو ناوانەوە، بەڵام لە ١٠ی محەڕەمی ساڵی ٦١ی کۆچی کە حوسەین بەو مەرەیە چووە، بووە بە ناوی مەزهەب و گرووپێکی زانستی کەلام کە بە گرووپی شیعە ناودەبرێ، لایەنگیرانی لەم سەردەمەدا لە ئێران و تاجیکستان و ئازربایجان و پاکستان و هیندستان و باشووری عیراق و ئەحسای وڵاتی سعوودی و باشووری لبناندا جێگیر بوون. لە دوای سوننە مەزهەب، گرووپی دووەمی ئیسلامن. ئەو گرووپە لەو ڕۆژەوە پێکهاتووە و شیروتیریان لە ناحەز و دوژمنانیان سووە و هەمیشە و بەردەوام لەگەڵ کاربەدەستانی بە نی ئومەییە، بکوژانی خەلیفەی چوارەم و هەردوو کورِەکەی لە جەنگی دەستەو یەخەدابوون، بۆیە هزرمەندەکانیان ناچار بوون هزر و بیروبۆچوون و باوەڕەکەیان بشارنەوە و لەلای لایەنگیر و نزیکەکانیان نەبێ ئاشکرایان نەکەن و بڵاویان نەکەنەوە، بۆیە تاوەکو ناوەڕاستی سەدەی بیستەم، ئاسان نەبوو توێژینەوەیەکی زانستییان لەسەر بنووسرێ، چونکە سەرچاوەکانی خۆیان بە ئاسانی نەدەکەوتنە بەردەست و ئەوانی تر کە سوننەکان لە سەریان نووسیبوون بە دەگمەن گیانی زانستی و بێ لایەنییان تێدا بەدی دەکرا، بگرە پتر تۆمەتبارکردن و قسە بۆ هەڵبەستن و گازندە لە پارسەنگنانیان بووە. لەکاتی نووسینی توێژینەوە لەسەر بابەتی مەزهەب و گرووپی شیعە، دوو پرسیار بە بیرومێشکدا دێن و وا بە ئاسانی وەڵام نادرێنەوە، ئەگەر وەڵامیش بدرێنەوە، سنووری بۆچوون و وادانان و مەزندە نابەزێنن:

– دوو خەلیفە لەپێش خەلیفەی چوارەم کوژراون نە ئەوەیان بۆ کراوە و نە گرووپ و لایەنگیرانیان جارێک لە جاران بە جۆرێک کە شایستە بێ، یادیان کردوونەتەوە. بۆچی عەلی ئەمەی بۆ کراوە و بۆ دەکرێ؟ ئەو پرسیارە گرنگانەی ئەوە دەکات کە عەلی لەلای لایەنگیرانی بەهایەکی گیانی هەبێ و سنووری کەسایەتییەکەی ببەزێنێ، ئەو کەسایەتی بەزاندنە وا نیشان دەدات کە ئەو خەلیفەیە لە کەسایەتی خۆیدا هەردوو لایەن و دەسەڵات و بەهای دنیایی و ئایینی کۆکردبێتەوە و گرتبیەتییە خۆی.

– بۆچی زۆربەی هەرە زۆری شیعە مەزهەبەکانی لایەنگیری عەلی و بنەماڵەکەی عەرەب نین؟! دەکرێ ئەو خاڵە بە ڕەهەندی جیاوازی و نایەکسانی نێوان موسڵمانانی عەرەب و نا عەرەب دابنرێ؟ ئەگەرنا چۆن لێکبدرێتەوە؟ ئەو خەسڵەت و تایبەتمەندییانە چی بوون وایان کردووە عەلی بەو جۆرە لەلایەن ئەو گرووپەوە بەو ئەندازەیە ڕێزی لێ بگیرێ؟!

– ڕاستە هەر لە شەڕی قادسیەی سەر سنووری سعوودیە و عیراقی ئێستا کە فارس پاشەکشەی کردووە و عەرەبەکان پێشڕەوییان کردووە، فارس سەرگەرمی بەدەست هێنانەوەی خاک و دەوڵەت و کولتوور و ئایینە لە دەست چووەکانیان بوون. شێواز و ڕێباز و ڕێگای جۆر بە جۆریان بۆ ئەو مەبەستە گرتۆتە بەر، بەڵام لە هیچ کات و سەردەم و جێگایەکدا بچووکترین سەرکەوتنی پێویستیان بەدەست نەهێناوە. ئایا ئەو شکست و سەرنەکەوتنانەی فارسی خاوەن سێ هەزار ساڵ دەوڵەت و کولتوور، بۆچی دەگەڕێتەوە؟ ئەوە نییە ئێبن خەلدون لە شاکاری (ئەلموقەدیمەدا) بە ڕاشکاوی گوتوویەتی:

«سەیرە، بەڵام هەڵکەوتێکی ڕاستەقینەیە کە زانایان لە ئومەتی ئیسلامدا زۆرینەیان عەجەمن (لە عەرەبدا زانا نییە) نە لە زانستی شەرعی و نە لە زانستی ژیریدا بە دەگمەن نەبێ...» (٣) مەبەستی ئیبن خەلدون لە وشەی

عەجەم ئەوانەن کە عەرەب نین، ئەو قسەیە ڕاستە. ئەگەر سەرنجی بەرهەمە نووسراوەکان بدەین کە بە زمانی عەرەبی نووسراون، هەر لە ڕێزمانەوە تاوەکو ئەدەب و مێژوو و کاروباری شەرع و لێکدانەوەی ئایەتەکانی قورئان و کۆکردنەوەی حەدیس و زانستی کەلام و فەلسەفە، تاکە عەرەبێک بەدەگمەن نەبێ لەنێو نووسەرەکانیاندا بەدی ناکرێ! ئایا دەکرێ ئەو دیاردە ڕاستەقینە سەرنج ڕاکێشە ئەنجامی هەوڵێکی بێ ئومێدی فارس بووبێ کە لە مەیدانی جەنگی دەستە و یەخەی مان و نەماندا مایەپووچ بووبێ و ویستبی لە کایەی خامە- کولتووردا تای تەرازووەکە بەلای خۆیدا لاسەنگ بکات؟ ئەگەر ئەمەش مەبەستی فارس بووبێ، لە کایەکەی دیکە پتر دۆڕاو و مایەپووچتر بووە، ئەگەر بۆ ڕیش هاتبێ ئەم جارە سملێنشی لەسەر داناوە. لە کۆتایی دەسەلاتی بەنی ئومەییەوە تاوەکو کۆتایی سەردەمی حوکمڕانی عەببباسی و (خانەی حیکمەت و موستەنسرییە) کولتوور و شارستانیەتێکیان بە زمانی عەرەبی بۆ عەرەب داهێناوە، هیچ میللەت و نەتەوەیەکی دیکە بە خەونیش ئاواتیان بۆ نەخواستووە، چونکە زانیویانە ئەو کارەیان بۆ ناکرێ و لەدەستیان نایەت. ئەو زمانە عەرەبییەی جاحزی ئێرانی (کە لەدواییدا سەریان بڕی) زانیویەتی و پەرەی پێداوە و پێی نووسیوە و بە قسەی عەرەبەکان خۆیان هیچ عەرەبی زمانێک نەیزانیوە و پەی پێ نەبردووە، بۆیە بە (بەلیغ ئەل عەرەب) ناونراوە. دەبێ چ عەرەبێک ئەوەندەی سیبەوەیهی فارسی، ڕێزمانی عەرەبی زانیبێ؟ پێویست ناکات باسی غەزالی و بوعەلی سینا بکەین کە پشتیان کردۆتە میللەتی خۆیان و بۆ عەرەبی زمان بە زمانی عەرەبی چ شاکارێکیان نووسیوە؟!

لەگەڵ ئەو هەموو ڕاستەقینە مێژوویی‌یانەدا پرسیاری بەرز ڕاگرتنی خەلیفەی چوارەم و کوڕەکانی لەلایەن شیعە مەزهەب بەگشتی و فارسی شیعە بە تایبەتی هەر بە کراوەیی ماوەتەوە و چاوەڕێی وەلاّم دەکات! دەبێ بۆ تەنیا هەر ئەو سەرکردە- سەحابە- خەلیفەیە هەردوو خەسڵەتی دنیایی (زەمەنی) و گیانی (ڕوحانی) لەیەک کاتدا لەخۆیدا کۆ کردبێتەوە؟

- ئەگەر مرۆڤ بە وردی سەرنجی ئەو سەرچاوە کۆنانە بدات کە مێژووی ڕوودواوەکانیان لەسەردەمی پەیامبەری ئیسلامەوە تۆمار کردووە و جۆرە بێلایەنییەک بە واتای ئەو کاتەی ئەوساو شێوازێکی نیمچە زانستی بەواتای سەردەم تێیاندا بەدی دەکرێ، ئەو پرسیارە کاڵ دەبێتەوە و گەرموگوڕی خۆی لەدەست دەدات:

لە دوای هەڵبژاردنی خەلیفەی یەکەم لە سەقیفەی بەنی ساعیدە، خەلیفەی چوارەم بە نیگەرانی و تووڕەبوونەوە دێت و گلەیی دەکات کە هەوڵ دەدرێ دەسەلاّت لە دەستی ئەهلی مالّی محەمەد دەربهێنرێ! خەلیفەی دووەم عومەر داوای لێدەکات دەنگ بۆ ئەبوبەکر بدات، عەلی دەماری دەگیرێ و دەڵێ: بە قسەت ناکەم و دەنگی نادەمێ بۆ ئەوەی شەڕ و گرژی نێوانیان تەشەنە نەکات، ئەبوبەکر دەکەوێتە نێوانیان و دەڵێ: ئەگەر دەنگم نەدەیتێ من بە تۆبزی ناچارت ناکەم!. ئەوی لێرەدا مەبەستە ئەو قسەیەیە.

لە ناکاو «ئەبو عوبەیدەی جەڕاح» هەڵدەستێ و بەرەو ڕووی عەلی دەچێ دەڵێ: «ئامۆزا تۆ لاوی، ئەمانە ڕیش سپی میللەتەکەن! تۆ وەک ئەوان شارەزا نی و ئەو ئەزموون و تاقیکردنەوەی کاروباری ڕۆژانەت نییە، من وا دەبینم کە ئەبو بەکر لەو بارەیەوە لە تۆ بەهێزتر و لێهاتووتر، پشوودرێژتر و بەتواناترە، ئەو ئەرک و کارە بدە بە ئەبوبەکر، ئەگەر تۆ بڕیت و پتر بمێنیتەوە و تەمەن یارت بێ، بە سایەی ئایین و زانین و تێگەیشتن و ڕابردوو و ڕەچەڵەک و نەسەب و خزمایەتیتەوە شایستەی ئەو کارەی و مافی ئەو ئەرکەت هەیە.» (٤) ئەو قسەیە خۆی لە خۆیدا بە مۆدێرنترین شێواز پاساوی شایستەیی و ڕاستیی هەڵبژاردنەکەی ئەبو بەکری داوەتەوە. مرۆڤێک ئیماندار و ئایین قایم و زانابێ، هیچ مەرج نییە بەپێی پێویست توانایی و شارەزایی سەرکردایەتی کردن و بەڕێوەبردنی کاروباری کۆمەڵگا و دەوڵەت و خەڵکی هەبێ، ئەگەر شیعەکان هەردوو خەسڵەتی دنیاو ڕوحی (ئایینیان) لە عەلی دیبێ، ئەبو عوبەیدەی جەڕاح بە ئاشکرا ئەو بنەما و بڕوایەی پووچەڵ کردۆتەوە و ڕای گەیاندووە کە عەلی پیاوی دنیا نەبووە، کاتێک ئەبوبەکر هەڵبژێردراوە لە عەلی پتر، بەپێی تەمەن و شارەزایی، شایستەی ئەو پلەیە بووە! لە هیچ سەرچاوەیەکدا نەدیتراوە کە شیعەکان دژی ئەو قسەیەی جەڕاح بە ئاشکرایی شتیان گوتبێ، بەڵاّم هەر پێیان لەسەر ئایین قایمی و پاکی و خزمایەتی و پیرۆزی داگرتووە، ئەمانە پاساوی ڕەوایەتی کاری دنیا گرتنە دەست نادەنەوە، بەڵکو ئەوە پشت ڕاست دەکەنەوە کە ئەو کەسە شایستەی

پێش نوێژێی کـردن و کـاروباری شـەرع و ئایینە، نەک بەڕێوەبردن. هەر لەو سەردەمەدا، بە قسەی سەرچاوەکان، لە کـۆچەرییـەکی عـەرەب (ئەعـرابی- بەدوو) پرسـیـار کراوە، چ دەربارەی عـەلی و مـعـاویە دەڵێی، گوتوویەتی: نوێژکردن لەپاش عەلی، نان خواردن لەسەر سفرە و خوانی مـعـاویە، بەڵام دووڕەڕێزی و بێتلایەنی لە هەردووکیان چاکترە!.

ئەم قسـەیە ئەگەر ئـەوپەڕی سادە و ساکـارە و لە زاری مرۆڤێکی سادەوە هاتۆتە دەرێ، بەڵام بە جوانی ڕەوشەکە ڕوون دەکـاتەوە. عـەلی پیـاوی دنیـا نـیـیـە. مـعـاویە سیاسەتمەدارە لەو سەردەمەدا کە خوم شێواوە بێ دەنگی هەڵبژێستـە! چونکە قسـەکردن و ئازادی بیـروڕا دەربڕین ئەوسا نەک هەر هەرمـاڵ کاوڵ بوون، بەڵکو سەریش تێدا چووە!

لقەکانی گرووپی شیعە

هۆکـاری دروست بوون و گـەشەکـردنی گـرووپی شـیـعـە هەر لە سـەرەتاوە هۆکـاری سـیـاسی بووە، لە دواییـدا بەهۆی ڕووداوە یەک لەدوای یەکـــەکـــان و ڕووبەڕوو بوونەوەیان لەگەڵ ڕکەبەر و ناحەزانیان بە تایبەتی بەنی ئومەییە هۆکارەکە سروشتێکی دیکەی پێ بڕاوە و بووە بە باوەڕ و ئیـمـان و (عـەقـیـدە)، شـیـعـە ئەوانە بوون و ئێستـاش ئەوانەن کە گـوایە باوەڕیان وایە بەپێی دەقە پیرۆزەکـان و وەسیـەتی پەیامبـەری ئیسلام دەبێ عـەلی خەلیفەی چوارەم بە تایبەتی و ئینجا لەدواییدا کوڕەکانی بن بە خـەلیـفـە. هەرسێک خـەلیـفـەکـەی پێـشـتـر هەڵبژاردنیان ڕەوا و شەرعی نەبووە و ئەو پلەو پایەیەیان بە ناڕەوایی و ناشەرعی زەوت کـردووە، ئەگەر ئەو پلەیە و دەسـەڵاتە لە دەست ئەو بنەمـاڵەیە دەرچووبێ، ئەوەتا زوڵمیان لێ کراوە، یان خۆیان ناچار بوون بە (تەقییە) دەسـتـبـەرداری بن. هەڵبـژاردنی خـەلیـفـە کـە شـیـعـە ئیـمـامـەتی پێـدەڵێن، گـوایە ئەو کـەسـە ئیـمـامی موسڵمانانە، کێشەیەکی بنەماکانی ئایینە (ئوسوڵییە)، پێـوەندی بە خـواست و ئارەزووی خەڵک و هەڵبـژاردنی گشتییەوە نییە، بەڵکو پایەیەکە (ڕوکن) لە پایەکانی ئایین، نابێ پشتگوێ بخرێن و بەپێی پێویست بە هەند نەگیرێ و بایەخی شایانی خۆی پێ نەدرێ، دانانی ئیمام و هەڵبژاردن، ناشێ و ناگونجێ ئیمام کە پلە شایستەکەی خۆی وەرگرت، دەبێ لە هەڵە و چەوتییەوە بە دوور بێ لە بەدکـاری و جەور و زوڵم و ناڕەزایی بە قسە و بەکردەوە دەست بپـارێزێ، تەنیـا لە ڕەوشی (تەقـیـیـەدا) ڕێگای هەندێک شـتی دەدرێ. دەبێ هەردوو دەسـەڵات و لایەنی دنیـایی و ئایینی (ڕوحی) تێـدا بێ و لەخـۆیدا کـۆیان بکاتەوە. شـیـعـە خـۆی لەخـۆیدا مـەزهەبێکی ڕێکوپێکە ئەگەر هۆکاری پەیدابوونەکەی سیاسی بووبێ لە دواییدا بووە بە مەزهەب و جیهاندیدێکی ڕێکوپێکی سەرتاپاگیر دەربارەی هەرە زۆری پرسـیـار و کێشـەکـانی ئایین و ژین وەڵام و هەڵوێسـتی تایبـەتی خـۆی هەیە لە مـەزهەبـەکـانی تر جیای دەکاتەوە. شیعە بە گشتی لە سێ لقی میانڕەو و دوو لقی تونڕەو پێک هاتووە:

١- میانڕەوەکان:

- شیعەی ئیمامی.

- شیعەی زەیدی.

- شیعەی کەیسانی.

٢- تونڕەوەکان:

- تونڕەو کە بە عەرەبی (غولات)یان پێدەگوترێ.

- ئیسماعیلییەکان(٥)

ئەوەی لەو کـایەدا سـەرنج بۆ لای خـۆی ڕادەکـێشێ و تـاووتوکـردن و تـوێژینەوە پێـویست دەکـات دیاردەی تونڕەویی هەندێک لق و گرووپی ڕێبازی شیعەیە: ئایا کـەسـایەتی عـەلی خـۆی، یان هەلومـەرجی دەوروبەری ئەوسـا، هەر لە زۆر و جـەور و زوڵمی کـاربەدەسـتـان، کـوشتن و سـەربڕینی سـەحـابە و نەوەکـانی پەیامبـەری ئیسـلام، تاوەکـو کـێشـەی نەتەوەیی کـە بە عـەرەبی بە (شعـوبي و مـوالي) ناویان بردووە، ڕێگایان بۆ ئەو پێ لێ هەڵگرتن و سنووربەزاندنە تونڕەوییـیـە خـــۆش کـردووە؟! وەڵامـدانەوەی ئەو پرسـیـارانە وا پێـویست دەکات ئاوڕێک لەو سەردەمە بدەینەوە کە ئایینی ئیسلام هەر گەرموگوڕ بووە، کەچی ئەو نەهامەتی و کارەسات و خوێن ڕشتنانەی بەخۆیەوە دیوە.

ڕاستییەکی گومان هەڵنەگرە کە لەسەردەمی خەلافەتی عـەلیدا، غـەزاو داگیرکردنی وڵاتی تر نەماوە و کـۆتایی هاتووە. عـەلی و لایەنگیـرانی تاکـە جـارێک جـەنگ و شـەڕی گومـڕاو کـافـرانیـان نەکـردووە، بەڵکو جـەنگەکـە هەمیشـە لەنێو گرووپە جیاوازەکانی موسڵمانداندا بووە! ئەوەندەی سەحابە موسڵمانەکان خۆ بەخۆ لە یەکتریـیان کـوشـتـووە کـە لە ژمـاردن نایەت و شـەڕ و جـەنگەکـە لەسـەردەمی عـەلی خـەلیـفـەی چوارەمـدا بووە بە جـەنگی

تەماعی دنیاو کورسی و پایە و شەڕی نێوان مەزهەبەکان. گەندەڵی دارایی لە سەردەمی خەلیفەی سێیەم (عوسمان)دا گەیشتۆتە ڕادەیەک نەک لەدواییدا بە خەلیفەی چوارەم چارەسەر نەکراوە، بگرە هەوڵی چارەسەرکردنەکەی کەسانێکی زۆری لێ کردووە بە دوژمن و بەربەرەکانییان کردووە و بە گەلە کۆمەکێ لێکردن و یاخی بوون و بەگژیدا چوونەوە.

خەلیفەی چوارەم عەلی لەهەلومەرجێکی نالەبار و ڕەوشێکی ئابووری و سیاسی گەندەڵ و شڵەژاودا کاروباری کۆمەڵگای دراوەتە دەست و بووە بە خەلیفە: خۆشی لە وتاری دەستبەکاربوونیدا باسی ئەو دۆخە نالەبار و بێ دادی و نایەکسانی ئابووریەی کردووە و بەڵێنی چاک کردنی داوە، بەڵام تا چەند ئەو بەڵێنەی بۆ چۆتە سەر؟ ئەو چاکسازییەی ویستوویەتی لە نەخشەی سیاسی و ئابووریدا بیکات تا چەند ڕەنگی چارەنووسەکەی ڕشتووە و بەو مەردیەی بردووە کە پێی چووە؟! بە دریژایی میژوو بە مردنی ڕابەر و سەرکردەیەک لایەنگیرانیشی بلاوەی لێدەکەن و لەبەرچاو نامێنن، کەچی عەلی کوڕی ئەبو تالێب بە مردنەکەی، لایەنگیرانی لە جاران پتر بوون ئەمە هۆی چییە؟! چۆن لێکدەدرێتەوە؟.

لەو ڕۆژەوە عەلی هاتۆتە سەرکار، پابەندی چەند بنەمایەک بووە کە بە دریژایی ژیانی بڕوای پێیان هەبووە و سەرگەرمی جێگیرکردنیان بووە. لە ناخۆشترین هەلومەرجدا دەستبەرداری ئەو بەهایانە نەبووە کە پوختەی عەقیدە و ئیمانەکەیان پێکهێناوە. لەنێو ئەو بەهایانەدا بەلایەوە یەکسانی لە هەموو بوار و کایەکاندا پشکی شێری بەرکەوتووە، بۆیە سەیر نەبووە کە بە لایەوە ئەو سەحابەیەی خزمەتی ئایینەکەی کردووە و لە غەزادا بەشداری کردووە بە ئەنسار و موهاجیرەوە دەبێ لەگەڵ کەسانی سادە و ساکاردا بە یەک چاو تەماشا بکرێن، چونکە خزمەتی ئایین و غەزا ئەرکی سەرشانی موسڵمانە و پاداشتەکەشی لەلای خوایە لە ڕۆژی قیامەتدا پێی دەبەخشرێ. لەو ڕوانگەیەوە هەوڵی داوە بەپێی توانایی ئەو مووک و مااڵە لەو کەسانە وەربگرێتەوە کە لەسەردەمی خەلافەتی عوسماندا وەریان گرتووە و سوودمەند بوو. مەسعوودی بە وردی باسی ماڵ و مووک و سامانی عوسمان و کاربەدەستانی دەکات کە چەندە دەوڵەمەند بوون و چۆن ژیان و چ خێروخۆشییەکیان بەسەردا باریوە! تەنانەت عوسمان خۆی لەو سەردەمەدا کۆشکێکی شاهانەیان لەمەدینە بۆ دروست کردووە دەرگاکانی لە ساج و عەر عەر بوون(٦). پیاوەکانیشی زوبێری عەوام لە بەسرە و تەلحەی کوڕی عوبیدوڵڵا لە کوفە و عەبدولڕەحمان کوڕی عەوف، ئینجا سەعدی ئەبی وەقاس خانووەکەی بە عەقیق ڕازاندۆتەوە لە هەرە دەوڵەمەندەکانی سەردەمی خۆیان بوون و وەک پاشاکانی سەردەمی کیسرای ئێران ژیاون. ئەوەندەی دەستیان پێیدا گەیشتبێ لە دەرەوەی دوورگەی عەرەبی، زەوی و زاری بە پیت و بەرەکەت و ڕەز و باخی موسڵمانانی میللەتانی دیکەیان داگیر کردووە کە عەرەب نەبوون. بەپێی سەرچاوەکان، هەندێک لەو سەحابانەی جاران بە حەوت دەنکە خورما ڕۆژیان بە غەزا بەسەر بردووە، بوون بە خاوەنی مووک و ماڵی لەژماردن نەهاتوو، هەندێکیان بە هەزار سەر مەڕ و سەدان حوشتر و ئەسپی ڕەسەنیان هەبووە، تەنانەت سەحابەی سەر بە عوسمان، زەید کوڕی ثابت کە مردووە ئەوەندە پارە و زێڕ و زیوی(٧) لەپاش بەجێ ماوە نەیانزانیوە چی لێ بکەن. ئەو هەلومەرج و ڕەوشە ئابوورییە، چینێکی ئەریستۆکراتی دەست ڕۆیشتووی خاوەن سامان و مووک و ماڵ دروست کردووە. کاتێک خەلیفەی چوارەم هاتۆتە سەرکار، ئەوەندەی بۆی لواوە ئەو مووک و مااڵەی لەو خەڵکە ستاندۆتەوە و خستوویەتییەوە سەر گەنجینەی گشتی (بەیتول مال)، بۆیە کەسانێکی زۆر لێی بوون بە دوژمن و لێی چوونەتە سەنگەرەوە و تەماعی دنیا وای لێ کردوون پشتی معاویە بگرن. گۆڕینی ڕەوش و هەلومەرجێک کە بەهۆی هۆکاری ئابوورییەوە ساڵەهای ساڵ بێ جێگیر بووبێ تەنیا بەهەبوونی ئیمانی قایم و نیازی پاک و پشت بەستن بە ئایین نەدەگۆڕێ و نە چارەسەر دەکرێ! ئایین و دنیا دوو بابەتن لە بنەما و ناوەڕۆک و ڕوخساردا لە یەکتری جیاوازن. سەحابەیەک بەهۆی شمشێرەوە ناوچەیەکی داگیر کردبێ و سەرکەوتن و داگیرکردنەکە خاک و زەوی و زار و سامان و دارایی پێ بەخشیبێ، وا بە ئاسانی دەستبەرداری ئەو دەسکەوتانە نابێ. عەلی ئەگەر پشتی بە بنەماکانی ئایین (حەق و داد) بەستبێ بۆ گۆڕینی ڕەوشێکی ئابووری نیمچە جێگیر و چین و تۆێژێکی دەست ڕۆیشتووی پشت ئەستوور بە دەسەاڵتی پێشووی عوسمان بەبێ توانایی بەڕێوەبردن و شارەزایی سیاسی و لێهاتوویی دنیایی لە

کردن نایەت، ئەنجامەکەشی ئەوەبوو عەلی هەردووکی دۆڕاند و وەک کوردەکە لە هەردوو جەژنەکە بوو! دنیاو قیامەتی لە دەست چوو، خۆی و بنەماڵەکەشی بەو مەرەیە چوون!

شیعەی ئیمامی

کێشەیەک لەو کێشانەی ڕووبەڕووی مرۆڤ دەبێتەوە کاتێک لەسەر گرووپ و مەزهەبی شیعە دەنووسێ، لەبەردەست نەبوونی ئەو سەرچاوانەی هزرمەندانی خۆیانە کە لەسەر مەزهەبەکەی خۆیان نووسیویانە، ئینجا بنەمای (تەقییە) کە ڕێگای مرۆڤی شیعە دەدا لە ترس و لێقەوماندا هەڵوێست و بیروبۆچوونی خۆی بشارێتەوە و دەریان نەبڕێ، بگرە ئەگەر مەترسی ژیانی لەسەر بوو ناڕاستی بڵێ! تا ئەو دواییانە سەرچاوەکان پتریان ئەوانە بوون کە سوننە و ڕکەبەر و ناحەزەکانیان لەسەریان نووسیون! بۆیە ناچارین پەنا بۆ سەرچاوەی جیاواز بەرین و بەپێی ئەو هەڵەی بۆمان بڕەخسێ، کاوودان، دروستی و نادروستی لە بارەی ئەو مەزهەبەوە، ئەوەندەی ژیر ببڕێ و بیگرێ لە یەکتری هەڵاوێرین و جیا بکەینەوە:

شیعە واتای لایەنگر دەگەیەنێ و لێرەدا مەبەست لە لایەنگرانی خەلیفەی چوارەم عەلی کوڕی ئەبو تاڵیبە. باشە، چەمک و ناوی (ئیمامی) بۆچی لەو گرووپە نراوە؟ ئایا دەکرێ وشەی ئیمام لە جێگای وشەی خەلیفە بەکاربهێنرێ؟ وەڵامی ئەو پرسیارە پەیوەستە بە پێوەندی نێوان ئایین و دنیاوە. ئایا دەکرێ کاروباری ئایین، نوێژ و پێش نوێژی لەگەڵ سیاسەت و بەڕێوەبردنی کاروباری کۆمەڵگا و دەوڵەت بەرانبەر بخرێنە نێو دوو تای یەک تەرازووەوە، بەیەک چاو تەماشا بکرێن؟! پەیامبەری ئیسلام ڕایسپاردبوو لە کاتی نەخۆشی و ئامادە نەبوونیدا ئەبو بەکر لە جێگاکەیدا پێش نوێژی بکات، ئەمە چی دەگەیەنێ؟ ئایین و دنیا لە ئاست و پلەدان؟ ئایا مەرجە ئیمانداری سەرکەوتوو لە کاروباری ئایین، لە کاروباری دنیاشدا سەرکەوتووبێ؟!

کاتێک ئەبوبەکر دوای مردنی پەیامبەری ئیسلام ئیش و کاری بەڕێوەبردنی کۆمەڵگای پێ سپێردرا ناوی (خەلیفەی پەیامبەری خوای) لێ نراوە، یان بەو ناوە بانگ کراوە، ئینجا عومەری کوڕی خەتتاب لە جێگای دانراوە و پێی گوتراوە (خەلیفەی خەلیفەی پەیامبەری خوا) گوایە ئەو ناوە دوورودرێژ بووە و لەسەر زار و زمان خۆش نەبووە، بۆیە نەیانزانیوە چی بڵێن تاوەکو ڕۆژێک زەلامێکی بیانی هاتووە نەیزانیوە بڵێ خەلیفە لەجیاتیانی گوتوویەتی «دەمەوێ بچم بۆ لای میری ئیماندار و موسڵمانان» بە عەرەبی (ئەمیری موئمینین) لەوەوە ناوی خەلیفە بەو ناوە نوێیە گۆڕاوە(۸). ئەو ناوە تاوەکو هاتنی عەلی و کوڕانی، بەردەوام بوو، بەڵام لە دواییدا لایەنگیرانی ئەو ناوەیان گۆڕیوە بە ئیمام و تا ئێستا هەر بە ئیمامی عەلی ناوی دەبەن!

بەپێی سەرچاوە سوننییەکان، بەلای گرووپ و مەزهەبی شیعەوە، ئیمامەتی هەردوو لایەنی ئایینی (ڕوحی) و دنیایی دەگرێتە خۆ. لە کاروباری ئایینی و شەرعیدا دەبێ خەڵک ئاگادار بکاتەوە و هانیان بدات پابەندی بن و پەیڕەوی بکەن. لە کاروباری دنیاییدا دەبێ سوود و قازانج و سەرومااڵیان بپارێزێ. گوایە خەلافەت بریتییە لە بنەمایەک لە بنەماکانی ئایین و بناوانێکی ئیسلامە، نابێ پشتگوێ بخرێ و بدرێتە دەست ئومەت، بەڵکو دەبێ بەپێی ڕاسپاردە (وەسیەتی) پەیامبەری ئیسلام و دەقە پیرۆزەکان بێ. جا ئەو ڕاسپاردەیە بە شاردراوەیی، یان بە ئاشکرابێ، دەبێ عەلی ئیمام بێ و دوای ئەو کوڕ و نەوەکانی بن(۹). ئیمام پێویستە لە بەدکاری و گوناهی گەورە و بچووک بەدەربێ. ئەو دەقانەی شیعەکان بۆ سوور بوون لەسەر ئەوەی کە دەبێ هەر عەلی ئیمام بێ، دەکرێن بە دوو بەشەوە:

- ئاشکرا: وەک (من کنت مولاه فعلي مولاه).
- شاردراوە: گوایە پەیامبەری ئیسلام لە بۆنەیەکدا عەلی ڕاسپاردووە بچێ سوڕەتی بەرائە بخوێنێتەوە. ئەم دووانە کراون بە بەڵگە بۆ ئەوەی عەلی ببێ بەئیمام (خەلیفە).

ئەو لقەی گرووپی شیعە وای دادەنێن کە دەبێ عەلی خۆی ئیمام بێ، بۆیە بە ئیماممییە ناوبراون.

هەروەها بە شیعەی دوازدە ئیمامی و بەجەعفەریش ناودەبرێن، چونکە لەو باوەڕەدابوون کە دوازدە ئیمام هەیە و هەموویان پیرۆز و پاک و دوورن لە کەوتنە هەڵە و گوناح ناکەن بە هیچ شێوەیەک. جەعفەری لەوەوە هاتووە کە ئیمام جەعفەری کوڕی محەمەدی سادقیان بە سەرچاوەی ڕاستەقینەی بەڵگە نووسراوە و بیستراو و فیقهی شەرعی خۆیان داناوە.

ئەو گرووپە زۆربەی هەرە زۆری شیعەی جیهان پێکدەهێنن. بەوە لە لقەکانی تر جیا دەکرێنەوە لە

ڕکەبەری و ڕووبەڕووبوونەوەی ڕێژیمی سیاسی دەسەڵاتدار و بەرەنگاربوونەوەی زۆردار و داگیرکەر و بێ دادان و لەپێناوی دامەزراندنی حکوومەتێکی دادپەروەر و جێبەجێ کردن و جێگیرکردنی فەرمایشتەکانی قورئان و سونن و دانانی ئیمام لەبنەماڵەی پەیامبەری ئیسلام بە شێواز و ڕێگای تایبەتی خۆیان کار دەکەن و تێدەکۆشن! ئەو گرووپە لەو باوەڕەدایە کە:

– هەر قۆناغە ئیمامی خۆی هەیە و دەبێ حوکم بکات.

– ئیمامەت دەبێ لە بنەماڵەی پەیامبەری ئیسلامدا بێت.

– لە ئیمامی عەلییەوە ئیمامەت دەست پێ بکات بە هەردوو کوڕەکەیدا تێبپەڕێ تاوەکو دەگاتە ئیمامی دوازدەم کە ئێستا ون بووە و بەدەردەکەوێ و پێی دەگوترێ محەمەدی مەهدی، یان مەهدی چاوەڕوان کراو.

– بنەمای تەقییە بنەمایەکی دان پێدانراوی ئەو گرووپەیە. مرۆڤی شیعە مەترسی ژیان و مردنی لەسەرە، دوژمنی زۆرە، بۆیە ڕێگا دەدرێ شتێک بڵێ خۆی بپارێزی و لە مەترسی ڕزگاری ببێ، با ئەو شتە ڕاست نەبێ و بڕواشی پێ نەبێ! بەڵام ڕێگای دەدرێ.

– بنەمای ون بوون کە بە عەرەبی چەمکی (ئەل غەیبە)ی بۆ بەکارهێنراوە. ئەو چەمکە بە چەمکی تەقییەوە بەندە و لەوەوە کەوتۆتەوە و تەواو کاریەتی . زۆر و جەوری کاربەدەستان و بێ دادی و کەمی دۆست و لایەنگران، ئیمام ناچار دەبێ لەبەرچاو ون ببێ. ئەو ون بوونە دوو جۆرە: کورت خایەن و ون بوونی درێژخایەن.

کە ئیمام بۆ ماوەیەکی کورت لەبەرچاو ون دەبێ کەسانی تایبەتی دیاری دەکات پێوەندی پێوە بکەن و پەیامەکانی بە لایەنگیرانی ڕابگەیەنێ. بەڵای ئەو گرووپەی شیعەوە، کاتی خۆی پەیامبەری ئیسلام هەستی بە مەترسی لەسەر ژیانی موسڵمانەکان کردووە، فەرمانی پێ داون لەبەرچاو ون بن، خۆیان بشارنەوە، بۆیە بەرەو حەبەشە کۆچیان کردووە. ئیمامی شیعە هەمان شتی پەیامبەری ئیسلام جێبەجێ دەکات. ون بوونی درێژخایەن کە محەمەدی مەهدی ئەمەی کردووە، بە فەرمانی خوا بووە، هەر دەبێ خوا ڕێگای بەدەرکەوتن و هاتنەوەی بدات بۆ ئەوەی زۆر و جەور و بێ دادی لەسەر زەوی لابەرێ.

– ویلایەتی فەقیە:

لە بەرانبەر بنەمای ون بوون دوو جۆر هەڵوێست، لەلایەن شیعەی دوازدە ئیمامییەوە بەدی دەکرێت(١٠)

– ئاراستەی یەکەم بەلایەوە تاوەکو ئیمامی ون بوو ڕێگای هاتنەوەی دەدرێ، نابێ شیعە بیر لە دامەزراندن و پێکهێنانی دەوڵەت و حکوومەت بکەنەوە، بەڵام ئاراستەی دووەم کە خۆیان بە (ئوسوڵی) ناو دەبەن لەو باوەڕەدان کە سوود و قازانج و کاروباری ژیانی ڕۆژانەی موسڵمانان وا پێویست دەکات کۆمەڵگا دەزگایەکی بەڕێوەبردن و سەرۆکی هەبێ. ئەو سەرۆکە دەبێ زانایەکی شارەزای تەواوەتی ئایینی بێ کە ئەوان بە (فەقیە) ناوی دەبەن و دەوڵەتە دامەزراوەکەش (ولایەتی فەقیە)ی پێدەگوترێ. ئەو سەرۆکە ئەگەرچی لە پلەوپایەدا ناگاتە ئیمام، بەڵام دەبێ هەموو دەسەڵاتێکی ئیمامی هەبێ!

– ئیمامی موسڵمانان بە بۆچوونی شیعەی دوازدە ئیمامی هەر لە خەلیفەی چوارەم عەلییەوە تاوەکو مەهدی ون بووی چاوەڕوانکراو دەبێ دەسەڵاتی ڕەهایان هەبێ، هەر لە فتوا دانەوە تاوەکو هەڵگیرساندنی جەنگ و جێگیرکردنی ئاشتی و کاروباری ژیانی ڕۆژانەی خەڵک و پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و هاوسەرگیریی(١١). ئیمام ڕۆڵی پەیامبەری ئیسلام دەگێڕێ. جیاوازی نێوان پەیامبەری ئیسلام و ئیمام تەنیا هەر لەوەدایە کە پەیامبەر وەحی بۆ دێت و ئیمام لەو سرووشە ئاسمانییە بێ بەشە. ئەو بڕیارە دەکرێ بە جۆرە توێژینەوەیەکی ئازاد (ئیجتیهاد) دابنرێ کە ئەو ئاراستەیە کردوویەتی، چونکە ناکرێ مرۆڤ ساڵەهای ساڵ چاوەڕێی ئیمامێکی ون بوو بکات! خوا هەر خۆی دەزانێ کەی پەیدا دەبێتەوە و دەردەکەوێ!

شیعەی زەیدییە

وەک ئاشکرایە شیعە لەسەرەتادا، ئینجا شیعەی دوازدە ئیمامی لەدواییدا لەو باوەڕەدا بوون کە تاکە سەرۆکی شەرعی (ڕەوای) ئیسلام بەپێی بنەماکانی ئایین و ڕێوشوێنەکانی دنیا (ژیان) ئەو ئیمامەیە کە خوا ئەو پلەو پایەیەی پێ بەخشیوە و هیچ کەسێک ناکرێ و نابێ بەهۆی دەنگدانی خەڵکەوە ئەو ئەرکەی پێ بسپێردرێ، چونکە هەر خوا خۆی ئەو مافەی هەیە. عەلی کوڕی ئەبو تاڵیب ئەو کەسە بووە کە ئەو شکۆمەندییەی پێ بڕاوە. ئەوان ئەو سەرۆکەیان ناو نەناوە خەلیفە، بەڵکو پێیان گوتووە (ئیمام) چونکە دەبێ بەپێی بنەما

بنەڕەتییەکانی ئایین، خەڵک گوێڕایەڵی فەرمان و فەرمایشتەکانی بن (ئیتاعەتی بکەن). ئەو وشەیەی ئیمام پتر بەلای ئایینداید و پایەیەکە بە ئاشکراو بە ڕوون و ڕەوانی ڕەهەندە ئایینییەکەی دیار و دەستنیشان دەکات. ئایا هەڵوێستی شیعە زەیدییەکان لەو بارەیەوە چۆنە؟ ئەو ناوەیان لە چییەوە هاتووە؟

وشەی زەیدییە لە ناوی زەیدی کوڕی حوسێنی کوڕی عەلی هاتووە کە خۆی ئەو ڕێبازەی دامەزراندووە(١٢). ئەو ڕێبازە بەوە خۆی لە شیعەی دوازدە ئیمامی جیا دەکاتەوە:

- ڕاستە ئەوانیش دەڵێن دەبێ عەلی ئیمام بێ و ئینجا حەسەن و حوسەینی کوڕی، بەڵام ئیمام بە وەسیەت و ڕاسپاردەی پەیامبەری ئیسلام نابێ، بەڵکو دەبێ لەلایەن شێخ و ڕیش سپی و شارەزاو ئیختیارانی ئوممەتەوە هەڵبژێردرێ. ئەمەش بە ئاشکرا چوونە دەرەوەیە لە چوارچێوەی ئەو جیهاندیدەی شیعەی ئیمامی ڕەنگی ڕشتووە.

- لەلایەکی دیکەوە زەیدییەکان خۆیان لە ڕێبازی موعتەزیلە نزیک دەکەنەوە، بەوەدا باوەڕیان وابوو ئەبو بەکر و عومەر خەلیفە بوون و دانیان بە ڕەوایەتی وەرگرتنی پلەوپایەیەکەیان ناوە، بگرە قسەی ناڕەوا ناخەنە پارسەنگیانەوە و بە زەوتکاریان دانانێن.

- ئیمام دەبێ دوای عەلی لە کوڕ و نەوەکانی بێت (سەر بە ئالی بەیت) بن، چەندین خەسڵەت و تایبەتمەندیان تێدابێ: ئازاو دلێر و چاونەترس، سەرگەرمی جێگیرکردنی بنەماکانی ئایین و دادو ئارامی، سەروماڵ و مووڵکی ئیمانداران بپارێزێ.

- ئەو ڕێبازە باوەڕی بە بنەمای تەقییە نییە و ڕێگا نادات لایەنگیرانی شتێک بڵێن ڕاست نەبێ، یان باوەڕیان پێی نەبێ! تەنانەت لەو باوەڕەدا بوون کە زەین ئەلعابیدین شایستەی ئیمامەتی نەبووە، چونکە دژی زۆر و جەور و زوڵمی کاربەدەستان هیچی نەکردووە!.

- ئیمام لە لای زەیدییە بێجگە لە خەسڵەتی (ڕوحی) ئایینی دەبێ خەسڵەت و تایبەتمەندی سیاسی تێدا بێت. خۆ ئەگەر سەرکردە زاڵم بوو، بێ دادی لێدەرکەوت و لەسەری ساغ بووەوە، دەبێ لایەنگیری ڕێبازی زەیدی بەربەرەکانی بکات و پەنا بۆ شمشێر(١٣) و تیر بەرێ و دژی تێبکۆشێ و قوربانی بە گیانی بدات.

- هیچ مەرج نییە ئیمام لە هەڵە بەدەر بێ و هەڵە نەکات (عیصمەت) ئەو تایبەتمەندییە وا ئاسان نییە لە مرۆڤی ئاساییدا هەبێ. بەلایانەوە بیرۆکەی مەهدی چاوەڕوان کراو و گەڕانەوە و هاتنەوەی ئیمامە ون بووەکان بە هیچ بنەمایەکی ئایین و ژیر پشت ڕاست ناکرێتەوە.

- باوەڕیان بە پشتاوپشت دەسەڵات گرتنە دەست (وراثەت- میرات) هەبووە. بەبێ ئەوەی باسی ئەوە بکەن ئایا مەرجە کوڕ وەک باوکی لێهاتووبێ؟

- زەیدییەکان، بێجگە لەوەی زانای ئایینی گەورە و ناسراویان تێدا بووە و داوایان کردووە بە شمشێر ڕووبەڕووی کاربەدەستانی بەنی ئومەییە ببنەوە، بڕوایان بە بنەمای موعتەزیلە:

چاکەکاری و دوور لە بەدکاری هەبووە. زەیدی کوڕی عەلی بەکردەوە لە ژیانی ڕۆژانەی خۆیدا ئەو دروشمە بنەمایەی جێبەجێ کردووە(١٤).

- ئەو گرووپەی شیعە باوەڕی بەوە نەبووە کە ئیمام پێشبینی دەکات و توانایی زانینی نهێنییەکانی غەیبی هەیە، ئەوەش بە پێچەوانەی تیوری (بەداء)ەوەیە کە شیعەی ئیمامی بڕوایان پێی بووە. بەداء بە واتای دەرکەوتنەوەیە دوای ئەوەی شاردراوە بووە. فەرمانی خوا دوو جۆرە یەکلایی کردنەوە و هەڵپەساردن. ئەگەر ئیمام، بە بۆچوونی شیعەی ئیمامی، نەیتوانی پێشەکی پێشبینی ڕووداوێک بکات، لەوەوەیە کە خوا فەرمانی خۆی بۆ سوود و قازانجی گشتی هەڵپەساردووە، ئەمەش بەشێکە لە بنەمای تیوری (بەداء) کە دەکرێ بە بڕیار گۆڕین دابنرێ.

شیعەی کەیسانی

گرووپی سێیەمی مەزهەبی میانڕەوی شیعە، ناوەکەیان لە وشەی کەیسان وەرگیراوە. گوایە ئەو گرووپە باوەڕیان وابوو کە ئیمامەت دوای عەلی و حەسەن و حوسەین بدرێ بە محەمەدی حەنەفییە کە کوڕی ئیمامی عەلی بووە لە ژنێکی تری، ئینجا بۆ کوڕی حەنەفییە، ئەو کوڕەی پیاوێکی هەبووە زیرەک و شارەزا و دڵسۆز ناوی کەیسان(١٥) بووە. لێرەوە ئەو ناوە کراوە بە دروشمی ئەو گرووپە.

بەلایانەوە ئایین بریتییە لە پەرستن، ئەو ئیمامانەی لەبەرچاوی خەڵک مردوون، زیندوو دەبنەوە و دەگەڕێنەوە. محەمەدی حەنەفییە کە بە ئیمام دانراوە

بەلایانەوە، زیندووە و نەمـــردووە و بووە بە مـــەهدی چاوەڕوان کراو کە لە کوردیدا بە (خدری زیندە) ناسراوە، ڕۆژێک لە ڕۆژان دەردەکـــەوێتـــەوە. بابەتەکـــەش بەم شێوەیەیە:

– مـحـەمـەدی حـەنەفـیـیـە بە پێـچـەوانەی بنەمـا بنەڕەتییەکانی مەزهەبی شیعـە و ئامـۆژگاری باوک و باپیـرانی کە (ئەهلی بەیتن) گوناهێکی گـەورەی کردووە بەوەی دەنگی داوە بە خـەلیـفـەی زالّم عـەبدول مـەلیکی کوڕی مەروان و (بەیعـەی) کردووە. بەو کارە نابەجێیەی خـوا سـزای داوە و لەبەرچاوان ونی کـردووە، بەڵام ئەو سزادانە ڕۆژێک لە ڕۆژان کۆتایی دێت و دەگەڕێتـەوە بۆ لای دۆست و یار و لایەنگیـــرانی ئەو بۆچوونە لە دوو بنەمای شیـعـەدا بەرجەستە بووە کە باوەڕیان پێیەتی و بانگەشەی بۆ دەکەن:

– لەبەرچاو ون بوون (غەیبە).

– گەڕانەوە (رجعة)(١٦).

بەڵای کەیسانییەوە کە پتر لە دەڤەری کوفەی باشووری عـیراقی ئێستا و یەمەن بڵاوبوونەتەوە، بێجگە لەو دوو خـاڵەی پێـشـتـر بە تـۆزێنەوەی ئازاد و وتار نووسین بە چەند خـاڵێکی دیکەوە پابەندبوون و داکـۆکـیـان لێ کـردوون بە بنەمـایەکی بنەڕەتی باوەڕ و مـەزهەبەکـەی خۆیانیان داناون:

– ئیمامەت پشـتاوپشت لە باوکەوە بۆ کوڕەکەی دێت وەک چۆن کوڕ میراتی باوکی بۆ دەمێنێتەوە. ئەو مافەش لە خەلیفە عـەلییەوە بۆ کوڕەکانی حەسەن و حوسەین و نەوەکانی بەجێ ماوە.

– ڕاپـەڕیـن دژی زۆر و جـــــەور و زوڵـم و بێ دادی کاربەدەستان، ئەرکی سەرشانی لایەنگیرانیانە، بۆ ئەو مەبەستەش دەبێ پەنا ببرێتە بەر چەک (شمشێر).

– باوەڕیان بە بنـەمـــا (تیـــوری بەداء) هەبووە و داکۆکییان لێ کردووە. بەپێی ئەو تیوریـیە دەکرێ خـواو ئیـمـام بڕیار و بۆچوونیـان هەڵپـەسـێرن، لەوە دەچێ ئەو تیوریـیە لە بیرۆکەی نەسخەوە وەرگیرابێ. لە ئیسلامدا گـوتراوە تەورات و ئینجـیـل کـە هەردووکـیـان کـەلامی خـوان، نەسخ کـراونەتەوە، هەروەها دەبیـسـتـرێ کـە لە قـورئان خـۆیدا ئایەتی ناسخ و مـەنسـوخ هەیە. ئەو پرسـیـارەی لێـرەدا بەبیـردا دێت ئەوەیە: هەندێک جـار مـرۆڤ شـتـێکی بەبیـردا دێ جـاران نەیبـیـسـتـووە و نەیزانیـوە، بۆیە ئاسـاییـە بۆچوون و ڕای خـۆی بگۆڕێ، بڕیارێکی داویەتی، یان دەیەوێ بیدات هەڵی بسپێرێ، یان بڕیارێکی جـیـاواز تر بدات، ئایا دەکـرێ شـتـی لەم جۆرە بەسەر خوادا بێت؟ دەکرێ خوا فەرمان و بڕیارێک بدات و لەدواییـدا هەڵی پەسـێـرێ؟ بەڵای زۆربەی زۆری ڕابەرانی شیـعـەی کەیسانیـیـەوە وەڵامەکە ئەرێنییـە! من وای بۆ دەچم کـــە ڕەوشی بێ داد و جـــەوری ســـەردەم ســەرچاوەی ئەو بیـــروبۆچوونە نامـۆیانە بووە! لە دۆخ و هەلومەرجی نالەبار و نائاساییدا ناکرێ مرۆڤ چاوەڕێی شـتـی ئاسـایی بکات! لەسـەردەمی بەنی ئومـەییـە و پێشتریش خەلیفەی ئیسلام بە ئاشکرا بە شمشێر ورگی بدڕێ و پیـاوانی مـعـاویـە و یەزیدی کـوڕی لە کـوفـە و کـەربەلا بە ڕۆژی ڕووناک و لەبەرچاوی سـەحابەکـان بە شـمـشـێر نەوەکـانی پەیامبـەری ئیسـلام سەربـڕن! لافی ئیسلامەتی و ئیمانداری و پاراستنی ئایینی ئیسلام لێ بدەن لەو دۆخ و ڕەوشـــەدا دەبێ مـــرۆڤ چاوەڕێی چی بکات؟!

گرووپە تونڕەوەکانی شیعە

گـرووپی تونڕەو لە مـەزهەبی شـیـعـەدا لە ژمـاردن نایەت. ئەوی بەڵای ئێمەوە لێرەدا گرینگە دوو گرووپە:

– عەلەوی (نسێری)

– ئیسماعیلی.

ئەگـەر دەرکـەوتنی گـرووپی تونڕەو لەنێـو ئایینی ئیسلامدا لەسەردەمی خۆی و لە ئێستاشدا بە ڕوالّەت سەیر و نامۆ بێتە پێش چاو، ئەوە ئەو سەیر و نامۆیە کاڵ دەبنەوە ئەگـــەر مـــرۆڤ ســـەرنجی ڕووداو و ڕەوش و هەلومـــەرجـــەکـــە بدات کـــە بوونەتە مـــایەی پەرشوبڵاوبوونەوەی گرووپ و مەزهەبە ئیسلامییەکان و پەیدابوونی تونڕەوەکـان، ئینجـا وەڵامی ئەو پرسـیـارە تاڕادەیەک دەستگیر دەبێ.

ئایا سـروشـتـی ئایینەکـە خـۆی وایە، ئەو گـۆڕان و تونڕەوییـە هەڵدەگرێ، یان سروشـتی کـۆمـەڵگای ئەو مـیللەتانە و دابونەریتـیـان جۆرێکە هەمـوو شـتـێکی لە دەرەوە هاتوو بەبێ گۆڕین وەرناگرێ و پەسند ناکات؟ یان هەردووکیانە پێکەوە؟

عەلەوییەکان

گرووپێکی تونڕەوی شیعـەی دوازدە ئیمامین هەتاوەکو خومەینی ڕابەری شیـعـەی ئێران بە فـەرمی بە شیـعـەی

دانەنان، لە هیچ کۆڕ و کۆمەڵەیەکی شیعەدا دانیان پێدا نەنراوە و نەناسراون! بە پلەی یەکەم لە وڵاتی سوریا و ئینجا تورکیا و کوردستانی باکوور بڵاوبوونەتەوە. بە کەمی تێکەڵاوی خەڵکی تر دەبن و نهێنی مەزهەب و ڕێبازەکەیان بڵاوناکەنەوە. ئەو سەرچاوانەش باسیان کردوون بە دەگمەن نەبێ هەست و گیانی زانستی- بابەتی- بێتلایەنیان تێدا بەدی ناکرێ!

ئەوانیش وەک شیعەکان (روزبەی کورِی خۆشنود) کە دواتر بوو بە (سەلمانی فارسی) بە دەروازەی جیهانی شیعە دادەنێن. دوا ڕابەریان ئەبو شوعەیب محەمەد نەسیری بەسڕی نمێریبە. ناوی نەسیری کە باپیری ئەبو شوعەیب بووە، لەلایەن لقێکی عەلەوییەوە بۆ گرووپەکەیان هەڵبژێردراوە و بەو ناوەوە بەنسێری ناودەبرێن.

ناوی عەلەوییەکان لەناوی عەلی ئەبو تالێبی خەلیفەی چوارەمەوە وەرگیراوە. زۆربەی سەرچاوە کۆنەکان (شەهرستانی، بەغدادی، ئەشعەری) بە جۆرێک باسی عەلەوییەکان دەکەن کە گوایە لە بنەما بنەڕەتییەکانی ئیسلام لایان داوە و پاشگەز بوونەوە، دەست نوێژ ناگرن، نوێژی سوننەتی ناکەن و ئاسایی بە ڕۆژوو نابن و ناچن بۆ حەج، گوایە باوەڕیان بە چوونە ژێر کلێشەی گیان هەیە! بەو واتایە کە وتوویانە مرۆڤی ژیر حاشا لەوە ناکات کە دەکرێ ڕوحانی لە لەشی ماددەییدا دەربکەوێ و ڕەب لە پەیامبەر و ئیمامەکاندا بەرجەستە ببێ کە ئەمە بەعەرەبی (تناسخ و حلول)ی پێ دەگوترێ! هەروەها بەلایانەوە جوبراییل دێتە سەر ڕوخساری مرۆڤ و زۆرجار وەک عەرەبێکی بەدوو (ئەعرابی) دیتراوە. شەیتان و جنۆکە وەک مرۆڤ دەردەکەون و بەدکاری دەکەن! لەبەر ئەوەی دوای مردنی پەیامبەری ئیسلام کەسێک لە عەلی و بنەماڵەکەی باشتر دەرنەکەوتووە، بۆیە خوا بە زمانی ئەوان دواوە و قسەی کردووە، لێرەدا عەلەوییەکان لایەنێکی خوایی(۱۷) لە عەلیدا بەدی دەکەن و هەر لەبەر ئەو بۆچوونەیانە لەلایەن گرووپ و مەزهەبەکانەوە بە گرووپی عەلی ئیلاهی ناودەبرێن!.

لەنێو ئەو گرووپەدا جۆرە چین و پایە و پلەی جیاواز بەدی دەکرێ. سێ جۆرە ڕابەریان هەیە بە پلەی یەکەم ئیمام دێ، لەدوای ئەو نەقیب ئینجا نەجیب، شارەزا بوون لە بنەما و نهێنییەکانی مەزهەبەکەیان پلەوپایەکەیان دیار و دەستنیشان دەکات.

شیعەی نسێری

گرووپێکی تۆندڕەوی شیعەی عەلەوین بەپێی ئەو سەرچاوانەی باسیان دەکات زۆر کەم پابەندی بنەماکانی ئایینی ئیسلامن. لە هەندێ باوەڕ و بۆچوونیاندا ئەوەندە سنووریان بەزاندووە، مرۆڤ سڵ لەوە دەکاتەوە و بۆچوونیاندا ئەوەندە سنووریان بەزاندووە مرۆڤ سڵ لەوە دەکاتەوە قسەکانیان تۆمار بکات، چونکە نەک هەر لەگەڵ بنەمای هیچ ئایینێکدا، بەڵکو لەگەڵ بنەمای ژیر و لۆژیکیشدا نایەتەوە و ناگونجێن.

- بەلایانەوە ئیمامی عەلی نازناوی عەلی مەزن (عەلی و عەزیم)ی هەیە، ئەمەش ناوی خوایە، بۆیە نسێری خۆی بە بەندەی عەلی دادەنێ.

- سەلمانی فارسی خاوەنی حیجابە، واتە ئەو دەرگایەیە کە مرۆڤی پێدا دەچێتە ژووری زانست و دانایی و نهێنییەکان.

- بنەماکانی نسێری نهێنییەکە ،نابێ ئاشکرا بکرێت.

- شەراب پیرۆزە و نسێری دەیخواتەوە، بۆیە داری مێویش پیرۆزە و نابێ ببڕدرێ(۱۸).

- پلەوپایەی ئیمامی عەلەوی لە هی پەیامبەر بەرزتر و پیرۆزترە، چونکە ئیمام ڕاستەوخۆ لەگەڵ خوا قسە دەکات و پەیامبەر بەهۆی جوبراییلەوە (سروش) وەحی بۆ دێت.

- محەمەدی حەسەنی عەسکەری ئیمامی دوازدەمە. بە فەرمانی ڕەببانی لەبەر چاوی خەڵک ون و بزر بووە لە کۆتایی دنیادا (ئاخری زەمان) بە بەهرەی ڕەببانی دەردەکەوێتەوە(۱۹)!

- هەڵوێستیان دەربارەی ژن نارێنی و نالەبارە. لەو باوەڕەدان کە ژن سەرچاوە و بنجوبناوانی بەدکارییە. ژن ئایینی نییە و شەیتان خۆی لە ژن بەولاوە نییە.

شیعەی ئیسماعیلی

- گرووپێکی دیکەی تۆندڕەوە ناوەکەی لە ئیسماعیلی کورِی جەعفەری سادقەوە وەرگیراوە. ئیسماعیل لە باوکییەوە پلەی ئیمامی بۆ بەجێ ماوە، بەڵام لە ژیانی باوکیدا مردووە! ئەو ڕووداوە بەلای لایەنگیرانییەوە ڕاست نەبووە و ئیسماعیل نەمردووە، بەڵکو باوکی لەبەرچاوی خەڵک ونی کردووە، ڕۆژێک لە ڕۆژان دێتەوە و زۆر و جەور و بێ دادی دنیا لادەبات و داد و ئازادی

جێگیر دەکات:

ئەو گـــرووپە لەو باوەڕەدابووە کـــە لە کـــاتێکی دیاریکراودا هیـچی تر سـروش (وەحی) بۆ پەیامبـەری ئیسلام نەهاتووە، ئیتر ئەو پەیام و پەیامبەرییەتییەی بە عـەلی بەخشـیـوە. لەو قسـەیەیاندا پشت بە قسـەیەکی پەیامبەری ئیسلام دەبەستن کە گوتوویەتی:

«من کنت مولاه فعلي مولاه» لەو ڕۆژەوە گوایە عـەلی بووە بە ئیـمـام و جێگای ئەوی گرتۆتەوە. دوای کۆڕانی بە میرات ئەو پلەوپایەیە بۆ حەسەن، ئینجا بۆ حوسەین و بۆ عـەلی کـوڕی حوسـەین و لە دواییـدا بەر مـحـەمـەدی کـوڕی عـەلی کـەوتووە، لەویشـەوە هاتووە بـۆ جەعـفـەری سـادیق و ئەم ئیـمـامـە لە ژیانیـدا بووە کـە ئەو پلەیە بە کوڕەکەی ئیسماعیل بەخشراوە!

– گرووپی ئیـسـمـاعـیلی هەر لە سـەرەتاوە مـوسـڵـمـانە سوننە تـوندڕەوەکانی هەراسان کـردووە و وروژاندوونی، بۆیە هزرمـەند و شـارەزاو زانا مـەزهـەبییـەکانیـان کۆشـاون بە چـەند بەرهـەمـێـک، لەلایەکـەوە تۆمـەتی ناحـەزانیـان بـڕەوێننەوە و پـووچـەڵ بـکـەنـەوە، لـەلایـەکی تـرەوە ڕەنگی جـیـــهـــانـدیدێک بـڕێژیـن کـــە دەکـــرێ چـەند خـــاڵـێکی ناوەرۆکـەکـەی بخـرێنە خـانـەی فـەلسـەفـەوە! ئیـمـامی ئیسماعیلی بێجگە لەوەی هێزی گیانی و دنیایی هەیە، دەسـەڵاتی یاسـا دەرکـردن (بە واتای ئەو سـەردەمـە) و بەڕێوەبەری و جێبـەجێ کردن و هێزی چەکداری هەبووە، هەر کەسێکیش سەرپێچی لە فەرمان و فەرمایشتەکانی بکات، ئایین و دنیای دەچێ! –لە بەرانبەر ئەو تۆمەتەی دراویەتییە پاڵیان. گوایە دەڵێن: گیانی خوا هاتۆتە بەر ئیـمـامـەکـان، ئەمـەش بەشـداربوونە لە خـوایەتیـدا، ئیسماعیلییەکان پێ لەسەر یەکڕەنگی (وەحدانیـەت)ی خوا دادەگرن و کۆشاون لە ڕێگای ناکردنی خەسڵەت و تایبـەتمەندییـەکـانییـەوە ئەو یەکـڕەنگییـە پشت ڕاست بکەنەوە(۲۰) بەو بڕیارەیان لەلایەکەوە تۆمەتی گومڕایی لە خۆیان دەڕەوێننەوە و لەلایەکەی دیکەوە لە بنەمایەکی بنەڕەتی موعـتـەزیلە نزیک دەبنەوە، موعـتـەزیلە بەخۆیان گوتووە: ئەهلی تەوحید.

ئیسماعیلییەکان ناکردنی خەسڵەتەکانی ڕەب بەوە پاساو دەدەنەوە، خەسڵەت جۆرێکە لەناو، ناویش ناوی تایبـەتی شـتـێکە. زۆرجـار مـرۆڤ. ناوی جـیـاواز لە بوونەوەرەکان دەنێ بۆ ئەوەی لە یەکتری جیایان بکاتەوە. بەو پێیە خەڵک وێنەی بوونەوەرەکان دیار و دەستنیشان دەکـات، بەڵام خـوا هیچ بوونەوەرێک لە وێنەی نیـیـە و هیچ شتێک لەو ناچێ (لیس کمثله شيء) ئینجا ئەو نە ڕەگەزە و نە جیـاکـارە و نە جۆرە بە واتای لۆژیکی، بۆیە نە ڕاسـتـە و نە دروسـتـە، نەدەشێ هیچ خـەسـڵـەتێک لە خەسڵەتەکانی بدرێتێ(۲۱).

– ئەو ڕێبـازە تـوندڕەوە هەردوو چەمکی کـات و جێگا لە خـوا بە دوور دەگرێ. هەر بـوونەوەرێک لە جێگادا بێ سنووردارە و بێ کـۆتایی نابێ. خـوا لە هیچ شـتـێکدا سنووردار نیـیـە و لە هەمـوو شـتـێکدا بێ کـۆتاییـە، بۆیە ناکرێ لە جێگادا بێ و جێگای بخـرێتـە پاڵ. بە هەمـان بۆچوون کاتیش هەروایە:

لەکـاتدا پێش و پاش و ناوەڕاست هەیە، بەڵام خـوا خـۆی نە سـەرەتا و نە دەسـتـپـێک و نە کـۆتایی هەیە. کەوابوو لە کاتدا نییە و کات نایگرێتەوە!

– واپێدەچێ ئیـسـمـاعـیلییـەکان شـارەزای فەلسـەفەی فـەیلەسـووفە مـوسـڵـمـانەکـان بووبن و ئاگاداریشـیـان لە ئەفلۆتین هەبووبێ، بۆیە لە جـیـــهـــانـدیدەکـــەیاندا بە پێـچـەوانەوەی تیـوری لەسـەرەوە ڕژانی (فـیـض)ی ئەفلۆتینی قـسـەیان کـردووە. بە باوەڕی ئەفلۆتین ڕەب لەبەر تەواوەتی و کـەمـالـیـیـەکـەی لەسـەرێـەوە ڕژاوە و بەهۆی ئەو لەسـەرەوە ڕژانە، چۆن تـیـشـک لە ئاگـر جـیـا دەبێـتـــەوە بەبێ ئەوەی کـــەم بکات، یان گـــۆڕانی بەسـەردابێت، بە هەمـان شێواز بەو ڕێگایە بوون، جیـهـان پەیدا بووە. بەلای ئیسماعیلییەوە ناکرێ بوون، جیـهـان، مرۆڤ بەهۆی (فیضي) لەلایەن خواوە داهێنرابێ، چونکە ئەوەی بەو ڕێگایە پەیدا بووە، دەبێ لە جـۆر و ڕەگـەزی بنجـوبناوانەکـەی بێ. ئاو کـە لەسـەرچاوە و کـانـیـیـەوە هەڵدەقـوڵـێ، هەر هەمـان سـروشت و ڕەگـەز و بابەتی سەرچاوەکەی خۆی هەیە، بەڵام خوا هیچ شتێک لە جۆر و وێنەی نیـیـە و سـروشـتـی تایبـەتی تاک و تەرایی خـۆی هەیە، بۆیە ناشێ ئەو تیوربیە پەسند بکرێت.

ئەنجام

۱– دوور نارۆین ئەگەر بڵێین مێژووی ئیسلام لەدوای مـردنی پەیامبـەری ئیـسـلامـەوە، بریتی بووە لە مێـژووی شـەڕی براکـوژی نێـوان ئەسـحـابە– برای دینی دوێنێ و دوژمنی ئەمڕۆ! تەنانەت لەچوار خەلیفەی ئیسلام سێیان لەلایەن سەحابەکانەوە بە شمشێر کوژراون! ئەو پرسیـارە ئەوەندە کراوە، گەرموگوڕی خۆی نەماوە: ئایا ئەو شەڕی

براکوژییەی نێوان سەحابەکانی ئیسلام و ئەو سەربڕینەی نەوەکانی ئەهلی بەیت و ئەو خوێن ڕشتنە سنوور بەزێنە لە سروشتی ئایینەکەوە کەوتۆتەوە، یان میللەتی عەرەب هەڵگری پەیامی ئایینی ئیسلام خۆی وابووە؟!

بەپێی سەرچاوەکان ژمارەی ئەو سەحابانەی لە شەڕی براکوژیدا، هەر لە سەردەمی عوسمانەوە تاوەکو حوکمڕانی بەنی ئومەییە و سەردەمی عەبباسی کوژراون، پترە لە ژمارەی ئەو سەحابانەی ئایینی ئیسلامیان لە ئەندەلووسەوە تاوەکو خوارزم و سەمەرقەند بڵاوکردۆتەوە! ئەم دیاردەیە چۆن لێکدەدرێتەوە؟ دەکرێ بگوترێ ئایینی ئیسلام نەیتوانیوە بەپێی پێویست، سروشت و کەسایەتی و دابونەریت و تەبیعەتی مرۆڤی بەدووی عەرەبی (جاران جاهیلی) بگۆڕێ و وای لێ بکات کورد گوتەنی (ڕەحمی خوا لە دڵێدابێ) و دەستی نەچێتە کوشتنی ڕکەبەرانییەوە؟! سەربڕینی حوسەینی کوڕی ئیمامی عەلی و نەوەی پەیامبەری ئیسلام لە کەربەلای (موعەللا!) و بردنی سەرەکەی بۆلای یەزیدی معاویە لە شام بۆ ئەوەی چاوی پێی بکەوێ و دڵی ئاو بخواتەوە و ئارام بێ، ڕێگای پەیدابوون و سەرهەڵدانی گرووپی توندڕەو و هەڵگەڕانەوە و یاخی بوون، ڕەوا دەکات! وتراوە: دوای شەڕە شمشێر (عەبدوڕەحمان مولجەم مورادی) بکوژی عەلی گیراوە، لەبەرچاوی خەڵک بەبێ پەنا بردنە بەر شەرع و بنەماکانی ئایین و دادگا بە شمشێر هەردوو دەست و قاچی بە زیندوویی بڕاوەتەوە، ئینجا سەری لە لاشەی جیاکراوەتەوە! ئایا ئەمە دیاردەیەکە دەشێ لەسەردەمێکدا ڕووبدات، ئایینێک هاتبێ کۆششی جێگیرکردنی دادی ڕەببانی (عەدالەتی ئیلاهی) بکات و خەڵک لە گومڕایی و کوفر و ئیلحاد ڕزگار بکات؟! ئایا دەکرێ بگوترێ هۆکاری ئەو کوشتار و خوێنڕشتنە نەبوونی کولتوور بووە؟ عەرەب ئایینی هەبووە، بەڵام بێ کولتوور بووە، بۆیە ئایینەکە نەیتوانیوە مرۆڤێکی ئاسایی شارستانی لێ دروست بکات؟! فارس پێش ئیسلام کولتوور و ئایینی هەبووە کە کران بە ئیسلام کولتووریان هێنایە نێو ئەو جیهانەی بە عەرەبی تێیدا دەنووسرا!

۲- ئەگەر لەسەردەمی پەیامبەری ئیسلامدا، وەک شیعەکان خۆیان گوتوویانە، کەسانێک هەبووبن لایەنگیری عەلی کوڕی ئەبو تاڵیب بووبن وەک سەلمانی فارسی و ئەبو زەری غەفاری، ئەوە لەگەڵ کوژرانی خەلیفەی چوارەم لە دوای جەنگی بێ وێنەی سەفین، گرووپی شمشێر بەدەست بەناوی شیعەوە دەرکەوتوون، بەڵام دوای سەربڕینی حوسەین لە کەربەلا ئەو گرووپە پتر خۆیان ڕێکوپێک کردووە و ڕێکخراون. بەپێی سەرچاوەکانیش لەسەردەمی جەعفەری سادیقدا شیعە خەتوخاڵی داوە و بووە بە مەزهەبێکی ڕێکوپێکی خاوەن جیهاندیدێکی ڕەنگ بۆ ڕێژراو و مەبەست و ئامانج دیاریکراو.

ئیتر لەو ڕۆژەوە شیعە وەک مەزهەب دامەزراوە، کۆشاون بە ئاشکرا و نهێنی پشت ئەستوور بە لێکدانەوە و شرۆڤەکردن و (تەئویل) کردنی ئایەتی قورئان و حەدیسەوە، ڕەوایەتی داواکارییەکانیان ساغ بکەنەوە، بۆ ئەم مەبەستە ناچاربوون ئەوەندەی بۆیان کرابێ، بێجگە لە بەربەرەکانی چەکدار (تیر و شمشێر بەپێی ئەو سەردەمە) پەنابەرنە بەر تۆێژینەوەی ئازاد کە بەعەرەبی (ئیجتیهاد)ی پێ دەگوترێ!، بەڵام ئەو تۆێژینەوە ئازادە پتر مەبەستی تایبەتی هەبووە و سنووری ئایینەکەی بەزاندووە. مەبەستەکە ڕەوایەتی کردنی مافی بوون بە خەلیفەی عەلی بووە لە بەرانبەر بێ دادی و ناڕەوایەتی هەرسێک خەلیفەکەی تر. ئەو حەدیسانەی هێناویانەتەوە، ئەوانەی سەحیحن، ئەوەیان پشت ڕاست کردۆتەوە کە عەلی پیاوێکی لە خواترسی ڕاستگۆی دادپەروەری ئیماندار بووە. ئایا مرۆڤی ئیماندار چ پێوەندییەکی بە بەڕێوەبردنی کاروباری کۆمەڵگاو دەوڵەتەوە هەیە؟ ئایا مەرجە ئەوەی ئیماندار و بەدین بێ، بەڕێوەبەرێکی سەرکەووتووش بێ؟! سەرچاوەکان باس لەوە دەکەن کە سەحابەی شارەزا و بە ئەزموون داوایان لە عەلی کردووە پەنا بۆ سیاسەت بەرێ و معاویە و کەسانی تر بەشێوەیەکی کاتی ڕازی بکات تاوەکو ڕەوشی خەلافەت جێگیر دەبێ، کەچی ئەو هیچ گوێی نەداوەتە ئەو ئامۆژگارییانەو پشتی بە ئایەت و حەدیس بەستووە! پشت بەستن بە ئایەت و حەدیس بنەمای خواپەرستییە، نەک بەڕێوەبردنی کاروباری ژیانی ڕۆژانەی خەڵک و کۆمەڵگا. ئەو کەسانەی تۆمەتی داونەتە پاڵ و ویستوویەتی لایان بەرێ و پلەوپایەکانیان لێ بستێنێتەوە کەسانی وا سووک و ئاسان نەبوون، دەست لە دەسکەوتەکانیان هەڵبگرن و بێ دەنگ بن. ئیمامی عەلی پیاوی بەڕێوەبردنی کاروباری دنیا نەبووە. ئەو پێنج ساڵەی (مانگێک کەمتر) خەلیفە بووە بە دەگمەن

هەبووە لەنێو موسڵمانانداو شەڕ هەڵنەگیرسێ و عەلی تێوەی نەگلێ.

٣- هۆکاری دروست بوونی شیعە بە پلەی یەکەم سیاسی بووە، ئینجا بەدوایدا هۆکاری ئایینی دێت. هۆکارە سیاسییەکە بریتییە لەوەی چ کەس مافی ئەوەی هەیە ببێ بە خەلیفەی پەیامبەری ئیسلام؟! ئەو مەرجانە کامانەن کە دەبنە مایەی ڕەوایەتی بوون بە خەلیفە؟! ئایا تێکستە ئایینییەکان ئەو بڕیارە دەدەن، یان نزیکی لە پەیامبەری ئیسلامەوە، یان تەمەن و ئەزموون و تاقیکردنەوە و شارەزایی لە ژیانی ڕۆژانەی خەڵک و کۆمەڵگا و بەڕێوەبردنی کاروباری دەوڵەت ئەو کێشەیە یەکلایی دەکاتەوە؟!

بەڵای شیعەوە عەلی کوڕی ئەبو تاڵیب دەبوو ببێ بە یەکەم خەلیفە، بەڵام ئەو مافەی لێ زەوت کراوە، ئینجا دوور ناڕۆین ئەگەر بڵێین کوژرانی خەلیفەی چوارەم عەلی ڕووداوێک بووە لەو ڕووداوانەی بە تەواوەتی دنیای ئیسلامی هەژاندووە و پەرت و بڵاوکردووە، بگرە بۆتە مایەی دووبەرەکی لەنێوان برایانی ئایینیدا کە تاوەکو ئەمڕۆش ئەنجامە فرەڕەهەندەکانی کارایی خۆیانیان لەدەست نەداوە.

ڕاستە عەلی پیاوێکی ئیماندار و ئازابووە، باوەڕی بە یەکسانی موسڵمانەکان هەبووە، ئیتر ئەو موسڵمانە عەرەب بێ، یان نا. ئەوی لێرەدا دەگوترێ ئەو سروشت و تایبەتمەندییەی عەلی لە شارەزایی و تاقیکردنەوە و لێزانی ژیانی ڕۆژانەوە سەرچاوەی نەگرتووە، بەڵکو هۆکارەکەی چەند ئایەتێکی قورئان و حەدیس بوون کە ئەوکاتە و لەو سەردەمەشدا سنووری تیوریان نەبەزاندووە! بڕوا بوون بە دروشمێک کە پتر سروشتی تیوری هەیە و جێبەجێ کردنی لە ژیانی ڕۆژانەدا دوو شتی لە یەکتری جیاوازن و لایەنی دووەمیان هەلومەرج و ڕەوشی دیاریکراو و ئامادەیی دەوروبەری گەرەکە، لە سیاسەتدا بە هەلومەرجی خۆیی و بابەتی ناودەبرێ، ئەو هەلومەرجە بابەتییەیە لایەنی خۆیی- تیوری ڕەوا دەکات و دەستەبەری سەرکەوتنی دەبێ.

٤- ئەوەندەی بابەتەکە پێوەندی بە ڕەهەندەکانی زانستی کەلامەوە هەیە تۆژینەوەی ئازاد و دەست پێشخەری ڕابەرانی شیعە چەند خاڵێکیان تۆمار کردووە سەرنج ڕادەکێشن و جێگای بایەخ پێدانن:

- خەلیفە بوو بە ئیمام، ئیمامەتیش پشتاوپشت وەک میرات لە باوکەوە بۆ کوڕ بەجێ دەمێنێ، تەنیا نەوەکانی پەیامبەری ئیسلام کە (ئەهلی بەیتن) مافی ئیمامەتییان هەیە! ئەوەش بە دەنگدان (بەیعە) نابێ، بەڵکو بە دانان دەبێ. ئەگەر شیعەکان ڕەخنە لە جۆر و شێوازی هەڵبژاردنی ئەبوبەکر و عومەر بگرن، ئەوەنگاوەی خۆیان هەڵیان گرتووە بەهیچ جۆرێک بەرەو پێش چوون نییە، بەڵکو گەڕانەوەیە بۆ دواوە! تاقیکردنەوە بەپێزەکانی ژیان، ساغیان کردۆتەوە هەموو شتێک بە میرات لە باوکەوە بۆ کوڕ بمێنێتەوە هیچ کاتێک لێهاتوویی و توانایی بەڕێوەبردن و حوکمڕانی کردن بە میرات ناگیرێ و بەدەگمەن نەبێ کوڕ لە کاروباری سیاسەت و بەڕێوەبردندا نەچۆتەوە سەر باوکی! ئەگەرچی معاویە نموونەیەکی بەد و بەدکارە، بەڵام خۆی سیاسییەکی شارەزاو فێڵبازێکی بێ وێنە بووە، کەچی یەزیدی کوڕی بە سەرخۆشی چووە بۆ مزگەوت و نوێژی کردووە! دەکرێ ئەو بۆچوونەی شیعە بەوە پاساو بدرێ کە کەسوکاری پەیامبەری ئیسلام لەلایەن بەنی ئومەییە و عەباسییەکانەوە زوڵم و ناحەقییەکی لە ڕادەبەدەریان بەرانبەر کراوە و دەست لە کوشتن و بڕین و سەربڕینیان نەپاریزراوە، بۆیە دەکرێ ئەو کاردانەوەی شیعەکان تاڕادەیەک تێبگەیشترێ! پێمان وایە ئەگەر عەلی و نەوەکانی پەیامبەری ئیسلام بەو مەرەیە نەچووبانایە، شیعەش ئەو قسەیەیان نەدەکرد! بەو پێیە ڕەوش و هەلومەرجی میژوویی پەرەسەندن و گۆڕانی میژووی ئیسلام نەک بنەمای ئایین و شەرع، هۆکاری ئەو جیهاندیدەی شیعە بوون. قورئان و حەدیس و پەیامبەری ئیسلام بنەمایەکی ڕوون و ئاشکرای هەڵبژاردن و دانانی خەلیفە، ئیمامێکی دوای کۆچی دوایی پێغەمبەریان دانانەوە. ڕاستە گوتراوە (أمرهم شوری بینهم) ئەم ڕستەیە لە دروشمێکی گشتی بەولاوە نییە، نە بنەما، نە شێواز نە پێودانگی ئەو شورایە ڕوون نەکراوەتەوە، تاوەکو سەردەمی عەببابسییەکانیش هزرمەند و زانایانی ئایین و فیقە و سیاسەتمەداران هیچ جۆرە بنەما و تەکنیکێکی حوکمڕانی کردنیان دانەناوە و ڕەنگ نەڕشتووە. هێنانی ئایەتی قورئان و حەدیس پێویستیان بە وردەکارییەک هەیە کە لەگەڵ هەلومەرجی ڕۆژانەدا بگونجێ کە بێ پسانەوە گۆڕان و وەرچەرخان بەخۆیەوە دەبینێ، دروشمی گشتی تەنیا هەر چوار چێوەیەکە وردەکاری جێبەجێ کردنی شتێکی تێرە و لە ژیانی ڕۆژانەدا ڕەوایەتی و کارایی و توانایی جێبەجێ کردنی

پێدەبەخشێ.

- خاڵێکی تری سەرنجڕاکێش ئەوەیە، ئیمامی عەلی نموونەی مرۆڤی ئیماندار و ڕاستگۆیی بووە، لە ژیانیدا خاڵێکی لەسەر تۆمار نەکراوە کە بە قسە شتێکی گوتبێ و بە کردەوە شتێکی دیکەی کردبێ، کەچی شیعەکان بنەمای (تەقییە)یان ڕەوا کردووە! ئەمە چۆن لێکدەدرێتەوە! تا چەند لەگەڵ بڕوا بوون بە ئیمامەتی عەلی دێتەوە؟!

- ئەگەر لەلای سوننە بە تایبەتی و لە ئیسلامدا بنەماکان (ڕوکنی) ئایین پێنج بێت، شیعە دوو بنەمای تری خستۆتە سەر و بەوپەڕی توانایییەوە پێ لەسەر جێبەجێ کردنیان دادەگرێ:

یەکەم: گوێڕایەڵی ئیمام و ولایەتی فەقیە، بەلایانەوە لە نوێژ و ڕۆژی کەمتر نییە و ئەوی لەو گوێڕایەڵییە (ئیتاعەت کردنە) پاشگەز بێتەوە، بنەمایەکی گرینگی ئایین و مەزهەبەکەی لە دەست دەدات. لەو خاڵەوە خاڵی دووەم دەکەوێتەوە کە بریتییە لە:

دووەم: بێ بەری بوون و حاشاکردن لە گومڕاو ئەوانەی شەریک و هاوبەش بۆ خوا پەیدا دەکەن و ئەوانەی دوژمنایەتی ئیمامی ئومەت(٢٣) دەکەن. ئەو بنەمایە بە عەرەبی پێی دەگوترێ «البراءة من المشرکین». ئەو پرسیارەی لێرە دەکرێ: مەبەست لە گوێڕایەڵی کردنی ئێمە چییە؟ چۆن دەستەبەری دادپەروەری ئیمام دەکرێ؟ کە دەگوترێ (مشرکین) مەبەست لە چ کەسە؟ ئەوانەی دژی ئیمامی شیعەکانن، یان کەسانی تر مەبەستە؟ ئەو پرسیارانە بە هەر لایەکدا وەڵام بدرێنەوە، جیهاندیدی شیعە، میانڕەو و تووندڕەو بەهیچ بنەمایەکی ژیر و لۆژیک لێک نادرێنەوە و بە هیچ جۆرێک ڕەوا ناکرێن و لەگەڵ بنەما سەرەکییەکانی ژیانی ڕۆژانەدا نایەنەوە! دەبێ یادکردنەوەی بەدکارییەک پتر لە هەزار ساڵ پێش ئەمڕۆ لە کەربەلا قەومابێ، چ سوودێک بە کولتوور و ژیانی مرۆڤ و کۆمەڵگا بگەیەنێ؟ چ بارێک لەسەر شانی مرۆڤی ماندووی سەردەم سووک دەکات؟

سەرچاوە و پەراوێز:

١- دکتور أحمد محمود صبحي: في علم الكلام. دارالنهضة العربية. ج٢، ط٣، بيروت ١٩٩١. ص٢٦ وفي اماكن مختلفه.

٢- د. احمد محمود صبحي: سەرچاوەی پێشوو. ل٢٧ و لە چەند شوێنێکی تردا.

٣- ابن خلدون: المقدمة. دارالشرق العربي بيروت ٢٠٠٤، ص٣١٤.

٤- ئەو قسەیە لەو کتێبەدا هاتووە:

د. عامر النجار، في مذاهب الاسلاميين، التراث، الهيئة المصرية العامة للكتاب ٢٠٠٥، ص٢٤ فما بعد.

٥- الشهرستاني: الملل والنحل، دارالكتب العلمية بيروت ٢٠٠٧، ج١، ص١٤٤، فما بعد وفي اماكن اخرى أيضا.

٦- المسعودي: مروج الذهب، دار المعرفة، بيروت ٢٠٠٥، ج١-ل٢، ص٢٩٦-٢٩٧.

٧- إبن خلدون: المصدر السابق، ص١٩٠-١٩١ وفي اماكن مختلفة.

٨- إبن خلدون: المصدر نفسه، ص٢١٠.

٩- الشهرستاني: الملل والنحل. ص١٤٤-١٤٥.

١٠- الدكتور فيصل بدير عون: علم الكلام و مدارسه، مكتبة الأنجلو المصرية، القاهرة- ٢٠١٠، ص١٢١. فما بعد.

١١- الدكتور فيصل بدير عون: نفس المصدر. ص١٢٢.

١٢- ابن خلدون: المقدمة. ص١٨٦.

١٣- سعد رستم: الفرق والمذاهب الاسلامية. دارالأوائل. دمشق: ٢٠٠٨، ص٢١٠.

١٤- أ.د. علي سامي النشار: نشأة الفكر الفلسفي في الاسلام: نشأة التشيع وتطوره. ج٢، دارالسلام القاهرة-٢٠٠٨، ص٨٠٠.

١٥- ابن خلدون: المقدمة، ص١٨٤.

١٦- أ.د. علي سامي النشار: المصدر نفسه ص٧٣٤ وفي أماكن أخرى.

١٧- الشهرستاني: المصدر السابق. ص١٩٢-١٩٣.

١٨- د. عبدالرحمن بدوي: مذاهب الاسلامين. دارالعلم للملايين بيروت ٢٠٠٥، ص١١٨٨.

١٩- د. محمد سالم إقدير: العقائد الفلسفية المشتركة بين الفرق الباطنية، مكتبة مدبولي. القاهرة- ٢٠٠٦، ص٢٠١.

٢٠- د. عبدالرحمن بدوي: مذاهب السلاميين: المصدر نفسه. ص٩٦٣.

٢١- د. فيصل بديرعون: المصدر نفسه. ص١٠٢ فما بعد.

٢٢- د. عبدالرحمن بدوي: المصدر السابق، ص٩٧٦ فما بعد.

٢٣- إغناتس غولدتسيهر: العقيدة والشريعة في الاسلام. ترجمة: محمد يوسف موسى. دارالجمل. بيروت ٢٠٠٩، ص٢٦٥ فما بعد.

بیرەوەرییەکانی کاروانی ژیانم

کەریم شارەزا

من و خولە پەروەردەییەکانی بەڕێوەبەرایەتی گشتیی پەروەردەی پارێزگای هەولێر

ئەگەر بۆ دوای ڕاگەیاندنی ڕێککەوتنە مێژوویییەکەی ١١ی ئاداری ساڵی ١٩٧٠ی نێوان سەرکردایەتی شۆڕشی ئەیلوول و حکوومەتی بەغدا بگەڕێمەوە، دەبینین لە ڕووی دڵسۆزییەوە بۆ زمانی کوردی بەڕێوەبەرایەتی گشتیی پەروەردەی پارێزگای هەولێر لە پاییزی ئەو ساڵەوە زنجیرەیەک خولی پەروەردەیی بۆ بەهێزکردنی بنچینەی گوتنەوەی زمانی کوردی لە قوتابخانەکانی سەرەتایی و خوێندنگاکانی ناوەندی و ئامادەیی لە کوردستاندا کردەوە. من وەک وانەبێژێکی سەرەکی بەشداریم تێدا کردن و گەلێ مامۆستای دەرچووی خانەی مامۆستایان و دەورەی دیمان لەسەر بنچینەکانی گوتنەوەی ڕێزمان و لەبەرکردن و دارشتن و ڕێنووسی کوردی لە قوتابخانەکاندا ڕاهێنا و بەشداربووەکان سوودێکی باشیان لێ وەرگرتم و کارەکەم هەر لە سنووری خوێندنی سەرەتایی نەبوو، بەڵکو لە ساڵانی ١٩٧٩ و ١٩٨٠دا دوو خولی بەهێزکردنی زمانی کوردی لە هەولێر و خولێکیش لە پارێزگای دهۆک بۆ مامۆستایانی ناوەندی و ئامادەیی سازکرا کە خاوەنی بڕوانامەی بەکالۆریۆس بوون و من و چەند دکتۆرێکی زانکۆی سلێمانی ئەم ئەرکەمان بەجێ گەیاند و من ئەو بابەتانەی پێم دەگوتن، دەمکردن بە نامیلکەیەک و بەسەر بەشداربووانم دابەش دەکرد و ئەو جۆرە بابەتانەم بە بەشداربووان دەکرد کە لەناو پۆلدا بە کەڵکیان دەهات و توانیم سوودیان پێ بگەیەنم، کەچی مامۆستا دکتۆرەکان هەر بەزار زانیارییان پێدەدان.

لە کۆتایی هەر خولێک، یەکەی ڕاهێنان فۆڕمی

هەڵسەنگاندنی بەسەر بەشداربووواندا دابەش دەکرد و تێیدا نووسرابوو لەو مامۆستا وانەبێژانە سوودتان لە کامیان پتر وەرگرتووە؟

زۆربەی زۆری بەشداربووان دەیاننووسی سوودمان لە مامۆستا کەریم شارەزا وەرگرتووە، چونکە هەم نامیلکەم پێدەدان و هەم بە جوانیش ئەو زانیارییانەی پێویست بە مامۆستاکان بوون لە کاتی وانە گوتنەوەیان لەناو پۆلدا پێدەدان و بۆ دەرکەوتنی ئەم ڕاستییەش ئێستاکەش لە (یەکەی ڕاهێنان)ی سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتیی پەروەردەی هەولێر، ئەو فۆڕمانەی هەڵسەنگاندنی خولەکان و وانەبێژەکان پارێزراون.

من و خولەکانی فەرمانبەرانی دەزگا حکومییەکان بۆ فێربوونی نامەی فەرمی نووسین بە زمانی کوردی

لە دوای خانەنشین بوونم لە تەمووزی ١٩٨٢دا بۆ ساڵی ١٩٨٥ ئەمینداریێتی گشتیی پەروەردەی ئۆتۆنۆمی کوردستان، چەند خولێکی یەک لەدوای یەکی لە هەولێر کردەوە بۆ فەرمانبەرانی ئەمینداریێتی گشتییەکان تاکو شێوەی نووسینی نامەی فەرمی بە زمانی کوردی فێربن، ئەمەش بەپێی بەندێک بوو لە ڕێککەوتننامەی ١١ی ئادار و دوای شەڕ دەست پێکردنەوەش، حکوومەت خۆی هەڵدەکێشا کە بە تەنگ مافی نەتەوەیی کوردەوەیە و دەیەوێ نامەی فەرمی نووسین لەنێو دەزگاکانی حکوومەت لە کوردستاندا بە کوردی بێت. منیان کرد بە تاکە وانەبێژ لەو چەند خولەی کە لە هاوینی ١٩٨٥دا لە بارەگای بەڕێوەبەرایەتی یەکەی ڕاهێنان لە هەولێر سازدرا، لە هەر دەزگایەک چەند فەرمانبەرێک ناردران بۆ بەشداری کردن لەو خولانە. منیش هەستام نامیلکەیەکم بۆ ئامادەکردن کە بریتی بوو لە پێشەکی و تایبەتمەندییەکانی ڕێنووسی زمانی کوردی لەگەڵ فەرهەنگۆکێکی ١٢٠٠ وشەیی کە هەر وشەیەکی عەرەبی کە لە نامەی فەرمی بەکاردێ بەرانبەرەکەی وشە کوردییەکەم نووسی و دوای ئەوەش دە پازدە نموونەی نامەی فەرمی نووسینم بە کوردی بە ڕێکوپێکی لە نامیلکەکەدا بڵاوکردەوە. لە ئەنجامدا فەرمانبەرەکان چ پیاو و چ ئافرەت سوودیان لە خولەکان وەرگرت و هەر کامێکیان لە تاقیکردنەوەی کۆتایی خولەکان پلەی بەرزیان بەدەست هێنا با، ئەوە لە دەزگاکەی خۆیدا وەک دیاری کاتژمێرێکی گرانبەهایان پێشکەش دەکرد.

لە ساڵی ١٩٨٦یشدا، یەکەی ڕاهێنان یەک خولی دیکەی بۆ فەرمانبەران کردەوە، دیسان هەر من تاکە وانەبێژ بووم و بەشداربووان سوودیان لێ وەرگرتم و فێری نامەی فەرمی نووسین بوون بە زمانی کوردی، کەچی دوای ئەو هەموو ئەرک و ماندووبوونە، حکوومەتی ئۆتۆنۆمی کوردستان زمانی نامەنووسی فەرمی نێوان دەزگاکانی نەکردە کوردی و هەر بە عەرەبی هێشتییەوە!!

بەشداری کردنم لە دانان و وەرگێڕانی چەند کتێبێکی قۆناغەکانی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەییدا

لەدوای ڕێککەوتننامەی ١١ی ئادار ١٩٧٠دا بەڕێوەبەرایەتی گشتیی خوێندنی کوردی لە بەغدا کەوتە خۆی بۆ وەرگێڕان و ئامادەکردنی کتێبەکانی بەرنامەی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی بە زمانی کوردی و من بەشداریم لە وەرگێڕانی ئەم کتێبانەدا کرد:

١- پەروەردەی نیشتمانی و کۆمەڵایەتی بۆ پۆلی پێنجەمی سەرەتایی: وەرگێڕانی خوالێخۆشبوو مەجید ئاسنگەر و کەریم شارەزا و خوالێخۆشبوو مەسعوود عەبدولقادر و عەبدولکەریم دەوڵەت، لە ساڵی ١٩٧١دا لە بەغدا چاپ کرا.

٢- سەرەتای جوگرافیای گشتی بۆ پۆلی یەکەمی ناوەندی- وەرگێڕانی خوالێخۆشبوو سادق بەهائەدین و کەریم شارەزا و کەمال غەمبار و خوالێخۆشبوو حەیدەر هەمزە لە ساڵی ١٩٧١دا لە بەغدا چاپ کرا.

٣- سێ کتێبی (سەرەتای زمانی کوردی) بۆ پۆلەکانی یەکەم و دووەم و سێیەمی ناوەندیی قوتابخانە عەرەبییەکانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی کوردستانمان لەلایەن من (کەریم شارەزا) و مامۆستایان شێرکۆ ئەحمەد حەویز و فەیسەڵ مستەفا حاجی و خوالێخۆشبوو عومەر شێخەڵلا عەلی دانران و لە ساڵی ١٩٨٨دا بە چاپ گەیەنران.

٤- سێ کتێبی قۆناغی ناوەندی و ئامادەیی وەک بیرکاری (جەبر) بۆ پۆلی دووەمی ناوەندیی و چاپی پەرە پێدراو و سێگۆشەکاریی و ئامار بۆ پۆلی چوارەمی ئامادەیی و کتێبی ئەندازەیی پەرەپێدراو بۆ پۆلی دووەمی ناوەندی لەلایەن مامۆستایان خالص جەواد و خەسرەو عەبدولکەریم و گاوان ڕەشید موفتی و خالید عومەر سەعید و من (کەریم شارەزا) وەک ئەندامی زمانەوانی

بۆ دارشتنەوەی بابەتەکان بە زمانێکی کوردی ڕەوان، کران بە کوردی و لە ساڵی ١٩٨٨دابە چاپ گەیەنران.

بەشداری کردنم لە لیژنەی دانانی بەرنامەی کتێبی زمانی کوردی بۆ قوتابخانە عەرەبییەکانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی کوردستان

بەڕێوەبەرایەتی گشتیی خوێندنی کوردی لە بەغدا لە ساڵی ١٩٨١دا، لیژنەیەکی لە مامۆستای شارەزای زمانی کوردی لە پارێزگاکانی سلێمانی و هەولێر پێکهێنا و لە ١٩٨١/٧/٢٠ لە دیوانی ئەو بەڕێوەبەرایەتییە گشتییە لە بەغدا دەستیان بە کۆبوونەوەکانیان کرد و لیژنەکەش بریتی بوو لەم زاتانەی خوارەوە کە بەسەرپەرشتیی خوالێخۆشبوو مامۆستا عەبدوڵڵا شالّی، بەڕێوەبەری گشتی بوو:

١- مامۆستا محەمەد ڕەشید مەحموود سەعید: سەرپەرشتیاری یەکەم/ سلێمانی

٢- مامۆستا بەهجەت سەعید کابان: سەرپەرشتیار/ سلێمانی

٣- مامۆستا محەمەد سالّح سەعید: سەرپەرشتیار/ سلێمانی

٤- مامۆستا کەریم مستەفا شارەزا: بەڕێوەبەری قوتابخانەی هەڵگورد/ هەولێر

٥- مامۆستا عەزیز عەبدوڵڵا گەردی: مامۆستای قوتابخانەی زەهاوی/ هەولێر

٦- مامۆستا دلاوەر حەویز محەمەد: مامۆستای ئامادەیی.

توانیمان لە چەند کۆبوونەوەدا بەرنامەکانی کتێبە کوردییەکان بۆ پۆلەکانی هەر لە چوارەمی سەرەتاییەوە تا دەگاتە شەشەمی ئامادەیی دابنێین، دواتر کتێبی تایبەتییان لەسەر دابنرێ و وابوو وەک لەمەوبەر باسم کرد، کتێبە کوردییەکانی پۆلەکانی یەکەم و دووەم و سێیەمی قۆناغی ناوەندیی بە لیژنەیەکی مامۆستایانی هەولێر بە سەرۆکایەتی من سپێردرا و لە ماوەی چەند هەفتەیەک کارەکەمان بەڕێکوپێکی سازدا و دەسنووسەکان بە خەتی من بوون، ناردران بۆ بەڕێوەبەرایەتی گشتیی خوێندنی کوردی و لە ساڵی ١٩٨٨دا چاپ کران و دابەش کران.

سیمینارێکی ئەدەبی بەراوردکاری

لە بەهاری ساڵی ١٩٨٦دا وەزارەتی ڕۆشنبیریی عیراق بەهاوکاریی زانکۆی سەلاحەددین- کۆلێژی ئەدەبیات سیمینارێکی لەسەر ئەدەبی بەراوردکاریی لە هەولێر سازدا و گەلێک لێکۆڵینەوە لەلایەن شارەزایانی ئەو جۆرە ئەدەبە لەمامۆستاکانی زانکۆی بەغدا و چەند نووسەرێکی کورد بەشداریان تێدا کرد، لەوانە من و مامۆستا ڕەئووف عوسمان لێکۆڵینەوەی خۆمان بەزمانی عەرەبی پێشکەش کرد و لێکۆڵینەوەکەی من بەناوونیشانی (باکورة الادب المقارن التطبیقي بین الادبین العربي و الکوردي) واتە (سەرەتایەک بۆ ئەدەبی بەراوردکاریی لەنێوان ئەدەبی عەرەبی و ئەدەبی کوردی). گەلێک وتوێژی لەسەر کرا و لەدواییدا گۆڤاری کاروان لە کتێبێکدا بەناوی (مختارات من الادب الکوردي) واتە: هەڵبژاردەیەک لە ئەدەبی کوردی)دا و لە ئامادەکردن و پێشەکی بۆ نووسینی مامۆستا حوسێن عارف کە سەرنووسەری کاروان بوو و لە پاییزی ئەو ساڵەی ١٩٨٦دا چاپخانەی ڕۆشنبیریی لە هەولێر بەچاپ گەیشت.

سیمینارێک لەسەر ئەدەبی فۆلکلۆری لە بەغدا

هەروەک لە ئەڵقەیەکی پێشوو ئاماژەم پێکرد، لە سەرەتای هاوینی ساڵی ١٩٨٩دا وەزارەتی ڕۆشنبیریی عیراق بەهاوکاری لەگەڵ ئەمیندارێتی ڕۆشنبیری و لاوانی کوردستان سیمینارێکی لە شاری بەغدا لەسەر ئەدەبی فۆلکلۆری عەرەبی و کوردی سازدا و شاندێکی فۆلکلۆرناسانی کورد کە لیژنەی فۆلکلۆری کوردییان پێکهێنابوو بەرەو بەغدا چوون کە بریتی بوو لە:

١- مەولوود قادر بێخاڵی: سەرۆکی لیژنە
٢- عەزیز ڕەشید حەریری: سکرتێری لیژنە
٣- تارق محەمەد سەعید جامباز: ئەندام
٤- عومەر ئیبراهیم عەزیز: ئەندام
٥- ئەسعەد عەدۆ ڕەسوڵ: ئەندام
٦- مەحموود عەبدوڵڵا زامدار: ئەندام
٧- داود محەمەد شڕۆڵ: ئەندام
٨- چەتۆ حەسەن عەزیز: ئەندامی پێوەندی نێوانی بەڕێوەبەرایەتی ڕۆشنبیریی جەماوەر و لیژنەی فۆلکلۆر.

من و خوالێخۆشبوو دکتۆر نافیع ئاکرەیی و خاتوو

(سەرفیراز نەقشبەندی)ش سەرو لێکۆڵینەوەیەکی فراوانمان لەسەر ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی پێشکەش کرد، بابەتەکەی من بەناوونیشانی (حکایة الحیوان الشارحة في الادب الفولكوري الكوردي) واتە (حیکایەتی ڕاڤەکەری گیانداران لە ئەدەبی فۆلکلۆری کوردیدا) بووە.

دانیشتنێکی سەرلەبەیانی تاکو نیوەڕۆی ڕۆژی یەکەم بۆ ئەوەی فۆلکلۆری کوردی تەرخان کرابوو، بابەتەکەی من وتووێژێکی تێروتەسەلی لەلایەن ئامادەبووانی پسپۆڕ لە فۆلکلۆر لەسەر کراو بابەتەکانی خوالێخۆشبوو دکتۆر نافیع و خاتوو سەرفیرازیش سەرنجڕاکێش و پتەو بوون.

بۆ سەرەتای ساڵی ١٩٩٠ ئەم سێ لێکۆڵینەوەیەی لەو سیمیناره فراوانەی بەغدا پێشکەش کران، ئەمیندارێتی ڕۆشنبیریی و لاوانی کوردستان وەک بلاوکراوەیەکی گۆڤاری کاروان، لەلایەن لیژنەی فۆلکلۆر و سەرپەرشتی بەڕێزان: مەولوود قادر بێخاڵی و تاریق محەمەد سەعید جامباز و عەزیز ڕەشید حەریری چاپ و بلاوکرایەوە.

وانە گوتنەوەم لە کۆلێژی ئەدەبیاتی زانکۆی سەلاحەددین- بەشی کوردی

لەنیوەی ساڵی خوێندنی ١٩٨٧-١٩٨٨، دوای وازهێنانی مامۆستا عەزیز گەردی لەوانە گوتنەوە لە بەشی کوردی کۆلێژی ئەدەبیاتی سەر بە زانکۆی سەلاحەددین، سەرۆکی بەش داوای لەمن کرد بچم لە شوێنی ئەو وانەکانی ئەدەبی بەراوردکاری لە قۆناغی سێیەم و ڕەخنەی ئەدەبی لە قۆناغی چوارەم بڵێمەوە. منیش توانیم پشت بەسەرچاوەی بەنرخ لەنیوەی ساڵەوە تاکو کۆتایی ئەو ساڵە ئەو ئەرکە گرانە بگرمە ئەستۆ و خوێندکارەکان سوودم لێ وەربگرن، سەرۆکی ئەو بەشە خوالێخۆشبوو پرۆفیسۆر دکتۆر حەمەی مارف بوو، زۆر ڕای لێم بوو، لە قۆناغی سێیەم لەوانەی ئەدەبی بەراوردکاری خوێندکاری زیرەک و وریام هەبوو لەوانە عەبدوڵڵا خدر مەولوود و کەرخی نەجمەدین ئالتی بەرماغ و خاتوو ڕەمزیە سابیر و چەندانی تر بوون.

خوێندکارانی قۆناغی چوارەم عەرەب بوون و پێیان دەگوترا (ئەوانەی بەزمانی کوردی نادوێن) زۆر خۆم ماندوو دەکرد تاکو بە کوردییەکی ڕەوان و جار بەجاریش بە عەرەبی تێم دەگەیاندن. لە تاقیکردنەوەی کۆتایی ساڵدا زۆربەیان دەرچوون، بەڵام هیچ کامێکیان لە ئاستی خوێندکارێکی کوردیدا نەبوون، چونکە بەڵای ئەوانەوە زمانێکی بێگانە بوو.

چەند مامۆستایەکی برادەریشم لەو بەشە کوردییەی کۆلێژەکە وانەیان دەگوتەوە وەک مامۆستایان حەمەکەریم ڕەمەزان هەورامی وانەی سایکۆلۆژی دەگوتەوە (حەسەن جاف)یش ڕێزمانی کوردی لە قۆناغەکانی بەشەکەدا پێشکەش دەکرد.

من و چەند موحازەرەیەکم لە کۆلێژەکانی پەروەردە و ئەدەبیاتی زانکۆی سەلاحەددین

لە دوای ڕاپەڕینە مێژوویییەکەی بەهاری ١٩٩١ی کوردستان و دامەزراندنی دەزگا حکوومییەکانی هەرێمی کوردستانی ئازادا، کۆلێژەکانی پەروەردە و ئەدەبیاتی زانکۆی سەلاحەددین داوایان لێکردم چەند لێکۆڵینەوەیەکی ئەدەبی پێشکەش بە خوێندکاران بکەم، منیش ئەم بابەتانەی خوارەوەم لە چەند ڕۆژێکدا پێشکەش کرد و وتووێژێکی زۆریان لەسەرکرا و ڕاگرەکانی دوو کۆلێژەکە ڕێزیان لێنام.

١- حاجی قادری کۆیی و نەخشەکێشانی بۆکیانی سیاسی کورد لە شیعرەکانیدا.

٢- وێنەی شیعریی لە هۆنراوەی شاعیرە هاوچەرخەکانی کورددا.

٣- دەربڕینی ئەفسانەیی لە هۆنراوەی کوردیدا.

٤- ئەزموونی ئەدەبی و مامۆستایی و ڕۆژنامەنووسیم لە ساڵی (١٩٥٢)ـەوە، تاکو ڕاپەڕینی ١٩٩١.

شکاندنی بەستەڵەکی نێوان دوو ئیدارەییەکەی هەرێمی کوردستان

لە ئەنجامی شەڕی براکوژی، هەرێمی کوردستان بووە دوو پارچە لە هەولێر حکوومەتێ هەبوو، لە سلێمانیش حکوومەتێکی تر دامەزرا. دوای چەندان کۆبوونەوە لەنێوان نوێنەرانی هەردوولا چ لە کوردستان و چ لە دەرەوە بۆ ساڵی ١٩٩٨ باری سیاسی نێوانیان کەمێک خاوبووەوە و هەردوو ئیدارەکە بڕیاریان دا لە یاد ی١٨٩٨/٤/٢٢ی ڕۆژی ڕۆژنامەنووسیی کوردیدا، لە سلێمانییەوە چوار موحازیر بێنە هەولێر و لە یادی سەد ساڵەی دەرچوونی ڕۆژنامەی کوردستان بە زمانی کوردی لە قاهیرە، لە ڕۆژی ١٩٩٨/٤/٢٢دا سەرو

لێکۆڵینەوەیەک لەسەر ڕۆژنامەنووسیی کوردی پێشکەش بکەن و لە هەولێریشەوە چوار موحازیر بچنە سلێمانی و لێکۆڵینەوەی شیاو لەسەر ڕۆژنامەنووسیی کوردی پێشکەش بە جەماوەری ڕۆژنامەنووس و ڕۆشنبیرانی ئەو شارە زیندووە بکەن. لە هەولێرەوە ئەم چوار موحازیرە هەڵبژێردراین تاکو بچین ئەو کارە ئەنجام بدەیت و بریتی بووین لە مانەی خوارەوە:

١- د. شوکریە ڕەسوڵ.
٢- د. فەرهاد پیرباڵ.
٣- د. عەبدولفەتاح عەلی یەحیا.
٤- کەریم شارەزا.

بابەتەکەی من بەناوونیشانی [ڕۆژنامەگەریی کوردی لەسەردەمی پاشایەتی عیراق] بوو. سەر لە ئێوارەی ڕۆژی ١٩٩٨/٤/٢٢دا پێشکەشم کرد و وتوویژێکی زۆری لەلایەن ئامادەبووانەوە لەسەر کراو جەماوەرێکی زۆر لە ڕۆژنامەنووس و ڕۆشنبیران ئامادەی کۆڕەکە بوون.

ڕووخاندنی ڕژێمی بەعسی فاشی

ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لەسەردەمی سەرۆکایەتی (جۆرج دەبلیو بۆش)دا لە پاش کارەساتەکەی تەقاندنەوەی مەڵبەندی بازرگانی لە نیویۆرک بە فڕۆکە لەلایەن خۆکوژێکی سەر بە قاعیدە لەگەڵ تەقاندنەوەی پنتاگۆن و یەکێکی دیکەش لەنزیک کۆشکی سپی لە شاری واشنتۆن لە ڕۆژی ١١/ سێپتەمبەر/ ٢٠٠١دا، بیر لەوە کرایەوە شەڕ لە دژی تیرۆرستان بخرێتە ئەو وڵاتەی کە لێیەوە دێن کە مەڵبەندەکەیان لە ئەفغانستانی تالیبان و کۆمەڵەی قاعیدەی (بن لادن) بوو.

وابوو زۆری پێنەچوو ئەمەریکا و دەوڵەتە ئەوروپاییەکان شەڕی دژە تیرۆریان لە ڕۆژی ٢٠٠١/١٠/٨دا لە دژی حکوومەتی ئەوسای ئەفغانستان دەست پێکرد و لەماوەیەکی کەمدا وڵاتەکە لە تیرۆرستان پاک کرایەوە.

سەرۆک جۆرج بۆش هەر بە پاک کردنەوەی ئەفغانستان لە تیرۆرستان دڵی نەکرایەوە، بەڵکو بیری لە ڕزگارکردنی عیراقیش کردەوە لە چنگ سەدام حوسێن و ڕژێمە فاشییەکەی کە سەرچاوەی مەترسی بوو لەسەر ئاسایشی ناوچەکە، تەنانەت ئەمەریکاش، چونکە چەکی کیمیایی کۆمەڵکوژی هەبوو، هەروەک لە کوردستان لە هەڵەبجە و شوێنانی تر بەکاری هێنابوو، بۆیە لە ڕۆژی ١٩/ئاداری/ ٢٠٠٣دا حکوومەتی هەرێمی کوردستان کە هەستی بە نزیک بوونەوەی ئەو شەڕە پڕ مەترسییە کرد، کەوتە خۆ و پەرلەمانی کوردستان بڕیاری ڕاگەیاندنی باری ناکاوی (حالة الطوارئ)دا بۆ ڕۆژی ٢٠٠٣/٣/٢٠ عیراقی لەلایەن (هێزەکانی مارینز)ەوە دەستی پێکرد و بۆ ڕۆژی ٢٠٠٣/٣/٢١دا هێزەکانی ئەمەریکا و بەریتانیا لە ڕێگای کوێتەوە هاتنە ناو خاکی عیراق و جەنگ دژی حکوومەتەکەی سەددام حوسێن دەستی پێکرد و بەریتانیا ناوچەی بەسڕای گرت و لە ئوم قەسر و ڕۆژئاوای بەسڕاوە هاتە ژوور بۆ گرتنی بەسڕا. بەشەکانی تری عیراقیش کەوتبووە ئەستۆی مارینزی ئەمەریکا، ئیتر هێزەکانی ئەو دەوڵەتە وردە وردە بەرەو بەغدا چوون تاکو لە ڕۆژی ٢٠٠٣/٤/٩دا بەغدایان گرت و سەددام بەرەو شوێنێکی نادیار ڕای کرد و مایەوە شارەکانی دیکەی باکووری عیراق و ناوەڕاستی بگرن.

لە کوردستاندا لە نزیک دیبەگەی مەڵبەندی کەندێناوە دوای ئازاد کردنی، بەداخەوە هێزێکی هەوایی ئەمەریکا بە هەڵە هێزێکی پێشمەرگەی بۆمباران کرد و لە ئەنجامدا ١٨ پێشمەرگە شەهید بوون لەگەڵ ٤٥ دیکەش بە سەختی بریندار بوون، یەکێک لەوانە سەرکردەی هێزەکە کاک (وەجیە بارزانی)ی برای سەرۆک مەسعوود بارزانی بوو، بە سەختی بریندار کرا و بە پەلە ناردرا بۆ ئەڵمانیا بۆ چارەسەرکردن، شوکر لە مردن ڕزگاری بوو.

لە ڕۆژی ١٠/نیسان/ ٢٠٠٣دا شاری کەرکووک لەلایەن هێزەکانی پێشمەرگەی یەکێتیی نیشتمانی و پارتی دیموکراتیی کوردستان بە یارمەتی هێزی مارینز ڕزگارکرا، لە هەمان کاتیشدا پاشماوەی هێزەکانی حکومەتی ڕووخاوی بەعس لە خانەقین و جەلەولاو مەخموور و گوێڕ خۆیان بەدەستەوەدا و ئەو ناوچانەش ئازاد بوون. بۆ ڕۆژی ١١/ نیسانی/ ٢٠٠٣ش، هێزەکانی شاری مووسڵ و زومار و سنجار، خۆیان بەدەستەوەدا کە ژمارەیان پتر لە ٤٠ هەزار سەرباز و ئەفسەر بوو.

سەبارەت بە ڕووخانی ڕژێمی سەددامی فاشی، حکوومەتی نوێی عیراقی فیدراڵ ڕۆژی ٢٠٠٣/٤/٩ی کردە پشووی فەرمی لە هەموو عیراق بە هەرێمی

کوردستانیشەوە.

حکوومەتی ئەمریکا یەکەم جار جەنەڕاڵێکی خانەنشینی بەناوی (گاردنەر) کردە حاکمی سیاسی ئەمریکا لە عیراق و ئەو کەسایەتییە سەری لە هەموو پارێزگاکان دا کە گەیشتە هەولێر، من وەک ڕیش سپی گەڕەکی ڕووناکی بانگهێشت کرابووم بۆ ئاهەنگی پێشوازی کردنی ئەو زاتە، لە هۆڵی ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان کە جاران هۆڵی خوێندنگای دواناوەندیی هەولێر بوو، لەپێش دەرگا، قوتابیانی کچ گوڵبارانی ئەو میوانەیان کرد، کەچی لە ناوەڕاست و خواروی عیراق تیرۆرستان گوللەبارانی هێزی ڕزگارکەریان دەکرد، لەگەڵ ئەوەشدا ئەمریکا بیری لەو هەڵوێستە ئەرێنییەی کورد نەدەکردەوە کە کیانێکی سەربەخۆی هەبێ.

زۆری پێنەچوو حکوومەتی ئەمەریکا لە جێی گارنەر جەنەڕاڵێکی خانەنشین کراوی تری کردە حاکمی سیاسی عیراق بەناوی (بریمەر) و لە ڕۆژی ١٣ی تەممووزی ٢٠٠٣دا بە فەرمانی بریمەر ئەنجوومەنی حوکم دامەزرا کە بریتی بوو لە ٢٥ ئەندام لەوانە (٥) ئەندامیان کورد بوون کە بریتی بوون لە:

١- سەرۆک مەسعوود بارزانی.
٢- سەرۆک جەلال تاڵەبانی.
٢- کاک دارا نوورەدین.
٤- کاک سەلاحەددین بەهائەدین.
٥- دکتۆر مەحموود عوسمان.

ئەم کەسایەتییانە کەوتنەخۆ بۆ بەڕێوەبردنی عیراق لە پاش سەددام و دوای ون بوونی سەددام، کوڕەکانیشی ون بوون و خێزانەکەیشی چوونە ئوردون. هێزەکانی حکوومەتی نوێ و ماریٚنزی ئەمەریکی بەدوایاندا دەگەڕان تاکو لە ڕۆژی ٢٢/ تەممووزی ٢٠٠٣دا، عودەی و قوسەی کوڕانی سەددام لە شاری مووسڵ لە حەشارگەیەکیان کوژران، بەڵام سەددام هەروەک خۆی ون کردبوو، هەر نەگیرابوو، تاکو لە ڕۆژی ٢٠٠٣/١٢/١٣دا لە ناحییەی (دۆرە)ی نزیک تکریت لە کونێکدا لەلایەن هێزەکانی ئەمەریکا دەستگیر کرا، کە ببووە کەسێکی عاجباتی ڕیش درێژی ڕەنگ زەردی دەردەدار. پاش ماوەیەک لەسەر کۆمەڵکوژی و تاوانی ئەنفال و جینۆساید درایە دادگای تایبەتی و بە چەندان دانیشتن دادگایی کرا تاکو حوکمی لە سێدارەدانی بەسەردا درا و بۆ ڕۆژی ٢٠٠٦/١٢/٣٠ لە کاتژمێر ٦:١٠ خولەکی سەرلەبەیانی ئەو ڕۆژە لە سێدارە درا و ئەفسانەی سەددامی سەرکردە و حزبی پێشەوا و دروشمی (یەکێتی، ئازادی، سوسیالیزم) کۆتاییان هات.

بە نەمانی حوکمی سەددام، هەموو عیراق بە کوردستانی ئازادیشەوە هەناسەی سەربەستی و دڵنیاییان هەڵکێشا و لەوە دڵنیا بوون کە جارێکی دیکە ڕژێمی بەعسی فاشی ناگەڕێتەوە و چیتر کیمیاباران ناکرێین و کوردستان و گەلی کورد لە سایەی پەرلەمان و ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێم و ئەنجوومەنی دادوەری و سەرۆکایەتی هەرێمەوە بەسەر بەرزی دەژین.

جووت ستانداردەکەی ئەمیری حەسەنپوور و ئەفسانەکانی

سوداد ڕەسوڵ

(٢ - ٢)

جووت ستاندارد، یان فرەستاندارد؟

ئەگەر بە وردی سەرنج لە نووسینەکانی ئەمیری حەسەنپوور و هاوبیرەکانی وەک حەسەنی قازی (٤٩) و جەعفەری شێخولئیسلامی(٥٠) لە بارەی بە ستانداردکردنی لەهجەکان بدرێ، ئەوەی ئەوان مەبەستیانە تەنیا بە دوو ستاندارد بۆ زمانی کوردی ناوەستێ، چونکە وەک ئاشکرایە زمانی کوردی تەنیا دوو لەهجەی سەرەکی نییە، چوار لەهجەی سەرەکی هەیە، هەر بۆیە بانگەشەکارانی جووت ستاندارد و فرە ستاندارد بە ناوی هەمەچەشنی کولتووریی و مافی یەکسانی لەهجەیی و دیموکراسییەت و مافی مرۆڤ و مافی زمانیی، زەمینەسازی دەکەن هەرچی لەهجەی کوردی هەیە لە کوردستان بۆی هەبێ داوای بە ستانداردکردنی لەهجەکەی بکات، وەک نووسەر خۆی لە نووسینێکدا دەڵێت: " لە ڕوانگەی زمانناسییەوە، هیچ لەهجەیێک لە لەهجەیێکی تر باشتر نییە. هەر لە هجەیێک دەتوانێ ببێتە زمانی ستاندارد. ستانداردبوون پێوەندی بە بارودۆخی غەیری- زمانیی (واتە ئابووری، کۆمەڵایەتی، سیاسی...تاد) هەیە".(٥١) ئەم قسانە زۆر ڕاستن، بەڵام ئەمە وەک زەمینە خۆش کردن و شەرعیەت بەخشینە بۆ بە ستانداردکردنی هەموو لەهجەکان. بێ گومان هەموو لەهجەیەکی کوردی دەکرێ زمانێکی ستانداردی لێ دروست بکرێ، بەڵام سیاسەتی زمانی بڕیار دەدا کە زمان چۆن مامەڵەی لەگەڵ بکرێ، ئەگەر نەتەوە ئامانجی یەکگرتنی هەبێ، هەوڵ دەدا زمانەکەی بەرەو یەکگرتن ببات، بۆ ئەمەش لە لەهجەیەکی زمانەکەی دەست پێدەکات، گومان لەوەدا نییە کە هیچ نەتەوەیەک نییە بیەوێ هەموو لەهجەکانی زمانەکەی بەرەو زمانی ستاندارد ببات، کۆمەڵێک زمان لە خۆی کۆکاتەوە.

هەر لەسەر ئەو بابەتە، نووسەر لە چاوپێکەوتنێکی لە



ئەمیری حەسەنپوور

گۆڤاری مەتین سەبارەت بە مافی یەکسانی بەکارهێنانی لەهجەکان، لە وەڵامی پرسیارێکدا کە ئایا لە نێو پرۆسەی جووت ستانداردکردندا هەر دوو لەهجەی کەڵهوڕی و هەورامی چۆن جێگای خۆیان دەگرن؟ دەڵێ: "ڕەسمیکردنی سۆرانی و کورمانجی کۆتایی بە نابەرابەری نێوان لەهجەکان ناهێنێ. لەکوردستانی عیراقدا، زۆربەی خەڵک بە سۆرانی و کرمانجی قسە دەکەن و ئاخێوەرانی لەهجەکانی دی دەبێ مافی زمانی وەک خوێندن و نووسین بە لەهجەی خۆیان هەبێ. لە کۆمەڵگەیەکی فرە لەهجەییدا ڕەسمی کردن، چ ئی یەک لەهجە بێ، چ دوو لەهجە، دابەشکردنی نابەرابەرانەی دەسەڵاتی زمانیی، سیاسیی و کۆمەڵایەتییە و لە بنچینەدا کارێکی نادیموکراتییە." (۵۲) بە پێی قسەکانی نووسەر، بۆ ئەوەی لەهجە کوردییەکان مافی یەکسانی زمانیی بەدەست بێنن، ئەوە پێویستە هەموو لەهجەکان بۆ خوێندن و نووسین بەکاربێن. ئەگەر لەهجەی کرمانجی ناوەڕاست بە ستاندارد بکرێ، ئەوە پێوستە هەموو لەهجەکانی دیکەش ئەو مافەیان بۆ بڕەخسێ وەک لەهجەی کرمانجی باکوور (بەتایبەت بن لەهجە بادینییەکەی)، لەهجەی گۆران بە تایبەت هەورامییەکەی، لەهجەی کەڵهوڕوی (بە تایبەت ئەو بەشەی کە کوردە فەیلییەکان لە خانەقین و مەندەلی قسەی پێدەکەن). بەم پێیە، تەنیا لە کوردستانی عیراق ئێمە پێویستمان بە چوار زمانی ستاندار هەیە. لەلایەکی دیکەوە، نووسەر کاتێک باسی یەکسانی لەهجەکان دەکا، دیار نییە مەبەستی لە لەهجە سەرەکییەکانە، یان بن لەهجەکانە. ئەگەر مەبەستی نووسەر یەکسانی بن لەهجەکانی زمانی کوردییە، ئەوە دەبێ لە پاشەڕۆژدا بیست زمانی کوردیمان هەبێ. وەک دیارە زمانی کوردی چوار لەهجەی سەرەکی و زیاتر لە بیست بن لەهجەی هەیە. (۵۳)

کەواتە ئێمە وەک نەتەوەیەک نەک هەر نابێن بە خاوەن زمانێکی یەکگرتوو، ئەو چەند جیاوازی لەهجەییش کە هەمانە، دەبنە مایەی ئەوەی کە هەر لەهجەیەک لە پاشەڕۆژدا ببێ بە زمانێکی سەربەخۆ، ئیدی هیچ زمانێک نابێ ئێمە لەگەڵ یەک کۆبکاتەوە. ئەمە ئەگەر هەر مانایەکی دیکەی هەبێ، بەڵام لە ڕووی زمانییەوە دابەش کردن و پەرتەوازەکردنی زمان و میللەتە، بە ناوی مافی یەکسانی لەهجەیی دروستکردنی گەڕەلاوژەیەکی زمانییە، دروستکردنی هەرێمی زمانییە لە نێو زمانی یەک نەتەوەدا.

نووسەر لە نامەی دکتۆراکەی لە چەند وتارێکی دیکەی بەم دواییە تەئکید لەوە دەکاتەوە کە زمانی کوردی جووت ستاندارد، کەچی لە وتاری دیکە و چاوپێکەوتنی دی باسی یەکسانی تەواوی هەموو لەهجەکان دەکا. وا پێدەچێ ئەو کاتە لە بیری ئەوە نەبووە کە زمانی کوردی دوو لەهجەی سەرەکی نییە، چواری هەیە، کەواتە لە نێوان ئەم جووت ستانداردییە لەهجەی گۆران و کەڵهوڕ دەبێ لەم مافە بێ بەش بن. ئەمە نیشانەی ئەوەیە کە نووسەر بۆ پلانی زمانی کوردی و ئاراستەکردنی، دیدێکی ڕۆشن و قوڵ و چەسپاوی نییە، بۆچوونەکانی دژ بەیەکن. بە ناوی مافی یەکسانی زمانیی، ئاژاوەیەکی زمانیی بۆ کورد دروست دەکات.

ئەمیری حەسەنپوور و هاوبیرانی کە دێنە سەر ئەو باسانە ئەوەندە لە ئەسڵی مەسەلەکە دوورن وەک بڵێی لەدەرەوەی میژووودا دەژین. ئاگاداری ئەوە نین کە کورد لە چ قۆناغێکی میژوو دایە، پێویستییەکانی ئەو قۆناغە بۆ کورد وەک نەتەوە و زمانەکەی چییە، ئەوە لەبیر خۆیان دەبەنەوە کە کورد ئەمڕۆ بە پرۆسەی بە نەتەوە بوونداً تێپەڕ دەبێ، زمانی تاک ستانداردی کوردی وەک زمانێکی هاوبەشی نووسین بۆ کورد، لەم بوارەدا، ڕۆڵێکی یەکجار گرنگ دەگێڕی.

بەکارخستنی لەهجەکان وەک زمانێکی ستاندارد ئەنجامێکی زۆر خراپی بۆ سەر کورد وەک نەتەوە و کوردی وەک زمان دەبێ. زمانی ستاندارد دەبێ نەخشی یەکگرتنی نەتەوە بگێڕێ و کارێک بکات ئەندامەکانی

یەک نەتەوە لەدەوری زمانێکی نووسین کۆبکاتەوە، نەک لەیەک دابڕین و بنکۆڵ کردن و پەرتەوازەکردنی زمان و نەتەوە.

نووسەر هەر لەسەر بابەتی فەرهەنگی دێتە سەر زمانی عەرەبی و پێی وایە زمانی عەرەبیش زمانێکی فرە ستانداردە، دەڵێ: " زمانی عەرەبی "الفصحی"ش بە تەواوی صرف و نحو و ڕێنووسە یەکگرتووەکەی نەیتوانی یەکێتی نەتەوەی عەرەب و نیشتمانەکەی بەدی بێنێ و ئێستا بە سەر ٢١ نەتەوە- دەوڵەتدا دابەش بووە و ستانداردی جۆراوجۆری لێ هەڵدەقوڵێ"(٥٤) لە شوێنێکی دی لە چاوپێکەوتنێکدا بە فارسی دەڵێ: زمانی عەرەبی ستانداردی قاهیرە و دیمەشق و مەراکش و بەغدادی....تاد هەیە.(٥٥) بە ڕاستی سەیرە نووسەرێکی ئەکادیمی بواری زمانناسی لەمەڕ زمانی عەرەبی ستاندارد ئەوەندە بێ ئاگا بێ و پێی وابێ زمانی عەرەبی ئەو هەموو ستانداردەی هەیە. زمانی عەرەبی زمانێکی تاک ستانداردی تۆکمە و پتەوە، لە سەرانسەری وڵاتانی عەرەبی یەک زمانە بۆ نووسین و خوێندن و ڕاگەیاندن و کارگێڕی، بەڵام لەهجەی هەمەچەشنی هەیە وەک لەهجەکانی ئاخاوتنی دیمەشق و قاهیرە و بەغدا و مەراکش، کە ئەو لەهجانەش تەنیا بۆ ئاخاوتن نەک نووسین. ئەم ئەفسانە داتاشینەی نووسەر بۆ زمانی عەرەبی کە گوایە زمانێکی فرە ستانداردە بۆ ئەوەیە تا پاساوی جووت ستانداردی و فرەستانداردی بۆ زمانی کوردی پێ بکات، بەڵام خۆزگە ئەمیری حەسەنپوور و هاوبیرانی زمانی عەرەبییان دەکردە سەرمەشقی خۆیان بۆ بە ستانداردکردنی زمانی کوردی، ئەوسا تێدەگەیشتن کە زمانێکی یەکگرتوو بۆ نەتەوەیەکی فرە لەهجە و فرە کولتوور چەندە گرنگە.

ڕاستە زمانی یەکگرتووی عەرەبی یەکێتیی سیاسی نەتەوەی عەرەبی بە دی نەهێناوە، بەڵام ئەو زمانە هۆکارێکی زۆر گرنگی مانەوەی میللەتی عەرەبە بە یەکگرتوویی، ئەو زمانە بە درێژایی مێژوو و هەتا ئەمڕۆش تەنیا پێوەندییەکە کە گەلانی عەرەبی بەیەک دەبەستێتەوە، ئەگەر ئەو زمانەش نەبوایە، ئەوە لە مێژ بوو دەبوون بە نەتەوە و میللەتی جیاوازی عەرەبی و هیچ کامیان لەیەک تێ نەدەگەیشتن و لەیەک دوور دەکەوتنەوە، وەک ئەوەی لە ئەوروپا بەسەر زمانی لاتینیدا هات، کە پاشماوەی ئەو زمانە لە باشووری ئەوروپا نەتەوەی ئیتاڵی و فەرەنسی و ئیسپانی و کەتەلان و ڕۆمانی لێ پەیدا بوو.(٥٦)

زمانی ستاندارد بۆ کوردستانی باشوور نەک بۆ کوردستانی گەورە

ئەمڕۆ باسوخواس لەبارەی زمانی ستانداردی کوردی بۆ کوردستانی باشوورە، ئەو هەرێمە ئەوە بیست ساڵێک دەبێ لە ژێر ئیدارەی کورد خۆیەتی، بۆ سیستەمی کارگێڕی و خوێندن لە قوتابخانەکان و زانکۆکان پێویستی بە زمانێکی ستانداردی یەکگرتووی کوردی هەیە، بۆیە کە باس دێتە سەر زمانی ستانداردی کوردی مەبەست لەم بەشەی کوردستانە، چونکە لەوێ زمانی کوردی لە پاڵ زمانی عەرەبی بە ڕەسمی ناسراوە. ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە ئێمە بۆ کوردستانی گەورە پێویستیمان بە زمانێکی سەرانسەری نییە، بەڵام لە بارودۆخی ئێستا کە زمانی کوردی بە دوو ئەلفوبێی جیاواز دەنووسرێ، ئەم دوو ڕێنووسە جیاوازە بۆتە کۆسپێکی سەرەکی لەبەردەم یەکگرتنی میللەتی کورد، تا ئەلفوبێ یەکگرتوو نەبێ، ناکرێ باس لە زمانێکی سەرانسەری بۆ کورد بکرێ. وەک ئەزموونی ئەلبانیا کە لەسەرەوە باسی کرا، لە پێشدا ئەلفوبێ کرا بەیەک، ئەوجا هاتنە سەر باسی زمانی ستاندارد بۆ هەموو ئەلبانییەکان.

ئەمیری حەسەنپوور و هاوبیرەکانی بۆ ئەوەی بەهانە بۆ جووت ستانداردییەکەیان بێننەوە، ئەسڵی مەسەلەکە لەبەریەک دەترازێنن و بەرەو ئاقارێکی دیکەی دەبەن و تەواو لە ڕاستی مەسەلەکە دوور دەکەونەوە. بە شێوەیەکی ڕۆمانسیانە، باس لە کوردستانی گەورە دەکەن کە ئەو هەموو لەهجە و شێوەزار و زاراوەی تێدایە، زۆربەی دانیشتوانی کورد سەر بە لەهجەی کرمانجین، کەواتە تاک ستانداردی دەبێتە مایەی فەرامۆش کردنی هەمەچەشنی زمانیی و کولتووریی کورد. ڕەنگە لەسەر ئاستی کوردستانی گەورە ئەو تاک ستانداردییەی کوردستانی باشوور بۆ کوردستانی باکوور دەست نەدات، چونکە ئەوان نە ئەو لەهجەیە بە باشی تێدەگەن، نەدەتوانن ئەو ڕێنووسە بخوێننەوە، نە لەوێ مافی زمانیی و کولتووریی نەتەوەییان بەدەست هێناوە تابتوانن ئەو زمانە جێبەجێ بکەن، بۆیە ئێمە دەبێ بزانین باسی زمانی ستانداردی کوردی بۆ کام بەشی کوردستان دەکەین.

لە کوردستانی باشوور نەک ئەمڕۆ، دەبوایە بیست ساڵ پێش ئێستا ئەو کێشە زمانییە چارەسەر بکرابایە، زمانی تاک ستانداردی کوردی بۆ خوێندن و زانکۆ و کاروباری ئیداری حکوومەت جێبەجێ بکرایە، بەڵام لە ئەنجامی نەبوونی ئەکادیمیایەکی زمانیی چالاک و نەبوونی

پلانێکی زمانی پێشکەتوو بۆ نەتەوە، بێ سەروبەری و شەڕی ناوخۆ و ململانێی سیاسی و حزبی، لەهجە پەرستی و ناوچە پەرستی، ئەو کێشەیەی بەم ڕۆژە گەیاند، کە ئەمڕۆ زمانی کوردی و بوونی نەتەوەی کوردیان لەبەردەم مەترسییەکی گەورە داناوە.

مافی زمانیی، یان مافی لەهجەیی؟

ئەمیری حەسەنپوور و هاوبیرەکانی کە دێنە سەر پرسی بە ستاندار کردن، هەمان ئەو مافەی کە زمانێک پێویستە هەیبێت، هەمان ماف بۆ هەموو لەهجەیەک داوا دەکەن، واتە مەفهومی لەهجە و زمان لەگەڵ یەک تێکەڵ دەکەن، یان هەر لەهجەیەکی کوردییان لێ دەبێ بە زمانێک و وەک زمانێکی سەربەخۆ مامەڵەی لەگەڵ دەکەن. بۆ نموونە دەڵێن لە سویسرا چوار زمانی ڕەسمی هەیە، لە بەلجیکا سێ زمانی ڕەسمی هەیە، لە کەنەداش دوو زمان هەیە، ئیدی بۆ دەبێ لە کوردستان دوو زمانی ستاندارد نەبێ.(٥٧) بەڵێ ئەوانە زمانن و زمانی نەتەوەی سەربەخۆن و بە لەهجە ناژمێردرێن، مافی خۆیانە ڕەسمی بن. بەلجیکا سێ زمانی ڕەسمی هەیە، کە یەکێکیان هۆڵەندییە پێی دەڵێن (فلامیش)، لەگەڵ زمانی فەڕەنسی و ئەڵمانی. ئەمانە هەرسێک زمانی سێ نەتەوەی گەورەی هاوسێی ئەو ووڵاتەن کە سێ زمانی ستانداردیان هەیە. سویسرا چوار زمانی تێدایە هەر چوار زمانەکە زمانی چوار نەتەوەی جیاوازە، بەڵام کە باسی کرمانجی ناوەڕاست لەگەڵ کرمانجی باکوور دەکرێ ئەمانە دوو لەهجەن نابێ وەک دوو زمان مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێ. ئەگەر بن لەهجەی بادینی زمانێکی سەربەخۆیە و لەهجە نییە، ئەوە پێویستە مافە زمانییەکانی دابین بکرێ و وەک نەتەوەیەکی سەربەخۆش مامەڵەی لەگەڵدا بکرێ، ئەگەر لەهجەیەکی زمانی کوردییشە- کە هیچ گومان لەوەدا نییە لەهجە نەبێت- ئەوە دەبێ وەک لەهجە سەیری بکرێ، بەڵام بانگەشەکارانی زمانی جووت ستاندارد و فرەستاندارد هەرچەندە زمانناسی شارەزایان تێدایە کە دێنە سەر مشتومڕی بە ستانداردکردنی زمانی کوردی، ڕیسەکەیان لێ دەبێتەوە بە خوری، زمانی فەڕەنسی و ئینگلیزی و ئەڵمانی و زمانی تورکمانی و عەرەبی و سریانی و لەهجەی کرمانجی و سۆرانی و هەورامی و فەیلی و، .. هەموو لەیەک ئاست دادەنێن و وەک زمانی سەربەخۆ مامەڵەیان لەگەڵدا دەکەن.

ئەمیری حەسەنپوور چ لە نامەی دکتۆراکەی و چ لە نووسینی دیکەی تەئکید لەسەر لەهجە بوونی لەهجە کوردییەکان دەکاتەوە، لە چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ گۆڤاری ئارمانجدا، دەڵێ: "زاراوە بەشێکە لە زمانێک. کاتێک ئێمە دەڵێین کرمانجی، سۆرانی، دملی (زازایی)، هەورامی زاراوەی کوردین، بەر لە هەموو شتێک لەبەر ئەوەیە کە لێک نیزیکن."لە وەڵامی پرسیارێکی دی کە لەسەر چ ئەساسێک ئەو لەهجانە کوردین، دەڵێ: "لەسەر ئەساسی فۆنۆلۆژی، گرامێر، سێنتاکس و مۆرفۆلۆژی لێک نیزیکن. کاتێک تۆ سۆرانی دەگەڵ فارسی پێک بگری، دەبینی کە زیاتر لە کرمانجی نیزیکە تا لە فارسی. ڕاستە فارسی، سۆرانی، کرمانجی ڕەگوڕیشەیان یەکە، بەڵام کرمانجی و سۆرانی لە چاو فارسی لێک نیزیکترن. بێ گومان هۆیەکەی دیکەی مێژوویی و سیاسییە کە کرمانجی، سۆرانی، دملی، هەورامی، هەموو خۆیان و یەکتر بە کورد دەزانن. لە لای ئەحمەدی خانییش کورد و کرمانج هەر یەک مانایان هەبووە."(٥٨) پێناسەکەی بۆ لەهجە کوردییەکان زۆر ڕاست و بەجێیە.(٥٩) لێرەدا ڕوون دەبێتەوە کە ئەو هیچ گومانی نییە کە کرمانجی ناوەڕاست و باکوور دوو لەهجەی کوردین، زمانی سەربەخۆ نین و بەشێکن لە زمانێک، کەچی خودی نووسەر کە دێتە سەر پرسی بە ستانداردکردن، (سۆرانی و کرمانجی) لێ دەبێتە دوو زمانی سەربەخۆ، هەموو مافەکانی زمانێکی سەربەخۆ بۆ ئەم دوو لەهجە کوردییە داوا دەکا وەک بەکارهێنانیان بۆ ئیداره و پەروەردە، لەسەر پاره و پاسپۆرت نووسینان...تاد. لەم بارەیەوە دەڵێ: "وادیاره شۆڤێنیسمی سۆرانی ناتوانێ لەو چوارچێوەیە بێتەدەر کە شۆڤێنیسمی نەتەوەکانی دی دایانڕژتووە. بۆ وێنە، کاتێکی من پێشنیاردەکەم کە لە "حکوومەتی هەرێمی کوردستان" دا دەکرێ دوو لەهجە ڕەسمی بن و بەڵگە ڕەسمییەکان وەکو پاسپۆرت و پاره بە هەردوو لەهجە بنووسرێن، سۆرانیخوازەکان وەپێش حاکمەکانی بەغدا دەکەون و بە سەرسووڕمانەوە دەڵێن شتی وا هەرنابێ و بە سووکایەتیکردنەوە دەڵێن ئەوە کۆمێدییە".(٦٠) بۆ نموونە کاتێک نووسەر ئیشارەت بە پاره‌ی چەند وڵاتێک دەدات، کە بە چەندین زمانی جیاواز نووسراون، ئیدی ئەمە دەکاتە پاساوێک بۆ ئەوەی پاره و دۆکیۆمێنتە ڕەسمییەکانی هەرێم بە دوو لەهجەی کرمانجی باکوور و ناوەڕاست بن، نووسەر دەڵێ: "ڕەنگە ئەوە ئاشکرابێ کە لە ڕوانگەی ئەتاتورک و ڕەزاشا و حاکمانی بەغدا و زمانناسەکانیان نەتەوە یەکە و یەک زمانی هەیە و زمانەکەی یەک لەهجەی ئەدەبیی و ستانداردی هەیە، بەڵام ئەوەی شۆڤینیستەکان لە خەیاڵی خۆیاندا بە نەڕەخساویی دادەنێن لە مێژە لە ژیانی زمانیی و

سیاسیی گەلانی دنیادا لە قەڵەمڕەوی ڕەخساوییدا وەدی هاتووە. ئێستەکانێ پارەی کاغەزیی دە ڕووپیی هیندی بە حەڤدە زمان، پارەی چینی بە پێنج زمان، پارەی سریلانکا و سویسی هەرکامیان بە چوار زمان و ناسنامەی سویسی بە پێنج زمان دەنووسرێن، هەروەها لە پارلمانی کانادا بە دوو زمان و لە بلژیک بە سێ زمان قسان دەکەن."(٦١) زۆر سەیرە نووسەر دووبارە جیاوازی زمان و لەهجە ناکات، ولاتێکی وەک هیندستان کە قارەیەکە دانیشتوانەکەی ١,١٨ ملیارە، مۆزائیکێکی گەل و نەتەوەی هەمەچشنە، زمانی هەمەچشنی تێدایە، ئەمە دەکاتە بەهانەیەک بۆ ئەوەی ئاخێوەرانی کرمانجی باکوور و ناوەڕاست بکا بە دوو نەتەوە و دوو زمانی سەربەخۆ. ئەو زمانانەی لەسەر پارەی کاغەزیی دە ڕووپیەی هیندی هەیە، زمانی نەتەوە جیاوازەکانی هیندستانە نەک لەهجەکانی زمانێک، کە ئەمانەن: هیندی، ئەسامی، بێنگالی، گوجاراتی، پونجابی، نیپالی، کەشمیری، تامیلی، تێلوگو، کاننادا، مالایالام، ئۆریا، کۆنکانی، ماراتی، سانسکریتی، ئوردو، ئۆدیا. هەر یەک لەو زمانانە چەندین لەهجە و بن لەهجەی هەمەجۆری هەیە، سەر بە خێزانە زمانی جیاوازیشن، هەندێکیان ئەلفوبێی جیاوازیان هەیە، بۆ نموونە ئوردو و کەشمیری ئەلفوبێی عەرەبی بەکار دێنن. لە هیندستان نەک حەڤدە زمان، زیاتر لە سەد زمان هەیە. بە پێی سەرژمێری ٢٠٠١، ٢٩ زمان لە هیندستان ئاخێوەرانی ژمارەیان لە ملیۆنێک زیاترە، (بۆ نموونە زمانی هیندی ٤٢٢ ملیۆن ئاخێوەری هەیە، بێنگالی ١٨٠ ملیۆن، گوجاراتی ٤٦ ملیۆن، ئەسامی ١٣ ملیۆن، کەشمیری ٥,٥ ملیۆن، پونجابی ٢٩ ملیۆن، تامیلی٦١ ملیۆن، کاننادا ٣٨ ملیۆن، تێلوگو ٧٤ ملیۆن...تاد)، ٦٠ زمان ئاخێوەرانی ژمارەیان لە ملیۆنێک کەمترە و لە ١٠٠ هەزار زیاترە، ١٢٢ زمان ژمارەی ئاخێوەرانی لە ١٠ هەزار زیاترە و لە ١٠٠ هەزار کەمترە.(٦٢) ئەمە زۆر ئاساییە بۆ ولاتێکی وەک هیندستان بەم هەموو گەل و نەتەوە جیاوازە، لەسەر پارەکەی نەک بە حەڤدە زمان بە چەندین زمانی دیکەی جیاوازی نەتەوە و گەلە جۆربەجۆرەکانی ئەو ولاتە بنووسرێن، ئەمە فرە زمانیی و فرە کولتووری ئەو ولاتە نیشان دەدات، بەڵام بە نیسبەت کرمانجی ناوەڕاست و باکوور، یان بە قەولی خۆی (کرمانجی و سۆرانی) ئەمانە دوو نەتەوەی جیاواز و دوو زمانی جیاواز نین، ئەمانە دوو لەهجەی زمانی کوردین نابێ وەک دوو زمانی سەربەخۆ لەسەر پارە بنووسرێن. دەکرێ لەسەر پارەی عیراقی بە زمانی هەموو نەتەوە جیاوازەکانی عیراق بنووسرێت وەک عەرەبی، کوردی، تورکمانی، سریانی، ئەمە زۆر ئاساییە، بەڵام نووسینی بە دوو لەهجەی کوردی، دابەشکردنی کوردە بەسەر دوو زمان و دوو نەتەوەی جیاواز. نووسەر دەیەوێ لە ڕێی پارەی دە ڕووپیەی هیندی ئەفسانەیەک داتاشێ بۆ ئەوەی پاساوی جووت ستانداردی و فرەستانداردی زمانی کوردی پێ بکات، لەپاڵ ئەوەش (بادینی و سۆرانی) بکات بە دوو نەتەوەی جیاواز و دوو زمانی جیاواز..!! پێویست ناکات لەسەر پارەی ولاتەکانی دی وەک پارەی چینی و سریلانکی و سویسری بدوێین، چونکە ئەوانیش هەمان حاڵەتی پارەی هیندیان هەیە.

ئەمیری حەسەنپوور و هاوبیرانی لەگەڵ لەهجە کوردییەکان دووچاری وەهم و ئیشکالیەتێکی گەورەی کولتووری و زمانەوانی بوون، پاشخانی نەتەوەیی و ئەتنیکی و مێژوویی و کۆمەڵایەتی و سیاسی و کولتووریی ئەو لەهجە کوردییانە کە پێکەوە ناسنامەی نەتەوەیی زمانی کوردی پێکدێنن، زۆر بێ باکانە ئەم ناسنامە زمانییە لەم لەهجانە دادەماڵن، هەر لەهجەیەک دەکەن بە زمانێکی سەربەخۆی نەتەوەیەکی سەربەخۆ، بۆیە وا بە کوڵ و دڵ بە ناوی ئازادی زمانیی و دیموکراسییەت خۆیان لێ بووە بە ڕزگارکەری چەوساوەکان لە ژێر دەستی (شۆڤێنیزمی سۆرانی)، شێلگیرانە پێداگری لە مافی یەکسانی بەکارهێنانی هەموو لەهجەکان دەکەن، بەڵام ئەمە هەتا چەند گونجاوە و چۆن جێبەجێ دەکرێ؟ پاشەڕۆژی زمانی یەکگرتووی کوردی و نەتەوەی کورد چی بەسەر دێ، لای ئەوان جێگەی باس نییە و گرنگیش نییە. ئەوان باوەڕیان بەوە نییە کە یەک نەتەوە دەبێ یەک زمانی هەبێ، لای ئەوان یەک نەتەوە دەکرێ دوو زمانی ستانداردی هەبێ، یان زیاتر، نموونەشیان ئەو زمانانەیە کە لەسەرەوە باسی لێوە کرا. لای ئەوان بەکارهێنانی لەهجە کوردییەکان بە یەکسانی، ئەمە مەسەلەی بە دیموکراسی کردنی زمانە، ئەگەر هەرچەندە ئەمە لە ئاکامدا بە مەرگی زمانی کوردیش تەواو بێت. وەک نووسەر خۆی دەڵێ "سۆرانی، ئێستا لە پلەی دەسەڵاتداریدایە و سۆرانی-ئاخێوان دەبێ زیاتر و زووتر لە کورمانجی - ئاخێوان و ئاخێوەرانی لەهجەکانی دی ئالای دیموکراسی زمانیی و مافی زمانیی هەڵبکەن، ئەو ناکۆکییە وەک کێشەی ماف و دیمۆکراسی چاولێبکەن نەک وەک کێشەی دەم بەهاوارانەی "چەند پارچە بوونی نەتەوە".(٦٣)

تێکەڵ کردنی مافی لەهجەیی و زمانیی و بەستنەوەیان

بە مەسەلەی دیموکراسییەت و مافی مرۆڤ، ئەو باسەی زۆر بە چڕی تەمومژاوی کردووە. نووسەر بۆ ئەم مەبەستەش ئیشارەت بە جارنامەی جیهانیی مافی زمانیی دەکات و دەڵێ: " لە دنیای زمان و سیاسەتدا لە سی ساڵی ڕابردوودا، هەنگاوی خێرا بەرەو نیزامێکی زمانیی دیموکراتی هەڵێندراوە. بۆ وێنە، لە زانستی زمانناسیدا ئێستا باسی "زمانناسیی ڕزگاریخوازانە" دەکرێ و پێوەندییەکانی دەسەلات و زمان بە شێوەیەکی بەرینتر لە جاران لێک دەدرێتەوە و تیوریزەدەکرێ. لە بواری مافیشدا، مافی زمانیی ئێستا بە شێوەیەکی بەرین و قوڵ وەکو "بەیانییەی جیهانی مافە زمانییەکان"(١٩٩٦) گەڵاڵە کراوە و لە لایەن یۆنیسکۆ، و زۆربەی ڕێکخراو و بزووتنەوەکانی مافی مرۆڤ و زمانناسان پەسندکراوە"(٦٤) دووبارە نووسەر لەهجە لەگەڵ زمانێکی سەربەخۆ تێکەڵ دەکا. ئەوەی لە جارنامەی جیهانی مافی زمانی هاتووە زۆر ڕاستە، میللەتی کورد ئەوە سەدەیەکە لەپێناو ئەو مافانە خەبات دەکات، ئەمڕۆ ناکرێ ئەو مافانە لە نەتەوەیەکی دی زەوت بکات. ئەم جارنامە جیهانییە دژ بە چەوسانەوەی زمانییە کە لە هەر شوێنێکی جیهاندا دژ بە گەلێک یان نەتەوەیەکی دیاریکراو ئەنجام بدرێ، بۆ نموونە ئەگەر کورد مافی زمانیی تورکمانەکانی کوردستان یان مەسیحییە سریانییەکان پێشێل بکات، ئەمە چەوسانەوەی زمانییە لەلایەن کورد. جارنامەی جیهانی باسی لەهجەکانی زمانێک ناکات کە لە نێوان خۆیان ڕێک دەکەون لەهجەیەک بکەن بە زمانی ستاندارد بۆ نەتەوەکەیان، باسی ئەوە ناکات کە زمانێک چەند لەهجەی هەیە هەر هەمووی دەبێ بۆ نووسین بخرێتە کار و بە ستاندارد بکرێ، ئەوان هیچ پێوەندییەکیان بە میللەتێک نییە کە دەیەوێ کاروباری زمانیی خۆی ڕاستە ڕێ بکات. زمانناسی ڕزگاریخوازانە بەو مانایە نییە کە نەتەوەیەک دە هەتا پازدە زمانی هەبێ، ئەگەر بەو مانایە بێ، ئەوە دەبێ ئەو وڵاتانەی کە ئەو دروشمەیان هەڵگرتووە ڕێگە بدەن منداڵەکانیان بە لەهجە مەحەلییەکانی زمانی نەتەوەکەیان لە قوتابخانەکان بخوێنن. وەک ئاشکرایە لە هیچ وڵاتێکی دیموکراسی ئەم ئاژاوە زمانییە بۆ خۆیان دروست ناکەن، بۆیە زۆر نابەجێیە، دیموکراسییەت و مافی مرۆڤ و جارنامەی جیهانی مافی زمانیی بکرێن بە ئامرازێک بۆ لەباربردنی پرۆسەی بە ستانداردکردنی زمانی کوردی لە کوردستان، ئەمە تەنیا بۆ چاوبەست و چەواشەکردنی ئەسڵی بابەتەکەیە و ماسی گرتنە لە ئاوی لێڵ.

حەسەنپوور لە سیمیناریکدا لە ساڵی ٢٠١٢ لە سوێد، دژایەتی خۆی بۆ زمانێکی ستانداردی یەکگرتووی کوردی دووبارە دەکاتەوە، دەڵێ: " هەتا سیاسەتی زمانی دیموکراتیزەتر بێ، ئیمکانی یەکگرتنی گەلان، ئیمکانی یەکگرتنی چینی کرێکار، ئیمکانی یەکگرتنی زەحمەتکێشان زیاتر دەبێ. هەتا زیاتر بڵێی نەتەوە، یانی یەک زمان، یەک وڵات، یەک لەهجە، زووتر، دووبەرەکی و سەدبەرەکی دروست دەبێ. ڕێگا دیموکراتیزە کردنە. کەسێک کە باوەڕی بە دیموکراتیزەکردنی ژیانی خەڵک بێ لە کوردستان، یان لە ناوچە دا، دەبێ لە باری زمانیدا، هەروەها لە باری سیاسیدا، دەبێ سیاسەتێکی تەواو دیموکراتیکی هەبێ. ئەگەر نەیبێ، شۆڤێنیزم سەردەکەوێ."(٦٥) ئەمە زۆر ڕاستە ئەگەر دیموکراتیزەکردن لە نێوان زمانەکان بێ وەک زمانی کوردی، عەرەبی، فارسی، تورکی و تورکمانی و سریانی...تاد، بەڵام جێبەجێ کردنی دیموکراسییەت لە نێوان لەهجەکانی زمانێک دابەشکردنی گەلە نەک یەکگرتنی گەل. وەک دیارە نووسەر زیاتر لە خەمی چینی کرێکاردایە نەک نەتەوە، پێی وایە زمان دەبێ لە بەرژەوەندی چینی کرێکار و زەحمەتکێشدا بێت نەک لە بەرژەوەندی نەتەوە، واتە لە پێناو یەکگرتنی چینی کرێکار با نەتەوەی کورد دابەش بێ. ئەمەیە کێشە فکرییەکانی حەسەنپوور لەگەڵ زمانی ستانداردی یەکگرتووی کوردی، چونکە خۆی هەر لە ئەساسدا باوەڕی بە نەتەوایەتی و نەتەوەی کورد نییە.

حەسەنپوور لە مێزگردێک لە ساڵی ٢٠١٣ لە کەنەدا سەبارەت بە مافی زمانی دایک لە ئێران، زمانی فارسی قبووڵە وەک زمانی نەتەوەی سەردەست، سەرباری ئەوەش، پێی باشە فارسی بکرێ بە زمانی هاوبەشی هەموو نەتەوەکانی نێو ئێران و دەڵێ: " زۆربەی نا فارسی زمانەکان کە بۆچوون دەردەبڕن، قەبووڵیانە کە ئێران وڵاتێکی چەند میللیەتییە، چەند زمانییە و فارسی زمانی هاوبەشە"(٦٦) لای حەسەنپوور ئەمەیان شۆڤێنییەت نییە کە نەتەوەیەکی سەردەست زمانێکی نەتەوەیی خۆی هەبێ و لە هەمان کاتدا بکرێ بە زمانی هاوبەش بۆ نەتەوەی دی، بەڵام کە دێتە سەر باسی زمانێکی هاوبەش بۆ کورد ئەو مافە بۆ کورد بە ڕەوا نابینێ و بە شۆڤێنییەت ناوی دەبا، ئەمەش تێڕوانینێکی دوو فاقانەیە بۆ مافی زمان و ناسنامەی زمانیی. بۆ زمانی نەتەوەیەکی سەردەست هەموو ئیمتیازێکی پێ دەبەخشێ، بەڵام نەتەوەیەکی ژێردەستە و چەوساوە، ئەو مافە زمانییەی پێ ڕەوا نابینێ. بۆ لەهجەکانی زمانی

فارسیش هیچ کێشەیەک دروست ناکا، لەوێ داوای مافی یەکسانی لەهجەکان ناکا، بە شۆڤینیش ناوی نابا، ئەم زاراوە ناقۆلایە تەنیا دژ بە کورد و یەکگرتنی زمانی کوردی بەکاردێنێ.

نووسەر ئەوەندە لە ئامانجی زمانێکی یەکگرتوو بۆ کورد دووەرە، هەموو هەوڵێک دەخاتە گەڕ و هەموو ئامرازێک بەکار دێنی، تەنانەت بنەماکانی زمانناسیش هەڵدەوەشێنێتەوە هەر بۆ ئەوەی کورد نەگات بە ئامانجی زمانێکی هاوبەش بۆ نەتەوەکەی.

دەکرێ ئەو پرسیارە لە نووسەر بکرێ، بۆچی مەگەر کورد بە شیاوی ئەوە نابینێ سیاسەتی زمانی خۆی هەبێ بۆ نەتەوەکەی؟ ئەگەر کورد هەوڵی دروستکردنی ئەو زمانە بدات ئەوە کارێکی دژ بە دیموکراسییە؟ لە کام وڵاتی دنیا دروست کردنی زمانێکی ستانداردی نەتەوەیی بە پرۆسەیەکی دیموکراسی بەڕێوە چووە هەتا لای ئێمە بە دیموکراسی بێ؟ لە کام وڵاتی دیموکراسی دنیا بە لەهجە دەخوێندرێ؟ لە کام وڵاتی دیموکراسی دنیا یەکسانیی لەهجە جێبەجێ کراوە؟ یانیش بە لەهجە سیستمی ئیداری وڵات بەڕێوە چووە؟ بێ گومان ئەمانە لە هیچ وڵاتێکدا نییە، ئەمە تەنیا پرۆژەی ئەمیری حەسەنپوور و هاوبیرانیەتی بۆ زمانی کوردی.

ناکرێ و مەنتیقی نییە، هەر لە پێناو پاراستنی هەموو لەهجەکان وەک خۆی، ژیانی سیاسی و ئابووری و کولتووریی هەموو نەتەوەکە بکەوێتە نێو ئاژاوەی زمانییەوە، ناکرێ هەر بۆ پاراستنی لەهجەیەکی ناوچەیی، ئامانجی نەتەوەیەک بۆ زمانێکی هاوبەشی نووسین و خوێندن فەرامۆش بکرێ و نەتەوە لە هەموو بوارەکانی ژیانی دوا بکەوێت. وەک لە زماننناسی مێژوویی Linguistics Historicalدا هاتووە: هەموو دیاردەیەکی فیزیکی گەردوون و هەموو دیاردەکانی ژیانی مرۆڤ لە گۆڕانێکی بەردەوامدایە، زمانیش لەم گۆڕانە بەردەوامە بەدەر نییە.(٦٧) بۆیە هیچ زمانێک و لەهجەیەک وەک خۆی نامێنێتەوە، هەندێک لەهجە کەم بایەخ دەبێت و لەپاڵ ئەوە لەهجەی دی پەیدا دەبێت. ئەم پرۆسەیە لە مێژووی زمانەکاندا هەر هەبووە و بەردەوامیش دەبێ. هیچ زمانێکیش لە ئەزەلدا زمان نەبووە و هیچ زمانێکیش هەتا سەر بە زیندوویی نامێنێتەوە. لەم گۆڕانە بەردەوامەی زمان، ئەوە مرۆڤە پلانی زمان دادەنێت و زمان بە گوێرەی بەرژەوەندییەکانی خۆی ئاراستە دەکات، ئەگەر لە پلانی زمان پاراستنی لەهجە گرنگ بێ، ئەوە بێ گومان زمانی هاوبەش بۆ نەتەوە گرنگترە، بە تایبەت بۆ ئێمەی کورد کە ئەوە زیاتر لە سەدەیەکە لە ڕووی سیاسی و کولتوورییەوە لە ژێر دابەشبوون و پارچەبووندا دەنالێنین، بۆ دەبێ ئەمڕۆ ئێمە بەدەستی خۆمان لە بەشێکی ڕزگارکراوی وڵاتەکەمان ئەو هەموو زمانە بۆ نەتەوەکەمان دروست بکەین.

حەسەنپوور و هاوبیرانی باوەڕیان وایە بە دابین کردنی مافی یەکسانی بۆ لەهجەکان، کورد بە یەکگرتوویی دەمێنێتەوە، بەڵام هەرگیز بیر لەوە ناکەنەوە کە کورد لە نێو ئەم هەموو لەهجە زۆر و زەوەندە چۆن بە یەکگرتوویی دەمێنێتەوە ئەگەر نەتوانن بە زمانێکی هاوبەش لەگەڵ یەک بدوێن و نەتوانن بە زمانێکی یەکگرتوو نووسین و بەرهەمی یەکدی بخوێننەوە. کامەیان دەبێتە مایەی دابەشکردنی نەتەوە: یەکزمانیی، یان فرە زمانی؟

ئەوەی ئەوان بۆ زمانی کوردی داوای دەکەن، تا ئێستا هیچ زماننناسێک ئەو کارەی بە زمانەکەی نەکردووە. هەر میللەتێک لە قۆناغی بە ستانداردکردنی زمانەکەیان بە گیانی هاوکاری و لەیەکگەیشتن و قوربانیدان پێکەوە لەسەر لەهجەیەک ڕێک کەوتوون و بوون بە خاوەن زمانێکی یەکگرتوو. تەجرەبەی بە ستانداردکردنی زمانەکانی دنیا ئەوە نیشان دەدات.

لەهجە و زمانی ستاندارد

هیچ گومان لەوەدا نییە کە بە هۆی هەژموونی زمانی ستانداردی ڕەسمیی وڵات، لەهجەکان بەرەبەرە لە زمانی ستاندارد نزیک دەبنەوە و جیاوازی لەهجەیش کەم دەبێتەوە، بەڵام ئەمە بە مانای مەرگی لەهجەکان نییە، هەموو زمانێک لەگەڵ لەهجەکانی بەم پرۆسەیەدا تێپەڕیوە. لەهجەش، وەک لە ئەزموونی زمانانی دنیادا هەیە، دەکرێ بە شێوازی جیاواز بوونی خۆی بپارێزێ.

ئەگەر لە باشووری کوردستان زمانی ستاندارد یەکلا کرایەوە، بن لەهجەکانی دی وەک بادینی و هەورامی و فەیلی، هەتا بن لەهجەکانی دیکەی کرمانجی ناوەڕاست وەک گەرمیانی، سلێمانی، سۆرانی، دەکرێ بە پلانێکی زمانیی پێشکەوتوو لە زۆر بواری هونەری و ئەدەبی و کولتووریی بەکار بێن و بایەخی لەهجەیی خۆیان لە دەست نەدەن و درێژە بە مانەوەی خۆیان بدەن.

لێرەدا جێگەی خۆیەتی باسی لەهجەی میسری بکەین کە لەهجەیەکی دەوڵەمەندی زمانی عەرەبییە، ئەو لەهجەیە بەشێکی زۆری عەرەب قسەی پێدەکەن، میسر وڵاتێکی پڕ لە دانیشتوانە، بە هۆی ئەوەی کە ئەم لەهجەیە لە بواری هونەری وەک شانۆ و دراما و تەمسیلی و سینەما، گۆرانی ...تاد لە میدیای وڵاتە

عەرەبییەکان بە شێوەیەکی فراوان بە کاردێت، بووە بە لەهجەیەکی بالآدەستی نێو لەهجەکانی زمانی عەرەبی، لە سەرانسەری ولاتانی عەرەبی دەتوانن تێی بگەن، یان قسەی پێ بکەن. وەک دەبینین زمانی ستانداردی عەرەبی کە پێی دەڵێن عەرەبی (فصحی) لەهجەی میسری لە ناو نەبردووە و مافی بەکارهێنانی لەهجەکەی لێ زەوت نەکردووە. دەکرێ لەبارەی لەهجەکانی دیکەی عەرەبی وەک لبنانی و عێراقی و سووری و مەغریبی...تاد هەمان شت بگوترێ. بە پێی تیورەکەی ئەمیری حەسەنپوور بێ، ئەوە هەموو گەلانی عەرەبی دووچاری چەوسانەوەی زمانیی هاتوون، چونکە لەهجەکەیان نەکراوە بە زمانی ستانداردی نووسین و خوێندن، شۆڤێنیزمی زمانی ستانداردی عەرەبی بە لەهجەی قورەیشی هەموو مافە زمانییەکانی گەلانی عەرەبی پێشێل کردووە..! نەخێر ئەو زمانە ستاندارد عەرەبییە گشت عەرەبی هەر لە کەنداوەوە تا ئۆقیانووسی ئەتلەسی گەیاندۆتەوە یەک، دەتوانن بە زمانێکی یەکگرتوو، ئەلفوبێیەکی یەکگرتوو لەگەڵ یەک بدوێن و بەرهەمی ئەدەبی و هونەری و شارستانی یەکدی بخوێننەوە. ئەو زمانە ستانداردە وای کردووە هەموو عەرەب سەرەڕای جیاوازی کولتووریی و مێژوویی و جوگرافی، سەرەڕای بوونی زیاتر لە بیست دەوڵەتی عەرەبی سەربەخۆ، بە هۆی ئەو زمانەوە لەگەڵ یەک پێوەندیان هەبێ و هەست بە ئینتیما بۆ یەک نەتەوە بکەن.

لەم سەردەمی بە جیهانیبوونە و زاڵبوونی زمانە گەورەکانی جیهان، بە تایبەت زمانی ئینگلیزی، زمانە بچووکەکان لەبەردەم ئەو شەپۆلە تونده‌ی بە جیهانی بوون توانایی خۆگرتنیان نییە و وەک گەلای دار هەڵدەوەرن. ئەمڕۆ لە جیهاندا هەر دوو هەفتە جارێک زمانێک لە ناودەچێت و دەمرێت، هەندێک لە شارەزایانی زمانناسی پێشبینی ئەوە دەکەن کە لەو حەوت هەزار زمانەی کە ئەمڕۆ لە دنیا قسەی پێدەکرێ، ڕەنگە تا کۆتایی سەدەی بیست و یەکەم تەنیا هەزار زمانێک بمێنێتەوە.(٦٨) بۆیە نەک هەر زمانی کوردی، بەڵکو زمانە زیندووەکانی ئەوروپاش کە بە ژمارە کەمن و تەنیا لە ولاتەکانی خۆیاندا بەکاردێن وەک هۆڵەندی و سوێدی و دانیمارکی و...تاد ترسی ئەوەیان هەیە لە پاشەڕۆژدا زمانەکانیان بایەخی نەمێنێت و زمانێکی جیهانی جێگەی بگرێتەوە، ئەمە چ جای زمانی کوردی کە زمانێکی یەکگرتوو و بەهێز و فەرهەنگێکی دەوڵەمەندی نووسینی نییە، کتێبخانەیەکی دەوڵەمەندی نییە، تەنیا بە شێوەیەکی مەحەلی بە کاردێت. ئاخۆ چارەنووسی ئەو هەموو لەهجە ستانداردەی کوردی چی بەسەر بێت؟ یان ئەو ستانداردەی بۆ بن لەهجەی بادینی پێشنیار دەکرێ لەبەردەم ئەم گەردەلوولە تونده‌دا چۆن خۆی دەگرێ. چۆن دەتوانێ بکەوێتە سەرپێ و ببێ بە زمانێکی ستانداردی پتەو و وەڵامی ئەو هەموو پێویستییانە بداتەوە، لەم سەردەمە جەنجاڵەی ئەمڕۆدا چۆن دەتوانێ درێژە بە بوونی خۆی بدات؟ وەک دیارە لەم سەردەمە پاشەڕۆژ بۆ زمانە بە هێزەکانە، بۆیە ئەگەر زمانێکی کوردی بە هێز هەبێت و هەموو لەهجەکان لە خۆی کۆبکاتەوە، ئومێدی بەردەوام بوون و مانەوەی زۆر زیاترە، لە بوونی کۆمەڵێک زمانی بچووک و بێ هێز.

حەسەنپوور و هاوبیرانی داوای بە ستانداردکردنی لەهجەکان دەکەن، بەڵام هەرگیز باسی ئەوە ناکەن ئەمە چۆن جێبەجێ دەکرێ و میکانیزمەکەی چییە و چۆنە؟ باسی ئەوە ناکەن ئەدی کورد بۆ ئیدارە و سیستمی خوێندن لە قوتابخانە و زانکۆکان بە چ زمانێک بێ، ئەوان ڕەنگە بڵێن هەر ناوچەیەک بە لەهجەکەی خۆی بێ، ئایا ئەمە تا چەند کارێکی عەمەلییە، لە باشووری کوردستان چوار زمانی ئیداری هەبێ و چوار زمانی خوێندنی پەروەردە و چوار زمانی خوێندنی زانکۆ هەبێ. بۆ نموونە کتێبی جوگرافیا و مێژوو، یان بیرکاری دەبێ بە چوار لەهجە چاپ بکرێن، هەر قوتابییەکی کورد بە لەهجەکەی خۆی بخوێنێ و هیچ کامیان لە یەکدی تێناگەن، هیچ کامیشیان نووسینی ئەوی دی نەخوێنێتەوە، ئایا ئەمە دەبێ بە چی؟ ئەو ولاتە چی بەسەر دێ؟ چ ئاژاوەیەکی زمانیی بۆ ئەو نەتەوەیە دروست دەبێ؟

حکوومەتەکانی عیراقی و جووت ستانداری زمانی کوردی

دوای دامەزراندنی یەکەم حکوومەتی عیراقی لە ساڵی ١٩٢١ و دوای لکاندنی ویلایەتی مووسڵ بە عیراق، کۆمیتەی ناوبژیوانی نێودەوڵەتی لە ڕاپۆرتی خۆیدا بۆ یەکلایی کردنەوەی ویلایەتی مووسڵ لە نێوان عیراق و تورکیا دوو مەرج بۆ عیراق دادەنێ بۆ ئەوەی ویلایەتی مووسڵی بخرێتە پاڵ: یەکەمیان عیراق دەبێ وەڵامدانەوەی هەبێت بۆ داخوازییەکانی زمانی کوردی، دووەمیان دەبێ کارمەندانی کورد بۆ بەڕێوەبەرایەتییەکانی کارگێڕی و دادوەری و پەروەردەیی دابمەزرێنێت.(٦٩) سەرەڕای بوونی مەرجی یەکەم بۆ بە ڕەسمی ناسینی زمانی کوردی لە عیراق، کەچی

حکوومەتە بەرەودواکانی عیراق هەوڵیان نەداوە بە جددی ئەو مەرجە جێبەجێ بکەن، لەپاڵ ئەوە هەوڵی پارچەکردنی زمانی کوردییان داوە.

هەوڵدان بۆ لەت کردنی زمانی کوردی و خوێندن بە دوو لەهجە، بە تایبەت لە باشووری کوردستان، هەر لە زووەوە حکوومەتی عیراقی سەردەمی مەلیکی پلانی بۆ دارشتووە. لە ساڵی ١٩٣١ کاتێک حکوومەتی ئەوسای عیراق، قانوونی زمانە مەحەلییەکان (قانوون اللغات المحلیه) دەردەکات، لە یەکێک لە بەندەکانی ئەو قانوونە رێگە خۆش دەکات بۆ خەڵکی بادینان و قەزا کوردنشینەکانی مووسڵ بە لەهجەکەی خۆیان بخوێنن. لە دەقی بەندی هەشتەمی ئەم قانوونەدا هاتووە" لە قەزاکانی سلێمانی و هەولێر و کەرکووک کە لەم یاسایە ئاماژەی پێکراوە "شێوە"ی زمانی کوردی ئەو شێوەیەی ئێستا دەبێت، بەڵام لە قەزاکانی لیوای مووسڵ کە لەم یاسایە ئاماژەی پێکراوە، ئەوە خەڵکی ئەو دەڤەرانە ئازادن لەوەی چ "شێوە"یەکی زمانی کوردی بەکاربهێنن، ئەمەش لە ماوەی ساڵێک لە جێبەجێکردنی ئەو یاسایەوە پەیڕەو دەکرێ"(٧٠) لێرەدا بە ڕوونی دیارە کە حکوومەتی ئەوسای عیراق مافی یەک زمان بۆ نەتەوەی کورد بە ڕەوا نابینێ، زمانی کوردییش وەک چەند زمانێکی ناوچەیی و مەحەلی سەیر دەکا و پێی ئاساییە چەند زمانێکی کوردی هەبێ. لە ئاست ئەم سیاسەتە دابەشکارییە زمانییە، مێژوونووس محەمەد ئەمین زەکی بەگ، هەڵوێستێکی کوردانە و بوێرانە وەردەگرێت و زۆر بە تووندی ڕەخنە لەم قانونە دەگرێت، یاداشتێک بۆ حکوومەتی عیراق و مەلیک فەیسەڵ دەنێرێ و لە نامیلکەیەکدا بە ناوی (دوو تەقەلای بێ سوود) لە ساڵی ١٩٣٥ بڵاوی کردۆتەوە، باوەڕی وایە ئەگەر لە کوردستانی عیراق بە دوو لەهجە بخوێندرێ، ئەوە " یەکێتیی زمانی کوردی تێک ئەدرێ. کە ئەمە ئەبێتە سەبەبی عاجزی و نەفرەتی کورد و قەت دەلالەت لە حوسنی نییەتی حکوومەت ناکا دەرحەقیان"(٧١)

حکوومەتەکانی دواتریش کە هاتوونەتە سەر کار لە عیراق بەردەوام هەوڵی پەراوێزخستن و ڕیشەکێش کردنی زمانەکەیان داوە، ئەگەر بۆشیان نەکرا بێ لەپاڵ بەخشینی چەند مافێکی زمانیی، هەوڵی دوو لەتکردنیان داوە بۆ دوو زمان، یانیش خەڵکی بادینانیان بە تەواوەتی لە خوێندن بە زمانی کوردی بێ بەش کردووە. دوای کارەساتی ئەنفال و کیمیاباران هەڵەبجەش، لە هەموو کورد ئاشکرا بوو کە ڕژێمی بەعس هیچ هەنگاوێک بۆ زمانی کوردی و فەرهەنگی کوردی هەڵنانێت، مەگەر بە مەبەستی سڕینەوە و ڕیشەکێش کردن و شێواندنی فەرهەنگی کوردی نەبێت. لەو ڕۆژە سەختانەدا ئەو ڕژێمە بە مەبەستی قوواڵکردنەوەی جیاوازی زمانیی لە نێو کورد و خستنەوەی دووبەرەکی، لە بەغدا دوو ڕۆژنامە بە زمانی کوردی دەردەکات: (ئاسۆ) بە لەهجەی کرمانجی ناوەڕاست، (بزاڤ) بە لەهجەی کرمانجی سەروو بە شێوە بادینییەکەی. وەک دەبینین ئەم جووت ستانداردییەی ئەمڕۆ هەر ئەو بەرنامە کۆنەیە، ئەم جارە لە ڕێی ڕۆشنبیران و زمانناسانی کورد بانگەشەی بۆ دەکرێ و هەوڵی جێبەجێ کردنی دەدرێ، ئەم جارە نەک تەنیا بۆ دوو ڕۆژنامە، بەڵکو بۆ دوو زمانی ستاندارد و دوو هەرێمی زمانیی..!

ئەنجامی باسەکە

هەر نەتەوەیەک لە پرۆسەی بە نەتەوە بوونیدا، هەوڵی پێکهێنانی زمانێکی یەکگرتووی ستاندارد دەدات، بۆ ئەوەی گشت ئەندامەکانی ئەو نەتەوەیە یەک زمانی نووسین و خوێندنیان هەبێ. بە دوو ستانداردکردنی دوو لەهجەی زمانی نەتەوەیەک، یان بەکارهێنانی هەموو لەهجەکانی بۆ نووسین، بێجگە لەوەی کە زمانەکە هەرگیز یەکگرتوو نابێ لە پاشەڕۆژێشدا ئەنجامێکی ترسناک و خراپی بۆ سەر نەتەوەکە و زمانەکە دەبێ.

لەو وڵاتانەی کە جووت ستانداردی زمانیی هەیە، بارودۆخەکەی تەواو لەگەڵ بارودۆخی زمانی کوردی و نەتەوەی کورد جیاوازە، بۆیە ناکرێ وەک نموونە بۆ زمانی کوردی سوودی لێوەرگیرێ.

ئەزموونی نەرویج ئەوە نیشان دەدات کە جووت ستانداردی تەجرەبەیەکی سەرکەوتوو نییە بۆ یەک نەتەوە. هەرچەندە بە هۆی بارودۆخی مێژوویی و سیاسی و کۆمەڵایەتی لە وڵاتەکە جێبەجێ کراوە، بەڵام دەسەڵاتی نەرویجی و ڕۆشنبیران بەردەوام هەوڵی ئەوەیان داوە نەتەوەی نەرویجی و زمانەکەی لە زمانێکی هاوبەش و یەکگرتوودا کۆبکەنەوە. ئەزموونی زمانی ئەرمەنیش ئەوە نیشان دەدات کە سەرەڕای جووت ستانداردی زمانەکەی، بەڵام لە وڵاتەکەیان هەر یەک ستاندارد بە ڕەسمی ناسراوە، ئەوەی دی لەلایەن ئەرمەنەکانی تاراوگە لە ئەوروپا و ئەمەریکا لە بواری خوێندن و کاروباری دینی بەکار دێ، زمانی ستانداردی ڕەسمی وڵات نییە، بەڵام لە هەمان کاتدا هەموو ئەرمەنەکان هەوڵ دەدەن هەردوو ستاندارد بکرێن بەیەک. تەجرەبەی زمانی ئەلبانیش، کە نموونەی زمانێکە ماوەیەک جووت ستاندارد بووە، بەڵام دواتر، لە چلەکانی سەدەی ڕابردوو گشت ئەلبانەکان

لەسەر یەک زمانی ستاندارد ڕێک دەکەون، ئەمەش دووبارە پشتگیری لەو ڕایە دەکات کە یەک نەتەوە دەبێ یەک زمانی ستانداردی هەبێ. ئەزموونی ئەو سێ زمانە ئەوە نیشان دەدەن کە جووت ستاندارد زمانی بۆ نەتەوەیەک دیاردەیەکی تەندروستی زمانی نییە، نامۆیە بە پرۆژەی نەتەوەسازی، کێشە و گرفتی زۆر بۆ ولاتەکە و نەتەوەکە دەخولقێنێ. ئەگەر لە بارودۆخێکی مێژوویی و سیاسی و کۆمەڵایەتیش بە ناچاری بۆ زمانی نەتەوەیەک هاتبێتە پێش، ئەوە ئەو نەتەوەیە هەمیشە هەوڵی یەکگرتن و یەکخستنی زمانەکەی داوە.

جووت ستانداردی بۆ زمانی کوردی کە لە چوار لەهجەی سەرەکی پێکدێت، دیاردەیەکی نەگونجاو و ناپەسندە، جێبەجێ کردنی لە کوردستانی باشوور زەمینە بۆ هەموو لەهجە سەرەکییەکانی دی خۆش دەکات کە ئەوانیش هەمان ڕێچکەی بە ستانداردبوون بگرنە بەر.

کەواتە ئەو جووت ستانداردییەی کە ئەمیری حەسەنپوور و هاوبیرانی بۆ کوردستانی باشوور دەیخەنە ڕوو، دووبارەکردنەوەی تەجرەبەیەکە پڕە لە گرفت و کێشە و دووبەرەکی زمانی لە نێو یەک نەتەوە، جێبەجێ کردنیشی لە هەرێمی کوردستاندا، ئاژاوەیەکی زمانیی لێدەکەوێتەوە، ڕەنگە ئەو کاتەش چارەسەر کردنی زۆر دژوار بێت. لە ئەنجامیشدا وەک یەک نەتەوە هەر دەبێ لەسەر یەک زمانی ستاندارد ڕێک بکەونەوە.

پەراوێز و سەرچاوەکان:

٤٩- حەسەنی قازی لایەنگرێکی سەرسەختی بۆچوونەکانی حەسەنپوورە. بە وتارنووسین و چاوپێکەوتن و دیداری تەلەفزیۆنی، هەوڵێکی بێ وچان دەدا بۆ ئەوەی زمانی یەکگرتووی کوردی دروست نەبێ. بۆ سەلماندنی بۆچوونە چەوتەکانی خۆی و حەسەنپوور پەنا بۆ چەواشەکاری و هەڵگێڕانەوەی ڕاستییە زمانەوانییەکان دەبا. لە وتارێکی بە ناوی (زۆربەی زمانە زیندووەکان فرە ستاندارد و فرە ناوەندن) باس لەوە دەکا کە زۆربەی زمانانی دنیا فرەستاندارden، نموونەی چەند زمانێکی وەک ئینگلیزی، ئەڵمانی، فەرەنسی...تاد دێنێتەوە، کە گوایە فرەستاندارden، بۆیە زۆر پێی ئاساییە ئەگەر زمانی کوردیش فرەستاندارد بێ. نووسەر بە شێوەیەکی چەواشەکارانە هەر بۆ ئەوەی پاساو بۆ فرەستانداردی زمانی کوردی بێنێتەوە، هەوڵی شێواندنی سیستمی ستانداردی ئەو زمانانەش دەدا. وەک دیارە هەر یەک لەو زمانانە، زمانی تاک ستاندارden، بەڵام تاک ستانداردی فرەسێنتەرن کە لە زمانناسی پێی دەگوترێ Plu-ricentric واتە لە بنچینەدا یەک زمانی ستانداردە، بەڵام بە هۆی دوورکەوتنەوەیان لە یەک، شێوە version ستانداردەکەیان کەمێک لە ڕووی وشە و ڕێنووس و بێژەکردنی چەند دەنگێک جیاوازی دروست بووە، وەک ئینگلیزیی بەریتانی و ئەمەریکی، جیاوازی ئەم دوو شێوە ئینگلیزییە لەسەر بنچینەی دوو لەهجەی زمانی ئینگلیزی پەیدا نەبووە، یەک زمانی ستانداردی ئینگلیزی بەریتانییە لەسەر لەهجەی لەندەن، دواتر کە لە سەدەی پانزدەم بە دواوە ئەو زمانە دەچێت بۆ ئەمەریکا و ئەفەریقای باشوور و ئوسترالیا و هیندستان ئەوجا جیاوازییەکان دەست پێدەکەن دەبێت بە زمانێکی ستانداردی فرەسێنتەر، ئینگلیزیی ئەمەریکی و بەریتانی و ئوسترالیایی و باشووری ئەفریقایی پەیدا دەبێت، بەڵام ئەمڕۆ فرەستانداردی زمانی کوردی لە سەر بنچینەی لەهجەکانی زمانی کوردییە کە ئەمە دوو پرۆسەی تەواو جیاوازە بە هیچ شێوەیەک ناکرێ فرەسێنتەری ئەو زمانانە بە نموونە بهێنرێتەوە پاساوی فرەستانداردی زمانی کوردی پێ بکرێ.

بۆ خوێندنەوەی ئەم وتارە بڕوانە ئەم مالپەڕە:

http://ruwange.blogspot.com/2008/05/blog-post_26.html.

٥٠- جەعفەر شێخولئیسلامی بۆ پاساوی بیروڕاکانی خۆی و حەسەنپوور، لە هەموو نووسینەکانی زمان و لەهجە تێکەڵ دەکا و پێی وایە لەهجە کوردییەکان زمانە کوردییەکانن، هەر بۆیە نموونەی زمانی فەرەنسی و ئینگلیزیی کەنەدا بۆ دوو لەهجەی کوردی دێنێتەوە. وەک بڵێی پێوەری جوداکردنەوەی زمان و لەهجە بە دەست خۆی بێ نەک پێوەری کولتووریی و مێژوویی و سیاسی و کۆمەڵایەتی، کە بڕیاردەرن لەسەر ناسنامەی ئەو لەهجانە کە کوردین و بە دریژایی مێژوو کورد ئەو لەهجانەی بە کوردی ناسیوە. لە چاوپێکەوتنێکیدا هەر بۆ ئەوەی لەهجە کوردییەکان بێن بە زمان و زمانێکی یەکگرتووی کوردی دروست نەبێ، ئیشارەت بەوە دەدات کە ڕەنگ بێ زمانی کوردیش هەمان چارەنووسی زمانی لاتینی بۆ بڕەخسێ و هەر لەهجەیەکی کوردی ببێت بە زمانێکی سەربەخۆ، هەروەک چۆن زمانی لاتینی لە ئەوروپا کۆتایی هات و زمانی فەرەنسی و ئیتاڵی و ئیسپانی و ڕۆمانی و کەتەلانی لێ پەیدا بوو. بۆ خوێندنەوەی دەقی چاوپێکەوتنەکە، بڕوانە ئەم مالپەڕە:

http://hedih.blogspot.com/2004/02/blog-post_23.html.

٥١- بڕوانە ئەمیری حەسەنپوور، کوردی وەک زمانێکی جووت ستاندارد لە مالپەڕی:

http://www.kurdishacademy.org/?q=node/22

٥٢- گۆڤاری مەتین، ژمارە ١٩٠، ساڵی ٢٠١٠.

٥٣- الدکتور فؤاد حمه خورشید، اللغة و اللهجات الکوردیة، دار الثقافة و النشر الکردیة، بغداد، ٢٠٠٥. ص١٧.

٥٤- بڕوانە ئەمیری حەسەنپوور، شۆڤینیسمی سۆرانی و

ئەفسانەکانی، بەشی یەک، هەفتەنامەی فەرهەنگی هەولێر، ژمارە ٢٢، ئاداری ٢٠١٠.

٥٥- مصاحبه با پروفسور امیر حسن پور، زبان، زبانشناسی و زبان کوردی، کوردناسی، گاهنامه فرهنگی/سیاسی/ اجتماعی، سال اول/ شماره ١ /٢٠٠٨، ص٨٩. لەو شوێنەی کە باس لە فرەستانداردی زمانی عەرەبی دەکات دەقە فارسییەکەی ئەمەیە: " در مورد عربی هم، با تجزیه‌ی سرزمین های عربی به حدود بیست دولت-ملت و رشد ناموزون اجتماعي-اقتصادی امروز زبان عربی چند استاندارد دارد: قاهره، دمشق، مراکش، بغداد و غیره."

56-Tore Janson, The History of Languages, An Introduction, Oxford Textbook in Linguitics, Oxford University Press, UK. P.103 ? 116.

٥٧- بۆ بیروڕای جەعفەر شێخولئیسلامی لە بارەی فرەستانداردی و پشتگیری بۆ ئەمیری حەسەنپوور بڕوانە ئەم مالپەڕە:

http://ruwange.blogspot.com/2008/04/blog-post_30.html، هەروەها لەبارەی تێکەڵکردنی لەهجە لەگەڵ زمانێکی سەربەخۆی ستاندارد بڕوانە ئەم مالپەڕە:

http://wwww.kurdishacademy.org/?q=fa/node/712. بۆ بیروڕای حەسەنی قازی لە بارەی جووت ستانداردی بڕوانە ئەم مالپەڕە:

http://wwww.kurdishacademy.org/?q=fa/node/95.

٥٨- وتوێژ دەگەڵ دکتۆر ئەمیری حەسەنپوور، زمان و زاراوە، بۆ دەقی چاوپێکەوتنەکە بڕوانە ئەم مالپەڕە:

http://hedih.blogspot.com/2004/02/blog-post_07.html

٥٩- بۆ جوداکردنەوەی زمان و لەهجە تا ئێستا هیچ پێوەرێکی زمانەوانی نییە لە یەکیان جودا بکاتەوە، پێوەرەکان زیاتر کولتووریی و مێژوویی و نەتەوەیی و کۆمەڵایەتی و سیاسین، بە پێی ئەم پێوەرانە ئەم لەهجە کوردییانە بە دریژایی مێژوو لای کورد و نەتەوەکانی دەوروبەریان بە کوردی ناسراون، ئەمە هەرچەندە هەندێک لەهجە لەیەک حاڵیبوونیان نەبووە، بەڵام بە هۆی هاونەتەوەیی و تێکەڵاوی ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و کولتووریی ئاخێوەرانیان لەگەڵ یەک، شێوە زمانەکەیان بە بەشێک لە زمانی کوردی زانیوە.

٦٠- ئەمیری حەسەنپوور، شۆڤینیسمی سۆرانی و ئەفسانەکانی، بەشی یەک، هەفتەنامەی فەرهەنگی هەولێر، ژمارە ٢٢، ئاداری ٢٠١٠.

٦١- هەمان سەرچاوەی پێشوو.

٦٢- بۆ زانیاری زیاتر لەبارەی زمانەکانی هیندستان بڕوانە مالپەڕی ویکیپیدیا: http://en.wikipedia.org/wiki/Languages_of_India

٦٣- ئەمیری حەسەنپوور، شۆڤینیسمی سۆرانی و ئەفسانەکانی، بەشی یەک، هەفتەنامەی فەرهەنگی هەولێر، ژمارە ٢٢، ئاداری ٢٠١٠.

٦٤- هەمان سەرچاوەی پێشوو.

٦٥- بۆ دریژەی ئەم سیمیناره بڕوانە مالپەڕی ڕوانگە:

http://ruwange.blogspot.com/2012_05_01_archive.html

٦٦- بۆ دریژەی ئەم باسە بڕوانە مالپەڕێ ڕوانگە:

http://ruwange.blogspot.be/2013/02/blog-post_23.html

67- Herbert Schendl, Historical Linguistics, Oxford University press, UK, 2001. P. 3.

٦٨- بۆ دریژەی ئەم باسە بڕوانە ئەم مالپەڕە:

www.nationalgeographic.com/mission/enduringvoices

٦٩- د. نەریمان عەبدوڵڵا خۆشناو، زمانی کوردی لە دەستوورەکانی عیراق و دەستووری هەرێمی کوردستان، گۆڤاری ڕامان، ژمارە ١٩٤، ساڵی ٢٠١٣، ل١٢١.

٧٠- سەلام ناوخۆش، یاسای زمانە ناوچەییەکان، یەکەم هەوڵی حکوومەتی عیراقی بۆ دابەشکردنی کوردی باشوور بۆ دوو نەتەوە، گۆڤاری زمانناسی، ژمارە ١٢، ٢٠١١، ل١١٥-١١٦.

٧١- محەمەد ئەمین زەکی، دوو تەقەلای بێ سوود، سەباحی غالب، توێژینەوە و لێکۆڵینەوە و پێشەکی بۆ نووسیوە و پەراوێزی بۆ ڕێک خستووە. چاپخانەی هەڵەبجە، لەندەن، ١٩٨٤، ل١١٣.

تێبینی:

ئەم وتارە لە هەفتەنامەی فەرهەنگ (پاشکۆی ڕۆژنامەی هەولێر)، ژمارە ٤١، تەمموزی ٢٠١٠ بڵاوکراوەتەوە. بەهۆی ئەوەی گۆڕانێکی بنەڕەتی بەسەر ناوەرۆکی باسەکەدا هاتووە و پوختەتر و دەوڵەمەندتر کراوە، بۆیە بە باشمان زانی لە گۆڤاری (ڕامان)دا بڵاو بکرێتەوە.

کورد و شەڕی ڕووسیا و دەوڵەتی عوسمانی ١٨٧٧ - ١٨٧٨

ئەحمەد باوەڕ
(زانکۆی گەرمیان - کۆلێژی پەروەردە)

هەریەک لە ئیمپراتۆریەتی ڕووسی و دەوڵەتی عوسمانی وەک دوو فەرمانڕەوای گەورە و بەهێز لە ناوچەکەدا، بەتایبەتی لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەم بەدواوە و پێشتریش بە بەردەوامی لە پێشبڕکێ و ململانێیەکی سیاسی و سەربازی بەردەوامی یەکتردا بوون، بەوەی هەریەک لەم دوو قەڵەمڕەوە بەجۆرێک دەیانویست ناوچەکانی ژێردەسەلاتی خۆیان لەسەر حیسابی یەکدی فراوان بکەنەوە و لە هەمان کاتیشدا بتوانن دەست بەسەر ناوچە ستراتیژی و گرنگەکانی ئەم هەرێمەدا بگرن، بە تایبەتی لەو دەمانەوە کە ڕۆژ بە ڕۆژ سەرهەڵدان و نفووزی وڵاتانی ئەوروپایی وەک: بەریتانیا، ئەڵمانیا، ئیتاڵیا و نەمسا لەم سنوور و ناوچانەوە نزیک دەبوونەوە و لە لایەکی تریشەوە ئیمپراتۆریەتی ڕووسی دەیویست ئەو هەژموونە سیاسی و سەربازییەی کە بە درێژایی چەند سەدەیەک لە ناوچەکەدا هەیبوو، بمێنێتەوە و پارێزگاری لێ بکا، لەهەمان کاتیشدا ئەو شکۆیەی کە لە ماوەی بەرپابوونی شەڕی قرمی (١٨٥٣- ١٨٥٦)دا لە دەستی دابوو، بیگێڕێتەوە و شانوشکۆی خۆی وەک وڵاتێکی زلهێزی ئەوکاتە بخاتەوە بەرچاو، سەرەڕای هەوڵدانی بەردەوامی ڕووسیا بۆ گەیشتنی بە ئاوەگەرمەکان و پێشبڕکێ کردنی بەردەوامی لەگەڵ وڵاتانی دیدا، هەروەها یەکێک لە ویست و لە ئاواتە لە مێژینەکانی ڕووسیا ئەوەبوو دەست بەسەر گەروەکاندا بگرێت، هاوکات ئەوەشی بۆ بێتەدی کە یەکێتییەکی (سوڵاڤی) لە ناوچەی بەڵقاندا بهێنێتەکایەوە.

لەو ماوەیەشەوە کە تەنگژەیەکی بەردەوام لەناوچەی ناوبراودا هاتەکایەوە. لە بۆسنێ و هەرزە گۆڤینیا بە هۆی

ئەو باجە توندوتیژەی کە لەلایەن دەوڵەتی عوسمانی و سوڵتانی عوسمانییەوە بەسەریاندا دەسەپێنرا.

ئەوەبوو بەڵقانییەکان ئەم بارودۆخەیان بە هەلزانی لەچوار چێوەی دەوڵەتی عوسمانیدا، دەرئەنجامەکەشی ئەوەی لێکەوتەوە کە جۆرێک لە شۆڕش و ڕاپەڕین لەم ناوچەیەدا سەرچاوە بگرێ و زۆرێک لە سەرب و دانیشتوانی سربیا (صرب) و چیای ڕەش و بولگاریا تێیدا بەشداریان کرد، بەسەریەکەوە داوا کارییەکەشیان لەوەدا سەرچاوەی دەگرت، وەک ناوچەیەکی سەربەخۆ کاروباریان بەدەستەوە بێت، ئەمەش لەدواییدا بووە خاڵێکی وەرچەرخان و مایەی ئەوەی وا لە ئیمپراتۆریەتی ڕووسی بکات و ڕێگای ئەوەی بۆ خۆش بکات کە دەست بخاتە ناو کاروباری ئەم ناوچەیەوە. دەوڵەتی عوسمانیش لای خۆیەوە دەیویست لەڕێگەی بەکارهێنانی هێز و سەرکوتکردنەوە، کۆتایی بەو قەیرانە بهێنێت، وەک ئەوەی بۆ ماوەیەک توانی لە ڕێگای بە کارهێنانی هێز و پرۆسەی سەربازییەوە کۆتایی بە شۆڕشی دانیشتوانی ئەو ناوچەیە بهێنێ، بەڵام ڕووسیا لێرە بە دواوە و بە شێوازێکی ڕاستەوخۆ هاتە ناو هاوکێشەکەوە و یەکێک لە هەوڵەکانیشی لەگەڵ وڵاتانی ئەوروپادا ئەوە بوو ئەو بارودۆخە لە ڕێگای دانووستان و بەستنی کۆنگرەیەکی نێودەوڵەتییەوە یەکلایی بکرێتەوە و شوێنی بەستنیشی شاری ئەستەنبوڵی پایتەختی دەوڵەتی عوسمانی بێت، بەڵام فەرمانڕەوایانی عوسمانی لەسەر ئەمەشیان ڕازی نەبوون بەو بیانووەی نابێت هیچ وڵاتێکی دەرەکی دەست لە کاروباری وڵاتەکەیان وەربدات، هەر ئەمەش بووە مایەی ئەوەی کە ڕووسیای تزاری (قەیسەری) لە کۆتاییەکانی مانگی نیسانی ١٨٧٧ـەوە جەنگ دژ بە دەوڵەتی عوسمانی و فەرمانڕەوایانی عوسمانی ڕابگەیەنێت(١).

هەنگاونانێکی لەو بابەتەش دوای ئەوە هاتەدی کە حکوومەتی ڕووسیا نوێنەر و ڕاپەڕێنەری کاروباری دەروازەی بالای عوسمانی لە شاری (پترا سبۆرگ)ی ئاگادار کردەوە، کە ئەوان بە ناچارییەوە پەنا دەبەنە بەر بە کارهێنانی هێز بۆ جێبەجێکردنی داواکاریەکانیان، بەڵام ئەوەی کە پەیوەست بووبێت بە وڵاتانی جۆر بە جۆری ئەوکاتەی ئەورووپا، بە تایبەتی نەمسا و ئەڵمانیا و ئیتاڵیاوە، ئەمانە بێ لایەنیی خۆیان ڕاگەیاند، بەڵام وڵاتێکی وەک ڕۆمانیا لە پێش بەرپابوونی جەنگەوە بەڵێنی بە ڕووسیا دابوو بە شێوازێکی نهێنی و پەیماننامەی ئەوەشی لەگەڵدا مۆر کرد بوو، لەکاتی بەرپا بوونی جەنگدا ڕووسیای تزاری بۆی هەبێت خاکی ئەو بەکار بهێنێت، بۆ تێپەڕاندنی هێزەکانی بەرەو بەرەکانی جەنگ(٢).

لەم ماوەیەشەوە (شێخول ئیسلام)ی دەوڵەتی عوسمانی کە لەو دەمانەدا کەسایەتییەکی وەک (حەسەن خەیرولڵا ئەفەندی) بوو بۆ بەرپەچدانەوەی ڕووسیا و هێزی سەربازی ڕووسیا دوو فتوای ڕاگەیاند یەکەمیان: پێوەندی بەلایەنی شەڕ و جیهاد کردنەوە هەبوو بە جۆرێک لەسەر هەموو موسڵمانێک پێویستە کە دژی ڕووسیا بجەنگێت. دووەمیان: بەخشینی نازناوی (غازی) بوو بەسوڵتان عەبدولحەمیدی دووەمی عوسمانی (١٨٧٦- ١٩٠٩) بەوەی ئەمە لە هەموو مینبەری مزگەوتەکانەوە بڵاو بکرێتەوە و بە کۆمەڵانی خەڵک ڕابگەیەنرێت. هاوکات هێزەکانی ڕووسیاش کەوتنە ئەوەی لە دوو بەرەی جیاوازەوە هێرش بکەنە سەر سنوورەکانی دەوڵەتی عوسمانی و بەم شێوەیە:

بەرەی یەکەم: لە ناوچەی بەڵقان و تەوەری خۆرئاواوە دەستی پێکرد.

بەرەی دووەم: لەتەوەری قەوقاز و لای ڕۆژهەڵاتیەوە کە بەزۆری لە ناوچە کوردنشینەکانەوە نزیک بوو. بە جۆرێ سوپای ڕووسیا توانی تاڕادەیەکی زۆر لە هەردوو بەرەکەوە پێشڕەوی بکات و بە تەواوی بێتە ناو خاکی دەوڵەتی عوسمانییەوە، بەتایبەتی لەبەرەی یەکەمیانەوە. بەڕادەیەک هێندەی نەمابوو هێزەکانی ڕووسیا بگەنە ناوەندی دەسەڵاتی دەوڵەتی عوسمانی، تەنانەت دەست بەسەر (ئەستەنبوڵ)ی پایتەختدا بگرن، بەڵام بەریتانیا لەم ماوەیەدا فەرمانی بە هێزەکانی خۆیدا کە بەرەو گەرووی (دەردەنیل) پێشڕەوی بکەن و ڕێگە نەدەن ڕووسیا بتوانێ ناوەندی دەسەڵاتی دەوڵەتی عوسمانی داگیر بکا و بیخاتە ژێردەسەڵاتی خۆیەوە. سەرەڕای داواکردنی ڕووسیا لە هێزە یەدەگەکانی بۆ ئەوەی بکەونە ئامادە باشییەوە، بۆ کاتی پێویست و سەرهەڵدانی هەر ڕووداوێکی لەناکاو، ئەمەش بووە مایەی ئەوەی کە ڕووسیا

پێشڕەوی کردنی هێزەکانی خۆی لە مانگی مارتی ١٨٧٨ـەوە ڕابگرێت، بێجگە لەوەش سوڵتانی عوسمانی داوای لە فەرمانڕەوایانی بەریتانیا کرد بە تایبەتی مەلیکە ڤیکتۆریا (- 1819-1901 Queen victoria) کە بکەوێتە نێوانیانەوە و کارێکی وابکرێت ئاگربڕ لە نێوان ڕووسیا و دەوڵەتی عوسمانیدا بێتەکایەوە، بۆ ئەو مەبەستەش سەرۆک وەزیرانی ئەوکاتەی بەریتانیا بینجامین دزرائیل (Benjamin Disraeli -1804 -1881)ی بۆ جێبەجێکردنی پرۆسەی شەڕ ڕاگرتن، کەوتە نێوان هەردوولایەنی شەڕکەرەوە، تەنانەت وای لە ئەنجوومەنی وەزیرانی وڵاتەکەی خۆی کرد کە بەشێوازێکی ڕاستەوخۆ بێتە ناو هاوکێشەکەوە و پرۆسەی پێشڕەوی کردن و شەڕ لە نێوان دەوڵەتی عوسمانی و ڕووسیای قەیسەریدا ڕابگیرێ.

بەڵام هەریەک لە ڕووسیا و دەوڵەتی عوسمانی هەوڵێکی زۆریان دەدا لە پێناوی ئەوەی کە سەرنجی خێڵ و هۆزە کوردەکانی ناوچەکە بۆ لای خۆیان ڕابکێشن و لە مەشیاندا دەوڵەتی عوسمانی هەوڵەکانی لەوەوە سەرچاوەی دەگرت کە سۆزی ئایینی کوردەکان، هەروەها دەمارگیری ئایینی خەڵکی کوردستان و ناوچە کوردنشینەکان بجوڵێنن. لە پرۆسەی ململانێ کردنیاندا دژی ڕووسیا، هەر بۆیە سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەمی عوسمانی لە فەرمانێکی تایبەتدا جیهاد و (جەنگی پیرۆزی) دژی ئیمپراتۆریەتی ڕووسی ڕاگەیاند(٣)، هەرچەندە دەوڵەتی عوسمانی لەم بارودۆخ و هەلومەرجەدا ئامادەییەکی ئەوتۆی تێدا نەبوو کە بە تەواوی بێتە مەیدان و بکەوێتەوە شەڕەوە لەگەڵ ڕووسیادا، بۆیە بە زۆری هەموو پشتگیرییەکی خۆی لەوەوە چاوەڕوان دەکرد کە لە لایەن کورد و هۆزەکانی کوردەوە بۆی دەستەبەر بێت. بۆ نموونە یەکێک لە سەرکردە نیزامییەکانی تورکی عوسمانی بەناوی (فایەق پاشا)ـەوە لە شاری وان وای دەگێڕێتەوە: «لە شاری وان لە باتی سوپایەکی (٦٠٠٠٠) هەزاری تەنیا (٣٧٠) سەربازی ڕەشوڕووت و پەلێکی سواری کەم و وڵاخ و بەتاریەیەکی هەبوو»ـە(٤).

هەرکە شەڕیش دەستی پێکرد، بارودۆخەکە تاڕادەیەک گۆڕانی بەسەردا هات بەوەی کەسایەتییەکی وەک: شێخ عوبێدوڵڵای کوڕی شێخ تەهای کوڕی شێخ ئەحمەد شەهابەدینی نەهری (١٨٣٠- ١٨٨٣) شانبەشانی فەرمانڕەوایانی عوسمانی، دژی ڕووسیا بەشداری کرد و توانی ژمارەیەک لە کوردەکان بباتە ڕیزی هێزەکانی تورکیاوە، هەروەها ژمارەی ئەو موریدانەشی کە ببوونە هاوکاری خۆی و لەگەڵیدا بەرەو بەرەکانی جەنگ ببوونەوە. ژمارەیان خۆی لە (٣٠٠) کەس دەدا و لە ماوەیەکیشدا ئەو هێزانەی کە شێخ عوبێدوڵڵای نەهری ڕێبەرایەتی دەکردن دژی ڕووسیا بەردەوام ژمارەیان لە زیادبووندا بوو، هەرچەندە لە ماوەیەکیشدا زۆرێک لە کوردەکان لە تاو سیاسەتی دەوڵەتی عوسمانی و ڕەفتاری دەوڵەتی عوسمانی دەستە دەستە و بە کۆمەڵ وازیان دەهێنا و بەرەو ناوچەکانی خۆیان دەگەڕانەوە(٥). وەک ئەوەی لە (١٧ حوزەیرانی ١٨٧٧)ـەوە و لە قۆڵی بایەزیدەوە (١٥٠٠) کەس وازیان هێناو دواتر (١٠٠٠) کوردی ناوچەکانی تریش دایانە پاڵ ئەمانەوە.لە هەمان کاتیشدا هۆزەکانی ناوچەی دەرسیم و کوردانی پاشلکی قارس و تایەفەکانی جەماندیلی و زیلانی و قەسقانلی، هەروەها ژمارەیەکی دی لە هۆزەکانی کورد ئامادە نەبوون شان بەشانی دەوڵەتی عوسمانی دژی ڕووسیا بچنە جەنگەوە، بۆ نموونە کوردە دەرسیمییەکان، کە بە چاوی خۆیان بینییان لەشکری تورک لە ناوچەکەیان نەماون و بەرەو گۆڕەپانی جەنگی دژ بە ڕووسەکان بوونەتەوە، ئەمانیش لای خۆیانەوە کەوتنە وێران کردن و کاول کردنی سەربازگەکانیان و بەدار و تێلاّ ئەو کاربەدەستانەی تورکیان ڕاو نا کە دەیانویست بیانکەن بەسەرباز، بەڵام لەم ماوەیەشەوە کە کەسێکی وەک شێخ عوبێدوڵڵای نەهری ویستی ئابلۆقەی قەڵای بایەزید بدات. ژمارەی هێزەکانی نزیکەی (٥٠٠٠) هەزار کەس دەبوون، کەچی لە دواییدا و ئەوانەی کە لەگەڵیدا مانەوە تەنیا (١٤٤٣) کەس بوون و ئەوانی دی لێی تەکینەوە، ئەمەش بە یەکجارەکی شێخ عوبێدوڵڵای ناچارکرد واز لەو ئابلۆقەیە بهێنێت کە بەسەر شاری بایەزیددا سەپاند بووی(٦).

بێجگە لە شێخی نەهری، زۆرێک لەو هۆزە کورد و

کەسایەتییانەی کە سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەمی عوسمانی پەنای بردبوونە بەر و داوای یارمەتی لێکردبوون بۆ جەنگی دژی ڕووسیا، لەوانە هۆزی ناسراوی هەمەوەند و شێخ کاک ئەحمەدی سلێمانی (١٧٩٣- ١٨٨٧) لەبەشی باشووری کوردستانەوە، شان بەشانی عوسمانییەکان هەڵوێستێکی بێ وێنەیان بۆ پاڵپشتی کردنی دەوڵەتی عوسمانی نواند، هەرچەندە دواتر سوڵتانی عوسمانی لە ماوەیەکدا و لە پاداشتی ئەو هەڵوێستەیاندا ناوچەکانی ژێردەسەڵاتیانی تاڕادەیەک فراوان کردۆتەوە و بەمووڵکی زیاتر پاداشتی کردوونەتەوە(٧).

سەبارەت بە کاک ئەحمەدی شێخ، سوڵتانی عوسمانی بە خۆی داوای ئەوەی لێدەکات کە لەشاری ئەستەنبوڵ سەردانی بکات، بەڵام ئەمیان کەسایەتییەکی وەک سەید محەمەدی موفتی لە جێگەی خۆی دەنێرێتە دیدەنی سوڵتان و هەر کە جەنگیش بەرپا دەبێت کاک ئەحمەد ژمارەیەک جەنگاوەری لە لایەنگرانی خۆی بۆ بەرەکانی جەنگ بەناوی جیهادەوە و بە سەرکردایەتی شێخ سەعیدی نەوەی ناردووە، بێجگە لەوانەی کە پێشتر ئاماژەمان بۆ کردن لە بەشی باکووری کوردستانیشەوە سوڵتانی عوسمانی پەنای بردۆتە بەر بنەماڵەی بەدرخانییەکان و داوای ئەوەی لێکردوون کە لە ڕووی هێزی چەکدارەوە پشتگیری لێ بکەن، هەرچەندە سوڵتانی عوسمانی لە ساڵانی پێشتردا ژمارەیەکی زۆریان، تەنانەت بە بەدرخان پاشا (١٨٠٣-١٨٦٩)ی بەناوبانگیشەوە بۆ دوورگە و ویلایەتە دوورە دەستەکانی عوسمانی وەک: کریت و سیلیستەرە و ڕۆدس و شوێنانی دی دوور خستبووەوە. وێڕای داواکردن لە خانمی ناسراوی کورد (قەرە فاتمە) کە پێشتر یەکێک بووە لەوانەی لە جەنگی قرمدا، شان بەشانی دەوڵەتی عوسمانی دژی ڕووسیا جەنگاوە. ئەوە بوو لە مەشیاندا بە نزیکەی (٥٠٠) سوارەی کوردەوە و لە بەرەکانی ئەرزڕۆم و قارس و ئەردەهاندا ڕوو بە ڕووی ڕووسەکان بۆتەوە و دژیان جەنگاوە(٨).

سەرەڕای ئەو بەشداربوون و پاڵپشتییەی کە گەلی کورد و بنەماڵە و هۆزەکانی کورد دەیانبینی لە ڕوو بە ڕوو بوونەوەی ئیمپراتۆریەتی ڕووسیدا، کەچی فەرمانڕەوایانی تورکی عوسمانی، بۆ لایەنی ئازووقە و تەموین و سەرچاوەی خۆراکی هێزەکانیان بە زۆری ئەمەیان لە کورد و لە ناوچە کوردنشینەکانەوە کۆ دەکردەوە و بە سەر کۆمەڵانی خەڵکی کوردستاندا سەپاندبوویان، کە بۆیانی ئامادەبکەن و بۆ بەرەکانی جەنگی بنێرن، تەنانەت زۆر جاری واش هەڵکەوتووە کە لە ڕووی باج و سەرانەوە، هەروەها بۆ مووچەی مانگانەی سەربازەکانیشیان دەکەوتنە گیانی خەڵکی ناوچە کوردنشینەکان و پارە و پوولیان لێ دەسەندن، تەنانەت بە شێوازی ڕاووڕووت لە خەڵک و دانیشتوانیان کۆدەکردەوە(٩)، ئەمەش لە دواییدا بووە مایەی ئەوەی کە زۆرێک لە سەرۆک هۆز و کەسایەتییە کوردەکان پشت لە سوپای عوسمانی بکەن و بە بێزارییەکی زۆرەوە بەرەکانی جەنگیان دژی ڕووسیا بەجێ دەهێشت. دەرئەنجامەکەشی ئەوەی لێ کەوتەوە کە ببێتە مایەی ئەوەی دەوڵەتی عوسمانی لەم جەنگەدا تووشی تێکشکان، هەروەها زۆرێک لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی لە بەرەی ڕۆژهەڵاتەوە بۆ ڕووسیا لە دەست بدا، بە تایبەتی شار و ناوچە گرنگەکانی وەک: باتۆم، ئەردەهان، بایەزید، قارس و ئەشگرد(١٠).

سەرەڕای سەپاندنی هەریەک لە پەیماننامەکانی سان ستیفانۆی (یشیل کۆی) ئێستا کە لە (٣ی مارتی ١٨٧٨) داو بە ئامادە بوونی (سەفوەت پاشا)ی وەزیری کاروباری دەرەوەی دەوڵەتی عوسمانی و (جەنەڕاڵ ئەگناتیێف)ی ڕووسی مۆرکرا. بە جۆرێک بنەماکانی ڕێککەوتننامەکە لە (٢٩) ماددە پێکهاتبوو. لە هەمان کاتیشدا بە زۆری بنەماکانی لە بەرژەوەندی ڕووسیادا دەشکایەوە و ئەوەشی کە زیاتر بۆ دەوڵەتی عوسمانی جێگای ناڕەزایی بووبێت بەندی (١٦) یەمی بوو، کە بە پێی ئەمە دەبوایە دەوڵەتی عوسمانی چاکسازی پێویست لە ناوچە ئەرمەن نشینەکاندا بکات، لە هەمان کاتیشدا دەبوایە پاراستنیانی لە هەر مەترسییەکی شەرکەسی (چەرکەس) و کوردەکان دەستەبەر بکردایە، کەچی (پەیماننامەی بەرلین) کە لە ١٣ حوزەیرانی ١٨٧٨دا بەسترا، بە سەریەکەوە لە (٦٤) بەند پێکهاتبوو و لە ١٣ی تەمووزی هەمان ساڵدا مۆرکرا، بۆ ئەوە بوو کە کۆتایی بەو کێشە و مەترسیانەی ڕووسیا بهێنرێت، بۆ

سەر بەرژەوەندییەکانی وڵاتانی ئەوروپا، بە تایبەتی بەریتانیا. ئەوەی شایانی باسکردن بێ ئەم ڕێککەوتنامەیە بەزۆری ئۆتۆ ڤۆن بسمارک (1815 - 1898 Otto von Bismarck)ی ڕاوێژکاری ئەڵمانیا سەرۆکایەتی دەکرد و نوێنەری وڵاتانی وەک: (بەریتانیا، فەڕەنسا، ئیتاڵیا، نەمسا، یۆنان و مەجەرستان) تێیدا ئامادە بوون، هەروەها بەسەر یەکەوە بنەماکانی چەند هەنگاوێکی دەگرتەوە لەوانە: گێڕانەوەی قەزای قوتوور بۆ ئێرانی قاجاری و دەست هەڵگرتنی ڕووسیا لە شاری بایەزید و مەڵاز گەرد و گێڕانەوەیان بۆ ژێر دەسەڵاتی دەوڵەتی عوسمانی و دووبارە جەختکردنەوە لەسەر ڕیفۆرم و چاکسازی کردنی دەوڵەتی عوسمانی لە ناوچە ئەرمەن نشینەکاندا و مافی پاراستنیان لە هەر دەست تێوەردان و دەستدرێژییەکی دەرەکی(١١).

پەراوێز و سەرچاوەکان:

١- جاسم محمد حسن العدول، الحرب الروسية - العثمانية ١٨٧٧- ١٨٧٨ و اثرها على العراق، التربية و العلم (مجلة)، العدد (٨)، (جامعة الموصل: ١٩٨٩)، صص ٨١-٨٢.

٢- العدول، المصدر السابق، ص ٨٢.

٣ - احمد عثمان ابوبكر، الاثار الكاملة، الجزء الاول، اعداد: الدكتور ازاد عبيد، مؤسسة ژين، (السليمانية: ٢٠١٠)، ص ٩٦.

٤ - جەلیلی جەلیل، ڕاپەڕینی کوردەکان سالی ١٨٨٠، وەرگێڕانی: کاووس قەفتان، (بەغدا: ١٩٨٧)، ل٥١.

٥ - بڕوانە: ئەحمەد باوەڕ، دوور خستنەوەی ڕێبەرانی کورد لە دەوڵەتی عوسمانی ١٨٤٧- ١٩١٤، گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی، ژمارە، (٢٥)، سالی ٢٠١٣، ل ٣٠٨.

٦- جەلیلی جەلیل، سەرچاوەی پێشوو، ل٥٤.

٧- محمد امين زكى، تاريخ السليمانية و انحائها، ترجمة: محمد جميل الروزبيانى، (بغداد: ١٩٥١)، ص١٩١؛ عەبدوڵلا عەلیاوەیی، کوردستان لە سەردەمی دەوڵەتی عوسمانیدا، لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەمەوە تا جەنگی یەکەمی جیهان، (سلێمانی: ٢٠٠٤)، ل٩٢.

٨ - احمد عثمان ابوبكر، الزعيمة الكردية قرة فاطمة في حرب قرم، خەبات (جريدة)، العدد (٨٣٩)، ١٩٩٧/٨/٢٩؛ عەبدوڵلا عەلیاوەیی، سەرچاوەی پێشوو، ل٩٣.

٩- جلیلی جەلیل، ڕاپەڕینی کوردەکانی سالی ١٨٨٠، ل٥٢-٥٣؛ ماجد محمد زاخويى، الفرسان الحميدية ١٨٩١-١٩٢٣، دار سپيريز للطباعة والنشر، (دهوك: ٢٠٠٨)، ص٤٠.

١٠ - ماجد محمد زاخويى، المصدرالسابق، ص٤١.

١١- ماجد محمد زاخويى، نفس المصدر، ٤٣-٤٤؛ عەبدوڵلا عەلیاوەیی، س. پ، ل ٩٥-٩٦.

ئێرلەندە، وڵاتی چیرۆک و سەرگوزشتە گالیکییەکان

دانا ڕەئووف
(سوێد)

(١ - ٢)

لە هەشتاکاندا، کە لە پەیمانگای هونەرە جوانەکان بووم، شانۆی "ئابی" لە دبلن جێگای سەرنج و تێڕامانی من و هاوڕێ قوتابییەکانم بوو. بە وردی دەقە شانۆییەکانی نووسەرە ئێرلەندییەکانمان دەخوێندەوە و پێگەی سیاسیی ئەم شانۆیەمان بە شۆڕشە چەکدارییەکەی ئێرلەندەوە دەبەستەوە. شانۆی ئابی، وەک شانۆیەکی نەتەوایەتی، یەکێکە لە دیاردە گرنگە شانۆییەکانی دبلن.

دبلن شوێن و زێدی لەدایکبوونی "جێمس جۆیس" و کۆمەڵێ نووسەری دیکەی بەناوبانگە، کە خەڵاتی نۆبڵی ئەدەبیاتیان وەرگرتووە، لەوانە: "ولیەم باتلەر یەیتس، جۆرج بێرناردشۆ، سامۆییل بیکێت"... تاد. ئۆرگانی یۆنسکۆی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان شاری "دبلن"یان بە شاری ئەدەب ناوزەد کردووە، Dublin Unesco City of Literature. سەبارەت بەوەی، کە ژمارەی نووسەرە گەورەکان و ئەدەبەکەیان، دابونەریتێکی تایبەتییان بە دبلن بەخشیوە و لەسەر نەخشەی ئەدەبیی جیهانی جێگەی خۆی کردووەتەوە. دبلن کۆشکێکی گەورەیە لە وشە و وێنە و شیعر. ئێرلەندییەکان، خۆیان دەڵێن، کە دوو نووسەری دیکەی دبلن دەبوایە پاداشتی نۆبڵی ئەدەبیان وەربگرتایە: ئۆسکار وایلد، سالێک بەر لە بەخشینی یەکەم پاداشتی نۆبڵ کۆچی دوایی کردووە. دووەمیشیان جێمس جۆیس، کە لە کاتی دووەمین جەنگی جیهانیدا کۆچی دوایی دەکات و لەو کاتەدا و بەهۆی جەنگەوە پاداشتەکە ڕاگیرابوو.

لە هیچ شارێک و لە هیچ وڵاتێکدا، هێندەی شاری دبلن پەیکەری نووسەرانی تێدا نییە، هەموو شەقامەکان، باخچە و شوێنە گشتییەکان بە پەیکەری نووسەرەکانیان ڕازاوەتەوە، شەقام و پرد و شوێنە فەرمییەکانیان بە ناوی نووسەرەکانەوە دەنرێن. دبلن شارێکە، شانازی بە نووسەرەکانییەوە دەکات.

کە بەسەر شەقامەکانی «دبلن»دا دەڕۆم، هەست دەکەم شاکارە گەورەکان بەسەر شەقامەکانەوەن و بە بەرچاومانەوە لە گێڕانەوەیەکی بەردەوامدان. لەسەر پرد و نزیک کەناری ڕووبارەکان و ناو مەیخانە و سەر سووچی شەقامەکان، بەش و بڕگەکانی ڕۆمانی (یولیسیس)ی جێمس جۆیس نووسراوە (لیۆپۆڵد بلووم و ستیڤن دەدەلاس) کە پاڵەوانە سەرەکییەکانی ئەم ڕۆمانەن، لە هەموو سووچێکی ئەم شارەدا دەژین.

چیرۆکەکانی دیکەی جۆیس، وەک (دبلنییەکان)

پەیکەری جەیمس جۆیس

بوونەتە بەشێکی گرنگ و جیانەکراوەی ژیانی ڕۆژانەی دبلن و دبلنییەکان. منیش لەم گەشتەدا "دبلنییەکان" دەخوێنمەوە، وێنە و ڕووداوەکانی لەسەر شەقامەکان دەبینم، چیرۆکەکان و خەڵکەکە و شەقام و گۆڕەپان و پارکەکان دەبن بە یەک (کە بە هەتاوەکەدا ڕۆیشتم، وشەکانی "کۆتەر"ی پیرەمێردم هاتەوە یاد و هەوڵی ئەوەم دەدا ئەوەم بێتەوە بیر، کە خەوەکەم چۆن تەواو بوو. من ئەوەم هاتبووە یاد، کە چەندین پەردەی درێژم بینیبوو، جۆرە گلۆپێکی کۆنی ئەنتیکەئاسایش بە ساپیتەکەوە هەڵواسرابوو. وام دەزانی لە شوێنێکی زۆر دوورەدەستم، لە وڵاتیکی دیکە و داب و نەریتێکی نامۆوە – لە وڵاتی فارسەکانم، وام دەزانی، بەڵام نەمتوانی کۆتایی خەونەکەم بێتەوە یاد.) "چیرۆکی (خوشکەکان) لە کۆمەڵەچیرۆکی دبلنییەکانەوە". کتێبی دبلنییەکان دادەخەم و دەبم بە بەشێک لە قەرەبالّغییەکە و لە پەیکەرەکەی جۆیس، کە بە گۆچانەکەیەوە لە سەرەتای شەقامەکەدا بە سەرێکی بەرزەوە، ڕاوەستاوە، نزیک دەبمەوە.(١)

ئێرلەندە لە سەرەتای میتۆلۆژییەکاندا

هەر لە دێرزەمانەوە، لە سەرەتا بەراییەکانی شارستانییەتی ئێرلەندەوە، لەنێو هۆز و بنەماڵەکانی ئەم ناوچانەدا، باوباپیرانی ئێرلەندییەکان بەردەوام لەگەڵ یەکدی لە شەڕدا بوون و گەلێکی ناکۆک و پەرتەوازە بوون، ئەمەیش لە ئەدەبە دێرینەکەیان، کە بە زمانی گەلیکی کۆن نووسراوە، ڕەنگی داوەتەوە و داستان و میتۆلۆژیاکانیان سەرگوزشتەی ئەو شەڕ و پێکدادانەی نێوان خۆیان دەگێڕێتەوە. هەر ئەم ڕەوشەش وای کردووە، کە داگیرکەرانی ئەم وڵاتە: چەتە دەریاییەکانی باکووری ئەوروپا و دواتریش ئینگلیزەکان بە ئاسانی کۆنترۆڵی ئەم دوورگە سەوزە بکەن و سەرلەبەری ئەم وڵاتە بخەنە ژێر ڕکێفی خۆیانەوە و داگیری بکەن.

ئەفسانەکان دەگێڕنەوە، کە لەنێو پادشاکانی ئەم دوورگەیەدا، پادشایەکی قەشە لە ناوچەی (تارە) لەگەڵ شاژنی خواوەندەکان (میدبی) ڕێک کەوتووە، میدبیش لەگەڵ دایکی، کە هێماگەلی ئێرلەندە بووە، پێکداچوون و پێکەوە ئەم وڵاتەیان خوڵقاندووە.

لەم ئەفسانەیەدا تەنیا پاڵەوانەکان توانیویانە ناوونیشانی پادشایەتی وەربگرن و خواوەندەکانیش بڕیاریان داوە، کام پاڵەوانی قەشە، پیاوێکی ئازای ئایینی، هۆشمەند و زانا دەبێتە پادشا. دواتر لە ئاهەنگێکی ڕێتوالّی چەند شەو و ڕۆژیدا، بە ناوی "ئاهەنگی تارە" Tara Feis Tembra پادشایەتی ڕادەگەیەنرێت. وشەی Feis لەم ڕێتوالّەدا بە مانا زمانەوانییەکەیشی دوو مانای گەیاندووە: "ئاهەنگ" و "جووت بوون"، ئەمەیش ئەو مانا هێماگەلییەیە، کە لەنێوان شاژنی خواوەند و دایکی، واتە "خاکی ئێرلەندە"دا ڕووەدات. دوای ئەوە، پادشا هەڵبژێردراوەکە، بەسەر گالیسکەیەکی گەورەی تایبەتییەوە بەرەو گردێکی بەرز براوە، لە ڕێگا تایەی گالیسکەکە بەر ئەو (کێڵ)ـە بەردینە مەزنە دەکەوێت، کە لە شوێنی ڕیتوالّەکەدا بەرزبۆتەوە، ئەمەیش هاوارێکی گەورەی لێوە دێت، کە کەس نەبووە گوێی لێ نەبووبێت. پادشا لەگەڵ ئەم هاوارە و بە هێزی ئەم هاوارە گالیسکەکەی بەرەو دوو تاوەری بەردین ڕادەکێشێت، تاوەرەکانیش هێندە لە یەکترەوە نزیک بوون، تەنانەت دەستێک نەچووە بە نێوانیاندا، بەڵام کە پادشا لەم دوو تاوەرە نزیک دەبێتەوە، بە شێوەی دەروازەیەک ڕاستەوخۆ

دەکرێتەوە تا پادشا بە گالیسکەکەیەوە بتوانێت بە نێوانیاندا بڕوات، ئەمەیش خاڵی وەرچەرخان و بانگەشەی بە پادشابوون بووە، لە هەمان کاتدا ئاهەنگی جووتبوون دەستی پێ کردووە، بەمەیش پادشا لەگەڵ شاژنی خواوەند لە جەستەی پادشادا تواونەتەوە و بوون بە یەک. شاژنی خواوەند لەسەر تەختی دەسەلاتی خواوەندی خۆیەوە، شەراب پێشکەش بەم پادشایە دەکات، بەم شێوەیە پادشا دەبێت لە خزمەتی دایکی شاژنی خواوەند، واتە ئێرلەندە بێت و لە هەموو دوژمن و مەترسییەک بپارێزێت. ئەگەر ئێرلەندە پادشاکەی خۆی لە دەست بدات، ئەگەر ئەم وڵاتە ئازادی خۆی لە دەست بدات و لەشکری بێگانە پێ بنێتە خاکی ئێرلەندەوە، ئەوە شاژنی خواوەند پیر دەبێت و وەک دارێکی وشکی لێ دێت و دەمرێت. دواتر لە جەستەی ئافرەتێکی پیر و پەککەوتەدا بە دوای پادشایەکی دیکە و ڕزگارکەرێکدا دەگەڕێت. هەر کاتێک ئەو کەسە ڕزگارکەرە "پادشایە"ی دۆزییەوە، ئەوە خێرا گۆڕانکاری بەسەردا دێت و لەو ئافرەتە پیرەوە دەبێتەوە بە جەستەیەکی گەنج و شۆخوشەنگی بێ وێنە و خواوەندێکی بە بەروبووم.

ئەم ئەفسانەیە بەم شێوەیە چیرۆکی "نۆر نۆیگیەلاچ" دەگێڕێتەوە:

"نۆر نۆیگیەلاچ" لە ساڵانی ٤٥٠ـەکاندا دەبێتە پادشا هەرە گەورە و مەزنەکەی "تارە"، لە کاتێکدا ئەم پادشایە لەگەڵ هەر چوار براکەی دەڕۆن بۆ ڕاووشکار، بەڵام لە یەکتر بزر دەبن و هەر یەکەیان بە جیا و بە تەنیا لە شوێنێکی دیکەدا ڕەشمالی خۆی هەڵدەدات. دوای ئەوە هەریەکە و لەلای خۆیەوە بە دوای ئاودا دەگەڕێت، کە سەرچاوەیەکی ئاویش دەدۆزنەوە، ئافرەتێکی پیر و ناشیرینی ڕەزاگرانیان لێ پەیدا دەبێت، کە وەک پاسەوانی ئەو سەرچاوە ئاوە خۆی پیشانیان دەدات. ئەم ئافرەتە پیرە، ئاوەکە بە ماچێک دەگۆڕێتەوە. سێ براکەی نۆر نۆیگیەلاچ، هێندە ئەو ئافرەتە ناشیرین و دزێو دەبینن، تینوێتی هەڵدەبژێرن و بێزیان نایەت ئەو دەمولێوە چرچ و بۆگەنە ماچ بکەن. کە "نۆر نۆیگیەلاچ" یش ئەم سەرچاوەی ئاوە سازگارە دەدۆزێتەوە، گوێ بە هیچ نادات و ماچێکی دوورودرێژی لێوەکانی پیرێژن دەکات، نەک هەر ئەوە، بەڵکو "نۆر نۆیگیەلاچ" ئارەزووی ئەوەیش دەردەخات کە دەیەوێت لە گەڵیدا بنوێ و کاتێکی خۆشی جووتبوونی لەگەڵ بەرێتە سەر. بەو شێوەیە، ئەو ئافرەتە پیرە ناشیرینە دەم بۆگەنە، لە چاوتروکانێکدا گۆڕانکاری بەسەردا دێت، دەبێتە ئافرەتێکی گەنجی شۆخ، ئافرەتێک لە تیشکی خۆر جوانتر بێت. ئەم شەهێنە گەنجە جوانە، ڕوح و جەستەی دەبەخشێتە ئەم پادشایە و بڕیاری ئەوە دەدات، کە "نۆر نۆیگیەلاچ" تا هەتایە لە (تارە)ـەوە حوکمڕانی وڵاتەکەی بکات.

بە پێی سەرچاوە و ئەفسانە دێرینەکانی ئێرلەندە، کە بە زمانی میللی نووسراون، ئەم پادشایە لە ساڵەکانی ١١٠٠پ. زدا حوکمڕانی ئەم دوورگەیەی کردووە، لەم مێژووە بە دواوە "نۆر نۆیگیەلاچ" و دەسەلاتەکەی، لەنێو شاخ و گابەرد و تەمومژی دوای باران و دارستانە چڕ و دەریا گەورەکاندا بزر بووە و هەرگیز نەگەڕاوەتەوە.

گەڕانەوەی داستان و میتۆلۆژیاکان

لە سەدەی حەڤدە و هەژدەدا، لە کاتێکدا ئێرلەندییەکان دژی دەسەلاتی ئینگلیزی داگیرکەر شەڕیان دەکرد، سەرلەنوێ ئەم داستانە میتۆلۆژییە لە چەندین شاکاری ئەدەبیدا سەری هەڵداوەتەوە، بۆ نموونە "جۆن کینگ کەیسی" لە ئەنتۆلۆژیایەکی چیرۆک و داستانەکاندا بە ناوی The Rising of the Moon کە لە ساڵی ١٨٦٩دا بڵاوکراوەتەوە، لە چەندین شیعری داستانئامێزدا هانی گەلی ئێرلەندی دەدات، کە دژی ئینگلیزی داگیرکەر شەڕ بکەن و ڕێگا بۆ ئازادی گەلی ئێرلەندی بکەنەوە. کە "ولیەم باتلەر یەیتس" لە ساڵی ١٩٠٢دا شانۆنامەی "کاتلین نی هاولیهان" Cath-leen ni Houlihan دەنووسێت، ڕووداوەکانی بە داستان و میتۆلۆژیای دێرینی (دایکی ئێرلەندە)وە دەبەستێتەوە، لەم میتۆلۆژیایەوە وزە وەردەگرێت و لە چەندین دیمەن و دیالۆگی بەهێزی ئەم شانۆنامەیەوە، خەباتی ڕزگاری و ئازادیخوازی وڵاتەکەی بەرجەستە دەکات. بۆ نموونە، یەیتس ڕووداوەکانی شانۆنامەکەی خستووەتە ڕۆژگارەکانی ئەو ڕابوونە جەماوەرییە گەورەیەوە کە لە ساڵی ١٧٩٨دا ڕووی داوە: کوڕێکی گەنج کە ناوی "میکاییل"ـە، خەریکی زەماوەندە لەگەڵ دڵخوازەکەی "دۆلیا" ی خۆشەویستی، لەپڕ ئافرەتێکی پیری دەموچاو چرچولۆچی هەژار و ناشیرین، بێ ئەوەی بانگهێشت کرابێت، لە زەماوەندەکەدا دەردەکەوێت. زەماوەندگێڕان و بووک و زاوا بیر لەوە دەکەنەوە، ئاخۆ

نووسەر لەبەردەم شانۆی ئابی

ئەمە کێ بێت و کێ بانگهێشتی کردبێت. پیرێژن بە چەند وشە و وتووێژێکی پڕ لە ڕاز و نهێنی، سرنجی هەمووان بەلای خۆیدا ڕادەکێشێت و باسی ژیانی پڕ لە سەرکەوتنی ڕابردووی خۆی و ئەو هەموو پیاوانەیش دەکات، کە لە پێناوی ئەودا و بۆ عەشقی ئەو خۆیان بە کوشت داوە. ئەم بارودۆخەی ئێستایشی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی، کە زۆر لە مێژە مالّەکەی و ولّاتەکەی لەلایەن هێزێکی بیانییەوە لاقەکراوە، هەموو سەروەت و سامانەکەیشی تالان کراوە. دوای ئەوەی چیرۆکەکەی دەگێڕێتەوە، ڕوودەکاتە زاوا و هەموو میوانەکانی دیکەی زەماوەندەکە و پێ لەسەر ئەوە دادەگرێت، کە ئیتر کاتی ئەوە هاتووە داگیرکەران بکرێنە دەرەوە و ولّاتەکەیان لە هێزی داگیرکەر پاک بکرێتەوە.

هاوار و هیوای ئەو پیرێژنە هاورێکانی بەئاگا دێنێتەوە و دەکەونە خۆئامادەکردن، ئەوانەیشی، کە لەگەلّ ئەم پیرێژنە دەڕۆن، چارەنووسێکی نادیار چاوەڕوانیان دەکات. لەگەلّ هەموو ئەم بارودۆخە دژوارەیشدا، ئەو کەسانەی لەگەلّی دەڕۆن، پاداشتێکی گەورەیان پێ دەبەخشرێت: ئەو کەسانە هەرگیز لەبیر ناکرێن و هەتاهەتایە دەژین و بە زیندوویی دەمێننەوە، بەلّام تەنیا میکاییلی زاوا لە وتە پڕ لە ڕاز و نیازەکانی پیرێژن تێدەگات. هەر لە زەماوەندەکەدا واز لە خۆشەویستەکەی دەهێنێت و شوێن ئەو پیرێژنە دەکەوێت و ئامادەیی خۆی دەردەبڕێت، کە بەشداری ئەو شەڕە بکات.

ولّاتێکی هەمیشە باران

بە فڕۆکەیەکی هێلّی ئاسمانی ئێرلەندە، لە دبلن دێینە خوارەوە. بارانێکی بە خوڕ دەبارێت و ئاسمان بە سیمایەکی مۆن و ڕەشەوە، چۆکی بەسەر زەمیندا داداوە. "مێدبی" شاژنی خواوەندەکان لە "تارە" لەژێر بارانەکەدا وەستاوە، چاوەڕوانی ئەو پادشایە دەکات، کە ولّاتەکەی ڕزگار بکات. لە ولّاتی "مێدبی" و ئێرلەندەی دایکی، هەمیشە بارانە، تەنانەت لەو کاتانەیشدا کە باران نابارێت، هەر بارانە و ئاسمان هەمیشە تەڕە. لە فڕۆکەخانەوە تا ناوجەرگەی دبلن، بەنێو تونێلێکی باراناویدا دەڕۆین، فلّچەی جامی پاسەکە، بەوپەڕی توانایییەوە کاردەکات، بەلّام فریای ئەوە ناکەوێت جامە تەلّخە باراناوییەکە بۆ شۆفێرەکەمان پاک بکاتەوە. ئێمەیش فریای ئەوە ناکەوین نە "مێدبی" شاژنی خواوەندەکان و نە "نۆر نۆیگیەلّاچ" ی پادشا ببینین، تەنیا ئاسمانێکی ڕەش و ڕەنگێکی سەوزی تەلّخی باراناوی لە پشتی پەنجەرەکانەوە دیارن، دەنگی خوڕەی بارانەکەیش، کە لە هەموو لایەکەوە بەسەر پاسەکە و پەنجەرەکانیدا دێتە خوارەوە، ئاهەنگێکی مۆسیقی ترسناکی خولّقاندووە. گرمەی هەور و بروسکەی تریشقە خێراکان، وێنەی ئەو پادشایەیان دەهێنایە بەر چاوم، کە بەسەر گالیسکە مەزنەکەیەوە، بەژێر بارانێکی بەخوڕدا، بە گردەکاندا سەردەکەوێت، هەرکە بەر پەیکەری (کێرە) گەورەکان دەکەوێت، دەنگی هەورەکە پاسەکەمان دەلەرێنێتەوە، بریسکەی تریشقەکەیش بۆ تاوێک ئەو ڕۆژە باراناوییە تاریکەمان بۆ ڕووناک دەکاتەوە.

دەگەینە ناوەڕاستی شار، بارانەکەیش خۆش دەکاتەوە و هەتاوێکی درۆزن، لە پشت هەورەکانەوە دەردەکەوێت.

شانۆی ئابی

دوانیوەڕۆیەکی باراناوی خۆم دەگەیەنمە شانۆی ئابی، هەرکە دەچمە ژوورەوە، وێنەیەکی گەورەی زەیتی "ولیەم باتلّەر یەیتس" بەرانبەر دەروازە و لەنێوان هەردوو

دەرگـای چوونەژوورەوەی هۆڵەکـەدا، بە بارسـتـەی دیوارەکـەوە هەڵواسـراوە. یەیتس لەو وێنەیەدا بە دوو چاوی پڕ لە پرسـیـار و تێـڕامـانەوە، دەڕوانێـتـە هەر کەسێک کە دێتە ناو شانۆکەوە. بە دەستەچەپدا دەچمە سەرەوە، بە بەرزاییـەکـەوە بەرانبـەر بە پێـپلیکانەکـان، وێنەیەکی گـەورەی (لێـدی گـریگـۆری) بە سـیـمـایەکی تەلیـسـمـاوی و زەردەخـەنەیەکی نـهـێنی ئامـێـزەوە، بە چەشنی شـاژنێک لێت دەڕوانێت. یەیتس و لیـدی گریگۆری لە دامەزراندن و دروستبـوونی شانۆی ئابی و درامای ئێرلەندیدا ڕۆڵێکی گەورەیان گێڕاوە.

گەڕانەوەیەکی مێژوویی

شـانۆی ئابی لە سـاڵی ١٨٩٨دا لەلایەن شـاعـیـری گـەورەی ئێـرلەندی "ولیـەم باتلـەر یەیتس" و "لێـدی گریگۆری"یەوە دامەزراوە و یەکەم نمایشی شانۆییشیان لە ساڵی ١٨٩٩دا، هەر لە نووسینی (یەیتس) پێشکەش کراوە. یەیتس بەر لە دامەزراندنی ئەم شانۆیە، هەندێک شانۆنامـەی نووسیبوو، کـە زیاتر لە ئەفسانە و چیـرۆکە میللییە دێرینەکانی ئێرلەندەوە وەری گرتبوو. لە یەکەمین سـاڵەکـانی تەمـەنی ئەم شـانۆیەدا، کـە بە ڕووداوێکی نەتەوایەتی گـەورە و شکۆمـەند بۆ گـەلی ئێـرلەندە و بۆ مێژووی شانۆی ئابی دادەنرێت، بێجگە لە شانۆنامەکانی یەیتس، شانۆنامەکانی لێدی گریگۆری، سینگ و شۆن ئۆکـیـسـی تێـدا نمایش کـراوە، کـە شـانۆکـەشـیـان دامـەزراندووە، لەبەر نەبوونی دابونەریتـێکی شـانۆیی، نـەبوونی ئەکـتـەری باش و بزووتنەوەیەکی شـانۆیی ددانپـێـدانراو، لە لەندەنەوە ئەکتـەریان بە کرێ گرتووە، بەڵام شانۆی ئابی هەر لە یەکـەم ڕۆژی دامەزراندنییـەوە دەبێتە شانۆی نەتەوایەتی ئێرلەندی و بەشێکی گرنگ و جیانەکراوەی خەباتی چەکداری و سیاسی ئەم گەلە دژی ئینگلیزی داگـیـرکـەر، هەر لە سـەرەتایشـەوە ئەم شـانۆیە دەبێتە جێگای کۆبوونەوەی ئێرلەندییە ناسیونالیستەکان و لە هەمـان کـاتدا ناوەندێکی بەهێـزی تەوژمـە ڕادیکاڵەکان، هەر بۆیە لە دەروازەکانی ئەم شانۆیەوە، لە خودی نمایشەکانییەوە خۆپیشاندانە گەورەکان دژی ئەم شانۆیە لە لایەک و لە لایەکی دیکەیشەوە بۆ بەرگریکردن لەم شانۆیە بەرپا بووە. بۆ نموونە لە سـاڵی ١٩٢٦دا، کە لە شـانۆنامـەی "گـاواسن و ئەسـتـێـرەکـان"ی شـۆن ئۆکـیـسـیـدا، ئاڵای ئازادیی ئێـرلەندی لەسـەر ئەو مـەیخانەیەی، کـە سـۆزانیـیـەکـان کـاری تێـدا دەکـەن، بەرزدەکـرێـتـەوە، دەبێـتـە جـێـگای ناڕەزایەتی ناسـیـونالیـسـتـەکـان و بە پەرچەکـداریکی توند و خۆپیشاندانێکی بەهێز، نمایشەکە ڕادەگرن، بەڵام یەیتس نەیدەویست تەنیا شانۆیەکی ئێرلەندی کە ڕەگوڕیشەکەی لە چیـرۆکـە مـیـللیـیـەکـان و شـۆڕشی ئێـرلەندییـەوە وەرگـیـرابوو، دروست بکات، بەڵکو ئەو دەیویست شـانۆیەکی هونەری لەسـەر بنەمـا نوێیـەکـان و دید و ستـرەکـتـورە جیـهـانییـەکـانەوە دابمەزرێنێت. ئەم شـاعـیـرە بەهۆی گەشتە بەردەوامەکانییەوە، بە تایبەتی بۆ پاریس، کـەوتبووە ژێر کاریگەری هونەرمەندە سیـمـبـولیکەکـان، ئەمـە بێـجگە لەوەی دیدە چڕە سـیـمـبـولیکیـیـەکـەی شـانۆنامـەنووسی بەلچـیکی (مـۆریس مـەتەرلینگ) بە تەواوی کـاری تێکردبوو. یەیتس، کـە گـەڕاوەتەوە بۆ ئێـرلەندە، لەگـەڵ دامەزراندنی شانۆی ئابیدا، دەیویست سـتـایلێکی تازەی هونەری شـانۆ و نواندن بدۆزێـتـەوە و پەرە بە دیدە جـوانکاریـیـەکـانی بواری سـینـۆگـرافـیـا و مـیـزانسـینی تەخـتـەی شـانۆ بدات و بۆ بەرجەسـتـە و خولقاندنی دیمەنە شانۆییەکانی، زیاتر بە دوای چارەسەرە هونەرییەکاندا دەگەڕا.

دواتر شـێـوازە هونەرییە پوختەکـەی گۆردن گریک، بە تایبـەتی لە ڕووی سـینـۆگـرافـیـا و بەکـارهێنانی هونەری ڕووناکی و لایەنە وێنەییە کردەییەکانی هونەری شانۆ لە کـارەکـانیـدا، لە دەقـە شـانۆییـەکـانی، تەنانەت لە بیرکردنەوەکانیشیدا ڕەنگیان داوەتەوە. هەر لەم ڕووەوە شـانۆی ئابی لە سـاڵەکـانی ١٩١١دا، لەسـەر ئاسـتـی ئەوروپا یەکـێـک بووە لەو شـانۆیانەی، کـە لە ڕووی پراکتیک و دیدە هونەرییەکەیەوە لە تێـڕوانین و ڕەهەندە شانۆییـەکەی گـۆردن گریکەوە نزیک بووەتەوە. دوای ئەم ئەزموونانە و لە سـاڵی ١٩١٥ - ١٩١٦دا، یەیتس دیدە شانۆییـەکـەی لە شـانۆی (نو)ی ژاپۆنیـدا دەدۆزێـتـەوە و لەژێر کاریگەرییەکانی ئەم ستایلە شانۆییەی ڕۆژهەڵاتدا، کۆمەڵێک شانۆنامەی یەک پەردەیی دەنووسێت، هەروەها بە یارمەتی شاعیری ئەمەریکی "ئیزرا پاوەند" کۆمەڵێک دەقی شـانۆی (نو)ی ژاپۆنی وەردەگـێـڕێـتـە سـەر زمـانی ئینگلیـزی. یەیتس هەر لەو سـاڵانەدا و لە دەرەوەی شـانۆی ئابی، لەسـەر شـانۆکـانی لەندەن، نمایشـێـکی ئەزمـوونگەری نزیک لە ئەمۆسفیـر و بنەماکانی شانۆی (نو)ی ژاپۆنیـیـەوە پێـشـکەش دەکـات. ئەم نمایشـە

Trinity College

پێکداچوونێکی شانۆ و سەما بووە، کارەکتەرە سەرەکییەکان دەمامکیان پۆشیوە و سەمازانێکی ژاپۆنی لە بەستنەوە و بەرجەستەکردنی دیمەنە شانۆییەکان بە سەماکەوە، ڕۆڵێکی گرنگی گێڕاوە، لە هەمان کاتدا سەماکەیش بووەتە بەشێکی گرنگی دیدە ئەزموونگەرییەکانی یەیتس. شانۆی ئابی، بێجگە لە تەقەللا ئەزموونگەرییەکانی یەیتس بە دەقە شانۆییە ئێرلەندییەکانی سەرەتاکانی ١٩٠٠ـەکان، ئەو شانۆنامە ڕیالیزمییانەی، کە ئەدەبێکی شانۆیی نوێی ئێرلەندییەکان دروست کرد، لە هەمان کاتدا دەروازەیەکی بەهێزی بە ڕووی شانۆکانی ئەوروپادا کردەوە و کاریگەرییەکانی شانۆی ئابی هەر زوو گەیشتە لەندەن، پاریس و بەرلین.

ژووری سەوزەکە

لەناو شانۆی ئابیدا ژووریکی بچووکی تایبەت بە ئەکتەرەکانی ئەم شانۆیە هەیە. ئەکتەرەکان لەم ژوورەدا، بەر لە چوونە سەر شانۆ، خۆیان ئامادەکردووە، پشوویان داوە و لەگەڵ ڕۆڵەکانیان کاریان کردووە. ئەم ژووره هەر لە دەستپێکی کردنەوەی شانۆی ئابیدا پێگەیەکی گرنگ و بەهێزی هەبووە، بێجگە لە ئەکتەرەکان، هەموو کەسێک بۆی نەبووە بێتە ئەم ژوورەوە.

یەیتس ئەم ژوورەی کردبووە پەرستگایەک بۆ ئەکتەرەکان، تا لەوێدا لەگەڵ خودی خۆیاندا و لەگەڵ ڕۆڵەکانیاندا لە گفتوگۆدا بن، هەر لێرەوە بچنە ئەتمۆسفێری شانۆییەکەوە و ژوورێک بۆ خۆیان لەناو خۆیاندا دروست بکەن. ئەم ژووره هەر لە دەستپێکی کردنەوەی شانۆی ئابیدا، بە ژووره سەوزەکە ناوزەد کراوە و وەک ناوەندێکی بەهێزی شانۆی ئابی ئاماژەی بۆ کراوە. دواتر بێجگە لە ئەکتەرەکان، هەندێک لە شانۆنامەنووسەکان دەیانتوانی بێنە ژوورەوە تا لەگەڵ ئەکتەرەکان گفتوگۆ بکەن، یان دەقەکانیان بۆ ئەکتەرەکان خوێندووەتەوە، ڕاڤەی ڕۆڵەکانیان کردووە و جگەرەیان کێشاوە.

کە لە پەنجاکانی سەدەی ڕابردوودا، دوای سووتانی شانۆی ئابی، سەرلەنوێ کە ئەم شانۆیە دروست دەکەنەوە، ئەم ژووره سەوزەیش لە جێگەکەی خۆیدا و بە هەمان شێوە، لە خانووبەرە تازەکەی ئابیدا دروست دەکەنەوە. ئێستا ئەو ژووره بووەتە هێماگەلێکی ڕابردووی شانۆی ئابی و جۆرە موزەخانەیەکی بچووک لەناو شانۆکەدا.

دەچمە ئەم ژووره سەوزەوە، وێنەی یەیتس، لیدی گریگۆری و چەند ئەکتەرێکی دێرینی شانۆی ئابی هەڵواسراون، هەندێک لە کەلوپەل و کورسی دانیشتنەکانی ئەم ژووره، بۆ سالۆنەکانی پەنجای سەدەی ڕابردوو دەگەڕێنەوە و هەوڵیان داوە ژینگە و ستایلی ڕابردووی ئەم ژووره وەک خۆی بپارێزن.

دەتوانین بڵێین هەموو مێژووی ئەم شانۆیە لەم ژوورەدا کۆدەبێتەوە، دیوارەکانی، کەلوپەل و ساپیتەکەی گەواهی ئەو مێژووەن، ئەو گفتوگۆ چڕ و بەربڵاوەی کە لەنێوان ئەکتەر و ڕێژیسۆرەکان لە لایەک، ڕێژیسۆر، ئەکتەر و شانۆنامەنووسەکان لە لایەکی دیکەوە کراون. مرۆڤ هەست بە جوولەی ئەکتەرەکان، دەنگی یەیتس، دووکەڵی جگەرەی شانۆنامەنووسەکان و تارمایی ڕێژیسۆرەکان دەکات.

هەندێک لە دەقە شانۆییەکان، بە تایبەتی چاپەکانی ساڵانی ١٩٢٠ـەکانی سەدەی ڕابردوو لەسەر مێزەکان بە کراوەیی دانراون، سکریپتی نمایشەکان و نەخشەی سینۆگرافیای شانۆییە بەراییەکان، وەک مۆدێل لەسەر

مێز و ناو کتێبخانە و تاقی شووشەبەندا، دانراون. ئەم ژوورە سەوزە چەندە مێژووە و بەشێکە لە ڕابردوو، هێندەیش لە ئەمڕۆدا ئامادەیی هەیە و ڕابردوو و ئایندەی پێکەوە بەستووەتەوە. جلوبەرگی ئەکتەرەکان، بە تایبەتی لە دوای پەنجاکانەوە لە سووچێکی تایبەتی ئەم ژوورەدا هەڵواسراون، هەروەها گرنگترین جلوبەرگی کارەکتەرەکانی ئەم شانۆیە، هەشتاکان، نەوەدەکان و تا دەگاتە دوو هەزارەکان، لێرە و لەوێ بە تێکەڵاوی لەگەڵ جلوبەرگە دێرینەکاندا ڕیزکراون.

دەفتەری تۆمارکردنی بۆچوونەکانی ڕێژیسۆرەکانی ئەمڕۆ، بە قەڵەمەکانیانەوە، لەسەر مێزێکی بچووک و بە تەنیشت کورسی دانیشتنەکەوە، چاوەڕوانی ڕێژیسۆرەکەیەتی تا بگەڕێتەوە و لەگەڵ خۆی ببیاتەوە بۆ هۆڵی پرۆڤە.

یەکێک لە پەیامەکانی ئەم شانۆیە، لە زیندووکردنەوەی ئەم ژوورە سەوزە و بەستنەوەی بە چالاکی و ڕەوتەکەی ئەمڕۆوە، دووپاتکردنەوە و پێداگرتنە لەسەر ئەو دابونەریتە شانۆ ئێرلەندییەی یەیتس و لێدی گریگۆری دایانمەزراندووە.

گرفتی تاراوگە لە نمایشی "خانووەکە"دا

ئێوارەی هەمان ڕۆژ دەگەڕێمەوە بۆ شانۆی ئابی تا شانۆنامەی "خانووەکە" The House ببینم. بەناو قەرەباڵغییەکەدا ڕێگای خۆم دەکەمەوە، ڕووپەڕەکانی پرۆگرامەکە هەڵدەدەمەوە و لە وێنەی ئەکتەرەکان دەڕوانم، جاروبار سەیرێکی جموجوڵی بینەران دەکەم، دوای ئەوە دەچمە ژوورەوە و لە جێگەکەی خۆم دادەنیشم.(٢)

"خانووەکە" لە نووسینی نووسەری ئێرلەندی "تۆم مۆرفی"یە و لە ساڵی ٢٠٠٠دا، ئەم دەقەی بە تایبەتی بۆ شانۆی ئابی نووسیوە. تۆم مۆرفی شانۆنامەنووسێکی بە سەلیقە و خاوەن ئەزموونە و لە ساڵی ١٩٦٨ـەوە لەگەڵ شانۆی ئابی کاردەکات و تا ئێستایش هەژدە دەقی شانۆیی بۆ شانۆی ئابی نووسیوە، کە هەر هەموشیان نمایش کراون.

ئەم دەقە نوێیەیشی هەوڵێکە بۆ زیندووکردنەوەی یادەوەرییەکانی ئەو ئێرلەندییانەی کە لە تاراوگە و دیاسپۆرا دەژین. تاراوگە بەو مانایەی، مرۆڤ نەک هەر لە زێدی خۆی، بەڵکو لە خودی خۆیشی دادەبڕێنێت، بۆیە ژیانی مرۆڤ لە تاراوگەدا دەبێت بە دوو بەشەوە: یەکێکیان بەر لە تاراوگە و ئەوەی دیکەیان لە تاراوگە، لە تاراوگە مرۆڤ لە دەرەوەی خودی خۆیدا دەژی و ناچار دەکرێت ژیانێکی دیکە بژیت. شانۆنامەی "خانووەکە" لەم مەدارەدا دەسوورێتەوە، کۆمەڵێک پرسیار دەربارەی تاراوگە و دیاسپۆرا، نامۆبوون و زەمەنێکی بەسەرچوو کە ناتوانرێت بگەڕێنرێتەوە، دەوروژێنێت.

کارەکتەری سەرەکی ئەم دەقە "کریستی"، دوای دابڕانێکی زۆر لە زێدی خۆی و هەڵبژاردنی ژیان لە تاراوگەی بەریتانیا، لە پشووی هاوینێکدا دەگەڕێتەوە بۆ دبلن. "کریستی" یەکسەر سەردانی دراوسێ دێرینەکەیان دەکات، ئەو دراوسێیەی کە دایکێک و سێ کچەکەی لە دێرزەمانەوە، بەرلەوەی "کریستی" دبلن بەجێ بهێڵێت، لەو خانووەدا دەژین. کریستی نەک تەنیا پێوەندییەکی تایبەتی بە هەر یەکێک لە کچەکانی ئەم ماڵەوە هەیە، بەڵکو خانووەکەیش بەشێک لە یادەوەرییەکانی پێکدەهێنێت. کریستی لەم سەردانەیدا، باسی هەندێک لەو کەسانە دەکات کە لەوەوبەر پێوەندی پێیانەوە هەبووە، بەڵام ئێستا مردوون. لەوانەیش "تۆمی".

بەشێکی زۆری دیالۆگەکانی دەقەکە، ڕەنگدانەوەی ژیانی ئەو ئێرلەندییانەیە، کە لە دیاسپۆرا دەژین و بە هاوین و لە کاتی بۆنەکاندا، وەک کەسێکی میوان و نامۆ سەردانی وڵات دەکەنەوە، لەگەڵ هەر گەڕانەوەیەکیاندا بۆیان دەردەکەوێت کە کەسێکیان، هاوڕێیەکی دێرین، یان ناسیاوێکیان مردووە و گۆڕانکاری بەسەر شوێنەکاندا هاتووە.

ئەگەرچی "تۆمی" کارەکتەرێکی مردووە و لەسەر شانۆ دەرناکەوێت، بەڵام ئامادەبوونێکی بەردەوام و بەهێزی هەیە، خاڵی چاوەڕوان نەکراوی نمایشەکە/ دەقەکەیش ئەوەیە، کە لەپڕ بۆمان دەردەکەوێت "تۆمی" نەمردووە و لە دەرەوەی وڵات، بە ویستی خۆی تاراوگەی هەڵبژاردووە و لە وڵاتی خۆی و لە ڕەگوڕیشەی باووباپیرانی، هەروەک "کریستی" بە تەواوی دابڕاوە.

ئەم دەقەی "تۆم مۆرفی" دووپاتی ئەو گرفتەی ژیانی تاراوگە دەکاتەوە، کە هیچ جیاوازییەک لەنێوان ئەوانەی مردوون و ئەوانەی وڵاتیان بەجێ هێشتووە، ناکات. ژیان لە تاراوگە مردنێکی لەسەرەخۆ و پێش وەختە و تاراوگە سەرەتای دابڕانێکی ئەبەدییە، کە بە گەڕانەوەیش، ئەو دابڕانە، ئەو کەلێنە و ئەو نامۆبوونە ڕوحییە چارەسەر



ناکرێت.

تۆم مـۆرفی، تۆنێکی تراجـیـدی - کـۆمـیـدی بە شـانۆنامـەکە بەخشـیـوە؛ تەنیـایی و بێـلانەیی مـرۆڤ بەرجـەسـتـە دەکـات، لەهەمـان کـاتدا گـەڕانێکی پڕ لە ئازاری بەردەوامـە بەدوای خـانوویەکـدا، ئەو شـوێنەی منداڵی و ژیانی هەرزەکاری و یادەوەریـیـەکـانمانی تێـدا بەجێماوە. نووسەر ڕووداوەکانی شانۆنامەکەی خستووەتە سـاڵەکـانی ١٩٥٠کـانەوە و بە کـۆچی هەزاران ئێـرلەندیـیـەوە بۆ دەرەوەی وڵات بەسـتـوویەتـیـیـەوە. ئێـرلەندیـیـەکـان لەو سـاڵانەدا بە کـۆمـەڵ وڵاتـیـان بەجێ دەهێشت و بەشێکی زۆریان لە ئەمەریکا دەگیرسانەوە. ڕیژیسـۆری شـانۆنامـەکـە، ڕووکاری دەرەوەی خـانووەکـە، باخـچـەکـەی و دیوارەکـانی دەرەوەیان پـیـشـان دەدات، کـارەکـتـەرەکـان لە باخـچـەکـەوە، بە تایبـەتی دایک و کچەکانی، یادەوەرییەکانیان لەگەڵ کریستی دەگێڕنەوە. هەر لێـرەیشـەوە ئەو ڕۆژانەی کـە ڕابردوون، سـەرلەنوێ دەگـــەڕێنەوە و وێنەیەکی دووراودوور لەگـــەڵ ژیانی ئێستای کارەکتەرەکان دروست دەکەن.

بۆ چارەسەرکردنی دیمەنەکانیش، بنەمای شانۆکە لەسەر پانتاییەکی گەورەی بازنەیی بزۆز ڕۆنراوە، کە بە ئاسانی دەسوڕێتـەوە، شوێن و کاتەکـان دەگـۆڕن، لەهەمـان کاتدا تێکەڵاو دەبن. ڕووداوەکـانیش لەنێـوان باخـچـەکـەی ئەم ماڵە و باڕەکانی شاردا ڕووددەدەن، تا لە دیمەنی کۆتاییدا دەچینە ناو خانووەکەوە و بە پرسەی یەکێک لە کچەکان کـۆتایی بە شـانـۆنامـەکـە دێنین، بەم شـێـوەیەیش سـووڕانەوەی ئەو بازنە بزۆزە، سـەردانەکـەی کـریـسـتی و ڕەوتی ڕووداوەکان کۆتاییان پێ دێت.

نمایشـەکـە بنەمـا و سـتـرکـتـورێکی ڕیالیـزمی هەیە، چ ڕیژیسـۆر و چ نووسـەر کـاریان لەسـەر وردەکـاریـیـەکـانی ژیانی ڕۆژانە، پێـوەندیـیـە ڕیالیـزمـیـیـەکان، بەکارهێنانی کـەرەسـتـە شـانـۆیـیـەکـان، خـوڵقـاندنی ئەتمۆسـفـێـرە واقـیـعـیـیـەکان و تەکنیکێکی کۆنی گێـڕانەوە کـردووە. هەردووکـیـان، ڕیژیسـۆر / نووسـەر بە ئاگـاییـەوە، ئەم تەکنیکە و جـۆری کـارەکـەیان هەڵبـژاردووە. گـەڕانەوە بۆ پەنجـاکـانی ژیانی ئێـرلەندە و وروژاندنی پرسـیـارەکـانی دیاسـپـۆرا و بەسـتـنەوەی بە سـتـایلی ژیـانی ئەمـڕۆ، بەراوردکارییەکانی دوێنێ و بەستنەوەی بە پاشەڕۆژەوە، ڕەنگدانەوەی بینینێکی قوواڵن.

موزەخانەی نووسەرانی دبلن

هەورەکە تـا دێت زیاتر بەرەو عـەرزەکـە شـۆڕ دەبێـتـەوە، ڕەنگی ڕۆژەکە ڕەساسییەکی تۆخە، جارناجارێک دڵۆپە بارانێک بەر سەری لووتم، چاویلکەکەم، یان کـتـێبەکەی دەسـتـم دەکـەوێت. من و لیـسـا بەدوای مـوزەخـانـەی نووسـەراندا دەگـەڕێین، لەم کـۆڵانەوە بۆ ئەو کـۆڵان و لەوێشـەوە بۆ سـەر شـەقـامـەکـان، دەمـانەوێت بەرلەوەی بارانەکە دابکات، بگەینە شوێنی مەبەست.

لەپڕ لە سـووچی شـەقـامـێکی لاوەکـیـدا، بەرانبـەر پارکێکی بچووک، موزەخانەی نووسەران دەدۆزینەوە.

ئەم مـوزەخـانەیە لە سـاڵی ١٩٩١، لە خـانووبەرەیەکی گـەورەی سێ نهـۆمی، کـە بۆ سـاڵەکـانی ١٧٠٠ەکـان دەگەڕێتـەوە، کراوەتەوە. خانووبەرەکە سیما دێرینەکەی خۆی پاراستووە: تارمایی نووسەرەکان و کەلوپەلەکانیان و ئەو ئەتمۆسفێرە هێمنەی ئەم موزەخانەیەی گرتووەتەوە، گـەردوونێکی تایبـەتی بۆ نووسـەرەکـان خوڵقـاندووە. کـە دێیتە نێو دەرگاکەیەوە، بۆنی کتێب و وشە و شیعر دێت، پۆرترێتی نووسـەرەکـان لێت دەڕوانن و بە شـانازییـەوە پێشوازیت لێ دەکەن.

لە کۆیوە دەست پێ بکەم و سەرەتا سەیری چی بکەم، لە ژووروەکانی یەکەمەوە، لە پیشانگەکانەوە، یان بچمە نهۆمی سەرەوە: لەهەر سووچێکەوە، لە هەر ژوور و ڕاڕەو و دەستپێکێکەوە بچیتە ئەم دنیای ئەدەبەوە، هەر سەرەتایە و ژووروەکان پێکەوە وێنەیەکی میژووی ئەدەبیی ئەم وڵاتەت پێشکەش دەکەن: ولیەم باتلەر یەیتس، جێمس جۆیس، ئۆسکار وایلد، لیدی گریگۆری، جۆرج بێرنارد شۆ، شۆن ئۆکیسی، سامۆیل بیکێت، یوهان میللینتۆنگ سینگ، جۆرج مۆر، برێندان بێهان ... تاد وەک بوونەوەرێکی زیندوو ڕێنماییت دەکەن، بەرهەمەکانی خۆیانت پیشان دەدەن، بەشێک لە ڕۆمانەکانیان، دیمەنێک لە شانۆنامەکانیان، پارچە شیعرێکت بۆ دەخوێننەوە، دواتر کتێبەکەی دەستیان بە هێمنی دادەخەنەوە و کتوپڕ لەبەر چاو بزر دەبن. ئەمە خانوویەکی ئەفسوناوییە و ڕوحی نووسەر و شاعیرەکانی بە زیندوویی پاراستووە. دەنگی شاعیر و نووسەرەکانی هەموو ئێرلەندە، لەم موزەخانەیەدا دەنگ دەداتەوە و بەرگێکی شیعرئامێزی بۆ جەستەی مرۆڤ چنیوە، بەرگێک نەک تەنیا جەستە، بەڵکو ڕوحی مرۆڤیش گەرم دەکاتەوە. مرۆڤ لەنێو ئەم دەنگانەدا، لەنێو سێبەری وشە و دنیای پڕ لە ئەندێشەی ئەدەبدا، هەست دەکات بە ڕاستی مرۆڤە.

هەرچەندە من، ئەو کەسانەی لەو جیهانەدا دەجوڵێنەوە، ناناسم، بەڵام بە باشی دەیاننասمەوە، هیچ کەسێکیان بە زمانەکەی من نادوێن، بەڵام لە هەموویان دەگەم، قسەیان لەگەڵ دەکەم و لێرە و لەوێ شیعرەکانیان، ڕۆمان و شانۆنامە و نۆڤێلتەکانیان دەخوێنمەوە. ئەم موزەخانەیە، پێشانگایەکی هەمیشەیی ئەدەب و نووسەرانی ئێرلەندەی ئەم هەزار سالەی دوایی و نووسەرانی نیوەی دووەمی سالانی ١٩٠٠ـەکان لەخۆدەگرێت.

لە ژووروەکانی ئەم موزەخانەیە و لەناو پێشانگاکەدا، تابلۆی نووسەرەکان، دەسنووسەکانیان، نامەکانیان، دیاری و کەلوپەلە تایبەتییەکانیان پارێزراوە. لە بەشێکی تایبەتیشدا چاپی یەکەمی کتێبەکانیان: دیوانی شیعر، ڕۆمان، شانۆنامە، لێکۆڵینەوە، ئەدەبی مندالان ... تاد، کە لە ماوەی ئەم سەد ساڵەدا چاپ کراون، تەنانەت چاپی یەکەمی بەرهەمی ئەو نووسەرانەیش کە بەرهەمەکانیان لە دەرەوەی ئێرلەندە، لە لەندەن و پاریس و ئەمەریکا چاپ کراون، پارێزراوە.

لەم موزەخانەیەدا بە بەردەوامی سیمینار، کۆڕی شیعرخوێندنەوە و چالاکی دیکەی ئەدەبی بۆ نووسەرەکانی ئەمڕۆ و ئەم نەوە نوێیەی ئێرلەندە، سازدەکرێت، بەم شێوەیەیش ڕابردوو لە جووڵانەوەیەکی بەردەوامی ئەمڕۆدا بەرجەستە دەبێت و هێز و وزە لە یەکدی وەردەگرن و دەشی بەخشنە ئەمڕۆ.

شارێک لە ڕۆمانێکدا، ڕۆمانێک لە شارێکدا
جێمس جۆیس و دبلن

هیچ نووسەرێک هێندەی جۆیس لەنێو بەرهەمەکانیدا نەژیاوە، هیچ شارێکیش هێندەی دبلن لە بەرهەمەکانی (جۆیس)دا بەرجەستە نەبووە. هەرچەندە جۆیس لە دبلن لە ساڵی ١٨٨٢دا لەدایک بووە، بەڵام زۆربەی کاتەکانی ژیانی لە دەرەوەی ئێرلەندە؛ لە ئیتاڵیا، فەرەنسا و سویسرا بەسەر بردووە. ئەم نووسەرە هەر لە تەمەنی بیست ساڵییەوە وڵات بەجێ دەهێڵێت، سەرەتا لە پاریس دەگیرسێتەوە، تا دەرمانسازی بخوێنێت، بەڵام هەر زوو واز لە خوێندن دەهێنێت و لەبری ئەوە دەست بە شیعر نووسین دەکات. لە هەمان کاتدا ستەرەکتوری سیستمێکی ئیستێتیکیی تایبەت بە خۆی، وەک ستایلی نووسین دادەڕێژێت و بە چڕی کاری لەسەر دەکات.

جۆیس لە پاییزی ساڵی ١٩٠٣دا بۆ دبلن دەگەڕێتەوە، بۆ ئەوەی سەر لە دایکە نەخۆشەکەی بدات، هەر لەم سەفەرەشیدا خۆی وەک نووسەرێک دەناسێنێت، پێوەندی بە کۆمەڵ و ناوەندە هونەرییەکانەوە دەکات. هاوینی ساڵی ١٩٠٤ ئافرەتێکی خەڵکی شاری "گۆڵ وەیی" لە دبلن، کە لە هۆتێلێکدا کار دەکات، دەبینێت، عاشقی دەبێت و ئەو ئافرەتەش کە ناوی "نۆرە بارنەکڵ" بووە، دوای دوودڵییەکی کەم، واز لە کارەکەی دەهێنێت، دوای جۆیس دەکەوێت و خۆی دەداتە دەست چارەنووسێکی نادیار. ئەو هوتێلە ئێستا نەماوە، بەڵام بە گەورەیی لەسەر دیواری دەرەوەی ئەو خانووبەرەیەی لە شوێنی ئەو هوتێلە ڕۆنراوە، وەک ڕێزلێنانێک و وەک یادەوەرییەک ناوی هوتێلەکەیان نووسیوە: Finn,s Hotel.

ئەو سەفەرەی جۆیس دوا سەفەری ئەو دەبێت و لە چەند سەفەرێکی زۆر کورت و خێرا نەبێت، ئیدی بۆ دبلن ناگەڕێتەوە، بەڵام جۆیس دبلن وەک ژینگەیەک،

شۆێنێک، ئەتۆسفێر و ستەرەکتۆرێک بۆ زۆربەی بەرهەمەکانی: دبلنییەکان، وێنەی هونەرمەند لە تافی لاویدا و یولیسیس بەکاردەهێنێت.

جۆیس دوای پاریس لە ئیتالیا لە ناوچەی (پۆلا) جێگیر دەبێت، ئەم ناوچەیە ئیستا کەوتووەتە ناو ولاتی یۆگۆسلافیای جارانەوە، بەلام دواتر دەگوێزنەوە بۆ (تریستە). لە کاتی یەکەمین جەنگیی جیهانیدا دەگوێزنەوە بۆ سویسرا و تا سالی ١٩١٩ لەوێ دەمێننەوە. لەم قۆناغەی ژیانیدا ڕۆمانی (وێنەی هونەرمەند لە تافی لاویدا) و شانۆنامەی (مەنفاکان) بلاودەکاتەوە. دوای جەنگ سەرلەنوێ دەگەڕێنەوە بۆ پاریس، بەو هیوایەی بتوانێت ڕۆمانی (یولیسیس)، یان وەک جۆیس خۆی لە سەرەتادا بە (مێژوویەکی بچووکی ڕۆژێک) ئاماژەی بۆ دەکات، کە ماوەی دە ساڵ کاری تێدا کردبوو، بلاوبکاتەوە. دواتر (یولیسیس) لە سالی ١٩٢٢دا و لە ڕۆژی لە دایکبوونیدا بلاودەکاتەوە، جۆیس بە بلاوکردنەوەی ئەم ڕۆمانەیش، لە شەو و ڕۆژێکدا دەبێتە یەکێک لە نووسەرە هەرە دیار و بەناوبانگەکانی دنیا.

جۆیس لەم ساڵانەدا لە باریکی دەروونی خراپ و نالەباردا ژیاوە، چاوی بە تەواوی نابینا بووە، هەستی بە پەژارەیەکی ئێجگار گەورەیش کردووە، بەهۆی ئەوەی کچەکەی "لویسا"، کە هونەرمەندێکی بەهرەمەند و هەست ناسک بووە و لە ڕوحی جۆیسی باوکییەوە نزیک بووە، هاوسەنگی مێشک لەدەست دەدات و تا دوا ڕۆژەکانی ژیانی لە نەخۆشخانەی دەروونی بەند دەکرێت.

دووەمین جەنگی جیهانیش هەموو هێز و توانایی لەبەر دەبڕێت، مانگی دێسەمبەری سالی ١٩٤٠ بە هەر شێوەیەک بێ، دەتوانێ مۆڵەتی ئەوە وەربگرێت تا لە فەرەنسا بچێتە دەرەوە.

جۆیس و نۆرە بارنەکلی هاوسەری، خۆیان دەگەیەننە هوتێلێک لە سویسرا، دوای شەش هەفتە، لە ١٣ی کانوونی دووەمی سالی ١٩٤١دا کۆچی دوایی دەکات و هەر لە سویسرایش بە خاک دەسپێردرێت. جۆیس نووسینەکانی دەکاتە ئامرازێک بۆ ئەوەی بە هەست و هۆشی لە دبلن بژی، کارەکتەرەکانی، ڕووداوەکان و تەنانەت ناونیشانی کۆڵان، شەقام، بارەکان، قاوەخانە، باخچە و مالەکان بەو شێوەیەی لە ڕاستیدا هەن، بەکاردەهێنێت. ئەم کارەکتەرانە نەک هەر تەنیا پابەندن بە کۆڵان و شەقام و شوێنە گشتییەکانی ئەم شارەوە، بەڵکو دەبنە بنەما و ستەرەکتوری نووسینەکانی و بەم شێوەیەیش لە ئێرلەندە و دبلن بەردەوامی بە ژیانی خۆی دەدات.

جۆیس، بۆ نموونە ژیانی خۆی لە (دبلنییەکان)دا کۆدەکاتەوە. لە سەرەتادا ئەم کۆمەڵە چیرۆکە دوازدە چیرۆکی لەخۆگرتووە: سێ چیرۆکی یەکەم (خوشکەکان، کۆبوونەوەیەک، عەرەبەکە) گوزارشت لە ژیانی منداڵیی خۆی، لە دبلن دەکات. دوای ئەوە سێ چیرۆکی دیکە دێن، کە ئەوانیش هەر دەربارەی ژیانی خۆیەتی، هەرزەکاری و گەنجێتی، سیانی دیکە سەبارەت بە دنیای گەورەبوون، لە کۆتاییشدا سێ چیرۆک سەبارەت بە ژیانێکی فەرمی خۆی لە دبلن. دوا چیرۆکی ئەم کتێبە کە ناوی (مردووەکان)ـە، لە دەرەوەی ئەم نەخشەیەی کتێبەکە و ژیانی خۆیەوەن. دواتر جۆیس سێ چیرۆکی دیکە، کە ئەوانیش دەکەونە دەرەوەی بازنەکانی ژیانی تایبەتی خۆیەوە، دەنووسێت و لەگەڵ (دبلنییەکان) پێکەوە چاپیان دەکات، بەو شێوەیە ژمارەی چیرۆکەکانی ئەو کتێبە دەبنە پازدە چیرۆک.

ناوەندی جێمس جۆیس

هەرچەندە جۆیس لە ڕۆمانەکانیدا، لە چیرۆک و یادەوەرییەکانیدا ژیاوە و دبلن ناوەندێکی گرنگی ئەو ژیانەیە، لەگەڵ ئەوەیشدا هیچ موزەخانەیەکی تایبەتمەند، بێجگە لە ناوەندێکی بچووک زیاتر بەم نووسەرە لە دبلن نییە، بەڵام لەبری ئەوە شەقامەکان بە پەیکەرەکانی جۆیس ڕازاوەتەوە، تێکستی ڕۆمانەکانی، بە تایبەتیش "یولیسیس" و "دبلنییەکان" لە شەقام، پرد، کۆڵان، مەیخانە و باخچە گشتییەکاندا هەڵکۆڵراون. خەڵکی هەمیشە شوێن پێی ئەم نووسەرە دەکەون و ئەوەی بەم شوێنانەدا بڕوات، ئەوەیان دەهێنرێتەوە یاد، کە ئا لێرەدا "لێۆپۆڵد بلووم و ستیڤن" و کارەکتەرەکانی دیکە ژیاون، پیاسەیان کردووە، یان لەسەر پردەکانەوە، بە ڕامانەوە لە ڕووبارەکانیان ڕوانیوە. جۆیس لە ڕۆمانی (یولیسیس)دا وێنەیەکی دبلنی بە هەموو وردەکارییەکانییەوە کێشاوە، وەک خۆی گوتوویەتی: "وێنەیەکی تەواوی دبلن دەکێشم، ئەگەر هاتوو لە پڕ ئەم شارە لەسەر گۆی زەوی نەما، ئەوە بتوانرێت بە هۆی کتێبەکەمەوە، سەرلەنوێ وەک خۆی ڕۆبنرێتەوە." سالانەیش لە ١٦ی حوزەیراندا، دبلن

دەبێتە ڕۆمانی "یولیسیس" و هەموو دانیشتوانی ئەم شارەیش دەبنە جۆیس. ئەم یادەیش ڕۆژی ڕووداوەکانی ڕۆمانەکەیە، کە دەکەوێتە ١٦ی مانگی شەشی ساڵی ١٩٠٤؛ ئەم بەروارەیش بە پێی ڕۆژمێر هیچ ڕۆژێکی تایبەت نییە لە مێژووی ئێرلەندەدا، بەڵکو جۆیس لەم ڕۆژەدا(نۆرە بارنەکڵ) ژنی ناسیوە. لەم ڕۆژەدا، یولیسیس دەبێتە ڕۆمانێکی کراوە و کارەکتەرەکانی دەگەڕێنەوە و دێنە دەرەوە بۆ ناو ژیانی ڕۆژانە، بۆ ناو واقیعی دبلن و تێکەڵاوی خەڵکی دەبن. لەم ڕۆژەدا، کە بە ڕۆژی "بلووم" ئاماژەی بۆ دەکرێت، خەڵکی بە ڕێنمایی کەسانی پسپۆڕ، بەو شوێنانەدا، بەو شەقام و کۆڵانانەدا، کە کارەکتەرەکانی ئەم ڕۆمانە، بە تایبەتییش "لیۆپۆڵد بلووم" پێیدا ڕۆیشتووە، دەڕۆن.

خەڵکی لەم ڕۆژەدا ئەو خواردنانە دەخۆن، کە کارەکتەرەکانی ئەم ڕۆمانە خواردوویانە، هەوڵ دەدەن هەمان جلوبەرگ لەبەربکەن و هەر وەک ئەوانیش، ڕەفتار بکەن. ئەوە بێجگە لەوەی بەشەکانی ڕۆمانەکە، لێرە و لەوێ لە شەقام و شوێنە گشتییەکانی شاردا نمایش دەکەن. ڕۆمانی "یولیسیس" لە سێ بەش پێکهاتووە: بەشی یەکەم بە پیتی (س) و بەشی دووەم بە (م) و سێیەمیشیان بە (پ) دەست پێ دەکات، ئەوەیش وەک ئاماژەیەک بۆ کارەکتەرە سەرەکییەکانی ڕۆمانەکە: ستیڤن، مۆڵی و پۆڵدی.

ناوەندی جێمس جۆیس لە دبلن لەم ڕۆژەدا، ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت، ڕێپێوانی ڕۆمانی "یولیسیس" ئامادە دەکات، گرووپی هەوادارانی جۆیس، قوتابی زانکۆکان و ئەو گرووپانەی کە لە دەرەوەی وڵاتەوە دێن، بەسەر چالاکییەکانی ئەم ڕۆژەدا دابەش دەکەن.

ئەم ناوەندە دەکەوێتە ناوەڕاستی شارەوە، لەم ناوەندەدا پێشانگایەکی کولتووری هەیە، کە بیۆگرافیای پەنجا کارەکتەری یولیسیس لەخۆدەگرێت، ئەم بیۆگرافیایانەیش سەرچاوەیان لە ژیانی ڕاستی و واقیعی دبلن و دبلنییەکانەوە وەرگرتووە. بۆ نموونە کارەکتەری پرۆفیسۆر "دێنیس یامەگەنی" قوتابخانەیەکی سەمای لە خودی ئەم خانووەدا هەبووە، لیۆپۆڵد بلووم و مۆلی بلووم، کە کارەکتەرە سەرەکییەکانی ئەم ڕۆمانەن، لە نزیک ئەم مااڵەوە ژیاون. جۆیس لە ماوەی ئەو پازدە ساڵەدا، کە (یولیسیس)ی تێدا نووسیوە، هەموو ڕۆژنامەکانی ١٦ی مانگی شەشی ساڵی ١٩٠٤ی لەگەڵ خۆی گێڕاوە، چیش لەم ڕۆژنامانەدا بڵاوکراونەتەوە، لە ڕۆمانەکەیدا بەکاری هێناوە.

تاوەڕێکی سەربازی و ژیانێکی ئەبەدی

لە دەرەوەی شاری دبلن، لە گوندێکی دوورەدەستی گوێ زەریایەک، تاوەڕێک بەسەر بەرزاییەکەوە بەرز بووەتەوە، کە بە تاوەرەکەی جێمس جۆیس ناوزەد کراوە. ئەم تاوەرە سەربازییە، یەکێکە لەو پازدە تاوەرەی لە ساڵی ١٨٠٤دا لەنێوان دبلن و ئەم ناوچانەدا دروست کراوە، وەک خاڵی بەرگری دژی هێرشە چاوەڕوانکراوەکانی ناپلیۆن. سەد ساڵ دواتر، جۆیس بۆ ماوەی هەفتەیەک لەم تاوەرەدا، وەک میوان لای شاعیرێک بە ناوی "ئۆلیڤەر سانت گوبرگی" ژیاوە. ئەم شاعیرە دەشبێتە مۆدێلێک بۆ کارەکتەری "باک مالیگان" لە ڕۆمانی " یولیسیس "دا. هەر لەم تاوەرەیشدا، جۆیس سەرەتا و دەسپێکی ڕۆمانی "یولیسیس" دەنووسێت.(٣)

ئەم تاوەرە دوازدە مەتر بەرزە، بەسەر گردێکەوە ڕۆنراوە، کە بەسەر کەنار و دەریایەکی گەورەدا دەڕوانێت. لەم تاوەرەدا موزەخانەیەکی بچووکیان بۆ ڕۆمانی "یولیسیس" و جۆیس دروست کردووە. هەندێک لە کەلوپەلە تایبەتییەکانی، کە لەو ڕۆژگارەدا بەکاری هێناون، بە تایبەتی گیتارەکەی، پاکەتی جگەرە و گۆچانی پیاسەکردنەکەی، تێدا پارێزراون. ئەمە بێجگە لە هەندێک وێنەی فۆتۆگرافی کۆن، کە جۆیس لەم تاوەرە و لەم ناوچانەدا گرتوونی، هەندێک لە چاپی یەکەمی بەرهەمەکانی، لە ناویاندا چاپێکی ساڵی ١٩٣٥ی ڕۆمانی "یولیسیس" هەیە.

بەیانی زوو، بۆ ئەوەی نەکەوینە بەر باران، لە دبلن دەچینە وێستگەی شەمەندەفەر، بلیتەکانمان دەبڕین و بەرەو گوندی "ساندی کۆڤ" Sandy Cove دەکەوینە ڕێ. کە دەگەینە کەناری دەریاکە، تیشکی ڕۆژ، دڕ بە هەوری ئاسمان دەدات، بە سەرکێشییەکی گەورەوە دەردەکەوێت، دەریاکەیش وەک زیوێکی چڵکن دەبریسکێتەوە و خەڵکی لە هەموو سووچ و قوژبنێکەوە سەر دەردێنن. کەنار زەریا پڕ دەبێ لە خەڵک، ڕەشەبا بەهێزەکە کەس ناترسێنێ، تینی هەتاویش تا دێت بەهێزتر دەبێت.

لە کەنار دەریاوە، بە تووڵەڕێیەکی بەردەڵانی باریکدا

دەڕۆین تا دەگـەینە شـەقـامـێکی باریک و لەوێوە بۆ ناو تاوەرەکـەی جـۆبس، کـە دەشگەینە بەردەمی تاوەرەکـە، تیشکی ڕۆژ بە تەواوی خۆی پەخش کردووە و کەشتییە بچـووکەکـانیش، چارۆکەکـانیـان کـردووەتەوە و بەسـەر ئاوەکەوە بالّەفڕێیانە. مـوزەخانەکە بچووکە و شـتەکانی نـاوی بەوپەڕی سـەلیـقـەوە، لە پشت دیـوارێکی شووشەبەندەوە دانراون. تارمایی جۆبس، وەک ڕوحێکی نائارام دێت و دەچێت، کـتـێـبـەکـانی پەڕە پەڕە هەلّدەداتەوە. جارناجارێک بەشێک لە "یولیسیس" مان بۆ دەخـوێنێـتـەوە و هەندێک جـاریش بە گـیـتـارەکـەی دەسـتی، کـورتە ئاوازێکمـان بۆ دەژەنێت. هەمـوو مـوزەخـانەکـە ئـامـاژەیە بۆ ئـامـادەییـەکی بەهێـزی ئەم نووسـەرە، بۆ نەمـری و ئەفسـوونی وشـە. ئەم پانتـاییـە بچووکە، لەم شوێنە دووڕەدەستە و بەسەر ئەم بەرزاییەوە، دووپـاتکردنەوەیەکی فـراوانی مـرۆڤـایـەتیـیـە. لەم گـەردوونەدا، لەم دنیـا و تـاوەرە بچـووکـەدا، کـە ڕۆژێک لەڕۆژان بە مـەرامی سەربازی ڕۆنراوە، جـیـاوازییـەکـانی نێـوان مـرۆڤ، ڕەگـەز، ڕەنگی پێـسـت و نەژادی نەتەوایەتی بە تەواوی دەسڕدرێتەوە و بوونیان نامێنێت. ئەو ژینگە و ئەتمۆسـفـێـرەی ئەم ژووڕە بچـووکـە و بەم بەرزاییـەوە دەیخـولّقـێنێت، پانتـاییـەکـە بۆ ئەفـسـوونی کـتـێب و ئەدەب، لەم شوێنەدا وشە، پەیڤ و هەسـتێکی قوولّی مرۆڤایەتی و مرۆڤبوون کۆمان دەکاتەوە.

پەراوێزەکان:

١- شاری دبلن بۆ یەکەم جار لە سالّەکانی ٨٠٠ـەکاندا لەلایەن چەتە دەریاییـەکـانی باکـووری ئەوروپاوە ئاوەدان کـراوەتەوە، ئەو چەتە دەرياييانە لە ناوچەکانی "دبلن" ی ئێستادا یەکەم شارەکانی خـۆیان لە دەرەوەی سنوورەکـانی سکەندناڤـیـادا ڕۆناوە، بەلّام پاشـمـاوە دێرینەکـان و ئەرکـیـۆلۆژەکـان چەندین بەلّگە و دۆکـیـومـێنتیـان دۆزیوەتەوە ئامـاژەی ئەوە دەکـەن، کـە ناوچەکـانی دەوروبەری شاری دبلن بەر لە سالّەکـانی ٧٥٠٠ی پ.ز خەلّکی تێدا ژیاوە.

٢- شانۆی ئابی دوو سەکۆی شانۆیی هەیە، شانۆ گەورەکە کە بریتـیـیـە لە شـانۆی ئابی، شـانۆیەکی بچـووکـتـر بە ناوی "شـانۆی پیکۆک"ـەوە کـە زیاتر تایبـەتە بە هەولّە ئەزمـوونگەرییـەکـان. لە کاتی سەردانەکەی ئێمەدا، گـرووپێکی شانۆی ئەمەریکی لەسەر شـانۆی پیکۆک شـانۆنامـەی "ئۆرشـەلیم" Jerusalem یان پێشکەش دەکرد. ئەو هەلّەم بۆ هەلّکەوت کە ئەم نمایشەیش ببینم، ڕیژیسـۆری کـارەکـە لە ڕووی دید و بنیـادی هونەرییـەوە، بە شێوەیەکی وردەکاری و چڕ کاریان لەسەر واقیعییەتی ئەفسوونی کردبوو، ئەوەی کە بینەرانیشی بە شێوەیەکی بەهێز بە نمایشەکەوە دەبەستەوە، وزە و توانایی گەورەی نواندن بوو.

٣- جێـمس جـۆیس لەم تاوەرەدا دەسـتی کـردووە بە نووسـینی ڕۆمـانی "یولیسـیس"، بەلّام دواتر لە سـالّانی ١٩١٤ - ١٩٢١دا لە ئیـتـالّیـا، لە ناوچەی Trieste، لە سـویسـرا و لە پاریس تەواوی کـردووە. ئەم ڕۆمـانە بە یەکـێک لە ڕۆمـانە گـەورەکـانی تاراوگە نامـاژەی بۆ دەکرێت و هەر لە تاراوگەیش خوێنراوەتەوە، هەروەها ئەم ڕۆمـانە دادەنرێت بە یەکـێک لە گـەورەترین شاکـارە ئەدەبییـەکـانی دنیـا و وەرگـێـڕدراوەتەوە سـەر زۆربەی زمـانە زیندووەکانی جیهان.

نەرمین مستەفا
چەمکی ئاپۆریا لە ئامادەیی دەقدا

وەهبی ڕەسوول
(سلێمانی)

(یەزدان جیهانی بە شێوەیەک خوڵقاندووە وەک ئەوەی منداڵێکی حەوت ساڵە ئارەزووی لێیە ببینێت)
ئۆرهان پاموک

هێڵ خەسڵەتێکە کەم جار هونەرمەند دەستی بەرجەستەکردنی بۆ دەبات، بەتایبەت ئەو هونەرمەندە نیگارکێشانەی بە ڕێگە و شێوازێکی ئەکادیمیانە پەروەردە بوون، چون ڕێنیسانسی ئەوروپی کە پشتبەستی کولتووری هونەری یۆنانی - ڕۆمانییە، ئامادەیی هێڵی کردە قوربانیی بەرجەستە کردنی فۆرم لە یەکەی کاملی دەقێکی بەدیهاتووی هونەریدا. هەمیشە هێڵ وەک ڕەگەزێکی نادیار و پەنهان لە پشت پرۆسێسە بەراییەکانی ڕێکخستنی بنیادی کارێکی هونەرییەوە ئامادەیی هەبووە، ئەوەش ئەگەر چاوێکی کۆڵینگەرا لە گەڕان و هەڵوەشاندنەوەی چینە ئارکیۆلۆژییەکانی دەقدا نەبووبێت و کاری نەکردبێت، ئەوە چاوی بینەری ئاسایی ناتوانێت و نەیتوانیوە هەست بە بەها و کاراییەکانی هێزی ئەو ئامادەییە بەراییە بکات.
ئەو پرۆسێسە تەکنیکییەی ڕێنیسانس زێدی نوێ کردنەوەی بوو لەدوا مێژووی زایین، پرۆسێسێ بوو دامەزراو لەسەر ڕاگرێکی بنچینەیی و سەرەکی، کە ئەویش چەمکی بینینە، بینین زانینی بێ بیرکەوتنەوە و دواتریش زانینێکە بێ بیرەوەری، هەر بەم هۆکارەشە سەمتی ئەو جۆرانەی هونەر لە نیگارکێشان کە خۆیان تەنیا و تەنیا ڕادەستی کردەی بینین کردووە، لە مێژووی ڕێچکەی خوێندنەوەی ڕەخنەیی ئامانج دارێژراو لەسەر جیاوازی و جیایی لە خستنەسەر و داهێنان و ئەفراندن، شکست خوارد و بە نەریتیی لە قەڵەم دراو بوون، ڕاستە هەمیشە ئامادە و ئامادەییان هەبووە وەک سەمتێکی هونەریی باو و هەبوو، بەڵام ئەم ئامادەییە ئامادەییەک بووە لە تەنیا (لە پێناو) وەک خودی ئامادەیی خۆی،

نەک کارایی و کاریگەریی لەسەر ڕەوت و بزاوتی پڕ لەخۆ نوێکردنەوەی لەبن نەهاتووی ئاراستەی دنیای هونەر لە جیهاندا.
ئەوروپییەکان زۆر درەنگ وابەستەیی خۆیان بۆ هێڵ و بە هێڵ لەمیانی نیگارکێشاندا بەخشی (یان ڕەنگە بتوانین بڵێین بەخشییەوە) ئەویش لەنێو کایە و مەودا تەکنیکییەکانی مۆدێرنەدا، کە هێز و بوێری و گەرمیی ئەم وەرچەرخانەی لە دەرەوەی خۆی (بژارگەرایی – Eclecticism)(*) وەردەگرت، ڕێبازی ئێکسپرێشنیزم (تەعبیریەت)ی کردە بندەست و سەرەتای خۆی. هێڵی ڕەش (تۆخ)ی سنووری، ئەو هێڵەی لە دەقێکی هونەریی هەرگیز لەکۆتا نەهاتووی چینییەوە بە قوتابخانە نیگارکێشییە ڕۆژهەڵاتییەکانی: هیراتی و ئۆزبەکی و سەمەرقەندی و دیاربەکری و...تاد. بە تیژ تێپەڕیی هونەری بێزەنتیدا بەرەو ڕۆژئاوا سەرچاوەی گرت و دەگرێ.
لە پۆست مۆدێرنەشدا هونەرمەندە هێڵگەرا ئەبستراکت ئێکسپرێشنیزمەکان، کاریزماترین هونەرمەندانێک بوون لە بەدیهێنانی ڕوئیایەکی ئیستێتیکی هێڵگەرایی، پشت بەست بە جوانیی هونەری هێڵگەرایی ڕۆژهەڵاتی (چینی و ئیسلامی بەتایبەت) لە بواری نووسیندا.
دەست بردن بۆ ئەزموونێکی ئیستێتیکی کە بنیادی خۆی لەسەر جوانی هێڵ (بە هەموو ڕەهەندەکانییەوە) نابێت، دەستبردنە بۆ ڕوئیایەکی ئیستێتیکی کە لە بنەڕەتدا لەم خاکەدا بژواوە و سەرچاوەی بەرەو دەرەوەی خۆی گرتووە، جا خاوەن ئەزموونی هونەری پێ بزانێ، یان نا. ئەزموون و قووڵ بوونەوەیەکی وەها، کارکردنە لە پانتاییەکدا کە هەڵگری خەسڵەت گەلێکی ڕەسەن و خۆجێیە، با تێشکی کەوتنە ژێر کاریگەریی ئیستێتیکای تەکنیکێکی وەها، لە دووڕییەکی دووڕیشەوە بەرەو ئێرە، ئێرەی زێدی هێڵ، خۆی ئاراستە کردبێت.
ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ سەرەتا، لە دەگمەنیی هونەرمەندانێک بدوێین کە ستایلی کارکردنی هونەریی خۆیان لەسەر بەها و ئامادەیی جوانی هێڵ پراکتیزە دەکەن، بەو چەمکەی کە پێشتر ئاماژەمان بە دەرکەوتن و بالاکردنە مێژوییەکەی دا، ئەوە لە دەگمەنی بوونی ئەم کایە کارکردنەدا (نەرمین مستەفا) ئامادەییەکی دیاری ئەمڕۆی کارکردنی هونەریی نێوەندی بزاوتی شێوەکاری کوردی هەیە لە کوردستانی باشوور، ئەمەش بڕیارێکە بەپێی ئەزموونی هونەریی کارکردنی تا ئەمڕۆی هونەرمەند.
تەمەنی هونەریی (نەرمین مستەفا) لەچاو تەمەنی کارکردن و بەخشینی نەوەی دووەمی بزاڤی نیگارکێشانی کوردی لە کوردستان بەگشتی و لەچاو هەمان تەمەنی خانمانی هونەرمەندی هەمان بزاڤ، تەمەنێکە لە ئەزموونێکی کارکردنی هونەریی کورت. بەخشە هونەرییەکانیشی چ لە کار و بەرهەمی نیگارکێشان (کە خاوەن بالایی و کارایی زیاترە لە کارکردنی ئەودا) و چ لە نمایشە هاوبەشە کۆنسێپتەکان، بە ژمارە ئەوەندە زۆر نین، بەڵام لە جۆرێک لە ئامادەیی بەدەر نین کە توانایی هەڵوێستە لەسەرکردنیان بەسەر بینەری بەئاگا و خاوەن بینیندا نەسەپێنن.
(نەرمین) توانایی دەرکەوتن و هەبوونی کەسایەتی هونەریی، زیاتر و کاراتر لە نیگارکێشاندا خۆ ئاراستە دەکات، لە نیگارکێشانیشدا بە کاری ئەبستراکت ستایلی کارکردنی خۆی ناساندووە، لە ئەبستراکتیشدا لە میانی شێوازی ئەبستراکت ئێکسپرێشنیزمدا دێت و لەو شێوازەشدا ئینتیمای بۆ سەمتی هێڵگەراکان هەیە. بە واتایەکی دی نزیکە لە بازنەی پەیوەستی نێوان مۆدێرنە و پۆست مۆدێرنە.
لەو ماوە و ژمارە کەمەی بەخشی هونەری ئەودا، گۆڕانکاری بوێرانە و هاوکات ترسناکی لە پانتایی تابلۆی نێو ستایلی هونەریی کارکردنی خۆیدا کردووە، هەر لە سەرەتای دەستپێکی ئەم کارانەیەوە گەر بە کزیش بێت هەست بە ئامادەییەکی خۆبەخۆیی کارکردن دەکەیت لە تەکنیکی جێبەجێکردندا، سۆزداری ئەو بۆ شارەزاییە ئەکادیمییەکەی، لەو سەرەتا کارکردنانەیدا، نەیهێشتووە و

ڕێگر بووە لەبەردەم خۆ دانە دەست ئەو توانستە بەراییە خـۆڕسکانەی دواتر زۆر کـاریگەرانە هەژمـوونی خـۆی بەسەر تەکنیکی کارکردنیدا کارا کردووە، یان سـۆزداری سـەرەتای ئەو لەتەک فـۆرمـدا، جـا ئەو فـۆرمـە هەرچی چەندێک بە پرۆسێسێکی پەتیکردنەوەدا برابێت، بەڵام بنیادی سەرەکی فۆرم لەم ماوەی کارکردنەیدا بنیادێکە خاوەن مامـەڵەیەکی تەکنیکی سـۆزدارانە، لەم کـارانەدا فۆرمی سەری مرۆڤ ئامادەیی هەیە لەتەک مامـەڵەیەکی ڕوئیـایی منداڵانەدا، هونەرمـەند هیـچی نەکردووە تەنیـا وەبیـرهێنانەوەی چۆنیـەتی نیگارکێـشـانی منداڵی خـۆی نەبێت، کەواتە بەدیهێنانی هونەرمەند پشت بەسـتـە بە بیـرەوەری و دەقـیش لەم حـاڵەتەدا تەنیـا پێگەیەکـە کـە بیـرەوەرییەکانی هونەرمەندی تێدا بە منداڵی دەگەن. کە تێـیـدا چیـتـر پرۆسێـسی نیگارکێـشـان بریتی دەبێت لە بیـرهێنانەوەی ڕاستەوخۆی بیـرەوەری بۆ شتەکان و دنیـا بینی لە ڕوانگەی منداڵیـیـەوە، ئەگـەر تـا ئەم دەسـتـە کـارکـردنە چاو وەک بینینێک و هەست پێ کـردنێکی ڕاستەوخۆی شتەکان (فۆرم) ڕۆڵێکی کەم تا زۆری گێڕا بێت و مـابێت، ئەوە لە قـۆناغی دواتری ئەم کـارانەدا، چیـتـر جێ پێ بۆ ئەو ڕۆڵ بینینە ساکارەش نامێنێتەوە و فـۆرم بەرەو پەتیکردنەوەیەکی هەرچی زیاتر دەڕوات کـە ناسنامەی ناسینەوەی ڕاستەوخۆی خۆی لەدەست دەدات، هونەرمـەند چیـتـر بە هێڵ نیگاری بیـرەوەری خـۆی بۆ فۆرمی شتەکان دەکێشێت، لێرەدا کارکردنی هونەرمەند وەک ڕوئیای تەکنیکی تەبایە لەتەک شێوازی توانایی بۆ بەرجەستەکردنی فۆرم لە هونەری ڕۆژهەڵاتیدا، ساتێک تەنیا وەک دوو ئامرازی جێبەجێکردن دەڕوانن دەست و چاو و لە بەرانبـەریشـدا هێـز و قـورسـایی دەبەخـشـنە بیـرەوەری(**)، کـە ئەمـەش بە (ئەقـینی ئوسـتـادانی گەورە)ی ڕۆژهەڵاتی ناوزەد کراوە و پرۆسێسێک بووە لە ئەفراندنی ڕەنگ و بینین لە تاریکییەوە.

پێش گەیشتنی هونەرمەند بە شێوە کارکردنی پێشوو، یان ڕەنگە هاوکاتییەکی نزیکی ئەو کارانەی، جۆرێک لە کارکردن ئامادەیی هەیە کە ڕاستەوخۆ ئامانجی کارکردن و کاری هونەری دەبەخشێتە دەسەڵاتێک بۆ هێڵ و هیـچی تر، ئەم کارانە گەمەکردن و بەکارهێنان و بەرجەستەکردن و خستنەڕووی هێز و توانایی ئیستێتیکییانەی هێڵە و هاوشان خۆ ئامـادەکردنێکیشـە بۆ جۆرێک لە کارکردنی دوای خۆی، یان هاوزەمـەنی خـۆی، کە چیـتـر هەژمـوونی سـەرەکی بۆ هێڵ دەگـێـڕێتـەوە لە پانتـاییـەکی ڕووتەخت (فـلات)ی یەک پارچەی دەقی هونەریدا، لەم مـیـانـە کـارکـردنەدا هێـڵی سـەرەکی و پانتـاییـەکی ڕووتەخت بەسـایەتییـەکی سەیر و هاوکات پەتیی بە کاری هونەری دەبەخشن، وەک گـوتارێکی ئیسـتێتیکییـانەی دەق. بە بوونی ئەم پرۆسـێـسـەش گـوتاری واتایی تابێت زیـاتر ڕۆدەچێت بەرەو ڕەهەندگـەلێکی قـووڵی بێ بن، کـە (دریدا) بە چەمکی (ئاپۆریا - aporia) کە وشەیەکی یۆنانییە و بە واتای کەنگەڵانێکی هەزاربەهەزاری بێ بن دێت) ناوزەدی دەکـات و تێـیـدا مـانای دەق پەرتوبڵاو دەبێت، چوون زوبانی دەق، (کـە لێـرەدا زۆر پەتی بووەتەوە، تەنانەت لەخـودی زوبانی وشـە و ئاخـافتن زیاتر) خاوەن هێزێکە کە ناتوانرێت بە تاک ئاراستەیەکی شرۆڤە کردندا کۆنترۆڵ بکرێت و مانا تواناییـەکی زۆر زیاتر و گـەورەتر وەردەگـرێت لە واتای فـۆرمـێـک، یان ئامـاژەیەک. ئەم پرۆسـێسی پەتی بوونەوەیە تابێت زیاتر هەڵدەکـشـێت و باڵا دەکات، تا هێڵ لە تابلۆدا دەبێـتـە جوولەی جێ لێدانی پەڕەموچێکی خێرا و هەنووکەیی، کە لێوانە لە جوانی ساتەوەختی ڕاکێـشـانی هێڵێـک، گـەیشتن بە هەسـتـیـاری کـارکـردنی تەکنیکی ئەم کـارانە چەندێک بالآیە لە ئەزموونی ئیستێتیکییانەی ئەم ڕەوتە کارکردنە، هێندەش گەیشتنە بە بەرەنجامێکی ترسناک لە وتن لە نەوتندا، کـە چیـتـر فـۆرم ئەگـەر لە وێنەی تاکـە هێڵێکیشدا بێت ئاسەوار و بوونی نامێنێت. وەک بڵێی دەقی بینەیی چیـتـر تەرخـانـی گـەڕانێک بێت لە بێ دەنگیـیـەکی پەتی و تاریکاییـەکی قـووڵ و ناکـۆتای ڕووپەل خاڵی دەرەوەی زەماندا، ئەمەش ئەو تاریکاییەیە (لە دەقـدا) کـە ئوسـتـادانی گـەورەی نیگارکـێـشـانی ڕۆژهەڵاتی وەک (سەعید میرەکی و شێخ عەلی تەورێزی و کـەمـالەدین ڕەزای هیـراتی و تاد) بە (تاریکی بەختەوەر) (لە دوادوایی تەمەنیاندا بە کوێر بوونی چاوی خـۆیان) ناو زەدی دەکـەن. بە واتایەکی دی چیـتـر دەق، وەک دەقێکی دیار، ئامـادەیـیـەکی ڕێگر نامێنێت لەبەر دەم گوتاری بنەڕەتی دەقدا، کە ئەویش گوتاری نەوتراوی شاراوەیە، کە ئەم دەقە ڕووتەختە یەک ڕەنگییە ئامادەیە دەبێـتـە دەقی ڕاگـەیەنراوی ئەو شـاراوەییـە، نەک ڕاگەیاندنی خودی شاراوەییەکە. بەمەش کەسی بگۆ (کە هونەرمـەندە) ئەگـەر لەوەوپێش لەڕێی چەند هێـڵـێکی سادەی ڕاکێشراوی پڕ گەمەی منداڵییەوە، کە پانتاییەک بووبێت بۆ کاراکردنەوەی بیرەوەری و ڕوانینەکانی منداڵی بۆ ژیان و بۆ بوون، لەوە بەدوا چیـتـر بنیـادی دەق ئەو ئامادەییە ڕێژەییەی خاوەن دەق/هونەرمەند کە (گرێماس) پێی دەڵێت (دەرفـەتی دەرکـەوتن) سـەراپا دەسـرێتـەوە و هەستکردن بە نادیاری و نەهلیستی بوونی هونەرمەندی بگۆ جێگیـردەکـات، لێـرەشدا بە یەکـجارەکی بە وەهم

بوونی، ئامادەیی بوون(وجود)ی هونەرمەند لە دەقدا بەدی دێنێت، بەمەش هێز و تواناییەکی ڕاشکاو لە پرۆسێسی سەرلەنوێ بەرهەمهێنانەوەی (نەک خوێندنەوە و شرۆڤەکردنی) دەقدا دەبەخشێ بە بینەر بە ڕادەیەکی وەها، کە تێیدا دەق تازیاری چیرۆک ئامێزی نەک هەر خودێتی هونەرمەند، بەڵکو خودی دەقیش ون دەکات و سەراپا دەبێتە زەمینەیەک بۆ وزە بەخشین بۆ توانایی بە ئەوی دی (otherness) بوونی دەق.

ئەمە وەک لایەنی واتایی کارکردنی نەرمین، ئەگەر وەک لایەنی ئەزموونی تەکنیکی بڕوانینە توانایی بەسایەتی لە ڕازی بوون بە ڕادەی ئەو چڕکردنەوە و ئەبستراکت کردنەوەیەی فۆرمی پێدا ڕاگوزەر بووە، لە بەدیهێنانی ئەو هەستە جوانییە بالایەی لەو ماوە کورتە زەمەنییەی سەرجەمی ئەزموونی ئیستێتیکیانەی کارکردنی هونەرمەنددا دەبینین، ئەوە ڕووبەڕووی ئەو ترسناکییە دەبینەوە لە سەختی نەخشەڕێژی، بۆ بەرهەمی هونەریی قۆناغی دواتری کارکردنی هونەرمەند و توانایی بوونی خۆ تەریک و پەرێزگرتن، لە خۆکۆپی کردن و دووبارەکردنەوە و هاوشان چاوەڕوانیمان بۆ دەستڕۆیی بوونی هونەرمەند لە خستنەسەر و نوێکاری. چون ڕاگرتن و بردنەپێشەوەی ئاستی ئەزموونێکی ئیستێتیکی وەها ناوازە، وریایی و بەئاگاییەکی تایبەتی دەوێت و پێوبستە. وەک چۆن لە ئەزموونی بە ژەهراوی کردنی بەختەوەریی هێڵ بە کارە کۆنسێپتەکانی هونەرمەند هەست پێ دەکرێت، یان بە ئاگا نەبوون لە کاریگەریی نەرێتیانەی پێوانە و پانتایی کارە هونەرییەکەی ئەزموونی (ستۆدیۆ)ی (گەلەری ئارام ۲۰۱۰/٦/۱۰)دا، کە پڕاوپڕی مافی خۆی، بەرهەمێک نەبوو بۆ پەڕینەوە و بەخشینی مافی هێزی ئەم ئەزموونە ئیستێتیکییە تایبەتمەند و ناوازەیە بۆ جۆری ئەو ئەزموون کردنە لە پانتاییەکی وەهادا.

وەک پێشتر وتمان ئەم ئەزموونە ئەزموونێکی کارکردنی هونەریی کورتە، بەڵام بەپێی کورتی زەمەنی ئەم ئەزموونە، لێوانە لە زۆرێک لە بەخششی چۆنایەتی، بە کەمێک لە بەخششی چەندایەتییەوە. کە وایان کردووە، (نەرمین)ی هونەرمەند لە ماوەیەکی خێرای پڕ بەخشینی چۆنایەتییەوە، ببێتە تاکە خاڵمە هونەرمەندی پێشەنگ، بەدرێژایی ماوەی کارکردنی هەردوو نەوەی نێو بزاڤی هونەری نیگارکێشانی کوردستانی باشوور، لە بەدیهێنانی تایبەتمەندی کەسایەتی هونەریی خۆی، بە ستایل و تەکنیکێکی وەها لە پێگەیشتوویەتی ڕوئیایی و جوانییەکی بالای هاوشانی کرد و بە هونەرێک کە لێوانە بە سیما و خەسڵەتی زیندوویەتی و هاوچەرخی بوون.

پەراوێز:

(*) بژارگەرایی (Eclecticism): خواستێکە لە هونەردا کە دەرفەت بە هەڵبژاردنی ئازاد و لێکدان و ئاوێتەکردن دەدات لە نێوان چەندان شێوازی کارکردنی هونەریدا، بێجگە لەو ستایلانەی بەردەست و ئاشنای کولتووری خودی هونەرمەندن. بەم چەمکەش، مانای زاراوەی سەیر و نامۆگەرایی (exoticism) دەگرێتەوە کە هونەرمەند لە شێوازگەلێکی هونەری سەرچاوە گرتوو لە چەندان شارستانیەت سوودمەند دەبێت کە دوورەدەست و نامۆن بە شارستانیەتی هونەرمەند خۆی.

(**) (جەمالەدین قەزوینی) هونەرمەندی قوتابخانەی هیراتی، کە نیگاری چیرۆکی سێ سەد و سێ ئەسپی لە دووتوێی کتێبێکدا بەناوونیشانی (نەخش و ڕەوت و ئەڤینی ئەسپ) لەلاقی چەپیانەوە پشت بە بیرەوەری کێشاوە، لە دوا کوێربوونی هەردوو چاوی و پەڕینی هەردوو دەستی، لەم بارەیەوە دەڵێت: چاو و دەست تەنیا ئامرازگەلێکن، دەنا بیرەوەری لە دڵ و ئەقڵدایە.

شیعرییەتی عەرەبی
شیعر و هزر و تازەگەری

هاشم سەڕاج

لە خوێندنەوەی پێشوودا بۆ کتێبی [شیعرییەتی عەرەبی] چەمکی شیعرگەرایی لە شەفەویەتی جاهیلی و فەزای شیعری نووسراودا خرایە ڕوو، با بزانین ئەدۆنیس لە هەمان کتێب و لە بەشی «شیعرییەت و فیکر»دا چۆن لە بارەی شیعر و فیکر لای عەرەب دەدوێت، ئەدۆنیس لەم بارەیەوە سێ خاڵی گرنگ دەخاتە ڕوو کە پێوەندییان بەم بابەتەوە هەیە، یەکەمیان بە ڕەخنەی شیعرییەوە بەندە، لە شیعری عەرەبیدا ڕەخنە بەشێوەیەکی بەرفراوان بۆ خۆی پارادایم و نموونەی وێناکردووە، وشەی، یان زاراوەی پارادایم لە هەر بوارێکی هزری و مەعریفی و زمانی، تەنانەت لە ژیانی ڕۆژانەشدا چەندین پێناسە هەڵدەگرێت، بەڵام بەگشتی بریتییە لە [سیستمی بیرکردنەوە لای مرۆڤ و ئەو عەدەسەی چاوەیە کە لە میانییەوە ژیان دەبینێت] پارادایم نموونەی هزری و ئیدراکی وێنا کراوە، مەبەستی ئەدۆنیس ئەوەیە کە ڕەخنەی عەرەبی لە پارادایمێکی وێناکراو و دیاریکراوەوە لە بوونی شیعر دەڕوانێت، لە کاتێکدا شیعری عەرەبی تەنیا «کانگای ئاواز» نییە، بەڵکو دەکرێ بڵێین کانگای «حەقیقەتەکان» و زانینەکانیشە، واتە شیعری جاهیلی تەنیا «ئاوازخوانی» بەرهەم نەهێناوە، بەڵکو بیریشی کردووەتەوە، ئەدۆنیس بڕوای وایە کە شیعر هەڵگری کۆمەڵێک توخمی جۆراوجۆرە، بە تایبەتی شیعری جاهیلی هەم سەرچاوەی شادییە هەم سەرچاوەی مەعریفی، بەڵام ڕەخنەی عەرەبی ئەو جۆراوجۆرییەی لە یەک پارادایمدا کورت کردووەتەوە، ئەو پارادایمەش لە ڕووی ڕەخنەییەوە بە ئاوازخوانی وەسف کراوە، وەک ئەوەی بەهای ئاوازخوانی سروشتی شیعری عەرەبی کۆنترۆڵ کردبێت، هەڵبەتە خۆ قەتیس کردن لەنێو نۆرم و پێوانەیەکی دیاریکراودا دەرەنجامێکی باشی لێ ناکەوێتەوە، لە هەمان کاتدا جۆرێک لە دابڕان لەنێوان شیعرگەرایی و فیکردا دروست دەکات، ئەدۆنیس لە ڕوانگەیەکی «هایدگەر»یەوە لە پێوەندی نێوان هزر و شیعر دەکۆڵێتەوە.

هەڵبەتە هایدگەر دوای لێکۆڵینەوەیەکی قوڵ لە دەقە فەلسەفییەکانی فەیلەسوفەکانی پێش سوکرات گەیشتە ئەم

دەرەنجامە، چونکە زۆربەی دەقە فەلسەفییەکان بە زمانێکی شیعری نووسراون و هەڵگری هزر و دنیابینی تایبەتن، من لەخوێندنەوەیەکدا بۆ کتێبی «فەیلەسووفەکانی پێش سوکرات»ی «ڕێبوار سیوەیلی» بە درێژی لە پێوەندی نێوان فیکر و شیعر دواوم و ئاماژەم بە بیروبۆچوونەکانی هایدگەر داوە، ئیدی ئەدۆنیس لەهەمان ڕوانگەوە لە دەقی شیعری عەرەبی دەڕوانێت و پێی وایە هەر شیعرێک لەگەڵ پارادایمی ڕەخنەی عەرەبی هاوشێوە و لێکچوو نەکەوێتەوە، ئەوە بە نامۆ و ڕیزپەڕ و لادەر لە قەڵەم دەدرێت، یان بە دەقێکی تەمومژاوی و ئاڵۆز و خۆدانەپاڵ خۆرئاوا، ئەمەش لە بنەڕەتدا کۆمەڵێک هۆکارن بۆ کەمکردنەوەی بەهای شیعری، کاتێک جەخت دەکرێتە سەر کۆمەڵێک نۆرم و پێوانەی نەگۆڕ و جێگیر بۆ هەڵسەنگاندنی دەقی شیعری، بۆ نموونە لە ڕێگەی هەمان نۆرم و پێوانەوە تێکستەکانی «ئەبو عەللای مەعەڕی» لە بازنەی شیعری دەخەنە دەرەوە و بە «حەکیم» ناوی دەبەن، پێشتریش لە شیعرەکانی «ئەلموتەنەبی»یان ڕوانیوە و بە ئەتککەری شیعری عەرەبی و ڕێبازی شیعری عەرەبی ناویان بردووە.

ئەدۆنیس لە بارەی شیعری جاهیلییەوە دەڵێ: سەرەڕای ئەوەی ئاوازخوانی بوو، لەگەڵ ئەوەشدا ڕێبازێکی تایبەتیش بوو، بۆ نزیککردنەوەی شتەکان و دنیا لە ڕووی فیکرییەوە.

دووەم ئەو سیستمە مەعریفییەی کە لەسەر ئایین بنیاد نراوە، کە زۆرتر بە چەمکی ڕەوانبێژییەوە بەندە، یان ڕاستتر ڕەوانبێژی پاشکۆی ئەو سیستمەیە و بەشێوەیەکی بنبڕ هزر و شیعرگەرایی لێک جیا دەکاتەوە. لێرەدا دەکرێ بڵێین، هزر و هزرین، یان فیکر و تێفکرین چەندین پێناسەی بۆ کراوە، هزر کارگەلی ئەقڵە لە زانراوەوە دەسپێدەکات بۆ ئەوەی بە زانینی نەزانراو و نادیار بگات. لە هەمان کاتدا هزر پێوەندی بە درک کردن و هۆشمەندی و خەیاڵ و هەست و بیرۆکەکانەوە هەیە، خود هەمیشە لە چرکەکانی تێفکریندا متمانە دەکاتە سەر ئەقڵ و دڵ، بە دنیابینییەکی تایبەت و تێگەیشتنێکی تایبەت لە ژیان و چۆنیەتی ژیان کردن دەڕوانێت، بۆیە شیعر لای هایدگەر جۆرێکە لە بیرکردنەوە، لێرەدا ئەدۆنیس وای بۆ دەچێ کە پارادۆکسەکە لەوەدایە ئەوەی ئایین بە لە خشتە بەر و گومڕا و لادەری دادەنێ، هەر ئەوە دەبێتە نوێنەری ئەو سیستمە مەعریفییەی کە لە خۆشی ئیستێتیکی و چێژی دەروونییەوە سەرچاوە دەگرێ.

سێیەم: سیستمی بورهان، [کە لەسەر بنەڕەتە یەقینەکان وەستاوە، بۆیە هەمیشە دەرئەنجامی یەقینی بەدەستەوە دەدات]. ئەم خاڵەش لەسەر ئاستی تێڕوانینی شیعری لەگەڵ هەردوو سیستمەکەی پێشوو بەیەک دەگەن و دەبێتە تەواوکەری ئەوان، مەبەستی ئەدۆنیس ئەوەیە کە شیعر تەنیا لەسەر چەمکی هەستکردن کورت ناکرێتەوە، بەڵکو لە ڕێگەی شیعرەوە بیریش لە شتەکان دەکرێتەوە، کەواتە ڕەخنەی ئەدەبی عەرەبی وەک ئەرکێک لە جیهانی ئاڵۆسکاوی شیعر دەڕوانێ، نەک وەک ئاگایی و هۆشمەندییەکی شیعری، یان بەشێوەیەکی دیکە ڕەخنەکار پێشتر چەند پێوەر و بنەمایەکی دیاریکراوی بەپێی چێژی خۆی بۆ هەڵسەنگاندنی شیعر دەستنیشان کردووە، لە کاتێکدا ئەم پێوەر و بنەمایانە پێویستیان بە لێکۆڵینەوە و خوێندنەوەی قوڵ و تازە هەیە، چونکە خودی شیعر سەرجەم پێناسە و بنەما و پێوەرەکان تێدەپەڕێنێ، ئەدۆنیس دەربارەی دەقی سۆفیزم سەرنجێکی تایبەتی خۆی تۆمار دەکات و پێی وایە [شیعری سۆفیزم لەپاڵ شیعری کێشدار، شیعرییەتێکی نوێ و فۆرمێکی نوێ و زمانێکی نوێ دەخاتەوە] لێرەوە سێ نموونەی جۆراوجۆر لە ئاستی یەکگرتن و بەیەکگەیشتنی شیعرگەرایی و هزر لە جیهانی شیعری عەرەبیدا دەخاتە ڕوو، بە قوڵی لە دەقی هەریەک لە ئەبو نەواس و ئەلنیفەری و مەعەڕی دەکۆڵێتەوە.. لە بنەڕەتدا ئەم شاعیرانە کاریان لەسەر هزر و مەعریفەی جۆراوجۆر کردووە، بۆیە بەپێی ڕوانینی پارادایمی ڕەخنەی عەرەبی بە نامۆ و ڕیزپەڕ و لادەر لە قەڵەم دراون، ئەبو نەواس شیعری عەرەبی لە سارانشینییەوە گواستەوە بۆ نێو شار و ژیار، یان بیرکردنەوەی بە دەوییەتی شیعری عەرەبی گەیاندە ئاستی مەدەنیەت و توانی تابۆ و حەرام و قەدەغەکراوەکان تێک بشکێنێت و جۆرێک لە هزر و مەعریفەت لە شیعرەکانیدا بەرجەستە بکات، ئەبو نەواس توانی چرکەکانی ژیان بنووسێتەوە و چەمکی شیعرگەرایی لە ئارەزووە چەپێنراوەکان و تێکدانی مۆرالْ و چێژە حەرامکراوەکاندا بدۆزێتەوە و چەمکی گاڵتەئامێزی وەک دەمامک

و چەمکی مەستی وەک هێمای ئازادی بەکاربهێنێت و جۆرێک لە هارمۆنییەت بخاتە نێوان هاودژەکانەوە و بە ئازادییەک مامەڵەی لەگەڵ شیعر دەکرد هەوڵی دەدا لە ڕێگەی فیکرەوە سەرجەم چوارچێوە نەریتییەکان تێک بشکێنێت، بڕوای بەوە بوو کە شادی لە ڕێگەی مومارەسەکردنی حەرام و قەدەغە کراوەکانەوە لە دایک دەبێت. دەیگوت «ئایینی خۆم، بۆ خۆم و ئایینی خەڵکیش بۆ خەڵکی».. بەڵام نیفەری ڕەهەندێکی خودی بە ئایین دەبەخشێت و هاوکات تێڕوانینێکی مەعریفی دیکە دادەمەزرێنێت، کە لەگەڵ تێڕوانینی تەقلیدی جیاواز دەکەوێتەوە، نیفەری لە دیارەوە بەرەو نادیار و لە زانراوەوە بەرەو نەزانراو هەنگاو دەهاوێ و لە مەعریفەی عەقڵییەوە بەرەو مەعریفەی زەوقی دەمانگوازێتەوە، نیفەری نەشوەی زمان دەنووسێتەوە، ئاستی نووسینی شیعریی بۆ ئاستێک بەرز دەکاتەوە کە پێشتر بەخۆیەوە نەیدیوە، نووسینەکانی پراوپڕن لەدرەوشانەوەی کتوپڕ، گرژی دژ بەیەک و دەسلەمڵانێ، نووسین لای نیفەری نقومبوونە لە قووڵاییەکانی خود و بوون و دۆزینەوەی ڕەهەندە جۆراوجۆرەکان، نیفەری فیکر لە داخران دەخاتە دەرەوە، زمانیش بە هەمان شێوە، بەیەکەوە لە ڕەوشی عەقڵانیەت ئازادیان دەکات، نیفەری بەدوای درەوشانەوە و شادی دەگمە دەگمەندا دەگەڕێ و چەمکی پیرۆزی لای نیفەری «شمشاڵی بیرکردنەوەی شاعیر.. مرۆڤە» نیفەری پێی وایە لەنێوان گوتن و بێدەنگیدا بۆشاییەک هەیە کە «گۆڕستانی عەقڵ و گۆڕستانی شتەکان»ی تێدا دەبینی.

ئەدۆنیس پێی وایە دەقەکانی نیفەری دەجوڵێنەوە، لە گوتندا بێدەنگ و لە بێدەنگیدا جوان دەدوێن، دەقەکانی لێوانلێوی لە هێما و ئاماژە و کۆد، بوونی زمانیش تێیاندا وەک جەوهەر، مەجازی دەکەوێتەوە، بۆیە دەقەکانی نیفەری لە ڕێگەی تەئویلەوە دەگەن، چونکە تێگەیشتن لە پشت وشەکانەوە خۆی حەشارداوە، وەک ئەوەی بەشێوەیەکی ئایرۆنی گوزارشت لە ئەوانە دەکات کە ناتوانرێت گوزارشتیان لێ بکرێت، بەڵام «مەعەڕی» هەمیشە ئایینزاو بیروڕاکانی سەردەمی خۆی دەخاتە ژێر پرسیارەوە و شیعر بەهێزی فیکر دەزانێت.

بۆیە دەقەکانی مەعەڕی خوێنەر دووچاری ڕامان و سەرسوڕمان دەکات، یان بە شێوازێکی تر دەقەکانی مەعریفەیەک دەبەخشێت دژ بەو مەعریفانە دەکەوێتەوە کە لەسەر دوا حەقیقەتەکان دەوەستن، مەعەڕی ڕەمزی دەرچوونە لە ئایینزاکان و چەپێنراوەکانی سەردەمی خۆی کەشف دەکات و خوێنەر فرێ دەداتە کەشوهەوایەکی لێوانلێو لە ونبوون و نیهلستییەت، چونکە چەمکی نیهلیست لای مەعەڕی جەوهەری دنیایە، لە شیعرەکانیدا واژە و مانا بەیەک دەگەن، بەڵام دوای بەدواگەڕانێک کە هەمیشە بەرەو سەرسامی و گومان دەبێتەوە، لای مەعەڕی نیشتمان زیندانە، مردن ڕزگاربوونە، تەنیا گۆڕستان قەڵای مرۆیە، بۆیە باشترە مرۆڤ وەک درەخت لە ڕەگەوە هەڵبکێشرێن، چونکە مرۆڤ چەپەڵێکی ئەبستراکتە، بە ڕادەیەک کە زەوی ناتوانێ پاکی بکاتەوە، لای ئەو زەمان بە هەبوون و ڕزینەکەیەوە، بێجگە لە پووچگەرایی و گاڵتەجاڕی شتێکی دیکە نییە، لەدایکبوونی مرۆڤیش، بێجگە لە هەڵەیەکی ڕەسەن شتێکی دیکە ناگەیەنێت، بەم جۆرە ژیان هەر لە بنەڕەتدا ڕزینە، ئەدۆنیس وای بۆ دەچێت کە دەقی ئەبو عەلای مەعەڕی لەژێر جۆرێک لە «فیکری سارد» خۆی دەبینێتەوە، بەڵام ئەوەی دەیبینین لە مۆتەکەیەکی ورد و خاشکەر دەکات، لێرەدا ئەدۆنیس ئاماژە بە گوتەیەکی «ئیلیەت» دەدات کە لە بارەی شیعری «بلیک»ـەوە دەڵێ: شیعری بلیک بێزارکەرە، هەروەک هەموو شیعرێکی مەزن. نەک بەو مانایەی کە نەخۆشە، یان ئاڵۆزێکی سارەدە، بەڵکو بەو مانایەی کە هەمیشە خوێنەر دەخاتە بەرانبەر دەریچەیەک لە پووچگەرایی و عەدەم.

ئەدۆنیس دوای هێنانەوەی ئەو سێ نموونەیە دەیەوێ لە چەمکی شیعر و فیکر بدوێت و پێی وایە شیعر دنیابینییەکی گەردوونی و ئەزموونێکی دەروونی و تەئەمولییە بە دیدێکی مەعریفی، بەڵام ئامرازەکانی نە نەقڵە و نە عەقڵ و لۆژیک و بورهان، بەڵکو ڕوونبینی «الحدس»یان دیدە، یان چاوی دڵە.. لێرە مەبەستی ئەدۆنیس هێزی ئیستبسار و سۆسەکردنە، هەروەها ئەدۆنیس ڕەگی وشەی «فیکر» بۆ بەشی دڵ و دەروون دەگەڕێنێتەوە، نەک بەشی عەقڵ، ختووڕەکردن ئەو شتەیە کە بەدڵدا دێت، یان خولیا، واتە کە بیر دەکەینەوە، ئەوەیە کە

بەدڵ تەئەمول دەکەین، لای ئەدۆنیس عەقڵ لە بنەڕەتدا دەچێتەوە سەر ئەخلاق و ڕێگا لە هاوەڵەکەی دەگڕێت و دەیخاتە دەرەوەی سەوداسەری، واتە فیکر لای ئەدۆنیس تێکەڵەیەکە لە ڕوونبینی «سۆسە کردن، حدس» و لێبوردبوونەوە، بەڵام وەک پێشتر ئاماژەی بۆ دا فیکر پێوەندی بە درک کردن و جوولەی زەینەوە هەیە، لە ڕوویەکی دیکەوە لای ئەدۆنیس خودی پرسیار بۆ خۆی فیکرە، چونکە گومان و دڵەڕاوکێ دێنێتە کایەوە، بەڵام وەڵام هونەری وەستانە لە فیکر، چونکە دڵنیایی و یەقینە، یان پرسیار ئەو فیکرەیە کە بەرەو فیکری زێتر پاڵمان دەنێت، دواتر ئەدۆنیس لە ئاستەکانی هزری شیعری دەدوێت و ئاماژە بە وێنەی شیعری و پرۆسەی دۆزینەوە و ڕەهەندە بنەڕەتییەکانی دنیای ناوەوە و دەرەوە و کۆنتێکستی ئیستێتیکی و چەمکی مەجاز دەدات.

زانای زمانەوانی «ئیبن جننی» دەڵێ: زمان زۆربەی مەجازە نەک حەقیقەت، مەجازیش دەرچوونە لە بەکارهێنانەکانی زمان بەپێی حەقیقەتەکانی، هەروەها «جورجانی» پێی وایە مەجاز بۆ هەمیشە لە حەقیقەت پاراوترە.

هەروەها ئەدۆنیس جیاوازی نێوان ئاسۆی مەعریفە و ئاسۆی شیعرگەرایی دەخاتە ڕوو، کە یەکەمیان پەیوەستە بە زانینی ئایینی و فەلسەفییەوە و پێویستە مانا لە ڕێگەی ئەو واژەیەی کە دەلالەت لە حەقیقەت دەکات تەعبیری لێ بکرێت، بەڵام لە ئاسۆی مەعریفەی شیعری واتە مەجازیدا. بە پێچەوانەوە، کراوەیە، بێ کۆتاییە، چونکە شیانییە، هەمیشە بەدوادا گەڕان و کەشفکردنە.

دواتر ئەدۆنیس لە چەمکی مەجاز و ئەزموونی سۆفیگەری دەدوێت، کە بەپێی ئەو ئەزموونە مەجاز ڕابردوو نییە، بەڵکو هەمیشە لە سەرەتا دایە، ئەو سەرەتایەش پردێکە بینراو و نەبینراو بەیەکەوە دەگەیەنێت، چونکە مەبەست کەشف کردنی نادیارە، بۆیە وێنەی شیعری ناکەوێتە نێو ئەو پێوەر و پێوانە و پێودانگ و بەراوردکردنانەوە، بەڵکو وێنەی شیعری بوونێکی پڕ جوولەیە و پێشبینی شیعری لێ هەڵدەقوڵێت و بەداهێنانەوە بەندە، لێرەدا وێنە تەنیا هونەرێکی ڕەوانبێژی نییە، بەڵکو بارستاییەکە لە جوولە، یان پڕشنگێکە هەموو ئەوانەی ڕوویان لە نادیارە دەیانبڕێت و کەشفیان دەکات.

لێرەوە وێنە دەڕوات، واتە دەگۆڕێت، هەروەها ئەدۆنیس بە وردی لە فۆرمی شیعری ئەدەبی سۆفیگەری دەدوێت کە زۆرجار ئەدەبی ناکەوێتەوە، بەڵکو جۆرێکی دیکەیە، پاشان لە خودی فۆرم دەدوێت کە لە وێنە دەکات و داهێنانێکی بێ دووبارەکردنەوەیە، فۆرم فەزایەکە و شەپۆل دەدات، بزاڤی فیکر و ئاگایی ئیقاعی دڵە، بۆیە هەر قەسیدەیەک فۆرمێکی تایبەت بەخۆی هەیە، لە کۆتاییدا ئەدۆنیس دەڵێت شیعر خوێندنەوەی دنیاو شتەکانە، بەڵام لە بەشی شیعرییەت و تازەگەریدا، لە ڕێگەی لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی، کۆمەڵایەتی، سیاسی، ڕۆشنبیری...تاد لە دەسەڵات و حوکمڕانی و دامودەزگا کولتوورییەکانی وڵاتانی عەرەبی دەکۆڵێتەوە و بەدوای سەرەتای سەرهەڵدانی فیکری تازەگەریدا دەگەڕێت و بنیادی مەعریفی قۆناغە مێژوویییەکان دەستنیشان دەکات و هەڵبەتە ئەوانەی لەو قۆناغە مێژوویییە بە ڕەوت و شێوەی ڕۆشنبیریی جێنشین و پارادایمی حوکمڕانی عەرەبی و ئیسلامی بیریان نەکردایەتەوە بە ئەهلی تازەگەر لە قەڵەم دەدران، ئەوەی ڕاستی بێ ئەدۆنیس لەم بەشەدا بە دوورودرێژی لەبنیادی عەقڵی عەرەبی و ڕەوشی ڕۆشنبیری کۆمەڵگای ئیسلامی دەکۆڵێتەوە و بەدوای هۆکارە جۆراوجۆرەکاندا دەگەڕێت و ئاماژە بە کەوتنی بەغدا لە ساڵی ١٢٥٨ و شەڕی خاچپەرستان و زاڵبوونی عوسمانییەکان... دەدات من لێرەدا بە پێویستی نازانم ئەو هەموو ڕووداو و کارەساتە مێژوویییانە دووبارە بخەمە ڕوو، یان لە قۆناغی داگیرکاری کۆلۆنیاڵی، یان ئەو قۆناغەی کە بە سەردەمی ڕێنیسانس ناودەبرێت، دواتر ئەو دابەش بوونە ئایدیۆلۆژییەی لەنێوان بنەڕەتخوازەکان «فەندەمینیتاڵییەکان» و عیلمانییەکان «سیکولارەکان» لە کۆمەڵگەی عەرەبی و ئیسلامیدا کە ڕووی داوە لەو کێشانە بکۆڵمەوە، چونکە ئەدۆنیس زۆر بە وردی لە بنەما و هۆکارەکانی لەم ڕووداو و دیاردانە دواوە، بەڵام کێشەی فەندەمینیتاڵ، ڕەنگە زۆربەی کۆمەڵگای خۆرهەڵاتی ناوین بگرێتەوە بە کۆمەڵگای ئێمەشەوە، چونکە فەندەمینیتاڵ وەک ئایین و

زمان و شیعر، بەپێی ئەو ڕۆشنبیری و پارادایمە مەعریفییەی خۆی لەسەر ئەم ڕووی زەمـــــینەدا بـە دوایـین حـەقـیـقـەت بزانێت، لەبەر ئەوەی فەندەمینیتاڵ زۆرتر میراتپەرستێکی نوستالیژییە و بەزەینێکی سونەتی لە کولتوور و ڕەسەنایەتی دەڕوانێت، چەمکی ڕەســـــەنایـەتی لای ئەو پـەرســـــتنی ڕابـردووە، نـازانێت ڕەسـەنایەتی بریتـیـیـە لەو هێـزە ئیبداعییەی کە سەرجەم سەردەم و قۆناغە زەمەنییەکان دەبڕێت، بەڵام فەندەمینیتاڵ چەمکی ڕەسەنایەتی بە شێـوەیەک لەچوارچێـوە دەگرێت، وای بۆ دەچێت کـە ناشێ لە دەرەوەی ئەو چوارچێـوە ڕۆشنبیرییەدا بیر لە وێناکردنی حەقیقەت و مەعـریفەی دیکە بکرێتەوە، بەڵام ئەدۆنیس پێی وایە کـە کـۆمـەڵێک شـاعـیـر و بیـرمـەندی عـەرەبی لە دەورانێکی زووەوە لە ڕێگەی پڕشنگەکـــانی شـــیـــعـــر و هزر و لێکدانەوە و چوارچێـوەی بنەچە و بنەماخوازیان تێکشکاندووە.

لێـــــرەدا ئـامـــــاژە بە هـەوڵ و بەخـشـشـەکـانی هەریەک لە ئەبو نەواس و ئەبو تەمام وەک زمـــانی شـیـــعـــر، ئیبن ڕاوەندی و ڕازی و جابری کوڕی حەییان وەک فیکر و تێڕوانین، سۆفیگەرەکان ئەزموون و دنیـابینیـان دەدرێت، کـە ئەمـانە بە دەرچوونیـــان لەو بنەچە و بنەڕەتە دیارکراوە ڕستێک حەقیقەتی نوێیان لە بارەی مـرۆڤ و دنیـا و جـوانی خـســـتـــووەتەوە، کـــەواتە تۆوی تـازەکـردنەوە دەرچوونە لە قـاڵب و چوارچێـوەی فـەندە مـینیـتاڵـیـیـەت، بەڵام ئەدۆنیس دەڵێ: بەم جـــۆرە عـــەرەب ســـەرەڕای ئەو هەمـــوو گـــۆڕانکاریـیـــەی کـــە لەو چوارده سـەدەیەدا ڕووی دا، کـەچی بەهۆی هەژمـــوونی ئەو مـــەعـــریفـــە فـەندەمـینیـتـاڵەوە لەسـەر ئاسـتی دامـــەزراو و دەســـەڵاتدا خـــۆی دەبینێـــتـــەوە، هەروەها لە بـارەی شـیـعـری- هونەرییـەوە، هەژمـوونی ڕۆشنبیـری فـەندەمـینیـتـاڵ.. وای کردووە هەمیشە بۆ بەهای شەفەوی جاهیلی بگەڕێتەوە، ئەدۆنیس پێی وایـە، بـۆ بـەرەنـگـاربـوونـەوەی دەسەڵاتی فـەندەمـینیـتـاڵیـست لەو قۆناغەدا پشت بە تازەگەری عەرەبی نابەسـتـرێت، مـەبەست لەو هزر و دنیـابینیـیـە تازەگـەرییـە لەلای هەریەک لە ئەبو نەواس و ئەبو تەمام لە بواری شیعردا بەرجەستە کراوە، یان شێوازی نووسینی سۆفیگەرەکان و کـار و ڕوانینە زمـانیـیـەکـانی جورجانی، بەڵکو پشت بە تازەگەری خـــۆڕئاوایی- وەک وەرگـــرتن و لاساییکردنەوە دەبەستێت. بەم جۆرە قـەیرانی تازەگـەری لەســەردەمی ڕێنیـسـانس-دا ڕووییـەکی زیاد لە پێویست ئاڵۆز وەردەگرێت، بەم جۆرە ســـەردەمی ڕێنیـــســـانس وەک پاشکۆیەکی دووانەیی دامـــەزرا.. ئەدۆنیس پێی وایە شـاعـیـــر و ڕەخنەکـار و بیـرمـەندانی عـەرەب لە پەنجـاکـانەوە دووچاری دوو جـۆر لاساییکردنەوە هاتن، بەشێکیان لە ڕێگەی لاســـاییکردنەوەی خـــود «ڕابردوو، فـــەندەمـــینیـــتـــاڵ» و بەشەکەی تر بەرەو لاساییکردنەوەی ئەوی دیکە «تـازەیی، ئـەوروپی- ئەمـــریکی» هەردوو حـــاڵەتیش هەریەک بە شێوە و میکانیزمێک بەهای ئیـبـداعی لە کـەلەپووری عـەرەبی دەشـارێتـەوە، یەکـەم بە بیانووی گەڕانەوە بۆ فەندەمینیتاڵ و ئەوەی تر بە سەرسامبـوون بە ئەوی دیکە، خودی خـۆی و تێـڕوانینی بۆ ناسنامەی تایبـەتی خـۆی و جیـاواز بوونی لە ئەوی دیکە لەبیردەچێتەوە، ئەدۆنیس دەڵێ من یەکێک بووم لە وانەی ڕۆشنبیری خۆڕئاوام وەردەگرت و دواتر لە ڕێگەی هۆشـــمـــەندی و بیـــرکـــردنـەوەو شـــیـکردنەوەی چەمکەکـانەوە تێـیـدا نەمـێنمـەوە، بەڵکو تێپەڕێنم، ئەدۆنیس مەبەستی تێگەیشتن و پەروەردەکردنی خـود و دنیـابینیـیـە لە ڕێگەی مـەعـریفی خـۆڕئاوایی نەک لاسـاییکردنەوەی دەقـاودەقی بیـروبۆچوون و فـۆرم و ســتـایلەکـان و هەتا بتـوانرێ بە تێڕوانینێکی نوێ و خودێکی ئازاد و سـەربەخـۆ، خـۆ لە ڕۆشنبیـری باوی عـەرەبی و دەزگـا مـەعـریفـەییـە تەقلیدییەکانی ڕزگار بکات، بۆیە دەڵێ خوێندنەوەی «بۆدلێر» بیروڕای منی لـە بـارەی «ئـەبو نـەواس»ـەوە گـۆڕی. شـیـعـرگـەرایی و تازەگـەری ئەوی لا کـــەشف کـــردم، هەروەها دەقەکانی «مالارمێ» نهێنییەکانی زمانی شیعرییـیـەت و ڕەهەندەکانی تـازەگـــەری «ئەبو تەمام»ی بۆ ڕوون کـردمـەوە، خوێندنەوەی «ڕامـبـۆ، نێرڤال، بریتۆن» بوو ڕابەرییان کردم تا کەشفی ئەزمـوونی سۆفیگەری- وەک بەهاو فـەردانیـیـەت بکەم، ڕەخنەی نـوێی فـــــەڕەنسی بـوو، تـازەگـــەری تیـــوری ڕەخنەیی لای «جورجانی» نیشان دام بە تایبەتی ئەوەی بە شیعرگەرایی و تایبەتمەندی زمانەوانی- تەعبیرییەوە بەندە.

پاشان ئەدۆنیس لەبارەی زمـانەوە دەدوێت و پێی وایە کە زمان بۆ خۆی مـانایە، چونکە فیکرە، دەڵێ: نەک هەر هێندە، بەڵکو لەپێش مـانادایە، چونکە مەعـریفە بەدوای ئەودا دێت، لێـرەوە پێـوانەی مـانا لە زمـاندایە،

بەڵام گرفت ئەوەیە، زمانێک کە وەک جەوهەری بوونی عەرەب تەماشا دەکران، کەچی لە پرۆسیسەکردنی پراکتیکدا دەبێتە چەردەیەک لە واژە، کەواتە ئەدۆنیس لە دەرەنجامدا دەگاتە ئەو ڕاستییە کە پرسی تازەگەری لە بنەڕەتدا پێوەندی بە فیکر و بنیادی ژیانی عەرەبییەوە هەیە و عەرەب دەیەوێ بەو بنیادە فیکرییە قەیراناوییە پێوەندی بە «تازەگەری» خۆرئاوا و خودی تازەگەرییەکەیەوە بکات.

هەڵبەتە ئەدۆنیس لەم کتێبەدا دانەدانەی ئیشکال و پێکهاتەی قەیرانەکە دەستنیشان دەکات کە لە سیستمی مەعریفی و ئایینی و خودی دەسەڵات و چۆنیەتی ژیان و بیرکردنەوە و ڕوانینی ئەو سیستمە تەقلیدییانەوە سەرچاوە دەگرێت.

دواتر ئەدۆنیس وەهمەکانی تازەگەری شیعری لەچەند خاڵێکدا کورت دەکاتەوە. وەهمی یەکەم ئاراستەیەکە پێی وایە تازەگەری بە ساتەوەختی ئاگاییانەی هەنووکەوە بەندە، کەچی شیعری تازەگەری خۆی تەنیا لە هەنووکەیی بەدەست ناهێنێت، بەڵکو تایبەتمەندییەکە لە بنیادی خودی شیعردا، وەهمی دووەم- جیاوازبوونە لەگەڵ کۆن، لە ڕێگەی زەمەنی «نوێ» بەرانبەر بە زەمەنی کۆن، ئەوی دیکە ڕەتدەکاتەوە، بێجگە لەوەش تێڕوانینێکی ساکار بۆ دەقەکانی «ئەبو نەواس»، یان «نیفەری» بۆ نموونە نیشان دەدا، لێرەدا پێم باشە ئاماژە بە بۆچوونێکی ئەدۆنیس بدەم کە لە زۆربەی نووسینەکانیدا جەختی لەسەر دەکات ئەویش کۆماری داهێنانە.. کە سەرجەم دەقە داهێنراوەکان بەیەکەوە کۆ دەکاتەوە بەدەر لە قۆناغە زەمەنییە یەک لە دوای یەکەکان، چونکە ئێمە هەموومان دەزانین کە داهێنان هەڵگری جیهان و بوونێکە هەرگیز «کۆن» نابێت، بۆیە کۆماری داهێنان، کۆمارێکە دەقەکانی نالی و موتەنەبی و خەیام و دانتی و ڕامبۆ...تاد بەیەکەوە کۆ دەکاتەوە، یان بە شێوازێکی دیکە خودی داهێنان بەپێی ڕێتمی سەردەمی خۆی ئەنجام دەدرێت دواتر دەچێتە پاڵ کۆمارە کراوە و بەفراوانەکەی داهێنانەوە، چونکە داهێنان بوونەوەرێکی بێ شوناسی کۆچەرە، زۆرجار وەرگر لە زەیندا لەگەڵ دەقێکدا دەژیت و چێژ لە جیهان و دەلالەتەکانی وەردەگرێت لە هەمان کاتدا ناوی دانەرەکەی بۆ ماوەیەک بیر دەچێتەوە، بەڵام دەقە ئەفرێندراوەکە هەمیشە جۆرێک لە پێشوازی کردن لەگەڵ وەرگردا دروست دەکات، بۆیە داهێنان کردە و ڕووداوێکی ئاڵۆزی جیووبییە هەرگیز بە تەواوی خۆی بە دەستەوە نادات. خوێنەری وەرگر هەر جارێک، بەشێک لەو دنیا ئاڵۆز و جوانە کەشف دەکات.

لە ڕوویەکی دیکەوە، ئەگەر نووسراو نەخوێنرێتەوە، ڕەنگە لە کۆگاکانی چاپەمەنیدا شێوەی سیپاڵ وەربگرێت، ئەمەیش زۆرتر ئەو شیعرانە دەگرێتەوە کە لە دەرەوەی هێزی شیعرگەرایی و هەستی ئێستێتیکی لە دایک دەبن و تێیاندا بوونی زمان بەشێوەیەکی دەسکرد و میکانیکی فۆرمۆلە دەکرێت و لەم جۆرە شیعرانەدا زمان نادوێ، بەڵکو لە خامۆشییەکی لیوانلیو لە کزی و سستیدا دەپووکێتەوە، ئەم حاڵەتەش زۆرتر شیعری باو و کەم خوێن دەگرێتەوەو کە بە لێشاو دێ و وەرگر بە هەمەجۆر و پۆلێنکراوی ناتوانێت پێشوازی لێ بکات، بۆیە لە شوێنی خۆیدا دەپووکێتەوە، لە هەمان کاتدا شیعری باو ئەگەر بۆ سەر چەندین زمانی جیاجیاش وەربگێڕدرێت، هیچ جۆرە ڕەنگدانەوەیەکی نابێت، چونکە کۆماری داهێنان تەنیا دەقی دەگمەن و خەتەرناکی تێدا نیشتەجێ دەبێت، مەبەست لەو دەقانەیە کە لە بنیادی قوواڵدا دەسەڵاتە نەریتی و مۆزاڵی و ئیتیکییەکان تێکدەشکێنن و ڕووبەڕووی هەژموونی دەسەڵاتە سوونەتییەکان دەبنەوە، لێرەدا دەکرێت ئەم جۆرە شیعرە دەگمەن و دانسقانە بە دەقی کراوە نێوەزەد بکەین، چونکە تێیاندا ئاستەکانی ماناو دەلالەت ڕووەو چەندین کایەو ڕەهەندی جۆراوجۆر دەکرێتەوە و خوێنەری وەرگر دەتوانێت مانا دواخراوەکان و نەگوتراوەکان بدوێنێت، وەهمی سێیەم- لەیەکچوون. ئەدۆنیس پێی وایە، بەڕای هەندێکیان خۆرئاوا سەرچاوەی تازەگەرییە و لە دەرەوەی خۆرئاوا و پێوانەکانی هیچ تازەگەرییەکی شیعری بوونی نییە، واتە لە یەکچوون لەگەڵ ئەودا نەبێ، ئەمەیش خۆی لەخۆیدا بە تاڵانبردنی خودی زمان و خودی شیعرە، وەهمی چوارەم وەهمی داڕشتنی پەخشانە، وای دەبینین لەبەر ئەوەی لە نووسینی کێشداری کۆن جیاوازە و لەگەڵ پەخشانی خۆرئاوایی هاو گونجاو و هاوبەک دێتەوە، بۆیە دەچێتە دووتوێی تازەگەرییەوە، ئەوانە جەخت لە جەستەی شیعر ناکەنەوە، بەڵکو جەخت لە پۆشاکی دەرەوەی دەکەنەوە، مەبەستیان

ماددەی شیعر نییە، بەڵکو بە فۆرم و کێش، یان پەخشان پەیوەستن، بەڵام زۆرجار نووسینی کێشدار هەیە هیچ شیعرییەتێکی تێدا نییە، هەروەها نووسینی بەخشانیش هەیە هیچ شیعرییەتێکی تێدا بەدی ناکرێت.

وەهمی پێنجەم: لە تازەکردنەوەی ناوەرۆکدایە، هەندێ وای دەبینن کە هەر دەقێکی شیعریی ئەگەر بەخششەکانی سەردەم و مەسەلەکانی وەک پێویستی لەخۆ گرتبێت. ئەوە دەقێکی نوێیە، بەڵام ئەم بۆچوونە وەهمێکی تازەگەرییە و ڕاست نییە، دەشێ شاعیر دەست بۆ ئەو بەخشش و مەسەلانە ببات کە لە ڕووی عەقڵییەوە درکیان دەکات، بەڵام لە ڕووی هونەری و تەعبیرییەوە شێوە تەقلیدییەکەی لەخۆ گرتبێت، وەک ئەو شاعیرانەی فیکرە ئایدیۆلۆژییە تازەکانیان دەنووسییەوە دواتر ئەدۆنیس شیعرییەتی تازەگەری عەرەبی بە بزاڤێکەوە بەند دەکات کە چەند ڕەهەندێک لەخۆ دەگرێت.

– ڕەهەندی شارنشینی– ژیاری– بە بەهاو ڕەمزەکانییەوە کە لە شیعرەکانی «ئەبو نەواس»دا بەرجەستە کراوە.

– ڕەهەندی زمانەوانی– مەجازی– کە لە شیعرەکانی «ئەبو تەمام» و نووسینی سۆفیگەری بەرجەستە کراوە.

– هەروەها شیعرییەتی تازەگەری پارادایم و مەرجەعییەت بەجێ دێڵێت و جەخت لەسەر فەردانییەت و نامۆیی و پێوەندی مرۆڤ بە شتەکان نوێ دەکاتەوە. ئەدۆنیس سەبارەت بە هەمان بابەتی تازەگەری ئاماژە بە پڕشنگە سۆفیزمەکانی دەقی هەریەک لە «نیفەری» و «ئەبو حەییانی تەوحیدی» دەدات، واتە شیعرییەتی تازەگەری عەرەبی دەرچوونە لە بەهای دەسەلاتی کۆنی «فەندەمینیتاڵ»، بۆیە دەسەلاتی سەلەفی «ئەبو نەواس» بە دەرچوون و لادان لە بازنەی ناسیونالیستی و «ئەبو تەمام» بە ئەتککەری شیعری عەرەبی تاوانبار دەکەن، هەڵبەتە ئەو بزاڤە تازەگەرییە لە ئاکامدا تێکەڵەیەک دەخولقێنێت کە بریتییە لەکۆمەڵێک بنەماو پێکهاتەی جۆراوجۆر، پێکهاتەیەک ڕووە و جیهان و مرۆڤایەتی دەکرێتەوە، پێکهاتەیەک هەڵگری تێکەڵەیەکە لە کەلەپوور، پڕشنگەکانی جاهیلییەت، ئیسلام، ئەوی دیکەی فارس و گریک و هیند، مامەڵەکردن لەگەڵ ڕەگەزە کۆنەکانی سۆمەری، بابلی، ئارامی، سریانی، واتە شیعر لە ڕێگەی زەین و ڕوانینێکی کراوەوە مامەڵە لەگەڵ هێما دێرینەکان دەکات، مەبەستی ئەدۆنیس ئەوەیە کە ڕۆشنبیری هیچ گەلێک ناتوانێت تەنیا لەسەرخودی خۆی بژیت و دوورەپەرێز بێت لە ڕۆشنبیری گەلانی تر، بەڵام ئەدۆنیس لە سەردەم و قۆناغی ئێستادا بەشێوەیەکی تر لە چەمکی تازەگەری دەدوێت و جەخت لەسەر ئەوە دەکات کە پێویستە سوود لە داهێنانە فیکرییەکان و وزە ئیبداعی و تەکنیکە هونەرییەکانی خۆرئاوا وەربگرین، هەروەها بە قووڵی لە چەمکی زانست و عەقڵانییەتی تەکنیکی دەکۆڵێتەوە و دەیەوێ شیعر بەرەو ئازادییەک بەرێت کە تیکڕای دەسەلاتەکان تێک بشکێنێت، دواتر بەهاکانی زمان دەخاتە ڕوو، لەبەر ئەوەی زمان بەهایەکی دەنگی، موزیکی کۆمەڵایەتی هەیە، کەواتە خاوەنی مێژوو و ڕابردووی خۆیەتی، بۆیە تازەگەری شیعری ناشێ لە مێژووی مەعریفەی شیعری و ڕابردووی شیعری بەدەر بێت، ئەدۆنیس لە هەمان کاتدا لە ئازادکردنی چەپێنراوەکان ئارەزووەکان دەدوێت و لە کۆتاییدا جەخت لەوە دەکاتەوە کە تازەگەری بە مانا بەربلاوەکەی دنیابینییەتی ئیبداعییە، یان هەر تەنیا مۆد نییە، چونکە داهێنان تەمەنی نییە، بۆیە هەموو تازەگەرییەک داهێنان نییە، بەڵام داهێنان هەتا هەتایە تازەیە. من لەم خوێندنەوەیەدا هەوڵم داوە پوختەی بۆچوونەکانی ئەدۆنیس لە بارەی شیعر و هزر و تازەگەری بخەمەڕوو، لە هەندێک شوێنی ئەم نووسینەشدا سەبارەت بە هەمان بابەت بیروبۆچوونی خۆم خستووەتە ڕوو، یان هەوڵم داوە بنیادی بابەتەکان تاڕادەیەک فراوانتر بکەم، بە تایبەتی لە بارەی چەمکی شیعرگەرایی و دنیای بەرفراوانی داهێنانەوە.

سەرچاوە:

ناوی کتێب: شیعرییەتی عەرەبی نووسەر: ئەدۆنیس

وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: عەبدولموتەلیب عەبدوڵڵا

بابەت: لێکۆڵینەوە

چاپخانەی شڤان، چاپی یەکەم ٢٠١٣

وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان، بەڕێوەبەرایەتی خانەی وەرگێڕان.

بە بۆنەی داگیرساندنی مۆمی دووسەد ژمارەی گۆڤاری (ڕامان)ـەوە

ڕامان و وێستگەیەک بۆ تێڕامان

ئەدیب نادر
(بریتانیا)

ڕاستە لە سایەی بوونی سەربەخۆییەکی جۆرییەوە جووڵانەوەیەکی ڕۆشنبیریی و ئازادییەکی ڕەهای بڵاوکردنەوە و زۆر و زەبەندییەکیش بە بڵاوکراوەکانمانەوە بەدیار دەکەوێت، بەڵام بێ شک خوێنەری جیددی لەسەر ئەو زۆری و بۆرییەدا هەڵوەستە دەکات و پاش ئەزمایش کردن لەسەر چەند بڵاوکراوەیەکی بە بەرنامە و خاوەن ئەزموون و جیددییەتێکی ناوازە دەگیرسێتەوە و بەدواداچوونێکی جیددیش بۆ ڕەوتە ڕۆشنبیریی و مەعریفییەکانیان دەکات و نووسەرە خاوەن قەڵەمە تۆکمەکانیش تاسووقی خۆیان بەوە دەشکێنن کە داهێنانەکانیان لەسەر لاپەڕەکانی ئەو بڵاوکراوانەدا ببینن و وەختێکی بەجێیش بۆ موتاڵا کردنیان تەرخان بکەن و ئاگاداری ئەوە بن کە چۆن لە بەرەو پێشبردنی بزاڤی ئەدەبی و فیکری و ڕۆشنبیریباندا بەشداری دەکەن.

ڕامان، بە بێ دوودڵیی یەکێکە لەو گۆڤارە جیددییانەی لە ڕابردوو و ئێستایشدا جێی بایەخی زۆربەی نووسەر و خوێنەرە جیددییەکانی کایە جیاجیاکانی ڕۆشنبیری ئێمە بووە و لەپێناوی زاخاودانی هەست و سۆز و ئاوەز و هزریاندا بەتاسەوە چاوەڕوانیی دەرکەوتنی ژمارەکانیان کردووە، بێ گومان ئەدەب و نووسینی ئەو نووسەرانەیشی دووچاری دڵەڕاوکە و ترس و شپرزەیی کردووە کە لە ڕاستیدا هیچی ئەوتۆیان لەباردا نەبووە پێشکەش بە ئاستی سەرەوژوور هەڵکشاوی ئەو داهێنانە بکەن کە ئەم گۆڤارە هەمیشە هەوڵ و تەقەللای داوە مامەڵەی لەتەکدا بکات. دیارە ئاشنایەتی من لەگەڵ گۆڤاری ڕاماندا لە ساڵی ١٩٩٧ـەوە شەقڵی گرت و ئەوسا بۆ ڕای هێژام نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد لە گۆڤارەکەدا کاری دەکرد، ئەو پێی ڕاگەیاندم کە کاک ئازاد عەبدولواحید داوای بینینی کردووم، منیش وەک ئەوەی خەونێکی کۆنم هاتبێتەدی، دڵخۆشییەکی بێ ڕادە دایگرتم و ئەو ساتانەم هاتەوە یاد کە سەر لە ئێوارانێکی سەرەتای هەشتاکان بوو، کاک ئازاد تازە کتێبی"اضمامة قزحیة"ی بڵاوکردبووەوە، لە شەقامی جمهووری کەرکووک، لەبەردەم کتێبخانەی ئاسۆدا بە پاڵتۆیەکی بارانگرەوە بینیم، ئەگەرچی بارانیش نەدەباری، بەڵام بە بینینی ئەو دیمەنە بارانی ئەفسوون بەسەر منداباری و کپ و بێدەنگ، دوور بە دوور کەوتمە تەماشاکردنی، بێ گومان ئەو حاڵەتە لەوەوە سەری هەڵدا کە ئەو وەک نووسەر و قەڵەمێکی جیددی کاری خۆی تێکردبووم و بە موو بواری ئەوە نەمابوو خۆم لەو ئەفسوونە ڕاپسکێنم. بە هەرحاڵ، پێم وابێ هەر لە حەفتاوحەوتەوە من موتابەعەی ڕەخنەکانی ئەوم دەکرد و ڕێزێکی تایبەتی لەلامدا دروست کردبوو. ئیدی بەبێ خۆ دواخستن بۆ دیداری چووم، ئەوسا یەک دوو قەسیدەم پێبوو، ئێستایش دێتەوە یادم کە بە خۆشەویستییەکی

زۆرەوە لێی وەرگـــرتم و دواتر بڵاوی کـــردنەوە، داوای دیمانەیشی لێکردم، بەڵام مـــوخـــابن من نە بواری ئەوەم هەبوو، نە بۆ ئەوە ئامـــادە بووم دیمانەم لەگـــەڵدا ئەنجـــام بدرێ، پاشـــان دووبارە ساڵی ١٩٩٨ سەردانی هەولێرم کـردەوە و دیسـانەوە دیدەنیم کرد و لە یادمـە قەسـیدەی "کۆسپەکـان"م بۆ بردبوو، دەسـتبـەجێ لێی وەرگـرتم و لە هەمـان ئەو ژمـارەیەی کـە ئامـادەی چاپ بوو جێگای بۆ کردەوە و بڵاوکرایەوە.

من ئەم شـتـانە بۆیە دەگـێـرمـەوە چونکە بۆ من دەلیلی ئەوەیە کە دڵسـۆزی ئەو پیـاوەی سەرپاکی کاتی خۆی بۆ گۆڤاری ڕامـان تەرخـان کردووە و سـتـەمێکی گەورەی لە بەهرە و دنیـابینییە ڕەخنەییەکەی خۆی کردووە و دواجار کـردوویەتی بە قـوربانیی بۆ سـەرخسـتنی ڕامـان کـە بەم نزیکـانە ڕیکۆردێک دەشکێنێت کـــە پێـــشـــتـــر هیچ گۆڤارێکی کوردی نەیشکاندووە، ئەمەش لە خزمەتکردن بە کـایەی ئەدەبەکەمـانەوە سەرچاوەی گرتووە، بێ گـومـان نکـوڵی لەو ڕێزەیش ناکرێت کە ئەو بۆ نـووسەرە جیددی و نـووسـینە ئـیـبـداعـیـیـەکـانـیـان هەیبـووە و هەردەم دەسـتـپێـشـخـەر بووە و بە گرنگی زانیـوە کـە ڕۆشنبـیـر و داهێنەرە دیارەکـانی کـورد بەشـداری تێـدا بکەن و بە پرۆژەی ڕۆشنبـیـریی خـۆیانی لە قـــەڵەم بدەن و لێی دوورەپەرێز نەبن، چونکە لە ڕاسـتـیـدا و بە گـوێرەی ئەو زانیـاریـیـە ناچیـزەی کـە من هەمـە، ئەو زاتە هەمـیـشـە هەوڵی ئەوەی داوە ئەم پرۆژەیە بە شـــێـــوەیەک بەدیار نەکـەوێت کـە بۆنی خـۆسـەپاندن و قـۆرخکاری لێبـێـت. ڕاسـتـەوخـۆیش لەدوای ڕاپەڕینـەوە تەقـەللای ئەوەی داوە شەقڵ و تایبـەتمەندییەکی ئەوتۆ بە ڕامان ببەخشێت کە ڕێزێکی دیار بۆ خۆی دەستەبەر بکات، بۆیە من سەرومڕ لە سـەفـەرەکـانمدا لەگـەڵ بڕێک لە دۆسـتـە شـاعـیـر و نووسـەرەکـانمدا قـسـە دەکـەین و ڕامـانیش پشکێک لە گفـتـوگۆکـانمان بۆ خۆی دەقـۆزێتـەوە، بەڵام دەکـرێ لێرەدا بەبێ دوودڵیی بڵێم جێی بایەخی ئەوانەی تاراوگەشە و مـینبـەر و پەنجـەرەیەکـیـشـە تـاراوگـەنشـینەکـان لێـیـەوە دەڕوانن نێـوەندە ئەدەبییەکە و ئاگایان لە پێشکەوتنی ئەدەبیش دەبێت، بێ گـومـان ئەمـانە سـەرجـەم بە هەوڵ و کـۆشـشی ئەو زاتە چێ بووە کـە خـەمـێکی ڕۆشنبـیـریی جـوامـێـرانەی هەیە و هەر سـتـایشـێـکیش بکرێت، ئەوە بەدەستی هێناوە و هەروا بە هەوانتە پێی نەبەخشراوە.

گەندەڵی لە زمان و نووسیندا

عەبدولکەریم شێخانی
(سلێمانی)

زۆرجار قسە لە بارەی گەندەڵی سیاسی و کارگێڕییەوە دەکرێت و ڕاگەیاندنە جیاوازەکاندا لەسەری دەنووسرێت، بەڵام کەس نەبوو ئەوەندە پەرۆشی زمانی کوردی بێت سەبارەت بەو کارەساتەی بەسەری هاتووە و ئەگەر هەشبووبێ، چەند کەسانێکی کەم بوون کە ئەو مەسەلەیەیان بە هەند هەڵگرتووە و بایەخیان پێ داوە. ئاشکرایە، لە دوای ڕاپەڕینە مەزنەکەی بەهاری ١٩٩١ و ئەو گۆڕانەی لە کوردستان ڕووی داو پێک هێنانی حکوومەتی هەرێم و ئەو ئازادییەی لە هەرێمی کوردستان لە مەیدانی ڕاگەیاندندا هاتە کایەوە، کەناڵەکانی ڕاگەیاندن بە نووسراو و بیستراو و بینراوەوە، بەشێوەیەکی سەرسوڕهێن زیادیان کرد، بەشێوەیەک کە مرۆڤ بە هانکە هانک فریای ژمارەیان دەکەوێت، بێ گومان ئەو هەموو کەناڵەی ڕاگەیاندنە پێویستی بە لەشکرێک کادیری ڕاگەیاندن هەیە و ئاشکراشە ئەو هەموو کادیرە ڕاگەیەنکارە لە ئاستی ئەو بەرپرسایەتییەدا نین کە کەوتووەتە سەرشانیان، بۆیە بە ئاشکرا گەندەڵی لە نووسینەکانیاندا دیارە، چونکە بەپێی بۆچوونی من، ئەو هەموو خەڵکە زیاتر بە فەرمانبەر دەچن نەک ڕاگەیەنکار و زۆرجار دەبن بە شتێک، وەک لە کۆڵ خۆ کردنەوە بنووسن، ئەگەر بمەوێ نموونە بهێنمەوە، وەک ئەوە وایە پووش لە کایە ببڕێرم. زۆرجار گوتوومە و نووسیوشمە، بەڵام کەم کەس گوێی لێ گرتووە، یان بایەخی پێ داوە. هەندێک نموونەی سەیر:

١- یەکێک (غاز الأعصاب)ی کردووە بە (گازی تووڕەیی).

٢- لە ڕادیۆیەک بێژەرەکە لە جیاتی ناکۆکیی نێوان هیندستان و پاکستانی بە جیاوازی کردبوو بە کوردی، واتە ئەو (خلاف) بە (إختلاف) تێ گەیشتبوو.

٣- زۆر کەس وشەی (صحة)ی عەرەبی کە دوو واتای هەیە (تەندروستی) و (ڕاستی و دروستی) کاتێک دەیکەن بە کوردی (هەر تەندروستییەکە بەکاردەهێنن و پێیان وایە کە دەبێ ئەو وشەیە بۆ دوو مەبەست بەکاربێت و دەڵێن: هەنگاوی تەندروست، کاری تەندروست، ڕەفتاری تەندروست لەجیاتی (کاری ڕاست و دروست، هەنگاوی ڕاست، ڕەفتاری ڕاست).

٤- وشەی (غریب)ی عەرەبی دوو واتای هەیە: یەکەمیان (نامۆ)، یان وەک لەناوچەی هەولێر دەڵێن (غەوارە) و دووەمیان (سەیر)، کەچی هەندێک نووسەر بۆ هەردوو مەبەستەکە هەر نامۆ بەکاردەهێنن، کە دەبێ بۆ (شيء غريب) بڵێین (شتێکی سەیر) و بۆ (شخص غريب)یش بڵێین (کەسێکی نامۆ).

٥- وشەی (تغطية) لە عەرەبیدا دوو واتای پێچەوانەی یەکتری هەیە، یەکەمیان بەمانای داپۆشینە و دووەمیان ئەگەر بۆ کارێک، یان پرۆژەیەک بەکاربێت بە مانای دەرخستن بەکاردێت. بۆ نموونە ئەگەر بڵێین (تغطية المشروع) بە واتای ڕوومالّ کردن و ئاشکراکردن دێت، کەچی برادەرێک نووسیبووی پەردەپۆش کردنی پرۆژەکە.

٦- هەر لە بواری وەرگێڕانی (سەقەت) و گەندەڵیی زمان ئەم نموونە سەیرە دەهێنمەوە: یەکێک لەو ڕاگەیەنکارە بلیمەتانە (حبوب منع الأنجاب)ی کردبوو بە (حەبی دژە سک پڕی). توخوا تا ئێستا کەس دیویەتی، یان بیستوویەتی پیاو زگی پڕ بێت؟ ئینجا ناهەقمە بڵێم گەندەڵیی زمان لە گەندەڵییەکانی دیکە مەترسیدارترە؟!